# گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق

## "دەستەی کورد"

KITAB - I ARZAN
Barnarpsgatan 31
553 16 Jönköping/Sweden
Tel: (+46) 36-14 80 31
Telefax: (+46) 36-71 09 99
Mobil: (+46) 70-492 69 24

بەرگی بیستو یەکەمو بیستو دووەم ١٩٩٠

---

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

بەغدا

دەستەی نووسەران :

دکتۆر جوامێر مجید سلیم ـ سەرۆك

دکتۆر حسن کتانی ـ ئەندام

عبداللطیف عبدالمجید گلي ـ ڕازگر

# سوێندو سوێندخواردن لە شیعری کوردی‌دا

د. امین علی موتابچی

کۆلێجی زمان بەغدا

بەرهەمی شاعیر جگە لەو قەسیدەو پارچانەی کە ستایش‌و پیاهەڵـدانی پاشاو میرو پیاوی گەورەو دەست ڕۆیشتووە خۆی ، بریتی‌یە لەو هەست‌و نەستەی کە لە کانگای دڵی شاعیرو زەمیری‌یەوە هەڵقوڵاوە • ئەم بەشـە لە شیعردا کاریگەرترینەو دەروونی شاعیری تیادا دەبینرێ • جا لەبەر ئەمەیە کە شاعیر بیرو باوەڕو خۆشەویستی‌و خواناسـی‌و دۆسـتی‌و دەربڕینی نارەزایی‌و پیشاندانی ڕێی ڕاستی‌و خووی جوان‌و نیشتمانپەروەری‌و گەلێ سیفاتی جوان جوان ، بە غەزەل بێ یا وەسف یا پارچە پیشانی دەداو دەیخاتە بەردەمی کۆمەڵەکەی •

زۆر جار دەبینین کە شاعیر لە شیعرەکەی‌دا سوێند بە خـوای گەورە دەخوات کە بەسەر چاوەی هەموو شتێکی دەزانێ‌و هەموو شتێ لەوەوەیە کە بەم دەگات • دیارە لەم بارەدا شیعرەکەی ، بەیتەکەی زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو شیعرو پارچەو چەند بەیتەی کە پڕن لە درۆو موبـالەغە ، کە ئەمـەی دوایی‌یان لە بە ر تە ماع‌و سوودی نابەجێ‌یە •

دوکتۆر نورانیی وصال دەڵێ :

«ئەگەر شاعیرێك بە پاکی دڵ سوێند بخوات یا بە پەیوەندیی بەردەوامیی خۆی لەگەڵ مەعشووق‌دا ، بێ گومان کاریگەری‌یەکەی قووڵ‌و ئەثـەری بێ‌هاوتایە» •

هەر لەبەر ئەمەیە کە لە بەرهەمی شاعیران‌دا سوێندو سوێندخواردن بەکارهێنراوە ، کە هەموویان بە شێوەیەکی شیرین‌و کاریگەر دەربڕاوە • ئەم جۆرە شیعرەش کاریگەری‌یەکی زۆری کردۆتە سەرگیانی ئەوانەی کە ئەو بەرهەمە دەخوێننەوە •

لێرەدا شایانی سەرنجە کە سوێندخواردن نەك هەر لای شاعیران باوبووە ، بەڵکو لای خەڵکی‌تریش بەکارهێنراوەو سوێندخوراوەو دەخورێ ، بە خواو قورئان‌و پێغەمبەران‌و پێغەمبەری موسڵمانان‌و ئەوو پیاوچاکان‌و گۆڕی‌باوباپیران‌و شەهیدان‌و بە مەرگی خۆشەویستان‌و بە جوانیی‌یارو دۆستان‌و بە شوێنی پیرۆزو مەزارو جێ‌نزرگە •

لەناو کوردەواریش‌دا جگە لە شیعر ، بە شێوەیەکی گشتی سوێند بەوانەی کە لەسەرەوە باسان‌کردن خوراوە وەکو چۆن دەڵێن : بە خوا ، بە قورئانی پیرۆز ، بە کەلامی خوا ، بە پێغەمبەر ، بە چواریاری نەبی ، بە غەوسی گەیلانی بە کاك ئەحمەدی شێخ ، بە شاهی نەقشبەند ، بە شێخ سەعیدی پیران ، بە پیری قەرەچێوار ، هتد •

جا لەبەر ئەمە دەتوانین سوێندو شێوەی سوێند خواردن لە شیعردا بکەین بەم چەند دەستەیەوە •

١ ــ سوێند بە خواو سیفاتی خوای گەورە •
٢ ــ سوێند بە قورئان‌و کتێبە پیرۆزەکان •
٣ ــ سوێند بە پێغەمبەران‌و یارانیان‌و بە پیاوچاکان‌و وەلی‌و شێخ‌و مەلا •
٤ ــ سوێند بە مەعشوق « یار »و ئەو شتانەی کە تایبەتین بەوەوە •
٥ ــ سوێند بەو شوێن‌و شتانەی کە لای شاعیر بە نرخ‌و پیرۆزن •
٦ ــ سوێند بە گیان‌و مەرگی بەرامبەرو خۆشەویست •

لەم چەند لاپەڕەیەدا دەمەوێ ئەو بەیت‌و شیعرانەی کە شاعیرەکانمان

تیای‌دا سوێندیان خواردووەو شیعرەکانیان زیاتر پێی بە هێزو کاریگەرتربوون پیشان بدەم • ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە لەم بەشەدا وێنـە لـە بەرهەمی چەند شاعیرێکی دەوری کۆنمان دەخەمە بەرچاو •

سـەرنج :

١ ـ کە دەنووسم هەژار مەبەستم لە دیوانی مەلای جزیری هەژاردێت • چاپی تهران ـ ١٣٦١ •

٢ ـ ئەوەی هینەکەی هەژاری نی‌یە دەتوانێ بۆ بەیتەکان سەیری :

ا ـ العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزری ـ تألیف احمد ابن الملا محمد البهتی•• ـ چاپی ـ قامشلی ـ ١٩٥٨ •

ب ـ دیوانا مەلایێ جزیری ـ صادق بهاءالدین ـ بەغدا ـ ١٩٧٧ •

٣ ـ بۆ بەیتەکانی نالی سەیری دیوانی نالی مەلا عبدالکریم مدرس بـکات وەیا دوکتۆر مارف خەزنەدار بکە •

٤ ـ بۆ بەیتەکانی سالم دیوانی سالم کوردی مەریوانی ١٩٣٣ •

٥ ـ لێرەدا وەکو نموونە ـ بەیت‌و پارچەکان پیشان‌دراوە چونکە ئەگەر هەمووی بنووسرێ‌و ئیشارەتی بۆ بکرێ لە وزەی چەند لاپەڕەیەکدا نی‌یە • ئەم چەند لاپەڕەیەم بۆ ئەوە نووسی تا دەرگای ئەم باسـەی پێ‌بکەمەوەو شارەزایان‌و دۆستدارانی ئەدەب بە شێوەیەکی فراوانـتر لە سەر ئەم بابەتە بنووسن •.

٣ ـ سوێندخواردن بە خوای گەورەو سیفاتی :

١ ـ مەلای جزیری :

ژ حیجابێ وەرە دەر نازک‌و مەستانە بمەش تـو
تە جیهان زیرو زەبەرکر بخودێ ئەڤ چحیجابە ؟

جزیری هەژار ل ٣٠؛

تو بنێ سازێ بئاواز چرەنگی مە دخوازت
الله الله بخودێ قەط دبھی ئەڤ چخیطابە ؟

هەژار ل ٤٣٢

والله ژ هەردو عالەمان من حوسنی جانانە غەرەض
لەو من ژ حوسنا دلبەران هەر صونعی ڕەحمانە غەرەض

هەژار ل ٥٩٢

**نـالی :**

تۆ ئەگەر هەستی ، لە جێ ڕاوەستی ، دێو و کافریش
دێن دەڵێن : بەخودا قیامەت ڕاستە هەستانی هەیە

دیوانی نـالی ل ٥٧٧

**ســالم :**

بە خوایێ کە ڕۆژو شەو دێنێ
دلی من هەر ویصالی ئەو دێنێ .

دیوانی سالم ـ کوردی مەریوانی ل ١٠١

**ســالم :**

ژەهرەمول ، بێ ڕووت ، بە وەڵڵا هیلعەزیم
خارە گوڵ ، بێ بووت بە بیللاهیلکەریم

* * *

ڕەونەقە بۆ حوسنی تـۆ ، ئاشوفتەگی
سەر حیسابم ، خۆم بە ئەسراری ، عەلیم
پەرچەمت تارە بە وەڵڵەیلی کەلام
بێوەفاو ڕەحمی بەڕەحمانو ڕەحیم

ســالم ل ٥١ ـ ٥٢

٤ ـ مەحوی :

به خودا قەسەم لەگەڵ دلی خالی له سۆزی عیشق
تەکراری حەرفە ، بەس ، دەمی پڕ یاخودا خودا

دیوانی مەحوی ل ٦

مردنێکی لەبەر ئەو قاپی‌یەدا مەردانه
به خودا چاترە ئەمڕۆ له گلاراوی حەیات

دیوانی مەحوی ل ٦٤

ب ـ سوێندخواردن به قورئانو ئایاتو صوحوف :

١ ـ جزیری :

به قورئانێ ، به ئایاتێ ئەگەر پیری خەراباتێ
ببێژت سەجدە بن لاتێ مریدێن وی دین قاتێ

هەژار ل ٥

فەیضا عولومی حیکمەت ، جاما صەدەف کو گێڕا
مه ژ دەستێ موغبەچان دیت ب موصحەفو ب ئایات

هەژار ل ١٣٦

موصحەفا حوسنو جەمالی سورەتا خالو خەتان
« ما تلونا غير حرف لا و قرآن مجيد »

هەژار ل ٢١٧

لێرەدا « واو »ەکه بۆ سوێندە ، به واتا « به قورئانی مەجیـد » لـه کوردی‌دا بەکارهێنانی «واو» بەرامبەر «به» سوێند له شێوەی قسەکردن‌دا له ناوچەی شارەزوردا زۆر ئاسایی‌یە •

هەیڤ بو ئەو د ظولماتێ دخۆم صوندێ بئایاتێ
کو نوری‌دا سەماواتێ ئەسەد هات راستی میزانێ

هەژار ل ٤٧٧

**سـالم :**

نەقشە ڕووت تۆ دڵ بە شاهی نەقشەبەند
یاری دێرینە بە قورئانی قەدیم

سالم ل ٥٢

**مەحوی :**

بە ( والذاريات )ی هەناسانو ئاه
کە بەر با دەدەن کێوەکانی گوناه

مەحوی لەم پارچەیەدا بە گەلێ سورەتی قورئانی پیرۆز سوێنددەخوات وەکو « والنجم ، والسماء ، والفجر ، والشمس ، والليل ، والتين ، والعاديات، والعصر » •

دیوانی مەحوی ل ٤١٤ ، ٤١٥ ــ ٤١٦

**حـاجی قـادر :**

یا ئیلاهی بە ئایەتی موزەل
بە چواریاری ئەحمەدی مورسەل

حاجی قادری کوبی ــ کەریم شارەزا ل ١٩٤

ج ــ سوێند بە پێغەمبەرانو یارانو پیاوچاکان :

**سـالم :**

تاقە ، خاڵی ڕووت ، بە تەجریدی مەسیح
ساحیرە چاوت ، بە ئیعجازی کەلیم

خەم بووە قەددم بە شمشێری عەلی
قسمتم عیجزە بە تەقسیمی قەسیم

دیوانی سالم ل ٥٢

د ــ سوێند بە مەعشووقو ئەو شتانەی کە تایبەتیان بەوەوەیە :

١ ـ جزیری :

ئەز بوێ قامەت‌و بەژنێ لە صوندێ دخورم
بەس‌کە ئەی پادشەها من لەسیران غەدەری

هەژار ل ٦٢٥

٢ ـ نـالی :

بە حەقی جەرری هەیاسەی زەڕو کاکۆلی سەری
دلی گوم‌گەشتەیی من کوشتەیی پشت‌و کەمەرە

نـالی ل ٤١٤

بە حەققی تاری کاکۆلی سەراپا لوولی ئەو شۆخە
ئەگەرچی پەشمە ، ئەمما دڵ لە طوررەی زولفی سەودایە

نـالی ل ٥٧٠

٣ ـ سـالم :

سالمیم ڕابوورد بە مەرگی دڵبەرم
دڵبریندارم لەبەر دیدەی‌سەقیم

دیوانی سالم ل ٥٢

ئەگەر باوەڕ ئەکەی سەوگەند بە ئەبرووت
هیلال‌ئاسا خەمیدەم بۆ مەهی ڕووت

دیوانی سالم ل ٢١

دووسەد عوقدەم لە دڵدایە بە بێ تۆ
درۆ ناکەم بە عوقدەی چینی گیسووت

سـالم ل ٢١

٤ ــ مەلاوەسمان :

به چاوی تۆ قەسەم چاوم هەمیشه چاوەڕێی ڕێتم
لە سەیلی چاوەیی چاوم وەکو خاشاکی ژێر پێتم

دیوانی مەلا وەسمان ل ٢٦٢

ه ــ سوێند بەو کارو شتو شوێنانەی کە لای شاعیر پیرۆزو بەنرخە •

١ ــ سـالم :

قامتت سەروە بە گولزاری ئیرەم
سێبە ڕوخسارت بە فیردەوسی نەعیم

دیوانی سالم ل ٥٢

بێ لەبت شادنیم بە سەرچەشمەی حەیات
دەردی تۆ نادەم بە دەرمانی حەکیم

دیوانی سالم ل ٥٢

ز ــ سوێند بە گیانو مەرگو •••

١ ــ نـالی :

خەراباتی دڵی « نالی » مەفەرموو ! خاڵی‌یە نایەم
بە مەرگی تۆ قەسەم ، چاوم ! بە ذیکرت بەیتی مەعموورە

نـالی ل ٤١١

بە مەرگی خۆت قەسەم ، زاهید هەموو عومرت عوبوورێکە
مەقامو مەنزلت ئاخر ، لەکن جەمعی قوبوورێکە

نـالی ل ٤٥٨

نیشانەی فەخرە بۆ من گەر بە سەربێم نەك بەپێ ، ئەمما
بە مەرگی تۆ قەسەم ، شاهم ! عوذر مەسموعە ، سەرمایە

نـالی ٥٧٠

دەزانی خۆ دەچینە جێی غەریبان
بە مەرگی خۆت ، ئەگەر چاوان سیاکەی

نـالی ل ٧٠٨

بە مەرگی تۆ لەبەر تۆشە بە میحنەت
سەرم نابینێ بەستەر غیری زانوو

سـالم ل ٦٦

مەلا وەسمان :

بە مەرگی من بە کوردی بێرە گوفتار
پەرێشان مەدوە ، جەمعیەت کە ئینشا

مەلا وەسمان ل٢٠١

حەریـق :

چاوەکەم ئەمرۆ لە گولشەنێ گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەك نەكگیربم ، بە مەرگی تۆ قەسەم ، هیچ نەمدواند •

مێژووی ئەدەبی کوردی ل ٤٢٥

پەراوێزو سەرچاوە :

١ ــ سەیری « سوگند در آثار سعدی » دکتر نورانی وصال ــ لەکتێبی ــ مقالاتی دربارەء زندگی و شعر سعدی ــ چاپ دوەم ــ شـیراز سالی ( ١٣٥٠ ) بکە •

٢ ــ هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) •

٣ ــ ئەگەرچی دوکتۆر نورانی لە مەقالەکەیدا سوێندی لای سـعدی کردووە بە چواربەشەوە ، بەڵام بە ڕای من سوێند بە گشتی دەکرێ بەم شەش بەشەوە وەیا بڵێم بەم شەش جۆرەوە •

٤ ـ مەلای جزیری ـ جزیری ناوی ئەحمەدەو فرزەندی شێخ محمدە • ساڵی ١٤٠٧ میلادی لە شاری جزیری بۆتان لەناو بنەماڵەیەکی هۆزی بوختی چاوی بە ژیان هەڵێناوە » ـ هەژار ل ، ١٧ •

٥ ـ بۆ ژیانی نالیو پترشارەزایی سەیری :
١ ـ دیوانی نالی ـ مەلا عبدالکریمی مدرس ـ بەغدا ـ ١٩٧٦ •
٢ ـ نالیو فەرهەنگی ـ د• مارف خەزنەدار ـ بەغدا ـ ١٩٧٧ •

٦ ـ بۆ سالم : سەیری :
١ ـ دیوانی سالم ـ چاپی ـ کوردی مەریوانی ـ بەغدا ١٩٣٣ •
٢ ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ علاءالدین سجادی ـ چاپی دووەم ـ ١٩٧١ بەغدا ل ٢٥٦ یکە •

٧ ـ لەبەر ئەوەی دیوانی سالم هەروەکو دیوانی زوربەی شاعیرانمان «تحقیق» نەکراوە ، لەبەرئەوە ئەوەی کە بیەوێ شتێ لەو دیوانانە وەرگرێ دووچاری گیروگرفتی هەڵەی چاپو شێوەی ئیملاو نووسینی ئەو نوسخانە دەبێت • لەبەرئەوە لێرەدا زۆر سوپاسی کاك « شوکور مصطفی » دەکەم کە ئەم غەزەلەی سالمی ڕێکخستو ڕاستیکردەوە •

٨ ـ سەیری دیوانی مەحوی ـ مەلا عبدالکریمی مدرس ـ چاپی بەغدا ١٩٧٧ یکە •

٩ ـ سەیری شەرحی لاپەڕەی ٢٢٧ ـ لە « الجزء الاول ـ من العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزری » ـ بکە •

١٠ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ کەریم مستەفا شارەزا ـ سەردار حمید ١٩٨٦ ل ١٩٤ •

١٢ـ کەلیم : مەبەست لە حەزرەتی موسایە ـ چونکە موسی لەقەبی « کلیم الله »یە •

١٣ــ قەسیم : بە واتای « جوان » ــ « جمیل »ی عەرەبی دێ وە ئەمە یەکێکە لە سیفاتی پێغەمبەری ئیسلام •
سعدی دەڵی : شفیع مطاع نبی کریم ــ قسیم جسیم ــ بسیم وسیم •

١٤ــ شاهی نەقشبەند : خواجە « بهاءالدین نقشبند » سەری تەریقەی نەقشبەندی •

١٥ــ سوگند : بە واتا سوێند •

١٦ــ ئیرەم : باخێك یا شارێ بووە کە دەڵێن «شداد» دروستی کردووەو وەکو بە هەشتێ وابووە لەسەر ئەرزو بەهەشتی شدادیشی پێ‌دەڵێن •

١٧ــ سێبە « سیب » ــ سێو •

١٨ــ بەستەو : سەرین •

١٩ــ سەیری دیوانی مەلا وەسمان ــ چاپی بەغدا ــ ١٩٧٣ ــ امین موتابجی بکە •

٢٠ــ سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی ــ چاپی دووەم ــ ل ٤٢٥ بکە •

٢١ــ جگە لەو کتێبانەی لە پەراوێزەکاندا ناویان هاتووە ، سەیری ئەمانەش کراوە :

١ ــ فرهنگ عمید •

٢ ــ گلستان سعدی •

٣ ــ فرهنگ لغات و اصطلاحات وتعبیرات عرفانی دکتر سید جعفر سجادی ــ تهران ــ ١٣٥٠ •

# نەخشی هۆزی جاف لە سای

# چەند سەرۆکێکیەوە لە مێژووی کورددا

د. حەسەن جاف

شپینگلەر فەیلەسووف‌و مێژووناسی ئەڵمانی لەو بڕوایەدایە کە مرۆڤ هەر نرخێکی هەبێ ، ئەو نرخە زیاتر لە خانەدانەکان ، واتە : لە هەڵبژاردەکان‌دا هەیە ، نەك لە جەماوەردا • ئەو لای وایە کاتێ خانەدانی نەمێنێ‌و جەماوەر سەربکەوێ ، مانای وایە مێژوو کۆتایی دێت‌و مرۆڤایەتی لە بێ‌دەنگی‌و بێ‌ئاگایی‌و نەبوون‌دا تەوم دەبێت [1] •

بێ گومان ئێمە لەگەڵ ئەم بیروباوەڕەی شپینگلەردا نین‌و ئەم بیروباوەڕەمان بە ئایدیۆلۆجی‌یەتێکی کۆنەپەرستانە دێتە بەرچاو ، چونکە جەماوەر نەخشێکی سەرەکی‌یان لە دامەزراندنی مێژووی شارستانی‌یەت‌دا هەبووەو ئەگەر سەرکردایەتی‌یەکی ڕاست‌و دڵسۆزانەیان بۆ ڕەخسابێ کاری گەورەیان ئەنجام داوە ، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ کە دەوری دیاریی کەڵەپیاوان‌و هەڵکەوتووی مێژوو لەیادبکەین • ئەوەی ڕاستی بێ ، ئەم کەڵەپیاوانە لەناو هەموو میللەت‌و کۆمەڵ‌و لە هەموو قۆناخێکی مێژوودا زۆر جار بوون بە مایەی سەربەرزی‌و شانازیی نەتەوەکەو گەلەکەیان ، بگرە بوونەتە مایەی پێوە نازینی مرۆڤ لەم جیهانەمان دا • هەروەك هیگڵ ، فەیلەسووفی ناسراوی ئەڵمانی دەڵێ : « ئەمانەن کە دەنگی بانگی ڕۆحی جیهان ڕۆشنترو باشتر لە خەڵکی تری دەبیستن » • بێ گومان ئەو نەتەوانەی مێژوویێکی هەژارو لاوازیان هەیە ، ڕۆڵەکانیان هەوڵ‌و تەقەللا دەدەن ،

مێژووی نەتەوەکەیان لە هەموو ڕوویەکەوە ، تێروتەسەل بکەن • ئێمەی کورد نالێین مێژووەکەمان لاوازە ، بەڵام زۆریش بە سامان نی‌یە • پێویستمان بە کۆششت‌و هەوڵێکی فرەوان‌و بەربڵاوە کە نەخشی هەر مرۆڤێکی هەڵکەوتووی کورد لە هەر چینێك بێ ، لەهەر ڕشتەیەکدا هەڵکەوتبێ ، بیخەینە بەرچاوو پێدا هەڵدەین‌و گەورەی بکەین‌و ڕەنگ‌و ڕووی پتر ئاشکرا بکەین ، بەڵام بەداخەوە ، هەروەك مامۆستای بەڕێز ، مەسعوود محەمەد دەڵێ ، ڕۆشنبیری کوردی سەردەم وەها لەبەر زمانی خۆش‌دێت ، هەڵنان‌و ڕێزلێنان بۆ مرۆڤی بێ‌سامان‌و ڕووت‌و قووت بێت ، ڕقی لە شۆرەتی پیاوانی خاوەن سامان‌و دەسەڵات هەڵدەستێت ، حاڵ گەیشتۆتە ئەو بارەی ڕۆشنبیرە نەوباوەکانمان ، بە نووسینی بێ پێچ‌وپەنا هەموو سەرۆك شۆڕشەکانی لەمەبەپێشەوەی کورد ، سەرکوت‌و تاوانبار دەکەن ، چونکە لەبرسا نەمردبوون ، هەر لەم بارەوە لەسەر قسە دەڕوات‌و دەڵێ ، ڕەنگە من لەو گەنجانە زۆرتر حەز بەوە بکەم ، کە لە چینی هەژارو ڕەش‌وڕووتی کورددا قارەمانی وەها بدۆزمەوە کە لە سەری بنووسم ، بەڵام هەرگیز ئەو تاوانە بە ئەستۆی خۆمەوە ناگرم ، بە ساختە قارەمانەتی دروست بکەم بۆ هەژار یاخود ساماندار [٢] •

من دەڵێم میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو قارەمانی لە هەموو چینی‌و توێژالکەکانی هەڵکەوتووەو هەڵیش‌دەکەوێ ، بێ گومان نەتەوەی کورد لەم بارەوە نەزۆك نی‌یەو ، پێویستمان بەوە نی‌یە ـ لەگەڵ ڕێزێکی فرەوانم بۆ مامۆستام مەسعوود محەمەد ـ قارەمانی ساختەی بۆ دروست‌بکەین ، جا بۆ ئەوەی زیاتر مێژووی میللەتەکەمان بەڕاستی بنەخشێنین‌و بچەسپێنین پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی بێ پشووی زۆر هەیە ، بەڵام بێ ئەوەی لە ڕابردووو ئێستامان بتۆقێین‌و شەرم بمان‌گرێ • دەبا بە ڕاستەقینە ، کێ لە مێژووی پڕ لە شانازیی کوردەواری‌دا هەڵکەوتووە ، پیاهەڵبڵێین •

بووون ، بەنـدە نەختێ زیـاتر لـەم ڕووەوە پێڕادە کێشـمو دەڵێم ، ئەگەر بۆرە قارەمانێکیشمان لێهەڵکەوتبێ بیکەینە قارەمان ، ساختە نیەو جێی خۆیەتی • وا بزانم هـەر ئەمەیشە کـە ئەرکی ڕاستەقانیی سەرشانی ڕۆشنبیرو خوێندەوارانی کورد لەم قۆناغەدا •

من لـەم کورتە باسەدا هەوڵ دەدەم باسی چەند سەروکێکی هۆزی جاف بکەم ، کە نەخشێکیان لە مێژووی نەتەوەکەمـانڕدا بە ئاشکرا هەبووە، وا بزانم ڕوونکردنەوەی ئەم نەخشە کەلێنێ چکۆلە لە مێژووی نەتەوەکەمانڕدا پڕدەکاتەوە •

بێگومان ئەم سەرۆك هۆزە جافانـە نەخشێکیان لە توندوتیژکردنی زۆرانبازیو کێشەوبەرەی عوسمانیو ئێرانییاندا ، هەر لەسەر کوردستانەکە خۆی ، هەبووەو ئەم کێشەوبەرەیەش زۆرتر لە دووبەرەکیی میرە کوردەکان، بەتایبەت میرنشینی بابانو ئەردەلاندا ، کە زۆری پێوەندی بەم باسەمانەوە هەیە ، بەدیاردەکەوێ •

پـاش شەڕەکەی چالدیران لە نێوان سوڵتـان سـەلیمی عوسـمانیو شاسمایلی سەفەویدا لە ساڵی ١٥١٤ی زدا ، کوردستان زەرەرو زیانێـکی زۆری لێکەوتو ئەم ناوچەیە لە نێـوان دەوڵـەتی عوسـمانیو دەوڵـەتی سەفەویدا بەشکرا (٣) ، چونکە لەو قۆناخـەدا هەسـتی سەربەخـۆییو نەتەوەپەروەری لەناو ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر سـێبەری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەویدا دەژیان ، هێشتا خۆی نەنواندبوو ، دیـارە هۆی ئەمەیش ڕوونە ، چونکە زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە موسوڵمان بوون ، بیریان لە جیاوازیی نەتەوایەتی نەدەکردەوە ، بەڵام بیریـان لە جیـاوازیی مەزهەبی ئەکردەوە ؛ نەزەرییەکەی مەلا ئیدریسی بدلیسی ( مذهب ناحق = مذهبناحق ) دڵسۆزانە خزمەتی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوییـان دەکردو هەردوو لایان هەمیشە هەوڵی ئەوەیـان دەدا ، کوردەکان لـەدژی

یەکترو بۆ یارمەتیدانو پشتگیری لێکردنیان بەکاریێنن • سەفەوی‌یەکان بۆ ئەوەی ولاتی ئێران لە عوسمانی‌یەکان ، کە خۆیان بە میراتگری خیلافەتی ئیسلامی دەزانی ، بپارێزن ، لەگەڵ دەولەتە ڕۆژاوایی‌یەکاندا دژی عوسمانی‌یەکان ، ڕێك‌دەکەوتن‌و بۆ ئەوەی بتوانن ڕقی گەلانی ئێرانو گەلە موسولمانەکانی‌تر لەدژی عوسمانی‌یەکان بجوولێننەوە ، لە هەر جۆرە پروپاگاندەیەك بۆ ئەم مەبەستە دریغی‌یان نەدەکردو بەڕاستی تەنگیان بە عوسمانی‌یەکان هەڵچنیبووو لە کاتێکا هێزی چەکداری عوسمانی‌یەکان بە ناوی ئیسلامەوە ولاتە مەسیحی‌یەکانی ئەورووپای ڕۆژاوای خستبووە مەترسی‌یەوەو توانی‌یان شاری ڤییەنەی پایتەختی دەولەتی نەمسا گەمارۆ بدەن (١٥٢٩)، لەوکاتەدا لە پڕ لەپشتەوە سەفەوی‌یەکان جەبهەیەکیان لە عوسمانی‌یەکان کردەوەو هێرشیان بردە سەر سنوورەکانی عوسمانی‌و ناچاری پاشەکشێ‌یان کردن‌و (٤) لەم زۆرانە خوێنینەدا نەتەوەی کورد زیانێکی گەورەی لێ‌کەوت‌و کوردەکان بە ناوی دژمنایەتیی سوننی‌گەری‌و شیعەگەری‌یەوە بوون بە داردەستی ئەم دوو دەولەتەو کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕوشۆڕێکی خوێنینی ئەم دوو دژمنە سەرسەختە •

سەفەوی‌یەکان بۆ لەناوبردنی میرنشینە کوردەکان ، لەبەر ئەوەی زۆربەیان سوننی مەزەب‌بوون ، تێکۆشیون(٥) ، بەلام سەرڕای ئەوەی ئەم سەفەوی‌یانە بەهێزبوون ، توانستی لەناوبردنی یەکجاریی میرنشینە کوردەکانیان لە وزەدا نەبووەو هەر کاتێ دەستیان ڕۆیشتبێ هەولیان داوە ، بە هێز لە ناویان بەرن‌و(٦) ئەگەر نەشیان‌توانیبێ، ئەوە هەولی ئەوەیان داوە ، سیاسەتی خۆ نزیك‌کردنەوە لە میرەکان بەکاریێنن‌و ژنیان داوەتە میرە بەهێزەکانیان‌و بە خەروار ئەلقاب‌و نیشان‌و شمشێری مورەسسەعیان پێشکێش کردوون ، ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە هەولیان داوە دەس ڕاکێشنە ناو بارودۆخی ناوخۆی میرنشینەکانەوەو دژمنایەتیی نێوان

بنەماڵەکانیان بەتین‌بکەن‌و دژی هۆزو میرنشینە بەهێزەکانی کورد کە لە ژێر فەرمانیان‌دا نەبوون بیان‌جوولێننەوەو ئەم سیاسەتە تا زەمانی نادر شاو زەندی‌یەکان‌و ناصرالدین شای قاجار بەردەوام بووەو نموونەی ئەم سیاسەتە بەتایبەت کە سیاسەتی قاجاری‌یەکان بووەو لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵان‌دا نواندوویانە سیاسەتی نالەباری پاشاکانی ئێران بووە لە دژی کوردەکانی ژێردەستیان[٧] ئەوی ڕاستی‌یە ، عوسمانی‌یەکان زۆرتر لە سەفەوی‌یەکان لەم‌بارەوە بە سیاسەت‌تر بوون‌و بۆ ئەوەی کەلکی زۆرتر لە کوردەکان وەربگرن هەستی دینی‌و مەزهەبی‌یانیان هاوردۆتە جۆش‌و سەربەخۆیی‌یێکی مەحدوودیان پێ‌داون ، مەلا ئیدریسی بدلیسی کە زاناو هۆشیارێکی کورد بووە کردوویانەتە دەسپێچی خۆیان‌و بدلیسی بە باشی هەولی داوە ، میرنشینە کوردەکان یەك‌بخات‌و بیان‌کاتە پاڵپشت بۆ عوسمانی‌یەکان‌و عوسمانی‌یەکانیش سەربەخۆیی‌یەکیان داوە بە میرنشینە کوردەکان •

ئەم هەڵوێستەی ئیدریسی لە چی‌یەوە هاتووە ؟ لەوەوە کە وەك « ئەسکەندەر مونشی لە عالەم ئارای عەبباسی‌دا نوسیویە ، کورد هەرکە هەست بەمەترسیی دژمن دەکەن دەگەڵ یەکتری ڕێك دەکەون‌و یەك‌دەگرن ، بەڵام ئەم مەترسی‌یە لە گۆڕێ‌دا نەما دەبنە دژمنی گیانی یەکتری‌و شیرو تیرلەیەك دەسوون • جا مەلا ئیدریسی بدلیسی لە جیاتیی ئەوەی بێ میرەکوردەکان بەرەو سیاسەتێکی یەك گرانەی سەربەخۆو ئازاد لە دەسەڵاتی عوسمانی‌و ئیرانی ڕێنوێنی بکا ، هاتووە لەژێر کاری مەزهەبی‌دا ، هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی‌دا لە دژی دەوڵەتی صەفەوی‌یان ( بڕوانە ڕاپەڕینی خێڵەکیی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا • بەشی سێ‌یەم نوسینی شەمسەددین محمد اسکندر ، وەرگێرانی شوکور مستەفە ، گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق دەستەی کورد ل ١٥٠)• لە ١٨٣٠دا، کردووە • ئەم سیاسەتەی تورکەکانیش خۆ وەنەبێ لەبەر خۆشەویستیی کوردەکان بووبێ بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە بۆ ئەوەی وەزعی

عەسکەری‌و ئابووریی دەوڵەتی عوسمانی لەپاش حوکمی سوڵتان سلێمانی قانوونی‌یەوە لەو پلەیەدا وا نەبووە بتوانێ میرنشینە کوردەکان‌و سەرلەبەری میرنشینەکانی‌تر بە ئاسانی لەناوبەرێ. جا ئەم حاڵەتە تا زەمانی سوڵتان مەحموودی دووەم دەوامی‌کرد، بەڵام دوای ساڵی ١٨٣٠ کە سوڵتان مەحموود بارودۆخی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانیی چاك کردەوە ، لەشکرێکی تازەونوێی دامەزراندو سیاسەتی مەرکەزی‌یەتی دەست‌کرا بە ە پەلامارداني کوردەکان‌و (٨) لەم کاتەوە ئازارو ئەشکەنجەدانی کردەوە ، لەشکرێکی تازەونوێی دامەزراندو سیاسەتی مەرکەزی‌یەتی دامەزراندو دەست‌کرا بە پەلامارداني کوردەکان‌و(٨) لەم کاتەوە ئازارو ئەشکەنجەدانی کوردو لەناوبردنی سەربەخۆیی میرنشینەکانی کورد ، بوو بە دوروشمی سەرەکیی کاربەدەستانی عوسمانی . ئەوەی ڕاستی بێ . کوردەکان هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆیان نەبوون (٩) .

گومان لەوەدا نی‌یە کە دەوڵەتی عوسمانی‌و دەوڵەتی ئێران هەمیشە ، وەك لە پێشەوە وتم ، ڕێبازی سیاسەتی ( جیاکەرەوە زاڵبە ) یان لەگەڵ هۆزو بنەماڵە ناسراوەکانی کورددا بەکارهێناوە ، تا بتوانن لەم ڕێگایەوە بە ئاسانی ، بەرژەندی تایبەتی خۆیان لە کوردستاندا بەدەس‌بێنن‌و نەهێڵن یەکێتی‌و یەك‌دڵی‌و هاوکاری لە نێوان کوردەکانا بچەسپێ‌و دامەزرێت . بۆ ئەم ئامانجە هەولیان داوە میرنشینە کوردەکان بەگژ یەك‌دا بکەن‌و هەروەها خزم‌و کەسوکاری ئەم حوکمڕانانە دژی یەکتری هان بدەن‌و شەڕو ئاژاوە لە نێوانیاندا بێننەکایەوە . بۆ نموونە حوکمڕانانی ئەردەلان بە پیلانی ئێرانی‌یەکان دژی بابانەکان دەجوولانەوە ، یاوەکو بابانەکان بە پیلانی عوسمانی‌یەکان دژی ئەردەلانی‌یەکان دەجوولانەوەو بەدرێژایی تەمەنی ئەم دوو میرنشینەو بە پیلانی ئەم دوو دەوڵەتە لەشکریان لێك کردووەو هەزاران کوردی بێ تاوان لەم شەڕانەدا خوێنیان ڕژاوە .

لەم بارەوە عەلی سیدۆ گۆرانی ئەڵێت ، ئەگەر میرنشینی ئەردەڵانو میرنشینی بابانو باقی میرنشینە سەربەخۆکانی تری کورد لەگەڵ یەك یەکیان بگرتایە هیچ هێزێکی بیگانە زەفەریان پێ نەئەبردنو لەناو نەئەچوون [١٠]، چون لەو قۆناخەدا کۆمەڵگەی کورد لەسەر بناغەس عەشرەتەکان دامەزرابوو ، نەك دانیشتوانی گوندەکانو خێڵە کۆچەرەکان ، بەڵکو دانیشتوانی شارەکانیش لە پێوەندیی عەشایەری دانەخزابوون [١١] .

ئەم بارودۆخە کارێکی زۆری بووە ، کە ئێرانیەکانو تورکەکانو والیەکانی بەغدا ، بە ئاسانی بتوانن تۆوی دووبەرەکیو دژمنایەتی لە نێوان بنەماڵەی میرنشینە کوردەکاندا بچێننو سەرۆكو سەربەو بنەماڵانە بە گژیەکدا بکەنو دژمنایەتیی ناوخۆی بنەماڵەی بابان نموونەی ئەمەیە [١٢].

ئەوی ئاشکرایە ، میرە کوردەکان هەمیشە خۆیان زیاتر لە پێناوی عوسمانیو ئێراندا بەختکردووەو خوێنیان بۆ ڕشتوون یا بە فەرمانی ئەوان دژی یەکتری ڕاستبوونەتەوە . ئەم کارەیش ئەوەندەی تریانی لە چاویاندا سووك ترکردووە. تەنانەت زۆریان بوون بە ژێردەستەو کەوتوونەتەنگانەوەو بوون بە دەسکەلای دەستیان . بەڕاستی لەناوبردنی میرنشینە کوردەکان مەبەسو ئامانجی بەرودوایان بووە [١٣] . ئەم سیاسەتە بوو بە هۆی ئەوە ، ئیتر لە ساڵی١٨٤٨زدا هیچ میرنشینێکی کورد بەسەرپێوە نەمێنیو هەموو وڵاتی کوردستان ڕاستەوڕاست بچێتە ژێر حوکمی داگیرکەرانەوە .

هۆزی جافیش ، وەك هەموو هۆزە ناسراوە بەهێزەکانی کورد لەو قۆناغەدا ، هەمیشە کاربەدەستانی ئەم دوو دەوڵەتە لە چوارچێوەی سیاسەتی ( جیاکەرەوە زاڵ دەبی )دا نەیانهێشتووە هاوکاریەکی بەتینو مەحکەم لەگەڵ حوکمڕانانی ئەردەڵانو باباندا بکەن. هەروەها حوکمڕانانی ئەم دوو میرنشینەیان هان داوە بێوچان دەسدرێژی بکەنە سەر هۆزی جافو دەسبخەنە بارودۆخی

تایبەتیانەوەو ئەگەر ڕێکیش کەوتبێ سەرۆکێکی جاف ، بەپێچەوانەی ئـەم سیاسەتە جوولاّبێتەوە ، یان بیروباوەڕی سەربەخـۆیی و نیشتمـانپەروەری کەوتبێتە کەللەوە ، ئەوە دەس بەجێ هەولّیانداوە لەناوی بدەنو(١٤) زۆر لـە سەرۆکەکانی جاف بوون بە قۆچی قوربانیی ئەم سیاسەتە .

کاتێ بە وردی سەیری کتێبی «مێژووی ئـەردەلاّن»ی مەسـتوورەی کوردستانی دەکەین ، بە ڕۆشنی چسکێکی دیاریی ئەم سیاسەتەی باسمان کرد بۆ دەردەکەوێ . ئەگینا ئەبێ چۆن هەلّویستی میر ئەمانوللاّخان ، کە هۆزی جافی تالاّنو قەلاّچۆکردووە لێك بدەینەوە ؟ ! ئەگەر نەلّێین هاندەرێـکی نەبووە ... جا بۆ ئەوەی خوێندەوارانی ئازیز باشتر لەم سیاسەتە تێبگەن، نووسینەکەی مەستوورەتـان ، سەبارەت بـەم هێرشـە ، بـۆ دووبـارە دەنووسینەوە . مەستوورە دەلّێت :

« دوو سێ سـالێ ، پـاش بە خۆشـی گوزەرانـدنو ڕابـواردن ، لەبەرئەوەی کوردی ناوچەی سلێمانیو شارەزوورو هۆزی جاف کە لەسەر سنووری ناوچەی سنە پەزوئاژەلّیان دەلەوەڕاند ، پێیان لەبەری خۆزێـتر ڕاکیشابووو ئاژاوەیێکی زۆریان لەناوچەکەدا نـابۆوەو والی هەرچـەندی دەکرد ، ئەم کردەوەیەی بۆ قووت نەدەچوو ، بڕیاری سەرکوتکردنیانیداو تیرەو هۆزەکانی جافی ، سەرلەبەر ، چەپاوداو تالاّنو بڕۆی کردنو زۆربەی ئاودارانو بەڕێزانیانی لەشیرکێشان. لەم دەگژڕاچوونو شەڕوشـۆڕەدا ، لەشکری سەرکەوتووی ئەمانوللاّخان پەنجا هەزار تمەنی زێتر بەدەس کەوتو هەمووی بۆ سنە نارد . والی خۆیشی بە تەتەنەو هەیتوهووتەوە لەسـەر مەریوانو شارەزوورەوە هاتە ناوشاری سلێمانییەوە کە مەلّبەندی پاشاکانی بابان بوو . ئەو سەروبەندە مەحموود پاشا میری بابان بوو . پاش گەیشتنی والی بە چەند ڕۆژێ ، مەحموود پاشا بە خۆیو دەسودایەرەو پیاوماقوولاّنو بازرگانیو بازاڕییانەوە شاری سلێمـانییان چۆلّکردو بۆی دەرچوونو

هەرچی ماڵو سامانێکی لە مزگەوت تەکیەو خەلوەتخانەو کولبەدا شاردبوویانەوە هەموو وەگیر لەشکری ئەمانوڵڵاخان کەوت •

وەلەد بەگی جافیش کە یەکێ لە هەرە پیاوە گەورەکانی کوردبووو، ئەم هەڵکردنە سەر مەڵبەندی بابانەش هەر لە بنەڕەتدا بۆ سەرکوتکردنی ئەوبوو، دەسگیرکراو والی لەگەڵ خۆیدا هێنایە شاری سنەو ڕۆستەم بەگو حەبیب بەگو کوڕانی ناودارانی لە قەڵای قەسڵان زیندان کردن[١٥])»•

هەر ئەو نووسەرە لە باسی دەورەی عەلی قولیخان لە ئەردەڵاندا دەڵێت : «عەلی قولیخان پاش ئەوەی بۆ کوردستان گەڕایەوە لەبەر توندوتیژیو زمانپیسیخۆی زۆربەی پیاو ماقووڵانو ناسراوانی ئەردەڵانی لەگەڵ حسێن بەگی مامۆییدا دەستیان تێکەڵکردو لە دژی وەستان، عەلی قولیخان توانی بەرەنگاربوونیانی لە خۆیدا نەدەبینی ناچار هەڵاتو ڕوویکردە قەڵای پاڵنگانو لەوێ جێگیربووو داوای یارمەتیو پشتگیری لە خانە پاشای بابان کرد •خانە پاشایش ڕۆستەم بەگی جافی لەگەڵ هۆزەکەیدا بە بانگییەوە ناردو هەردوو لا بڕیاریاندا،شەڕبکەن[١٦]»• ئەم ڕووداوە هەر نموونەیێکی ترە بۆ ئەوە کە بابانەکانیش جافەکانیان دژی ئەردەڵانەکان بەکارهێناوە • ئەزیەتو ئازارێك کەمیرەکانی ئەردەڵان سەبارەت بە هۆزی جافیان ئەنواند بووە بە مایەی ئەوە کە بەشی زۆری تیرەکانی جاف ناچار ناوچەی جوانڕۆ بەجێبێڵنو[١٧] پەرتو بڵاوبینەوە. زۆربەیان لەتەك ظاهیربەگی کوڕی یار ئەحمەد بەگی کوڕی سەیفوڵڵا بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی جوانڕۆدا دێنە ناوچەی میرنشینی بابانەوەو لە دزایشو بانی خێڵان جێگیر ئەبن • ئەمانە بە جافی مرادی ناوبانگیان ڕۆیشتووە » •

باسیل نیکیتین دەربارەی هۆی هێرشی میرەکانی ئەردەڵان بۆ سەر هۆزی جاف ئەڵێت : ئەردەڵانییەکان ئەیانویست ناوچەی جافی جوانڕۆ داگیربکەن، ئەمەیش بۆ دوو هۆ : «یەکەم ناوچەکە ناوچەیەکی پڕ لە

بەرەکەت و دەغلودان بوو ، دووەم لە هێزی عەشرەتی جاف کە عەشرەتێکی ئازاو نەبەز بوون [١٨] ئەترسان » . تەنانەت دژمنایەتی و ناحەزیی هۆزی جاف و ئەردەلانی یەکان گەیشتە ڕادەیەکی زۆر سەخت ، بەتایبەتی پاش کوژرانی ظاهیربەگی جاف لەلایەن خان ئەحمەد خانی سێیەمەوە . ئەم خان ئەحمەد خانە ، کە میرێکی هەڵکەوتووی بنەماڵەی ئەردەلان بوو لەگەڵ نادر شادا تێك چووو کەوتە بەر ڕق و شاڵاوی ناوبراوەوە . لەبەر ئەوەی خان ئەحمەد خان عەماری لەشکری نادرشای لە ناوچەی سنەدا بە هۆی قات و قڕیی ئەو ساڵانەوە ، بەسەر فەقیرو هەژاراندا دابەش کردبوو ، خان ئەحمەد خان بە لەشکرێکی قورسەوە لە ساڵی ١١٥٥دا ، ناوچەی سنە بەجێ دەهێڵێ و لە ناوچەی پێنوازەوە ، لە سیروان ئەپەڕێتەوە ، خۆی بە خاکی عوسمانی ئەگەیەنێ بۆ کۆمەك خوازی [١٩] . ظاهیربەگ ، سەرۆکی عەشایەری جاف بەرەنگاری لەشکرەکەی خان ئەحمەد خان دەوەستێ و هەموو لەشکری جاف و ئەو دێهاتانە کۆئەکاتەوەو ڕێ بە لەشکرەکەی خان ئەحمەد خان دەگرێ . دوای لەناوچوونی ظاهیربەگی سەرۆکی عێلی جاف ، هۆزی جاف ، ماوەیەك ، توانست و بڕستیان کزدەبێ و لە دەسەلات دەکەون ، بەلام سەرڕای ئەوەش ، لە مەیدانی سیاسەتدا دەوری خۆیان ئەگێڕن و بەرچاودەکەون . بۆ نموونە ، ژان گورە ، مێژوونووسی فەرەنسی دەڵێت، پاش کوژرانی نادر شا ، میرزا مەهدی ئەسترابادی ، کە میرزاو لێپرسراوی نادر شا بوو ، داوای یارمەتیی لە سەرەك تیرەو هۆزەکانی کورد کرد، کە بریتی بوون لە پەنجا تایەفەی نیشتەنیی ناوچەی کرماشان و کوردستان. لەم هۆزانە تەنها سەرەك هۆزی جاف و سەرەك هۆزی مەنگوڕ بە یارمەتیی میرزا مەهدی یەوە هاتن [٢٠] تایبە تێتیی ناوچەو قەڵەمڕەوی جاف ، ئازایەتی و لێهاتوویی جاف ، بە ژمارەزۆریی جاف ، هەمیشە بووە بە مایەی هەست بەتوانا و لەباریی ئەم خێڵە کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و عوسمانی دا بکەونە بەربەرەکانی یەوەو سولتانەکانی عوسمانی و شاکانی ئێران وا لێ بکەن ، بۆ

بەرژەوەندی خۆیان دڵی سەرۆکەکانیان ڕاگرن‌و نوازشتیان بکەن‌و تێکۆشیون لە خۆیانیان نزیك‌کەنەوە[٢١] ، بەتایبەت سوڵتانەکانی عوسمانی زیاتریان نازدەکێشان ، بۆ نموونە ، بەشێ لەم هۆزی جافە ، لە دەوروبەری ساڵی ١٦٣٨زدا ، کاتێ سوڵتان مرادی چوارەم[٢٢] بەغدای گرتەوە ، دەستی یارمەتی‌یان بۆ درێژکردو لەو سەرکەوتنەدا کەلەمێردی‌و ئازایەتی‌یەکی مەردانەیان نواند . هەر سەبارەت بەمە ، سوڵتان مراد نازناوی مرادیی پێ‌بەخشیون . ئەم نازناوە لەو سەروبەندەدا بە نازناوێکی زۆر گەورە دەژمێردرا[٢٣] .

من لام وایە شاعیرێکی زەبردەستی وەك شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەروا لە خۆڕایی بە هۆزی جافی‌دا هەڵنەداوەو بە بێ سۆنگە بە قووللەی قافی نەشوبهاندوون کە ئەڵێ :

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێرووله نەچێ چاکە بەگژ قوللەیی قافا
کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نەچووبێ
وەك تیری ئەجەل نووکە ڕمی جافی بەنافا
خوێنڕێژو شەڕەنگێزو عەدوبەندو تەنومەند
کامیان کە گەنە شێرە لە مەیدانی مەسافا[٢٤]

ئەم نزیك بوونەوەو متمانەی عوسمانی‌یەکان لە عێلی جاف بوو بە مایەی ئەوە کە هۆزی جاف لە مەیدانی زۆرانبازیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و دەوڵەتی ئێران‌دا بە ئاشکرا بەرچاوکەوێ .

محەمەد ئەمین گولستانە لەم بارەوە شتێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت :

« عەبدوڵڵا ، پاشا لێپرسراوی عوسمانی‌یەکان ، کە حاکمی ناوچەی

زەهاو بووو ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی‌یەکان‌دا بوو ، لەگەڵ محەمەد خانی زەنددا تێك دەچێ • ئەم محەمەد خانە کە یەکێك بووە لە سەرلەشکرەکانی زەند ، پەلاماری ناوچەی زەهاو دەدا ، عەبدوڵڵا پاشا داوای یارمەتی لە عێلی جاف ، بە سەرۆکایەتیی قادر بەگی ظاهیر بەگو باجەلانەکان کردووە • ئەوانیش بە دەنگیەوە چوون‌و ناوچەکەیان لە دەست رزگارکردوون [٢٥] • وا دیارە دوای کوژرانی ظاهیر بەگ لە لایەن ئەردەلانەکانەوە[٢٦] ، بابانەکان تا رادەیێکی زۆر پێوەندی‌یان لەگەڵ جافەکان‌دا بەهێزدەکەن ، بەتایبەت زۆر چاکیان زانیوە کە هێزی جافەکان رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن‌دایە ئەحمەد پاشای بابان داوای لە قادر بەگی ظاهیر بەگی سەرۆکی عێلی جاف کردووە ، چەند پیاوخراپ‌و جەردەیێ کە ئاسایشی ناوچەی میرنشینی بابانیان شێواندبوو ، لەناوبەرێ • قادر بەگ ئەم خواستە بەرێکوپێکی‌و بە تەواوەتی بەجێ‌دەهێنێ‌و هاوکاری‌یەکی تەواو لە نێوان هۆزی جاف‌و بابانەکان‌دا بەرقەراردەبێ • ئەم یارمەتی‌و پشتیوانی‌یە تا سەردەمی سلێمان بەگی کوڕی قادر بەگی ظاهیر بەگ هەربەردەوام دەبێت ، بەلام لە سەروبەندی کەیخوسرەو بەگی کوڕی سلێمان بەگ‌دا ئەم پێوەندی‌یە پچڕاو نێوان تێك‌چۆوە ، وا دیارە میرانی بابان هەوڵیان داوە دەست لە کاروباری بنەماڵەی سەرۆکەکانی جاف وەردەن • ویستوویانە بەشی وەڵەدبەگیی بەگزادەکانی جاف کە خاڵوانیان بوون [٢٧] سەرۆکایەتیی هۆزی جافیان بەدەستەوە بیێنێ • جگە لەم هۆیە ، وا دیارە میرانی بابان حیسابێکی زۆریان بۆ پەرەسەندنی هێزی عەشرەتی جاف کردووە • ریچ لەم بارەیەوە ئەڵێت ، عەشرەتی جاف هەزار سوارو چوار هەزار تفەنگچیی پیادەیان هەیە • پیاوانی ئەم هۆزە ئازاترین پیاوانی هەموو عەشایری کوردن، ئەوەندە ئازان ئازایەتی‌یەکەیان لەناو هەموو عەشایەرەکان‌دا دەنگی داوەتەوەوچە کدارانی ئەم عەشیرەتە ئازاترین جەنگاوەرانی لەشکری کوردن [٢٨] •

کەیخوسرەوبەگی سەرۆکی عەشیرەتی جاف پێنج کوڕی هەبوون :



وێنەی ( کەیخوسرەو بەگ ) ، ڕیچ کێشاویە .

سلێمان بەگ کە نەوەی لێ نەکەوتووەتەوە ، عەبدوڕەحمان بـەگ ، قادر بەگ کە بۆ جێگیربوونی عەشیرەتی جاف خزمەتێکی زۆری کردووە ، عەبدوڵڵا بەگ کە لە شەڕی گردەگڕۆدا . کەیخوسرەو بـەگی بـاوکی ناردبوویە یارمەتیی سلێمان پاشای بابانەوە لەدژ مەحموود پاشای بابـان کە بـرای بـوو کـوژراوەو لـە گـردی سەیوان نێژراوەو [29] محەمەد بەگ کـە کوڕی بچـووکی بـووەو دەورێـکی زۆری لـە کێشـەو زۆرانبازیی ئێران‌و عوسمانی‌دا گێڕاوە . وادیارە کەیخوسرەو بەگی جـاف دژی مـەحموود پاشای بابـان بووەو لەگـەڵ عەبـدوڵڵا پاشادا لەدژ مەحموود پاشـای بابانی مامی دەسـتی تێکـەڵ کـردووەو ئەم دەست تێکەڵ کردن‌و ڕێك‌کەوتنە لە شـەڕی قەرەگوڵ‌دا ، بە ئاشـکـرایی ڕوون دەبێتەوە . ئەم شەڕە لە نێوان لەشکری مەحموود پاشا ، بە یارمەتیی لەشکری داوود پاشاو عەبدوڵڵا پاشا ،بە یارمەتیی محەمەد عەلی میرزا ، وەلیعەهـدی ئێران ، ڕووی‌داوەو ڕێکەوتی ئەیلوولی ساڵی ١٨٢١ز قەوماوە . لەم شەڕەدا لەشکری مەحموود پاشاو داوود پاشای والیی بەغدا ، بە سەختی شکاوەو محەمەد عەلی میرزا ، عەبدوڵڵا پاشای بابانی کردووە بە حاکمی سلێمانی[30] . خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، بۆ تەوجیهی سیاسەتی دووڕووانەی میرەکانی بابان ئەڵێت : «واقیعەن ئەگەر بە چاوێکی ئینصاف‌و بێ‌تەرەفی لـە ئەحواڵ وردبینەوە ، ئەبێ سیاسەتی دووڕوویی ئومەرای بەبە لۆمە نەکەین، چونکە زەمانەیان دووڕووبووو لەبەر ئەوە ئەوانیش گیرۆدەی زەمانەبوون. ئەگەر بە نەوعێکی تر حەرەکەتیان بکردایە ئێشـیان سـەری نـەدەگرت‌و زووبەزوو لەناودەچوون . لەگەڵ ئەمەش‌دا لازمـە ئیعتـیراف بـکەین کە بەعزێکیان زۆر لەحـەد چوونـەدەرەوەو هـیچ مولاحـەزەی مەنـافیعی موشتەرەکەی خۆیان‌و خەلکی ولاتەکەیان نەکردووە [31] » .

وا بزانم تارادەیەکی زۆر ئەم بیروباوەڕەی خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە ڕاستی‌یەوە نزیکە . مولاحەزە نەکردنی مەنافیعی بنەماڵەکەیان‌و تێکچوونیان لەگەڵ یەکتردا ، بۆ نموونە تێکچوونی عەبدوڵڵا پاشای مەحموود پاشاو حەسەن بەگ‌و سلێمان بەگی برای مەحموودپاشا لەگەڵ مەحموود پاشاداو تێکچوونی مەحموود پاشا لەگەڵ پاشا کوڕەی ڕەواندزداو تێکچوونی لەگەڵ کەیخوسرەو بەگی سەرۆکی هۆزی جافدا ، ئەمانە هەموو بوون بە مایەی تێکچوونی ترازووی هێزو دەست‌درێژکردنی عوسمانی‌یەکان کە لەوپەڕی لاوازی‌دا بوون ، یاوەکو ئێرانی‌یەکان کە وەزعیان لەوان باشتر بوو ، بۆ کاروباری ناوخۆی ئەو میرنشینە حاڵ ئەگاتە ڕادەیەك ، بۆ نموونە شازادە محەمەد عەلی میرزا بە لەشکرێکەوە حوکوومەتی بابان لە مەحموود پاشا دەسێنێتەوەو ئەی‌سپێرێتە عەبدوڵڵا پاشای مامی . کەیخوسرەو بەگی جاف لە تەمەنی ٤٤ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کردووە . ساڵی لەدایك‌بوون‌و مردنی بە ڕوونی نازانین . بەڵام ئەوەی ئاشکرایە میستەر ڕیچ لە ساڵی ١٨٢٠دازدا دیویەتی‌و لە کتێبەکەی‌دا باسی کردووە . کەیخوسرەو بەگ نیشانەی گۆڕەکەی لەسەر چەم‌و ئاوێکی نزیك شاری سەیید صادق لە ناوچەی شارەزووردا ئێستایش هەرماوە .

دوای کەیخوسرەو بەگ حەمە پاشای کوڕی لە تەمەنی چواردە ساڵی‌دا بە سەرۆکی عەشیرەتی جاف داندرا . حەمە پاشا لە ساڵی ١٢٣٠کدا (١٧١٤ ــ ١٧١٥) لەدایك بووە. حەمە پاشا پیاوێکی ئازاو نەترس‌و ژیر بووە. توانی هۆزی جاف یەك بخاو بیانکاتە خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەو فراوان . سەری بۆ کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران شۆڕنەکردووەو[٣٢] ئەم دوو دەوڵەتە هەمیشە مەترسی‌یان لێ‌کردووەو تێکۆشیون کە بە هۆی میرنشینە کوردەکان ، یا لە ڕێی دژمنانی تری ئەم هۆزەوە لەناوی‌بەرن[٣٣].

بە پێی یادداشتەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف (باوکم) ، ئەحمەد



وێنەی ( حەمە پاشا )

پاشای بابان لەگەڵ حەمە پاشای جافدا نێوانیان خۆش نەبووە • ئەحمەد پاشای بابان ویستویەتی ، ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ ، کە خالی بووە ، بکا بەسەرۆکی هۆزی جاف و بۆئـەم مەبەستە ویستویە ، حەمە پاشا بە فێڵێ بگرێ ، بۆ سلێمانیی بانگ کردووە ، بەڵام نەچووەو چەند بەگزادەیێکی لـە خزمانی نزیکی لە جیاتی خۆی ناردووە • ئەحمەد پاشـای بابانیش ، ئـەم بەگزادانە دەگرێو لە کۆنێ زینداتیان دەکات • حەمە پاشایش بەرانبـەر بەم کردەوەیە ، ئەحمەد بەگی وەلەد بەگی جاف دەگرێو ماڵەکەی تـالان

دەکات‌و لەگەڵ هەموو تیرەو هۆزەکانی جـافەتی‌دا بۆ نـاوچەی ئەردەڵان دەچێ • بەڵام بەهۆی خزمایەتیی ئەحمەد بەگی وەڵەدبەگ‌لەگـەڵ والیـی ئەردەڵان‌دا ، کە ژن‌وژنخوازی‌یان لە نێوان‌دا هەبووە ؛ ئیتر لەوناو چەیەدا ناتوانێ بژی‌و ناچار بۆ خاکی عوسمانی دەگەڕێتەوەو لە دەوروبەری خانەقی‌و قزڕەبات‌دا دادەمەزرێت‌و خۆشی دەچێتە لای والی بەغـدا ، حوکومـەتی بەغدایش زۆری ڕێزلێ‌دەنێ‌و لەگەڵ عەشایەری جاف‌دا ، لە دەوری قزڕەبـات جێگیریان دەکات‌و زۆریان یارمەتی دەدات سەرەنجام ئەحمەد پاشای بابان وا بە مەسلەحەت دەزانێ ، کە لەگەڵ حەمە پاشادا ئاشت‌ببێتەوەو ئیتر بەم جۆرە لەپاش سێ ساڵ ، هەردووکیان ئاشت‌دەبنەوەو حەمە پاشا دەگەڕێتـەوە ناوچەی شارەزوور[٣٤] • واتە ، تا پایانی میرنشینی بابان کە ڕێکەوتی ساڵی ١٢٦٧ك (١٨٥١)ە ، لەو ناوچەیەدا دەمێنێتەوە • کاتێ کە لەشکری نەجیـب پاشا ، والیی بەغدا دێتە سەر ئەحمەد پاشای بابان ، بە پێی نووسینی ئەمین زەکی بەگ ، حەمە بەگی جاف بەدەنگیەوە ناچێـت[٣٥] ، بـەڵام بە پێـی یادداشت‌و بەڵگەو دەساوێژێکەوە کە بە دەست بنەمـاڵەی جـافەوە تـا ئێستا ماون ، حەمەبەگی جاف هەرچەند لە دڵەوە ، لە ئەحمەد پاشای بابان زویر بووە ، بەڵام کاتێ ئەحمەد پاشا لێی دەقەومێ‌و لەشکری نەجیب پاشای دێتە سەرو تەنگی پێ‌هەڵ‌دەچنێ ، ناچار دێتە نـاو عەشایەری جاف‌و[٣٦] حەمـە بەگی جاف بە دەنگیەوە دەچێ‌و لەشکرێکی بۆ پێکەوە دەنێ، بەڵام وا دیارە لەشکری ئەحمەد پاشای بابان،نەی‌توانیوە بەرانبەر هـێزی ڕێکوپێـکی لەشکری نەجیب پاشا خۆی ڕاگرێ • وەك لەپێشەوە وتمان، میرنشینی بابان لە ساڵی ١٢٦٧ك‌دا (١٨٥١) لەناودەچێ • پاش ئەحمەد پاشای بابـان مـاوەیێ عەبدوڵڵا پاشای برای ، بە ناوی قایمقام لە سلێمانی فەرمانڕەوایی کردووە • ئەم عەبدوڵڵا پاشایە لەگەڵ حەمە پاشای جاف‌دا نێوانیان تەباو خۆش‌بووە • پاشان ، لیوا ئیسـماعیل پاشای تورك لە لایەن حوکوومەتی ئەستەموولـەوە کراوە بە فەرمانڕەوای سلێمانی •

ئەوەی شایانی باسە ، دەوڵەتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمو دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵیداوە ، بە دەستێکی پۆڵایین بە سەر کوردەکان ڕابگاو میرنشینە کوردەکان بۆ یەکجارەکی لەناو بەرێ • بەڵام ئەوی ڕاستە، کوردەکان هەروا بە ئاسانی ملیان بۆ کاربەدەستانی عوسمانی شۆڕنەدەکردە ئەگەر بە وردی لەو هۆیانە بکۆڵینەوە دەبینین دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستاندا هەروا بەناوە مابۆوە ، سەرۆکهۆزو میرە بەدەسەڵاتەکانیان هەرکاو ناکاوێ لە بابی عالی یاخی دەبوونو حوکومەتی عوسمانی هەر بەوە ڕادەگەیشت ، لەشکر بکاتە سەر کوردستانو میرە کوردەکان سەرکوت بکا • بەڵام کوردەکان بەهۆی هاندرانەوە لە لایەن ئێرانو محەمەد عەلی پاشای میسرەوە هەمیشە لە گوێبەفەرمانیی عوسمانیەکان سەرپێچییان دەکردو جارێ شۆڕشیان دەداەخەبەری شکستی عوسمانیەکان لە ساڵی ١٨٣٩دا لە لایەن محەمەد عەلی پاشاوە بە کوردەکان گەیشت ، دووبارە شۆڕشیان بەرپاکرد[٣٧] ، بە نموونە هۆزی جاف لەم قۆناغەدا زۆر بەهێز بووبوون ، حەمە پاشای جاف ، سەرۆکی هۆزی جاف ویستوویە هۆزەکەی بە سەربەخۆیی بژینو لەم ڕووەوە ، وەکو لەپێشەوە باسمان کرد ، هەوڵیداوە سەر بۆ کاربەدەستانی عوسمانی دانەنەوێنێ •

د. عەبدولعەزیز سلێمان نەووار لەم ڕووەوە ئەڵێ ، عەشایەری جاف گرفتاریو نارەحەتییان بۆ دەوڵەتی عوسمانی پێکئەهێناو[٣٨] دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕاکێشانی حەمە پاشا نازناوی پاشایەتییان پێبەخشیوە ، بەڵام درانی ئەم نازناوو ئیمتیازە بە حەمە پاشا لە بیری سەربەخۆیی ناهێنێتە خوارەوەو لە ساڵی ١٨٢٣دا ، لە ناوچەی شیروانەدا ، لە دەوروبەری کەلاری ئێستا قەڵایێکی گەورە دروستدەکاتو ئەم قەڵایە تا ئێستا ماوەو ڕەمزی سەربەخۆیی دەسەڵاتی ناوبراوە • بیر لە سەربەخۆیی کردنەوەی

حەمە پاشا ئەبێ بە هۆی نارەزایی عوسمانییەکانو لەسەرێنی ڕووداوێك کە بووە بە هۆی هەلسانی حەمە پاشاو جێهێشتنی خاکی عوسمانی ، ڕووداوەکەیش ئەمەیەکە سەردار عومەر پاشای عوسمانی داوا لە حەمە پاشای جافدەکا لە ناوچەی شارەزووردا زەویوزار بکڕێ ، بە مەرجێ جافی کۆچەریی تێدا نیشتەجێ بکاتو ڕەسمێ بخاتە سەریان • حەمە پاشا ئەم فەرمانەی بە دڵ نابێ ، چونکە لای وا دەبێ دامەزرانی جافو بە کشتوکالەوە خەریك بوون مانای بەدیلبوونیانەو بەمە سەربەستیی خۆیو هۆزەکەی لەدەستدەدا • ئیتر بەم بۆنەیەوە حەمە پاشا سەرپێچی لە فەرمانی عومەر پاشا ئەکاتو پێی ڕادەگەیێنێ کە : « ئەوان وەکو بازێك سەربەستنو کوێیان بەدڵبوو لەوێ دەنیشنەوە ، چۆن بە دەستی خۆیان دەستو پێی خۆیان دەخەنە زنجیرەوە ، هەر شوێنێ ئەوانی پیا بڕۆن مولکی جافە ، چ لە ئێران چ لە عوسمانی »[٣٩] •

عومەر پاشا لەم وەلامەی حەمە پاشا زۆر قارس دەبێ ، بڕیاری ئازاردانی عەشرەتی جاف دەدا • حەمە پاشایش لە تەك گشت تیرەکانیدا ڕوودەکاتە ئێران ، بەلام تایەفەی کەریموەیسی کە فیرقەیەکن لە تیرەی شاتری لە تەکیا نارۆن بۆ ئێران • حەمە پاشا ڕوودەکاتە ناوچەی جوانڕۆ لە هاویندا و زمستانیش دەچنە ناوچەی زەهاو کە گەرمیانە • دەولەتی ئێران بۆ نزیکبوونەوە لە هۆزی جافو ڕاکێشانیان بۆ خزمەتی سیاسەتیان ، ڕێزێکی زۆریان لە حەمە پاشا گرتو لە لایەن ناصرالدین شای قاجارەوە نازناوی خانی پێبەخشراو میرنشینی زەهاوی پێدراو هەموو ناوچەی سەرسنووری ئێرانو عوسمانیی پێسپێردراو[٤٠] عوسمانبەگی کوڕی دەکرێ بە حاکمی جوانڕۆ • بۆ نموونە ، ئەم فەرمانەی ناصرالدین شایە کە حەمە پاشای جافی پێکراوە بە حاکمی ناوچەی زەهاو لێرەدا بلاودەکەینەوە •

حکم فرماشد • آنکه عالیجاه ، اخلاص و ارادتآگاه ، مقربالحضرة ،

[illegible]

[illegible]

[illegible]

محمد پاشای حاکم زهاب سرافراز بوده (بدانند) چون خدمات آباو اجداد آن عالیجاه که همواره در ان صفحه نموده‌اند، منظور نظر سرکار والا بوده، و مراتب خدمتگذاری و صداقت آن عالیجاه بدرجهء وضوح و ظهور رسیده، بپاس خدمات اسلاف و لیاقت و کاردانی آن عالیجاه و از (..........) خکومت زهابرا کما فی السابق بعهده آن عالیجاه مفوض و مرحمت فرمودیم که مشغول انمام خدمات محوله بخود بوده و حسن کفایت خودرا بعرصهء ظهور رساینده، با کمال اهتمام در صدد آبادی و نظم آن صفحه و آسایش رعیت و ساکنین آنجا برآمده مالیات دیوانی‌را بخو مقرر عایددارد مقر آنکه عالیجاهان میباشد (که دیوانی)و که‌خدایان‌و ریش‌سفیدان زهاب عالیجاه مشار الیه‌را از قرار این رقم مبارك حاکم خود دانسته از (سخن حسابی) او تجاوز نکرده و قبوض و حوالجات اورا در اخذ و استیفای مالیات دیوانی سندو معتبر شمرده در عهده باشند. شهر سوال المکرم سنة ١٢٩١.

مۆری ناصرالدین شــای قاجار

فەرمــان درا

محەمەد پاشای فەرمانڕەوای پایەبڵندو دڵسۆزو لە ئێمەوە نزیك کە بەم فەرمانە سەرفرازکراوە، بزانن، لەبەر ئەوەی خزمەتی باووباپــیرانی ئــەو پایەبڵندە کە لەو ناوچەیەدا کردوویانە، جێی ڕەزامەندیی ئێمە بووەو پــلەی خزمەتــگوزاریو ســەرڕاســتیی ئــەو گەیشتۆتــە ڕادەی ئاشــکرایی‌و ڕوونبوونەوەو بەرانبەر خزمەتی باووباپیرانی‌و لێهاتوویی‌و کارزانینی ئــەو پایەبڵندە فەرمانڕەوایی زەهاومان وەك جاران بەرەوڕووی کردەوەو بۆ ئەوەی خەریکی ئەو خزمەتە بێ کە پێی سپێرراوەو بۆ ئەوەی لێهاتوویی‌و کارزانیــی خۆی لەم مەیدانەدا بنوێنی‌و بەوپەڕی پەرۆشــەوە هــەوڵی ئاوەدانکردنەو

---

(*) ئەوەی دانراوە لەناو قەوسا لێی دوودڵنیم.

ئەوەی بە سبیەتی لە ناوقەوسا دانراوە بۆم نەخوێندراوەتەوە.

ئاسایشت فەراهەمکردن بۆ خەلکی ناوچەکە بداو مالیاتیو خەرجو باجێکی کە بۆ دەولەت داندراوە جێبەجێ بکاو پێویستە لەسەر کوێخاو ڕیش‌سپیو پیاوماقوولانی ناوچەی زەهاو بە پێی ئەم فەرمانە پیرۆزە ، ناوبراو بە فەرمانڕەوای خۆیان بزانو لە قسەی حیسابیی دەرنەچنو هەر پسوولەو قەبزێکی ئەو بۆ وەرگرتنی باجوخەراجی دیوان بە ڕەسمی بزاندرێ : مانگی شەوالی مکرم ، سالی ١٢٩١ .

حەمە پاشا نزیکەی سێ سال لە ئێران دەمێنێتەوە ، لەم ماوەیەدا هێزی جاف دەسەلاتو توانایی‌یەکی ئێکجار زۆر پەیدادەکەن ، دەستدرێژی دەکەنە سەر ناوچە سنوورەکانی دەولەتی عوسمانی . حەمە پاشا ئەو ناوچەیە دەشێوێنێ . کە کاربەدەستانی دەولەتی عوسمانی بە جارێ تەنگەتاودەبنو هەرچی تێدەکۆشن لەناویبەرن دەستیان نایگاتێ ، ناچار ئەم دەولەتە پەنا دەباتە بەر دیبلۆماسی‌یەتو بە هۆی بالیۆزخانەکەیانەوە لە تاران داوای تەسلیمکردنەوەی حەمە پاشا دەکەن (٤١) ، بەلام ئێران بەدەستیەوە نادات . دەسەلاتی فراوانی حەمە پاشا لە ئێراندا ناڕەزاییی کاربەدەستانی ئێران دێنێتەکایەوە ، بەتایبەت، کە حەمە پاشا لەگەل شازادە معتمد الدولة، فەرهاد میرزادا کە مامی ناصرالدین بوو ، لە سالی ١٢٨٤ ـ ١٢٩١دا والیی سنەبووە ، تێکدەچێ . والی داوا لە حەمە پاشا دەکات عەشایەری جاف لە ئێراندا جێگربکاتو تابیعی‌یەتی ئێران وەربگرنو ڕێگای دەستدرێژیی تیرەکانی جاف نەدا بۆ سەر ناوچە سەرسنوورەکانی ئێرانو ئەگەر بێتو سەرپێچی لەم فەرمانە بکرێت ، ماوەی هاتوچۆی تیرە کۆچەری‌یەکانی کورد نادرێ کە لە خاکی عوسمانی‌یەوە بێنە ناو خاکی ئێران . حەمە پاشا ئەم فەرمانە قوبوولناکاتو شەڕو شۆڕێکی زۆر لەناو عەشایەری جافو هێزی دەولەتی ئێراندا ڕوودەداتو لەشکری جاف لەو شەڕانەدا بە سەختی دەشکێت (٤٢) .

ئیتر بەم جۆرە نێوان حەمە پاشاو فەرهاد میرزا تێك چوو ، فەرهاد

میرزا نامەی هەڕەشە بۆ حەمە پاشا دەنێرێو پێی ڕادەگەیێنێ کە پێویستە بەرەوبەڕی لە دەستدرێژیی ئەو جافانە بکرێت ، ئەگینا بە توندوتیژی ئازاردەدرێن . فەرهاد میرزا تەنگ بە حەمە پاشا هەڵدەچنێ ، حەبیباللەخانی باوەجانی ، سەرۆکی تیرەی باوەجانی ، کە تیرەیەکن لە جافی ئێران بەنددەکات. ئەم حەبیباللەخانە زۆر خۆشەویستو نزیکی حەمە پاشا بووەو هەرچی حەمە پاشا پێی بگوتایە ، دەسبەجێ جێبەجێی دەکرد . فەرهاد میرزا، حەبیباللەخان دەگرێ ، هەرچی حەمە پاشا تکای لێدەکاو قەولی پارەو نەختینەیەکی زۆری دەداتێ ، هەر بەرەڵلای ناکات ، ئەم ڕاستییە لە نامەیێکدا ، کە فەرهاد میرزا بۆ حاجی ئەمیر نیزامی گەڕووسیی ناردووە ، ڕوون دەبێتەوە . لەو نامەیەدا دەڵێت حەمە بەگی جاف هەزار تمەنو قەتارێ پێشکێش‌کرد ، حەبیباللەخان ئازاد بکەم ، بەڵام من شەفاعەتی ئێوبراوم قوبووڵ نەکردو لەسەر نامەی کاك ئەحمەدی شێخ (قدس سره العزیز) بەرەڵلام کرد [٤٣] .

توندوتیژ جوولانەوەی ئێران لەگەڵ عەشایەری جافدا حەمە پاشا دڵکرمێ دەکات . دۆستەکانی لە دەوڵەتی عوسمانیدا ، بە تایبەت تەحسین پاشای والیی بەغدا ، چەند جارێ مەحموود بەگی کوڕی بە شوێنیدا دەنێرن بۆ ئەوەی بۆ خاکی عوسمانی بگەڕێتەوە ، سەرەنجام حەمە پاشا ناوچەی زەهاو بەجێدەهێڵێو دەگەڕێتەوە بۆ خاکی عوسمانیو[٤٤] والیی بەغدا بە مەسڵەحەتی دەزانێ ، ڕێزێکی زۆری لێدەنێ ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ، کە زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لێیئاڕەحەت بوونو زۆریان ڕكدەبۆوەو هاتنەوەیان بە هەل زانیوە ، کە داوێکی بۆ بنێنەوە . بۆ ئەوەی بەدگومانیی حەمە پاشا نەورووژێنن ، پێشان ، دەیکەن بە وەکیلی موتەسەڕیفی سلێمانی.وا دیارە ئەم وەکالەتە لە نێوان موتەسەڕیفیی ئیبراهیم پاشاو ثابیت پاشادا بووبێ ، چونکە ڕێکەوتی سالی ١٢٩٤ك دەکات[٤٥] . پاش ماوەیێ دەیکەن بە قایمقامی هەڵەبجە . ئەوەی شایانی باسە لەو

ماوەیەدا کە حەمە پاشا لە ئێران بوو بە پێی سیاسەتی پاراستنی (هاوسەنگی) هێز ، عوسمانی یەکان بۆ ئەوەی هێزێکیان لە جانەکان بەدەستەوە هەبێ ، دەسەلاتێکی زۆر ئەدەن بە عەزیزی شاوەیس ، سەرۆکی تایفەی کەرەموەیسی کە لەگەڵ حەمە پاشادا بۆ ئێران نەچووبوون دەوڵەتی عوسمانی مولکێکی زۆری بەم تایفەیە بەخشیبوو . پاش دانانی حەمە پاشا بە قایمقامی هەڵەبجە ، کەرەموەیسی یەکان هاندەدن ، دژی حەمە پاشا بجوولێنەوە . تایفەی کەرەموەیسی تایفەیەکی درو ئازابوون ، سەرۆکەکەیان ، عەزیزی شاوەیس پیاوێکی دەسەلاتدارو خاوەنی کەس و عەشیرەت بووە . هاندانی ئەم تیرەیە گەیشتە رادەیێ رێگای پیاوەکانی حەمە پاشایان نەداوە کە کاروباری رەسمیی قایمقامی هەڵەبجە بەرێوەبەرێ . عەزیز شاوەیس ماڵی لە بەشارەتی نزیکی هەڵەبجە بووە . حەمە پاشا دەنێرێ بە شوێنیا ، نارِوا بۆ لای . حەمە پاشا ناچار دەبێ ، دەنێرێ ، لە هەلێکدا دەی گرێ ، دەیخەنە بەندیخانەوە . ماوەیێکی زۆر لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە ، سەرەنجام بە نەخۆشیی سیل یا ( ذات الرئة ) بە مردنی خوایی دەمرێ . کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی ، بەتایبەت دژمنەکانی حەمە پاشاو هەروا هەندێ لە دژمنانی ناوخۆی حەمە پاشا ، پرۆپاگاندەیێکی زۆر بڵاو دەکەنەوە کە حەمە پاشا عەزیزی شاوەیسی لە بەندیخانەدا دەرمانخوارد کردووەو لە چەسپاندنی ئەم تۆمەتەدا سەردەکەون و تیرەی کەرەموەیسی دەچێتە دڵیانەوە کە سەرۆکی تیرەکەیان دەرمانخواردکراوەو ئەمە ئەگرنە دڵ ، بە شوێن هەلێکدا دەگەرێن ، حەمە پاشا لەناوبەرن . ئەوەبوو کاتێ حەمە پاشا لە ساڵی ١٢٩٩ک‌دا ، لە چیمەنی برایم سەمین نزیك شاری کفری خەریکی راوکردن دەبێ ، دەی کوژن و قاتیلەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ جوامێر ، سەرۆکی بەناوبانگی هۆزی هەمەوەند ، کە ئەو سەروبەندە ناوی بە ئازایەتی و دلێری عالەمگیر بووبوو . وا دیارە هەمەوەندەکان لەسەر کوژرانی خولەپەزە ناکۆکی یان لەگەڵ حەمە پاشادا هەبووە(٤٦) . لەبەر ئەم دژمنایەتی و ناکۆکی یە قاتیلەکانی حەمەپاشا دەگرنە

خۆیانو[٤٧] کاربەدەستانی دەولـەتی ئێرانیش بـە هەلیدەزانـن کـە هەمەوەندەکان بەرامبەر بە هێزی جاف ڕاوەستێنن ، ئەوەبوو هەموو ناوچەی زەهاوی پێبەخشیو هەزار تمەنی مانگانە بۆ بڕییەوەو دەسەلاتێکی زۆری وای دایە ، قەلایێك لە قەسری شیرینی بەرامبەر بە قەلاکەی حەمە پاشای جاف لە ناوچەی شیروانەدا دروستبکاتو ئەم قەلایە تا چەند سالێك لەمەوپێش پاشماوەکەی لە قەسری شیریندا هەر مابوو ، بەلام هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد ، کاربەدەستانی دەولەتی عوسمانیو ئێران هەولیاندەداوە سەرۆکێکی هەلکەوتووی کورد لە مەیاندا نەهێلنو ئەگەر پەیدایش بووبن ، ئەوە دژی سەرۆکەکانی تری کورد هانیانداوەو ئیتر بەم جۆرە دەبینین جەوامێری هەمەوەند لە ئەنجامدا لەسەر پیلانگێڕیو دەسیسەی کاربەدەستانی عوسمانیەکانو ئێرانیەکان سەری تێدا چوو . لە حەقیقەتدا هەم حەمە پاشای جافو هەم جوامێری هەمەوەندو سەدان سەرۆکی کوردی تر بە شمشێری یەك سیاسەت کوژراونو دەسیسەی ئەم دوو دەولەتە لە ناوی بردوون . بۆ ئیسپاتکردنی ئەم نووسراوە سەبارەت بە جوامێری هەمەوەند ئەلێت ، بە پێی تەزویرات و ئێوان شێواندنی حوکوومەتی ئێران جوامێر یاغیبووو تامەسافەیێکی دوور ئەو ولاتەی ژێرترسو لەرزەوە نیهایەت ئەم دوو حوکوومەتە ( عوسمانیو ئێران ) بۆ تەسکینی ئینتقانیان کرد لەشکری ئێران لە قوماندارێتیی حسام الملكدا بوو ، لە تەرەفی حوکوومەتی عوسمانییەوە (قورت ئیسماعیل پاشای دیاربەکری بۆ ئەم حەرەکاتانە مەئموور کرا ، حسام الملك بە درۆ وەعدەی صولحیدا بە جوامێر ، جوامێری بانگکردە قەرارگاکەی کە لە نزیك قەسری شیرینەوە بووە ، کە جوامێر هاتە ئەوێ چەند کەسێکی لەپشت خێوەتەکەوەی قایمکردبوو ، لە پشتەوە هوجوومیان کردە سەریو کوشتیان لە سالی ١٨٨٦زدا [٤٨] .

لەڕاستی‌دا ، دوای ئیمزاکردنی موعاهەدەی ئەرزڕۆمی‌دووەم ، لە سالی ١٨٤٧دا لە صەحنەی سیاسەت‌دا ئەبینین ئێرانی یەکان‌و عوسمانی‌یەکان ، بۆ لەناوبردنی هەر حەرەکەت‌و جوولانەوەیێکی کوردەکان هاوکاری‌یەکی تەواوی ئەکەونە تێوانیانەوەو هیچ کامێکیان یارمەتیی سەرۆکە کوردەکانیان نەدەدا دژی یەکتری‌و (٤٩) هەردوو دەولەتەکە هەولیان‌دەدا کۆمەلێك سەرۆك‌عێل‌و ئاغاو بەگلەرو شێخ لە خۆیان کۆبکەنەوەو ئەرزو مەعاشیان بدەنێ بۆ ئەوەی لە فکری شۆڕش‌و یاغی‌بوون‌دا نەمێنن‌و ئەم سیاسەتە ، بەتایبەت لە ولاتی عوسمانی‌دا زیاتر بەرچاو دەکەوت • کاتێ مەدحەت پاشا، لە سالی ١٨٦٩زدا بوو بە والیی بەغدا، لە عیراق سەربەخۆیی ویلایەتەکانی لەناوبردو مەرکەزی‌یەتێکی تەواوی بەرقەرارکردو زەوی‌وزارێکی بە سەر ئاغاو سەرۆك خێل‌و هۆزەکان‌دا دابەش‌کردو کوردستانیش کە ئەوساکە بە ویلایەتی موسلەوە بەسترابوو ، بریتی بوو لە سێ سەنجەق • سەنجەقی مەرکەزی موسل شاملی قەزای دهۆك‌و زاخۆو عیمادی‌یەو سنجارو عەقرەبوو •

سەنجەقی سلێمانیە شاملی قەزای بازیان‌و هەلەبجەو شەهرەزورو کفری بوو •

سەنجەقی سلێمانیە شاملی قەزای بازیان‌و هەلە بجەو شەهرەزورو مەرگە بوو •

بەلام ئەم سیاسەتە بە تەواوی نەی‌توانیوە ڕیشەی شۆڕش‌و یاغی‌بوونی کوردەکان لە بەین‌ببات حوکمی درێژی سولتان عبدالحمیدو زولم‌وزۆری کاربەدەستانی عوسمانی لە ناوچەی کوردستان‌دا ، سەرڕای خراپیی ئیداری‌و سیاسی کە لەناو هەموو ئیمپراتوری‌یەتی عوسمانی‌دا

بڵاوبووبۆوه ، ئەمانە هەمووی بوون بە مایەی لەناوچوونی ئەمن و ئاسایش و ئیستیقرار لە کوردستاندا و ئەم حاڵەتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دووردرێژی سولتان عبدالحمیددا هەر بەردەوام بوو • ئەوەی شایانی سەرنجە ، بارودۆخی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەو قۆناخەدا ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپتر دەچوو و حیزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی زۆر لە مەرکەزی ئیمپراتۆرییەکەدا هاتبوونە کایەوەو هەموو هەڵپەی ڕووخاندنی ڕەژیمی سوڵتانی نەخۆشیاندەدا • ناسراوترینی ئەو حیزبانە حیزبی (اتحادوترقی) بوو، کە زۆربەی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی ناسراوی میللەتە ژێردەستەکانی عوسمانیی تیا بەشداربوون • لەم قۆناغەدا مەحموود پاشای کوڕە گەورەی حەمە پاشای جاف [50] بووەتە سەرۆکی عەشیرەتی جاف • مەحموود پاشای جاف هەر لە سەردەمی لاوێتییدا بەڵگەو نیشانەی هەڵکەوتوویی پێوەدیاربووە • لێهاتووی و زیرەکیی مەحموود پاشا لە لایەن ئەو مێژوونووسانەوەی باسیان کردووە بە ئاشکرا پەنجەی بۆ ڕاکێشراوەو ددانی پێدانراوە [51] •

بە پێی بارودۆخی سەردەم و لە چاوخۆیدا هەموو توانستێکی سەرۆکایەتیی تێدا هەبووەو هەر بە زرنگیی خۆی باری نالەبارو شلۆقیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی لا ڕوون بووە • مەحموود پاشا پاش هەڵسەنگاندنەوەی باوکی عەشیرەتی جافی یەکخست و دەسەڵاتێکی زۆرو هێزێکی چاکی بۆ پێکەوەنا • لەم بارەوە باسیل نیکیتین ، مێژوونووسی ڕووس ، دوای پیاهەڵدانێکی زۆر بە سەرۆکەکانی هۆزی جافدا ئەڵێ : «وا دیارە لەناو عەشیرەتە کوردەکانا تەنها عەشیرەتی جاف ئەتوانێ نەهێڵێ عەشرەتەکەیان لە ناو خۆدا تێکبچێ ، ئەمەش بە هۆی ژیری و توانایی و بیرتیژیی گەورەکانیانەوەیە [52] کە شتێکی وایان کردووە ، عەشرەتەکەیان هەموو بەرەو سەرکەوتن بڕوا • مەحموود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف

دانی بەوەدا ئەنا کە وا لە زەرفی چەند سەعاتێکا ئەتوانێ چوار هەزار سواری چەکدار کۆ بکاتەوە [٥٣] .

میرزا مەحموود خانی احتشام السلطنة [٥٤] کە لە یادداشتە لەچاپدراوەکەی‌دا دێتە سەر باسی مەحموود پاشای جاف ئەلێ : « عێلی جاف عێلێکی کۆچەرەو ئەگەنە ولاتی کوردستانی ئێران‌و تا دوو فەرسەخ لە نزیك سنەوە . ئەم جافانە مالك‌الرقاب‌و موختارن بەسەر ولاتا ، هەرچی بیانەوێ ئەی‌کەن‌و کەس ناتوانێ بەرانبەریان ڕاوەستێ . فەوجی سوارەی زەفەر کە گوایە بۆ پاسەوانی‌کردنی خەلکی ناوچەکەنێراون ، نەبادا جافە کۆچەری‌یەکان دەس‌درێژی‌یان بکەنە سەر ، جافەکان سەربازەکانی ئەم فەوجەیان بۆ کۆکردنەوەی ئالیك بۆ ولاخەکانیان‌و لەوەڕ بۆ ئاژەلەکانیان‌و خواردەمەنی زمستانەی خۆیان بەکاردێنن ، وەك بلێی فەوجی ناوبراو بۆ خزمەتکاریی ئەو جافانە نێرابن . بێ‌گومان فەوجی زەفەر کە لە ٣٠٠ نەفەری لێ‌کەوتەو بێ‌هێز پێکهاتبێ هەرگیز ناتوانێ بەرابەر بە هێزی توانای جافەکان ڕابوەستێ کە بریتی‌یە لە پێنج هەزار خێزانی چەك‌بەدەست لەژێر فەرماندەی مەحموود پاشادا کە نە مل بۆ عوسمانی‌یەکان کەچ‌دەکاو نە بۆ قاجاری‌یەکان . هەر لەم بارەوە [٥٥] خوالێخۆشبوو پیرە مێرد ئەلێ ، جاف کە مەحمود پاشا رەئیسیان بوو ، تا پشتی سنە ، کە هاوینان عێل دەچووە کوێستانی تەگەرمەو بەرانان خاکی ئێران لەبەردەمیان ئەلەرزی‌و والیی کرماشان کە پرێنس بوو داری سووتەمەنیی بۆ ئەناردە شیروانەو کانی چەقەڵ [٥٦].لەو سەردەمەدا دەوڵەتی عوسمانی‌و دەوڵەتی قاجاری ، بۆ ئەوەی ناوچەی جاف ، کە ناوچەیەکی گرنگ‌و ستراتیژی بووە ، بگرنە دەست خۆیان ، هەر کام لەم دوو دەوڵەتە هەولی ئەوەی داوە ، دلی سەرۆکەکانی جاف بۆ لای خۆی ڕابکێشێ‌و [٥٧] لەم بارەوە حوکومەتی قاجار نازناوی خان‌و فەرمانی ئەو نازناوەو گەلێ



وێنەی ( مەحموود پاشای جاف )

دیاریی‌تری بۆ مەحموود پاشا ناردووە ۰ ئەمەیش فۆتۆکۆپیی ئەو فەرمانەی مظفرالدین شـای ئێرانـە کـە بۆ مەحموود پاشـای ناردووەو بە دەقی فارسی‌یەکەی :



«چون مراتب حسن نیت‌و صدق ارادت سعادتماب محمود پاشای جاف بعرض پیشگان مرحمت دستگاه اقدس همایون شاهنشاهی رسیده‌و خاطر مهر مظاهر شاهانه از محاسن خلوص عقیدت او قرین کمال خوشنودی‌است • لهذا محض ارائه‌یی رضایت خودمان خاطر مشارالیه‌را به اعطای یك قبضه‌ء شمشیر مرصع از درجه‌ء دوم قرین اعتزازو افتخار فرمودیم که زیب وعلاقه‌ء کمر اعتبار خود ساخته بین الامثال‌و الأقران مباهی‌و سربلند بوده‌و عهد ه سال ۲۲ شعبان ۱۳۲۰ مظفرالدین شاه•• فه‌رمانه که به کوردی:

له سه‌ره‌وه مۆری شاه مظفرالدین.•

چونکه نیه‌ت‌پاکی‌و ڕاستی سه‌عاده‌ت مه‌ئاب مه‌حموود پاشای جاف به هه‌موو جۆر گه‌یشتووه به ئاستانه‌ی باره‌گای پیرۆزی شاهه‌نشاهی وه‌خاتری شاهانه‌و ئیخلاس منیه‌تی ئه‌و خۆشنوود بووه ، له‌به‌ر ئه‌مه بۆ ئه‌وه‌ی ڕه‌زامه‌ندی خۆمان به‌رامبه‌ر به ناوبراو پیشان بده‌ن فه‌رمانمان‌دا ، که یه‌ك شیری موره سه له پله‌ی دووه‌م بکرێ به فه‌ڕو به‌مه ئه‌ومان به‌رزکرده‌وه بۆ ئه‌وه که به هۆی ئه‌م خه‌ڵاتی شاهانه‌وه ، ئه‌و که‌مه‌ری خۆی پێ بڕازێنێته‌وه‌و له ناو هاوسه‌رانیا سه‌ربه‌رزو پایه‌بڵند ، شایانی ئه‌وه‌بێ که له ئاشنایانی ئێمه‌یه ۲۲۰ شه‌عبانی سالی ۱۳۲۱ » •

به‌ڵام ئه‌وی ڕاستی بێ مه‌حموود پاشا که مرۆڤێکی زیره‌ك‌و هۆشیار بووه له حه‌قیقه‌تی سیاسه‌تی ناله‌باری هه‌ردوو ده‌وڵه‌ته‌که گه‌یشتبوو ئه‌م جۆره فه‌رمان‌و خه‌ڵاتانه له ته‌وه‌ره‌ی ده‌رنه‌کردووه‌و نه‌ی خه‌ڵه‌تاندووه • هه‌میشه هه‌وڵی ئه‌دا ناوچه‌ی جاف له ژێر ده‌ستی که‌س‌دا نه‌بێت‌و جۆره سه‌ربه‌خۆیی‌یێکی له به‌ڕێوه‌بردنی کاروباری خۆیا بۆ پێك‌بهێنێت• له‌ڕاستی‌دا

نەك هەر سەربەخۆیی ناوچەی جاف بەڵکو ئامانجی ئەوەبوو کە سەربەخۆیی بۆ هەموو کوردستانی عیراق بێتەدی • لەم ڕووەوە خوالێخۆشبوو محمد ئەمین زەکی بەگ ئەڵێ ، مەحموود پاشا لەم دوایی‌یەدا موتەهەم کرا بوو بە هەندێ مەسەلەی نەتەوەیی‌و حوکوومەتی عوسمانی لە ڕووی ئەم نەتەوەگەری‌و سیاسەتی نەتەوەگەری‌یەوە دڵی لی‌کرمێ بووبوو (٥٨) •

بۆ ئەوەی ڕوون‌بێتەوە کە مەحموود پاشا دژی سیاسەتی عوسمانی جووڵاوەتەوە ، نووسراوەکەی د• کەمال مەزهەر بە شاهید دێنینەوە کە عەشایەرە کوردەکان بەو ئامانجە هاتە کایەوە کە ببێتە هۆیەك بۆ دەست‌بەسەراگرتنی هەموو عەشایەرە کوردەکان‌و بەکارهێنانی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی‌و تێوانی ، بە هۆی ئەم هێزەوە بەرەنگاری بزووتنەوەی نەتەوەیی میللەتەکانی ژێردەست بکا ، بە تایبەت بزووتنەوەی کوردەکان خۆیان (٥٩) هەروا ئەم هێزە بەکاربێنێ بە مەبەستی بەرپاکردنی هەراو ئاژاوە لە سنووری ڕووسیادا • شایانی وتنە ، زۆربەی عەشایەرە گەورەکانی کوردستان پشتیوانیی دروست‌بوونی ئەم تەشکیلاتی حەمیدی‌یەیە نەبوون ، وەکو عەشیرەتی پژدەرو هەمەوەندو جاف‌و عەشایەری ناوچەی بدلیس • هەر لەم بابەتەوە لازاریف ، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ئەڵێ ، سوڵتان عبدالحمید چاوی لەوە بوو کە لەسەر حیسابی دراوسێکەی لای ڕاستیەوە هەیبەت‌و زەبرو زەنگی دەوڵەتەکەی بیووژێنێتەوەو بیچەسپێنێ‌و سوپاکەی بەهێزبکات‌و چاو لە دۆخەدارزادەکەی وڵات کە هەتا دەهات زیاتر بەرەو شلەقین‌و شلۆقی دەڕۆیشت ، بپۆشێت ، ئەو دۆخە شلۆقەی کە لەو ڕۆژەوە دەستی پێ‌کرد کە هاتە سەرحوکم‌و بە درێژایی ساڵانی فەرمانڕەوایی‌یەکەی بەردەوام بۆ ئەوە وای دەکرد پیلانی دەست‌درێژکردنە سەر ئێران گەرم بێت‌و جۆش بسێنێت ، ئەوە بوو لە ناوچەی سەرسنووردا تەنیا کورد هەبوو ، ئەو سنوورەش تا ئەو ڕۆژە دەست‌نیشان نەکرا بوو ، هەر پاش سوارەی

حەمیدی‌یە بە ساڵێك هەروا بشێوی لەسەر سنووری ئێران‌و تورکیا دەستی پێ کرد ، خێڵی جاف لە عیراق‌دا ئەو ئاشووبەی هەڵگیرساندو مەحموود پاشای سەرۆکی ئەم خێڵە هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی‌دا لە دەووبەرەکی‌دا بووو دانووی لەگەڵیان‌دا نەدەکوڵا (٦٠) .

ئەوەی ڕاستی‌یە ، مەحموود پاشا دژی دروست‌کردنی سوارەی حەمیدی‌یە بووەو بیروباوەڕی خۆیشی لەم بارەوە بە ئاشکرا دەربڕیوەو حوکوومەتی عوسمانیش لەم بارەوە لە سیاسەتی مەحموود پاشا ڕازی نەبووە .

پاش کوژرانی حەمە پاشا ، مەحموود پاشا لە لایەن عوسمانی‌یەوە بوو بە قایمقامی هەڵەبجەو سەرۆکی عەشیرەتی جاف ، بەڵام پاشان ، چون بیروباوەڕو جووڵانەوەی مەحموود پاشایان بە دڵ نەبوو ، کەوتنە خەیاڵی ئەوەوە کە لە دەسەڵاتی کەم‌کەنەوەو لەناو عەشرەتەکەیا لاوازی بکەن . بۆ ئەم مەبەستە ناکۆکی‌یەکی زۆریان خستە نێوان ئەوو براکانیەوەو بە تایبەتی عوسمان پاشا ، کە دوو ساڵ لەو بچووکتر بوو ، بەڵام عوسمان پاشا لەبەر ئەوەی پیاوێکی هەڵکەوتووی بە دەست‌و دەهندبووو لە هیچ ڕوویەکەوە خۆی لە مەحموود پاشا بە کەمتر نەزانیوەو ژنێکی هەڵکەوتووی وریایشی، کە عادیلە خانم بوو ، هەبووەو (٦١) ئەم ژنە هەموو جۆرە یارمەتی‌یەکی داوەو لە پێشکەوتنی‌دا دریغی نەکردووەو هەمیشە هەر خەریکی پێشخستنی بووە، مەحموود پاشا ، لەبەر دانایی‌و لێوەشاوەیی عوسمان پاشا ، خۆی بەم هەموو توانایەوەی نەی‌توانیوە بەسەر عوسمان پاشادا زاڵ بێت .

وەکو پێشتر وتمان ، حوکوومەتی عوسمانی لە دەسەڵاتی مەحموود پاشا لە باکووری کوردستانا نارەحەت‌و نیگەران بووە ، بە تایبەت دژمنانی دەسەڵاتی مەحموود پاشا هەمیشە ڕاپۆرتیان دژی ناوبراو گەیاندۆتە حوکوومەتی عوسمانی‌و کاربەدەستانی ئەو حوکوومەتە بە دوای هەلێکا

گەڕاون ، بتوانن مەحموود پاشا لە قایمقامیی هەڵەبجەو سەرۆکایەتیی عێلی جاف بخەنو لە ناوچەکە دووری بخەنەوە • بۆ جێبەجێکردنی ئەم نیـازە ، فەریــق نامیق پاشا لە لایەن حوکوومەتی عوسمانی‌یەوە ڕائـە ســپێرریٚو ئەنێرریٚ بۆ کوردستان ، گوایە لەوە بکۆڵێتەوە ، کە ئاخــۆ ئەو هەمــوو ڕاپۆرتەی لە دژی مەحموود پاشا ئەگەنە ئەستەموولٚ ڕاســتن یـا درۆن ؟ فەریق نامیق پاشایش دیٚ ، دەگاتە هەڵەبجەو ئەبێتە مێوانی مەحموود پاشا •

مەحموود پاشا زوو ئەزانێ نامیق‌پاشا بە چ نیازیٚ هاتووە• لەوە گەیشتووە کەوا ئەم سەفەرەی بێ مەلامەت نی‌یە • لەبەرئەوە وەکوو پیاوێکی خاوەن عیزەتی نەفس هیچ جۆرە بایەخێك بە نامیق پاشا نادەو وەك هەر مێوانێکی‌تر لە دیوەخان دای ئەنێو چێشتو نانی بۆ ئەنێریٚ • ڕۆژیٚ لە کاتی قسەکردنا بە نامیق پاشا دەڵێ :سولتان حەمید ناوچەی دەڵێنو مووانو مالوانو بـاقی جۆگەکانی شارەزووری کڕیوەو بە ناوی خۆیەوە تاپۆی کردووە • ئـەم مولکانەی شارەزوور ژێر پێی عەشرەتی جافن کە عەشرەتێکی زۆر گەورەو خاوەن مەڕو مالاتن ، دیارە زیان بە کشتوکاڵی ئەم دێهاتانە ئەگەیەننو ئەمەش ئەبێتە هۆی پەیداکردنی نارەحەتی بۆ حوکوومەتی عوسمانی ، من وای بەباش ئەزانم ، سولتان ئەم ناوچانە بداتە عەشایەری جاف • بۆ سولتان پەســەند نی‌یە مولك بسێنێو خاوەن مولکایەتی بکا • ئێمە لە جیاتی ئەوە قەرەبات کە لە ناوچەی جافەوە دووره ئەی‌دەینێو ئیتر هیچ ناخۆشی‌یەك پێك‌نایەت• نامیــق پاشا لە نازدانو شێوەی قسەکردنی مەحموود پاشا دڵگیر ئەبێ • لە ڕاستیش‌دا ئەم پاشایە هەر بۆ ئەوە هاتبوو ، بۆ ئـەوەی پیـلانێ بـۆ مەحموود پاشا بنێتەوە • دوای چەند ڕۆژیٚ هەڵەبجە بەجێ دەهێڵێو ئەڕوا بۆ ناو جاف • ئەو کاتە عوســمان پاشــا لەنــاو عــەشرەتی جـافدا ئەبـێ ، میوانداری‌یەکی پڕ شکۆی لێ دەکاو یەکجار ڕێزی لێ‌دەنــێو کاتێــکیش دەگەڕێتەوە ، هەزار لیرەی ئاڵتوونی ئەداتێ • نامیق پاشا ئەگەڕێتەوە بـۆ

ئەستەموڵ ، ڕاپۆرتێکی یەکجار توندوتیژ لە دژی مەحموود پاشا بۆ سوڵتان عبدالحمید ئەنێرێ‌و هەرچی خراپە دەربارەی مەحموود پاشا بۆی تێ‌دەچێنێ ، سەربار ئەشلێ ، مەحموود پاشا بە ئەندازەیێ لە خۆی بایی‌بووە کە خۆی بە هاوپایەی سوڵتان ئەزانێ‌و نیازی دەربارەی سوڵتان خراپەو لەگەڵ دژمنانی ئەمن‌و ئاسایشی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی‌دا هاوبەش‌و دەستی‌تێکەڵەو دیوەخانەکەی بووە بە جایگای ئەو کوردانەی کە دژی ڕێبازی خیلافەتن • پاش ئەم ڕاپۆرتە لە سالی ١٣٠٦ (١٨٨٨ ــ ١٨٨٩) فەرمان لە سوڵتان عبدالحمیدەوە دەردەچێ کە عوسمان پاشا بێ بە قایمقامی هەڵەبجەو ئەو سەرۆکایەتیی عەشیرەتی جاف بکا • بەمە مەحموود پاشای جاف دەکرێ بە موتەسەڕیفی ئورفە[٦٢] • مەحموود پاشا لەگەڵ بە موتەسەڕیفی کرانیا نازناوی (بێگلەربێگی)یشی[٦٣] دەدرێتێ کە ئەم نازناوە بە ڕەئیس ئەیالەتەکان بەخشراوەو[٦٤] لە دەولەتی عوسمانی‌دا ، لە عیراق ، تەنها بە چوارکەس بەخشراوە : ئەحمەد پاشای بابان ، عبدالقادر پاشای دیاربەکری، مەحموود پاشای جاف، ئیبراهیم پاشای بەڕێوبەری زەوی‌وزاری سەنیە • کاربەدەستانی عوسمانی ئەیانزانی مەحموود پاشا ئەم وەزیفەیە وەرناگرێ‌و سەرپێچیی لێ‌ئەکا • تا چوار پێنج مانگێك هەر نامەیێکی ڕەسمیی بۆ ئەهات بە ناوی موتەسەڕیفی ئورفەوە بۆی ئەهات • مەحموود پاشا بە باشی دەی‌زانی عوسمانی ئەیەوێ لە هێزو دەسەڵاتی بخەن‌و لە عەشیرەت‌و کەسوکاری خۆی بکەن • مەحموود پاشا لە ئەنجام‌دا سەیرئەکا ئەم وەزعە دەس‌نادا بۆی‌و ئەبێ چارێکی مەسەلەکە بکات ، ناچار ئەبێ بڕوا بۆ ئەستەموڵ ، بۆ هەوڵدان بۆ گۆڕینی بە موتەسەڕیف‌کرانی • کە ئەگاتە ئەستەموڵ ، سوڵتان فەرمان ئەدا لە ئەستەموڵ دەرنەچێ • خانوویەکی بۆ تەرخان ئەکرێ‌و فەرمانی دەس‌بەسەریی بۆ دەردەچێ‌و لە ژێر چاوێری‌و هاوچاوی‌دا دەمێنێتەوە • ئەوەی شایانی باسە هۆزی جاف لە دەوری سەرۆکایەتیی مەحموود پاشادا

لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری‌دا ، لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٨٨٠ (١٢٩٨)ھ دا ، هاوپەیمانیان بووە (*) .

پاش دامرکانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا ، ساڵی ١٨٨٢ (١٣٠٠)ھ مەحموود پاشا هەمیشە لە پارێزدا بووە ئەو پەیمانە بەجێ‌بهێنێ‌و لەگەڵ چەند سەردارێکی تری کورددا لەو خولیایەدا بوون ڕۆژێ دژی عوسمانی‌یەکان ڕاپەڕن . گرتنی مەحموود پاشا لە لایەن سولتان عبدالحمیدەوە لە ساڵەکانی ١٨٩٠ ـ ١٨٩٢ یەکجار تووڕەی دەکاو بڕیاردەدات هەرچۆنێ بێ خۆی بگەیەنێتەوە ناو هۆزی جاف‌و شۆڕشێ لە کوردستانی باکووری‌دا بەرپا بکات . بێ‌گومان ، ڕۆشنبیرانی تورک‌و گەلانی ژێر دەستی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٨٢ ـ ١٩٠٨دا (١٣٠٠)ھ ـ (١٣٢٦)ھ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سولتان عبدالحمید . ڕۆشنبیرانی کوردیش بە سەرۆکایەتیی شێخ عبدالقادری نەهری کە لە ئەستەمووڵ بوون لە ناو خۆیان‌دا پێوەندی‌یەکان هەبووەو لەگەڵ ڕێکخراوە نهێنی‌یەکان‌دا ، بە تایبەت ئەو کۆمەڵەیەی کە لە ساڵی ١٨٩٤ (١٣١٢)ھ دا بە ناوی (اتحادو ترقی)ەوە ناسرا هاوپێوەندبوون وا دیارە مەحموود پاشا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نهێنی‌یانەدا پێوەندیی هەبووەو ئەو کۆمەڵانە هانیان داوە لە دژی سولتان عبدالحمید شۆڕشێ بەرپابکات. بەم خولیایەوە ساڵی ١٨٨٢ (١٣٠٠)ھ بڕیاری دا لە ئەستەمووڵ هەڵبێت ، هەڵئەسێ ، نامەیەکی یەکجار ناشیرین بۆ سولتان عەبدلحەمید ئەنووسێ ئەڵێ : « تۆ ستەمکارو خوێنڕێژی‌و لە خوا ناترسی‌و هیچ سەرم سوڕنامێنێ کە ئەم ستەم‌و ڕەفتارە ناشیرینانەت هەبێ ، چونکە زۆڵ‌و حەرامزادەیت‌و کوڕی عەبدولمەجید نیت ، هەروەها بۆیشی ئەنووسێت : تۆ سولتانی جائیری‌و سولتانی جائیریش بە گوێرەی شەرعی ئیسلام ( واجب الاطاعە ) نی‌یە . تۆ پیاوێکی پیری کەچی ٣٠٠ ژنی پێ‌زاراوت هەن ، ئەمەیش نە لەگەڵ شەرعی

---

(*) ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠دا ، نووسیی د. جەلیلی جەلیل. وەرگێڕی لە ڕووسی‌یەوە د. کاوس قەفتان ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل١٢٥ .

ئیسلام نە لەگەڵ ڕەوشتی مرۆڤایەتی‌دا یەك‌دەگرن»• لەو سەردەمەدا هەر کەسێ نامەی بۆ سوڵتان نووسیبا بە جۆرە نووسینێکی تایبەتیی دەنووسی، بەو جۆرە ، نووسینێکی تایبەتیی سەر زەرفەکەی بۆ نووسیوە ، ئیتر کاربەدەستانی دەربار تەماشای نامەکەیان نەکردووەو گەیاندوویانەتە دەستی سوڵتان خۆی‌و سوڵتان بە دەستی خۆی هەڵی‌پچڕیوەو خوێندوویەتیەوە • مەحموود پاشا ، پاش ئەوەی نامەکە ئەخاتە پۆستەخانەوە ، ئیتر خۆی دەس‌بەجێ سواری پاپۆڕ دەبێ‌و[٦٦] لە ڕێگای دەریای ڕەشەوە ئەڕوا تا ئەگاتە قەفقازو لەو سەفەرەی‌دا پیاوێکی لەگەڵ‌دا دەبێ بە ناوی مەلا حەمدیی سنەیی • پاشان قەفقاز بەجێ‌دەهێڵێ‌و ئەڕوا بۆ باکۆ • لە مانگی سەفەری ١٣٠٩ی‌ك (تشرینی یەکەمی ١٨٩٢)دا ئەگاتە باکۆو لەوێ وێنەیەکی خۆی



بە بەرگی پیاوێکی هەژارەوە ، کە لـەم نووسراوەدا بـڵاوی دەکەینـەوە بۆ کەسوکارانی دەنێرێ •

هەروەکوو خوالیخۆشبوو کەریم بەگی باوگم بـاسی کردووە ، لـە باکۆوە ، نامەیەکی نووسـیوە بۆ قەیسـەری ڕووسـیاو داوای یارمـەتیی لێ‌کردووە ، بۆ ئەوەی شۆڕشێك بە یارمەتیی ڕووسەکان لە نـاو کوردەکانی عیراق‌دا لە دژی حوکوومەتی عوسمانی پێـك بێنێ‌و دلنیای کردووە کە توانای بەئەنجام‌گەیاندنی ئەم کارەی هەیە (٦٧) ، بەڵام وادیارە ڕووسەکان لەبەر شلۆقیی وەزعیان حیسابێکیـان بۆ نەکردووەو پێوەندی‌یان لەگەڵ نەبەستووە • مەحموود پاشا کە دەست لە یارمەتیی ڕووسەکان ئەشۆرێ ، لەگەڵ پیاوەکەیا بـاکۆ بەجـێ ئەهێڵێ‌و ڕوو ئەکاتە ئێران‌و سواری پاپۆڕ دەبێ ، ئەگاتە (بەندەر ئەنزەلی) کە بەندەرێکە لەسەر دەریاچەی خەزەر کە تا پێش دەورەی خومەینی بەندەر پەهلەوی‌یان پێ‌دەگوت (٦٨) • عەشرەتی جاف کە خەبەری هەڵاتنی مەحموود پاشایان پێ‌ئەگا فەتاح بەگی (٦٩) برای ئەچێ بە پیریەوە ، لە نیوەی ڕێ‌دا بە یەك ئەگەن ، وا دیارە لە نزیکی قەزوێن بە یەك گەیشتوون‌و پێکەوە دێنەوە بۆ ناوچـەی جـاف(٧٠) ، تا ئەگەنـە (گەلگە) کە هـەواری بەگزادەی جـاف بووە لـە نزیـکی پێنجویـن • جافەکان‌و بەگزادەکان لە مەحموود پاشا کۆدەبنەوەو بەڵێـنی دەدەنێ کـە هەرچی بکات لە دژی سوڵتان عەبدولحەمیـد لە گەڵی بـن‌و لێی جـوێ نەبنەوە ، سوڵتان عەبدولحەمید بڕیاری لەناوبردنی مەحموود پاشا ئـەداو فەرمان دەرئەکا کە نازناوی پاشایەتی‌و تەنانەت نازناویشی لێ‌بسێنننـەوەو لە هەموو نامەو فەرمانێکدا ناوی دێ بە (فیراری)یا (یاخی مەحموود) •ناوبراو بە والیی مووسڵ‌و والیی بەغدا ئەسـپێرێ کە بە مردوویـی یا زینـدوویی مەحموود پاشا دەسگیر بکەن‌و ڕەوانەی ئەستەمووڵی بکەن • مەحـموود پاشا وەکو باسمان کرد ، لە بشێویی وەزعی سوڵتان عبدالحمیدو جموجوولی حیزبە موخالیفەکانی ئاگادار بووەو هەر لەو بیرەدا بووە کە کارێـك بـکا

یەکێتیی ڕیزی هۆزەکانی کورد پێك بهێنێ، تا بتوانن کەڵك لەو هەلە ڕەخساوە وەربگرن‌و جۆرە خودموختاری‌یەك بۆ کوردستان وەربگرن .

پیرەمێرد لەم ڕووەوە ئەڵێ : « هەر سەبارەت بە کورد‌و ئەو کۆنگرانەی بۆ دەستخستنی مەوجوودی‌یەتێك بۆی بەستراوە ، کۆبوونەوە گەورەکەی کەنار زەڵم هەوڵی مەردانەی مەحموود پاشام دێتەوە بیر ، سالی ١٨٨٧ی میلادی ، تا ئەیلوولی ١٨٨٩ ، لە هەڵەبجە لەسەر ئەراضیی سەنی‌بە بووم ، زۆرتر محەبەتی مەحموود پاشام بوو ، ئەگەرچی وەسمان پاشا قائمقام بوو ، مەحموود پاشایان کردبوو ، بە موتەسەڕڕیفی ئورفە . نیازی نەبوو بچێ ، تا شەوێکی ٢٥ی ڕەمەزانی ١٣٠٦ـك ، لە کەناری زەڵم مەحموود پاشام ئیقناع کرد ، بچێ بۆ ئەستەموول ئەوشەوە ، سوار بوو ، ڕۆیی . چەند ساڵ دوای ئەمە گەڕایەوە ، بە بەری باکۆدا هاتەوەو دنیای تەجرەبەکرد . لە ١٥ی شەوالی ١٣٠٨و ١ی مایسی ١٣٠٩ چۆوە ، ئەمجا بە عەفوو ئیعادەی ڕوتبەو نیشانەوە ، لە دەوری جمادی الاول ١٣١٢دا هاتەوە .

مەحموود پاشا کە لە ئەستەموول بوو ، شارەزای بشێویی ئەستەموول‌و وڵاتی عوسمانی بوو ، کە ساڵی شەش مانگ مانگانەی کاربەدەستانی دەوڵەت نەئەدراو ئەی‌زانی هێزێکیان بۆ هیچ شوێنێ پێ‌نانێررێ . جا بەو خولیاوە سالێکیان هەرچی پیاوی ناوداری ئەم خاکە هەن هەموویان لە سەرچاوەی زەڵم کۆئەکاتەوە لە سلێمانی‌یەوە، نەقیب‌و شێخ محەمەدی مفتی‌و ئەحمەدی باشچاوەش‌و سەیید ئەحمەدی بابارەسووڵ‌و عەوڕەحمان ئاغای عەبدوڵڵا ئاغاو لەبەری زەهاوەوە ، فەقێ سەعیدو داوود خانی کەلهوڕو هەموو سەرۆك عەشیرەتەکان‌و سمایل بەگی داودەو مەجید پاشا ، کە یەکە دۆستی شێخ ڕەزای مەشهوور بووو شێخ محەمەد ڕەئووف‌و شێخ عەلی... خۆلاسە ئەو زەڵمە پڕ بوو ، چەند گفتوگۆو تەرتیباتێ کرا ، منیش لە خزمەت نەقیب‌دا بووم ، بە قەدەر ڕەئیی عموومی هیوایان بە قەڵەمی من بوو ، منیش قەڵەندەرانە بەو هەموو

ماڵە بەگزادەدا ئەسووڕامەوە ، ڕۆژێ پاشا لە ماڵی کەیخوسرەو بەگی کوڕی خۆیو نەقیب بانگیان کردم ، وتیان : خوا ڕێکیخست ، قەڵەمی خۆت تیژکە ، دەستووری ئیدارەو بەیاننامەت بنووسە ، منیش شێتانە هاتمە زوبان وتم : پاشا بە خۆڕایی خۆم ماندوو ناکەم . پاشا ئەمەندە تووڕە بوو ، سێ جار هەڵساو خۆی دایەوە بەسەر دۆشەکەکەیدا ، وتی : بەڕاس ئەوە چی ئێژی منیش بە جەسارەتێکەوە وتم : پاشا ئەگەر تووڕە نابی دەنگ ناکەمو ئەگەر عاجز نابی دەیڵێم . فەرمووی : بێژە ! وتم : پاشا وا نەبووە ، بەڵام تۆ وەزعیەتی خۆمان وە کەللەڕەقیو خۆبڵندزانینی ئەهلی ئەم خاکە لێکبدەرەوە . لە مەحاڵێ بووم ، لە شاربازێڕ ، دێیەک هەیە بە ناوی کەنارۆوە ، سلێمانی ڕەسووڵ ئاغای تیابوو ، ئاغا سێ کوێخای بوو ، کوێخا ئەحمەدو کوێخا سماییلو کوێخا حەمە . ئەم کوێخایانە هەریەکە خۆی بە ئاغایێ ئەزانی . وا دەرئەکەوێ کە پیرەمێرد بڕوای بە یەکێتیی سەرۆک عەشایەرو شێخو ناودارەکانی کورد نەبووە ، بۆیە هەر لەو وتارەدا ئەڵێت : ئەگەر تۆ حوکمداریتدا بە نەقیبو لە حەقی خۆت چاوت پۆشی ، سایری ڕوئەسای تیرەکان بە حوکمداریی قوبووڵیان نیەو ئەڵێن پاشای باوکت مەبەستی حەمە پاشایە کە لە سلێمانی موتەسەڕیف بووو توانـاو هێزێکی زۆری بەدەستەوە بوو ، چوو دوای مانگێ جێی هێشت ، بڕوا ناکەم ڕەسووڵ ئاغای ترشی فرۆشو مەحموود ئاغای چۆخەڕەشی میراودەلی یا فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ئەگەر بیانەوێتیش چۆن ئەبنە حوکمدار»(٧١) .
خەبەری جوولانەوەی مەحموود پاشا بە ڕێکوپێکی ئەگەیشتە حوکوومەتی عوسمانی ، کاربەدەستانی عوسمانی ترسێکی زۆریان لێنیشت ، بە تایبەتی سوڵتان عبدالحمید ، خۆی بایەخێکی زۆری بەم مەسەلەیە ئەدا کە بە هەر چۆنێ بووە مەحموود پاشا لەناوبەرێو لە ئاژاوەی ئاسوودە بێ . بەم نیازەوە فەرمان ئەدا بە کەریم بەگی خانزادە جوانی کە خەڵکی سلێمان بووەو

لە سوپای عوسمانیدا پلەی عەقیدیی ئەمڕۆی هەبووە، هەزار سوار بۆ گرتنی مەحموود پاشا ئەرخان بکـات ، مەحموود پاشاش کە بەمە ئەزانێ پەنـا ئەباتە بەر شاخی زمناکۆو کەریم بەگی ناوبراو بە هەزار هێسترسوارەوە بـە دوایا ئەچێو لەو ناوچەی میرانو زمناکۆیەدا تەعقیبی دەکات • مەحموود پاشا بێ ئەوەی بکەوێتــە شــەڕێکی توندو گەرمەوە لەگەڵیدا ، زمناکۆ بەجێدێڵێ، ڕوو ئەکاتە بناری شارەزوورو ئەچێ بۆ (بانیبنۆك)• بەم جۆرە ساڵێکی خشت ئەم بەرو ئەوبەر دەکا بە کەریم بەگ لە نێوان زمناکۆو بانی بنۆکدا دەیهێنێو دەیبا ، بێ ئەوەی دەرفەتی بداتێ ، پەلاماری بدا ، بیگرێ، بەڵام پیریو ناساغیو پروپاگەندەی میری لە نێوان عەشـایەری جـافو فتوای مەلاکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی ، بە تایبەت ئەم پروپاگەندەیـە کە هــەر کەسێ لە سوڵتان یـاخی ببێ کافر ئەبێو تــەڵاقی ئەکەوێو هەر کەسیش یارمەتیی یاخییان بدا هەروا کافر ئەبێ ئەمە هەموو کارێکی زۆری کردە سەر دڵو دەروونی دەورو بەرەکانی مەحموود پاشاو هەروا بڕوانە : مەحموود پاشای جاف • ئومێد ئاشنا ، گۆڤاری کاروان ، ساڵی١٩٩٠ (٧٢)• تەنانەت کەیخوسرەو بەگی کوڕیشی لێهەڵــگێڕایەوە • هەروەها ناکۆکیی ناوخۆی نێوان مەحموود پاشاو عوسمان پاشایش ئەوەندەی تر وەزعــەکەی لە مەحموود پاشا تاڵتر کردبوو ، ئەمە هەمووی بوو بە هۆی بێزاربوونی مەحموود پاشا لەو بارودۆخەی تیا ئەژیا • لەبەر ئەوە ئەکەوێتە سەر خەیاڵی دڵ وەدەسهێنانەوەی سوڵتانو لێبووردنو چاوپۆشیلێکردنی • بۆ ئــەم مەبەستە نامەیەك بۆ والیی بەغدا ئەنووسێت ، بۆی باسئەکا تیا کە ئەیەوێ خۆی بە خۆی بڕوا بۆ لای سوڵتانو لێی ئەپرسێ ، ئاخۆ بەڵێنی ئــەداتێ ئەگەر چووە بەغدا نەیگرێ ؟ والیش لە وەڵامدا نامەیێکی بۆ ئەنووسێتو پێی ئەڵێ ، وەرە بۆ بەغدا ، نات‌گرمو بەڵێنیشت ئەدەمێ کە سوڵتان هیچت لێنەکا • مەحموود پاشا لەسەر نامەو بەڵێنەکەی دێ بۆ بەغداو لە مــاڵی محەمەد پاشای داغستانی ئەبێتە میوان • کاتێ بــۆ لای والی ئــەڕوا بــە

پێچەوانەی ئەوەی کە لە نامەکەیا نووسیبووی و ئەو بەڵێنەی دابووی ، ئەی گرێ و لە (ئیچ قەلا) ، کە ئێستا وەزارەتی دیفاعە زیندانی ئەکا . مەحموود پاشا چەند ڕۆژێك لە زیندانا ئەمێنێتەوە ، بەڵام ئازایانە ، لە هەلێکا ئەتوانێ خۆی لەدەست پاسەوانەکانی بەندیخانە دەرباز کاو ڕووئەکاتەوە ناو جاف و پەنا ئەباتەوە بەر چیای زمناکۆ ، دیسانەوە سوارەکانی کەریم بەگ ئەکەونەوە پەیجۆری و ئەمسەرو ئەوسەر پێ کردن ، بەڵام وادیارە ئەم جارە خزمەکانی بە گوێی ناکەن و پشتی ناگرن و لەچەند سوارێ زیاتر کەسی لەگەڵا نامێنێ و نەخۆشی و پیری تەنگی پێ هەڵئەچنێ[٧٣] . لەگەڵ ئەوەش دا پاشا بەم سوارە کەمانەوە لە مەیدانا ئەمێنێ و هەر خۆی بەدەستەوە نادا .

مەحموود پاشا زۆری لە کاربەدەستانی گەورەی عوسمانی ناسیەو ئاشناو برادەری لە ناویاندا زۆر هەبوون . یەکێ لەو ئاشنایانەی ( شیخ الاسلام ابو الهدی ) بووە ، کە پلەیێکی ئاینی بەرزی لای سولتان عبدالحمید هەبووەو زۆری ڕێزلێ ناوە. مەحموود پاشا نامە یەك بۆ (ابوالهدی) ئەنێرێ و داوای ئەوەی تیا لێ ئەکا لە سولتان داوا بکات بیبەخشێت . (ابو الهدی)یش بە سولتان ئەڵێ و تکای لێ دەکا ئەبێ بیبەخشیت. سولتان ئەڵێ سوێندم خواردووە ، مەحموود لە ناوەڕاستی ئەستەموولدا لە سێدارە بدەم . خۆم ئەزانم گوناهێکی چەند گەورەی چاوپۆشی لێ نەکراوی بەرانبەرم کردووە .

(ابو الهدی) بە سولتان دەڵێ : «العفو عندالمقدرة فضیلة تکای ئێمە نەدەنە دواوە باشە ». لە ئەنجاما سولتان لەسەر تکای (ابو الهدی)و میردەرویش پاشا کە زۆر دۆستی مەحموود پاشا ئەبێ ، دڵی نەرم دەبێ و وای لێ دێ کە بڵێ ، بە مەرجێ ئەی بەخشم ، خۆی بەدەستەوەبداو بێ بۆ ئەستەموول . (ابو الهدی)یش خەبەرەکە بە محموود پاشا ڕائەگەیێنێ، ئەویش کە هیچ چارەیێکی شك نەبردووە ، خۆی بەدەستەوە ئەداو ، بەرەو

ئەستەموول بەڕێ ئەکەوێ . لەم سەفەرەدا ، عەلی بەگی کوڕی و حەمە عەلی بەگی برای لە خزمەت دابووە . هەرکە ئەگەنە ئەستەموول یەکسەر ئەچنە مالی دەرویش پاشا [٧٤] . ئینجا ئەگاتە بارەگای سولتان عبدالحمید ، سولتانیش ئەی بەخشێ و روتبەکانی جارانی بۆ ئەگەڕێنێتەوە . مەحموود پاشا کە ئەگەڕێتەوە بۆ هەلەبجە ، حوکوومەتی عوسمانی سەرۆکایەتیی عەشیرەتی جافی جارێکی تر بۆ دەگەڕێنێتەوە . عوسمان پاشای برای هەر بە قایمقامیێتی دەمێنێتەوە . پاش لەسەر تەخت داگرتنی سولتان عبدالحمید ، مەحموود پاشا هەمیشە دژی ڕژێمی ئیستیبدادی بووە ، بەتایبەت دوای ئەوە حیزبی (اتحاد وترقی) دەست بە زولم و زۆرداری دەکەن و هەر بەڵێنێ بە کوردو میللەتەکانی تریان دابوو بە درۆ دەرده‌چێ و ئیتر مەحموود پاشا لەم قۆناخەدا هەولی داوە یەکێتی و یەکدلی لە نێوان سەرۆک هۆزەکان و پیاوماقوولانی کورددا پێک بێنێ و بۆ ئەوەی مافێ بۆ کورد بپچڕێ . لەم بارەوە نامەیێکی زۆر بۆ پیاوە ناسراوەکانی کورد ئەنووسێ . یەکێ لەو نامانەی کە بۆ ئەو ئامانجەی بۆ حاکمی بانەی نووسیوە ، دابووی بە عەلی بەگی ڕۆستەم بەگی خزمی خۆی کە دایکی لە بەگزادەکانی بانەبوو . تورکەکان لە جێگایەک ئەم کاغەرەیان بەدەست عەلی بەگەوە گرتبووو لەسەر ئەمە عەلی بەگیان دا بە مەحکەمەی مووسل . ئەگەر (اتحادی)یەکان نەڕووخابان عەلی بەگ و مەحموود پاشا تێدا دەچوون . هەروەها لەم بارەوە مەحموود پاشا نامەیێکی تریشی بۆ غولام ڕەزاخانی پشتکۆ نووسیوەو پەیمانی لەگەلیدا بەستووە کە بۆ کورد هەول بدەن . تا ئێستاش وەلامی ئەم نامانە ماون و لە کتێبخانەکەی حەسەن فەهمی جافدایە .

نالەباریی بارودۆخی ئابووریی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پاش سەرکەوتنی ڕژێمی اتحادییەکان و سیاسەتی بەتورک کردنی ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر سێبەری ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ئەژیان و هەولدانی کاربەدەستانی ئەم ڕژێمە بە تایبەت سێ فەرماندە ستەمگەرەکەی ڕژێمی اتحادییەکان :

ئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشاو جەمال پاشا[٧٥] بـە دەستێـکی پۆلاێینـەوە خەباتی نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانیان لەناودەبرد .

ئەوەی شایانی باسە نەتەوە غەیرە تورکەکانی ئیمپراتۆریی عوسـمانی جموجوولێکی زۆریان دەس پـێ کردبـوو دژی کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی عوسمانیو گەلی کوردیش لەزۆر ناوچەی کوردستاندا بۆ بەدەس هێنـانی ئازادیو سەربەستی چەندین شۆڕشیان بەرپـاکردبوو ، بەڵام نـەبوونی یەکێتیو پێوەندیی قایمو پتەو لەنێوان شۆڕش گێڕەکاندا یەکێ لە هـەرە هۆیە سەرەکی یەکانی لەناوچوونی ئەم شۆڕشانە بوو لە کوردستانا[٧٦] .

مەحموود پاشایش وەك هەر سەرەك هۆزێکی نیشتمان پەروەری کورد لەسیاسەتی اتحادی یەکان ناڕازی بووە، بەڵام لەدەس پێ کردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤ ــ ١٩١٨دا کاربەدەستانی اتحادی یـەکانو ئەلمانـەکانی هاوپەیمانیان هەوڵو تەقەلایەکی زۆریان دابوو بۆ بەهێـزکردنی هەسـتی ئیسلامەتی لە نێوان میللەتەکانی ئیمپراتۆری یەتی عوسمانی داو لە هەمـوو ناوچەیێکی ئەم ئیمپراتۆری یەتەدا پیاوانی ئاین خەلکیان هان دەدا بۆ جیهاد دژی داگیرکەرە کافرەکان کە بریتی بوون لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان . ئـەم پروپاگەندەیە کارێکی زۆری کردبووە سەر ناوچەی کوردستانو ئەبینین کە خوالێخۆش بوو شێخ مەحـموودی نەمر ، پـاش ئەوەی ئینگـلیزەکان بەسەریان داگیرکرد ، هەروەکو اتحادی یـەکانی بە بەرپرسـیاری کوژرانی باوکی دەزانی ، بەڵام هاوکاریی خۆی لەگەڵ تورکەکاندا لەدژ ئینگلیزەکان دەس پێ کردو لە شەڕەکەی شوعەیبەدا بەشداریی کرد. مەحموود پاشـای جافیش لە بەرهەستی دینی ، لەسەر داخوازیی تورکە کان ، هـەزار سوار جافی بە سەرۆکایەتیی حەمە عەلی بەگی برایو کەریم بەگی فەتاح بـەگی برازای نارد بۆ ئەم شەڕە [٧٧] . تورکەکان لە پەلاماردانی قەڵای شوعەیبەدا شکانو سولەیمان عەسکەری لەداخان بە دەمانچە خۆی کوشت [٧٨] ئیـتر عەشایەرە کوردەکانیش پاش خەسارەتێك بڵاوەیان لێ کرد .

لە یادداشتەکانی کەریم بەگدا نووسراوە ، خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بەگ کە لە شەڕی شوعەیبەدا یەکێ لە ئەفسەرە ناودارەکانی لەشکری تورك بووە ، تەمێی سەرەك هۆزە کوردەکان ، بەتایبەت خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودو حەمە عەلی بەگی جاف دەکات ، کە بە خۆڕایی کورد لە پێناوی توركدا بەکوشت مەدەن . شێخ مەحموودو حەمە عەلی بەگ قسەکەی بەجێدەزانن‌و بە گوێی ئەگرن . کەریم بەگ ئەڵێ ، من لەبەر تافی لاوی‌و لەبەر خوێن گەرمی‌و حەز بەناودەرکردن ، پێم‌خۆش‌بوو لە شەڕەکەدا بەردەوام بین (٧٩) . هەروەها ئەم هەستی ئاینی‌یە هۆی ئەوە بوو کاتێ کە ڕووسەکان پەلاماری لەشکری عوسمانی‌یان‌دا ، داوای لە مەحموود پاشاو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی تری کرد ، لە دژی ڕووسەکان یارمەتی‌یان بدەن . هۆزی جاف بە فەرمانی مەحموود پاشا ، طاهیر بەگی وەسمان پاشا ، عەلی بەگی مەحموود پاشا ، حسێن بەگی پاشا ، حسێن بەگی حەسەن بەگی برازای ، حەمە سەعید بەگ‌و حەسەن بەگی وەلەد بەگی‌و عەلی بەگی ئەحمەد بەگی وەلەد بەگی دژی ڕووسەکان بەشەڕهاتن . ئەم شەڕەیش لە مەحالی سەقز ، لە ناوچەی ( قاتان قۆڕی )دا ڕووی داوە . خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفید ، لەم شەڕەدا دەورێکی گەورەی هەبووە . ئەوی شایانی باسە ، لەشکری تورك لەم شەڕەدا ، بە هاوکاریی کوردەکان ئازایانە دژی لەشکری ڕووس شەڕیان کردو بە هەموو لایەکیانەوە توانی‌یان بەربەستی ڕووسەکان‌بکەن (٨٠) . هەر لەو دەمەدا کە دەوری ئیتتحادی‌یەکانە ، مەحموود پاشا سەرکردەی هێزێکی عەشایەریی جاف ئەبێ ، لەگەڵ تابووری عەسکری توركدا ، بە سەرکردایەتیی حسێنی ڕەئووف بەگ‌و بەها بەگ ، ئەیانویست ناوچەی ڕۆژاوای ئێران ، بەتایبەت کرماشان داگیر بکەن (٨١) . عوسمانی‌یەکان داوا لە مەحموود پاشای جاف ئەکەن لەگەڵ ئەم لەشکرەدا بەخۆی‌و دەستوپێوەندی‌یەوە بڕوات ، ئەگەرچی مەحموود پاشا پێش ئەم داخوازی‌یەی ئیتتحادی‌یەکان ، لەبەر هەندێ کاروباری سیاسی ،

کاربەدەستانی ئیتتحادی‌یەکان ، کەوتبوونە گومانەوە لێی ، لە ڕاستی‌دا مەحموود پاشا نەی‌ئەویست لە گەلیانا هاوکاری بکات ، بەلام ناچار لەگەل لەشکرەکەدا ڕۆیشتو لە ناوچەی کرن‌دا ، عەشرەتی سنجاوی‌و قەلخانی بەرەنگاریان دەبن‌و بە سەختی لەشکری تورك‌و هۆزو هاوکارەکانیان دەشکێنن‌و بەرەو قەسری شرین دەگەڕێنەوە [٨٢] .

لە ڕاستی‌دا ئیتتحادی‌یەکان لە هەلوێستی کوردەکان ڕازی نەبوون ، چونکە باش ئەیان‌زانی سەرەك‌هۆزە کوردەکان لەگەل ڕووس‌و ئینگلیزدا پێوەندی‌یان هەیەو زۆر چاکیان لێ‌ڕوون بوو کە میللەتی کورد بە هیچ جۆرێ لە گەلیادا نی‌یەو عەتفی کوردیان بە یەکجاری لەدەست داوە ، بەم بۆنەیەوە ، بەتایبەت لە قۆناغە دوایی‌یەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا بە توندوتیژی‌یەکی فراوانەوە هەولی تواندنەوەی میللەتی کوردیان دابوو ، وا دیاربوو ، ئەلمانەکانیش هاوبەشیان بوون لەم بیروباوەڕەیان‌دا [٨٣] .

میللەتی کورد لەم قۆناغەدا شۆڕشێکیی زۆریان بەرپاکردو شۆڕشەکەشیان زۆر جێگای کوردستانی گرتەوەو هۆیەکانیشی ئەو زولم‌و زۆرانەبوون کە ئیتتحادی‌یەکان لە کوردیان ئەکرد .

ئەم خەبات‌و هەول‌و کۆششی کوردە پەیمانی سیفەری (١٩٢٠) لێ‌هاتە گۆڕێ ، بەلام بەهاتنەمەیدانی کەمالی‌یەکان‌و بەستنی پەیمانی لۆزان هەر مافێ کە بۆ کورد دانرابوو ، بە ئاوا درا ، چونکە کاربەدەستە هاوپەیمانەکان کە لەشەڕی یەکەمی جیهانی‌دا سەرکەو تبوون پشتیان لەو مافانە کردو کەوتنە هەلپەی میراتبەش‌کردن ، ئەمەیش هەر چەندە بە هۆیەکی گەورە دەژمێررێ ، بەلام وە نەبێ تەنها هۆی لەناوچوونی مافەکانی کوردبێ ، چونکە هۆی‌تر زۆرن‌و لێرەدا بەبەریەوە نی‌یە بە درێژی‌یان باس لێوەبکەین . هۆزی جافیش وەك هەموو هۆزەکانی تری کورد گرفتاری فرت‌وفێلی ئیمپریالیزمی ئینگلیز بوون‌و ئینگلیزەکانیش هەروەك دەولەتی

عوسمانی ، هەوڵیان داوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، کوردەکان هاوکاری‌یان لەگەڵ بکەن‌و لەم ڕووەوە تەماحیـان بەبەر سەرەك‌هۆزە جافەکان ناوە ، هاوکاری‌یان لەگەڵدا بکەن .

بە فەرمانی حوکومەتی ئینگلیز ، مێجەر نۆئێـل ، پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی چوو بۆ لای مەحموود پاشا ، کە ئـەو سەروەختـە لە دوو ئاوانی زەلم بووە . هەرکە خەبەری ئەدەنێ کە وا مێجەر نۆئێل لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی پایەبڵندی ئینگلیزدا هاتووە، بەپیریانەوە ناچێ‌و بەرگی پاشایەتیی عوسمانی لەبەرئەکاو هەرچی نیشانەو مێدالی پێ‌بەخشراوی ئەیێ سەرلەبەری بەقەد خۆی‌دا ئەکاو لەناو ڕەشماڵەکەی‌دا چاوەڕێ‌یان ئەکا . کاتێ مێجـەر نۆئێل دێ‌و مەحموود پاشا بەو بەرگ‌و هەیتوهووتەوە ئەبینـێ‌و تەماشـا ئەکا ڕوتبەکەی لە ڕوتبەی ئەو زۆرترە ، یەکسەر لەبەردەمی‌دا تەمەنایـەکی بۆ ئەکێشێ‌و بە حوزوورا ڕائەوەستێ ، دانانیشێ تا مەحموود پاشا خولکی دانیشتنی ئەکا . پاش بەخێرهاتن‌کردنی ، مێجەر نوئێل ، ئەڵێ : جەنابی پاشا ئەزانی بۆچی مەبەستێ هاتووین ؟ پاشـا لە وەڵامی‌دا ئـەڵێ : بشیزانـم ، حـەزئەکەم لـە زمـانی خۆتـانی ببیستم . مێجـەر نۆئێـل ئەڵی : ئینگلیز ئەیەوێ خزمەتی ناوچەی کوردستان بکاو یارمەتیی میللەتی کورد بـداو مافی بۆدانێ‌و لە دەست زوڵم‌وزۆری عوسمانی‌یـان ڕزگارکا . بـۆ ئـەم نیازەش چاوەڕوانی پیاوێکی وەکو جەنابتە ، کە سەرکردەی هۆزی جـافی ، هاوکاریمان لەگەڵدا بکا . مەحموود پاشا لە وەڵام‌دا بێ پێچ‌و پەنا یەکسەر ئەڵێ : بەداخەوە ، لەبەر سێ هۆ ، من ناتوانم هاوکاریتان لەگەڵدا بـکەم : یەکەم ئەوەیە کە باوەڕم ئەوەندە بەهێز نی‌یە مەبەستتان ڕاست بێ ، ئـەگەر ئێوە بەڕاستی بتانەوێ خزمەتی میللەتی کورد بکەن‌و مەبەستتان ڕاسـت بێ ، هەزاری وەکو منیشتان لەگەڵا نەبێ ، هەر ئێوە سەرئەکەون . دووەم ئەوەیە : کە من موسڵمانم‌و بیروباوەڕی ئاینـم یەکجـار بەهێـزەو ئـەم بیروباوەڕەم ڕێگای ئەوەم نادا هاوکاریتان لەگەڵدا بکەم . سێیەم ئەوەیە :

که پیربووم‌و تاوی هەڵسوکەوتم لی‌براوەو بۆ کاری وادەست نادەم • ئەنجا کە ئینگلیز بۆی دەرکەوت هەڵوێستی مەحموود پاشا ئەمەیە کەوتە لاوازکردنی دەسەڵاتی مەحموود پاشاو هۆزی جاف • مەحموود پاشایش ئەوەندە پیرو بێ هێز بووبوو ، هیچی وای پێ نەئەکرا بەربەرەکانێی ئینگلیزی پێ بکا• ئیتر ئەوەبوو ، زۆری پێ نەچوو ، لە ساڵی ١٣٣٩ (١٩٢١)دا کۆچی دوایی کردو لە شاری قزرابات لەو مزگەوتەدا کە خۆی بنیاتی ناوە ، بە خاك سپێردرا • مەحموود پاشا لە دواساڵەکانی ژیانیدا ، بۆی دەرکەوت کە ئینگلیز بە تەواوەتی بەسەر ناوچەی کوردستاندا زاڵ بووەو خۆشی لەبەر پیری‌و لاوازی توانای مامەڵەکردن‌و کەوتنەکێشەو بەرەی لەگەڵ ئینگلیزدا نی‌یەو ئیتر لەو ڕۆژەوە وازی لە سەرۆکایەتیی هۆزی جاف هێنا بۆ کەریم بەگی فەتاح بەگی برازای (١٨٨٩ — ١٩٤٩) • کەریم بەگ لە ساڵی ١٩١٩ەوە تا ساڵی ١٩٢٥ بە ڕەسمی سەرۆکی هۆزی جاف بووو زۆر بە باشی کاروباری هۆزەکەی بەڕێوەئەبرد • کەریم بەگ لە شۆڕشەکەی ئیبراهیم خاندا (١٩٢٠) بەشداریی نەکرد ، بەڵام لە دژیشی نەوەستا[٨٤] ، چونکەشەڕ کەرانی شۆڕشەکە زۆریان لە هۆزی جاف بوون ، بەتایبەت تیرەی ڕوخزایی‌و تەرخانی [٨٥] کە دوو تیرەی سەرە کیی جافن •

بەگزادەکانی جاف لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمردا هاوبەشی‌یان نەکردووە ، تا شۆڕشی ئاوباریك کە شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢١دا ، دژی ئینگلیزو کاربەدەستانی ئەو سەردەمە لەسەر ڕووداوی بەردەرکی سەرا هەڵی‌گیرساند • لەم شۆڕشەدا کەریم بەگ‌و داوود بەگی برای‌و محمد امین بەگی کوڕی کەریم بەگ‌و ژمارەیێکی زۆر لە هۆزی جاف ئازایانە تا دووا هەناسەیان لەگەڵ شێخ مەحمووددا بوون • تەنانەت پاش خۆبەدەستەوەدانی شێخی گەورە ، ئینجا خۆیان بەدەستەوەدا[٨٦] ، بەڵام ئەوەی شایانی باسە تیرەکانی جاف ، بەتایبەت تیرەی ڕوخزایی ، بە سەرۆکایەتیی خەلیفە یونس‌و

حەمەعەلی ڕۆستەم‌و ، تیرەی سماعیل عوزێری بەسەرۆکایەتیی مەحموودی خاتر هاوکاری‌یان کردووە (٨٧) .

پاش دامەزرانی حوکوومەتی عیراق بەگزادە خوێندەوارە جافەکانی وەك ئەحمەد بەگی وەسمان پاشای جاف لە ساڵی ١٩٢٤دا بووە بە نوێنەری پارلەمانی عیراق ، بەلام هەمیشە دژی سیاسەتی ئینگلیز جووڵاوەتەوە . سەرەنجام ئەم لەدژ ئینگلیزەی بووە بە مایەی کوژرانی لە لایەن دەستەیێکی نەفامی کوردەوە (٨٨) . هەروەها لە ناوچەی کەرکووك ، ئەبێتە نوێنەری پارلەمانی عیراق لە ڕەشەمێی ساڵی ١٩٢٩دا ، لەگەڵ شەش نوێنەری کورددا، لە پارلەمانی عیراقدا ، داوای خۆموختاری‌یان بۆ کورد کردووە (٨٩) . بەلام موعتەمەدی سامی داواکەی نەسەلماندووە (٩٠) .

* * *

## سەرجەمی سەرچاوەکانی کتێبەکەو پەراوێز

(١) بڕوانە : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ : ١٢٤ . س : ١٩٨٩ . ل : ٣٧ .
(٢) بڕوانە : کتێبی حەمەغای گەورە ، مەسعوود محەمەد ، بەغدا . س : ١٩٨٧ . ل : ٥ .
(٣) بڕوانە : « شەرەفنامە »و ڕاپەڕینی کوردەکان ، س : ١٨٨٠ . نووسینی د. جەلیلی جەلیل . وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان . بەغدا . س : ١٩٨٧ . ل : ٧١ .
(٤) بڕوانە : تشیع علوی‌و صفوی . د. علی شریعتی . چاپخانەی حسینیە. هەروەها بڕوانە : تاریخ امبراتوری عثمانی ، وین ووسینیچ ، ترجمەء سهیل اذری ، تهران ، ١٣٤٦ هـ ، ص ١٥ ـ ١٩ . ئیسماعیل تێشکا ! طەهماسب زولفقار خان لێی یاخی بوو ، ( محمد خدابندە ) لای ڕووسەوە دۆڕاندی ، قسەکانی شەریعەتی هی دوائرە . ئەمان نەیان‌توانیوە جەبهە لە عوسمانی‌یەکان بکەنەوە » .
ئەمە قسەی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی‌یە کە لەسەر ئەم مەسەلەیەی بە پەراوێز ـ چونکە خەبەری نووسینەکەم بوو ـ نووسیوە. ارشاد . بێ تاریخە . ل : ٥٥ ـ ٥٦ . (*)
(*) کەی ؟
(٥) مێژووی نەتەوەی کورد . صالح قەفتان ، بەغدا . س : ١٩٦٥ . ل : ٢٤٠ .
(٦) هێرشی شا عەباس بۆ سەر قەڵای دمدم بۆ لەناوبردنی خانی لەبزێڕین‌و کۆتایی بەدەسەڵاتهێنانی لە کوردستان‌دا نموونەی ئەمەیە .
(٧) بۆ ڕۆشنایێکی زۆرتر لەم بارەوە ، بڕوانە : ئەم کتێبانەی خوارەوە : زبدة التواریخ ـ سەنەندجی ، مەلا شەریفی قازی ـ سەنەندجی ، فەسلی : یازدەهەم ، ل : ٣٣٨ ـ ٥٢٣ ، مێژووی ئەردەڵان ، مەستوورەی کوردستانی ، وەرگێڕانی بە کوردی : د. حەسەن جاف‌و شوکور مستەفا.
(٨) شۆڕشەکانی کورد . عەلائەددین سەججادی . س : ١٩٥٩ ، بەغدا . ل : ٢١ . هەروەها بڕوانە : عرب‌و کرد ، منذر الموصلی ، ل : ٢٠٤ . س : ١٩٨٦ .
(٩) ڕاپەڕینی کوردەکان . ل:١٩ .
(١٠) من عمان الی العمادیة ، علی سیدو الگورانی ، عمان ، ١٩٣٩ ، ص ٩٧ .
(١١) کێشەی کورد . س. لازارێف ، ل : ٥ .
(١٢) عرب‌کرد ، منذر الموصلي ، بیروت ، ١٩٨٦ ، ص ١٨٥ ـ ١٨٦ .
(١٣) یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، س : ١٩٨٩ ، ل : ٢٦ .
(١٤) ڕۆشنبیری نوێ . بەغدا ، س : ١٩٨٨ .

(١٥) بڕوانە : مێژووی ئەردەڵان ، مەستوورەی کوردستانی ، وەرگێڕانی : د. حەسەن جافو شوکور مستەفا ، ل : ١٩٠ – ١٩١ .
(١٦) هەمان سەرچاوە . ل : ٨٥ .
(١٧) بڕوانە : مێژووی ئەدەبی کوردی ، عەلائەددین سەججادی ، بەغدا ، س : ١٩٥٢ ، ل : ٤٧ . هەروەها « دۆزینەوەی هەندێ یادداشتی ونبوو » ، ڕۆژنامەی عیراق ، بەغدا ، س : ١٩٨٥ ، ژ : ٢٧٦٧.
(١٨) بڕوانە : الاكراد ، باسيل تيكتين ، بيروت ، س : ١٩٥٨ ، ترجمة دار البدائع ، ل : ١٦٦ .
(١٩) بڕوانە : مێژووی ئەردەڵان ، ل : ٩٧ وتاریخی مەردۆخ ، بەرگی (٢) ، ل : ١٢٢ .
(٢٠) بڕوانە کتێبی ( خواجەء تاجدار ) ، ژان گورە ، ترجمەی ذبیح‌اللە منصوری ، بەرگی (١) ، انتشارات امیر کبیر ، ل : ١١٠ .
(٢١) الاكراد ، دراسة جغرافية اثنوغرافيـة . . . شـاكر خصباك ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص ٣٧ .
(٢٢) سولتان مرادی چوارەم ، حەڤدەمین پادشای عثمانی ، لە ساڵی ١٠١٨دا لەدایکبووەو لە ١٠٤٩دا کۆچی دوایی کردووە .
(٢٣) الاكراد ، باسيل نيكيتين ، ل ١٦٧ .
(٢٤) دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی .
(٢٥) بڕوانە : مجمل التواریخ ، افشاریەو زندیە . ابو الحسن بن محمد امین گلستانە . بە اهتمام مدرس رضوی ، تهران ١٣٤٤ ، ص ٣٠٠ .
(٢٦) ئەدمۆندس بە هەڵە نووسیویە : کە ئەحمەد پاشای بابان ظاهر بەگی کوشتووە . بڕوانە : ( کرد ، ترك ، عرب ادموندس ) ترجمەی جەرجیس فتح‌الله ، بەغدا ، س : ١٩٧٥ ، ل : ١٣ .
(٢٧) کلودیوس جیمس ریج لە کتێبەکەیدا کە باسی ڕاکردنی حەسەن بەگی بابان ، برای مەحموود پاشای بابان بۆ بەغدا بە پیلانی داود پاشا دەکات، بەهەڵە دەڵێت ، حەسەن بەگ خوشکەزای کەیخوسرەو بەگی جافە ، بەڵام لە ڕاستیدا حەسەن بەگ خوشکەزای وەلەد بەگی جافە ، بڕوانە: رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠ ، ص ٩٠) .
(٢٨) بڕوانە: هەمان سەرچاوە . ل : ٧٨ .
(٢٩) بڕوانە : تاریخ سلیمانیو وڵاتی ، محمدامین زەکی بەگ ، ل : ١٥٣ .
(٣٠) هەمان سەرچاوە . ل: ١٤٣ . هەروەها : السليمانية في نواحيها المختلفة . جمال بابان ، ص ٣٨٥ .
(٣١) تاریخ سلێمانیو وڵاتی ، ل : ١٤٩ .
(٣٢) گۆڤاری ژیان ، ساڵی : ١٠ ، ژ : ٤٥٠ . هەروەها : العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ – ١٩٥٠ ترجمة سليم طه التكريتي ، بغداد ، ١٩٨١ ، ص ٥٤ .

(٣٣) گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژ : ١١٦ ، س : ١٩٨٨ ، ل : ٤٤ .
(٣٤) وتارێکی د. حەسەن جاف بە ناوی (دۆزینەوەی هەندێ یادداشتی ونبوو) ، گۆڤاری عیراق ، ژ : ٢٧٦٧ .
(٣٥) تاریخ سلێمانیو ولاتی . ل : ٢٨٣ .
(٣٦) تاريخ الدول والامارات الكردية ، محمد امين زكي ، ص ٤٢٢ القاهرة ترجمة محمد علي عوني ، ١٩٤٥ .
(٣٧) تاریخ عرب در قرون جدیدة ، لوتسکی ، ترجمة پرویز بابائی ، تهران ، ١٣٤٩ ، ص ١٤١ . هەروەها کتێبی : عرب‌وکرد ، منذر الموصلي ، بیروت ، ١٩٨٦ ، ص ١٩١ .
(٣٨) تاريخ العراق الحديث فی نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا ، القاهرة ، ١٩٦٨ . ص ٧٠ .
(٣٩) یادداشتەکانی حەسەن فەهمی جاف ، هێشتا دەستنووسە .
(٤٠) مشاهير الاكراد ، ج (٢) ، ص ٢٥٨ . هەروەها گۆڤاری ژیان ، ژ : ٤٥١ ، س : ١٩٣٥ .
(٤١) ئەم داخوازی‌یەی دەوڵەتی عوسمانی لە یادداشتەکانی میرزا ملکم‌خان ، لە گۆڤاری بررسیهای تاریخی ، ژمارەی یەکەم ، س : ١٩٧٠دا هاتووە .
(٤٢) تاریخ مردوخ ، ج (٢) ، ص ١٩٥ ــ ١٩٧ .
(٤٣) کتێبی دەستنووسی سەید طاهر هاشمی ، بە سەردێری «مەولەوی تاوەگۆزی» .
(٤٤) تاریخ سلێمانیو ولاتی ، ل : ١٨٣ .
(٤٥) هەمان سەرچاوە ، ل : ٢٨٣ ، هەروەها گۆڤاری ژیان ، ژ : ٤٩٧ . س : ١٩٣٦ .
(٤٦) خۆشخوانی ، علاءالدین سجادی ، بەغدا ، ل : ١٢٤ .
هەروەها یادداشتەکانی مصطفی بەگی جاف ، کە هێشتا دەستنووسە .
(٤٧) مەستەفا بەگی کەریم بەگی جاف ئەڵێ : کاتێ قاتیلەکانی حەمە پاشا ئەگەنە ماڵی جوامێری هەمەوەند ، کە خەبەری پێ ئەگات ، دەروێشی برای ئەنێرێو رای‌دەسپێرێ ، ئەگەر هاتو لە ماڵ نەبوون ، مەیان گرنە خۆتان ، بەڵام کە دەروێشیش دەگاتە ماڵ دەبینێ لە دیوەخانەکەی جوامێردا دانیشتوون . ئەوکاتە جوامێر لە گەڵیاندا کۆچ ئەکا بۆ ناوچەی باسەرەو خۆیان لەگەڵ لەشکری جافدا ئامادە دەکەن بە سەرۆکایەتیی مەحموود پاشای جاف ، لەم شەرەدا هەمەوەندەکان ،

له یەکەم جاردا دەشکێن و بە پاشەکشێ خۆیان دەگەیێننە سەرسنوورەکانی ئێران و له ناوچەی بە مۆو زەهاو ، له شەڕی دووەمدا هەمەوەندەکان بۆ جاری دووەم و هەموو قاتیلەکانی حەمە پاشا دەکوژن .

(٤٨) تاریخ سلێمانی و ولاتی ، ل : ١٩٦ .
(٤٩) عرب وكرد ، منذر الموصلي ، ص ١٩٢ .
(٥٠) مشاهير الكرد وكردستان ، محمد امين زكي ، ج (٢) بغداد ، ١٩٤٧ ، ص ١٨١ . هەروەها : الاكراد ، د. شاكر خصباك ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص ١٦٦ — ١٦٩ .

(٥١) حەمە پاشا حەوت کوڕی هەبوون : مەحموود پاشا ، عوسمان پاشا ، محەمەد عەلی بەگ ، سلێمان بەگ ، حەسەن بەگ ، فەتاح بەگ ، قادر بەگ .

(٥٢) الاكراد ، باسيل نيكتين ، بيروت ، ص ١٦٧ — ١٦٩ .
(٥٣) مامۆستا موکەڕەم تاڵەبانی ئەڵێت ، سەرۆکەکانی ئەم عەشیرەتە بە نەرمی و سەبرو پشوودرێژی لە ئیدارەی عەشیرەتەکەیانە بەناوبانگن . بڕوانە : «ابراهيم خان ثائر من كردستان» ساڵی ١٩٧١ ، ل : ٧ .

(٥٤) میرزا مەحموود خان احتشام السلطنة ڕێکەوتی ساڵی ١٣١٦ی ك ، بووەتە والیی سنە ، دوای بەرکەناربی حەسەن عەلی خان پیاوێکی بیرتیژو حوکمڕانێکی بەدەسەڵات بووە . تا ساڵی ١٣١٨ی‌ك . حاکمی ناوچەی سنە بووە . بڕوانە : تاریخ مردوخ ، بەرگی (٢) ، ل : ٢٣٠ .

(٥٥) ئەم قسانە لە نامەیێکی احتشام السلطنةدا نووسراوە ، کە بۆ ناصرالدین شای قاجاری نووسیوە .

(٥٦) گۆڤاری ژیان ، ژ : ٤٩٩ ، تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٦ .
(٥٧) الاكراد ، د. شاكر خصباك ، ص ٣٧ .
(٥٨) مشاهير الكرد وكردستان ، ج (٢) ، بغداد ١٩٤٧ ، ص ١٨١ .
(٥٩) منذر الموصلي ئەڵێ : لە کاتێکا سوڵتان عبدالحميد کوردەکانی دژی مەسیحی‌یەکان و ئەرمەنی‌یەکان هاندەدا ، هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی کوردی سەرکوت دەکرد ، هەتا فەرمانی دابوو کتێبێکی ڕێزمانی کوردی کە یوسف خالدی نووسیبووی بڵاونەبێتەوە ، بڕوانە : الاكراد ، باسيل نيكتين ، ص ١٩٥ .

(٦٠) كردستان فی سنوات الحرب العالمية الاولى ، د. كمال مظهر ، ترجمة محمد الملا عبدالكريم . ص ٨٩ — ١٩٢ .

(٦١) کێشەی کورد . م. لازاریف ، بەشی یەکەم ، وەرگێڕانی د. کاوس

ئەفتان بەغدا ، س : ١٩٨٩ ، ل : ١١٨ .

(٦٢) عادیلە خانم لەبەر هەلکەوتوویی ، حوکوومەتی بەریتانیا دوای ئـەوەی ناوچەی کوردستانی عیراقی داگیرکرد ، نازناوی خانبەهاری پێ بەخشیو ئەم فەرمانە تا ئێستا ماوە .
بۆ ئاگاداریی زیاتر لە عادیلە خانم ، بڕوانە : کتێبی (رحلة متنكرا) میجر سون ، ترجمة فؤاد جميل ، هەروەها ( کـرد ، تـرك ، عـرب ، ئەدمۆندس ، وەرگێڕانی جرجیس فتح‌الله ، هەروەها (ئافرەتی کورد) هارۆلد هانسن ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی ، بەغدا ، س : ١٩٨٣ ، ل : ١٣٧ .

(٦٣) شـاهیر الکرد و کردستان ، محمد امین زکی ، ج (٢) ص ١٨١ .

(٦٤) لۆنگریك ئەڵێت : بێگلەرێکی بەرزترین پلەی پاشـایەتیو نازنـاوی فەرمانڕەوای ئەیالەتە . بڕوانە : اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر الخياط .

(٦٥) عرب وکرد ، منذر الموصلي ، ص ١٩٥ .

(٦٦) حەسەن فەهمی جاف لە یادداشتەکانی‌دا ئەڵێ : کاتێ مەحموود پاشـا لە ساڵی ١٢٠٩دا لە ئەستەموول هەڵدێ ، کەشکۆڵە خۆشەویستەکەی لە لا دەبێ ، لە کەشتی‌یەکەدا ، لە دەریای ڕەش‌دا دەبێـت . لەبـاری نالەباری خۆی ، زۆر نیگەران دەبێ ، بەم بۆنەیەوە بە دەسخەتی خۆی لـە باڵ کەشکۆڵەکەی‌دا ئەم چواردێڕە شیعرەی مەولەویی بۆ دەربڕینی حاڵی خۆی تۆمارکردووە . قسە قسە تێرێ : ئەمە چوار ساڵی ڕەبەقە من و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم خەریکین بیخەینە بەر ڕووناکیی ڕۆژو وەسیەتەکەی پیرەمێردی ئەمر بەجێ بێنین : کـە کەشکۆڵـەکەی بـە کەلەپوورێکی گەورەی نەتەوەی کوردزانیوە ، بەڵام هێشتا بە ئەنجام نەگەیشتووە . ئەمە چوار دێڕە شیعرەکەیە :

هەی‌هۆ چەن سەرچەپ چەرخ چەپ وەردم
چەرخ چەن چەرخیا من مام نەمەردم
ئاخۆ چەرخ چەپ چەواشـەی چەپگەرد
پەی کام دەردی‌سەر نیگاداریم کەرد

(٦٧) بڕوانە : عرب کرد ، منذر الموصلي ، ص ١٩٥ . هەروەهـا بڕوانـە : کێشەی کورد ١٨٩٠ ــ ١٩١٧ ، بـەشی یەکەم ، م. س. لازاریـف ، وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان ، ل : ١٨٠ .

(٦٨) لە یادداشتە دەسخەتەکەی مستەفا بەگی جاف‌دا گوتراوە : مەحموود پاشا نامـەی بۆ قەیـسەری ڕووس بـە هۆی قونسوڵی ڕووسیا ، لە

ئەورێزەوە ناردووە .

(٦٩) دەگێڕنەوە : مەحموود پاشا لە بەندەر ئەنزەلی ، چووەتە مالی ئەمیری دەریا کە ئاسیویە ، بەلام ، ناوەکەیمان بۆڕوون نی یە .

(٧٠) مەحموود پاشا پێش ئەوەی بڕوا بۆ ناوچەی شارەزوور دەچێتە مالی داودخانی کەلهوڕ ، ناوبراو ڕێزێکی زۆری لێدەنێ و دوو سەت سواری کەلهوڕیی لەگەل لەشکری جافدا دەخاتە پال . مەحموود پاشا کە دەگاتە شارەزوور دەچێتە ناو تیرەی شێخ سمایلیی جاف و لە مالی خەلیفە ڕەشیدی سەرۆکی ئەو هۆزە دەبێتە میوان ، پاشان دچێتە گەلگە ، هەوارگەی جافەکان .

(٧١) بڕوانە : ڕۆژنامەی ژیان ، ژمارە : ٤٩٧ ، ١٩٣٦ ، ل : ٤ . و مەحموود پاشای جاف ، ئومێد ئاشنا ، گۆڤاری « کاروان » سالی ١٩٩٠ . هەولێر .

(٧٢) لە مێژوودا شتی وا زۆر ڕووی داوە . مەلای خەتێ بەناوی ئاینەوە توانی پاشاکوێرەی ڕەواندز بخاتە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکانەوە ، چونکە ئەو بڕوپاگەندەیەی مەلای خەتێ ، واتە : هەر موسولمانێ چەك لەڕووی خەلیفەی موسولمانان هەلمالێ ، کافر ئەبێ ، کاری لە خەلکەکەی دەوری پاشا کوێرە کردو لە بزووتنەوەکەی پەشیمان بوونەوەو سەرەنجام سەری تیا چوو و لە شاری تەرابزووندا کوشتیان . ئیتر بەم شێوەیە میرنشینەکەی ئاسەواری بڕایەوە . بڕوانە : (عرب وکرد )ی منذر الموصلی ، بیروت ١٩٨٦ ، ل : ١٩٠ . هەروەها ، کتێبی «بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد» ، ڕەمزی قزاز ، ١٩٧١ ، ل : ٢٣٩ .

(٧٣) ئەلێن گوایە کە مەحموود پاشا هەستی بە پیری و کەنەفتیی خۆی دەکا گوتوویە : « تا توانیم نەمزانی ، کە زانیم نەمتوانی . . . »

(٧٤) ئەم دەرویێشە پاشایە پیاوێکی ڕەوشتبەرزو چاكبووە . ئامۆزایەکی سولتان حەمیدی خواستووە ، کە ناوی ( ناظمە سلطان بووە ، زۆر دۆستی مەحموود پاشا بووە .

(٧٥) ئەم جەمال پاشایە لە لایەن نیشتمانپەروەرە عەرەبەکانەوە ناونرا جەمال خوێنڕێژ .

(٧٦) بڕوانە : کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی د. کمال مظهر ، ترجمة محمد الملا عبدالکریم . ص ١١٥ .

(٧٧) بەداخەوە مامۆستای بەڕێز مکرم تالەبانی لە کتێبی ( ابراهیم خان ئاژ

من كردستان )دا باسی بەشداربوونی جافەکانی لەم شەڕەدا نەکردووە ، وا دیارە نەی‌بیستووە ، ئەگینا باسی ئەکرد .

مامۆستا د. کەمال مەزهەری بەڕێزیش لە گۆڤاری«ڕۆشنبیری»ژ ١٢٥: ساڵی ١٩٩٠دا لە وتاری «کوردو شەڕی شەعەیبە»دا نووسیویە : «بەشی هەرە زۆری ئەو سێ هەزار کوردەی چوونە شەڕی ئینگلیز بریتی‌بوون لە لایەنگرانی شێخ‌مەحموودو کوڕگەلی داودەو دەلۆو زەنگنەو هەمەوەندو جافی دەوروبەری کەلار » .

مامۆستا د. کەمال مەزهەر وا دیارە نەی‌بیستووە ئەم جافی دەورو بەری کەلارە ، کێ سەرکردایەتیی کردوون ، ئەگینا ئەی ئەی‌نووسی . جا بۆ ڕوون کردنەوە ، مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە لە شوێنی خۆیدا لەم وتارەدا باسمان کردووە .

(٧٨) بۆ زۆرتر ئاگاداری لەبابەت ئەم شەڕەوە ، بڕوانە : لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث . ١٩٧٤ ، ص ١٤٥ .

(٧٩) نووسەر ساڵی ~~١٧٩٨~~ ١٩٧٨ لەگەڵ تحسین بەگی یەزیدیدا ، لە لەندەن چووەتە ماڵی تۆفیق وەهبی بەگو چۆنێتیی ئەم ڕووداوەی لێ‌پرسیوە ، ئەویش لە وڵاما وتوویە : ئەزانم خەسارەتی کوردەکان یەکجار زۆرئەبێت‌و سەرکەوتنی تورکەکان مەحاڵە . نەسیحەتی شێخ مەحموودو حەمە عەلی بەگی کردو پیانی وت : ئێوە بە فیڕۆ کورد بۆ دوو داگیرکەر ، کە تەماحیان کردۆتە ئێشتمانەکەمان بەکوشت‌دەدەن ، قسەکەم کاری کرد ، دوای خەسارەتێکی کەم بڵاوەیان لێ‌کرد .

(٨٠) شێخ عثمانی شێخ علاءالدین نەقشبەندی بۆمی گێڕایەوە ، کە خۆی لاو بووە ، لەم شەڕەدا بەشداریی کردووەو زۆربەی عەشایەری کورد ، ئازایانە شان بە شانی تورکەکانی دژی ڕووسەکان شەڕیان کردووە .

(٨١) لۆنگریك ئەڵێت : هێزی جاف لە نێوان ئەو هێزانەدا بوون کە لە ڕۆژاوای ئێراندا شەڕیان کرد . بڕوانە : تاريخ العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ ـ ١٩٥٠ . ستيفنس هملي لونكريك بغداد ، ١٩٨٨ ، ص ١٠٤ .

(٨٢) عەلی ئەکبەر خانی ڕەئیس عێلی سنجاوی شۆڕشێکی لە شاری کرندا دژی تورك بەرپاکرد . سەرلەشکرێکی تورکی کوشت‌و دوو فەرماندەی خوێن‌خۆری کەی تورکی ، حسێن ڕەئووف بەگو ضیاءالدین بەگی شکاند . ئەم دوو فەرماندەی تورکە سەدان کوردیان بە بێ تاوان کوشتبوو . سەرداری بۆکانیشیان لە سێدارە دابوو . ئەم عەلی ئەکبەر خانە دژی شارەزاخان وێستا . لەسەر ئەمە کە پشتیوانیی لە ئەحمەد خانی قاجار ئەکردو لە دەست ناوبراو هەڵات‌و خۆی گەیاندە ناوچەی

جاف‌و بەسەدو پەنجا سوارەوە چوو بۆ ماڵی وەسمان پاشای جاف . سێ مانگێ لەماڵیاندا میوان بوو . ئەم عەلی ئەکبەر خانە لە یادداشتەکانیدا ، باسی ئەم ڕووداوەی کردووەو بە ڕێزەوە باسی میوان پەزیری خانمی وەسمان پاشای جافی کردووە . نووسەر خۆی ئەم یادداشتەی لە کتێبخانەکەی د. سنجابیدا ، باش هەرای خومەینی دیوە .

(٨٣) کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی ص ٢١٨ ـ ٢١٩ .

(٨٤) بڕوانە شۆڕشی «ابراهیم خانی دەلۆ» (١٩٢٠) ، نووسینی مستەفا نەریمان ، بەغدا ، ل : ١٥٧ .

(٨٥) ئەنجومەنی شۆڕشی (ابراهیم خان) بریتی بوون لە وەیسی بەگی دەلۆ ، ئەکبەری برای ابراهیم خان ، حەمیدی عەوڕەحمان کارێزی ، حاجی محمدی تەرخانی حەمە جانی ڕۆخزایی‌و کاکەمەندی ئەمین دەروێش .

(٨٦) بڕوانە : شۆڕشەکانی کورد ، علاءالدین سجادی ، ل : ١٣٨ .
هەروەها : ڕۆژی نوێ ژ : ٧ ، مانگی تشرینی یەکەم ، ساڵی یەکەم ، ١٩٦٠و ڕۆژنامەی ( العراق ) ساڵی ١٩٨٥ ژ : ٢٧٢٥ .

(٨٧) بڕوانە : چیمەدی ئەحمەد خواجە . س : ١٩٦٩ . بەرگی (٢) ل : ١٣ .

(٨٨) بڕوانە : دیوانی ئەحمەد موختار جاف ، ئامادەکردنی د. عیززەددین مستەفا ڕەسوول بەغدا ، س : ١٩٨٦ ، ل : ٢٣ .

(٨٩) ئەم نوێنەرە کوردانە ، بریتی بوون لە : جەمال‌بابان ، ئیسماعیل ڕەواندزی سەیفوڵلا خەندان ، حازم شەمدین ئاغا ، محمد بەگی فتاح بەگی جاف‌و حەمە صالحی حەمە عەلی .

(٩٠) بڕوانە : تاریخ العراق الحدیث ج ٢ ، بغداد . ١٩٨٣ ، ص ٣١١ .

## ئەنجام

١ـ مێژووی سیاسیی هۆزی جاف ، تا سەردەمی ظاهیر بەگی سەرۆك هۆزی جاف ـ ئەوەندەی ئێمە ئاگاداری بین ـ شتێکی ئەوتۆمان کە لە مێژووی کورددا کاریگەر بووبێ تێدا بەرچاو نەکەوتووە ، مەگەر ئەوە نەبێ کە پێشتر تاکەتاکەیێ ناوی یەك دوو کەسێکیان لە باسی ئایینی یارساندا ، لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی ك ، (١٠ ـ ١١) زدا بەرچاو دەکەوێ .

بەڵام لە سەردەمی ظاهیر بەگدا ، کە لە ساڵی ١٠٥٥كدا لەلایەن ئەحمەدخانی سێیەمی ئەردەڵانەوە کوژراوە ، هۆزی جاف لە کێشەو هەرای نێوان ئێران و عوسمانیدا ، لەسەر کوردستان ، بۆ یەکەم جار ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ .

٢ ـ سەبارەت بەوە کە هۆزی جاف تانزیکەی نیوەی سەدەی نۆزدەهەمیش هەر کۆچەربوون و لە دێهاتدا سەقام گیر نەبوون و لەگەڵ کشتوکاڵ سەروساختیان خۆش نەبووەو بیریان لە سەرحەدو سنووردانان بۆ قەڵەمڕەووزەوی و زار نەکردۆتەوە دەورێکی گرنگیان لە سیاسەتدا بەرچاو ناکەوێ .

٣ ـ بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هۆزی جاف لە کێشەو هەرای میرنشینی بابان و میرنشینی ئەردەڵاندا ، بەتایبەت لەسەردەمی سەرۆکایەتیی کەیخوسرەو بەگی سلێمان بەگی جافدا خۆی دەنوێنێ و دەبێتە هێزێکی سەرەکیی ئەوتۆ کە میرنشینی بابان حسیبیان بۆبکەن . حەمە پاشای جاف دوای ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥١دا ، ئەکەوێتە سەرکەڵکەڵەی ئەوە کە خۆی ببێ بە جێگری میری بابان و دەسەڵاتی خۆی بەسەر حوکوومەتی عوسمانیدا بسەپێنێ . بەمە هۆزی جاف گەیشتووەتە ئەوپەڕی دەسەڵاتداری . قەڵا دروستکردن و قەڵەمڕەو سنوورکێشان بەڵگەی ئەم دەسەڵاتدارییەیە .

٤ ـ بە پەرەسەندنی ئەم دەسەڵاتدارییە هەردوو حوکوومەتی ئێران و عوسمانی دەکەونە ڕکەبەریی بەلای خۆدا ڕاکێشانیان .

٥ ـ پاش سەرەتای سەدەی بیستەم سەرەك‌هۆزە جافەکان هەستی نەتەوە پەروەرییان تێدا بزووتووەو ئەمەیش لە هەوڵ و کۆششی مەحموود پاشای جافدا کە کەوتۆتە سەر بیری یەکخستنی سەرەك‌هۆزانی کورد ، بۆ ئەوەی سەربەخۆیییێك بۆ کوردستان پێك بهێنێ ، بەڕوونی بەدیاردەکەوێ .

٦ ـ مەحموود پاشا لە سەرەتاوە ، وەك نەتەوە پەروەرێ هاوکاریی لەگەڵ ئیتتحادییەکاندا لە دژ سوڵتان عبدالحمید کردووەو لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئەم هاوکارییە هەر بەردەوام بووە .

٧ ـ پاش مردنی مەحموود پاشا ، ئیتر سەرۆکە جافەکانیتر ، تاکو تەرایێ نەبێ ، هاوبەشییان لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمردا نەکردووە ، بەڵام دژیشی ڕانەوەستاون .

**ملخص المقال :**

(١) ان التاريخ السياسي لعشيرة الجاف حتى زمن ظاهر بك رئيس عشائر الجاف ، بقدر علمنا ، لايخبرنا عن شيء يذكر عدا ما يصادفنا هناك وهناك من اسماء اشخاص من هذه العشيرة في ماكتب عن بعض النحل من الغلاة في القرنين الرابع والخامس الهجريين ، العاشر والحادي عشر الميلاديين .

(٢) الا ان هذه العشيرة عاشت مترحلة حتى النصف الثاني من القرن التاسع عشر ، ولم تستقر في القرى والارياف ولم تمتهن الزراعة ولم تعترف بحدود رسمية الا بقدر مايعينهم على الانتجاع وراء الكلأ ، كأي عشيرة بدوية فلا نجد لها تأثيرا كبيرا في الاحداث السياسية لتاريخ الشعب الكردي .

(٣) حتى اذا بدأ القرن التاسع عشر اخذت هذه العشيرة تتسلل في الدخول الى مسرح الاحداث السياسية مما لفت انظار الدولتين الايرانية والعثمانية الى قوة هذه العشيرة وكسبها الى جانبهما .

(٤) وبعد نهاية النصف الثاني من القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين بدأ الشعور القومي يظهر بشكل واضح لدى رؤساء هذه العشيرة ولاسيما محمود باشا الجاف ، اذ حاول جاهدا أن يوحد رؤساء العشائر الكردية ليجعلهم يداً واحدة ضد السلطان عبدالحميد ، دفاعا عن حقوق الاكراد القومية .

(٥) تعاون محمود باشا الجاف مع الاتحاديين الاتراك بصفته داعية للقومية الكردية ، ضد السلطان المريض واستمر هذا التعاون طوال سنوات الحرب العالمية الاولى .

(٦) بعد احتلال الانكليز العراق عموما وكردستان خصوصا لم يتعاون محمود باشا مع المحتلين الانكليز لعدم ثقته بحسن نواياهم تجاه الاكراد وبدافع شعوره الديني .

(٧) لم يشترك رؤساء عشائر الجاف الاماندر في ثورات الشيخ محمود الحفيد ، ولكنهم لم يقفوا ضد هذه الثورات .

# شێرپەنجەو ماددە کیمیاییەکان

**دوکتور ذنـون محمد پیریادی**

پرۆفیسۆری کیمیاء

**دانشگای زانست ـ زانکۆی بەغدا**

**پوختـەی وتـار**

بێ گومان شەست حەفتا ساڵێك لەمەوبەر خەڵك نەیدەزانی نەخۆشیی شێرپەنجە [٦] چی‌یە • تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕۆشنبیر هەبوون کە ئاگاداری‌یان هەبێت دەربارەی ئەم نەخۆشی‌یە • هەزاران کەس بەشێرپەنجە دەمردن بەبێ ئەوەی بزانن نەخۆشی‌یەکەیان چی‌یە ، هەروەها نەخۆشیی دڵو تەوژمی خوێن کەس نەیدەزانی چی‌یە •• یەکەم مەترسیی هاووڵاتی‌یەکان نەخۆشیی سیل بوو •

ئەمڕۆکە نەخۆشیی شێرپەنجە یەکەم گیروگرفتی مرۆڤایەتی‌یەو هەتا ئێستا چارەسەرنەکراوە • نیوەی پارەی لێکۆڵینەوەی زانستی [٨] لە ئەمەریکا بۆ لێکۆڵینەوەی شێرپەنجە تەرخانکراوە ، کەچی هێشتا هۆیەکەیان بە تەواوی بۆ ڕوون نەبۆتەوە • هەروەها دەرمانێکی بەکاریان بۆ نەدۆزیوەتەوە•

شێرپەنجە نەخۆشی‌یەکی کۆنو بێ‌میکرۆبە هەزارەها ساڵە مرۆڤ دەکوژێتو چارەسەرکردنی دەگمەنە •

هۆیەکی گرنگی بە شێرپەنجە تووشبوون بریتی‌یە لە بەکارهێنانی (خواردن یان بۆنکردن)ی هەندێك لە ماددە کیمیایی‌یەکان وەکو ماددەی ئەسبێست یان بەنزین یان ماددەی‌تر •

ئەم وتارە باسی ئەو ماددە کیمیایی‌یانە دەکات کە مرۆڤ تووش شێرپەنجە دەکەن •

# میـــژوو

شێرپەنجە نەخۆشی‌یەکی کۆنە ، بەڵگە دۆزراوەتەوە کە نەخۆشی‌یەکە پێش ملیۆنە ساڵێك هەبووە، بۆ وێنە ئەو لەشانەی لە (جـاوە) لە ســاڵی ١٨٩١دا دۆزراونەتەوەو بوون بە بەرد هەروەها مۆمیاکانی[١٠] میـسری‌یەکان‌و هیندی‌یەکان نیشانەی نەخۆشیی شێرپەنجەیان پێوە دۆزراوەتەوە ، بەتایبەتی هەندێك لە مۆمیاکانی (جیزە) لە ئەهرامەکانی میسر شێرپەنجەی ئێسقانیـان پێوە دۆزیوەتەوە • لە لایەکی ترەوە نوســینە کۆنەکانی یۆنانی‌یــەکان بــە (٢٥٠٠) ساڵ پێش‌زایین باسی نەخۆشیی شێرپەنجەو تیمارکردنی بە هــۆی بڕینی شوێنە نەخۆشەکە بە چەقۆ کردوە •

مێژووی هیندی‌یەکان باسی جۆرە تیمارێکی شێرپەنجە دەکات (٥٠٠) ساڵ پێش زایین • ئەوەش بە هۆی دەرمانی گیراوەی زەرنیخ[١١] شێرپەنجەکەی فەوتاندوە •

ئەبوقرات کە نۆشدارێــکی یۆنانی بەناونگ بوو ، ٤٠٠ ســاڵ پێش زایین وەسفی گەلێك نەخۆشیی کردوە ، یەکێك لەوانە شێرپەنجەی مەمکە • نۆشدارە[١٢] عەرەبەکان لە سەدەی دوازەهەم‌دا دەیان‌توانی شێرپەنجــەی گەدە[١٣] دەستیشان بکەن‌و چارەسەری بکەن • ئەم جۆرە پشکنینەیـان بە هۆی دەنگی قورگی نەخۆش نیشان دەکرد •

لە سەدەکانی ناوەڕاستی[١٤] مێژوودا هەموو ئەزانین کە زانیـاری‌و رۆشنبیری دواکەوت‌و شارستانی پشت‌گوێ خرا ، بۆیە هیچی وا گرنــگ لەم ماوەیەدا کە شیانی‌باس بێت ڕووی نەدا •

پاش ساڵەکانی نـاوەڕاست بەرەبــەرە زانست‌و نۆشداری سەری هەڵدایەوەو بووژایەوە ، بۆ وێنە ناوی چەند زانایەکی نۆشداری ئەو چەرخە ئەنووسین :

ئەمبرۆیس پارا Ambroise Pare (١٥١٠ — ١٥٩٠)

دوکتۆر فالۆپیۆس Fallopius (١٥٢٣ — ١٥٦٢)

نەخۆشیی شێرپەنجە یان ( لووەپیـــە ) چی‌یەو لەکوێی لەش پەیدا دەبێت ؟ بۆ وەلامێکی سەرەتایی‌و ئاسانی ئەم پرسیارە دەلێین : شێرپەنجە نەخۆشی‌یەکی پیس‌و گرانە ، ئەشێ تووشی هەموو ئەندامێکی لەش ببێت ، وەکوو پێست ، ئێسقان ، خوێن یان لەمف [١٥] . لەوانەیە هەندێك جار تووشی ڕیخۆلەکان یان پەنکریاس یان جەرگ یان گورچیلە ببێت .

**شێرپەنجە چی‌یـە ؟؟**

نەخۆشی شێرپەنجە بە دروستکردنی خانەی [١٦] نائاسایی [١٧] لەنـاو شانەکان دەست‌پی‌دەکات [١٨] . ئەم خانە نائاسایی‌یە ناوکێکی زور گەورەی هەیەو یەکجار چالاکە . توانـای زیادبوونـی زۆرەو زوو زیـاددەکات‌و خانەکۆنەکان دەفەوتێنێت‌و بە شێوەیەکی نائاسایی شانەی ناقۆلاو بـەرز دروست‌دەکات . شانە تازەکان واتە (شانە شێرپەنجاوی‌یەکان) [١٩] وەکـوو شانەی ئاسایی پیشە نابینێت‌و ڕەوشت‌و سیفەتیان سەیرو غەریبە . غەریبی‌و نالەباریی شانەی شێرپەنجەیی لەوەدایە کە بەبێ ئامانج‌و بەبێ یاسا زیاددەکات‌و گەورە دەبێت‌و شانە ئاسایی‌یە کۆنەکان دەکوژێت. واتە شانەی شێرپەنجاوی لە کەرت‌بوون‌و لە خواردنی خۆراك‌و بەکارهێنانی ئۆکسجین‌دا چالاکە .

لە لایەکی ترەوە خانەو شانەی شێرپەنجاوی دەش‌توانێت لە شوێنێکی لەشەوە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر بە هۆی شلاوی لەمف‌و خوێنەوە . سروشتی‌یە ، ئەگەر خانە شێرپەنجەیی‌یەکان نەفەوتێنرێن‌و نەکوژرێـن ئەوا شێرپەنجە پەرەدەسێنێت‌و نەخۆشەکە دەکوژێت .

## نهێنی‌یـەکانی ژیـان

بۆ ئەوەی لە بن‌و بنچینەی شێرپەنجە بگەین پێویستە باسێکی کورتی ژیان بکەین . ئایا ژیان چی‌یەو لـە کوێ‌وەو چۆن دەست‌پی‌دەکات ؟ ئایـا

بن‌وبنچینەی ژیان لە کۆنەوە بەچی دەستی پێ کردوە ؟ .. ئایا ژیان بە زەبری هێزێکی بێ‌شوماری کوتوپڕ کە نازانین چی‌بە دەستی‌پێ‌کردوە ؟؟. یان ئەم ژیانەی ئێستا چ ڕووەك‌و چ گیانلەبەر لە کۆنەوە پەرەی سەندوە.. واتە : یەکەم شانەی ژیان یان یەکەم خانەی ژیان کە دروست بووە زۆر بە شێوەیەکی ئاسانو بێ گرێ [٢١] بووە . بەڵام بەرە بەرە خانەکانو شانەکان زیادیان‌کردوەو ئاڵۆزاون [٢٢] هەتا گەیشتوونەتە ئەمڕۆ .

بێ گومان لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دەکرێت ئەویش ئەمەیە : ئایا واتای «ژیان» چی‌یەو بە چی دەگوترێت ؟؟ چونکە خانەیەك دەتوانێت بە تەنها بژیت لە هەمان کاتا ڕووەکێك یان گیانلەبەرێك یان مرۆڤێك کە ژمارەیەکی یەگجار زۆر لە خانە هەیە لە لەشیا هەمیشە دەژیت. لێرەدا وشەی «ژیان» بە گوێرەی هەردووکیان جیان . مردنو ژیانی خانەیەك جودایە لە مردنو ژیانی مرۆڤێك چونکە مردنی مرۆڤ بە مردنی کۆمەڵێکی یەگجار زۆر بە جورەها خانەو شانەوە بەستراوە .

بۆ وێنە یەکێك لە زاناکان [٢٣] ژمارەیەك لە خانەکانی لەشی مریشکی بەخێو کردو نەیهێشت خانەکان بمرن بۆ ماوەی (٤٠) ساڵ چونکە ئەم زانایە ئاگاداریی خانەکانی دەکردو بە شێوەیەکی زانستی‌یانە پەروەردەیانی دەکرد.

شیانی باسە وشەی (ژیان) تایبەتی‌یەکی بێ‌هاوتای [٢٤] هەیە لە نێوان گیانلەبەرەکاندا ، چونکە ژیانی مرۆڤ هەر تەنها ژیانێکی ئەندامی خانەکانو شانەکانی لەش نی‌یە بەڵکوو ژیانی مرۆڤ بە چالاکیی مێشكو بیرکردنەوەی لایەنە ڕۆحانی‌یەکان [٢٥] پەیوەندە .

بەشێك لە زاناکان ژیانیان پێناسەکردوە بە چەن وشەیەك وەکوو : «توانای وزە [٢٦] بەکارهێنانو خۆدروست‌کردن [٢٧] ، هەروەها توانای گۆڕینو گواستنەوەی گۆڕینەکان لە باوکەو دایکەوە بۆ منداڵو نەوە» .

ئەم پێناسەیە گەلێك فراوانەو تەنها ئادەمیزادو ڕووەك ناگرێتەوە • ئەم سیفەتانەو توانایانەی سەرەوە لەمێژەوە هەبووە لە سروشتدا[٢٨] بە شێوەیەکی ئاسان •

کۆنترین نەژادی[٢٩] ژیان بەڕای زاناکانەوە ماددەیەکە پێی دەڵێن (ترشە ناوکی‌یەکان) [٣٠] لە پێکهاتووی ناوکی هەموو خانەیەکدا هەیە • ترشە ناوکی‌یەکان[٣١] بریتین لە گەردی زۆر درێژو مەزن لە شێوەی تایبەتی خوارەوە (سەیری) وێنە ـ ١ بکە ) •




وێنە ـ ١

ئەم (کەلەگەردانەی) ناو ناوکی خانەکان هەموو سیفەت‌و ڕەوشت‌و ڕەنگ‌و گەورەو بچووکیی ئەو زیندوەرە یان ڕووەکەی تیادا هەیە • واتە سیفەتە ڕەچەلەکی‌یەکان‌و بۆماوەکان لەم کەلەگەردانەدا هەن • سیفەتەکان بەسەر گەردەکانی DNA و RNA دا بەشێوەی[٣٢] (جین) هەن...

RNA و DNA لەچی پێك هاتون؟ ئایا ئەو توخمانەی ترشە ناوکی‌یەکان دروست دەکەن چۆن بە یەکەوە یەکیان گرتووەو یەکەم خانەی ژیانیان پێکهێناوە؟ زانینی نهێنی دروستکردنی RNA DNA ملیۆنها ساڵ لەمەوبەر وەڵامی نهێنیی ژیان ئەداتەوە • نهێنیی ژیان بۆ کەس ساغ نەبۆتەوە هەرچی هەیە دەربارەی ئەم مەسەلەیە ناتەواوە •

مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێو هەمیشە دەپرسێت : « ئایا چۆن ئۆکسجینو هایدرۆجینو کاربۆنو فۆسفورو نایترۆجین یەکدەگرن بە یەکەوەو ترشە ناوکی‌یەکان دروستدەکەن ، کەچی ئۆکسجین بە تەنها یان کاربۆن یان فۆسفۆر بە تەنها ناتوانن ئەم جۆرە پیشەیە بکەن ، ناتوانن کەرت بنو زیادبکەن یان خواردن بکەن بە وزە یان چالاکی ژیانی تر بنوێنن •

بێ گومان ژیان دوو سیفەتی گرنگی هەیە :

١ ــ وزە بەکاردەهێنێتو وزە دەگوازێتەوە •

٢ ــ کەرت بوونی [٤٣] خانەو زیادبوونی ژمارەی خانەکانو قەبارەی زیندەوەر یان ڕووەك •

ڤایرۆس بچووکترین وێنەی ژیانە ، پێکهاتووە لە ناوکێكو بەس • ناوکەکە پێکهاتووە لە ترشە ناوکی‌یەکان RNA و DNA

دەورەی شریتی[٣٦] RNA و DNA بە چینێکی[٣٧] پرۆتین گیراوە •

لە ڤایرۆس ئالۆزاوتر بەکتریایە[٣٧] • بەکتریا بچووکترین ڕووەکەو لەشی بەچاو نابینرێتو برێتی‌یە لە یەك دانەخانە هەموو ئەرکەکانی ژیان جێبەجێ دەکات • کەچی لەشی گیانلەبەر یان ڕووەك لە ژمارەیەکی یەگجار زۆر خانەو شانە پێکهاتوون ، خانەوکانیان ڕێكو پێکنو هەر برێك لەو خانانە شانەی[٣٨] تایبەتی دروستدەکەنو هەر شانەیەك توانایەکی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ وێنە شانەکانی ئێسقان جیان لە شانەکانی گەدە •

خانەکانی ڕووەکیش ژیانی تایبەتی خۆی هەیە • ژیانی خانەی ڕووەك بە ماددەی کلۆرۆفیلەوە[٣٩] بەندە • ئەم جۆرە ژیانە پێی دەڵێن ( ژیانی بێ‌هەوا ) [٤٠] •

گیانلەبەر بە جۆرێکی تر دەژێت ، ئەویش بەکارهێنانی ئۆکسجینو سووتاندنی خواردەمەنی بۆ بەدەستکەوتنی وزە• ئەم جۆرە ژیانە پێی دەڵێن

(ژیانی هەوایی)[٤١] یان ژیان بە هۆی هەناسەدان • بۆ باش تێ گەیشتنی ئــەم مەسەلەیە تکایە کتێبێکی ژیانزانی [٤٢] بخوێنەرەوە • شیانی باسە هەردوو جیهانەکان جیهانی ڕووەکو جیهانی گیانلەبەر بەیەکەوە دەژین و پەیوەندی یان بە یەکەوە زۆرە •• وێنە ــ ٢ لە خوارەوە ئەو پێوەندی یە نیشان ئەدات :




خولی[٤٣] کاربۆن و پێوەندیی نێوان خانەی ڕووەک و خانەی گیانلەبەر هۆیەکانی شێرپەنجە [٤٤] • هەر وەکوو گوتمان هۆی شێرپەنجە بەڕاستی هەتا ئێستا نەزانراوە • هەرچی ئەڵێن هەموو قسەیەو تەخمینە • لە خوارەوە چەند خاڵێك ئەنووسین دەربارەی هۆیەکانی شێرپەنجە بەڵام قسەی خۆمان

بێت بڕوام بە هیچی نی یە چونکە هۆی ڕاستەقینەی شێرپەنجە جارێك ئاشکرا نەبووە •

هەر نەیسە ئەم هۆیانەی خوارەوە پێش نیاز کراون :

١ ــ بۆماوە [٤٥] واتە دەوری ڕچەلـەك‌و ڕەگەزی [٤٦] ئەو کەسـە • هەندێك لەزاناکان دەڵێن کە ئەو خێڵ‌و خێزانانەی کە نەخۆشیی شێرپەنجـە بـاوە لە ناویانْ ئەوا منداڵیان زۆر دوور نی‌یـە کە تووشی نەخـۆشی‌یەکە بن• بەڵام گەلێکی تر لە زاناکان ئەم پێشنیازە ناسەلمێنن‌و دەڵێن کە ١٠٪ شێرپەنجە لەوانەیە هۆی بۆماوەوە بێت •

٢ ــ هۆی گرنگی شێرپەنجە خواردن‌و بۆنکردنی ماددەی کیمیایی‌یە• دەتوانرێت بلرێت کە ٩٠٪ نەخۆشیی شـێرپەنجە بە هـۆی دەوروبەر [٤٧] تووشی مرۆڤ دەبێت • هۆیەکانی دەروبەریش ئەمانەن :

ا ــ مادده کیمیاییی زیاندار •

ب ــ جگەرەکێشان •

ج ــ جۆری خواردەمەنی •

د ــ خۆدان [٤٨] بە تیشکی بەهێز •

٣ ــ هۆیەکانی تر •

لە ئەمەریکا زۆربەی نەخۆشیی شێرپەنجـە تووشـی (شـێرپەنجەی سی‌یەکان) [٤٩] دەبن بە هۆی جگەرەخواردنەوە • ڕێژەی ئـەم نەخۆشـانە بریتی‌یە لە ٨٠٪ی ژمارەی نەخۆشیی شێرپەنجە •

٥٪ ــ ٨٪ی نەخۆشیی شێرپەنجە ئەوانەن کە تووشی نەخۆشی‌یەکە دەبن بە هۆی خۆدانیان بە تیشکی تایبەتی [٥٠] •

٣٪ی ئەوانە شـێرپەنجە دەگرن بە هـۆی زیادەخـواردنی کحوول‌و جگەرە بە یەکەوە •

١٪ ــ ٥٪ی ژمارەی شـێرپەنجە گرتـووەکان بە هـۆی مـاددەی کیمیایی‌یەوە تووشیان دەبێت •

بڵاوبونەوەی شێرپەنجە

بێ گومان کە شوێنێکی لەش تووشی شێرپەنجە دەبێت خانەکان دەگۆڕێن ، هەر وەکو گوتمان شێوەیان دەگۆڕێتو زوبەزوو کەرتدەبنو زیاددەکەن ، بەم جۆرە خانە کۆنەکان دەکوژن • تیمارکردنی ئەم جۆرە شێرپەنجەیە بە سێ جۆر جێبەجێدەکرێت :

١ـ بڕینی ئەو شوێنە نەخۆشە شێرپەنجاوی بە عەمەلیات •

٢ـ بە دەرمان •

٣ـ بە تیشك [٥٣] •

ئەگەر زوو مرۆڤ هەست بە نەخۆشی یەکەی بکات دەتوانێت ڕزگاری لێ ببێت بە نوشتەرکاری [٥١] • زۆربەی شێرپەنجە تیماردەکرێتو خاوەنی ڕزگار دەبێت لە نەخۆشی یەکە ، بەڵام مەترسیی شێرپەنجە لەوەدایە ئەگەر هاتوو پێی نەزانیت زوو ئەوا بڵاودەبێتەوە بۆ شوێنی تری لەش • نەخۆشی یەکە لە گەلێك شوێنی تر بە شێوەیەك تیمارناکرێت • گوازتنەوەی خانە شێرپەنجاوی یەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە لەشدا پێی دەڵێن (میتاستاسس Metastasis )و[٥٣] چەند مەرجێکی پێویستە بۆ گواستنەوە ، لەوانە :

١ـ وزەی پێویستە •

٢ـ دروستکردنی پرۆتینی تایبەتی •

٣ـ پێویستی بە شوێنی گونجاوە بۆ گواستنەوە هەیە •

٤ـ پێویستی بە ئەنزیمی [٥٤] تایبەتی هەیە •

Special Surface Receptor.

زاناکانو توێشدارەکان لە وڵاتە پێش کەوتووەکاندا خەریکن یەکێك یان زیادتر لەو چوار مەرجەی سەرەوە بەربەستبکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن خانەی شێرپەنجە بگوازێتەوە لەناو شانەکانی لەشو بڵاوبێتەوە •

وێنەی خوارەوە ( وێنە ـ ٣ ) چۆنێتیی گواستنەوەی خانەی شێرپەنجە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نیشانئەدات •

Tumor metastasis is an active process




Tumor cells invade at the primary tumor site and enter the interstitial stroma. They thereby gain access to blood vessels for further dissemination. They enter the blood vessels through the vascular wall (intravasation) and travel in the circulation as single cells or in clumps. They stop in the target organ and then exit the circulation (extravasation) to begin a secondary tumor colony called a metastasis

## ماددەی کیمیایی‌و شێرپەنجە :

هەروەکوو باسمان‌کرد لەسەرەوە ڕێژەیەکی زۆر کەمی ژمارەی شێرپەنجە واتە ٥ ــ ٦٪ لەوانەی تووشی دەبن هۆی نەخۆشبوونیان ماددەی کیمیایی‌یە ، کەچی خەلکی وا دەزانێت کە شێرپەنجە هەر بە هۆی ماددەی کیمیایی‌یەوە تووش دەبێت • بێ‌گومان ڕێژەی (٥ ــ ٦٪) ژمارەیەکی زۆر کەمە لەم نەخۆشانەو ئەم هەموو ترس‌وهاوارو تۆقینەی خەلك لە ماددەی کیمیایی بێ‌مەعنایە • بەلام هەرچەندە ژمارەکە کەمە نابێ ئێمەش پشت‌گوێی بخەین •. ئەگە زانیمان ماددەیەکی کیمیایی مرۆڤ‌تووشی شێرپەنجە دەکات پێویستە هاوولاتی‌یەکان ئاگاداربکەین بۆ خۆپاراستن[٥٥] لەو ماددەیە • بێ‌گومان ئەمرۆ بەبۆنەی پەرەسەندنی پیشەسازیی کیمیایی‌و پێش‌کەوتنی ژیانی شارستانی‌و دروست‌بوونی ئامێری[٥٦] نوێ‌و ڕێگای تازە بۆ شی‌کردنەوەی ماددە کیمیایی‌یەکان‌و تاقی‌کردنەوەی مەترسی‌یەکانی بۆ مرۆڤ ، لەبەر ئەمە زانیاریی مرۆڤ زیادی‌کردوە دەربارەی هەموو شتێك بە گوێرەی ٤٠ ــ ٥٠ سال لەمەوبەر • ئەم پێش‌کەوتنە بوو بە هۆی ئاشکراکردنی زیانی گەلێك لە ماددە کیمیایی‌یە کۆنەکان‌و تازەکان • هەر

ماددەیەکی کیمیایی کە تازە دروستدەکرێت لە هەر شوێنێکی دونیا ، لــە ئەمەریکا تاقیدەکەنەوە بەسەر جرجو مشكو کەروێشكو گیانلەبەری تر بۆ ئەوەی بزانن ئایا ماددەکە شێرپەنجە دروست دەکات لە لەشی ئەوگیانەوەرە یــان نـا ؟

لە ئەمەریکا ڕێکخراوێك هەیە بە ناوی
Occupational Safety and Health Association .

بە کورتی پێیدەڵێن ( OSHA ) • ئەم ڕێکخراوە هەمــوو کارگــەو پیشەسازییەکان دەپشکنێنێ بۆ ئەوەی زیان بە تەندروستیی کرێکارەکانی نەگەیەنێت • هەروەها نابێ ئەو کارگەو پیشەسازییانە ماددەی زیانبەخش بە تەندروستیی هاوولاتییەکان دروستبکەنو بیفرۆشن •

بە ڕاستی ( OSHA ) بووە بە کۆسپێکی گرنگ بەرامبــەر خــاوەنی کارگەو خاوەنی پیشەسازی کیمیایی بە شێوەیەکی تایبەتی چونکە هەمــوو ڕۆژێك بیانوویەکی تازە ئەدۆزنەوە دژی دروستکردنی ماددەی کیمیاییو ماددەی تر • ڕۆژ نییە شکات نەکرێت لە کارگەیەك لە لایەن OSHA ەوە•

بەم جۆرە هاوولاتییەکان ڕێکخراوی ( OSHA ) باش دەناسنو بــە هۆیەوە مەترسییەکانی ماددەی کیمیایی شارەزابوونو وایان لێهاتووە هەموو ماددەیەك بە ماددەیەکی پڕ مەترسی دەزانن • نەك هەر ئەمە بەڵکو گەلێك کەس وا دەزانێ هەموو شێرپەنجەیەك بە هۆی ماددەی کیمیاییەوە تووش دەبێت •

ئەم جۆرە بڕوایە وەکوو گوتمان ڕاست نییە ، چونکە بۆ دووەم جار دەڵێین ڕێژەیەکی زۆر کەم (٥٪)ی شێرپەنجە بە هۆی ماددەی کیمیــایی تووش دەبێت • لە لایەکی ترەوە دەبێ بزانین کە هەموو ماددەیەکی کیمیایی شێرپەنجەت تووش ناکات •

ئایا کاربەدەستەکان لە ئەمەریکا چۆن دەزانن کە ماددەیەك لە مــاددە

کیمیایی‌یەکان شێرپەنجە پەیـدادەکات ؟ ئەم جـۆرە زانینـە لە ئەنجـامی تاقی‌کردنەوەی تایبەتی بەسەر ماددەکە ئاشکرادەکرێت •

تاقی‌کردنەوەکە جێبەجێ دەکرێت بەسەر زیندەوەر وەکوو مشـك‌و جرج‌و مریشك‌و مەیموون • ماددە کیمیایی‌یەکە بە قەبارەیـەکی تایبـەتی تێکەڵ بە خۆراکی ئەو گیان‌لەبەرە دەکرێت‌و دەرخواردی دەدرێت بۆ ماوەی مانگێك یـان دوان یان سـیان • لەو ماوەیـەدا خـوێنی گیان‌لەبـەرەکە شی‌دەکرێتەوەو چـاودیری [٥٧] گیان‌لەبەرەکە دەکرێت ئایـا نەخـۆشی دەگرێت یان ماددەکە هیچ کاری لێ‌ناکات ؟؟ نیشانەی نەخۆشیی شێرپەنجە بە پشکنینی تایبـەتی ئاشکرا دەبێـت • بەم جۆرە زانـاکان دەتوانن کارو ڕەوشتی ماددەکە بدۆزنەوە• هەندێك لە ماددە کیمیایی‌یەکان بێ زیـان‌و هەندێکی تریان زیانێکی کەم بە گیان لەبەرەکە دەگەیەنێت کەچی جووتێکی‌تر هەن کە زیانێکی بەهێزو گەورە ئەدەن بەگیان‌لەبەرەکە واتە ئەم جوونـەی دوایی پڕمەترسین‌و لەوانەن کە مرۆڤیش نەخۆش بخەن •

ئەو ماددانەی کە بە قەبارەیەکی کەم شێرپەنجە دروست‌دەکەن لە لەشی گیان‌لەبەرەکان ناسراون‌و بە ماددەی (پڕمەترسی)و شێرپەنجاوی[٥٨] ژمێراون• ژمارەیەکی زۆر لە ماددە کیمیایی‌یەکان لەم چەشنـەن واتە شێرپەنجـاوین Carcinogenic [٥٩] • ماددە شێرپەنجاوی‌یەکان ڕەنگە لە هەزار ماددە زیاددتر بن‌و دابەش‌کراونەتە سەر ئەم جۆرانەی خوارەوە :

١ ـ هایدرۆکاربۆنەکانی ئەرۆماتی [٦٠] Aromatic Hydrocarbon

٢ ـ ئەمینە ئەرۆماتی‌یەکان [٦١] Aromatic Amines

٣ ـ ئاوێتەکانی نایترۆدار [٦٢] Nitro - Compounds

٤ ـ ئاوێتەکانی ئازۆدار [٦٣] A30 - Compounds

٥ ـ هایدرازینەکان [٦٤] Hydragines

٦ ـ ئازۆو ئازۆکسی‌یە ئاوێتەکان A30 and Aroxy Compounds

٧ ـ هەموو ماددە ئەلکیلێنەرەکان [٦٥] Alkylatmy Agents

٨ ــ هەندێك لە مادده نائەندامی‌یەکان [٦٦] •

٩ ــ هەندێك ماددەی سروشتی : وەکو

١٠ــ پاشماوەی ژیانی بەکتریا [٦٧] •

١١ــ کەڕوو [٦٨] •

١٢ــ ڕووەك •

شیانی باسە ژمارەیەکی کەم لەو هەزار ماددە شێرپەنجاوی‌یانەی بەڕاستی مرۆڤ تووشی شێرپەنجە دەکەن ئەوەکانی تر لە گومان‌دان‌و[٦٩] زیانیان بە تەواوی ئاشکرا نەبووە لە لایەن هەموو شێرپەنجە زاناکان‌و تاقیگەکانەوە [٧٠] (٣٠) مادده لەو هەزار ماددەیە زۆر جێگای مەترسین‌و پێویستە ئاگاداری بەکارهێنانیان بین •

یەکەم کەس کە هەستی کرد بە زیانی ماددەی کیمیایی‌و هاندانی نەخۆشیی شێرپەنجەکرد دوکتۆر سێر پێرسیڤال پۆت Sir percival pott بوو کە ئاشکرای کرد (٢٠٠) ساڵ لەمەوبەر • ئەم زانایە بۆی دەرکەوت کە هێسی[٧١] باگردانی گەرماو لەوانەیە نەخۆشیی شێرپەنجە دروست بکات • لەم دوایی‌یەدا دەرکەوت کە هۆیەکە بوونی ماددەی هایدرۆکاربۆنی ئەرۆماتی‌یە لەناو هێسەکە ، هەروەها لە ساڵی (١٨٢٠) پارس J. A. Pars پێوەندیی ماددەی زەرنیخی [٧٢] بەشێرپەنجەوە دۆزی‌یەوە •

خشتەی (ژمارە ــ ١ ) لە خوارەوە ناوی چەند ماددەیەکی شێرپەنجاوی نیشان ئەدات •

خشتە ــ ١

ناوو یاسای کیمیایی چەند مادەیەکی شێرپەنجاوی [٧٣]

| ناو | | یاسا |
|---|---|---|
| ١ ـ ماددەی نائەندامی : | | |
| زەرنیخ | Arsenic | As |
| بریلیوم | Berilium | Be |
| کادمیوم | Cademium | Cd |
| کرۆمات | Chromate | $CrO_4^{-2}$ |



| ناو | یاسا |
|---|---|
| ئاوێتەی تیتانیۆم | Ti-Compounds |
| ئەسبێست | Asbestos (٧٤) |

٢ - ئاوێتە هایدرۆکاربۆنەکانی ئەرۆماتی :

ا - ئالقەی بنزین و هاوڕێکانی



فینانثرین
(١)



ئەنثراسین
(٢)



نەفثالین
(٣)



بەنزین
(٤)

ب - ئەمینە ئەرۆماتییەکان



(٥)



(٦)



(٧)



(٨)



(٩)



(١٩)

$CH_3I$

(١٨)



کلۆریدی بەنزیل

(٢٠)

$CH_2N_2$

دایازۆمیثان

(٢١)



(٢٢)

| باسا | ناو |
|---|---|

و - ماددە ئەلکیلینەرەکان :



(٢٣)



(٢٤)



(٢٦)



(٢٥)

ژ - چەن ماددەیەکی سروشتی وەکوو (٧٥)

١ - ئەفلاتۆکسین AFLATOXIME



(٢٧)



ئازۆ
(١١)



(١٠)

| باسا | ناو |
|---|---|
| | |

د- ئاوێتەی N- نایترۆزۆ:



(١٢)



(١٣)



(١٤)



(١٥)

هـ- هایدرازینی ئەلیفاتی:

$NH_2-NH_2$

هیدرازین
(١٦)



(١٧)

و- مادە ئەلکیلێنەرەکان Alkylating Agents

٦- سابکاسین Cycasine

$$CH_3-\overset{O}{\overset{\uparrow}{N}}=N-CH_2O-GLUCOSE$$

(٢٨)

ه- سافرۆڵ Safrole وئایسۆسافرۆڵ Isosafrole



(٢٩) (٣٠)

سافرۆڵ ئایسۆسافرۆڵ

زۆربەی مەترسیی شێرپەنجە لەو کارگەو پیشەسازی‌یانەوە(٧٦) دێت لەگەڵ ماددەی قیرو بۆیـاغ یان کانزای بریلیـوم Beryllium ( Be ) یـان کۆبالت( Co ) ( Ni ) یـان کاردەکەن . هەروەهـا ئەوانـەی کاردەکەن لە کارگەی دروستکردنی کرۆماتو ئەسبێستـ(٧٤) لەوانـەن تووشی شێرپەنجە بن بە مەرجێك ماوەیەکی زۆر لەو کارگانـە کاربکەن . لەم ساڵانەی دوایی‌دا گەلێك ماددەی کیمیایی ئاسایی قەدەغەکرانو هەرگیز نابێ بۆ هەڵگرتنی خۆرادەمـەنی بەکاربهێنرێن چونـکە تاقی‌کردنـەوەکان ئاشکرای کرد کە ماددەکان دەبن بە هۆی شێرپـەنجە دروسـتکردن لـە مرۆڤ‌دا بۆ وێنە ماددەی فۆرم ئەلدەهاید ( H - e - H ) .٠ فۆرم ئەلدهاید لە دەرمانخانەکان هەیەو دەفرۆشرێت لە ژێر ناوی فۆرمالین Formalin ئەم فۆرمالینە برێتی‌یە لە گیراوەی ٣٨ ــ ٤٠٪ فۆرم ئەلدهاید لەنـاو ئاو . دە پازە ساڵێك لەمەوبەر تاقی‌کردنەوەی زاناکان ئاشکرای کرد کە فۆرمالین

شێرپەنجاوی‌یە واتە ئەگەر هاتوو بۆنی فۆرمالین بۆ ماوەیەکی زۆر بکەیتەو لەگەڵیادا کاربکەیت لەوانەیە شێرپەنجەت تووش بکات • لەبەر ئەم دۆزینەوەیە لە ئەمەریکا هەڵسان ماددەی فینۆڵ فۆرم ئەلدهایدیان[٧٧] بۆ بۆیاغ‌کردنی خانوو لە ژورەوە قەدەغەکرد • فینۆڵ فۆرم ئەلدهاید ماددەیەکی لینجە لە بابەتی پۆلیمەرەکانە [٧٨] ، هەروەها فینۆڵ فۆرم ئەلدهاید یەکەم ماددەی پلاستیکە [٧٩] کە بە هۆی پیشەسازی مرۆڤەوە دروست‌کراوە• ئەم ماددە پلاستیکە ئامادەدەکرێت لە کارلێکی [٨٠] کیمیایی نێوان فۆرم ئەلدهایدو فینۆڵ وەکوو لە خوارەوە نیشانی ئەدەین •



هەروەکوو گوتمان ماددەی فینۆڵ فۆرم ئەلدهاید کە دروست‌کرا ساڵی ١٩٠٧ ماددەیەکی هەرزان بوو خەڵکی بەکاری‌دەهێنا بۆ بۆیاغ‌کردنی خانوەکانیان بە تایبەتی لەناوەوە • کەچی لە ساڵەکانی ١٩٦٥ ـ ١٩٧٠ زاناکان بۆیان دەرکەوت کە هەندێك لە ماددەی فۆرم ئەلدهاید بەرەڵا دەبێت لەناو ئەم خانوانەدا • قەبارەی فۆرم ئەلدهایدەکە هەرچەند زۆر کەمەو دانیشتووانی خانوەکان هەستی پێ‌ناکەن بەڵام ماددەکە بە درێژایی ساڵەکان فۆرم ئەلدهایدەکە هەڵدەمژن لەگەڵ هەناسەو لە لەشیان‌دا کۆمەڵ دەبێت ، ئەمەش دەبێتە مەترسی پێکهێنانی شێرپەنجە •

بەم‌جۆرە پلاستیکی فینۆڵ فۆرم ئەلدهاید قەدەغەکرا بۆ بەکارهێنانی لە خانوو کردن یان بۆیاغ‌کردنی خانوو لە ژوورەوە یاخود بۆ خواردنو خواردنەوە هەڵگرتن •

هەروەها (١٥) ساڵێك لەمەوبەر پلاستیکی ( PVC ) [٨١] هەمان مەسەلەی بەسەرهات • زاناکان بۆیان ئاشکرا بوو کە ماددەی کلۆریدی

ڤـاینیل Vinyl Chloride شێرپەنجاوی یە • کلۆریدی ڤاینیل پـلاستیکی لێدروستدەکرێتو ناوی پلاستیکەکە • بریتی یە لە پـۆلی (کلۆریـدی ڤـاینیل ) واتـە Poly ( Vinyl Chloride ) • زانـاکان سرنجیاندا کە PVC بە گەرما شیدەبێتەوەو ماددەی کلۆریدی ڤاینیل واتە : بەرەڵادەکات •

ئەم ئەنجامانە نەبوون بە هۆی ئەوەکە کاربەدەستانی ئەمەریکا PVC بۆ بەکارهێنانی خواردەمەنی هەلگرتن قەدەغەبکات • واتە نابێت بۆ وێنە ، رۆنی خواردن بکەینە ناو قوتوویەکی پلاستیك کە لە پۆلیمەری[٧٨] PVC دروستکراوە • بەداخـەوە چەنـد سـالێك لەمەوبـەر کومپـانیای دروستکردنی[٨٢] رۆنی رووەکی لە بەغدا رۆنی زەیتی کچی (زيت البنت) دەکردە ناو قـاپی پلاسـتیکی PVC • منیـش لەوێ ئـەو کاتـە پسپۆریان[٨٣] بوومو حەفتەی رۆژێك دەچووم بۆ کومپانیاکە بۆ ئەوەی یاریدەی ئیشکەرەکانو مهندیسەکانیان بدەین • زۆر باش لەبیرمە کە بـە کاربەدەستانی کومپانیاکەم گوتو مەترسی یەکانی م بۆیـان باش PVC روونکردەوە • بەڵام کەس گوێی نەدامێ • بەڕاستی مەسەلەی PVC شێرپەنجە تووشکردنی دەگەڕێتەوە سالی ١٩٧٤ • لەم ساڵەدا لە ئەڵمانیـا تەنها ١٧٦) لە کرێکارەکانی کارگەی PVC نەخۆشیی شێرپەنجەیـان گرت ، هەندێکیان تووشی شێرپەنجەی پێست بوونو هەندێکیان تووشـی شێرپەنجەی خوێنو هەندێکی تریـان شێرپەنجـەی جۆربەجۆر وەکـوو شێرپەنجەی سی یان سپڵ[٨٤] •

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە کاربەدەستانی ئەڵمـانیا یاسـای کـۆنی کارگەکانی PVC یـان گۆڕیو بڕیاریاندا کە رێژەی PVC مۆنومەرەکەی واتە (کلۆریدی ڤاینیل) نابێـت لە (٥٠) بەش لە هـەر[٨٥]

ملیۆنێکدا زیاتر بێت ، بۆ پاراستنی عەمەلەکان لە نەخۆشیی شێرپەنجە •

لەپاشان سەیریانکرد ئەو ڕێژەیەی سەرەوە دیسانەوە بەرزەو چەند کەسێك تووشی شێرپەنجەی جەرگ بوون لە عەمەلەکانی گارگەی PVC ئەوە بوو یاساکەیان دووبارە گۆڕی‌و ڕێژەکەیان داگرتە خوارەوە بۆ (٣٠) بەش لە ملیۆنێك • لەم دواییەدا ڕێژەکەیان زیادتر هێنایە خوارەوەو کردیانە یەك بەش لە ملیۆنێك • شیانی باسە چەند گارگەیەکی پیشەسازی PVC لە سوەید وازیان لە پیشەسازی‌یەکە هێناو کارگەکانیان قەپاتکرد لەبەر زیانی ماددەکە بۆ تەندروستیی کرێکارەکانی کارگەکە •

بێ‌گومان لێکۆڵینەوەی ماددە شێرپەنجاوی‌یەکان کارێکی ئاسان نی‌یە ، بە تایبەتی چونکە ماوەیەکی زۆری پێویستە بۆ زانینی ئەنجام • خۆ ئەگەر ماددەکە کاریگەر [٨٦] نەبێت‌و بە ئاسانی شێرپەنجە پەیدا نەکات واتە ( مام ناوەندی)[٨٧] بێت لە ڕادەی شێرپەنجاوی ئەوا لە تاقی‌کردنەوەی ماددەکە لەوانەیە دیارنەدا • واتە ئەم جۆرە ماددانە کە تاقی دەکرێنەوە بەسەر مشك‌و کەرویشك‌و مەیموون ئەنجامەکان بێ زیان دەردەکەوێت واتە شێرپەنجە تووشی گیانلەبەرەکان ناکات کەچی ئەگەر هاتوو بۆ ماوەی (٢٠ ــ ٣٠) ساڵ ماددەکە دەرخواردی ئەو گیانلەبەرانە بدەیت لەوانەیە نەخۆشیان بخات •

دەمەوێ لێرەدا بۆ خوێنەری بەڕێز ئاشکرای کەم کە جۆرو چەشنی تاقی‌کردنەوەی ماددەی کیمیایی بەسەر گیانلەبەردا بۆ زانینی کاری بەسەر تەندروستی‌و شێرپەنجە پەیداکردن پرۆژەیەکی زۆر قورس‌و بەبهایە [٨٨] • پارەیەکی زۆری پێویستە جگە لە زانایی • بۆ وێنە ئەمەریکا یەکەم دەوڵەتە لە پارەسەرفکردن‌و زانایی دەربارەی ماددە شێرپەنجاوی‌یەکان • تاقیگەی تایبەتی تەرخانکراون بۆ تاقی‌کردنەوەی هەر ماددەیەکی کیمیایی نوێ• هەر ماددەیەکی کیمیایی نوێ کە تاقی دەکرێتەوە لە تاقیگەکانی [٨٩] ئەمەریکا

(٧٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی تێدەچێت . لەم تاقیکردنەوەیەدا (٥٠٠) گیانلەبەر وەکوو جرج ، مشك ، ماسی ، کەروێشك ، ورچ .. هتد پێویستە بەکاربهێنرێن .

توانای تاقیگەکانی ئەمەریکا دەور (٧٠٠) ماددەیە سالی . واتە هەر ساڵێك(٠٠)ماد٧دەی کیمیایی دەپشکێنرێن و تاقی دەکرێنەوەو هەزران ماددەی کیمیایی نوێ ماون و چاوەڕێی نۆرەیانە بۆ تاقیکردنەوە . سروشتییە کە گەلێك لەو ماددانە تاقی ناکرێنەوە چونکە پێیا ناگەن .

ئەوەی ڕاستی بێت پێویستی بە دۆزینەوەی تەکنۆلۆجیایەکی [٩٠] تایبەتیی نوێ هەیە بۆ پشکنینی ماددە کیمیاییەکان بە شێوەیەکی خێراترو ئاسانترو هەرزانتر .

ئەگەر هاتوو کیمیازانەکان میکانیسمی[٩١] کارلێکردنی ماددە کیمیاییەکان بەسەر پێکهاتووی خانەکاندا بۆ ئاشکرا بوو ئەوسا دەتوانرێت بەبێ تاقی کردنەوەی ماددەکە بەسەر گیانەوەو بڕیار بدرێت ئایا ماددەیەکی کیمیایی لە وانەی شێرپەنجاوی بێت یان نا ؟ بەلام بەداخەوە هەتا ئێستا کەس ئەم جۆرە میکانسمەی [٩١] بۆڕوون نەبۆتەوە .

مێژووی ئاشکرابوونی شێرپەنجاوی ئەمینە ئەرۆماتییەکان [٩٢] دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٨٩٥ . لەم ساڵەدا نۆشداری ئەلمانی لە شاری فرانکفۆرت دوکتۆر ڕێن L. Rehn سەیری کرد ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کاردەکەن لە پیشەسازیی ئەنیلین[٩٣] تووشی شێرپەنجەی میزلدان بوون . بەم بۆنەیەوە ناوی شێرپەنجەکەی نا بە نەخۆشیی ئەنیلین[٩٤] ، هەرچەندە زاناکان لەم دواییەدا بۆیان دەرکەوت کە هۆی شێرپەنجەکە ماددەی ترە وەکوو بێتا ــ نافثیل ئەمین یان بەنزیدین :


(٢١)
بێتا - نافثیل ئەمین


(٢٢)
بەنزیدین

## چۆنێتیی کارکردنی ماددەی شێرپەنجاوی

زۆربەی ئەو ماددە کیمیاییانەی کە شێرپەنجە تووشی مرۆڤدەکەن لە ڕاستیدا خۆیان نین کە شێرپەنجەکە پێکدێنن ، بەڵکوو ماددەی کیمیاییی نوێ لە ماددەکەی یەکەم دروست دەبێت بە کارلێکی کیمیاییو ئەم ماددە تازانە هۆی دروستکردنی خانە شێرپەنجاوین • بۆ وێنە گەلێك لە ئاوێتە ئەندامییەکان [٩٥] کە ناسراون بە شێرپەنجاوی کە دەچنە ناو خانەو شانەکانی لەش پێکهاتوویان دەگۆڕێتو دەبن بە ماددەی (ئەلیکرۆن [٩٦] خواز)و ئەوسا دەتوانن کۆمەڵەی ئەدکیل [٩٧] یان ئەریل [٩٨] بە پێکهاتووی ئەنزیمەکانەوە بەند [٩٩] بکەن • ئەوەش بێ گومان چالاکیو کەڵکی ئەنزیمەکە کەمدەکاتەوە یان هەر بە جارێك نایهێڵێت • جگە لە بەنزین کە گوایە شێرپەنجەی خوێن [١٠٠] تووشدەکات ئەم دوو ئاوێتە ئەرۆماتی یانە ناسراون بە شێرپەنجاوی •



(٢٦)

٣، ٤ - بەنزپایرین



(٢٥)

١، ٢؛ ٦، ٥ دوو بەنز ئەنتراسین

3,4 — Benzpyrene 1,2; 6,5 — Di benzanthracene

شیانی باسە کە هەموو ئاوێتە ئەرۆماتییەکان وەك یەك نین لەکارکردنی شێرپەنجە دروستکرن لە مرۆڤدا • بە گوێرەی چەشنو جۆری پێکهاتووی گەردی ئاوێتەکە کاری ماددەکە دەگۆڕێ • بۆ وێنە ئاوێتەی نافثاسین بێ زیانە ، هەروەها ئەو ئاوێتانەی لە نافثاسین دەگیرێتەوە هەموو بێ زەرەرن بۆ شێرپەنجە کەچی ئاوێتەی ( ١ ، ٢ ــ بەنزئەنتراسین) کە بریتییە لە گەردێکی نزیك بە نافثاسین (ئایسۆمەر [١٠١] Isomer ) •

، شێرپەنجاوی‌یەکی بەهێزە ، 1,2 - Benznaphthacene هەروەها مـاددەی شێرپەنجاویی نوێ دروست‌دەکات پاش تووش‌بوونی شانەکان .



(٣٨)

Naphthacene نافثاسین



(٣٧)

٢،١ ـ بەنزنەفثاسین

بە شێوەیەکی گشتی ئەو پێکهاتوانەی کە لە ئاودا باش دەتوێنـەوەو هەردوو ماددەکانی سەرەوە ئامادە دەکرێن بۆ وێنـە خستنی کۆمەڵـەی هایدرۆکسیل[١٠٣] بەسەر ئەڵقەکانی پێکهاتووەکانی سەرەوە کاری شێرپەنجە تووش‌کردنی ماددەکان کەم دەکاتەوە .

لەلایەکی ترەوە لە فەرەنسا تیۆری‌یەکی نوێ دانرا بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی کارکردنی ماددە شێرپەنجاوی‌یەکانی سەرەوە . ئەم تیۆری‌یـە ژن‌و مێردیکی فەرەنسی بە ناوی پولمان Pullman لە ساڵەکانی پەنجـا پێشنیارکران . تیۆری‌یەکە دەڵێ :

توانایی شێرپەنجە دروست‌کردن لەلایەن ماددە کیمیایی‌یەکانی سەرەوە بەستراوە بە ڕادەی چڕیی[١٠٤] ئەلیکرۆن لـە هەرێـمی K ی[١٠٥] گەردەکە . هەرێمی K بریتی‌یە لەو بەندە چالاکەی لە وێنەکانی ژمارە (٣٥) ، (٣٦) ، (٣٧) نیشانکراون بە تیر[١٠٦] . واتـە پێویـستە گەردەکە هەرێمی ـ K هەبێت بۆ ئەوەی چالاك بێت لە شێرپەنجەکردن . چەند ساڵێك ئەم تیۆری‌یە لە ئاودا بوو بـەڵام لەم‌دوایی‌یـەدا ئەوەنـدە ماددەی شێرپەنجـاوی پەیـدا بوو . هەروەهـا دەرکەوت کە مـەرج نی‌یە

ئاوێتەکە [١٠٧] خۆی شێرپەنجە دروست‌بکات بەڵکوو لەوانەیە ئاوێتەکە کارلێك‌دەکات لەگەڵ ماددەکانی ناو خانەو ماددەیەکی نوێ دروست دەبێت کە توانای شێرپەنجە دروست‌کردنی هەیە •

بۆ وێنە زاناکان سەیریان‌کرد لەشی مرۆڤ دەتوانێت لە زیانی ماددەی ٣، ٤ ــ بەنزپایرین ( گەردی ژمارە (٣٦) لە سەرەوە ) ڕزگاربێت بە هۆی کارلێکی ئەنزیمی تایبەتی بەسەر ماددەکەیاو کۆمەڵەی هایدرۆکسیل بەند دەبێت بەسەر ئەڵقەکانەوە • ئەمەش دەبێتە هۆی تواندنەوەی ماددە تازەکە لەناو ئاوو دەرچوونی لە لەش لەگەڵ میز • بە پێچەوانە ئەگەر هاتوو ماددەکە هایدرۆکسیلی نەخرایە سەرو بوو بە ئیپۆکساید واتە ئۆکسیدبوونی تەواو ڕووی نەدا ئەوا ئیپۆکسیدەکە توانای شێرپەنجەکردنی هەیەو ماددەکە لەوانەیە ئەو مرۆڤە نەخۆش‌بخات • چونکە ئیپۆکسیدەکە لەناو ئاودا ناتوێتەوە واتە لەگەڵ میز دەرناچێتە دەرەوە.



شێرپەنجاوی نییە

(٣٩)



(٤٠)

ئیپۆکساید

شێرپەنجاوییە

هەمان گۆڕینی پێکهاتووی چەند ئاوێتەیەك سرنج‌کران وەکوو ٢ ــ ئەسیتیل ئەمینۆ فلۆرین 2 - Acetylaminofluorine ( ئاوێتەی ژمارە ٤١ ) • ئەم ماددەیە خرایە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ لە ئەنجامدا ئاشکرابوو کە دوو ڕێگای کارلێکردن هەن لەناو شانەکاندا

(وێنەی ژمارە -٤):




(وێنە - ٤)

یەکەمیان بە هۆی ئەنزیمی تایبەتی دەگۆڕێتە ئاوێتەی ژمارە ـ ٤٢ کە کۆمەڵەی هایدرۆکسیدی بەسەر نایترۆجینەکەدا هەیە • ئەم ئاوێتەیە لەپاشان دەگۆڕێتە ئاوێتەی ژمارە (٤٤)و دەبێ بە گۆگردات• ماددەی (٤٤) ماددەیەکی شێرپەنجاوی‌یە • دووەم ڕێگای ئاوێتە ـ ٤١ بریتی‌یە لە گۆڕانی بۆ ئاوێتە ـ ٤٣ • ئاوێتە ـ ٤٣ کۆمەڵەی هایدرۆکسیلی بەسەر ئەلقە ئەرۆماتی‌یەکەیا هەیەو باش لەئاودا دەتوێتەوە • بۆیە لەش دەتوانێت لێی ڕزگاربێ بە هۆی میزەوە •

لێکۆڵینەوەیەکی چالاك بەردەوامە بۆ پشکنینی ئاوێتەکانی أزۆ ئەمینـەکان Amines . • وا دیارە ئەم جۆرە ئاوێتانە لەناو خانەکانی لەش ئۆکسان (١٠٩) دەبن بە هۆی ئەنزیمی تایبەتیو کۆمەڵەی هایدرۆکسیل دەخرێتە سەر کاربۆنێك لە کاربۆنەکانی ئاوێتەکەی ئازۆ یان ئەمین • ئەگەر ئەم جۆرە کارلێکە جێبەجێ کرا ئەوا ماددەکە دەتوانێ لەناو میز بتوێتەوەو ماددەکە دەرکرێتە دەرەوە • بەڵام ئەگەر هاتوو هـایدرۆکسیلەکە چـووە سـەر نایترۆجینی ئەمینەکە یان نایترۆجینی ئازۆ A30 ئەوا ماددە تازەکە ئەتوانێ شێرپەنجە دروست بکات •

شیانی باسە ئەو ماددانەی کە شێرپەنجە دروسـتدەکەن لـە لـەشی بەکتریاو (١١٠) مێشو (١١١) مەگەز پێی دەڵێن میوتاجین Mutagene کەچی ئەو ماددانەی شێرپەنجە تووشی گیانەوەری پێشکەوتوو دەکات وەکو گیانلەبەرە شیردارەکان بۆ وێنە مشكو جرجو کەروێشك پێیـان دەڵێن (شێرپەنجاوی) ( Carcinogene ) .

گرنگترین ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیە کە بۆ زاناکان دەرکەوت کە گۆڕین دەبێت لە پێکهـاتووی DNA (١١٢) گیانلەبەر ڕوودەدات پێش هەموو شتێك• ئەم گۆڕینـە DNA دەبێتە هۆی دروستکردنی خانەی شێرپەنجاوی، چونکە گۆڕینەکە جینەکان(٣٣) دەگۆڕێت، جینـەکانیش (٣٣) بنچینەی بینای لەشو پێکهاتنی گیانلەبەرن• گەلێك لەو ماددە کیمیاییانەی کە شێرپەنجاوین لەگەڵ DNA کاردەکەنو کۆمەڵەی ئەلکیل دەخەنە سەر گـەردی DNA • ئەم کارلێکە کیمیاییەش پێکهاتووی DNA دەگۆڕێتو هیچیتر ناتوانێت وەکوو جاران بە ئاسایی سیفەتە سروشتییەکان بگوازێتەوە ، واتە دەبێتە خانەیەکی شێرپەنجاوی • هەروەها نایترۆسۆئەمین (ئاوێتەی ژمارە ــ ١٥)و هایدرازینەکان (ئاوێتەی ژمارە ــ ١٦)و ئاوێتـە

ئەلیفاتیکەکانی ئازۆ (ئاوێتەی ژمارە ـ ١١)و ئاوێتە ئازوکسی‌یەکان هەموو بە هەمان جۆر کار لەگەڵ DNA دەکەن •

لە لایەکی ترەوە زاناکان بۆیان ڕوون بۆتەوە کە تیشکی بەهێز لەوانەیە شێرپەنجە دروست‌کات لە ناو خانەو شانەکان •

شیانی باسە تیۆرێکی تر هەیە بۆ چۆنێتیی کارکردنی ماددە شێرپەنجاوی‌یەکان بە گوێرەی ئەم تیۆرەیە ماددە کیمیایی‌یەکە کارلێکی کیمیایی بەسەر ئەنزیمی تایبەتی دەکات‌و پێکهاتووی ئەنزیمەکە دەگۆڕێت • ئەم ئەنزیمە گۆڕاوە پیشەی ئەوەیە کارلێکی دروست‌کردنی پرۆتینی نوێ بە هۆی DNA ەوە جێ‌بەجێ بکات • ئەم کارەساتە دێتە هۆی دروست‌کردنی خانەی شێرپەنجەی نائاسایی •

ئاوێتەکانی N ـ نایترۆزۆ

ئەم جۆرە ئاوێتانە زۆر باون بۆ پشکنین‌و لێکۆڵینەوەی شێرپەنجە بە تایبەتی لە ئەمەریکا دوکتۆر دروکری H. Druckery و هاوڕێکانی هەوڵ‌و تەقەلایەکی زۆریان داوە بۆ ئاشکراکردنی کارلێکی ئاوێتەکانی N نایترۆزۆ • ئەم ئاوێتانە گرنگن ، چونکە ماددەکان زۆر بەکارن لە شێرپەنجە تووشکردن • لەلایەکی ترەوە ئەمینەکان‌و ئەمیدەکان‌و [١١٤] ئاوێتەی یوریتان [١١٥] بە ئاسانی لەناو شانەکانی لەش دەگۆڕێنە ئاوێتەی N



(٤٥) (٤٦)

نایترۆزۆ •

سیفەتێکی تریش هەیە لە ئاوێتەکانی N نایترۆزۆ کە زاناکان‌و

تۆژێنەرەکان (١١٦) حەزی پێ ئەکەن ئەوەیە کە ئەم ماددانــە شێرپەنجــە لــە ئەندامی تایبەتی دروستدەکەن • بۆ وێنە دووجــا ئەثیــلی نایترۆزۆ ئەمین Diethylnitrosamine ئەگەر دەرخواردی جرجو مشك درا شێرپەنجەی جەرگ(١١٧) دروستدەکات کەچی ماددەی N'N دووجار نایترۆزۆپاپرەزین N,N-Dinitrosopiperagine شانەکانی ناو لووت تووشی شێرپەنجە دەکات • بەم جۆرە ماددە شێرپەنجاوی‌یە تایبەتی‌یانە دەڵێن Organotropy .



(٤٨)

Diethylnitrosamine



N,N-Dinitrosopiperazine

(٤٧)

چۆنێتیی پەیداکردنی شێرپەنجە لەلایەن ئاوێتە ژمارە ٤٨•، لەسەرەوە زانراوە کە گوایــە مــاددەکە الکیل ئەدات بە ترشــە ناوکیی‌یەکانو(١١٨) پرۆتینی ناوخانەکان •

یەکەم پلەی گۆڕان (١١٩) کە ئاوێتە ــ ٤٨ تووشی دەبێت لــە نــاو شانەو خانەکان بریتی‌یە لــە ئۆکساندنی مــاددەکەو کۆمەڵەی OH دەچێتە سەر گەردەکان وەکوو لە وێنــە ــ ٤ لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە لێرەش‌دا دوو ڕێگا هــەیە بۆ کارلێکردنی کیمیــایی (١٢٠) ژیانی یەکیان ئۆکسانی • (ئەلفا Alpha - Oxdation ئەوەکەیان ئۆکســانی ــ بێتــا Beta - Oxidation • وێنە ــ ٥ لە خوارەوە ئەم دووڕێگایە نیشــان ئەدات :



وێنەی (ژمارە ـ ٥) لە سەرەوە نیشان ئەدات چۆن ئەلفا هایدرۆکسیل پێك دێت لە ئەنجامی ئۆکساتی نایترۆزئەمین ـ (٤٩)و لە کۆتاییدا ئایۆنی کاربۆنیـۆم ـ ٥٥ لەگەڵ گوانین Guanine کارلێکی کیمیایی دەکـاتو پێکهاتوەکەی تێك ئەدات • گوانین یەکێکە لە چوار تفتەکانی[١٢١] پێکهاتووی ترشە ناوکی‌یەکان DNA یـان RNA . • زاناکانو پسپۆرەکان لـەو بڕوایەدان کە ئاوێتەکانی یوریشیانو ئـازۆو ئازوکسیو نایترۆز ئەماید بـە هەمان میکانیسم کاری شێرپەنجەکردن جێبەجێ دەکەن • هەروەها دەبینین ئەو نایترۆزئەمینیانەی کە ناتوانێت کۆمەڵەی هایدرۆکسیـل بخـاتە سـەر جێگای ـ ئەلفا وەکوو دایفەنیل یان دایتیر ـ بیوتیـل نـایترۆز ئەمـین شێرپەنجاوی نین •



(٥٦) Diphenylnitrosamine

(٥٧) Ditert - Butyl nitrosamine

ئاوێتەی نایترۆزئەمین لە گەلێك شوێنی دەوروبەر[١٢٢] بلاوە ، بۆ وێنە لە ناو ماسی برژاو یان لە دووکەلی جگەرە هەروەها لە ناو هەندێك گوشتدا • پێویستی دروستکردنی نایترۆز ئەمین دوو شتە ئەمینی [١٢٣] دووەمی و نایترایت •

Nitrite

$$R_2NH + NO_2 + H^{+} \longrightarrow R_2N\text{-}NO$$

(٥٨) (٥٩) نایترۆز ئەمین

سەردەمێك لەمەوبەر ئاوێتەی نایترایت Nitrite بەکاردەهێنرا بۆ پاراستنی گۆشت لە بۆگەنبوون هەمیشە بۆ ئەوەی ڕەنگێکی سووری گەش بە گۆشت [١٢٤] بدات • لە سەوزەو ئاویشدا دەشێت نایترایت دروستببێت بە قەبارەیەکی کەم بە کارلێکی کیمیایی نایترات Nitate ـ هەروەها زاناکان دەلێن لە ناو گەدەی مرۆڤدا لە سەت ئەمینی دووەمی زیاتر دۆزراوەتەوە بە قەبارەیەکی زۆر کەم• ئەم ئەمینانە بە تایبەتی لە خواردەمەنییەوە دێتە ناو گەدە پاش کارلێکردنی کیمیایی هەندێك جار • هەندێك لەم ئەمینە دووەمییانە بە هۆی دەرمانەوە دەچنە ناو گەدەوە • ئەم ئەمینانە بە کارلێکی کیمیایی دەبن بە نایترۆزئەمین• لێکۆلینەوە زانستییەکان نایترۆزئەمینیان لە ناوگەدەی مرۆڤدا ئاشکراکردوە •

هەرچەندە هەتا ئێستا هیچ زانایەك یان پسپۆرێك نازانێت ئایا نایترۆزئەمین لە گەدەی مرۆڤ شێرپەنجە دروستدەکات ، بەلام بە گوێرەی ئەوە نایترۆزئەمین شێرپەنجە تووشدەکات لە هەموو ئەو گیانلەبەرانەی لێکۆلینەوەیان لەسەر کراوە لە وانەیە بۆ مرۆڤیش زیانبەخشبێت و شێرپەنجە بکات •

## لەگەڵ ئاوێتە شێرپەنجاوی‌یەکان کارکردن

بێ گومان کارکردن لەگەڵ ماددەی شێرپەنجاوی پڕە لەمەترسی‌و پێویستە زۆر باش ئاگامان لە خۆمان بێت‌و بە گوێرەی ئامۆژگاریی تایبەت بەو ماددانە بجوولێینەوە• بۆ وێنە ئاوێتەی بەنزین Benzene کلۆرۆفۆرم [125]، دوومەثیلی سولفات [126] .Dimethyl Sulfate ئەثیلین ئیمین[127] Ethyleneimine ، دایازۆمیثان [128] Diazomethane هایدرازین [129] •• هتد چۆن دەبێت بەکاریان بهێنین چ لە کارگەو چ لە تاقیگەکاندا بە تایبەتی لە تاقیگەکانی زانکۆ •

پێویستە هەتا بتوانین دوور بین لەم ماددانەو ماددەکانی تری شێرپەنجاوی‌و ئەگەر هاتوو ناچار بووین بەکاریان بهێنین ئەوا پێویستە بە شێوەیەکی زانستی‌یانە ئاگاداریانبین •

بۆ وێنە ئەگەر هاتوو ویستمان غازی دایازۆمیثان بۆ قوتابی‌یەکان ئامادە بکەین باشترو سەلامەت‌تر وایە ئاوێتەی نایتروزۆمەثیل ــ تۆسیل ئەمید Nitrosomethyltosylamide ( ئاوێتە ــ ٦١ ) ئامادە بکرێت نەك لە نایترۆزۆمەثیل یوریا Nitrosomethylurea ( ئاوێتە ژمارە ــ ٦٢) یان لە نایترۆزۆ مەثیل یورثیان ( ئاوێتە ــ ٦٣ ) •



(٦١)



نایترۆزۆمەثیل یوریا
(٦٢)



نایترۆزۆمەثیل یورثیان
(٦٣)

هەروەها ئەگەر کەسێك پێویستی بە ماددەی ژمارە (٦٤) بوو ویستی لە تاقیگەدا ئامادەی بکات دوو ڕێگای ئامادەکردن هەیە (سەیری وێنە ــ ٦ لە خوارەوە بکە ) یەکەمیان ڕێگایەکی سەلامەتە چونکە لەگەڵ ماددەی کیمیایی شێرپەنجاوی کار ناکەیت کەچی ڕێگاکەی تری پڕە لە مەترسی چونکە ماددەکانی کارلێکراو هەموو شێرپەنجاوین •




وێنە ــ ٦

ڕێگای دووەم کە لە سەرەوە نیشانکراوە پڕە لە مەترسی چونکە ماددەی ژمارە (٦٥) هەروەها (٦٦) هەردووك ناسراون بە شێرپەنجاوی • ئەگەر هاتوو ناچار بوویت کە ماددەی شێرپەنجاوی بەکاربهێنیت بۆ کارلێکی کیمیایی ئەوا پێویستە زۆر بە ئاگاداری کارلێکەکە بکەیت • باشترین شت ئەوەیە لە ناو ئامێرێکی قەپات کارلێکەکەت جێ بەجێ بکەیت بۆ ئەوەی دوور بیت لە پرشی ماددەکەو هەڵمو[١٣٠] بۆنی • لە ساڵانی ١٩٧٠و پێش ئەوە واتە لە شەستەکان لە ئەمەریکا بووم بە شێوەی قوتابی خەریکی خوێندنی دوکتۆرا بووم لە کیمیا • گەلێك جار دەرسی تاقیگەم[١٣١] دەوتەوە بە پۆلی دووی دانشگا • ئەوسا هێشتا کەس نەیدەزانی کە گەلێك لەو ئاوێتە کیمیاییانەی دانشگا شێرپەنجاوین • کلۆرۆفۆرمو بەنزینو چوارەم کلۆریدی کاربۆنو[١٣٢] دەیەها ماددەی تر بە شێنەییو بەبێ ترس

بەکاردەهێنران لە لایەنی قوتابیو مامۆستاوە • بەڵام لە ساڵی ١٩٨١ بۆ لێکۆڵینەوە چومەوە بۆ ئەمەریکا لە بەشی کیمیای زانکۆی مشیگان [١٣٣] لێکۆڵینەوەم دەکرد • کە چووم بۆ ئەوێ سەیرم کرد گەلێك شت گۆڕاوە • کلۆرۆفۆرمو بەنزینو چوارەم کلۆریدی کاربۆنو ئەمینە ئەرۆماتیی‌یەکانو ئەلفاو بیتا ـ نافتۆلو گەلێك ماددەی تر هەموو قەدەغەکراونو هەرگیز بەکارناهێنرێن لە لایەن قوتابیی‌یەکانەوە • بەداخەوە هەتا ئێستا لە زانکۆکانی خۆماندا و لە کارگەکاندا کەس بەم شتە تازانە نازانێ وەکوو جاری جاران کلۆرۆفۆرمو بەنزین ئەدەن بە قوتابی بۆ تاقیکردنەوە • بێ گومان پێویستە قوتابیی‌یەکانو مامۆستاکان هۆشیارو ئاگاداربکرێن بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆ ئەوەی ماددە شێرپەنجاوی‌یەکان بشارنەوەو هیچی تر بەکارنەهێنرێن لە لایەن قوتابیو کرێکارانی کارگە کیمیایی‌یەکانەوە •

**باساکانی ئامۆژگای میللی شێرپەنجە بۆ سەلامەتی مرۆڤ**

پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا بزانین کە تازەترین دۆزینەوەی زانستی بە هۆی لێکۆڵینەوە مەڵبەندەکەی ئەمەریکایە • لە ئەمەریکا سێ‌وچوار دەسگای گەورەو بەتوانای زانستی هەن کە پیشەیان تەنها لێکۆڵینەوەی شێرپەنجەیە • ئەمە جگە لە نەخۆشخانەکانو زانکۆکان کە ژمارەیان لە هەزار زیاترە • نیوەی پارەی تەرخانکراو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی سەرف دەکرێتە سەر لێکۆڵینەوەی شێرپەنجە • یەکێك لەو ئامۆژگایە چالاکانەی ئەمەریکا لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی شێرپەنجە ئامۆژگای میللی شێرپەنجەیە National Cancer Institute بە کورتی پێی دەڵێن NCI

لەو ساڵانەی چالاکیو خزمەتی NCI گەلێك ئامۆژگاریو تەمێ [١٣٥] لەم دەزگایەوە چاپکراونو بڵاو کراونەتەوە لە گۆڤارەکانو بەسەر کاربەدەستانی کارگەو زانکۆ پیشەسازی‌یەکاندا دابەشکراون • تازەترین ئامۆژگاریی ئەم دەزگایە دەربارەی چۆنێتیی بەکارهێنانی ئاوێتە

کیمیایی‌یە شێرپەنجاوی‌یەکان لە گۆڤاری [١٣٤] J. Chem Education
بڵاوکراوەتەوە •
نامیلکەی ئامۆژگاری ( NCI ) دوورو درێژە • بریتیە لەم بەشانە:
١ـ پێشەکی •
٢ـ مادده کیمیایی‌یە شێرپەنجاوی‌یەکان •
٣ـ یاساکانی سەلامەتی‌و خۆپاراستن لە مادده شێرپەنجاوی‌یەکان •
یاساکانی خاڵی ژمارە ـ ٣ لە سەرەوە دابەشکراونەتەوە ئەم خاڵانە :
ا ـ پرسیارلێ‌کەر [١٣٦] •
ب ـ پشکنینی تۆشداری [١٣٧] •
ج ـ ڕاهاتنی مرۆڤ •
د ـ چۆنێتیی شوێنی ئیش‌کردن لە تاقیگە وەکوو چونێتیی هوودەکان‌و[١٣٨] ڕادەی هەوا گۆڕان لە ژووری تاقیگە •
هـ ـ تواناکانی [١٣٩] تاقیگە •
لەم وتارەی ئێستامان‌دا ناتوانین هەموو ڕاپۆرتەکەی (NCI) دەربارەی ئامۆژگاری‌یەکانی سەرەوە بنووسین چونکە زۆر درێژن ، تەنها چەند لایەنێکی گرنگی ئامۆژگاری‌یەکان دەنووسین •

**مادده کیمیایی‌یە شێرپەنجاوی‌یەکان •**

ڕاپۆرتەکەی (NCI) مادده شێرپەنجاوی‌یەکان دابەش دەکاتە چوار بەشەوە لە خوارەوە ئاوێتەکانی هەر بەشێك لەم چوار بەشە ئەنووسین :

(١) ئاوێتە ئەلیفاتی‌یەکانی گەردسووك : وەکوو :
١ ـ ئەثیلین ئیمین [١٣٧] •
٢ ـ بیتا ـ پرۆپیۆلاکتۆن •


(٦٨)

٦ ـ بیتا ـ نافثیل ئەمین ( ئاوێتەی ژمارە ـ ٦٥) •

٧ ـ ٢ ـ ئەسیتیل ئەمینۆ فلۆرین •



( ٧٢)

**(٤) لێگیراوەکانی ئازۆی ئەرۆماتی :**

١ ـ ٤ دای مەثیل ئەمینۆ ئازۆ بەنزین

4 - (Diemethylamino) azobenzene

**چەند یاسایەکو ئامۆژگاری‌یەك بۆ خۆپاراستن •**

ئەم ئامۆژگاری‌یانەی خوارەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە کاردەکەن لە کارگەو پیشەسازی یان لە تاقیگەکانی لێکۆلینەوە یان لە نەخۆشخانەکانو خەریکی بەکارهێنانی یان تاقی‌کردنەوەی ماددەو ئاوێتە شێرپەنجاوین • ڕاپۆرتەکەی NCI ئەم ئامۆژگاری‌یانەی دابەش‌کردۆتە ئەم بەشانەی خوارەوە :

١ ـ پێویستە هەموو تاقیگەیەکی لێکۆلینەوەی ماددە شێرپەنجاوی‌یەکان مرۆڤێکی (مەسئوول)یان بەڕێوەبەرێکی تایبەتی بۆ نیشانبکرێت • ئەو بەڕێوەبەرە چاودێری ئیشکەرەکان دەکات ئایا بە گوێرەی ئامۆژگاری‌یەکانی NCA ڕەوشت‌دەکەنو کارلێکە کیمیایی‌یەکان جێ‌بەجێ دەکەن؟ •

٢ ـ پێویستە لەسەر هەموو ئیشکەرێكو توێژینەرێك لە تاقیگەدا ئاگادار بێت لەو ئامۆژگاری‌یانەی NCA و بە پێی ئەو ئامۆژگاری‌یانە

٣ ـ كلۆريدى ڤاينيل [٨١] .

٤ ـ بيس ( كلۆرۆمەثيل ايثەر ) Bis (Chloromethyl-ether)

٥ ـ كلۆرۆمەثيل مەثيل ايثەر .

(٢) لێگیراوەی [١٤١] نايترۆز ئەمينى ئەليفاتى [١٤٠] :

١ ـ نايترۆزۆداى مەثيل ئەمين .

(٣) لێگیراوەی ئەمينى ئەرۆماتى .

١ ـ ٤ ـ ئەمينۆداى فەنيل 4 - Aminodiphenyl



(٦٩)

٢ ـ ٤ـ نايترۆ داى فەنيل



(٧٠)

٣ ـ بەنزيدين ( ئاوێتەی ژمارە ـ ٣٣ ) .

٤ ـ ٣،٣ ـ داى كلۆرۆ بەنزيدين .



(٧١)

٥ ـ ٤،٤ ـ مەثيلين ـ بيس (٢ ـ كلۆرۆ ئەنيلين) .



(٧٢)

ڕەوشتی سەلامەتی لە مادده شێرپەنجاوی‌یەکان بکات .

٣ ــ پێویستە ئەو کەسانەی لە لێکۆڵینـەوەو ئامـادەکردنی مـادده شێرپەنجـاوی کاردەکەن بە شێوەیـەکی بەردەوام تەندروستی‌یـان [١٤٢] بپشکێنرێن واتە ئەو کرێکارانە دەبێ هەموو ٥ ــ ٦ مانگێك بچـن بۆ لای تۆشداری تایبەتی یان بۆ نەخۆشخانە بۆ بشکنین بۆ ئەوەی دڵنیـابن لـە سەلامتی‌و تەندروستی‌یان .

٤ ــ بەکارهێنانی جلی تایبەتی لە کاتی کارکردنا لە تاقیگە .

٥ ــ چاودێریی ئەو شوێنەی کە گیانەوەری تایبەتی تیایادا بەخێودەکەن بۆ تاقی‌کردنەوەی مادده شێرپەنجاوی‌یـەکان بەسەریـانە ، چونـکە ئـەو گیان‌لەبەرانەی کە ماددەی شێرپەنجاوی‌یان دەرخوارد ئەدەن بۆ تاقی‌کردنەوە نەخۆش ئەکەون‌و پێویستە پاش تاقی‌کردنەوەکە بسووتێنرێن وە هەروەهـا کەسی لابەلا نەچێت بەوناوەیا .

٦ ــ ئامێری تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە :

ئەوانەی لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ زانینی کاری مـادده کیمیـایی‌یەکان بەسەر گیانەوەردا پێویستی‌یان بە ئامێری تایبەتی هەیە . یەکەم مەرج لـەم ئامێرانە ئەوەیە کە تۆژێنەر [١٤٣] بپارێزێ‌و سەلامەت بێت لە زیـانی ئـەو مادده شێرپەنجاویانە .

٧ ــ ئەگەر هاتوو ماددەیەکی شێرپەنجاوی کەوتە سەر جلەکانی یەکێك لەوانەی کە لە تاقیگەدا کاردەکەن ئەوا پێویستە ئەو کەسە خۆی بشوات یان (دووش) وەربگرێت پاش دەرچوونی لە تاقیگەکە .

٨ ــ پێویستە خواردن‌و خواردنەوە یان جگەرەکێشان یان بنێشت‌جوین یان بۆن لە خۆدان‌و خۆئارایش‌کردن قەدەغە بێت لە تاقیگەکەدا .

٩ ــ پێویستە بە نووسینێکی گەورەو دیار بنووسرێت :

( مەترسی !! ماددەی شێرپەنجاوی )

ئەو نووسینە بکرێتە دارەوە لەو شوێنانەی کە ماددەی شێرپەنجاوی

تیادا هەیە .

١٠ـ پێویستە هوودی (١٣٨) Hood تایبەتی باش بەکاربهێنرێت لە کاتی لێکۆڵینەوەی ماددە شێرپەنجاوی یەکان .

١١ـ پێویستە هەوای تاقیگە بە ئاسانی بگۆڕێت بۆ ئەوەی هەواکەی ژورەوە پیس نەبێت بە ماددەی کیمیایی و هەڵمی ئاوێتە شێرپەنجاوی یەکان .

١٢ـ فڕێدانی پاشماوە : پاشماوەی لێکۆڵینەوەی ماددە شێرپەنجاوی یەکان چۆن فڕێ ئەدرێت ؟ چۆن ڕزگار بین لێی بە شێوەیەك کە دەوروبەر پیس نەکەین و ئاوی ژێرزەوی تێکەڵ بەم ماددانە نەبێت . ڕێگای تایبەتی چاپکراوە لە ئامۆژگاری یەکانی NCI بۆ نیشان دانی چۆنێتیی فوتاربوون (١٤٣) لە پاشماوەی ماددە شێرپەنجاوی یەکان .

بۆ وێنە :

ئەگەر هاتوو ماددەیەك لە ماددەکان تۆزێك لە ماددەی شێرپەنجاوی لەگەڵدا تێکەڵ بووبێت لەتاقیگەدا ئەوا پێویستە ئەو تۆزە ماددەشێرپەنجاوی یە دەرکرێت لە ناو ماددە زۆرەکە . ئەمەش بە دوو ڕێگا جێبەجێ دەکرێت :

ا ـ بەکارهێنانی کارلێکی کیمیایی تایبەتی بۆ فەوتاندنی ماددە شێرپەنجاوی یەکە .

ب ـ بە جیاکردنەوەی ماددە شێرپەنجاوی یەکە .

ئەگەر هاتوو ماددەیەکی شێر پەنجاوی لەناو شوشەیەكدا ڕژایە سەر زەوی یان شووشەکە شکاو ماددەکە پرژوبڵاوەوە بوو لەو ناوە ئایا چی بکەی باشەو چۆن پاكبکرێتەوە ؟؟

بە گوێرەی ئامۆژگاری یەکانی NCI ئەو ماددە ڕژاوە پێویستە بفەوتێنرێت بە هۆی کارلێکردنی کیمیایی یان بە هۆی ترومپایەکی مژین (١٤٤). ماددەکە بڕژێت بۆ ناو قوتویەکی تایبەتی قایم و لە پاشان قوتووەکە بدرێت بە کاربەدەستانی دەزگاکە بۆ فڕێدانی .

# السرطان والمواد الكيمائية

**الدكتور ذنون محمد پيربادي**
استاذ الكيمياء
كلية العلوم قسم الكيمياء جامعة بغداد

**خلاصة البحث :**

من قبل ستين او سبعين سنة مضت لم يكن يعرف رجل الشارع شيئاً عن مرض السرطان حيث كانت المعلومات محصورة لدى الاطباء وقلة من المتعلمين . وكان آلاف من الناس تموت بالسرطان سنوياً دون أن يعرف مرضهم . كذلك كان الامر مع مرض القلب والشرايين وضغط الدم التي كانت معلومات الناس عنها تكاد تكون معدومة . كان خوف الناس مركزا على الامراض الجرثومية وخاصة السل والتيفوئيد والطاعون وغيرها .

أما اليوم فالامر مختلف حيث يلاحظ اهتمام الناس المتزايد بمشكلة أمراض السرطان والقلب والاوعية الدموية ، وذلك نتيجة لانتشار الثقافة ووسائل الاتصالات والتقدم العلمي الذي حدث بصورة عامة .

يتناول البحث الحالي دراسة مشكلة السرطان وعلاقته بالمواد الكيميائية. ان مرض السرطان ذو خطورة بالغة نظرا الى ان العلم لم يتوصل الى معرفة أسبابه أو علاجه رغم الاموال الطائلة والجهود الجبارة المصروفة في بحوثها .

أن من أسباب الاصابة بالسرطان استخدام بعض المواد الكيمائية (كالاكل أو الشم) او استخدام مواد كالاسبست والبزين وغيرها .

البحث يتناول بالتفصيل المركبات الكيمائية التي تسبب السرطان وكيفية قيامها بتكوين المرض أضافة الى طرق الوقاية منها .

## پەراوێزەکانو سەرچاوەکان


(١) H. Bush, " Bio chemistry of Cancer Cell', Academie Press, New York, 1962.

(٢) A. C. Braun, "The Cancer Problem", Columbia University Press, New York, 1969.

(٣) V. Richards, "Cancer, The wayward Cell", University of Columbia Press, 1972.

(٤) "Chemicals and Cancer", Chemical and Engineering News, Jan 16, 1976.

(٥) R. L. Rawis, "In Search to Control Cancer", Chemical and Engineering News, Feb. 25, 1985.


(٦) شێرپەنجە = لووەپیسە ، وەرەم

(٧) ضغط الدم

(٨) لێکۆڵینەوەی زانستی = البحث العلمی .

(٩) ئەسبێست Asbest ــ ماددەیەکی نائەندامی‌یە لە کانزای تایبەتی دەست دەکەوێتو گەلێك ئامرازی بیناو خانووی لێ‌دروستدەکرێ . سیفەتێکی نایابی ئەسبێست ئەوەیە کە بە ئاگر ناسووتێت .

(١٠) مۆمیا = لەشی فیرعەناکان ٤٠٣ هەزار ساڵ لەمەوبەر بە هۆی دەرمان پارێزراوە لە ڕزینو شێوەی خاونی ماوەتەوە لە ناو قەبرە کانیان کە پێی دەڵێن : الأهرامات .

(١١) زەرنیخ = توخمێکی کیمیایی زیانبەخشە بۆ تەندروستیی مرۆڤ ژەهراوی دەکات . یاسای کیمیایی برێتیە لە ( AS ) = الزرنیخ .

(١٢) نۆشدار : پزیشك = طبیب ، حکیم .

(١٣) گەدە : المعدة .

(١٤) القرون الوسطى : چەرخەکانی ناوەند .

(١٥) لەمف : اللمف ــ برێتی‌یە لە کۆئەندامێکی لەش ( الجهاز اللمفاوی ) شلاوێکی بێ‌ڕەنگی تیادا ئەڕوات کە خوێنی ناو لولەکان دەیپاڵێوێت . واتە شلی لەمف پێکهاتووی خوێنی هەیە تەنها خرپلە سورەکانی ( الكريات الحمر ) تیادا نی‌یە .

(١٦) خانە : الخلية .

(١٧) نائاسایی : غیر اعتیادی .

(١٨) شانە : نسیج .

(١٩) شانەی شێرپەنجاوی : الانسجة السرطانية .
(٢٠) اسرار الحياة :
(٢١) بێ گرێ : غیر معقد .
(٢٢) ئاڵۆزاو : معقد .
(٢٣) دوکتور الیکسس کارل Dr. Alexis Carrel
(٢٤) بێ‌هاوتا : بلا مكافیء ، فرید .
(٢٥) لایەنی روحانی : النواحي الروحية .
(٢٦) وزە : الطاقة .
(٢٧) خۆ دروستکردن : بەرخستنەوە بە هەرجۆرێك بێت : Reproduce
(٢٨) سروشت : الطبيعة .
(٢٩) نەژاد : الاصل الاولی ، الجوهر ، اصل الشيء .
(٣٠) ترشە ناوکی‌یەکان : الحوامض النووية .
(٣١) دوو جۆر ترشیی ناوکی لەناو خانەکاندا هەیە :

ا ـ RNA Ribonucleic Acids

ب ـ DNA Deoxyribonucleic Acids

(٣٢) کەڵەگەرد : جزيئة ضخمة وكبيرة جدا .
(٣٣) جین : Gene DNA برێتی‌یە لە شوێنێکی تایبەتی بەسەر گەردی دا هەروەکو دەنکەنیسکێك بەسەر گەردەکەدا .
(٣٤) کەرتبوون : الانقسام او الانشطار .
(٣٥) ڤایرۆس Virus ـ میکرۆبێکی زۆر بچووکە لەشی یەکێکیان لە خانەیەك بچووك ترە . واتە پێکهاتووە لە ناوك بەبێ بەشەکانی تری خانە وەکوو سایتۆپلازم و دیواری خانە .. هتد .
(٣٦) دەورەی شریتی : اطراف الشريط .
(٣٧) چینێکی پرۆتین : طبقة من البروتين .
(٣٨) شانە : نسيج .
(٣٩) ماددەی کلۆرۆفیل : ئەو ماددە سەوزەیەکە لە ناو گەڵای رووەکدایە .
(٤٠) ژیانی Aerobic
(٤١) ژیانی هەوایی : Anaerobic .
(٤٢) ژیان زانی : علم الحياة Biology
(٤٣) خول : دورة .
(٤٤) اسباب السرطان .
(٤٥) بۆماوە : وراثة .
(٤٦) ڕەگەز : العرق .
(٤٧) دەوروبەر : البيئة ـ برێتی‌یە لە هەمو جۆرە شتێك کە لە دەورمان هەیە

وەك هەوا ، ئاو ، خۆڵ ، خواردەمەنی ، جۆری ژیان .. هتد ..

(٤٨) خۆدان : تعريض الجسم لـ .

(٤٩) شێرپەنجەی سییەکان : سرطان الرئة .

(٥٠) ئەم جۆرە تیشکە لە خۆردا هەیەو پێی دەڵێن Nonioniging Radiation

(٥١) نەشتەر کاری : الجراحة

(٥٢) بە تیشك : بالاشعاع

R. L. Ranis, "In Search to Control Cancer", Chemical and Engineering News, Feb. 25, 1985. Page - 10.

(٥٣) سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە :

(٥٤) ئەنزیم : ماددەیەکی ژیانییە پێکهاتووە لە ماددەی پرۆتینیو توانای جێبەجێ کردنی کارلێکی ژیانی تایبەتی هەیە .

(٥٥) خۆپاراستن : تجنب

(٥٦) ئامێر : جهاز ، الة .

(٥٧) چاو دێری : مراقبة

(٥٨) ئەم جۆرە ماددانە پێیان دەڵێن Carcinogenic .

(٥٩) شێرپەنجاوی : Car-Cinogen

(٦٠) وەکوو بەنزینو ئەنیزاسینو نەفتالین .

(٦١) ئەمینی ئەروماتی وەکوو ئەنیلین Aniline

(٦٢) وەکوو R — N = N — R

(٦٣) ئازۆ ـ ئەو ئاوێتانەی ئەم جۆرە گەردیلانەی تیادا هەبێ . R — NO2

(٦٤) هایدرازین برێتییە لە H2 N — NH2

(٦٥) ماددەی ئەلکیلێنەر : ماددەیەکە کە کۆمەڵەی ئەلکیل واتە دەبەخشێ بە ماددەیەکی تر .

(٦٦) ماددەی نائەندامی : مواد لاعضوية

(٦٧) مخلفات العمليات الحياتية للبكتريا

(٦٨) کەڕوو Fungi

(٦٩) لەگومان‌دان : لا مشكوك فيهم .

(٧٠) تاقیگە : مختبر .

(٧١) هێس : السخام ، الكاربون الاسود حول المداخن .

(٧٢) زەرنیخ : زرنیخ ، کانزایەکی خەتەرە بۆ تەندروستی .

(٧٣) ئەم لیستەیە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە .

P. Rademacher and H. Gilda, J. Chem. Educ., 53, 757 (1976).

(٧٤) ماددەیەکی سروشتییە لە کانگای تایبەتی پوختەدەکرێتو بەکاریدەهێنن

بۆ بیناو سەرگرتنی خانوو . سیفەتێکی بە سوودی ئەسبێست ئەوەیە کە ناسووتێت‌و ئاگرناسەنێ .

(٧٥) المواد الطبيعية .

(٧٦) المعامل والصناعة .

(٧٧) فینۆل فۆرم ئەلدەالد : یەکەم جەشنی پلاستیکە کە ئادەمیزاد دروستی‌کردوە . سالی ١٩٠٧ لە نیویۆرك (ئەمەریکا) ماددەکە دروست‌کراوە .

(٧٨) پۆلیمەر : Polymer ئەو ماددانەی کە پێك دێن بە یەکگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە گەردی بچووك . بۆ وێنە نیشاستەو سیللۆزو پرۆتین هەموو پۆلیمەرن ، بەلام ئەم پۆلیمەرانە پۆلیمەری سروشتین ، چونکە مرۆڤ دروستیان ناکەن بەلکو ڕووەك‌و گیان‌لەبەر لە خۆیانەوە پێکی‌دەهێنن .

(٧٩) پلاستیك Plastic : اللدائن ــ جۆرێکی گرنگی پۆلیمەرن وەکوو پۆلی ئەثیلین‌و PVC پۆلی ستایرین ..

(٨٠) کارلێکی کیمیایی : التفاعل الكيميائي .

(٨١) PVC کورتە ناوە بۆ Poly (Vinyl Chloride ) ئەم پۆلیمەرە بە بەلەرێنی کلۆریدی ڤاینیل پێك‌دێت وەکوو لە خوارەوە نیشانی ئەدەین :

$$CH_2=\overset{\overset{\displaystyle CL}{|}}{C}H \longrightarrow PVC$$

(٨٢) شركة الزيوت النباتية .

(٨٣) خبير .

(٨٤) سپڵ : الطحال .

(٨٥) بە ئینگلیزی پێی دەڵێن PPm واتە Parts Per-million واتە بەشێك لە ملیۆن بەش .

(٨٦) کاریگەر : مؤثر ، فعال .

(٨٧) مام ناوەندی : متوسط .

(٨٨) ذات قيمة مادية ، غالي الثمن .

(٨٩) تاقیگە : مختبر .

(٩٠) تەکنیك : تقنية .

(٩١) میکانیسم : Mechanism واتە الميكانيكية ــ بریتی‌یە لەو هەنگاوانەی کە کارلێکی کیمیایی پێی‌دا دەڕوا بۆ بەرهەم دروست‌کردن .

(٩٢) ئەمینی ئەرۆماتی : آمـین آرومـــاتی Aromatic Amine
وەکوو ئەنیلین یان پارافەنیلین دای ئەمین ( سەبری خشتەی ژمارە ـ
١ بکە ) .

(٩٣) ئەنیلین بریتی‌یە لە ـ C6 H5 NH2

(٩٤) مرض الانیلین .
(٩٥) ئاوێتە ئەندامی : مرکب عضوی .
(٩٦) ئەلیکـرون خـواز : Electrophilic : باحث عن الالکترونات
ئەلیکترونی .
(٩٧) ئەلکیـل : الکیـل : Alkyl وانە وەـکوو بـان
ئەو ماددانەیە کە حەز بە هێرش‌هێنان بەسەر شوێنی پڕ ئەلیکترونی .
وانە وەکوو یان ئەکیلی‌تر .
(٩٨) ئەریل : اریل : Aryl وانە وکوو :



(٩٩) بەند : تآصر Bond, Sink وانە بەیەکەوە بەستن
(١٠٠) شێربەنجەی خوێن : لۆکیمیا Leukemia
(١٠١) ئایـسۆمەر Isomer : شبیە .
(١٠٢) هایدرۆکسیل بریتی‌یە لە کۆمەڵەی OH
(١٠٣) تیۆروانی : نظریة : Theory
(١٠٤) چای : کڤاف .
(١٠٥) هەرێمی ـ K : منطقة ـ K : ناوی ئەو بەندەیان نا بـە
هەرێمی ـ K .
(١٠٦) تیر : سهم . Arrow .
(١٠٧) ئاوێتە : مرکب .
(١٠٨) لێرەدا بەنزین ئەو بەنزینەی ئۆتومۆبیل نی‌یە . بەنزین لیرە شلێـکی
ئەرۆماتی تایبەتی‌یە .



(١٠٩) ئوكسان : الاكسدة .
(١١٠) بەکتریا ـ جۆرێکی ڕووەکی یەك خانەن ، بەچاو نابینرێن .
(١١١) مێش‌ومەگەز : الذباب والحشرات .
(١١٢) ( DNA ) ـ گەرێکی پۆلیمەری زۆر مەزنەو زۆر پێکهاتووبەکی ئالۆزی هەیە لەناو ناوکی خانەدا هەیەو سیفەتە ڕەچەڵەکی‌یەکان دەگوازێتەوە بۆ شانەو خانەی تازە دروست‌کراو .
(١١٣) مرکبات الـ N — نایتروسو N-Nitroso Compounds
(١١٤) ئەمید لە کیمیای ئەندامی برێتی‌یە لە R - e - N H2 .
(١١٥) یورثیان Urethane ئاوێتەیەکی تایبەتی‌یە لە کارلێکی کحول لەگەڵ ئایسۆسیانات پێك‌دێت .
(١١٦) توێژینەر : باحث .
(١١٧) شێرپەنجەی جەرگ : سرطان الكبد .
(١١٨) ترشی‌ناوکی ـ حامض نووی ، واتە DNA , RNA ( سەیری پەراوێز ـ خاڵی ژمارە ـ ١١٢ لەسەرەوە بکە .
(١١٩) التمثیل : الایض Metabolism
(١٢٠) التفاعلات الكیمیائیة الحیاتیة .
(١٢١) چوار تفتی تایبەتی هەیە بە تۆرە بەند بوونە بە گەردی ( DNA ) یان
(١٢٢) البیئة RNA
(١٢٣) ئەمینی دووەمی : امین ثانوي Secondary amine وەکو (CH3)2 NH
(١٢٤) ئێستا ماددەی نایترائیت قەدەغەکراوە بۆ بەکارهێنانی بۆ پاراستنی گۆشت .
(١٢٥) کلۆرۆفۆرم CHCL3 .
(١٢٦)
(١٢٧) ئەثیلین ئیمین .



(١٢٨) دایازۆ میثان CH2 N2 .

(١٢٩) ئاوێته ژماره ــ ١٦ .
(١٣٠) هەڵم : بخار
(١٣١) دەرسی تاقیکە : الدرس المختبري العملي .
(١٣٢) رابع کلۆرید الکاربۆن CCL4 .
(١٣٣) جامعة مشیکان ــ ئەن ئاربەر ــ ئەمەریکا .
(١٣٤) ناونیشانی ژمارەی گۆڤارەکە بەم جۆرەیە :
N. Steere, Ed., "National Cancer Institute Safety Standards for Research In volving Chemical Carcinogens" J. Chem. Educ. 52, A 419 (1975).

(١٣٥) ئەمن : نصیحة او نصائح .
(١٣٦) المسؤول .
(١٣٧) الکشف الطبي .
(١٣٨) هوود Hood : چەرداغێکی بچووکە هەر چوار دەوری گیراوە بە شێوەیەك هیچ غازێك یان ماددەیەك بۆ ناو ژووری تاقیگە ناداتەدەرەوە . بانکەی هەواکێش هەواکە رادەکێشێ و فرێی ئەداتە دەرەوە .
(١٣٩) امکانیات Facilities .
(١٤٠) مشتقات النایتروزو امینات الالیفاتیة .
(١٤١) لێکراوە : مشتق : Perivative
(١٤٢) تفحص صحتهم ای انهم یخضعون للفحص الطبي .
(١٤٣) الباحث .
(١٤٤) ترۆمبای مژین : مضخة ماصة .

* * *

# مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا

## ڕاپەڕینی سەرداریتیو خێڵـەکیی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا

نوسینی : شەمسی محەممەد ئیسکەندەر
شوکور مستەفـا لە ئازەربایجـانیەوە
کردوویە بە کوردی

ملکایەتیو شێوەی خەرجوباج : لەسەدەی ١٥ــ١٦ هەمدا لە کوردستان ، بە میرنشینی بدلیسەوە ،ئەم شێوە ملکایەتیانە هەبوون :

١ــ ئیقتـاع .
٢ــ سیورغالو تیول .
٣ــ ملك .
٤ــ وەقف .
٥ــ ملکی تایبەکار .
٦ــ زەویوزاری کۆمەڵەکی .

ئیقتـاع :

لەسەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا یەکێ لە شێوەی ملکایەتیی زەویوزار لە بدلیسو نـاوچەکانی سەربەو ، زەویوزاری ئیقتاع بوو . بدلیسی لـە کتێبی «شەرەفنامە»کەیدا نووسیویە کە لە سەدەی ١٦ هەمدا لە نـاوچەی مووش زیتر لە ٤٠٠ خاوەن ئیقتاع هەبوون (٧٦ ، ٣٥٥) .

شێوەی ملکایەتیی ئیقتاع لە سەدەکانی ٧ ــ ٨دا ، واتە لە سـەردەمی خیلافەتیشدا هەر هەبووە بـەڵام وردە وردە شـکڵو شـێوەی خـۆی

گۆڕیوەو لەسەر ڕاستە شێوەکەی جارانی نەماوە • زەوی‌وزارێکی کە لە سەردەمی خیلافەت‌دا بە شێوەی مووچە بە چەند چینێکی تایبەکار دەدرا شێوە ملکایەتی‌یەکی ئەوتۆ بوو کە خاوەن ئیقتاعەکە نە دەی توانی بیفرۆشێ‌و نە دەشی‌توانی بە میرات بۆ میراتگرانی خۆی بەجێ‌بێلێ • واتە ئیقتاع شێوەیێکی مەرجەکیی ملکایەتیی زەوی‌وزاربوو (٦ ، ٦٣) •

خاوەن ئیقتاع دەبوو بەشێ لەو خەرج‌وباج‌و زەوی‌یانەیەی خڕی‌دەکردەوە بە خەزێنەی میری بدا • بەڵام لەپاشان زەوی‌وزاری ئیقتاع نەك تەنها هەر بەو گوندی‌یانە کە لەوێ دەژیان بگرە بە سەرکردەو ئەمیرو هەمەکارانیش دەدران (٣٦ ، ١٠٩) • ئیدی خاوەن ئیقتاع وردە وردە دەسەڵاتیان پەرەی سەندو بەهێزبوون‌و زەوی‌وزارەکانیان بە میراتگرانی خۆیان دەبەخشی •

ملکایەتیی ئیقتاع لە وڵاتانی دەرودراوسێی کوردستان‌دا بە چەند شکڵ‌و شێوەیێك تەتبیق کراوە• شەرەفخانی بدلیسی لە «شەرەفنامە»کەی‌دا لەبارەی ئەم شکڵ‌و شێوی ملکایەتی‌یە نەدواوە ، بەڵام لە لێکۆلینەوەدا بەدیاردەکەوێ کە لە بدلیس‌و ناوچەکانی سەربە ئەو بە زۆری ئیقتاعی ئیداری، کە چکۆلەترین شێوەی ئیقتاع بووە ، باوبووەو ئەمەش دە بەرابەر خزمەتی ئەسکەری بە سەرکردەکان دەدرا •

شێوە ئیقتاعی جەنگیی زەوی‌وزاری ئیقتاع کە تایبەکاری ئەمیرەکان بووە لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەم‌دا ئیدی بەرچاو ناکەوێ • وا بەدیاردەکەوێ هەرلەو سەروبەندانەدا سیورغال‌و[1] تیول[2] ، کە شاو سوڵتانەکان بە ئەمیرەکانیان دەبەخشی جێی «ئیقتاعی جەنگی»ی گرتبووە •

**سیورغال‌و تیول :**

هەر میرێ زەوی‌وزاری سیورغالی وەرگرتبا دەبوا لە کاتی پێویست‌دا بە هێزی چەکداریەوە یارمەتیی ئەو فەرمانڕەوایەی دابا کە سیورغالەکەی

دابووین • ئەمە لە سەدەی ١٥ ھەمدا زۆر باوبوو • زەوی‌وزاری سیورغال پشتاوپشت بە میرات دەگیرا • پاشان ئەم شێوە ملکایەتی‌یەی زەوی‌وزارە ملکایەتیی‌زەوی‌وزاری تیولیشی ، کە بە میرەکان دەدرا وەسەرخرا ( ٣٤ ، ٢٦٠) • خاوەن‌تیول ــ تیولدار دەبوو خزمەتی ئەو دەولەتەی کردبا کە سەربەوبوو • تیولدار مافی ئەوەی ھەبوو بەشی دیاری‌کراوی خۆی لە بەرھەمی زەوی‌وزاری تیولەکەی وەرگرێ • ملکایەتیی زەوی‌وزاری تیول مەرجەکی بوو ، بە میراتگرتنی بە ئیجازەی ئەو فەرمانڕەوایە بوو کە تیولەکەی دەدا • پاشان ملکایەتیی خانەدانێتی (ئۆجاقلق)یشی ھاتۆتە سەر کە ئەم جۆرە ملکایەتی زەوی‌یە تەنھا ھەر بە فەرمانڕەوای میرنشینەکان دەدراو لە زەوی‌زاری تایبەتیی تورکەکاندا پتر باوبوو •

**ملك :**

ملك بە ملکایەتیی زەوی‌وزارێ دەگوترا کە بە دەست ملکداری گەورەو بچووکەوە بووە • خەرج‌وباجێ کە لە زەوی‌وزاری ملك وەردەگیرا دەچووە گیرفانی خاوەن‌زەوی‌یەوە • بەلام نزیکەی دەیەکیکی بە خەزێنەی دەولەت دەدرا (٦ ، ٦٣) •

زەوی‌وزاری ملك دەشفرۆشراو دەشبەخشراو بە میراتیش دەگیرا • ھەروەھا خاوەنەکەی ھەرکاتێ ویستبای دەی‌توانی وەقفیشی بکا • بە پێی «شەرەفنامە» مەلیك شەمسەددینی میری بدلیس لە سالی ١٤٠٧دا برێ خانووبەرەی خۆی خستبووە ناو ملکی وەقفەوە (٧٦ ، ٣٨٠) •

زەوی‌وزاری وەقف : لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ ھەمدا یەکێ لە شێوەکانی ملکایەتیی میرنشینی بدلیس ملکایەتیی زەوی‌وزاری وەقف بوو • وەقف بەو زەوی‌وزارە دەگوترا کە بۆ خێروخێرات بە بنکائاینی‌یەکان : مزگەوتەکان ، خانەقاکان ، خێراتخانەکان ، فێرگەو قوتابخانەکانو ئەم جۆرە شتانە دەدرا (٦٣ ، ١١٤) •

له سالانی ١٥٢٥ ــ ١٥٣٢ی سەدەی ١٦ هەمدا شــەرەفخانی مـیری بدلیس خێراتخانەیێکی بنیات ناوەو ئەم خێراتخانەیەی بە ناوی خۆیەوە بـە (شەرەفی‌یە) ناوناوە . بە پێی «شەرەفنامە» شەرەفخان بۆ دابین‌کردنی خەرجو دەرامەتی ئەم خێراتخانەیە بڕێ خانوومانو بینای چاڵو هێندێ زەوی‌وزاری بە پشتو چەند گوندێکی خۆی کردووە بە وەقفی ئەم خێراتخانەیەو سەرکارو سەرپەرشتی (قیوم) بۆ داناون (٧٦ ، ٤٣٧) .

ئەو خەرجو باجانەی لە ملکی وەقف کۆدەکرانەوە بە پێی وەسیەتنامەی خاوەن وەقفەکە ڕۆحانی‌یان بۆ بنگا ئایینی‌یەکانیان خەرج‌دەکردو هەر لەبەر ئەمە ڕۆحانی‌یەکان بەشی هەرە سەرەکیی ملکی وەقفیان بۆ خۆهەڵ دەگرت. ڕۆحانی‌یان لە هێندێ هەلومەرجدا ملکی وەقفیان کە بە یاسای ئیسلامەتی فرۆشتنو بەخشینی قەدەغەیە دەکردە زەوی‌وزاری ئیقتــاعو بەم ڕەنــگە ڕۆحانی‌یەکان چینی دەرەبەگی تازەیان لێ‌پەیدا دەبوو .

لە سەرەتای سەدەی ١٦ هەمەوە ، بگرە ئەو ڕۆحانی‌یانەی کەلکیــان لە لێشاوە ئایینی‌یەکانی شیعەوسوننی) وەردەگرت بە سایەی دەســەوتی مۆڵو مفتی ملکی وەقفەوە بوون بە دەرەبەگی هەرە دەولەمەندو پاڵەوانەو پاڵپشتی مەعنەویی فەرمانڕەواو حوکمڕانان .

**ملکی تــایبەت :**

هەر لەپاش یەکەم دابەش‌کــردنی کوردستانەوە ( لە سالی ١٥١٤وە ) شــێوەی ملــکی تــایبەت بەرچــاو دەکەوێ ، ئــەویش پــاش ئــەوەی عوسمانی‌یەکان کوردستانیان داگیرکردووە هاتۆتەگۆڕێ .

بە پێی « شەرەفنامــە » زەوی‌وزاری شاوەلەد بەگی فەرمانڕەوای میرنشینی سولەیمانی ( سلێڤانی ) کە لە کوژرانی کاربەدەستانی ســولتاندا کەمتەرخەمی‌و پشت‌ساردیی وەپاڵ درابوو ، داگیرکراوەو تێکەڵ بە ملکی تایبەتی سولتان‌کراوە (٧٦ ، ٢٦٧) .

هەرچی دەس کەوت و داهاتێك لەم زەوی یانە وەدەست دەهات دەچووە خەزێنەی سولتانەوەو بۆ نیازمەندی یە تایبەتەکانی ئەو خەرج دەکرا. ملکی تایبەت تێکڕا شێوە ملکایەتی یەکی ئەوتۆی تایبەتی شاو سولتانەکان بوو تەنانەت دەگرا بە کرێ یش بدرێ (٣٦ ، ١١٤) .

**زەوی وزاری کۆمەڵەکی :**

لە میرنشینی بدلیس دا زەوی وزارو لێڕەوار ، باخ و دارستانی بەردارو چێرەگاو لەوەڕگاو پاوەن و ئەم جۆرە بابەتانە بە زەوی وزاری کۆمەڵەکی دادەندران (٦ ، ٦٣) .

لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەم دا لە میرنشینی بدلیس و ناوچەکانی سەربەو، ئەم جۆرە زەوی وزارە کۆمەڵەکی یە زۆر بەرچاو دەکەوت. لە ناوچەی ئەخلات باخەوانی و ڕەزەوانی و میوە پێ گەیاندن و مێش هەنگ بەخێوکردنیش زۆرباو بوون . بدلیس لەمەڕ تەرزو جۆراوجۆریی میوەکانی دەنووسێ : «سێوو هەرمێ و قەیسیی ئەخلات نەك هەر لە کوردستان ، بگرە لە ئازەربایجان و ئەرمەنستانیش دا زۆر بەناوبانگن » (٧٦ ، ٢٥١) .

لەبەر ئەوەی کە ناوچەکانی مووش و خنۆسی سەربە میرنشینی بدلیس لەوەڕگاو پاوەنی چاکی هەن پەزەوانی و مەڕومالات بەخێوکردن زۆری گەشەدەکرد . بدلیس لەبارەی لەوەڕگاکانی خنۆسەوە دەنووسێ : «لەسەروبەندی باوو باپیرانم دا کورد لەم لەوەڕگەیانەدا کەماولۆیەکی زۆریان پاشەکەوت دەکردو زۆریان سوودلێ دەدیت» (٧٦ ، ٣٥٥). لە ناوچەی خنۆس ئەسپ و مایینی چاکی عەرەبیش کە بۆ ئەو سەردەمە زۆر بەکەڵك و گرینگ بوو بەخێودەکران . لەمانە هەموو ، وا بەدیاردەکەوێ ، لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەم دا لە کوردستان ، بە میرنشینی بدلیسیشەوە ، شان بە شانی شێوە ملکایەتی یەکانی دیکە زەوی وزاری کۆمەڵەکیی تایبەت بە دەشتەکیی ڕەوەندیش هەبوو . بە پێی هێندێ مێژوونووس لە پاش سەدەکانی ١٣ ــ ١٤

هەم بەم لاوە زەوی‌وزاری کۆمەڵەکی ئیدی بەسەر چووەو نەماوە ، بەڵام بە لای ئێمەوە لەو وڵاتانەدا کە بارودۆخی ژیانی ڕەوەندایەتی هێشتا هەر لەباو بووە ، ئەم شێوە زەوی‌و زارە تەنانەت لە سەدەکانی ١٨ ــ ١٩ هەمیش‌دا هەر ماوەو باوبووە .

لەو سەردەمەدا کە چاومان پێداگێڕا لە میرنشینەکانی کوردستان‌دا شێوە زەوی‌وزارێکی تیمارو سەنجاقیان پێ‌دەگوتن کوانووانە ( ئۆچاقلق ) لە «شەرەفنامە»دا باسیان‌کراوە بەڵام زۆر بە کورتی .

لە سەرێکی دیکەوە کوردستان ، بە تایبەت بدلیس مەڵبەندی پەز بەخێوکردن‌بووەو ئاژەڵ‌پەروەراندن سەرچاوەیێکی دیکەی هەرە چاکی ئابووری بووە . ئەم سەرچاوە ئابووری‌یانە لە پێشان کورد ، پاشان نەجیوزادەکانی عوسمانی کەلکیان لێ‌وەردەگرت .

ئێمە کاتێکی لە مێژووی کوردستان دەکۆڵینەوە لە «شەرەفنامە»دا کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتمان پێ‌بەستووە باس‌وخواسی چەندین نەجیوزادەی وامان بەرچاودەکەوێ کە چۆن بە سایی پەزەوانی‌و ئاژەڵ‌پەروەراندنەوە سەروەت‌و سامانێکی زۆریان وەسەریەك ناوە : «شەرەفنامە» دەڵێ : «میر محەمەدی فەرمانڕەوای جزیر ١٢ هەزارسەرمەڕی دۆشەنیی ١٠٠٠٠٠ هەزار هەبووە » (٧٦ ، ١٢٩) . بدلیسی دەنووسێ : «جگە لە شتەکی ناومالّ‌و ملکەکانی خەزێنەکەی دووسەت هەزار زێڕی عوسمانیی تێدابوو » (٧٦ ، ١٣١) . لە جێگایێکی دیکەدا وا نووسراوە کە جەمشیدبەگی میری پالوو لە دە هەزار سەر مەڕی دۆشەنیی پتر هەبووە . ئەم میرە هەموو ساڵێ سێ‌هەزار سەر تەگەو خرتی سێ ساڵەی دەهێنا ، هەر یەکە ئالە ئەسپێك یا ئالە ئێستیرێکی لەمل‌دەکردن‌و بۆ بازاڕی حەلەبێ دەناردن (٧٦ ، ١٨٦)و بە ئالەوەی دەفرۆشتن . هەر ئالەکان سەنگیان ٤٠ چل خەرواری وشتر دەبوون .

پێم وایە بدلیسی لێرەدا بڕێکی پێوەناوە ، چونکە ئەو سەردەمە سوود لە مەرتالی ڕەش وەرگرتن هێشتا بەو ئەندازەیە نەبوو کە تەنها میرێ بتوانێ سالی باری چل وشتر هەر لە نالی ئەسپو ئێستر بۆ دەرەوە بنێرێ • لە سەرێکی دیکەوە ، کوردستان سەربارەت بەوە کە ولاتی ئاژەل بەخێوکردنو کشتوکال بوو ، بۆ خۆی لە هەمرو ولاتانی دیکەی پتر پێویست بە نال هەبوو • جا لەبەر هەندێ ، ئێمە ئەم قسەیەمان هەروا بە هاسانی بۆ قووت ناچێ [٣] •

ئیدی بەم جۆرە ڕەنجی شانی زەحمەتکێشانی کورد کە لە پێشدا نەجیوزادەو ئاغاو بەگی کوردی دەولەمەند دەکرد ، کەچی لەسەرەتای سەدەی ـ ١٦ ـ هەمەوە بەرەوڕووی دەولەمەندکردنی نەجیوزادانی عوسمانی کراوەتەوە • چەوساندنەی زەحمەتکێشانی کورد لەلایەن فەرمانڕەوایی عوسمانی‌یەوە چینچین زیادی دەکرد • بە پێی «شەرەفنامە» ئەلقاسی کوڕی شاباز ملی بۆ کاربەدەستانی عوسمانیو میرمیرانی بەغدایێ خەواندو دەبوو دەستەبەری ئەوەبێ کە هەمرو سالێ چل هەزار سەر ئاژەلی بۆ بەغدا بگەیێنێ [٤] (٧٦ ، ٣٢٠) •

بێ گومان ئەم جۆرە دەستەبەری‌یە قورسو گرانانە سەروەتو سامانی ولاتەکەی لەبن دێناو بارودۆخی ماددیی زەحمەتکێشانی تابلێی سەختو نالەبارتر دەکرد .• فەرمانڕەوایی عوسمانی تەنانەت لە میرنشینەکانی کوردستاندا خۆی کردبوو بە خاوەنی سامانی ژێرزەویش •

بە پێی «شەرەفنامە» تەنها لە خوێی سپیو سوور کە لە ناوچەی خنوس دەردەهێنرا سالانە ٤٠٠ هەزار ئاقچەیان وەدەستدەهێنا (٧٦ ، ٣٥٥) •

کاربەدەستانی عوسمانی لە دوادوای سەدەی ١٦ هەمدا لە ناوچەی خنوس گۆلێکیان ، کە ماسیی زۆر بوو بۆ قازانجی دەولەت بە کرێ دابوو • بدلیسی دەنووسێ، بەلام لەو سالەدا ئەو گۆلە ماسیی تێدا نەبوو (٧٦، ٣٥٦)•

ئیدی بەم جۆرە پاش ئەوەی میرنشینی بدلیسیش وەك میرنشینەکانی دیکەی کورد کەوتە ژێر دەستی عوسمانی‌یەکانەوەو باری ئابووریی بەجارێ گۆج بووو شێوەی خەرج‌وباجی قورس‌وگرانی زۆروزەوەندە هێلەی دیکە بەسەر شانی گەلی کورددا دەسەپێندرا .

**شێوەکانی خەرج‌وباج :**

بدلیسی لە «شەرەفنامە»دا باسی ئەوەی نەکردووە کە لە میرنشینی بدلیس یا لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان‌دا شێوەکانی خەرج‌وباج چۆن بوون‌و ملکانەو زەوی‌یانەو شتی دیکە چەند لە گوندی وەرگیراوە ، بەڵام وێرای ئەوەش چەند شێوە خەرج‌و باجێکی کە لە میرنشینی بدلیس‌و میرنشینەکانی دیکەی کوردەواری‌دا لە باوبوون برێ باس کردوون‌و لەوەش دوواوە کە چەند وەرگیراوەو ئێمە ئەم شێوەو داودەستووری باج‌سەندنە لە قانوونتامەکەی ئوزوون حەسەن‌دا دەبینین . جا لەمەڕا ئەو ئاکامە وەگیردەکەوێ کە یاساو دەستوورێکی بۆ خەرج‌وباج سەندن لە وڵاتانی عیراق‌و فارس‌و ئازەربایجان‌و عوسمانی‌دا بەکاردەهێندران لە کوردستانیش‌دا هەر ئەو یاساو دەستوورە بەکارهێندراوە .

بەپێی زانیاریی سەرچاوەکان لە سەرەتای فەرمانڕەوایی ئاق‌قویونلووەکانەوە : واتە لە ساڵانی ١٤٧٠ ـ ١٤٧٦دا قانوونتامەکەی ئوزوون حەسەن ئامادە کرابوو (٦٤ ، ٤٤) .

تەنها لە ساڵی ١٤٩٨دا لە فەرمانی سیورغالێك‌دا (٥) کە بە میرئەسفەندیار بەگی کوردی میری ئەگیل دراوە تێوی تا ٣١ جۆرە خەرج‌وباج نووسراوە .

بەتایبەت لە کتێبەکەی عومەر لوتفی باراکی‌دا کە بە ناوی « مافەکانی ئابووریی کشتوکاڵی‌و بنەڕەتە ماڵی‌یەکانی لە ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی‌دا لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦ هەمدا » لە ساڵی ١٩٤٣دا ، لە ئەستەمووڵ بلاوکراوەتەوە

(١٣٠) له بـەرایی ئـەو قانوونەوە کـە لە ساڵی ١٥٤٠دا لەمەڕ دیاربەکر دەرکراوە دەنووسرا :

«تفصیل قانون‌نامهء ولایت دیاربکر بموجب قانون حسن پادشـا مقرر شد »

بە کوردی یەکەی :

«وردە ڕیشەکانی قانوونامەی ویلابـەتی دیاربەکر لەسەر بنەڕەتی قانوونی حەسەن پادشا دیاری‌کراوە » •

بەم پێیە هەر لە سێیەم چـارەکە سەدەی ١٥ هەمەوە هەر جـۆرە قانوونێکی فەرمانڕەوایی ئاق قۆیوونلووان کە لـە خـاکی کوردستان‌دا فەرمانڕەوابوون ، دای ناوە تەتبیق‌کردنی لـە سەرانسەری هەموو خـاکی کوردستان‌دا هیـچ جێی گـومان‌و دوودلی نی‌یە • کەواتە لە میرنشینی بدلیسیش‌دا کە ٢٩ ساڵ سەر بە ئاق‌قۆیوونلووان بووە ، هەر ئەو قانوونانە تەتبیق کراون •

هەروەکو لەپێشەوە گوتمان ، هەر لە پاش شەڕی چاڵدیران ئەو خەرج‌و باجـانەی ، فەرمـانڕەوایی عوسـمانی لە میرنشـینەکانی کوردەواریـی خڕدەکردنەوە ، سەرلەبەر لە خەزێنەی دیاربەکر کۆدەبۆوە • لەبەر ئـەمە دەتوانین بڵێین، هەر ئەو قانوونامەیە ( قانوونامەی خـەرج‌وباجێ کە بـۆ دیاربەکر دەرکرابوو) لە هەموو میرنشینەکانی کوردەواری‌دا تەتبیق‌دەکرا • شکڵ‌و شێوەو پێوانەی بڕێ خەرج‌وبـاج ، کە لە قانوونامـەکەی ئوزوون حەسەنی ئاق قۆیونلـوودا نـووسراون لە لایـەن زانـاکانی سۆڤیـەتەوە کۆڵدراونەوەو زانستانە ڕوون‌کراونەوە (٢٥، ١٦٠ ــ ١٦٣، ٣٣، ٣٩ ــ ٤٩)•

بدلیسی ئەم قانوونامەیەی لەگەڵ خەرج‌وباجی ڕابردووی سـەردەمی خۆی‌دا بەبەر یەك گرتوون ، دەنووسێ : «حەسەن بەگ پاتشایەکی بەداد بوو [٦] • لە لایەن ماڵ‌و سامان (دارایی خەرج‌وباج ــ ش•م ) لـە خەڵك

وەرگرتنەوە ، قانوونێکی وای دانابوو ، ئێستا لەم سەروبەندەش‌دا ، پادشاکانی عیراق‌و فارس‌و ئازەربایجان هەر لەسەری دەڕۆن (٧٨ ، ١٢٠) •

نووسیاری «شەرەفنامە» حەسەن بەگی ئاق قۆیونلووی بە فەرمانڕەوایەکی بەداد لەقەڵەمداوەو قانوونامەکەشی لەبەر ئەوە پەسند کردووە ، چونکە دەوڵەتی عوسمانی هەر لە سەدەی ١٦ هەمەوە خەرج‌و باجێکی زۆر گران‌و لەکێش بەدەری خستبووە سەر کوردستان • هەر لەبەر ئەویشە ، کاتێ بدلیسی دێتە سەر باسی ئەو وڵاتانەی ، لە سەر قانوونامەکەی ئوزوون حەسەن دەڕۆیشتن ، کوردستانی نەختۆتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە • نووسیاری «شەرەفنامە» کە ئەو سیاسەتە خراپەیی کە عوسمانی‌یەکان لە کوردستان‌دا دەیان‌گێرا ، بە ئاشکرا نەنووسیوە ، دیارە باسی ئەو هەموو خەرج‌و باجە گرانانەشی ، بە ئەندازەی پێویست‌و بەردڵ بگرێ نەنووسیوەو ، کارەکەی هەر بەوەندە بڕیوەتەوە ، کە کەم‌و زۆریی خەرج‌و باجەکانی بەبەراورد پیشان داوەو هیچی‌تر •

ئەو خەرج‌و باجانەی لە میرنشینی بدلیس‌دا وەردەگیران ئەمانە بوون : تاغمە ، خەراج ، سەرانە (جزیە)و خەرج‌و باجی ئایین‌و بەندوباوی کۆن ، باجی لەوەڕگەو ئێلاخان ، باجی گەرمەسێرو قشلاخ‌و ئی دیکە •

**تاغمە :**

ئەو شمەکانەی سەنعاتکاران ڕەنێویان دەهێناو بازرگانان لە بازاڕیان دەفرۆشت باجێکیان لەسەر وەردەگرت ، پێیان دەگوت تاغمە ٨(١ ، ١١٧ ـ ١١٨) • ئەم جۆرە باجە ، ڕاستەوخۆ لە سەنعاتکاران وەرنەدەگیرا ، لە فرۆشیاران وەردەگیرا • کەم‌و زۆریی پێوانەی ئەم باجە ، چۆنێتیی شمەکەکان دیاریی دەکرد • مافوورو ڕایەخی چاک‌تەون‌کراوو شتی لەم جۆرە بابەتانە ، زێتر ، باجی تاغمەیان لەسەر وەردەگیرا • بەم ڕەنگە ، ئەم باج‌وەرگرتنە ، لە سەرێکەوە دەبوو بە کۆسپ لە ڕێی بەرەو باشتر

گەشەکردنی سەنعاتکاریو لە سەرێکی دیکەوە باری بژیوو گوزەرانی سەنعاتکارانی نالەبار دەکرد ، چونکە ئالوویرچییەکان بۆ خۆ لەبارگرانیی خەرجوباج قوتارکردن ، شمەکی وردە سەنعاتکارەکانیان بە هەرزانتر لێ دەکڕینو گوێیان بە چاکو خراپیی شمەکەکان نەدەدا •

لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦دا سەرچاوەی دەرامەتی ئەو شارانەی سەنعاتکارانی تێدا دەژیان ، باجی تاغمە دەیهێنایە گۆڕێ • هەر لەبەر ئەوەش بوو ، ئەو فەرمانڕەوایانەی کوردستانیان داگیردەکرد ، تەنها بۆ وەرگرتنی باجی تاغمە کیفایەتیان دەکردو بەس •بدلیسی دەنووسێ ، ئەمیر تەیموور فەرمانڕەوایی عیززەددین شێری میری حەکاریی بە فەرمانێکی ڕەسمی قوبوول کردو ، دەبوو باجی تاغمەی ئەو شارەی بە ئەمیر تەیموور دابا [٧] (٩١) •

**خەراج :**

خەراج بە ئەسڵ باجی زەویوزارە (٤٤ ، ٢٦٢ ، ٣٦ ، ١١٩) • هەرچی خاوەن زەویوزاری کشتوکاڵ بوون ، لە موسوڵمانو غەیری موسوڵمان دەبوو ئەم باجە بدەن (٦ ، ٢١٠) • بەو پێیە بدلیسی نووسیویە ، لە ناوەندی سەدەی ١٦ هەمدا کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی باجی خەراجیان لە غەیرە موسوڵمانەکانی ناوچەی مووشیش وەرگرتووە (٧٦ ، ٣٥٦) • هەرچی گونابادییە ، دەڵێ ، باجی خەراج ئەوەبوو کە بۆ پاراستنی میرنشینی بدلیس دەدرا (١١٣ ، ٢٩٤) •

بەمەدا ڕووندەبێتەوە کە لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦دا باجی خەراجیش لە میرنشینی بدلیسدا باوبووە •

سەرانە ( جزیـە ) :

باجی سەرانە (جزیە) لەو ڕۆژەوەی عارەبەکان ئایینی ئیسلامەتییان بڵاوکردۆتەوە ، دەستی پێ کردووە (٣٦ ، ١٢٥) • واتە عارەبەکان هەر کەسێ

ئایینی ئیسلامەتی قوبووڵ نەکردبا ، باجێکیان بە ناوی سەرانە (جزیە) لێ‌دەستاند •

بە پێی کتێبی «شەرەفنامە» لە سەدەی ١٦ هەم‌دا هەرچی ناموسولمان هەبوون لە میرنشینی بدلیس‌دا ساڵانە سەری ٧٠ ئاقچەی عوسمانی‌یان باجی سەرانە لێ‌وەردەگرتن (٧٦ ، ٣٥٤) •

ئەحمەد ڕاسیم دەنووسێ ، سەرانە (جزیە) ئێوی باجێکی ئایینی‌و ڕەسمی‌یە ، لە عیسایی‌یەکان وەردەگیرا (٥٣ ، ٤٦٣) •

وەك لە کتێبی «شەرەفنامە»دا نووسراوە ، میرنشینی چەرمووك لە ساڵی ١٩١١دا سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو •

ئەم میرنشینە بە مەرجێ درایەوە بە محەمەد ئەمین بەگی میراتگری پێشووی ، هەر سەرانەیێك کە لە عیسایی‌یەکان وەردەگیرا بۆ خەزێنەی دیاربەکری بنێرن • بدلیسی دەنووسێ : ئەم بڕیارە کە سوڵتان سەلیم دابووی، سوڵتان سلێمان خانی غازیی بابیشی تەسدیقی کرد ٦(٧ ، ١٩١) •

بە مەدا بە دیاردەکەوێ ، کە سەرانە (جزیە)یەکی لە سەردەمی خیلافەتی عەرەب ( ئیسلامی ــ وەرگێڕ ) مابۆوە لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦دا ، لە بدلیسیش‌و لەو میرنشینە کوردەواری‌یانەدا کە غەیرە موسوڵمانیشیان تێدا دەژیان ، باجی سەرانە وەرگرتن تەتبیق‌کراوە •

خەرج‌وباجی ئایینی‌و بەندوباوەکی :

ئەم شکڵ‌و شێوەی خەرج‌وباجی ئایینی‌و بەندوباوەکی‌یەی «شەرەفنامە» دیاردیی بۆ کردوون نە لە قانوونتامەکەی ئوزوون حەسەنی ئاق‌قۆیونلووو نە لە هیچ سەرچاوەیێکی دیکەدا بەرچاوناکەون • چونکە بدلیسی ئەم خەرج‌وباجانەی لە کتێبەکەی‌دا ، بە تێکڕایی ، بە سەریەکەوە باس کردووەو دەڵێ : «سەبارەت بەوە کە خەڵکی بدلیس سەرسنوورەکانی

نێوان موسوڵمانان‌و گاورەکانیان دەپاراست ، شا بەدەسەڵاتەکان لە خەرج‌وباجی ئایینی‌و بەندوباوەکیی ئازادکردبوون» (٧٦٠ ، ٣٤٧) •

بەلای ئێمەوە ، ئەم خەرج‌و باجەئایینی‌و بەندوباوەکی‌یە سەرجەمی ئەو خەرج‌و باجانە بوو کە بەناوی خەرج‌و باجێکی جۆراوجۆرو بڕێ دەسەبەرایەتیی دیکەوە لە موسوڵمانان وەردەگیران • سوورانەو جێژنانەو نەورۆزانەو هێندێکی دیکە نموونەی ئەم باجانە بوون‌و لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦دا بە پێی قانوونامەکەی حەسەن بەگی ئاق‌قۆیونلوو ، لە زەحمەتکێشانی شارەکان وەردەگیران •

**پاوانانە :**

سەردەمانی زوو ، ئەو زۆزانانە (کوێستان ــ ئێلاخ ــ وەرگێڕ)ی بە پاوان دانرابوون ، هەر تیرەو هۆزێ لە ناوچەو هەرێمە دووردەستەکانەوە بۆ ئەم زۆزانانە هاتبا ، دەبوا لەبری هەر (٣٠٠) سەر مەڕ ، مەڕێ بە ناوی باجی پاوانانەوە بدا (٧٦ ، ٣٠٧) •. هەرچی خاوەن پەزی نیشتەنیی ئەو ناوچانە بوون لەم باجە ئازادبوون • بەو پێیە کتێبی «شەرەفنامە» نووسیویە ، لە سەرەتای سەدەی ١٦ هەمدا هۆزی مەحموودیی کوردیش کە بەدەسێنی‌و هانە هانەی دەوڵەتی عوسمانی بە سەر وڵاتی ئازەربایجانیاندا دەداو تاڵان‌و بڕۆیان دەکرد ، بە فەرمانی سوڵتان سولەیمانی غازی لە باجی پاوانانە ئازاد کرابوون (٧٦ ، ٣٠٧) •

«شەرەفنامە» نووسیویە ، ئەم باجە بۆ مەودایێکی دوورودرێژ تەتبیق‌کراوە •

**گەرمەسێرانە ( قشلاخانە ) :**

لە ناوەندی سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا ئەم باجی گەرمەسێرانەیە ، وەك لە قانوونامەکەی ئوزوون حەسەنی ئاق قۆیونلوودا نووسراوە ، لە میرنشینی بدلیسیش بەڕێوەدەبرا •

ئەم باجە لەوان کەسان وەردەگیرا ، کە هەریەکە لە ناوچەیەکەوە پەزیان بۆ گەرمەسێرەکان دەهێناو دەبوو لە هەر دە سەر مەڕ ، مەڕێ باجی گەرمەسێرانە بدا •

بەم جۆرە ، لەسەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا ، جگە لەو خەرجو باجانەی ، تێویان لە کتێبی «شەرەفنامە»دا هاتووە ، هیچ دوور نی یە چەند جۆرە باجێکی دیکەش ، لەوانی ، لە قانوونامەکەی ئوزوون حەسەنی ئاققۆیونلوودا نووسراون ، بەکارهاتبن •

لە بەرایی سەدەی ١٦هەمدا باجی تامغەی لە ئیلخانی یەکان بە میرات ماوە لەو میرنشینە کوردەواری یانەی لە خاکی ئازەربایجانو ئێرانی دراوسێی کوردستاندا بوون ، بەتاڵکرایەوە (٧٨ ، ٢٢٦) •

شاتاماسبی یەکەم بایی ٣٠ هەزار تمەنی باجی تاغمەی بە خەلکەکە بەخشی ، کەچی هەر لەو سەردەمەدا باری میرنشینە کوردەواری یەکانی سەر بە دەولەتی عوسمانی تابڵێی نالەباروگران بوو • لەو میرنشینانەدا نەك هەر خەرجو باجی لەکێش بەدەری سەدەکانی تێوەند بەتاڵ نەکرابوونەوە ، سەربار، خەرجو باجی نۆی یشیان وەسەر خرابوون • بە پێی نووسیارە تورکەکان ، لە دوادوای سەدەی ١٦ هەمدا دەولەتی عوسمانی سەری ٤٠ ــ ٦٠ ئاقچەی بە ناوی باجی ئاورێژانە (باجی مالانە)و لە هەر دوو سەر مەڕ ئاقچەیێکی (مەڕانە) دەستاند (٥٣ ، ٤٤٨) •

جا بەمەدا بە دیاردەکەوێ کە باجی سەرانە (جزیە) کە لە پێشان لە غەیرە موسولمانان وەردەگیرا ، لە پاشان لە هەموو خەلکی میرنشینەکان وەرگیراوە •

بە پێی ڕێککەوتنێ کە لە سالی ١٥١٦ دا لە نێوان میرانی کوردو کوردەواری وەرگیراوە •

حوکوومەتی عوسمانی‌دابڕیاردراوە خەرج‌وباج‌و باربووو پیتاکی شەڕیش لە ستۆی خەڵکی کوردستان بووە • جگە لـەمەیش هەموو میرنشینێ دەبوو خەرج‌وباجێکی زۆروزەوەندەشی بۆ خەزینەی دیاریـەکر وەرێ‌خستبا • بدلیسی دەڵێ ، جگە لەو خەراجەی کە لە چوار هەزار عیسایی وەردەگیراو بێجگە لە خەرج‌و باجی موڵکی وەقف ، هەر خەرج‌و باجی ناوچەی مـووش بە تەنها ، بەرابەر بە ٣٢٤و٥٣٣و١ ئاقچەی عوسمانی بوو (٧٦ ، ٣٥٤ ــ ٣٥٥)• هەروەها خەرج‌وباجی ناوچەی خنۆسیشی هێندەی خەرج‌وباجی مـووش نووسیوە ( ٢٧٦ ، ٣٥٥) •

کاتب چەلەبی دەڵێ ، لە سەردەمی بنەماڵەی عوسمـانی‌دا ، بـە پـێی دەفتەری خەرج‌وباج ، خەرج‌و باجی میرنشینی مووش ١٥ هەزار دینـار بوو (١٠٣ ، ٤١٥) •

چ بدلیسی‌و چ کاتب چەلەبی خەرج‌و باجی مووشیان لەگەڵ خـەرج‌و باجی سەردەمی جەنگیزخان‌دا کە حەمدوڵڵای موستەوفی نووسیویـە ، بـە بەراوردەوە دیاری‌کردووەو نووسیویانە ، بەڵام بدلیسی ڕاستی نووسیوەو کاتب چەلەبی هاتووە ، ئـەوەی حەمـدوڵڵای مـوسـتەوفی نووسـیویە ، هەڵی‌گێڕاوەتەوەو شێواندوویە (٦٣ ، ١٢٩ ، ٧٦ ، ٣٥٤) •

بە پێی «شەرەفنامە» لە دوادوای سـەدەی ١٦هـەم‌دا حوکوومـەتی عوسمانی میرنشینی حەکاریی بە ١٠٠ هەزار فلۆرین ، جارێکی دیکە بـۆ زەگەریا بەگی میراتگری ڕاستەقانیی ئەو میرنشینە گەڕاندۆتەوە (٧٦ ، ١٠٤)•

جا بەم پێیە ئەو خەرج‌وباج‌و ئەرکی شەڕوشـۆڕەی ، کە دەوڵـەتی عوسمانی خستبوویە ئەستۆی میرنشینەکانی کوردەواری باروودۆخی ماددیی ژیانی نەتەوەی کوردی بە جارێ سەخت‌و دژوار دەکردو ئابووریی وڵاتەکەی بە جارێ بەربادەکرد •

تورکەکان کە سوودیان لەم بارودۆخە وەردەگرت ، لەسەدەی ۱۷ هەمدا کوردستانیان بە ویلایەت ناو دەبرد ، بەلام لە پاشان وشەی کوردو کوردستانیان بە جارێ سڕی‌یەوەو ئیویان نان تورکی چیا (۲۳ ، ۷٤) .

**سەنعاتکاری‌و بازرگانی :**

بە گوێرەی سەرچاوەکانی سەدەکانی ۱۵ ـ ۱٦ هەم میرنشینی بدلیس بە مەڵبەندی سەنعاتکاری‌و بازرگانی لەقەڵەمدراوە (٤۱ ، ٤٤) . بە پێی کتێبی «شەرەفنامە» ویلایەتی بدلیس ، جگە لە بازرگانانی ئازەربایجانی‌و ئێرانی‌و ئەرمەنی ، بازرگانی ڕووس‌و چین‌و بولگاری‌و هیندیشی لێ‌هەبوون [8] (۷٦ ، ۳۳۹) .

لەم سەردەمەدا میرنشینی بدلیس کارخانەو دووکانێکی زۆری سەنعاتکاری‌و پیشەگەری جۆربەجۆری لێ‌هەبووە. بدلیسی لە«شەرەفنامە»دا ژمارەی ئەم کارخانەو دووکانانەی نزیکەی ۸۰۰ کارخانەو دووکان نووسیون. جگە لەمانە ، میرنشینی بدلیس لە دوادوای سەدەی ۱٦ هەم تا ۱۰۰ دووکانی دوو دەرگای گەورە گەورەو کارخانەی چەرمکاری‌و ژمارەیێکی زۆری خانووبەرەی کۆمەڵەکیی تێدا ڕۆنراون .

بێجگە لەم کارخانانەو دووکانانەی باسمانکردن ، ژمارەیێکی زۆر وردە سەنعاتکارو وردە پیشەگەر لە ماڵانیش‌دا هەبوون ، کە زوربەیان ژن‌بوون. ئەم ژنانە تەشی‌ڕێس‌و تەونکەرو وەستای نەخش‌و نیگاری تەڕدەستی چاکیان تێداهەبوون . هەر لەبەر ئەمەیشە کە بنەڕەتی سەنعاتکاری لە سەدەکانی ۱۵ ـ ۱٦ هەمدا لە بدلیس تەونکاری‌و چەرمکاری بووەو مافوورو ڕایەخ‌و شتی لە چەرم دروستکراوی زۆر نایابی لێ سازکراون . جگە لەمانە کارخانەی وای تێدابووە ، کاریان ئەوەبووە ، کەرەستەی خوری‌و چەرمیان بۆ کارگەچێتی‌و پێڵاودروستکردن سازکردووە .

لە میرنشینی بدلیس وەستای چەکسازی جۆراوجۆر هەبوون . لە

تێزە ، لە مەرتاڵ ، لە پەیژەی بەدیوارو بورجو بارووی قەڵاداسەرکەوتن ــ ئەمانەیان هەموو دروست دەکــرد • لە سەدەی ١٥ هەمدا یەکێ لە وەستــا تەڕدەستەکانی پەیژەدروستکردن کە تێوی ئەبوبەکر ئاغای بــایەکی بووە (بایەکی تێوی هــۆزە) ، بدلیسی لە «شەرەفنــامە»دا بە تایبــەکاریەوەی تێوبردووە (٧٦ ، ٣٩٨) •

لە سەدەی ١٥ ــ ١٦ هەمدا ، ئەو شمەکانەی لە میرنشینی بدلیس ، لــە مەرتاڵ دروستدەکران کەم نەبوون •

لەم میرنشینەدا شتومەکی بابەتی ڕازاندوەی لە مەرتالی ڕەنگاوڕەنگ دروستکراو ، کەمەرەی زیو ، تۆقەی سەرو زۆرشتی دیکە دروستدەکران•

لەمەڕا ئەوەمان بۆ بەدیــاردەکەوێ ، کە لــە ســەدەکانی ١٥ ــ ١٦دا سەنعاتکاریی میرنشینی بدلیس بە ڕادەیێ گەیشتووە کە وەستایان توانیویانە لە کەرەستەی مەرتالی ڕەنگاوڕەنگو ڕەش بۆ دروستکردنی زۆر شــت کەڵك وەربگرن • لە بدلیس وەستای تەڕدەستی سندووقی شەترنجو قوتووی جگەرەو سنووقچەی جوانو نایاب هەبوون • هەروەها دەفرو ئامــانی هەمە جۆری سوالەتیش لەباوبوو •

بەرەوپێش گۆڕانی خوریکاریو ئاوریشمکاری لە میرنشینی بدلیسدا تا دەهات کاری لە فرەوانکردنەوەی مەیدانی سەنعــاتەکانی ئەو ســەردەمە دەکردو ئەو شمەكو کەلوپەلانەی سەنعاتکارانی بدلیس ڕەتێویان دەهێنــا پێداویستە بنەڕەتەکانی خەلکیان بە تێروتەسەلیەوە پڕدەکردەوە • ئــەدی ئەوە نیيە بازیل نیکیتــین ــ دەمخۆش ــ شــاری بدلیســی ، بە شــاری سەنعاتکاری لەقەلەم داوە (٢٣ ، ١١٣) •

**بــازرگانی :**

لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا ، لە میرنشینی بدلیــس شــتی بابەتی سەنعاتکاریو کەرەستەی خاویشی کە بۆ هەندەران دەنــێردران ، تێــدا

ئامادەکران • خەڵکی بدلیس چەرم‌و پێستەی مافوورو ئاوریشم‌و خوری‌و بەڕووو ڕۆن‌و پەنیرو شتی دیکەی لەم جۆرە بابەتانەیان بە بازرگانانی هەندەران دەفرۆشت‌و چەك‌و پارچەی نایاب‌و شمەکی ڕازاندنەوەیان لێ‌دەکڕین •

لە میرنشینی بدلیس‌دا ، وەك هەموو میرنشینە کوردەواری‌یەکانی دیکە ، بازاڕ ، هەموو ساڵێ لە وەرزی پایزدا دادەندرا • چونکە ئەم وەرزە، دەکەوتە جەنگەی لە کوێستان گەڕانەوەی خێڵ‌و هۆزە ڕەوەندەکانی کوردو بازاڕی کڕین‌و فرۆتن تەواو گەرم دەبوو • هەر لەم وەرزەدا بازرگانانی هەندەران شمەك‌و کەلوپەلی فرۆتەنی‌یان دەهێنایە بازاڕی بدلیس‌و ئەوانیش پێداویستی خۆیان لە خەڵکی بدلیس دەکڕی • کڕین‌و فرۆتن لەو سەردەمەدا بە شمەك گۆڕینەوە بوو • ئەمەیش بۆ بازرگانانی هەندەران زۆر لەبارو لەباوبوو • چونکە شمەك‌و کەلوپەلەکانی خۆیانیان بە گران ، بە خەڵکی بدلیس دەفرۆشت‌و شمەکی خەڵکەکەیان بە هەرزان لێ‌دەکڕین • بەو پێ‌یەی کتێبی «شەرەفنامە» لەمەڕ پارەو دراوی ئیتالیایی‌و عیراقی‌و ئێرانی‌و عوسمانی دەدوێ ، وا دیارە بازرگانی ئەو سەردەمە لە میرنشینی بدلیس‌دا ، تەنها هەر بە شمەك گۆڕینەوە نەبووەو شمەك بە پارەوپووڵی جۆراوجۆر کڕینیش لەباوبووە •

لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەم‌دا نە میرنشینی بدلیس‌و نە میرنشینەکانی دیکەی کوردەواری دەستووری بە تاکە پارەیێ سەوداو مامەڵەکردنی بە بە خۆیانەوە نەدیوەو نەبووە • ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە کوردستان دەوڵەتێکی یەکگرتووی مەرکەزیی نەبووەو بازرگانی‌و کڕین‌و فرۆتن هەمیشە بە شمەك گۆڕینەوە بووە وبەس • هەر سەبارەت بەمە بووە کە پارەی ئێران‌و عیراق‌و عوسمانی لە بازاڕی بدلیس‌دا دەوری گەورەی گێڕاوە •

لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەم‌دا بازرگانانی میرنشینی بدلیسیش شمەك‌و

کوتاڵی خۆیان بۆ بازرگانی هەندەران دەنارد • بازرگانانی میرنشینی بەدلیس زێتر ئالوویریان لەگەڵ ئێرانو تورکیاو سووریاو میسرو عیراقدا دەکرد •

لە «مونشەئاتی سەلاتین»دا لە بارەی بازرگانێکی خەڵکی بەدلیسەوە، کە لە سەدەی ١٥ھەمدا بە نیازی ئاڵوویرەوە بۆ تەورێز چووە، نامەیێکی سەرنج بزوێن بەرچاودەکەوێ • ئەم نامەیە لە محەمەد بەگی میری بەدلیسەوە بۆ سوڵتان محەمەد فاتیح نووسراوە • لە نامەکەدا گوتراوە : «یەکێ لە جێبڕواکانی وڵاتی ئێمە، کە ناوی خودالێخۆشبوو • سەیید بە عابوددینە، بە نیازی بازرگانیەوە بۆ ئەو وڵاتە (تەورێز ــ ش • م •) نێردراوە • ئەو پیاوە هەرکە گەیشتووەتە تەورێز ، لەوێ ئەمری خوای کردووە • کاربەدەستانی دەوڵەت ، لەتەورێز ، بێ ئەوەی لە بنجوبناوانی کارەکە بکۆڵنەوە ، کابرایان بەبێ خاوەنو میراتگر لە قەڵەم داوەو ٨ خەروار ئاوریشمی پەتیان لێبەسەرگرتووە• وامان داوخوازە،لە بارەی بەش پێبڕانی ئەم زاتەوە ، سەرەنجامێکمان پێبفەرموون» (٩٨ ، ٣١٩) •

( سەبارەت بەوە کە سوڵتان محەمەد فاتیحی سوڵتانی عوسمانی تازە قەڵای ئەستەمبوولی گرتبوو ، لە دنیای ئیسلامەتیدا ڕێزێکی زۆری لێدەنرا • دیارە محەمەد بەگی میری بەدلیسیش ئەمەی ڕەچاوکردووە ، بۆیە ئەو نامەیەی بۆ ناردووە) ( ش • م • ) •

لە سەرەتاکانی سەدەی ١٦ھەمدا صادیراتی میرنشینی بەدلیس ، بە تێکڕایی ، لەگەڵ واریداتیدا سەربەسەر ڕادەوەستا ؛ بەڵام لەپاش یەکەم دابەشکردنی کوردستان ، ئەم سەربەسەر ڕاوەستانو هاوتایییە لامەنگ بووو تێکچوو • هەروەکو هەموو میرنشینە کوردەوارییەکانی دیکە ، میرنشینی بەدلیسیش سەنعاتو بازرگانیو مەیدانەکانی دیکەی دەرامەتی میرنشینی بەدلیس بوون بە پاشکۆی بەرژەوەندی حوکوومەتی عوسمانیو

قازانجی ئەم حوکوومەتە لەوەدا بوو بزاوتی ئابووریی میرنشینەکە بەو بارەدا بلەنگێ .

ئیدی سەربەنی بازرگانیی هەندەرانو ناوخۆ لە دەست بازرگانانی کورد دەرچووو کەوتە دەستی بازرگانانی عوسمانیو ئەوان دەوری سەرەکی‌یان تێدا دەگێڕا .

لە دوادوای سەدەی ١٦هەمدا ، لە ملیۆنو نیوێ پتر مەڕومالآت لە کوردستانەوە بۆ ئەستەمبووڵ ڕەوانە کراوە (٢٣ ، ١١٥) . بەم جۆرە لە دوادوای سەدەی ١٥هەمو سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا ، کە خوریو ئاوریشمو مافوورو چەرمو تووتنو زۆر شتی دیکە بڕبڕەی پشتی صادیراتی کوردستانو میرنشینی بدلیسیش بوون ، لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمەوە جڵەویان کەوتۆتە دەستی دەولەتی عوسمانی . ژان باتیست تاڤێرنێ لە «گەشتنامە»کەیدا کە باسی مەیدانی ئەم بازرگانی‌یە سەرەکی‌یە دەکا ، دەڵێ: «خێروبێری ئەم بازرگانی‌یە فرەوانو بەربڵاوە هەمووی دەچێتە گیرفانی دەولەتی عوسمانی‌یە» (٧٣ ، ٢٨٧).

لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا میرنشینی بدلیس وەك لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتبوو ، هەروەها لە ڕووی شارستانیشەوە ، لە چاومیرنشینە کوردەواری‌یەکانی دیکە ، لە پێش هەموانەوە بوو .

**ڕۆشنبیریو شارستانێتی :**

لە میرنشینی بدلیس کۆمەڵێ زۆر لە پیاوی زاناو ڕۆشنبیرو مەلای چاك پێ گەیبون . یەکێ لەمانە مەولانا عەبدورڕەحیمی بدلیسی‌یە کە کتێبێکی لەسەر زانستەکانی مەنتیق داناوەو ناوی بەتایبەتی لە کتێبی «شەرەفنامە»دا هاتووە . بدلیسی دەڵێ : «ئەم شەخسە ، سەبارەت بەوە ، کە لە خوێندنەوەو نووسینو مەنتیقدا زۆر ورد بووە ، لەناو مەلاو زانایانی سەردەمی خۆیدا زۆر بە ناووبانگ بووە» (٧٦ ، ٣٤٢) .

زانایەکی دیکەی بدلیس کە لە زانستی شەرع و حەدیثدا ئێکجار زەبردەستبووەو ناووبانگی زۆر ڕۆیشتووە ، « مەولانا محەمەدی بەرگەلی‌یە» • ئەم زاتە کتێبێکی زۆری لە بارەی ئەم زانستانەوە داناوە •

هەروەها ، لە ڕیزی زانا بە ناووبانگەکانی بدلیس‌دا ناوی پیر شێخ نەجمەددین زۆر بە تایبەکاری‌یەوە نووسراوەو باسی‌کراوە • حاجی زەینولعابیدین دەڵێ : «ویلایەتی بدلیس مەلاو زانای گەورە گەورەی زۆری تێدا هەڵکەوتوون» (٥٨ ، ١٤٢)و لەمانە ناوی شێخ عومەری[٩] ، کە لە بنەماڵەی شێخ نەجمەددینە ، بەتایبەتی‌یەوە نووسیوە •

لە ناو زانا گەورە گەورەکانی بدلیس‌دا پێویستە ناوی مەولانا حوسامەددین بدلیس‌و مەولانا ئیدریسی بدلیسی[١٠] کە لە دوادوای سەدەی ١٥ هەم‌و سەرەتای سەدەی ١٦ هەم‌دا ژیاوە، مێژوونووس‌و شاعیرو نووسیاری بە نامێی سەردەمی خۆی بووە • ئەم زاتە نەك هەر زاناو شاعیرو مێژوونووسی سەروبەندی خۆی بووە ، بگرە کارمەندێکی دەسڕۆی دەوڵەت‌و سیاسەتمەدارێکی بلیمەتیش بووە • مەولانا ئیدریسی بدلیسی سەردەمانێ لە بارەگای ئاق‌قۆیونلووەکان‌داو چەناتێکیش لە دەرباری عوسمانی‌یەکان‌دا کاری گەورەگەورەی بە دەستبووە • ئەم پیاوە بڕێ کتێبیشی نووسیوە • کتێبی «هشت‌بهشت»ی کە ٨٠ هەزار دێڕە شیعرە لەمەڕ قانوون‌و یاساکانی بنەماڵەی عوسمانی‌یەوە نووسیوە • بە پێی «شەرەفنامە» مەولانا ئیدریسی بدلیسی ، کتێبەکەی بۆیە بە «هشت‌بهشت» ناوە ، چونکە باسی قانوون‌و یاساو مێژووی هەشت سوڵتانی عوسمانیی بە شیعر لەو کتێبەدا نووسیوە (٧٦ ، ٣٤٣) •

ئەبولفەزڵ ئەفەندیی کوڕی مەولانا ئیدریسی بدلیسیش ، زاناو ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیەتی • ئەبولفەزڵ لە بارەگای سوڵتان‌دا کاری

گەورەگەورەی بە دەست بووەو لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٦ هـ ەمدا مردووە .

لە ناو زاناو رۆشنبیرانی میرنشینی بدلیسی سەدەی ١٦ ەمدا نیزی خاوەنی کتیبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسیو محەمەد جان ئەفەندیی هاوچەرخی وی دەبێ زۆر بە تایبەکاری یەوە بنووسرێ .

لە کتیبی «شەرەفنامە»دا سەیید حوسەینی ئەخلاتی کە یەکێ لە زاناگەورەکانی ئەخلاتە زۆر بە تایبەتی ناوی هاتووە . ئەم زانایە لە زانستی ستیرناسیو ریازیاتدا یەکێ لە زانا هەرە بە ناوبانگەکانی سەردەمی خۆی بووە .

بە پێی کتیبی «شەرەفنامە» کاتێ مۆلاکوخان رەسەدخانەکەی مەراغەی رۆناوە ، مەلا محەمەدی ئەخلاتیی بۆ یاریدەدانی نەسیرەددینی تووسی بانگ کردووەو ئەویش بەوپەری لێوەشاوەیی یەوە ئەو کارەی لەگەڵ تووسی دا ئەنجامداوە (٧٦ ، ٣٥٢) . بەمەش ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ، زاناو رۆشنبیری وا گەورەگەورەو زەبردەست کاری گەورەیان لە شارستانێتیی میرنشینی بدلیسدا کردووە ، بە تایبەت برێ لەو دامودەزگای رۆشنبیریو فێرگانەی کە ، لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هـ ەمدا لە میرنشینی بدلیس دروست کراون جارێکی دی ئەم راستی یە دەچەسپێنێ . هەر لە سالی ١٤٠٧ ەوە ، وەك «شەرەفنامە» نووسیویە ، نەخۆشخانەیێکی گەورەو میوانخانەیێکی فرەوانو چەند خانوماتێکی حەوانەوەی کۆمەڵەکێ لە میرنشینی بدلیسدا دروست کراون (٧٦ ، ٣٨٠) .

لە سالی ١٤٤٤دا حاجی محەمەدی میری بدلیس مزگەوتێكو فێرگەیێکی بە سالێ دروست کردووەو دەسبەجێ سوودی لێ بینراوە . لە بدلیس ٨ گەرماوو ٤ مزگەوتو پتر لە ٢٠ پردی بەرد هەبووە .

لە سالانی ١٥٢ ــ ١٥٢٥دا شەرفخانی میری بدلیس ، جگە لە چەند

خانوماڵێکی جێ‌حاوانەوەی کۆمەڵەکی ، فێرگەیێکی بە ناوی «شەرەفی‌یە»و خێراتخانەیێکی دروست‌کردووەو خەڵك سوودیان لێ‌بینیون • جگە لەمانە لە شاری بدلیس ٥ فێرگە لە لایەن شەرەفخانی نووسیاری کتێبی «شەرەفنامە»ەوە لە گەڕەکی «شەمسی‌یە» ، بە ناوی «خەتیبیيە»و «حاجی‌بەگی‌یە»و «ئیدریسی‌یە»و «ئیخلاسی‌یە»وە دروست‌کراون‌و لە ساڵی ١٥٩١دا سوودیان لێ‌بینراوە • بدلیسی دەڵێ ئەم فێرگانە کە ئێستا پڕن لە فەقێ‌و شاگرد بە دەست مەلاو زاناکانەوەن (٧٦ ، ٣٤٧) •

بەو پێ‌یە کتێبی « شەرەفنامە » باسی دەکا ، فێرگەی «شەرەفی‌یە» مەولانا خدر بەگ بابانی‌و فێرگەی « ئیخلاسی‌یە » شەمسەددین مەولانا محمد شەرانشی‌و فێرگەی «ئیدریسی‌یە» مەولانامەلا عەبدوڵلا بەمەلای ڕەش ناوبانگی ڕۆیشتووو بۆ فێرگەی دیکە مەلاو زانایانی بدلیس بە ڕێوەیان دەبردن (٧٦ ، ٣٤٨ ، ١٠٣ ، ٤١٤) •

هەروەها بە گوێرەی ئەوەی لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە ، لە سەرەتاکانی سەدەی ١٦هەم‌دا شاری بدلیس ٥٠٠ فەقێ‌و مەلاوزانای تێدا بوون (٧٦ ، ٣٤٥) • بەرنامەی خوێندن ، دەرزەکانی ئایین ، مەتتیق‌و فیقهـو جەفرو ستێرناسی‌و مێژووو برِبرەی پشتی خوێندن بوون •

لە میرنشینی بدلیس‌دا هونەرە جوانەکانی وەکو مۆسیقاو نیگارکێشی‌و شاعیری‌و خۆشنووسی زۆر بڵاوبووبوونەوە • بدلیسی دەڵێ «زانایانی کورد لە شاعیری‌و پەسنوێژی‌و خۆشنووسی‌دا کە کلیلی لە شاو سوڵتان نزیك کەوتنەوەو پلەوپایەی بلیند وەدەست‌هێنان بوون ، خاوەن بەهرەی بەرز نەبوون ٧٦ ،١٥) •

کاتب چەلەبی دەڵێ ، کورد زانای چاکیان لێ‌هەڵکەوتوون ، بەڵام لە خۆشنووسی‌و شاعیرێتی‌و ئینشانووسی بێ بەهرەبوون (١٠٣ ، ١٤٩) • کتێبی «شەرەفنامە»یش هەر لەم بارەوە بێ دەنگەو هیچی نەنووسیوە •

لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا زانای پێشکەوتووی خاوەن کتێبخانەی شەخسی کە بەتەدریساتو دەرزگوتنەوەوە خەریك بوون ، کەمنەبوون • هەرلەبەر ئەمەیە کە میرنشینی بدلیس لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا لە کوردستان ، بە مەڵبەندی سەنعاتو بازرگانیو ڕۆشنبیری لە قەڵەم دەدرا • میرنشینی بدلیس ئەم هەلو مەرجەی خۆی تا ناوەندی سەدەی ١٧ هەمیش لە دەسدرێژیی عوسمانی پاراستووە ، بەڵام لە ساڵی ١٦٣٩دا دابەش کردنی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێراندا بۆ دووەم جار، بوو بە ڕەسمی ، بەڵام پاشان وشارو شاڵاوی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر میرنشینەکانی کورد زیادی کرد • ئەبداڵ خانی میری بدلیس بۆ پاراستنی میرنشینەکەی لەم مەترسی‌یە دیاریو بەراتێکی زۆری بۆ بارەگای عوسمانی ناردووە ، بەڵام هیچی لێ‌شین نەبووە • ئەحمەد پاشای والیی وانێ ، بە یارمەتیی کوردەکانی هۆزی مەحموودی‌یەوە شاڵاوی بۆ سەر بدلیس بردو هەرچی لە ماڵو موڵکی ئەبداڵ بەردەس کەوت ، لەگەڵ کتێبخانەکەیدا ، سەرلەبەری بە تاڵان برد • ئەولیا چەلەبی دەڵێ : «کتێبخانەکەی چوار هەزار نوسخە کتێبی بە نرخو نایابو دەستنووسی پتر تێدا هەبوو • ئەم کتێبانە زۆربەیان بە نەخشو نیگاری جوانەوە لە بەرگ گیرابوون» (٤٨ ، ١١٩) • بەو پێ‌یە ئەولیا چەلەبی نووسیویە ، لە کتێبخانەکەی ئەبدال خاندا ٧٦ نوسخە کتێبی عەرەبیو فارسیی کە بە دەسخەتی ئەبدالخان ، خۆی نووسرابوونو ١٠٥ نامیلکەی تێدا بووە • هەر لەبەر ئەمەیە کە ئاستۆی خوێندەواریو ڕۆشنبیریو شارستانێتی لە سەدەکانی دووایی مێژووی میرنشینی بدلیسدا زۆر بەرەوپێش گۆڕاوە ، بەڵام دەس تێوەردانو خۆ تێ‌هەڵقورتاندنی دەوڵەتی عوسمانی نەی‌هێشت فراژوو بێو تەرز باوێ •

شیاوی باس کردنە ، مێژووی میرنشینی بدلیسیش ، هەروەك مێژووی میرنشینە کوردەواری‌یەکانی دیکە ، مێژووی لەدژ بیانیو نەیارانڕاپەرینو خەباتی بێ بشوو بووە • چ گومان لەوەدا نی‌یە کە ، ئەم ڕووداوانە

پێشکەوتنی ئابووری‌و شارستانێتیی میرنشینی بدلیسیش • بە دەردی میرنشینەکانی دیکەی کورد شەل‌و گۆج دەکردو دەبوو بەکۆسپ‌و هەلەمووت لەپێش بەرەوپێش گۆڕانێکی سەربەخۆی ئەم میرنشینە • بەلام ئەو سیاسەتەی فەرمانڕەوایەکانی بدلیس لەسەری دەڕۆیشتن ، لە بنەڕەت‌دا ، پڕ بە پێستی بارودۆخی تایبەت‌و خواستەکانی ئەو سەردەمە بووە • تەنها هەر لەبەر ئەمەیشە کە ، ئەو فەرمانڕەوایانە بۆ چەند سەردەمێ ، توانیویانە ، مافی پشتاوپشت بۆ بەجێماوو سەربەخۆیی میرنشینەکەو هاوهۆزو هاوعەشرەتەکانی خۆیان بپارێزن •

بە دەم شی‌کردنەوەی مێژووی میرنشینی بدلیسەوە بەو ئاکامە دەگەین کە ، هەرچی داودەستووری قورس‌و گرانی چەوساندنەوە هەیە لە لایەن بیانی‌یەوە بەسەر نەتەوەی کورددا سەپێندراوە • ئەو داودەستووری خەرج‌و باجانەی نەجیوزادەکانی کورد ، خۆیان لە میرنشینەکەدا بە سەر خەلکیان‌دا سەپاندبوو ، ئێکجار بەو ڕادەیە قورس‌و لەکێش‌بەدەر نەبوو • هەر لەبەر ئەمەیە کە ، تیرەو هۆزەکانی کورد نەك هەر لەدژ نەجیوزادەکانی خۆیان ڕانەدەپەڕین ، بگرە لەدژ دەس‌درێژیی بیانیشیان پاراستوون‌و شەڕیشیان بۆکردوون • هۆیەکی دیکەی ئەمە ، ئەوەیە کە ، هۆزو خێلەکانی کورد وەزیفەی میرایەتی‌یان کە بە میرات دەگیرا ، بە کارێکی لە دەسەلات‌بەدەر ( احکام خارجی ـ خودایی ) دەزانی‌و ڕێز لە میرو نەجیوزادەگرتن قالبی پەرستنی گرتبووو سەرپێچی‌لێ‌کردنی بە ناخودایی دەزاندرا •

لە مێژووی کورد ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ، سەرەك هۆز تەئسیرێکی ڕۆحیی گەورەی لە دل‌و دەروونی خەلکی ولاتەکەدا هەبووە ، هەرکە سەرەك‌هۆزێ زێدو نیشتمانی خۆی بەجێ‌هێشتبا ، سەرلەبەری ئەفرادی هۆزەکەی لەگەلی‌دا کۆچیان دەکردو دەڕۆیشتن • «شەرەفنامە» دەلێ ، سەیید حوسەین ئەخلاتی هەرکە پێش‌وەخت سۆسەی شالاوهێنانی جەنگیز

خانی کـرد ، ولاتی بەجێهێشتو چوو بۆ میسرو ١٢ هەزار کەسی لە هۆزەکەی پەگەڵکەوتنو ئەوانیش چوون بۆ میسر • بدلیسی دەنووسێ : « تائێستایش لە میسر کورە کێکی گەورە بە ناوی ئەخلاتیبەکانەوەهەیە » (٧٦ ، ٣٥٢) •

وەختێ خۆی ١٥ هەزار کەس لە هۆزی پازۆکی کە لە خزمەتی شاعەباسی یەکەمدا کاریان دەکرد ، لەگەڵ سەرەکەکانیاندا کۆچیان کردووە بۆ شارۆکەی وەرامین (٧٠ ، ٣٢٥) •

لەمەیش وا بەدیاردەکەوێ کە بۆ ولاتانی بیانی کـۆچکردنی تیرەو هۆزی کورد ، تەنها هەر لە سۆنگەی سەرسنوورو کەوشەن پاراستنو ڕەهەندو سورگونکرانەوە نەکەوتۆتەوە ، بەڵکو جاری وا هەبووە سەرەكهۆزەکە خۆی ولاتەکەی خۆی بەجێ هێشتووەو بۆ ولاتێکی دیکە کۆچی کردووە •

وەك لە سەرچاوەکانڕا بـە دیاردەکەوێ ، زۆربەی مەلاو زانایانی کوردستان ، بەتایبەت لەوانی میرنشینی بدلیس ، لە ولاتی خۆیان کۆچیان کردووەو بارەگاو دەرباری پادشاو سولتانەکانی ولاتانی لەچاو کوردستان پێشکەوتوو تری وەك ئیرانو ئازەربایجانو تورکیاو عەرەبستاندا کاریان کردووە (٧٦ ، ٣٤٢ ــ ٣٤٤ ، ٤٧ ، ١٤١) •

ئەم بارودۆخەی کە بە درێژایی چەندین سەدە لە خاکی کوردستاندا پێوە چووەو درێژەی کێشاوە ، دەبێ بە هۆیەکی دیکەی کەمو کوورکردنی هێزو توانی مرۆ لەقەڵەمبدرێ •

ئیدی بـەم ئـاوایە ، هیواداریـن بـەم لێکۆلینـەوەو شیکردنـەوەیەی ئـەنجامماندراون کەموزۆرێکمان لـە ژیـانی ئابووریو کۆمەڵەکیو سەنعاتکاریو بازرگانیو خوێندەواریو ڕۆشنبیریو شارستانێتیی میرنشینی بدلیسو میرنشینەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ

گەلالەکردبێ‌و بە ڕوونی لە مێشکماندا نەخشی بەستبێ • چونکە هەرچی ئەو ڕووداوانەی لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمدا لە میرنشینەکانی کورددا ڕوویانداوە ، یەك کاری لێك کردووە ، یا ڕووداني یەکێکیان بووە بە هۆی ڕوودانی ئەوی دیکە •

ئەنجـام :

کتێبی «شەرەفنامە» کەشەرەفخانی کوڕی شەمسەددینی بدلیسی دای‌ناوە ، یەکە سەرچاوەیەکە کە ، لەبارەی مێژووی کوردو کوردستانی سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەمەوە دەدوێ •

گومان لەوەدا نی‌یە کە ، لە سەرچاوە فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی یەکانیش‌دا ، بەش‌بەحالی ئەو سەردەمەی کوردو کوردستان زۆر باس نووسراوە ، بەلام هیچ کام لەم سەرچاوانە ، هێندەی کتێبی «شەرەفنامە» لە مێژووی کوردو کوردستان وا بە فرەوانی‌و بەربلاوی نەدواوە ، چونکە ئەم کتێبە کوردێکی وا نووسیویە کە خۆی زۆر لە نزیکەوە شارەزای هەموو کون‌و کەلێنێکی ژیانی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و تەرزی هەلس‌و کەوت‌و ژیانی مەعنەوی‌ی نەتەوەکەی خۆی بووەو هەر لەبەر ئەمەیشە کە «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی لە چاو سەرچاوەکانی دیکەی مێژووی کوردو کوردستان ، زۆر جیاوازەو لە ڕووی زانستەوە لەبەرترە •

ئەم کتێبە کە بە زمانی فارسی نووسراوە ، جگە لەمێژووی کوردو کوردستان ، لەمەڕ مێژووی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و سیاسیی ئێران‌و ئازەربایجان‌و تورکیاو ولاتانی دراوسێی دیکەیش ، زانیاریی چاکی تێدا نووسراوە • هەر لەبەر ئەمەیشە کە بۆ ئەو مێژوونووسە ئاسیایی‌و ئەوروپایی‌یانەی لە مێژووی ئەم ولاتانەیان کۆلیوەتەوە ، کتێبی «شەرەفنامە»

بە سەرچاوەیێکی بەکەڵك دادەنرێو سوودی چاکیان لێبینیوە •

بدلیسی ، لە دانانی ئەم کتێبەدا ، ئەویش هەروەك مێژوونووسەکانی سەدەکانی نێوەند ، نەیتوانیوە خۆی لە هێندێ کەموکوڕی بپوێرێ : واتە ئەویش خۆی لە ڕووداوە کۆمەڵەکیو سیاسیەکانی ڕابردووشو ئەی سەردەمی خۆیشی ، چ بە چاك چ بە خراپ ، بەخاوەن نەکردووەو بەرانبەریان بێ هەڵوێستەو ، چۆن ڕوویان داوە ، هەروا بەو جۆرە دووپاتەی کردوونەوەو هیچی دیکە .•

ئەمیش ، وەك مێژوونووسانی سەردەمی خۆی ، سەبارەت بەوە کە داکۆکیی لە دەسەلاتی دەربار کردووە ، واتە بەلای بەرژەوەندی دەرباری عوسمانیدای داتاشیوە ، داکۆکیی لە دەرەبەگایەتی کردووە •

هێندێ ڕووداوی سەدەی ١٦ هەم لەم کتێبەدا ، ڕاستە لێكدراوەتەوە، بەلام لە یەك ڕووەوە لێكدراوەتەوەو ڕووەکانی دیکەی بە تاریکی ماونەوە •

شەرەفخانی بدلیسی کە ، لە زۆربەی ئەو شەڕانەدا لە سەدەی ١٦ هەمدا شەش جار لە نێوان ئێرانو عوسمانیدا ڕوویان داوەو خۆی بە شەخسی هاوبەشیی تێداکردوون ، هەرگیز بە لای ئەو هۆ کۆمەڵەکیو ئابووریو سیاسیانەی ئەم شەڕانەیان هەڵگیرساندووە نەچووەو ئەو ئاکامو گۆتاوەڕۆیەی لە ئاکاری ولاتی خەڵكداگیرکردن دەکەوێتەوەو بووە بە کۆسپو لەمپەر لەڕێی سەربەخۆییو گەشەکردنی خەلکەکانی ئازەربایجانو ئەرمەنیو گورجی ، پڕاوپڕ ، ڕوون نەکردۆتەوە •

هەر لەپاش یەکەم دابەشکردنی کوردستان (لە ١٤ ، ١٥ەوە) بەم لاوە شەرەفخانی بدلیسی لە «شەرەفنامە»کەیدا ، لەبارەی ملهوڕیی نەجیوزادانی عوسمانیو زولمو زۆر لە کوردکردنی لەکێشبەدەرو ڕاوەڕووتو بەرتیل خۆریو ئەرکی قورسو گرانی باجو باجگریی هەمەجۆر ، تا ڕادەیێ زانیاریی نووسیوە • بدلیسی ، تەنانەت لەو ڕاپەڕینانەیش کە لە سەدەی

١٦ هەمدا لە کوردستان هەڵگیرساون دەدوێ ، بەڵام ئەمیش ، هەروەك مێژوونووسانی دیکەی سەروبەندی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوانەی بە سەرپێچی و سەرەڕۆیی و نابەفەرمانی لە قەڵەمداون .

بدلیسی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوانەی تەنها لەو نیگایەوە باسکردووە کە ، تا چ ئەندازەیێ داکۆکییان لە مافی میرێتیی میراتی کردووەو تەختی ئەم میرێتییەیان تا چ ڕادەیێ پاراستووە .

ئاگاو ڕووداوگەلێ کە ، لە «شەرەفنامە»ی بدلیسیدا تۆمارکراون ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکەن کە ، بە ڕوونی لە ژیانی میرنشینەکانی کورد ، بە تایبەت لە تەرزی ژیانی نەتەوەی کوردبگەین و لە برێ ڕووداوی گرینگی بەداوێنی وامان بە ئاگادێنێ کە ، لە سەرچاوەکانی دیکەدا بەرچاوناکەون .

کتێبی « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسی تەنها هەر سەروکاری بە زانستی مێژووەوە نییە ، بگرە سەرچاوەیێکە ، پڕ لە زانیاریی بەربڵاو لەمەڕ جوغرافیای کوردستان ، لە بارەی زمانی نەتەوەی کوردەوە ، لەبارەی بنەچەکەی کوردەوە ، لەمەڕ داوودەستووری کورد ، لە بارەی زاناو مەلاو ڕۆشنبیرانی کوردەوە .

بدلیسی شیعرو قەسیدەی پڕ بەپێستی قافی خۆی لە چەندین شاعیری سەروبەندی خۆی خواستۆتەوەو کتێبەکەی پێ دەوڵەمەند کردوون . هەر لەبەر ئەمە کتێبەکەی ، لە ڕووی زانستی فیلۆلۆژییەوە زۆر بە بایەخەو بۆ ئەم مەبەستە ، دەشێ بە سەرچاوەیێ دابندرێ .

ئەڕوانینە برێ شتی لێكناوازەو هێندێ ڕووداوی وا کە ، نووسیار پڕبەپڕی ، ڕوونی نەکردوونەوە ، کتێبی « شەرەفنامە » دەوڵەمەندترین سەرچاوەیێکە کە ، لەبارەی مێژووی کوردو کوردستانەوە نووسراوە .

«شەرەفنامە» لەمەڕ مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی میرنشینی

بدلیسی زانیاری زۆر بەداوێن‌و بەربلاوی تێدایەو ، ئاوڕی لە میرنشینەکانی دیکەی کوردەواریش ، کەم‌وزۆر داوەتەوەو ڕێی بۆ ئەوە خۆش‌کردووە کە، دەشێ بۆچوونێکی چاکمان لەبارەیانەوە لە مێشك‌دا نەخش‌ببەستێ .

ئیدی بەم جۆرە کتێبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی کە لە ڕووداوەکانی سەدەکانی ١٥ ــ ١٦ هەم دەدوێ ، بۆ لە مێژووی کوردو کوردستان شارەزایی پەیداکردن لەچاو سەرچاوەکانی دیکە ، لە ڕووی مێژووناسی‌یەوە ، لەسەرووی هەمووانەوە دێ .

* * *

(١) بۆ زێدە زانیاری بڕوانە ل : (٢٦ ، ٢٧٢ – ٧٤) .
(٢) بۆ زێدە زانیاری بڕوانە : (٢٤ ، ١٨٤ – ٢٢١) .
(٣) لە هەواڵی ساڵی ٩٢٠ك (١٥١٤ز)دا ، نووسیویە ، شەرەفخان باسی دەوڵەمەندیی جەمشید بەگی کوڕی ڕۆستەم بەگی « پاڵوو » دەکات کە ، وڵاتەکەی خۆی لە دەسەڵاتی قزلباش (صەفەویە) ڕزگارکردووە...و هەروەها نووسیویە ، ئەم میرە ساڵی سێ هەزار تویشترە نێر (خرت = تەکە)ی لە بەزەکانی خۆی هەڵبژاردووەو بۆ فرۆشتن ناردوویە بۆ « حەلەب »و هەر یەکە لەم تەکانە ناڵێکی لە مل‌کراوە ، بەم جۆرە نزیکەی چل خەروار (دوازدە تۆن) ناڵیشی گەیاندۆتە بازاڕ . ئنجا « شەمسی محەمەد ئەسکەندەر» ڕەخنەی لە هەواڵەکە گرتووەو نووسیویە : « شەرەفخان بڕێکی پێوەناوەو تاد ...» ئەوەی ڕاستی بێ شەرەفخان ساڵی ٩٤٩ك (١٥٤٢ز) لەدایک‌بووە ، ئەویش لە قوم کە یەکێکە لە شارەکانی ئێرانو ساڵی ٩٩٦ك (١٥٨٧ز) گەڕاوەتەوە وڵاتی بتلیس ، ئەگەر ئەم جۆرە هەواڵەی بیستبێ کە پڕ لە فیشاڵو درۆش بووبێ تاوانی ئەو نی‌یە (ڕۆژبەیانی) .
( هەژاری موکریانی ، وەرگێڕی « شەرەفنامە » بۆ سەرزمانی کوردی ، لە لاپەڕە ٣٧٣دا پەراوێزێکی لەسەر ئەم پێوەنانە نووسیوە ، دەڵێ : «خەروار بە فارسیو خەڵوار بە کوردی سێصەد کیلۆیە . جا بەو پێ‌یە یان دەبێ چلەکە چوار بێ یان سێ هەزارەکە سی بێ . دەنا دەری نایەنێ – وەرگێڕ » .
(٤) ئەلقاسی کوڕی شاهباز «کە یەکێکە لە میرانی مایدەشت – ماهی‌دەشت» دەبوو ساڵی چل هەزار سەر ئاژەڵ بۆ بەغدا بنێرێ – ئەمەش دیسان وەک هەواڵی پێشوو (مبالغە)ی تێدایە ، بەڵام دیسانەوە تاوانی شەرەفخان نی‌یە . (ڕۆژبەیانی) .
(٥) ساڵی ١٤٩٨ز (٩٠٤ك) لە فەرمانی سیورغالێکدا کە بە میر ئەسفەندیار بەگی کوردی میری ئەگیل دراوە ... من لام وایە ئەم هەواڵەی « شەمسی محەمەد » هەڵەی تێ‌کەوتووە . فەرمانڕەوایانی هەر سێ لقی ئەگیل لە هەر سێ پەلەکەدا (بولدوقانی – پاڵوو – چەرموگ) کەسێکی وەهایان نەبووە سیورغالی ئەسفەند . نە «بدرێتێ‌باری کوڕی شاە عەلی چەرموگ» و نە «ئەسفەندیاری کوڕی ئەمیر عیسای بولدوقانی» لە «شەرەفنامە»دا باسی وەها نی‌یە . وا دیارە «شەمسی محەمەد» یا لە کتێبێکی تری وەرگرتووە ، یاخود نامەکەی بە هەڵە یادداشت‌کردووە .
(٦) شەمسی محەمەد باسی ئەوەی کردووە کە ، گۆیا شەرفخان « حەسەنە درێژی پادشای ئاق قۆیونلووی بەدادپەروەر داناوە » ...
من لە «شەرەفنامە»دا شتی وەهام بەرچاو نەکەوتووەو باوەڕیش

ناکرێ «شەرەفخان» ددانی خێری پیا نابێ . چونکە ئەمیر شەمسەددینی باپیرە گەورەی زاوای «قەرە یوسفی قەراقۆیونلوو» بووە ، ئوزوون حەسەن (حەسەنە درێژ) دەستووری داوە دۆستانی قەرەیوسف هەموو زەبوون بکرێن‌و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی «ئەمیر ئیبراهیم تبلیس»دا سپای ناردە سەر بتلیس کە ، دەبێ خاکی وڵاتەکە بە توورەکە بپێورێ ، ئەوە بوو «سلێمان بەگی بیژەن ئۆغلی» شاڵاوی کردە سەر بتلیس سێ ساڵی تەواو ، گەمارۆی دا بە جۆرێ کە ، خەڵکێکی زۆر لە برسان‌و بە درم‌و پەتا مردن‌و تەنیا ئەمیر ئیبراهیم‌و حەوت کەسێ لە قەڵاکە مابوون (!!) .

لەم سەردەمەدا « مەحموود ئۆغلی » کە « هۆزانڤان»ی پەسن‌و هەڵنانی سلێمان بیژەن بوو ، ( وا دیارە دڵی بە هەرزان بە ئاقۆیونلوویی سووتابێ) پارچە هەڵبەستێکی تورکیی لە هەڵنانی سلێماندا هۆنیبەوەو بۆی نارد ، نوخشە هەڵبەستی پارچەکە ئەم فەردە بووە :

« شها ! اول بدلیسك کردی مطیع اولماز سلیمان» « ازلدن قالمه عادتدر چالشورلر اوجاق اوسته» واتە : ئەی پادشاه ! کوردی بتلیس سەر بۆ سلێمان دانەنەوێنن ، لە بەرایی جیهانەوە ئەم یاسایە ماوەتەوە کە بە سەر کووانووەوە تێ‌ئەکۆشن . پاش ئەوە هەندێ خێرخوای ئاشتی‌خواز کەوتنە ناوبژی‌و بڕیاردرا «ئیبراهیم بەگ» قەڵاکە بداتە دەستەوە ، بەو مەرجەی خۆی‌و کەسووکاری لە مەرگ‌و ئازار دووربن ، بۆ ئەم پەیمانە ئەنگوستیلەی«ئوزوون حەسەن» بۆ شایەتی‌و بەڵگەیی‌و دڵنیایی نێررا بۆ ئیبراهیم بەگ ئنجا لە قەڵاکە هاتە خوارەوەو ڕەوانەی لای ئوزوون حەسەن کراو ئەویش ناردی ، لە «قوم» دای‌ناو سلێمان بیژەن بەم جۆرە چووە قەڵای بتلیسەوەو تاد ... «شەرەفنامە چاپی فارسی ، لاپەڕە ٥٠٤ ـ ٥٠٧» ، بەڵام خاوەنی «ئەحسەنوتتەواریخ» ب ١١/لاپەڕە/٥١٠ نووسیویە : ساڵی ٨٧٣ك (١٤٦٨ز) حەسەن پادشاه سلێمان بیگ بیجن (بیژەن)ی بە کۆمەڵەیێ لە میران‌و فەرماندەیانی گەورەوەو پێنج هەزار سوارەوە نارد بۆ داگیرکردنی بتلیس‌و ئەمیرەکان ئەمانە بوون ! «ئەسلان بەگی زولقەدەر» ، «ئەحمەد بەگی ئەسفەندیار بەگ» ، «ئیل‌ئالدی بەگی چینی» ، «ئەمیر محەمەد بەگی سەعدلوو » ، «ئەمیر خانی سەعدلوو» ، کوڕەکەی «ساروو پیر عەلی» و «شاه محەمەد دەخارلوو» ئەمانە شاڵاویان کردە سەر بتلیس . ئەمیر ئیبراهیم کە زانی ناتوانێ بەرەنگاری‌یان بکات دایکی خۆی بە دیاری‌و دەهەنەیێکی زۆرەوە نارد بۆ لای «حەسەن پادشاه»و داوای ئەمانی کرد . پادشاه لە گوناهی بوردو فەرمانی‌دا بە میرەکانی سپاکەی ، واز لە گەمارۆی قەڵاکە بهێنن‌و بگەڕێنەوە » ئەمەی لە «دیاربەکری‌یە» وەرگرتووە (ب ٢ لاپەڕە

٥٤٢ ـ ٥٤٣ ، بەڵام بە لای منەوە قسەکانی شەرەفخان ڕاستترە . پێشینان وتوویانە : «خاوەن ماڵ چاتر ئەزانێ لە ماڵەکەیا چی هەیە !»و بەمەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ، شەرەفخان بەو تاوانبارەی نەوتووە « دادپەروەر » .

(٧) هەم دووبارە ساڵی ٧٨٣ نووسیویە : عیزالدین شێر دەبوو باجی تاغمەی ئەو شارە بە ئەمیر تەیموور بدا » . ئەم عیبارەتەی شەمسی محەمەد ئیسکەندەر هەڵەیە ، فارسی یەکەی خراپ تەرجەمە کردووە . ئەمیر شەرەف نووسیویە : «پاش شەڕوشۆڕێ جارێکی تریش عیزالدین شێر بەر لوتفی ئەمیر تەیموور کەوتەوەو لێی بوردو فەرمانڕەوایی یەکەی دایەوەو تەباڵەی فەرمانڕەوایی بە « تاغمەی سووری تەیمووری درایێ و ماوای گەڕانەوەی درا » . لاپەڕە (١٢٨) چاپی فارسیی قاهیرە لاپەڕە ٢٣ .

(٨) شەمسی محەمەد ئیسکەندەر نووسیویە : لە ویلایەتی بدلیس دا جگە لە بازرگانانی ئازەربایجانی و ئێرانی و ئەرمەنی ، بازرگانانی ڕووس و چین و بولغاری و هێندیش هەبوون « دیسانەوە ئەم تەرجەمەیەی شەمسی محەمەد هەڵەیە ، شەرەفنامە نووسیویە : » گەشتیارانی جددەو زەنگبارو بازرگانانی خەتاوخوتەن و ڕووس و سەقلاب و بولغارو سەوداگەرانی عەرەب و عەجەم و ڕەوەندەکانی بەشی زۆری جیهان هاتوچۆ بکەن ، مادام بە قوشی بەردەکون کراوەکەی بە قلیسا نەڕۆن ، گونجایشی تری نی یە ! » لاپەڕە ٤٤٥ فارسی ) . مەبەستی ئەوەیە بتلیس جێگەکەی سەختە ، ئەوەندە سەختو بێ ڕێیە ، تەنیا لە ڕێگەی قوشە بەردەکەوە ڕێ هەیە . مەرج نی یە خەڵقی ئەو وڵاتانە هاتو چۆی بتلیس بکەن یانە !

(٩) شەمسی نووسیویە : «لەناو مەلاکان دا ناوی شێخ عومەر ، کە بنەماڵەی شێخ نەجمەددین .... تاد .. » بەداخەوە شەمسی لێرەدا هەڵەی کردووە . « شەرەفنامە » نووسیویە : « عەممەری یاسر کە لە موریدانی شێخ ئەبو نەجیب‌الدین سوهرەوەردی یەو هەروا پیر شێخ نەجم‌الدین کوبرا ، خەڵقی بتلیسن . ( لاپەڕە ٤٤٨ فارسی ) .

(١٠) مەلا ئیدریسی بتلیسی .. « شەمسی محەمەد زۆر پیاوانە سەرگوزەشتێکی تەواوی « حەکیم مەلا ئیدریسی بتلیسی »ی نووسیوەو هەڵی ناوە ، بەڵام وا دیارە نەی زانیوە کە ، « مەولانا حوسام‌الدین » باوکێتی ! جا لەم هەلەدا ، سەرگوزەشتی ئەنووسم :

(أ) حوسام‌الدین عەلی بتلیسی کوڕی عەبدوللا حەنەفی صوفی ، یەکێ بوو لە زانایانی پایەبەرزو یەکێ بوو لە شۆفی یە بەناوبانگەکان . طەریقەتی نوربەخشی یەی لە ئێران وەرگرتبوو ، زنجیرەی طەریقەتی ئەچووەوە سەر شێخ عەممار یاسری بتلیسی . لە سەردەمی ژیانی دا زۆر کتێبی داناوە :

(١) شەرحی لەسەر زاراوە صۆفیی‌یەکانی شێخ عەبدوڕڕەززاق کاشانی « الكنزالخفي » .
(٢) تەفسیرێکی قورئان لە پێنج بەرگدا بە ناوی « جامع‌التنزيل والتأويل » .
(٣) شەرحی « گولشەنی‌ڕاز » بە فارسی . ساڵی ٩٠٠ك ( ١٤٩٤ز ) کۆچی دوایی کردووەو بەداخەوە ژمارەی ( ٩٠٠ )لە شەرەفنامە عەرەبی‌یەکەی تەرجەمەی مندا ، بۆتە ( ٧٠٠ )و هەڵەیە .

(ب) حەکیم مەولانا ئیدریسی بتلیسی ، کوڕی عەلی حوسام‌الدین‌و هەر لە بتلیس لەدایك‌بووە ، خوێندنی لای باوکی‌و لە ئێران تەواو کردووە ، نووسەرو هۆزانڤان بووە . لە سەرەتادا لە نووسینگەی سوڵتان یەعقووبی ئاق قۆیونلوودا سەردەفتەر بووە ، پاشان چووەتە لای سوڵتان بایەزیدی عوثمانی‌و ڕێزی‌وەرگرتووە ، سوڵطان داوای لێ‌کردووە ، مێژووی بنەماڵەکەیان بنووسێ ، ئەویش بە پەیڕەوەیی « شانامەی فیردەوسی » هەر بە هەڵبەست کتێبێکی مێژووی نووسیوە ، نزیکەی ٨٠ هەزار بەیت‌و ناوی ناوە « هشت‌بهشت » ، بە ناوی هەشت سوڵطانی عوثمانی‌یەوە کە ئەمانەن :

عوثمانی یەکەم (٦٩٩ — ٧٢٦ك = ١٢٩٩ . ١٣٢٦ز)
اورخان (٧٤٦ — ٧٦١ك = ١٣٢٦ — ١٣٦٠ ز)
موڕادی یەکەم ( ٧٦١ — ٧٩٢ك = ١٣٦٠ — ١٣٨٩ ز )
بایەزیدی یەکەم (٧٩٢ — ٨٠٥ ك = ١٣٨٩ — ١٤٠٢ ز)
محەمەدی یەکەم (٨٠٥ — ٨٢٤ك = ١٤٠٢ — ١٤٢١ ز)
موڕادی دووەم (٨٢٤ — ٨٥٥ك = ١٤٢١ — ١٤٥١ ز)
محەمەدی دووەم (٨٥٥ — ٨٨٦ك = ١٤٥١ — ١٤٨١ ز)
( محمد فاتح )
بایەزیدی دووەم (٨٨٦ — ٩١٨ك = ١٤٨١ — ١٥١٢ ز)

وەك وتراوە بڕیاربووە خەڵاتێکی گەورە یا پایەیێکی گەورەی بداتێ ، کە «بایەزید» دڵی ڕازی نەکردووە ، گەڕاوەتەوە بتلیس‌و لەوێوە چووە بۆ حەج‌و لە حیجازەوە هەڕەشەی بۆ سوڵطان بایەزید ناردووە کە ، لە دیباجەو پاومانی کتێبەکەدا باسی درۆزنی‌و ناڕاستالی ئەو دەکات ... کە « سوڵطان سەلیم » بووەتە پادشای عوثمانی ناردوویە بە شوێن ئیدریساو کردوویە بە «ڕاوێژ»و لەگەڵ خۆی گێڕاویەو بۆ کاروباری کوردستان‌و ئێران‌و عەرەبستان پرسی پێ‌کردووە . ئەوەی ڕاستی‌بێ «مەلا ئیدریسی بتلیسی» بلیمەتێکی جیهانی بووە ، زۆر هەوڵی‌داوە کە چەند فەرمانڕەوایی‌یەکی سەربەخۆ لە کوردستانا دابمەزرێنێ کە فەرمانڕەوایی‌یەکان پایەدارین‌و ، لەبەر ئەوەی کە سوڵطان لێی نەکەوێتە گومان‌و لە ملی نەدا ، هەرگیز داوای پایەی بۆ خۆی نەکردووەو ، گەرچی

حەزی لەوەبووە هەموو فەرمانڕەوایی‌یە کوردی‌یەکان لە سای ئەوا یەك دەوڵەت پێك‌بهێنن ، بەڵام کوردەکان ئەو حەلە لە هەموو کاتێ زۆرتر عێلانەو خێڵەکی‌یانە لێیان خوڕی‌وەو گەرچی مەلا ئیدریسیان بە ناو بە سەرۆکی خۆیان زانیوە ، بەڵام بۆ ئەوەی هەموویان سەر بۆ یەك جۆرە ژیان شۆڕ بکەن ، ڕوویان نیشان نەداوە .

مەلا ئیدریسی بتلیسی جگە لە « هشت‌بهشت » کتێبێکیشی دەربارەی سولطان سەلیم داناوەو ناوی ناوە «سلیمیە» . ئەم زانا هوشیارە ناودارە ساڵی ۹۲٦ك ۱٥۲۰ ز ، کۆچی دوایی کردووەو لە ئەستانبوڵ لە گۆڕستانی (ئەبا ئەیوبی ئەنصاری) نێژراوە .

بەداخەوە هەندێ نەخوێندەواری نەزان شاڵاوی ئەبەنە سەرو جنێوی ئەدەنێ لە سەر ئەوەی کە ، لە شەڕی چالدیراندا کوردەکانی کێشاوە بە لای «عوثمانی»دا ، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی «مەلا ئیدریسی بتلیسی کە لە سای ڕابەری «ڕامیاری»و «خوێندەواری» ئەوەوەیە شاری بتلیس بەو بچووکی‌یە بۆتە جێگەی شانازی گەلی کورد ، بە لافیشی نازانم بڵێم ئەگەر هەندێ هۆی پروپوچ «مەولانا خالیدی مکایلیی شارەزووری لە سلێمانی‌و بە لە بەغدا نەڕەتاندایە ، ئەویش ئەی‌توانی لەو سەردارانەی کە ناوی نابوون خەلیفەو هەموویان لە پیاوە گەورەکانی ناسراوی سەردەمی خۆیان بوون ئەی‌توانی بناغەیێکی بە هێز بۆ کوردەواری دابمەزرێنێ ، وەگەر نە شێخێکی صۆفی بۆچ «سەید ئەحمەدی سەردار ، شێخ عوبەیدوللای نەهری ، شێخ عوثمانی خالید ئاغای هەورامانی‌و ... ئەکاتە خەلیفە ! مەگەر دەرویش‌و صۆفی هەژاری بێ‌دەسەڵات لە خواترسی لەم شێخ‌و ئاغا دەس‌ڕۆیانە بۆ خەلیفەیی شایستەتر نەبوون !!. ئەگەر مەبەستەکە طەریقەت بوایەو دەوڵەت دامەزراندن نەبوایە دەبوو هەژار ببێ بە خەلیفە ( ڕۆژبەیانی ) .

# سەرجەمی سەرچاوەکانی کتێبەکە

## ИСТИФАДӘ ЕДИЛМИШ МӘНБӘЛӘР ВӘ ӘДӘБИЈЈАТ


1 Архив К. Маркса и Ф. Энгельса, т. VII, Баку 1938; 2. Архив К. Маркса и Ф. Энгельса, т. VI, Баку, 1938.
3 В. И. Ленин. Сечилмиш әсәрләри, IV чилд, Бакы, 1945.
4 В. И. Ленин. Государство и революция, Баку, 1953
5 Али-заде А. А. Из истории государства Ширваншахов XIII—XIV вв. «Изв. АН Азерб. ССР», Баку, 1949, № 8.
6 Али-заде А. А. Социально-экономическая и политическая история Азербайджана XIII—XIV вв., Баку, 1956.
7 Али-заде А. А. Некоторые сведения о Ширване (до начала XIV в.), «Изв. АН Азерб. ССР», Баку, 1947, № 12.
8 Аристова Т. Ф. Курды Закавказья, М., 1966.
9 Аверянов П. И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия, Тифлис, 1900.
10 Ашурбейли С. Очерки средневекового Баку, Баку, 1964.
11 Букшпан А. Азербайджанские курды (Лачин, Кельбаджары, Нахкрай), Баку, 1932.
12 Бакоев Ч. Х. Говор курдов Туркмении, М., 1962.
13 Вилчевский О. Л. Курды, М., 1961.
14 Джалиле Джалил. Восстание курдов в 1880, М., 1966.
15 Ияс А. М. Поездка по северному персидскому Курдистану. П., 1915.
16 Ибрагимов Дж. Феодальные государства на территории Азербайджана XV, Баку, 1962.
17 Курдоев К. К. Фальсификация истории курдов в персидской буржуазной историографии, 1954. Уч. зап., № 172, 179.
18 Кикнадзе Р. К. Тамговые сборы в государстве Ильханов. Восточный сборник, Тбилиси, 1960.
19 Ксенофон. Анабазис. М., 1951.
20 Лерх П. П. Исследования об Иранских курдах и их предках. , СПб., 1856.
21 Лазарев М. С. Курдистан и курдская проблема, М., 1964.
22 Минорский В. Ф. Курды. Заметки и впечатления. Пб., 1915.
23 Никитин В. Курды. Перевод с французского. Вступительная статья и редакция И. О. Фаризова. М., 1964.
24 Петрушевский И. П. Очерки по истории феодальных отношений в Азербайджане и Армении в XVI- начале XIX в. Л., 1949.
25 Петрушевский И. П. Сборник статей по истории Азербайджана, вып. 1, Баку, 1949.
26 Петрушевский И. П. Земледелие и аграрные отношения в Иране XIII—XIV вв. М., 1960.
27 Памятники письменности Востока. АН СССР, отделение истории, М., 1966.
28 Рахмани А. А. Тарих-и аламарай-и Аббаси. как источник по истории Азербайджана, Баку, 1960.
29 Руденко М. Б. Описание курдских рукописей-Ленинградских, М., 1961.
30 Халфин Н. А. Борьба за Курдистан, М., 1963.
31 Шамилов А. Ш. К вопросу о феодализме у курдов, 1936.
32 Шамилов А. Ш. Некоторые данные о курдском народе. Журн. «Новое время», 1963, № 40.
33 Эфендиев О. А. Образование Азербайджанского государства Сефевидов в начале XVI в., Баку, 1961.

**Азәрбајҹанҹа**

34 «Азәрбајҹан тарихи», I ҹилд, Азәрб. ССР ЕА Нәшријјаты, Бакы, 1958.
35 Беһзади И. П. Намизәдлик диссертасијасы, Бакы, 1960.
36 Беһзади И. П. Равәндинин «Раһәт-үс-сүдур вә ајәт-үссүлур» әсәри тарихи бир мәнбә кими, Бакы, 1963.
37 Дунбили Һ. К. Сечилмиш әсәрләри, Бакы, 1968.
38 Зәринәзадә Һ. Фарс дилиндә Азәрбајҹан сөзләри, Бакы, 1962.
39 Не'матова М. Х. Ширваны XV—XVI әсрләр тарихинин өјрәнилмәсинә даир. Бакы, 1959.
40 Онуллаһи С. XV әср Азәрбајҹанда верикләрин мигдары вә өлчүсү һаггында. Азәрб. ССР ЕА «Хәбәрләри», 1967, № 1.
41 Ф. Метсонски. Тејмуриләр вә онун хәләфләринин тарихи. Бакы, 1957.

٤٢ــ ابو القاسم فردوسی ــ «شهنامه» جلد اول و دوم ، بمبی ۱۲۷۵ هجری .
٤٣ــ ابو بکر تهرانی ــ «کتاب دیار بکریه» جزو اول انقرا ۱۹٦۲ .
٤٤ــ ابو بکر تهرانی ــ «کتاب دیار بکریه» جزو دوم ، انقرا ، ۱۹٦٤ .
٤٥ــ ابن الاثیر ــ «تاریخ الکامل» الجلد الثانی (عربجه) مصر ۱۳۰۱ هجری .
٤٦ــ اروج‌بیگ بیات ــ «دون ژوان ایرانی» ترجمه مسود رجب نیاه تهران ، ۱۳۳۸ ش .
٤٧ــ اسکندر بیگ منشی ــ «تاریخ عالم ارای عباس» در ۲ جلد ، تهران ۱۳۳٤ ش .
٤٨ــ اولیا چلبی ــ «چلبی سیاحت نامه‌سی» ۱ ــ ٤ ــ نجی جلدلر ناشر احمد جودت ، استانبول ، ۱۳۱٤ هجری .
٤٩ــ احمد تاج بخش ــ «ایران در زمان صفویه» تبریز ۱۳٤۰ شمسی .
۵۰ــ احسان نوری ــ «تاریخ ریشه نژادکرد» تهران ۱۳۳۳ شمسی .
۵۱ــ ادوارد برون ــ «تاریخ ادبیات ایران» از سعدی تاجامی جلد سوم ترجمه علی اصغر حکمت ، تهران ۱۳۳۹ ش .
۵۲ــ انتشارات ایران ــ «از نشریات کتاب شناسی ملی» ، ۱۳٤٤ ش .
۵۳ــ احمد راسم ــ «رسملی خریطه لی عثمانلی تاریخی» ۱ ــ ٤ نجی جلدلر، استامبول ۱۳۲۸ ــ ۱۳۳۰ هجری .
۵٤ــ بوداق قزوینی ــ «جواهر الاخبار» لنینگردا کنلوی دولت کتابخانه‌سی‌س شیدرین ، ادینا ال یازمالار شعبه‌س کاتالوق دورن نمره ۲۸۸ ورق ۳۱ ــ ۱ .
۵۵ــ بله‌ج شیر کوه ــ «القضیة الکردیة» القاهرة ۱۹۳۰ .
۵٦ــ بیان نجف قلی ــ «ازمهاباد خونین تاکرانهای ارس» ، تهران ۱۹٤۹ .
۵۷ــ جلال الدین منجم محمد یزدی ــ «تاریخ عباس» میکرو فیلمندن استفاده ایدیلمیشدیر .
۵۸ــ حاجی زین العابدین شیروانی ــ بستان السیاحه ، تهران ، ۱۳۱۵ هجری

٥٩ـ حسن بیگ روملو ـ «حسن التواریخ» جملد دوم کلکته ۱۹۳۱ مسیحی .
٦٠ـ حافظ ابرو «زبدة التواریخ» اذربایجان س‌س‌ر علملر اکادمیاسی ال یازمالاری فوندو نمره ۵۳٦۱ .
٦۱ـ حافظ ـ «دیوان» تهران ، ۱۲۸۵ هجری .
٦۲ـ حلمی زاده ابراهیم رفعت «صلاح الدین ایوبی» استامبول ۱۸۱۱ میلادی
٦۳ـ حمدالله مستوفی قزوینی ـ «نزهة القلوب» ، تهران ۱۳۳٦ خورشیدی
٦٤ـ خواند میر (قیاس الدین بن همام الدین) ـ حبیب السیر فی اخبار افراد البشر ، جلد سوم ، تهران ۱۲۷۱ هجری و تهران ۱۳۳۳ ش .
٦٥ـ خطائی شاه اسماعیل ـ «ده‌نامه» ترتیبه سالان حمید ارسلی ، باکو ۱۹٤۸ .
۱۰۳ـ کاتب چلبی ـ «جهان‌نما» قسطنطینیة ۱۲٦۷ هجری .
۱۰٤ـ کاتب چلبی ـ «فذلکه کاتب جلبی» استانبول ۱۲۸٦ هجری .
۱۰۵ـ کاتب چلبی ـ «کشف الظنون» جلد ادل ، استانبول ، ۱۳۱۰ هجری .
۱۰٦ـ کسروی احمد ـ «شهریاران‌گمناه» طهران ۱۳۰۷ ش .
۱۰۷ـ کاتب چلبی ـ «تحفته الکبار فی اسفار البحار» مطبعة بحریة سنة ۱۳۲۹ هجری .
۱۰۸ـ کمال‌الدین عبدالرزاق سمرقندی ـ «مطلع السعدین ومجمع البحرین» لنینگراد اسیا خالقلاری اینستیتوتو ایش نمره ٤٦٦ ب .
۱۰۹ـ «کتاب تاریخ تمدن ایران» بهمکاری جمعی از دانشوران ایران شناس اوروپا چاپ شده است ترجمه جواد محیی .
چاپ تمدن ۱۳۳۹ش .
۱۱۰ـ لطفی پاشا ـ «تواریخ آل عثمان» ، استانبول ۱۳٤۰ هجری مجدالدین محمد فیروزآبادی ـ «قاموس» استانبول ۱۲۷۲ هجری .
۱۱۱ـ میرخواند (میر محمد بن سید برهان الدین خاوند شاه ـ «روصة الصفا» بمبی ، ۱۲۷۰ هجری .
۱۱۲ـ میرزا بیگ الحسین گنابادی (جونا بادی اد) «الصفویه» آذربایجان س‌س‌ر علملر آکادمیاسی تاریخ اینستیتوت علمی آرخوی ایش نمره ف، ۲٦۱٤ .
۱۱۳ـ محمد مردوخ کردستانی ـ «کتاب تاریخ مردوخ» جلد اول و دوم چاپخانه آتش .
۱۱٤ـ محمد مکری ـ «عشایر کرد» تهران ۱۳۳۲ ش .
۱۱۵ـ مینورسکی و . ف . ـ «سازمان اداری حکومت صفوی» ترجمه مسعود رجب نیا ، تهران ، ۱۳۳٤ خورشیدی .
محمد امین زکی ـ «تاریخ الکرد وکردستان» القاهرة ، ۱۹۳۰آ
۱۱٦ـ محمد امین زکی ـ «تاریخ الکرد وکردستان» القاهرة ، ۱۹۳۰ .

١١٧ـ محمد امين زكي ـ «تاريخ الدول والامارات الكردية» القاهرة ١٩٤٥ .
١١٨ـ محمد امين زكي ـ «مشاهير الكرد و كردستان» القاهره ١٩٤٧ .
١١٩ـ محمد امۀ زكي ـ «تاريخ السليمانيه‌و انحائها» بغداد ١٩٥١ .
١٢١ـ محمد جميل بندي الروزبياني ـ «الشر فنامه» بغداد ١٩٥٣ .
١٢٢ـ محمد رشيد الفيل ـ «الاكراد في نظر العلم» مطبعة الاداب ـ النجف ١٩٦٥ .
١٢٣ـ محمد جلال ـ «سلطان سليم ثاني ياخود مظفريت» استانبول .
١٢٤ـ موسى كاظم پاشوزاده ـ «عادات اكراد ـ حيات مملكت» استانبول ١٩٢١ .
١٢٥ـ نصرالله فلسفى ـ «زندگانى شاه عباس اول» تهران ، ١٣٣٤ ش .
١٢٦ـ نظام‌الدين شامى ـ «ظفرنامه» ، بيروت ١٩٣٧ .
١٢٨ـ وزير خان ـ «رسملى و خريطلى كوچوك عثمانلى تاريخى» استامبول . ١٣٣٠ هجرى .
١٢٩ـ هرمان اته ـ «تاريخ ادبيات فارس» ترجمة رضازاده شفق تهران ١٣٣٧ ش .

130 Omar Lutfi Barkan. XV va-XVI inci asrlarda Osmanli Imperatorluguında ziral ekonomikin va mali esaslari, Istambul, 1943.
131 Blochet Eduard, Catalogue des manuscrits persans de la Bibiloegue, national par E. Blochet, Paris. 1905—1912, p. 304—305.
132 Enciclopedie de Islam. Paris, 19[illegible]. v. II.
133 Charl Rieu, Catalogue the Turkish Manuscripts,The British Museum, Loudon, 1888, p. 70.
134 Schmidt D. A., Journey among brave men, U. S. A., 1964.


لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە


АЗӘРБАЈЧАН ССР ЕЛМЛӘР АКАДЕМИЈАСЫ
ЈАХЫН ВӘ ОРТА ШӘРГ ХАЛГЛАРЫ ИНСТИТУТУ


---


М. И. ШӘМСИ


# ШӘРӘФ ХАН БИДЛИСИНИН „ШӘРӘФНАМӘ" ӘСӘРИ КҮРД ХАЛГЫНЫН ТАРИХИ МӘНБӘЈИ КИМИ

# تایبەتێتیی ژمارە لە زمانی کوردیدا

**د. عبدالرحمن حاجی معروف**

بەشی کوردی ــ کۆلێجی پەروەردە

زانکۆی بەغـدا

بۆ نیشاندانو تێگەیشتنی ئەو تایبەتێتییە سەرەکییانەی لـە ڕووی وشەسازی و زانستی زمانەوە پێوەندییان بە بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە هەیـە لە زمانی کوردیدا ، لەسەرەتادا هەوڵ دەدەین ئەو کارانەی هەر لە زووەوە تاکو ئەمڕۆ لەبارەی ئەو کێشەیەوە نووسراون ، هەڵبسەنگێنین و بنرخێنینو بەراوردبکەین ، تا لە ئەنجامی ئەو لێکدانەوە و شوێنکەوتنـەدا بتوانـین بە ئاسانی بچینە نێو قووڵایی زمـانیکوردییەوە و ئـەو ڕێگەیەمان بـۆ خۆش ببێ ، کە ئەوەی دەربارەی تایبەتێتییەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا ڕاست و زانستییانە نووسرابێ ، وەربگرین و بیانچەسپێنین ، ئەوەی هەڵەو چەوتیشە ڕەتی بکەینەوەو وەڵامی بدەینەوە... ئەوەش ، کە نەنووسراوەو ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و یادداشت نەکراوە ، بەپێی توانست لێی بدوێـین و بیخەینە سەر خەرمانی کاری ئەو زانایانەی ، کە ئەرکی مەزنیان ئەنجـامی سۆرە و تۆرەی چەندین پلە و قۆناخی هەڵس و کەوتی باری ژیانی هات و نەهاتی میللەتەکەمانە .

* * *

مامۆستا سەعید صـدقی کابان لە کتـێبی « مختصر صرف و نحـوی کوردی »دا ( ژمارە )ی لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی ( ناو )دا باسکردووەو بـە جۆرێك لە جۆرەکانی ناوی لە قەڵەم داوە [1] .

لەم بەرهەمەدا چوار جۆر ژمارە جیاکراوەتەوە : « ١ ــ ژمارەی ئەصلی ؛ ٢ ــ ژمارەی ڕوتەبی ؛ ٣ ــ ژمارەی تەوزیعی ؛ ٤ ــ ژمارەی کەسری » ( ل ١٢ ) .

لە باسی ژمارەی بنجیدا ، کە ئەو « ژمارەی ئەصلی » پێوتووە ، تەنیا ناوی چەند ژمارەیێکی نووسیوە و ئەوەی وتووە ، کە لە ( یەك )ەوە تا ( دە ) ــ ( یەکان ) ؛ لە (دە)وە تا (سەد) ــ (دەیان) ؛ لە (سەد)وە تا (هەزار) ــ (سەدان) ؛ لە (هەزار)ەوە تا (ملیۆن) ــ (هەزاران)یان پێدەڵێن (ل ١٣ ) ... ئیتر هیچ تایبەتێتییەکی دی باس نەکردووە ، واتە ــ نە لە ڕووی ڕۆنانیانەوە ؛ نە لە ڕووی بەکارهێنانیانەوە ؛ نە لە ڕووی پەیدابوونیانەوە ... نەدواوە [٢] .

دەربارەی ژمارەی پلەیی ، کە ئەو بە « ژمارەی ڕوتەیی » ناوی بردووە ، هەر ئەوەندەی باسکردووە ، کە بە خستنەسەری ( ــ ەم ) ، ( ــ ەمین) بۆ سەر ژمارەی بنجی پێكدێ ( ل ١٣) .

باسی ژمارەی کەرتی ــ واتە ( ژمارەی کەسری)یش بریتییە لە پێناسەیێکی کورت و چوار نموونە .

وشەکانی وەك « یەکیەك ، دوودوو ، چوارچوار ...» ، کە مامۆستا سەعید صدقی و زوربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی بە ژمارەی دابەش ــ « ژمارەی تەوزیعی » دایانناوە جێی سەرنج و دەمەتەقێیە ، چونکە ئەگەرچی ئەو جۆرە وشانە لە دووپاتکردنەوەی ژمارەی بنجی پێكدێن ، بەڵام لە ئەنجامدا دەبنە ئاوەڵکردار و ڕاست نییە بە ژمارە دابنرێن .

لە کتێبی «دەستووری زمانی کوردی» دا ، مامۆستا تۆفیق وەهبی بەشە ئاخاوتنی ژمارەی بە جۆرێکی ئاوەڵناو داناوە و لەژێر سەرباسی «سیفەتی ژمارەیی »دا لێی کۆڵیوەتەوە [٣] .

نووسەری ئەم کتێبە لە سەرەتادا ژمارەی بەسەر دوو جۆردا دابەش کردووە و وتوویە: «سیفەتی ژمارەیی دوو چەشنی هەیە: ١ ــ سیفەتی ژمارەیی ئەسلی؛ ٢ ــ سیفەتی ژمارەیی ڕوتەبی» (ل٧٤)، کەچی کە لە باسی ژمارەی بنجیو ژمارەی پلەیی بووەتەوە لە لاپەڕە (٧٦)دا بەناوی «ژمارەی کەسری »یەوە لە ژمارەی کەرتی دواوە. بەم پێیە لەم بەرهەمەدا سێ جۆر ژمارە: (١ ــ بنجی؛ ٢ ــ پلەیی؛ ٣ ــ کەرتی) باس کراوە. دیارە نەبینینی باسێك بەناوی (ژمارەی تەوزیعی) یەوە، ئەوە دەگەیەنێ، مامۆستا وەرکی بە پێناسەیەك دەست پێکردووە و یەك دوو نموونەی بۆ هێناوەتەوە. لە باسی

باسی ژمارەی بنجی، کە ئەو «سیفەتی ژمارەیی ئەسلی» ی پێوتووە، بە پێناسەك دەست پێکردووە و یەك دوو نموونەی بۆ هێناوەتەوە. لە باسی تایبەتێتیەکانیشدا تەنیا لە دوو خاڵ دواوەو ئەویش بە چەند دێڕێك. دوو خاڵەکەش ئەمانەن:

أ ــ هاتنی لە پێش ناوەوە و مانەوەی ناوەکە لە شێوەی تاكدا.

ب ــ «ئەگەر ناوەکە بە ناو تەواو کرابێ ژمارەی هەر کامێکیان گەرەك بێ سیفەتی ژمارەیی ئەسلی ئەخرێتە پێش ئەو ناوەوە» (ل ٧٤ ــ ٧٥).

لەمە زیاتر هیچی دی باس نەکردووە، لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی بنجی لە گەلێ ڕووەوە سەرنجی توێژەر ڕادەکێشێ و بواری باسکردنی یەکجار فراوانە.

نووسەری کتێبی «دەستووری زمانی کوردی» لە باسی ژمارەی پلەییدا، ئەوەی یادداشتکردووە، کە ئەگەر ژمارەی بنجی کۆتایی بە دەنگی (ۆ، ێ) بێت، ئەوە (ی)یەك لە نێوان ژمارە بنجییەکە و نیشانەکەدا پەیدا دەبێ.. ڕاستە ئەو (ی ــ Y نیمچەبزوێنە یاریدەی پێوەلکانی نیشانەی (ــ ەم، ــ ەمە) دەدا بەبێ ژمارەی کۆتایی هاتوو بە دەنگی (ۆ، ێ)یەوە،

بەلام پێویستە ئەو ڕاستیەش لەبیرنەکەین ، کە ( ی ـ Y نیمچەبزوێن بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەو ژمارانەش‌دا پەیدا دەبێ، کە کۆتاییان بە دەنگی ( ا ، و ، ی) دێت ... وێڕای ئەوە ، ئەوەشی باس نەکردووە ، ( ـ ەم ، ـ ەم ) دەدا بە ژمارەی کۆتایی هاتوو بە دەنگی (ۆ ، ێ)یەوە ، کە ئەگەر ژمارە بنجی‌یەکە کۆتایی بە دەنگی (وو) بێت ، نیمچەبزوێنی ( و ـ W یاریدەدەدا .

مامۆستا وەهبی لە باسی ژمارەی کەرتی‌دا باش بۆ ئەوە چووە ، کە وشەکانی «سێ‌یەك ، چواریەك ...» وشەی لێکدراون و ئەم جۆرە پێکهاتنەش تەنیا لەو ژمارانەدا ڕەنگ دەداتەوە ، کە ژمارەی دووەمیان (یەك) بێت ... بەلام ئەگەر ژمارەی دووەم ژمارەی (یەك) نەبێت ، ئەوە ژمارە کەرتی‌یەکە وەك وشەیەکی لێکدراو پەیدا نابێ (ل ٧٦) ... بەلام ئەوە جێی سەرنجە ، کە وشەی «نیو»ی بە ژمارەی بنجی داناوە و وشەی «نیوە»یش بە ژمارەی کەرتی (ل ٧٧) . وەك دەزانین «نیو» و «نیوە» هەردووکیان لە دوو بەش بەشێك ڕادەگەیەنن . بۆ نموونە چۆن دەشێ بوترێ «منداڵەکە نیو سێوی خوارد» ، بە هەمان چەشن دەلوێ بوترێ «منداڵەکە نیوەی سێوەکەی خوارد»... جا باس ئەوە نی‌یە «نیو» ژمارەی بنجی بێت و « نیوە »یش کەرتی ، بەڵکو باس ئەوەیە « نیو »شتی ( مجرد ) ڕادەگەیەنێ و « نیوە »یش (مجسم ) .

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لەو کتێبەی‌دا کە بە ناوی « ڕێزمانی کوردی»یەوە بڵاوی کردووەتەوە[٤]، لە سەرێکەوە پەیڕەوی مامۆستا تۆفیق وەهبی کردووە و وەك ئەو ژمارەی بە جۆرێکی ئاوەڵناو داناوە . لە سەرێکی دی‌یەوە لە دابەش کردنی‌دا بە ڕێگەی مامۆستا سەعید صدقی‌دا ڕۆیشتووە و وەك ئەو چوار جۆری ( ١ ـ ژمارەی ریشەیی ؛ ٢ ـ ژمارەی تەرتیبی ؛ ٣ ـ ژمارەی تەوزیعی ؛ ٤ـ ژمارەی کەسری) دیاری کردووە ...

نووسەری کتێبی «دەستووری زمانی کوردی»و نووسەری کتێبی «ڕێزمانی کوردی» بەپێی پەیڕەوی کردنی نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیزی ژمارەیان بە ئاوەڵناو داناوە • ڕاستە لە زمانی ئینگلیزیدا لە یەکەم سەنجدا ڕەنگە وا بێتە پێش چاو ، کە هاتنی ژمارە لەگەڵ ناودا وەك Two Boys ــ دوو کوڕ » جیاوازی لەگەڵ هاتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا « Little Boys کوڕی بچووك» نەبێ ••• بەڵام ئەگەر قووڵ لەو مەسەلەیە وردبینەوە ، بە ئاسانی هەست بەوە دەکەین ، کە لە نێوان ژمارە و ئاوەڵناودا جیاوازی زۆرە • ئەو جیاوازییەش بە ڕوونی لە پێوەندیی واتای پارچەکانی ژمارەی پێکەوەبەستراو و پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوە بەستراودا بەدەردەکەوێ • وەك ئاشکرایە ، بۆ پێکهێنانی ئەو جۆرە ژمارانە ، دوو ڕێگەی (کۆکردنەوە) و (لێکدان) باون • بەڵام هەرچی پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوە بەستراوە ، لەسەر بناغەی ئەو دوو ڕێگەیە سازناکرێت • بەوێنە کە دەوترێ (شینی کاڵ) هیچ ئەوە ناگەیەنێ ، کە لە ( شین + کاڵ) یاخود (شین × کاڵ) پێکهاتبێ ••• جا برێ لە نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیزی ڕاست نین ، کە ژمارەیان خستووەتە نێو بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوەوە • هەرچی هەندێ نووسەری ڕێزمانی کوردییشە ، کە لاسایی زمانی ئینگلیزییان کردووەتەوە ، ئەگەر گوێ نەدەینە دەرك نەکردنیان بەو جیاوازییانەی لە زمانی ئینگلیزی و زۆر زمانی دیدا لە نێوان ژمارە و ئاوەڵناودا هەیە ، کە بەشێکیمان لە سەرەوە باسکرد ، خۆ دەبوو هەست بەوە بکەن ، کە لە ڕستەی کوردیدا ئاوەڵناو بە دوا ناودا دێت : ( ژنی جوان)••• بەڵام هەرچی ژمارەیە دەکەوێتە پێش ناو : (چوار ژن)•••

لەو ڕووەشەوە ، کە مامۆستا نووری عەلی ئەمین ، وەك مامۆستا سەعید صدقی ژمارەی کەرتی (ئەوان واتەنی ــ ژمارەی تەوزیعی) بە جۆرێك لە ژمارە داناوە ، ئەوە دووپات ناکەینەوە ، کە لە باسی کتێبی «مختصر

صرف و نحوی کوردی»دا وتوومانه ، بەلکو تەنیا ئەو ڕستەیە دەخەینە پێش چاو ــ «گوێزەکانم پێنج پێنج ژمارد » ( ل ١٣٦ ) ، کە مامۆستا نووری عەلی ئەمین کردوویەتی بە بەلگە . پێویست ناکا ئەوە ئیسپات بکەین ، کە « پێنج پێنج » وەسفی کرداری «ژمارد» دەکا ، چونکە نووسەر خۆی دەڵێ : « پێنج پێنج ژمارەی تەوزیعی یە ، وەسفی کرادری ( ژمارد ) ئەکا » (ل ١٣٧) و دواتریش لە بەشی ئاوەلکرداردا ئەوەی دیاری کردووە ، کە ئەرکی یەکەمی ئاوەلکردار ، ئەوەیە وەسفی کردار بکا (ل ١٨٦) .

نووسەر لەژێر سەرناوی «ژمارەی ڕیشەیی»دا لە ژمارەی بنجی دواوە و باسەکەی بە پێناسەیەك دامەزاندووە ، کە دەڵێ : «ئەو ژمارەیەیە ، کە کەرتی تیانی یە ، وەك (یەك ، هەشت ، پەنجا ، دوو) » (ل ١٣٣)... ناتەواویی هەرە دیاری ئەو پێناسەیە لەوەدایە ، کە مامۆستا نووری وای داناوە ژمارەی بنجی کەرتی تێدا نی یە ، کەچی تەنانەت بە سەرنجی سەرپێیی لە ژمارە بنجی یەکانی زمانی کوردی ، ئەوە دێتە بەرچاو ، کە زوربەی زۆری ئەو ژمارانە بە لای کەمەوە دوو کەرتیان تێدایە ... ئەوەتە جگە لە ( ژمارەی سادە ) ، هەروەها (ژمارەی داڕێژراو) و (ژمارەی لێکدراو) و (ژمارەی پێکەوە بەستراو)یش هەیە . بەوێنە ژمارەی وەك (حەفتا ، هەشتا ...) داڕێژراون و لە مۆرفیمێکی ڕیشەیی و مۆرفیمێکی وشەداڕێژ سازبوون ــ بە واتایێکی دی لە وشەیەکی سادە ( حەفت ، هەشت ...) و پاشگری ( ــ ا ) پێکهاتوون . هەرچی ( ــ ا )شە ( ــ ات )ی فارسی کۆنە و لە کوردیدا (ت) تێداچووە ... ژمارەی وەك (یازدە ، دوازدە ... چواردە ... نۆزدە) ... ( دووسەد... چوارسەد ... نۆسەد)یش ، کە لێکدراون و لە دوو وشەی سادە ، یا بڵێین لە دوو مۆرفیم پێکهاتوون ، دوو جۆرن : ١ــ بەشێکیان ، وەك (یازدە ... نۆزدە) گۆڕانی فۆنەتیکی یان بەسەردا هاتووە ؛ ٢ــ بەشەکەی دی یان ، وەك (دووسەد ... نۆسەد) هیچ گۆڕانێکی فۆنەتیکی یان بە سەردا نەهاتووە .

ژمارەی پێکەوە بەستراویش ، وەك (سەد و چوار ، سەد و بیست و حەوت..) لە یەك‌کەوتنی چەند ژمارەیەك پێك دێن و بە یاریدەی (و)ی پێوەندی پێکەوە دەبەسترێن .

دوا بەدوای ئەو پێناسەیە ، باسی چەند تایبەتێتی‌یەکی کەمی ژمارەی بنجی کردووە و ئنجا لە ڕووی ڕۆنانەوە لێی دواوە و دەڵێ :

« ژمارەی ڕیشەیی دوو بابەتە :

١ ــ ژمارەی سادە . ئەمیش دوو بەشە :

أ ــ بەشێکیان لە ( ١ )ەوە دەست پێ ئەکا هەتا (٩) وەك ( یەك ، دوو، سێ ، چوار ، پێنج ، شەش ، حەوت ، هەشت ، نۆ .

ب ــ بەشێکیشیان سەرگرێن ( عقدة ) . وەك :

( دە ، بیست ، سی ، چل ، پەنجا ، شەست ، حەفتـا ، هەشـتا ، نەوەد ، سەد ، هەزار ) » (ل ١٣٤) .

بەشی (أ) تەنیا ئەوانە ناگرنەوە کە لە ( ١ )ەوە دەست‌پێ‌دەکەن هەتـا (٩) ، بەڵکو گەلێ ژمارەی دیش دەگرنەوە ، وەك (دە) ، (سی) ، (چل) ، (سەد) ، (هەزار) ... و ئەمانیش هەر سادەن .

ژمارەیێکی زۆری بەشی (ب) ، وەك (دە) ، (سی) ، (چل) ، (سەد) ، (هەزار) ... سەرگرێ (عقدة) نین و سادەی تەواون .

ژمارەکانی (پەنجا ، حەفتا..)ش داڕێژراون ...
نووسەر لە باسی جۆری دووەمدا دەڵێ :

« ٢ ــ ژمارەی لێکدراو . ئەمیش دوو بەشە :

أ ــ ژمارەی ئاوێتەیی . ئەوانەن کە لە دوو ڕیشەی تێکەڵاو بەیەکـتر پێك‌هاتوون ، کە لە (١١)ەوە دەست پێ ئەکا هەتا (١٩) .

یانگزە ، دوانگزە ، ... یانگزە ...

ب ــ ژمارەی پێ‌بەستی • ئەوانەن کە لە دوو ڕیشە پێک‌دێن ، وە ئامرازی (و) ئەخرێتە بەینیانەوە ، بۆ ئەوەی کە بە یەکیانەوە گرێ بدا ، وەک:

بیست و چوار ... هەشتا و هەشت » ( ل ١٣٤ ــ ١٣٥) •

لێرەدا وێڕای ئەوەی ناوی هەندێ ژمارەی بە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی تۆمارکردووە ، ناوی ژمارەی وەک (دووسەد ، سێ‌سەد... نۆسەد)یشی نەبردووە و نیشانی نەداوە ، کە ئەمانە سەر بە چ جۆرێکن •

لە لاپەڕە (١٣٥ ــ ١٣٦)ش‌دا بە ناوی « ژمارەی تەرتیبی »یەوە لە ژمارەی پلەیی دواوە • ناتەواویی گەورەی ئەم باسە ئەوەیە ، نووسەر وای Y )ی نیمچەبزوێن و (ە)ی نەبزوێن و نەهێشتنی گرفت و ئاسانکردنی داناوە ، کە جگە لە (ــ ەم ، ــ ەمین ) ؛ (ــ یەم ، ــ یەمین) و ( ــ هەم ، هەمین )یشی بە نیشانەی سازکردنی ژمارەی پلەیی داناوە ... وەک ئاشکرایە، ئەو (ی)یە یان ئەو (ە)ە لەگەڵ ئەسڵی نیشانەکەدا نین • (ی ــ

)ی نیمچەبزوین و (ە)ی نەبزوێن و نەهێشتنی گرفت و ئاسانکردنی دەربڕین دێنە ناوانەوە ... پێویستە ئەوەش بڵێین ، ئەگەر ژمارە بنجی‌یەکە کۆتایی بە بزوێنی (وو) بێت ، ئەوە وەک بزوێنەکانی دی نیمچە بزوێنی (ی ــ

Y ) یاریدە نادا ، بەڵکو نیمچەبزوێنی ( و ــ W ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ ... [٥] سەرەڕای ئەوەش مامۆستا نووری ئەو نیشانانەی بە پاشگر داناوە ، بەڵام لە ڕاستی‌دا نیشانەن ...

لە نێو جۆرەکانی پێکهاتنی ژمارەی کەرتی‌دا ، نووسەر تەنیا باسی جۆری (چواریەک ، هەشت‌یەک ...)ی کردووە و ناوی ئەوانی دی :

١ ــ بە یارمەتیی پێشبەندی ( لە ) ، وەک : لە دە پێنج ... لە دەیان پێنج.. لە دەدا پێنج ... پێنج لە دە ... یەک لە چلان ... ؛ ٢ ــ بە هاریکاریی

وشەی ( لەسـەر ) ، وەك : دوو لەسـەر پێنـج ... ؛ ٣ ــ بە یـاریدەی
Y (ی) تاکایەتی ، وەك : سەدی هەشـت ، سەدی چل...هتـد(٦)
نەبردووە .
ئیزافەی (ی) ، وەك : سەدی هەشت ، سەدی چل ... هتد(٦) نەبردووە .

لە باسی ژمارەی کتێبی « آوا ئو دەستورا زمانێ کوردی »ی مامۆستا جگەرخوێن‌دا (٧) ، باسی چوار جۆر ژمارە : ( ١ ــ ژمارەی بنجی ، کە ئەو « ژمارەی بنگهی »ی پێ‌وتووە ؛ ٢ ــ ژمارەی پلەیی ، کە بە « ژمـارەی ڕوتبی »ی ناوبردووە ؛ ٣ ــ ژمارەی دابەش ، کە ئەو ناوی ناوە « ژمـارەی پشکی » ؛ ٤ ــ ژمارەی کەرتی ، کە ئەو بە ناوی «ژمارەی شکەستی»یەوە لێی دواوە ) .

لەم بەرهەمەدا سەرەڕای ئەوەی ژمارە بە جۆرێـك لە نـاو دانراوە ، هەروەها نـاتەواوی و هەڵەیـەکی زۆر و تێکەڵکردنێـکی نەشـارەزایانە بەرچاودەکەوێ .

کەم و کورتی و ناتەواویی باسی ژمارەی کتێبـی « سەرەتایێـك لـە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی »ی(٨) مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامـانی لەچەند خاڵێك‌دا کۆدەبنەوە :

١ ــ پێناسەی ژمارە بە جۆرێکی وا ساکار و ناڕێك کراوە ــ « هەر یەکێ ، لە هەر ژمارەیێ ، کە تۆ بتەوێ ناوێکی تایبەتی بەسەردا سەپێنراوە ...» (ل ١٧٦) ، کە نە لە پێناسە دەچێ و نە پێوەندی بە پێناسەوە هەیە .

٢ ــ لە دابەش‌کردنی ژمارەدا ، کە چوار جۆر ــ « ١ ــ ژمارەی سادە؛ ٢ ــ ژمارەی لێکدراو ؛ ٣ ــ کەرتی ژمارە ؛ ژمارەی ڕیزی » ( ل ١٦٧ ــ ١٦٨) دیاری‌کراوە ، ڕووی ڕۆنان و واتا تێکەڵ‌کراوە ، چونکە دوو جۆری یەکەم : ( ١ ــ سادە ؛ ٢ ــ لێکدراو ) لە ڕووی ڕۆنانەوەیە و هەرچی دوو

جۆرەکەی دیشە : ( ٣ ــ کەرتی ؛ ٤ ــ ڕیزی ) لــە ڕووی واتاوەیــە ... سەرەڕای ئەوە لە ڕووی ڕۆنانــەوە جــگە لە (ســادە) و (لێــکدراو) ؛ (داڕێژراو) و (پێکەوە بەستراو)یش هەیــە . لە ڕووی واتاشــەوە وێڕای (کەرتی) و (ڕیزی) ؛ (بنجی)یش هەیە .

٣ ــ لە باسی دەوری ژمارە لە ڕستەدا ئەو هەڵەیە کراوە ، کە ژمارە ئاوەڵناو دانراوە و ئاوەڵناویش بە ناو ...

... و هەندێکی دی

هەرچی لایــەنی بــاشی ئەم کارەشــە ، بەتــایبەتی لــە دوو خــاڵدا بەدەردەکەوێ :

١ ــ ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ تەماشاکراوە .

٢ ــ وشــەی وەك (یــەك یەك ، دوودوو ...) بــە ژمارەی دابەش دانەنراوە .

مامۆستا ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لە کتێبی «ڕێزمانی کوردی»دا[٩] چوار جۆر ژمارە : ( ١ــ ژمارەی بنجی ؛ ٢ــ ژمارەی پلەیی ؛ ٣ ــ ژمارەی کەرتی ؛ ٤ــ ژمارەی دابەش )ی جیاکردۆتەوەو ژمارەی پلەیی بە ئاوەڵناو داناوە و سێ جۆرەکەی دیش بە ناو .

ئەم نووسەرەش بە هەڵە چووە ، کە وەك مامۆستایان : سەعید صدقی کابان و نووری عەلی ئەمین ، وشەکانی (یەك یەك ، دوودوو ... دەدە...)ی بە جۆرێك لە ژمارە داناوە ... [١٠] .

خاوەنی کتێبی «ڕێزمانی کوردی» ، کــە ژمــارەی پلەیی بە ئاوەڵناو داناوە ، دەبوو لە باسی ئاوەڵناودا لێی بدوێ ... ژمارەی بنجی و ژمارەی کەرتی‌یش ناو نین و دوو جۆری ئەو بەشە ئاخاوتنە سەربەخۆیەن ، کە بــە ناوی (بەشە ئاخاوتنی ژمارە)وە ناسراوە [١١] .

نووسەر ئەگەرچی باسی هەندێ تایبەتێتی ژمارەی بنجی کردووە ، بەلام بەشێکی زۆریانی بە هەڵە باس کردووە و هەروەها گەلێ تایبەتێتی گرنگی دی هەیە ناوی نەبردوون ... ئەوەی پتر سەرنج رابکێشێ ئەوەشە، کە زوربەی لێدوانەکانی ئەم باسەی پتر پێوەندی بە بیرکاری‌یەوە هەیە و بە گمەن کێشەی باسە بنەڕەتی‌یەکە کراوەتە کەرەستە .

لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا بە هەڵە نیشانەکانی (کە ئەو ئامرازی پێ‌وتوون) ژمارەی پلەیی بە ( ـم ، ـمین ) داناوە ، بۆیە دواتر لە بەردەوامیی باسەکەی‌دا دەکەوێتە هەڵەی گەورەترەوە ... ئەوەتە وای بۆ چووە ، ئەگەر ژمارە بنجی‌یەکە کۆتایی بە نەبزوێن بێت ، ئەوە لە نێوان نیشانە و ژمارە بنجی‌یەکەدا (ە) پەیدا دەبێ ... خۆ بێتو کۆتایی بە بزوێنیش هاتبێ ، ئەو دەمە (یە) لەجیاتێ (ە) دێت ... لەگەلێ شوێن‌دا باسی ئەو جۆرە تایبەتێتی‌یانەی زمانی کوردیمان کردووە ، بۆیە بە کورتی دەلێین ئەمە لەگەل هیچ یاسا و دەستوورێکی فۆنەتیکی زمانی کوردی‌دا ناگونجێ .

لە لاپەڕە (١٩ ــ ٣١)ی کتێبی پۆلی چوارەمی ئامادەیی‌دا [١٢] بەناوی ئاوەلناوی ژمارەیی‌یەوە ، سێ باس دەبینرێ : ( ١ــ ئاوەلناوی ژمارەی بنجی ل ١٩ ــ ٢٢ ؛ ٢ ــ ئاوەلناوی تەرتیبی ل ٢٣ ــ ٢٦ ؛ ٣ ــ ئاوەلناوی کەرتی ل ٢٧ ــ ٣١) . لێرەدا ئاشکرا ئەوە دەبینین ، کە ژمارە بە جۆرێك لە ئاوەلناو دانراوە .

باسی ژمارەی بنجیی ئەم کتێبە ، بە زۆری وەك ئەوەی کتێبی «ڕێزمانی کوردی»ی مامۆستا نووری عەلی ئەمین وایە [١٣] ، بەتایبەتی لە ڕووی ڕۆنانەوە ، کە وتراوە :

« ژمارەی بنجی سادەیە یا لێکدەر :

أ ــ سادە لە ( ١ )ەوە دەست پێ‌ئەکات هەتا (٩) . بە ژمارەی ( دە ، بیست ، چل ، پەنجا ، هەشتا ... ) دەگوترێت (سەرەگرێ) .

ب ــ لێکدراویش ، یا لە دوو ژمارەی بنجیی تێکەڵ پێك‌دێت ، وەك ( پانزدە ... شانزدە ... حەڤدە ...) یا لە دوو ژمارەی بنجی ، کە بە بۆنەی ئامرازی لێکدەری (و) دەدرێتە دەم یەکتر ، وەك :

بیست‌وچوار ،چل‌وهەشت » ( ل ٢٠) .

لێرەش‌دا دیسان دەڵێین : بۆ دەبێ تەنیا لە ( ١ )ەوە تا (٩) سادەبن . (دە) یاخود (سی ، چل ، سەد....) بۆ دەبێ (سەرگرێ) بن و جیاوازی‌یان لەگەڵ ( ١ ) تا (٩) چی‌یە ؟ ... خۆ (پەنجا ، هەشتا ...) سادەنین و داڕێژراون و جیاوازی‌یان لەگەڵ (دە ، سی ، چل...)دا هەیە .

لە باسی ژمارەی لێکدراویش‌دا هەندێ ناتەواوی و هەڵە دەبینرێ :

ڕاستە ( پانزدە ... شانزدە ... حەڤدە ...) لێکدراون ، چونکە بوونەتە یەك وشە ، بەڵام ژمارەی وەك ( بیست‌وچوار) یان (چل‌وهەشت) بە هیچ چەشنێك ڕاست نی‌یە بە لێکدراو دابنرێن ، چونکە نەبوونەتە یەك وشە و وەك ئەوە وایە بوترێ ( بەهار و زستان) ؛ (ژن و پیاو) ؛ ( سلێمانی و هەولێر )... سەرەڕای ئەوە باسی چۆنێتی پێکهاتنی ژمارەکانی ( دووسەد ، سێ‌سەد ... نۆسەد) نەکراوە ، بۆیە ئاشکرا نی‌یە ، کە ئەمانە دەکەونە چ بەشێکەوە .

نووسەرانی ئەم کتێبە لە باسی ئاوەڵناوی پلەیی‌دا دەڵێن :

« لەو ئاوەڵناوە بنجی‌یانەی کە کۆتایی‌یان بە پیتە دەنگی ( واتە کۆنسۆنانت ــ ئەوڕەحمان ) دێت بە پاشگری ( ــ ەم) و ( ــ ەمین) دروست دەکرێت ، بەڵام ئەو ئاوەڵناوە بنجی‌یانەی کە کۆتایی‌یان بە پیتە بزوێن دێت بە پاشگری ( ــ یەم) و ( ــ یەمین) دروست‌دەکرێن » (ل ٢٤) . لەم چەند دێڕەدا گەلێ هەڵە کراوە :

١ ــ ئەو جۆرە وشانە ئاوەڵناو نین و ژمارەن .

٢ ــ کۆتایی‌یان بە پیت نایەت ، بەڵکو بە دەنگ کۆتایی‌یان دێت .

٣ ــ ئەو زیادی‌یەی دەخرێتە سەریان پاشگر نی‌یە و نیشانەیە .

٤ ــ نیشانەکان (ــ یەم) ، (ــ یەمین) نین و (ــ ەم) ، (ــ ەمین)ن .
هەرچی ئەو (ی)یەشە یاریدەدەرە .

لە باسی ژمارەی کەرتی (ئەوان واتەنی ــ ئاوەڵناوی کەرتی)یش‌دا ، لەگەڵ ئەوەدا کە هەندێ جۆرێ باو و ڕەسەنی زمانی کوردی‌یان ناونەبردووە ، کەچی شتی نەسازی وەك (سێ هەشت یەك ...)یان کردووەتە نموونە ، کە وا پێ‌دەچێ لەم ساڵانەی دوایی‌دا دروست‌کرابێ .

مامۆستا صالح حسەین حەسەن پشدەری لە کتێبی « کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی » (ل ٣٨ ــ ٤٠)دا[١٤] ، ئەگەرچی پێناسەی ژمارەی نەکردووە و گەلێ تایبەتێتی گرنگی ژمارەی بنجی یادداشت نەکردووە و باسی ژمارەی پلەیی نەکردووە و وەك جۆرێکی ژمارە جیای نەکردووەتەوە و [١٥] لە بەشی ڕۆنانی ژمارەدا باسی ژمارەی (١١) تا (١٩)ی نەکردووە... بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا ، بە ڕای ئێمە تا ڕادەیەك لێکۆڵینەوەیێکی سەرکەوتووە ، بەتایبەتی لە دوو ڕووەوە :

١ ــ ژمارەی بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ داناوە .

٢ ــ لە بواری ڕۆنان‌دا باسی ژمارەی باشتر لە نووسەرانی‌دی ڕێزمانی
کوردی کردووە .

لە بەشێك لەو کارە زمانەوانی‌یانەدا کە کوردناسانی سۆڤێت : د. قەناتی کوردۆ ، د. چەرکەزی بەکۆ ، د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، د. مەکسیمی خەمۆ ، د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ، د. زارێ یووسف.. نووسیویانە ، چاومان بە باسی ژمارە دەکەوێ :

د. قەناتی کوردۆ لە کتێبی « دەستووری زمانی کوردی »(١٩٥٧)دا[١٦]

ژمارەی بەسەر شەش جۆردا دابەش کردووە : ١ ــ ژمارەی بنجی ؛ ٢ ــ ژمارەی پلەیی ؛ ٣ ــ ژمارەی کەرتی ؛ ٤ ــ ژمارەی لێکدەر ؛ ٥ ــ ژمارەی ئاوەلکرداری ؛ ٦ ــ ژمارەی دابەش • هەرچی لە کتێبی « دەستووری زمانی کوردی ( بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو » (١٩٧٨ش دایە [١٧] باسی پێنج جۆری کردووە : ١ــ ژمارەی بنجی ( ل ٨٧ ــ ٨٩) ؛ ٢ ــ ژمارەی پلەیی (ل ٨٩ ــ ٩٠) ؛ ٣ ــ ژمارەی دابەش (ل ٩٢) ؛ ٤ ــ ژمارەی لێکدەر ( ل ٩٢ ــ ٩٣) ؛ ٥ ــ ژمارەی کەرتی (ل ٩٣ ــ ٩٥) •

جیاوازی بوونی شەش جۆر ژمارە لە کتێبی یەکەمدا و پێنج جۆر لە کتێبی دووەمدا ، ئەوەیە کە لە کتێبی یەکەمدا بەناوی ( ژمارەی ئاوەلکرداری )یەوە جۆرێك ژمارە جیاکراوەتەوە ، کە لە کتێبی دووەمدا ئەو سەرباسە نی یە • بەلام ڕاستی یەکەی ئەوەیە ، کە ئەو جۆرە ژمارەیە لە کتێبی دووەمدا خراوەتە سەر باسی ( ژمارەی لێکدەر ) • بە هەر حاڵ جۆرەکانی ژمارە لای مامۆستا کوردۆ پێنج بن یان شەش ، ئەو ڕاستی یە ناگۆڕێ ، کە جگە لەم سێ جۆرە : (١ــ ژمارەی بنجی ؛ ٢ــ ژمارەی پلەیی؛ ٣ــ ژمارەی کەرتی) ، ئەوانی دی ناکەونە بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە ••• ڕاستی یەکەی ئەوەیە ، بەشێکیان ئاوەلکردارن و بڕێکیان ئەنجامی هەندێ عەمەلیاتی حیسابین ••• جائێمە بەپێویستی نازانین باسی ئەو شتە لاوەکی یانە بکەین ، بۆیە وەلاوەیان دەنێین و دێینە سەرهەلسەنگاندنی باسی سێ جۆرە ڕاستەقینەکە • لەبەر ئەوەش کە کاری هەرە گەورە و دیار و زانستی د• قەناتی کوردۆ کتێبی «دەستووری زمانی کوردی ( بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو ) »ە و تێیدا بەوردی و دوور و درێژی لە ژمارە ( ل ٨٦ ــ ٩٩ )ی کۆلیوەتەوە ، دەیکەینەکەرەستە و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم باسەمان •

شایانی باسە ، کە د• کوردۆ گەلێ ڕووی بەشە ئاخاوتنی ژمارەی لە

هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی ـ کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو ـدا ڕوون کردووەتەوە و زانیاریی باش و نوێی تۆمارکردووە و بە شێوەیێکی زانستیانە کۆلیوەتەوە، بەڵام ناوەناوە تێکەڵ کردن لە کارەکەیدا دەبینرێ و هەروەها گەلێ لایەنی گرنگیش هەن باس نەکراون :

بۆ نموونە ، نووسەر لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ( ژمارەی بنجی ) نەدواوە و هیچ تایبەتیی‌یێکی ئەوتۆی ئەم جۆرە ژمارەیەی باس نەکردووە... ناتەواوی دیاریش بەتایبەتی لەوەدایە ، کە فۆرمی هەندێ ژمارەی بە هەلە تۆمارکردووە:

لە کرمانجیی خوارووودا بەرانبەر ژمارەی (١٢) نووسیویتی : «دۆزدە» (ل ٨٧) ، کە ڕاستی‌یەکەی (دوازدە)یە • بەرانبەر (١٧) نووسیویتی « حەوتدە » (ل ٨٧) ، کە ڕاستی‌یەکەی (حەڤدە)یە • بەرانبەر (٥٠) (٥٠) نووسیویتی «پێنجی» (ل٨٨) ، کە ڕاستی‌یەکەی (پەنجا) ؛ بەرانبەر (٩٠) نووسیویتی «نەوێد» (ل٨٨) ، کە ڕاستی‌یەکەی (نەوەد)ە ...

هەرچەندە د• کوردۆ لە باسی ژمارەی پلەیی (ل٨٩ ـ ٩٠)دا نیشانە سەرەکی‌یەکانی (ـ ەم) ، (ـە مین) ، (ـوم) و هەندێ نیشانەی‌دی باس کردووە ، کە دەچنە سەر ژمارەی بنجی‌و دەیانکەنە پلەیی ، بەڵام ناوی نیشانەکانی (ـۆم) ، (ومی) ... نەبردووە ... لە باسی ژمارەی کەرتی (ل ٩٣ـ٩٥)یش‌دا ناوی پێکهاتنی (سێ‌یەك ، چواریەك ...)ی نەبردووە ، کە شێوەی هەرە دیار و باوە •

لە بەرهەمە زانستی‌یەکانی بەر لە ساڵانی حەفتای د• چەرکەزی بەکۆدا گرنگی بە باسی ژمارە دراوە [١٨] • ساڵی ١٩٧٣یش لە کتێبی «زمانی کوردەکانی سۆڤێت»دا [١٩] باشتر لێی دواوە • مامۆستا بەکۆ لەم کتێبەی دوایی‌دا لەسەر بناغەی کەرەستەیەکی زۆری بەشە دیالێکتەکانی کوردی سۆڤێت‌و بەراوردکردن لە نێوانیان‌دا زانایانە و شارەزایانە لە ژمارەی کۆلیوەتەوە و چوار دەستەی دیاری کردووە : «١ـ ژمارەی بنجی» (ل

١٢٦ ــ ١٣٤) ؛ «٢ــ ژمارەی پلەیی» (ل ١٣٤ ــ ١٣٦) ؛ «٣ــ ژمارەی کەرتی» (ل ١٣٦) ؛ «٤ــ ژمارەی دابەش» (ل ١٣٧) ٠

جیاکردنەوەی جۆرەکانی ژمارە لای د. بەکۆ هەر وەك مامۆستایان : سەعید صدقی و نووری عەلی ئەمین ... وایە ، ئەوەتە ئەمیش چوار جۆر ژمارەی دیاری کردووە و چەشنی چوارەم ــ «ژمارەی دابەش» ، کە ژمارە نی یە ؛ بە جۆرێك لە ژمارە ... لە ڕووی ڕۆنانی ژمارەکانیشەوە وەك د. کوردۆیە ــ واتە ئەو باسە گرنگەی خستووەتە پشت گوێ ٠

هەڵەیەکی دیاری ئەم بەرهەمە لە باسی شێوەی ئەو نیشانانەدایە ، کە یاریدەی پێکهێنانی ژمارەی پلەیی دەدەن ٠ مامۆستا چەرکەزی بەکۆ (ــ ووّم) و (ــوومی) و (ــیۆم)یشی لەگەڵ (ــوّم) و (ــوّمی) داناوە (ل ١٣٤ ــ ١٣٥) ، بەڵام ئاشکرا دیارە کە (و)ی سەرەتای (ــووّم) و (ــووّمی) نیمچەبزوێنەو پێویست هێناویەتی یە ناوانەوەو لەگەڵ ئەسلی نیشانەکاندا نهایە ــ واتە نیشانەکان (ــوّم) و (ــوّمی)ن ، نەك (ــووّم) و (ــووّمی)... هەرچی (ــیۆم)یشە دیسان هەر (ــوّم)ە و (ی)یەکەی سەرەتای نیمچە بزوێنەو لە نێوان دوو بزوێندا پەیدا بووە ٠

د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤاش لە کتێبی «دیالێکتی کوردی موکری»دا [٢٠] چوار جۆر ژمارە : (١ــ ژمارەی بنجی ؛ ٢ــ ژمارەی پلەیی ؛ ٣ــ ژمارەی کەرتی ؛ ٤ــ ژمارەی دابەش)یان دیاری کردووە ٠

لەبارەی باسی ژمارەی بنچی) ئەم بەرهەمەوە سەرنج بۆ چەند خاڵێك ڕادەکێشم :

١ ــ گەلێ تایبەتێتیی ئاشکرای ئەو بەشە دیالێکتە یادداشت نەکراوە ٠

٢ ــ لە ڕووی ڕۆنانی ژمارەکانەوە هیچ لێدوانێك بەرچاو ناکەوێ ٠

٣ ــ ئەوە وتراوە ، کە ژمارەی (یەك) وەك پاشگری ( ــ ێك)

بەدەردەکەوێ ، کەچی پەنجە بۆ ئەوە ڕانەکێشراوە ، کە ( ـ ێ)ی کورتکراوەی ( ـ یَك)یش هەیە .

نووسەرانی ناوبراو لە باسی ژمارەی پلەیی (ل ٥٤ ـ ٥٥)دا وا ڕادەگەیەنن ، کە لە ژمارەی ( نۆ ) ژمارەی پلەیی بە یاریدەی پاشگر (ڕاستتر نیشانە ـ ئەوڕەحمان)ی ( ـ یەم) سازدەبێ » (ل ٥٤) . بەر لە هەر شت ئەوە ڕووندەکەینەوە ، کە وشەی ( نۆ ) کۆتاییی بە بزوێن هاتووە و نیشانەی ( ـ یەم)یش بە بزوێن دەستپێدەکات . جا دەزانین کە دوو بزوێن پێکەوە نایەن و ئەیووبی و سمیرنۆڤا خۆشیان لە زۆر شوێنی کتێبەکەیاندا ئەو ڕاستییەیان وتووە ... وێڕای ئەوە ئاشکرا دیارە وشەی ( نۆ ) ، کە بزوێنی ( ۆ ) کۆتاییەتی ، وەك ئەو وشانەی بە ( ا ، ێ ، ی ، ە ) کۆتاییان دێ مامەڵەی دەکرێ و دەوترێ ( نۆیەم ) .

هەر لەم بەشەدا ئەوەشیان وتووە ، کە : «ئەو ژمارانەی کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێت ( جگە لە نۆ ) ، کاتێ نیشانەی ( ـ ەم ، ـ ەمین )یان دەخرێتە سەر ، لە نێوان کۆتاییی ژمارەکان و سەرەتای وشەکاندا نەبزوێنی ( هـ ) یان ( ی ـ Y ) پەیدادەبێ » ( ل ٥٤ ) .

لەم بارەیەوە دەڵێین :

١ ـ نەبزوێنی ( هـ ) لە زوودا نەبووە و تازە هاتۆتە ناوانەوە و لەلاوە هێنراوە . ئەمڕۆش کە بەکاردێنرێ ، تەنیا بۆ ئەو ژمارانە نییە ، کە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێ ، بەڵکو بۆ تێکڕای ژمارەکانە ـ واتە بۆ ئەو ژمارانەشە ، کە بە نەبزوێن کۆتاییان دێت . بەوێنە چۆن دەوترێ (سێهەم)، بە هەمان شێوە دەشوترێ ( چوارهەم ) .

٢ ـ هەرچی نیمچەبزوێنی ( ی ـ Y )یشە ڕاست نییە بوترێ دەچێتە سەر هەموو ئەو ژمارانەی کۆتاییان بە بزوێن دێ ، چونکە ئەوەتە

ژمارەی (دوو) کۆتایی بە بزوێن دێ و ناشێ ( ی ــ Y )ی بخرێتە سەر ــ واتە ناوترێ (دوویەم) .

د. مەکسیمی خەمۆ لەو کارە زانستی‌یەی‌دا ، کە بەناوی « زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق »ەوە بڵاوی کردۆتەوە [21] ، زۆر بە کورتی لە بەشە ئاخاوتنی ژمارە دواوە ( ل ٣٣٤ ــ ٣٣٥) . ئەمیش وەك گەلێ ڕێزمان‌نووسی دیی کوردی ، ژمارەی بەسەر چوار جۆردا : ( ١ ــ بنجی ؛ ٢ــ پلەیی ؛ ٣ــ کەرتی ؛ ٤ــ دابەش) دابەش‌کردووە . لەم بەرهەمەدا باسی ژمارە نەك هەر بە کورتی‌کراوە و بە لاپەڕەیەك کوتایی پێ‌هێنراوە ، بەڵکو ئەو زانیاری‌یانەش کە تۆمارکراون تەواو سادەن . بەوێنە لە باسی (ژمارەی بنجی)دا لەوە زیاتر کە ناوی ژمارەی یەکان ــ ( ١ تا ١٠) و دەیان ــ (٢٠ ، ٣٠ ... ٩٠) و سەدان ــ (٢٠٠ ، ٣٠٠ ... ٩٠٠) و وشەی (هەزار) و (دووهەزار) تۆمارکراوە ، هیچی‌دی باس نەکراوە ... یاخود لە باسی (ژمارەی پلەیی)دا هەر ئەوەندە وتراوە ، کە لە بەشە دیالێکتی بادینان‌دا (ــ ێ) دەچێتە سەر ژمارەی بنجی و دەیکاتە ژمارەی پلەیی ...

د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ لە کتێبی «لەبارەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی‌یەوە »دا[22] باسی (ژمارەی بنجی) و (ژمارەی پلەیی) کردووە ( ل ٣٣ ــ ٣٦ ) .

ڕووی باش و سەرکەوتووی ئەم کارە بەتایبەتی لەوەدایە کە لەسەر شێوازێکی زانستی و بەراوردیی مێژوویی نووسراوە و بەشێکی زۆری ئەو ژمارەی زمانی کوردی و زمانە ئێرانی‌یە نوێکانی دیی خستۆتە ژێر تەئسیری ناوەڕاست و ...دا بەراوردکراون . ناتەواویی دیاریشی ئەمانەیە :

١ ــ نووسەر لەوەدا ڕاست نی‌یە ، کە شێوەی پێشکەوتنی هەندێ ژمارەی زمانی کوردی و زمانە ئێرانی‌یە نوێکانی دی خستۆتە ژێر تەئسیری پێشکەوتنی زمانی فارسی‌یەوە .

٢ ـ پێویست بوو باسی ئەو ژمارانەش بکات، کە لەدوا (١٠)ەوە دێن و نەدەبوو لێکۆڵینەوەی لە ژمارەی بنجیی زمـانی کوردی تەنیا بریتی بێ لـە لێدوان لە دە ژمارەی سەرەتا.

٣ ـ لە باسی ژمارەی پلەییدا ( ـ ەمە)ی بە نیشانەی سەرەکی داناوە، بەڵام ڕاستییەکەی، ئەوەیە کە ئەو ( ـ ەمە ) لە زمانی کوردیدا بووە بـە ( ـ ەم ) ...

٤ ـ دەربارەی تایبەتێتییەکانی ژمارەی بنجی و ژمارەی پلەیی هیـچی نەوتووە و سەرەڕای ئەوەش ناوی ژمارەی کەرتی نەبردووە.

د. زاری یووسف لە کتێبی «دیالێکتی سلێمان زمانی کوردی» (ل٦٥ـ ٦٨)دا [٣٣] دەربارەی ژمارە زانیاریی باشی تۆمارکردووە. بەوێنە:

١ ـ ئەوەی یادداشت کردووە، کە لە زمانی کوردیدا ژمارەی بنجی کاتێ چەندێتیی ناوێك ڕادەگەیەنێ، لەپێش ناوەکەوە دێت (ل ٦٥).

٢ ـ لەوە دواوە، کە ژمارەی (یەك) زۆرجار لەگەڵ ناودا لە شێوەی نیشانـەی (ـێك)دا دێت (ل٦٦). ٣ ـ لەباسی پێکهاتنی ژمارەی کەرتی بە یاریدەی نیشانەی ئیزافـەی (ـی)دا ئەوەی دیاری کردووە، کە (ـی)یەکە بە ژمارەی یەکەمەوە دەلکێ (ل ٦٧).

٤ ـ لـە ڕووی ڕۆنانـەوە لە ژمارەی کۆڵیوەتەوە (ل ٦٥) ... و هەندێکی دی.

ئەگەرچی نووسەر تێکڕا لە لێکۆڵینەوەی ژمارەدا سەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ناتەواوی و هەڵە لە باسەکەیدا دەبینرێ. بۆ نموونە:

١ ـ نووسەر لەوەدا ڕاستـە، ئەگەر لەپێش ژمارەوە ئاوەڵکرداری «نزیك» بێت، ئەوە ژمارەکە واتای تەقریبی وەردەگرێ (ل ٦٦)، بەڵام وەك

ئاشکرایە قالبی (نزیکی) ، (نزیکەی)یش هەیە و دە زارێ یادداشتی نەکردوون • کەچی لە سەرێکی دیەوە «نزیکە» و «هەتا»ی لەتەك «نزیك»دا داناوە ••• وەك هەموو دەزانین ، شێوەی «نزیکە» بەکارنایەت و وشەی «هەتا»ش ئەو دەورە نابینێ ••• بەلام ئەوەتە وشەی «دەوروبەری» هەیە ، کە ئەو ئەرکە بەجێ دێنێ و نووسەر بەلای‌دا نەچووە •

٢ ــ بەلێ باش بۆ ئەوە چووە ، کاتێ ژمارەی (یەك) دەوری ناو دەبینێ نیشانەی (ــ ێك)ی نەناسیاوی پێوە دەلکێ ، بەلام دەبوو نیشانەی (ــ ێ )یش لەبیرنەکات •

٣ ــ دە زارێ هەموو ژمارە دەیی‌یەکانی ( دە ، بیست ••• حەفتا ••• نەوەد )ی بەسادە داناوە (ل ٦٥) • وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە ، ژمارە دەیی‌یەکان جگە لە سادە ، دارێژراو و لێکدراویشیان تێدایە •

٤ ــ نووسەر لەباسی ژمارەی پلەیی‌دا بە هیچ چەشنێك لەو دوخە نەدواوە ، کە ژمارەی بنجی کۆتایی بە بزوێنی ( ا ، ێ ، ی ، ۆ ، ە ) دێت و نیمچەبزوێنی ( ی ــ Y ) پەیدادەبێ ، یاخود کە بە بزوێنی (وو)ش تەواو دەبێت نیمچەبزوێنی ( و ــ W ) دەبێتە یاریدەدەر •

••• و هەندێکی تر •

ئەگەر بۆ باسی ژمارە ئاوڕێك لەو کارانەش بدەینەوە ، کە بە زمانە ڕۆژئاوایی‌یەکان لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە نووسراون ، بەداخەوە شتێکی ئەوتۆمان دەستگیر نابێ بۆ ئەم لێکۆلینەوەیەمان کەلکی لێ وەربگرین و بیخەینە سەر خەرمانی لێدوانەکەمان ••• چونکە لە بەشێکیان‌دا ئەو باسە نابینرێ و لە بەشەکەی دیش‌دا ( جگە لە کتێبی
Manuel De Kurde - Dialecte Sorani
د.• جویس بلۆ ) [٢٤] لێدوانێکی کورتی سەرپێیی کراوە •

بۆ نموونە :

د. ئەرنست مەکارۆس لە کتێبی «ڕێزمانی کوردی»دا[٣٥] بە هیچ چەشنێك دەربارەی ژمارە نەدواوە ... د. مەکەنزی لە لاپەڕە (٧١ – ٧٢) و (١٦٠ – ١٧٠)ی ئەو کتێبەی ساڵی ١٩٦١ لەبارەی ڕێزمانی کوردی‌یەوە بڵاوی‌کردووەتەوە[٣٦] ، بە کورتی لە (ژمارەی بنجی) و (ژمارەی پلەیی) دواوە و هەموو باسەکەشی تەنیا بریتی‌یە لە ناوی هەندێ ژمارەی بنجی لە بەشە دیالێکتەکانی سلێمانی و بنگرد و پژدەر و موکری ... سوورچی و ئاکری و ئامێدی و زاخۆ ... دا و پێکهاتنی ژمارەی پلەیی بە یاریدەی نیشانەی ( – ەم ، – ەمین) و ( – ێ ) .

د. جۆیس بلۆ لە لاپەڕە (٧٩ – ٨٥)ی کتێبی ناوبراودا تا ڕادەیەك باش لە (ژمارەی بنجی) و (ژمارەی پلەیی) و (ژمارەی کەرتی) دواوە و نموونە و بەڵگەی لەباری هێناوەتەوە و هەندێ تایبەتێتی‌یانی باس کردووە..

❋ ❋ ❋

بەم شێوەیە – واتە دوای کەمێ نیشاندانی ئەوەی چی لەبارەی ژمارەوە لە زمانی کوردی‌دا نووسراوە – دەتوانین ئەم ئەنجام و تێبینی‌یانە بخەینە پێش چاو و تایبەتێتی‌یەکانی ژمارە لە زمانی کوردی‌دا باس بکەین :

بەشێك لە نووسەران (ژمارە)یان لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی (ناو)دا باس‌کردووە و بە جۆرێك لە جۆرەکانی ناویان لە قەڵەمداوە ، وەك : سەعید صدقی کابان ، جگەرخوێن ...

هەندێکیش بە جۆرێك لە ئاوەڵناویان داناوە ، وەك : تۆفیق وەهبی ، نووری عەلی ئەمین ...

بڕێکیش مامەڵەی بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیان لەگەڵ کردووە ،

وەك : محەمەد ئەمین هەورامانی ، صالح حسـەین حەسـەن ، دە قەنـاتی کوردۆ ...

چۆن بە هیچ جۆرێك ناتوانین ڕای ئەو نووسەرانە وەربگرین ، کە لەبەر ڕووناکیی ڕێزمانی عەرەبی ژمارەیان بە ناو لەقەڵەم داوە ، هەر بەو چەشـنە ڕای ئەوانەش کە لەسەر شێوازی چاولێکەریی زمانی ئینگلیزی ژمارەیـان بە ئاوەڵناو داناوە ، بە لامانەوە پەسەند نییە ، چونکە ئاشکرایە ، ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێك خاوەنی خاسیەتی واتای ژمـارەیە بەگشـتی ، کـە وەك دیاردەیێکی تایبەتی ــ واتە وەك ژمارە بە تەنیا یان ژمارەی شتێك ... واتای گشتیی ئەم بەشە ئاخاوتنە لە خاسیەتی ڕێزمانیدا ڕەنگ دەداتەوە . وێڕای ئەوە ژمارە لە ڕووی پێکهاتنەوە خاوەنی تایبەتییێکی دیـاریکراوی وەهایە ، کە لە بەشە ئاخاوتنەکانی دی جیادەکاتەوە ... بۆ گەیاندنی واتای ژمارە لە سیستەمی بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا ڕێگەی ئەوتۆ بەکاردێنرێ ، کە لە سیستەمی بەشە ئاخاوتنی ناودا بەکارناهـێنرێ . ئـەم تایبەتییـانەش خاسیەتی ژمارە دیاری دەکەن و وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ جیـای دەکەنەوە و نیشانی ئەوە دەدەن ، کە ڕاست نییە بخرێتە بەشە ئاخـاوتنی ناوەوە... ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا بتوانـین ئەو چەنـد وێکچوونـە ڕێزمانییە کەمەی نێوان ژمارەی پلەیی و ئاوەڵناو بە بەڵگەی دانانی ژمارەی پلەیی بە ئاوەڵناو وەربگرین ، ئەوە بە هیچ چەشنێك ناتوانین ئەو ڕایـەی هەندێ نووسەران پەسەند بکەین ، کە ژمارەی بنجییش بە ئاوەڵناو لـە قەڵەم دەدەن. ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا لە نێوان ژمارەی پلەیی و ئاوەڵناودا کەمێ وێکچوونی ڕێزمانیی هەبێ ، ئەوە لە زمانی کوردیدا ئەو وێکچوونـە زۆر کەمترە ...

بەشە ئاخاوتنی ژمارە ئەو کۆمەڵە وشەیەیە ، کە وا ئەرکی تەجریـدی ناوی ژمارە ( یەك + دوو = سێ ) دەگەیەنێ ، یان چەندێتیی بەسەریەکەوە

( چوار هەرمێ ) ، یاخود کەرتێکی شتێ دیاری کراوی هاوڕەگەز ( سێ یەکی گەنمەکە ) نیشان دەدات • یان پلەی شتێك لە ڕیزدا ( نۆمی دووەم ) دیاری دەکا •

لە باسی ژمارەدا پێویست دەکا جارێکی دیش بەتایبەتی ئەوە دووپات بکرێتەوە ، کە ئەوەی لە دیاری کردنی گرووپی وشەدا گرنگە و لەسەر بنەمای دابەش دەکرێن بەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاوازدا ، ئەوەیە کە پێویستە پێوەندی هاوخاسیەتی ڕێزمانی لە نێوان وشەکانی هەر گرووپێکدا هەبێ • وا پێویست دەکا گرنگی یێکی تەواو بەم لایەنە بدرێ • لێرەدا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشین ، کە هەندێ جار ئەم لایەنە لەبەرچاو ناگرن و تەنیا لە ڕووی خاسیەتی واتاوە بەشە ئاخاوتنی ژمارە جیادەکەنەوە و وەك وشەیێك کە واتای ژمارە بدات یان پلەی ژمارە ڕابگەیەنێ ، دیاری دەکەن • بەو پێیە هەندێ وشە کە واتای ژمارەیان تێدایە ، دەکەونە ئەم بەشە ئاخاوتنەوە ، بەلام لە ڕاستیدا ئەو جۆرە وشانە تەنیا واتای ژمارەیان تێدایە ، دەنا ژمارە نین ، بەوێنە ئەگەر تەماشای وشەکانی «حەفتە» ، «سەدە» ••• و «حەفت» و «سەد» بکەین ، دەبینین هەرچەندە لە هەردوو دەستەدا وەك یەك مانای ژمارە هەیە ، بەلام لە ڕووی خاسیەتی ڕێزمانی یەوە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و سەر بە بەشە ئاخاوتنی جیاوازن •

لە ڕاستیدا لەباری خاسیەتی ڕێزمانی یەوە وشەی « حەفتە » و هەروەها «سەدە»ش جیاوازی یان لەگەل هیچ ناوێکی ئاسایی دا نی یە • چۆن دەوترێ «چوار پیاو» هەر بەو چەشنەش دەشێ بوترێ «چوار حەفتە» ، « چوار سەدە» ••• چۆن دەوترێ «پیاوێك ، پیاوەکان•••» ، بە هەمان جۆر دەشوترێ «حەفتەیەك ، حەفتەکان••• سەدەیەك ، سەدەکان•••» هتد •

ئەگەرچی لەباری چەندێتی یەوە «حفتە» لەگەل «حەفت» و «سەدە»

لەگەڵ «سەد» وەك یەکن ، بەڵام «حەفت» و «سەد» ژمارە نو «حەفتە» و «سەدە»ش ناون و لە ژمارەوە بوونەتە ناو •

بۆ پتر ڕوونکردنەوە، ئەوەش دەڵێین ، کە ژمارە لەباری واتاوە بریتییە لە تەجریدی ناوی ژمارە بێ ئاڵۆزبوونی واتا ، بەوێنە ئەگەرچی وشە کانی « حەفت ، سەد....» و «حەفتە ، سەدە....» چەندێتی ڕادەگەیەنن ، بەڵام تەنیا «حەفت ، سەد ...» دەکەونە تێوبەشە ئاخاوتنی ژمارەوە • هەرچی « حەفتە ، سەدە....»ن سەر بە بەشە ئاخاوتنی ناون • «حەفت ، سەد ...» ژمارەن ، چونکە واتای تەجریدی ژمارەیان تێدایە • ئەم وشانە مانایان هەیە ماناکانیان لە چوارچێوەی نیشاندانی ژمارەیێك لە ژماردنی دانەی دیاریکراودایە • « حەفتە ، سەدە ...» ئەگەرچی دیسان واتای چەندێتییان هەڵگرتووە ، بەڵام لە سنووریکی بەرین و فراواندا پێوەندییان بە زۆر شتەوە هەیە ... ڕاگەیاندنی واتای چەندێتی لە «حەفتە ، سەدە ...»دا بێبەشە لەو خاسیەتی تەجریدەی لە ژمارەدا هەیە •

وەك پێشتر وتمان هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی ، بەپێی پەیڕەوی کردنی نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیزی ژمارەیان بە ئاوەڵناو داناوە، ڕاستە لە زمانی ئینگلیزیدا لە یەکەم سەرنجدا ڕەنگە وا بێتە پێش چاو ، کە هاتنی ژمارە لەگەڵ ناودا جیاوازیی لەگەڵ هاتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا نەبێ ... بەڵام ئەگەر قووڵ لەو مەسەلەیە وردبینەوە ، بە ئاسانی هەست بەوە دەکەین ، کە لە نێوان ژمارە و ئاوەڵناودا جیاوازی زۆرە ئەو جیاوازییەش بە ڕوونی لە پێوەندیی واتای پارچەکانی ژمارەی پێکەوە بەستراو و پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوە بەستراو بەدەردەکەوێ[٣٧] • وەك دواتر لە تایبەتێتیی ڕۆنانی ژمارەدا لێیدەدوێین ، بۆ پێکهێنانی ئەو جۆرە ژمارانە ، دوو ڕێگەی (کۆکردنەوە)و (لێکدان) باون، بەڵام هەرچی پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوە بەستراوە ،

لەسەر بنـاغەی ئەو دوو ڕێگەیە سازناکرێت • بەوێنە ، کە دەوترێ (شینی کاڵ) هیچ ئەوە ناگەیەنێ کە لە (شین + کاڵ) یاخود (شین × کاڵ) پێکهاتبێ•

هەروەها جیاوازی لە بوونی ژمارە بە ناو و بوونی ئاوەڵناو بە ناویش‌دا زۆرە • ئەمانە و هەندێ لایەنی دی هەن ، کە بلێین ، کە بڕێ لە نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیزی ڕاست نین ، کە ژمارەیان خستووەتە ناو بەشە ئاخاوتـنی ئاوەڵناوەوە • هەرچی هەندێ نووسەری ڕێزمانی کوردی‌یشە ، کە لاسـایی زمانی ئینگلیزی کردووەتەوە ، ئەگەر گوێ‌نەدەینـە دەرك‌نـەکردنی بـەو جیاوازی‌یانەی لە زمانی ئینگلیزی و زۆر زمانی دی‌دا لە نێـوان ژمـارە و ئاوەڵناودا هەیە و کە بەشێکیمان لەسەرەوە باس‌کرد ، خۆ دەبوو هەست بەوە بکا ، کە لە ڕستەی کوردی‌دا ئاوەڵناو بەدوا ناودا دێت : ( کچی جوان )•••؛ بەڵام هەرچی ژمارەیە دەکەوێتە پێش ناو :( سێ کچ ) •••

لە ڕووی ڕستەسازی‌یشەوە ژمارە بە شێوەیێکی سەربەخۆ خـۆی دەنوێنێ ••• ڕاستە وەك ئاوەڵناو بە زۆری لەگەڵ ناودا دێت و ئەم پێکەوە هاتنەش ، پێکەوە هاتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا دێنێتەوە یاد : ( پێنج گوڵ ) ؛ (گوڵی سوور)•••• بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا ، لەو جۆرە بەکارهێنانەدا نـاشێ ژمارە ناوبنرێ دیارخەر ، بەڵام هەرچی ئاوەڵناوەکەیە ، لەبەر ئەوەی خاسیەتی شتێك دەردەخا دەبێ بە دیارخەر • لە دەستەواژەی ( چوار گوڵ ) ، ژمـارە دەورێکی تایبەتی دەبینێ و خاسیەتی شتێك ئاشکرا ناکا ، بەڵـکو تەنیـا ئیشارەت بۆ چەندێتیی شتێك دەکا •

– دووەم –

نووسەرانی ڕێزمانی کوردی کاتێ لە ڕووی تایبەتێتیی واتا و چوێتیی بەکارهێنانەوە ژمارە دابەش‌دەکەن بەسەر جۆری جیاوازدا ، جیـاوازی‌یەکی زۆر لە نێوان دابەش‌کردنەکانیان‌دا بەدی دەکرێ • بەوێنە مامۆستا تۆفیـق

وەهبی جارێك دوو جـۆر ژمـارە : (١ــ بنجی ؛ ٢ــ پلەیی) و جارێکی دی سێ جۆر : (١ــ بنجی ؛ ٢ــ پلـەیی ؛ ٣ــ کەرتـی)ی دیـاری کردووە • مامۆستایان : سەعید صدقی کابان ، نووری عەلی ئەمـین ، جگەرخـوێن ، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، د• چەرکەزی بەکۆ ••• چوار جۆر : (١ــ بنجی ؛ ٢ــ پلەیی ؛ ٣ــ دابەش ؛ ٤ــ کەرتی)یان یادداشت کردووە • د• قەنـاتی کوردۆ شەش جۆر : (١ــ بنجی ؛ ٢ــ پلەیی ؛ ٣ــ کەرتی ؛ ٤ــ لێکدەر ؛ ٥ــ ئاوەلکرداری ؛ ٦ــ دابەش)ی دەست‌نیشان‌کردووە •

ئەم جیاوازی‌یەش ئەوە نیشان دەدا ، کە هەندێ نووسەر ژمـارەی کەرتی بە جۆرێك لە ژمارە دانانێن ؛ بڕێك ژمارەی پلەیی ئاخەنە نێو بەشـە ئاخاوتنی ژمارەوە ••• بە پێچەوانە شەوە ، نووسەری وا هەیە تەنانـەت ئاوەلکرداری (یەك‌یەك ، دوودوو ، سێ‌سێ•••) و وشەی چەندێتیی نادیاری وەك (زۆر ، کەم•••)یش بە چەشنەکانی ژمارە لەقەڵەم دەدەن •

لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی ئەو کارانـەی لە مەیـدانی لێکۆڵینـەوەی (ژمارە)دا کراون و بەپێی بۆچوون و لێکدانەوە و تۆژینەوەی تـایبەتیی خۆمان و بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە تیۆریی زمانناسی‌یەوە گەیشتووینەتـە ئەو ئەنجامەی لە زمانی کوردی‌دا سێ جۆر ژمارە :

( ١ ــ ژمارەی بنجی
٢ ــ ژمارەی پلەیی
٣ ــ ژمارەی کەرتی ) دیاری بکەین •

هەرچی ئەو گرووپە وشانەشە کە بە نـاوی «ژمـارەی دابـەش» و «ژمارەی چەندێتیی نادیار»ەوە جیاکراونەتەوە ، بەلای ئێمەوە ژمارە نین و ڕاست نی‌یە لە نێو بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا دابنرێن• بۆ ڕەت‌کردنەوەی ئەو بۆچوونە ناڕاستە و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕایەمان ، کەمێ لەو کێشـەیە دەدوێین :

ژمـارەی دابەش ؟

لە هەردوو دیـالێکتی سـەرەکیی کوردیدا ژمـارەی دابـەش بـە دووپاتکردنەوەی ژمارەی بنجی پێك دێ :

| کرمانجی خواروو | کرمانجی ژووروو |
|---|---|
| یەك‌یەك | یەك‌یەك |
| دوودوو | دودو ، دۆدۆ |
| سێ‌سێ | سێ‌سێ |
| چوارچوار | چوارچوار |
| •••هتد | |

شێوەی (یەکەیەکە ، دواندوان ، سیانسیان)یش بەکاردێ •

وێڕای ئەوە ، ئەوەش دەبینرێ ، کە لە دووپات کردنـەوەی ژمـارە بنجیەکەدا پێشبەندی (بە) لە ناوەڕاستدا پەیدا دەبێ • وەك :

یەك‌بەیەك

دووبەدوو

سێ‌بەسێ

چواربەچوار

••• هتد •

هەرچی ئەو پێشبەندەشە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە شێوەی ( بـ‌ـ bi )دایە ، وەك :

یەك بـ‌ـ یەك

دو بـ‌ـ دو

سێ بـ‌ـ سێ

چار بـ‌ـ چار

ئەو پێشبەندە لە هەندێ بەشە دیالێکتی هەردوو دیالێکتدا لە شێوەی (وە)دا دەبینرێ . وەك :

| | |
|---|---|
| یەکوەیەك | یەکوەیەك |
| دووەدوو | دوووەدوو |
| سێوەسێ | سێوەسێ |
| چاروەچار | چواروەچوار |

... هتد .

تێکڕای ئەو نووسەرانەی باسی ئەم کێشەیەیان کردووە ، نەك هەر بە چەند دێڕێك کۆتاییان بە لێدوانەکەیان هێناوە و هەڵەی گەورەیان کردووە ، بەڵکو مەبەستیشیان نەپێکاوە :

١ ــ بەڵێ (یەکیەك ، دوودوو ، سێسێ ، چوارچوار...) لە دووپاتکردنەوەی ژمارەی بنجی پێك دێن ، بەڵام پێویستە بزانین ، دەشێ ئەو جۆرە وشانە لە بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا دابنێین یان نا ...

( یەك ، دوو ، سێ ، چوار...) ژمارەن و دەوترێ (یەك پیاو هات ، دوو کوڕ هاتن...) . لێرەدا ئاشکرا دیارە ، کە (یەك ، دوو...) ژمارەی (پیاو ، کوڕ...) نیشان دەدەن ــ واتە چەندێتیی ناو دیاریدەکەن. بەڵام کە دەوترێ (پیاوەکان یەکیەك هاتن ، کوڕەکان دوودوو هاتن ...) ، ئەوە (یەکیەك ، دوودوو...) بەدوایەکتر هاتنی کردارەکە (هاتن) نیشاندەدەن . کەواتە کە وەسفی چۆنێتیی (هاتن)ەکە بکەن و وەسفی ( پیاو ، کوڕ ... ) نەکەن ، ئەوە دەبنە ئاوەڵکردار. بەو پێیە (یەکیەك ، دوودوو...) ژمارە نین و (ئاوەڵکرداری تەرتیبی)ین .

٢ ــ چ لە ڕووی ڕاگەیاندنی واتا و چ لە بواری بەکارهێنانەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرە پێکهاتەدا هەیە . بەوێنە ئەگەر بڵێین : (دوودوو

دانیشتبووین) ، ئەوە ناشێ تەنیا دوو کەس بێ ، بەڵکو دەبێ چەندین کەس بێ و هەر دوانیان پێکەوە دانیشتبێ . بەڵام کە دەڵێین ( دووبەدوو دانیشتبووین ) ، بە پێچەوانەوە دەبێ تەنیا دوو کەس بێ پێکەوە دانیشتبێ و ناکرێ مەبەستی کەسانی زۆر بگرێتەخۆ ... ئەمە و گەلێ جیاوازیی دی هەیە ، کە لێرەدا بە پێویستی نازانین بە درێژی لێی بدوێین .

جگە لە دووپات کردنەوەی بێ یاریدە ، چەشنە دووپات کردنەوەیێکی دیش هەیە ، کە بەیاریدەی ناوبەند سازدەبێ ، وەك :

أ ــ بە یاریدەی ناوبەندی ( او ) . وەك :

یەکاویەك ...

ب ــ بە یاریدەی ( بە ) . وەك :

هەزاربە هەزار ...

هتد ...

ئەو جۆرە وشانەس ــ (یەکاویەك ... هەزاربەهەزار ... ) ، کە بە یاریدەی ناوبەند سازدەبێ ، دەبنە ئاوەڵناو .

لە ڕاستیدا ژمارەی بنجی چ بە دووپات بوونەوە ، چ بە وەرگرتنی پاشگر ، چ بە یەکگرتنی لەگەڵ وشەی بەشە ئاخاوتنی دیدا ... توانایەکی باشی هەیە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا .

پێشتر لە دووپات بوونەوەی ژمارەی بنجی دواین ، ئێستاش با لەگەڵ مۆرفێمە کانی دیدا تەماشای بکەین :

لەگەڵ پاشگردا :

خەوتە ، چلە ، سەدە ...

دوانە ، سیانە ...

یەکەتی / یەکێتی ...

تێبینی :

١ ــ وا دەردەکەوێ ( ە ) چالاکترین پاشگر بێ ، کە لەگەڵ ژمارەدا بێت •

٢ ــ هەرچی ( انە )یە ، دیسان هــەر ( ە )یە و چووەتە سەر ڕێژەی (دوان ، سیان •••) •

٣ ــ پاشگری ( ەتی / یتی )یش تازەیە •

٤ ــ پاشگری ( ە ) و ( ەتی / یتی ) ، کە دەچنە سەر ژمارە دەیکەن بە ناو •

★ لەگەڵ مۆرفیمی ڕیشەییدا :

أ ــ لەگەڵ ناودا •

وانە ژمارە + ناو •

یەکدڵ

یەکدەست

یەکماڵ

یەکقسە

یەکشەممە

یەکدەنگ

یەکڕوو

یەکچاو

یەکباڵ

•••••

دوودڵ

دووڕوو

دووقات
دووقەد
دووخەت
....
سێ‌سووچ
سێ گۆشە
سێ‌چوکلە
سێ‌پا
....
چوارپێ
چوارچاو
چوارگۆشە
چوارقوڕنە
....
پێنج‌تیر
....
....
....
چل‌چرا
....
شەست‌پەڕ
هەزارپێ
...هتد .
تێبینی :

زۆر جار لە دوا ناوەکەوە هەندێ مۆرفیمی دیش دێ • وەك :

پاشگر :

ا ـ پاشگری ( ـ ە ) :

یەکشەوە

دووژنە

سێ ڕۆژە

چوارچیوە

چوارشانە

چوارنالە

•••هتد

ب ـ پاشگری ( ـ ەکی )

دووبەرەکی

چوارخشتەکی

•••هتد •

ج ـ پاشگری ( ـ انە = ان + ە )

سێ ڕۆژانە

•••هتد •

٢ ـ لەگەڵ ناوەڵناوی نادیاردا :

یەکتر

یەکدی

•••هتد

٣ ـ لەگەڵ ناوەلکرداردا :

دوولا

چوارلا

...هتد

٤ ــ لەگەڵ چاوگدا :

یەككەوتن

یەكگرتن

یەكبوون

...هتد .

ژمارەی چەندێتی نادیار ؟

لە هەندێ لێكۆڵینەوەی زمانە ئەوروپاییەكاندا ، ئەوە بەرچاودەكەوێ، كە هەندێ وشـەی وەك : زۆر ، فرە ، گەلێك ، كەم ، هەندێ ، چەند ... بە جۆرێك لە ژمارە دانراون و لە ژێر سەرباسی «ژمارەی چەندێتی نادیار»دا لێیان كۆڵراوەتەوە [٢٨] .

بەڕای من ڕاست نی‌یە ئەو جۆرە وشانە بە ژمارە دابنرێن ، چونكە ئەو گرووپە وشە كەمەی بە «ژمارەی چەندێتی نادیار» دانراوە ، لە باری واتاوە ناتوانێ چەندێتی ژمارە نیشان بدا ... نادیاریی ئەم گرووپە وشەیە (زۆر... فرە ... هەندێ ...) لـەو گرووپـە وشـەیە ( یەك ، دوو ... دە ....) جیادەكاتەوە ، كە بەتەواوی سەرژمێریی ناوێك دەخـاتە ڕوو . بۆ نموونە كە دەوترێ «پێنج كرێكار»، ئەوە ژمارەی كرێكاران (پێنج)ن و نە چوارن‌و نە شەش ــ واتە بە تەواوی ژمارەیان دیاری‌كراوە . بەڵام ئەگەر بوترێ «هەندێ كرێكار» ، ئەوە نەك ژمارەیان نەزانراوە ، بەڵكو دەشێ (دە) كەس بن و دووریش نی‌یە (سەد) .

وشەی چەندێتیی نادیاری (زۆر ، كەم...) لە بەكارهێنانیاندا خاسیەت‌و تایبەتێتی و قاڵبی وایان لێ دروست دەبێ ، كە ژمـارەی بنجی نی‌یـەتی . جیاوازیی وشەكانی (زۆر ، كەم...) لەگەڵ ژمارەی (یەك ، دوو ...)دا ،

لەوەدایە کە دەتوانن وەك دیارخەری چەندێتی لەگەڵ ناوی واتای ڕۆنراودا بێن ، بۆ نموونە (زۆر پیاوەتی ؛ زۆر دۆستایەتی ؛ زۆر جوانی ...) یاخود لەگەڵ ئاوەڵناودا بێن : (کەم جوان ؛ زۆر بەرز...) . دەتوانن پلەی ئاوەڵناو دیاری بکەن (زۆر گەورە ، کەم ڕووناك ...) . هەرچی ژمارەی بنجییە لەو حاڵەتانەدا ، کە باسمان کردن بەکارناهێنرێ . وشەی ( زۆر ، کەم...) خاوەنی پلەی بەراورد ( زۆرتر ، کەمتر ...) و پلەی باڵا (زۆرترین، کەمترین...)ن .

لە ڕووی تایبەتێتیی واتا و دەستووری زمانەوە ئەو وشە چەندێتییە نادیارانە بە زۆری وەك ئاوەڵکردار بەکاردێن .

وشەی چەندێتیی نادیاری (چەند ، ئەوەندە ، هەندێ...) ئەگەرچی لە ڕووی پێوەندییانەوە لەگەڵ ناودا لە ژمارەوە نزیك دەبنەوە ، بەوێنە (پێنج پرسیار ــ هەندێ پرسیار) و ئیشارەت بۆ ژمارە دەکەن ، بەڵام ژمارە دەرناخەن . جا بۆیە ڕاستتر وایە لە ڕیزی جێناوی نادیار و جێناوی پرسیار دابنرێن ...

## ــ سێیەم ــ

لە زمانی کوردیدا گرنگیی ژمارە لە تایبەتێتیی پێکهاتنیدا . بەوێنە بۆ گەیاندنی واتای ژمارەی شتێك ــ واتە کاتێك ژمارە لەگەڵ ناودا دێت : (پێنج سێو...) وا باوە کە هەر یەك ڕێگە دەگیرێ ، ئەویش ڕێگەی لێکدانە . لە حاڵەتی (پێنج سێو ...)دا ، مەرج وایە ضەربی پێنج بکرێ : سێو × ٥ .

بۆ دەربڕینی ژمارەکانی زمانی کوردی ڕێگای هەمەجۆر هەیە . ڕێگەی هەرە باو (کۆکردنەوە) و (لێکدان)ە :

١ ــ ڕێبازی کۆکردنەوە .

له ژماره (١١)ەوه تا (١٩) ، بەوێنه ژمارەی (چوارده) بەپێی پێکهاتنی واتایی برێتی‌یە له ( چوار + ده ) • ئەم ڕێگەیە هەروەها بۆ گەلێك لەو ژمارانەش بەکاردێنرێ ، که له سەروو (بیست)ەوەن : (بیست و دوو) ـ واته (٢٠ + ٢ ) ؛ (چل و شەش) ـ واته (٤٠ + ٦ )•••

لەگەڵ ئەوەشدا ، پێویسته سەرنج بۆ ئەوەش ڕابکێشین ، ڕێگەی کۆکردنەوەی ژمارەکانی وەك (بیست و دوو) ؛ (چل و شەش)••• هەندێ جیاوازیی لەگەڵ ڕێگەی کۆکردنەوەی ژمارەکانی وەك (چوارده)دا هەیە • ژمارەی وەك (بیست و دوو) ؛ (چل و شەش) بەیاریدەی ( و )ەوه پێکەوه بەستراون • چۆن دەشێ وا بیربکرێتەوه ، که وشەی لێکدراون و له دوو ژماره پێکهاتوون و به یاریدەی ناوبەندی (و) پێکەوه بەستراون ، هەروەها دەلوێ وا لێك بدرێتەوه ، که وشەی لێکدراو نەبن و دوو وشه بن و (و)ی پێوەندی له نێواندا هەبێ • هەرچی بۆ ژمارەکانی جۆری ( چوارده )یە ، چۆن دەشێ وا بیربکرێتەوه که وشەیێکی لێکدراوه و له دوو ژماره بێ یاریده پێکهاتبێ ، هەروەها دەلوێ بوترێ که بەشی دووەمی ئەو وشه ناسادەیە شتێکه له نێوان وشه و پاشگردا •

بەڵام خاسیەتی ژمارەی وەك (بیست و دوو) ، وەك وشەی کۆکراوه له ڕووی پێکهاتنی واتاوه جیاوازیی لەگەڵ ناوی کۆکراوەدا زۆره • ئەو جیاوازی‌یەش لەوەدایه ، که وا ژمارەی وەك (بیست و دوو) لەسەر بناغەی کۆکردنەوه پێك‌دێ ، بەڵام پێکهاتنی ناوی کۆکراوه لەسەر بناغەی کۆکردنەوه بە ئەنجام ناگەیەنرێ • بەوێنه (کۆبوونەوەی خێزان) لەباری واتاوه ، ئەوه ناگەیەنێ که له (کۆبوونەوه + خێزان) سازبووبێ •

٢ ـ ڕێبازی لێکدان •

هەرچی ژمارەی وەك (دووسەد) ؛ (چوارسەد)ه له ڕێگای لێکدانەوه سازبووه ـ واته : ( ٢ × ١٠٠ ) ؛ (٤ × ١٠٠) • لێرەشدا ئەگەر لەگەڵ

لێکدانی ناودا بەراوردی بکەین ، هەندێ جیاوازی بەدی دەکەین •••

لەڕووی ژمارە دەکرێ ناوی ڕۆنانەوە بنجی یەکانی زمانی کوردی بەسەر سێ جۆردا دابەش بکرێن :

١ ــ سادە •

ژمارەی سادە ئەو ژمارەیەیە ، کەیەك بنەمای هەبێت ، وەك : یەك ، دوو ، سێ ••• دە ، بیست ، سی ، چل ، سەد ، هەزار •••

٢ ــ ناسادە •

ئەمیش دوو جۆرە :

أ ــ داڕێژراو :

داڕێژراویش ئەوەیە لە وشەیێکی سادە و پاشگرێك پێك هاتبێ • وەك :

حەفتا ، هەشتا

ب ــ لێکدراو :

لێکدراو لە دوو بنەما سازدەبێ • وەك :

یازدە ، دوازدە ••• چواردە ••• نۆزدە

دووسەد ، چوارسەد ••• نۆسەد •••

٣ ــ پێکەوەبەستراو :

لە یەك کەوتنی چەند ژمارەیەك پێك دێت ، کە بەیاریدەی (و)ی پێوەندی پێکەوە دەبەسترێن • وەك :

سەد و چوار ، سەد وبیست وحەوت •••

ژمارەی سادە بنەماو کەرەستەی ڕۆنانی ژمارەی ناسادە و ژمارەی

پێکەوە بەستراوە • ژمارەی ناسادەی (١١) تا (١٩) بە ڕێگای لێکدانی ژمارەی سادەی (١) تا (٩) لەگەڵ (١٠) هێنراوەتە ئەنجام • ژمارەی (دووسەد) تا (نۆسەد)یش لە (دوو سەدی ، دوو جار سەد)ەوە سازکراوە • هەرچی ژمارەی پێکەوە بەستراویشە لە ئەنجامی یەکگرتنی ژمارەی سادە و ناسادەدا دروست دەبێ بەپێی پلە ، وەك (هەزار و سێ سەد و چل و شەش)••

بەشی هەرە زۆری نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ژمارە نەدواون و ئەو بەشە کەمەش کە باسیان کردووە ، ژمارەی دەیانی (بیست ، سی ، چل ، پەنجا ، شەست ، حەفتا ، هەشتا ، نەوەد)یان بە سادە داناوە ••• بەلام بەلگەی مێژوویی وا ڕادەگەیەنێ «حەفتا ، هەشتا» و «پەنجا ، شەست ؟» بە یاریدەی (ــ ات)ی ئێرانی سازبوون و لە کوردی‌دا (ت) تێداچووە و (ا) ماوەتەوە ••• وشەی (نەوەد / نەوەت)یش یان بە هاریکاری پاشگری (ــ تی) ئاوێستا ، یان (ــ ات)ی ئێرانی پێکهاتووە و هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە.••• هەرچی (بیست ، سی ، چل)ە ڕوالەتیان سادەیە •

## ــ چوارەم ــ

بڕێ نووسەر ناوی ژمارەکانی نێوان (١١ ــ ١٩)یان بە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی و هەندێ شێوە ئاخاوتنی دی تۆمار کردوە :(یانزە ــ یانگزە ••• پانزە ــ پانگزە ••• حەققە •••) •

ئەسڵی ئەو وشانە کە (یازدە ••• پازدە••• حەڤدە•••)ن ، بێ گومان چ بۆ نووسین و چ بۆ زمانی ئەدەبی ، ڕاست وایە پەیڕەوی ئەسڵەکەیان بکرێ ••• سوان و تێچوونی (د) ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوەی تەواوی دەوێ ، چونکە لە زۆر شوێنی وشەدا دەفرتێ ، بۆیە ئەمڕۆ لە زۆر کوردستان‌دا ، بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی‌دا دەنگی (د)ی ژمارەکانی

(یازده... پازده... حەڤدە...) سواوە و دەوترێ ( یانزە ـ یانـگزە ... پانزە ـ پانگزە... حەڤڤە...). لەبەر ئەوەی فووتدانی ئەم (د)ە بووە بە هۆی قورسیی دەربڕینی ئەو وشانە ، بۆیە ئاخێوەر بۆ سووککردنی ئـەو ناڵەبارییە ، ناچاربووە دەنگی (ن) یان ( نگ ) بێنێتـە نـاو ( یـازە... پازە...)وە و (ڤ)ی (حەڤە)ش دووبارە بکاتەوە .

## ـ پێنجەم ـ

زوربەی توێژەران وایان نیشان داوە ، کە جگە لە ( ـ م ، ـ ەمین ) ؛ ( ـ یەم ، یەمین) و ( ـ هەم ، هەمین)یش نیشانەی سـازکردنی ژمـارەی پلەیین ...

وەك ئاشکرایە ، ئەو (ی)یە یان ئەو (ه)ە لەگەڵ ئەسلی نیشـانەکاندا نین . ( ی ـ Y )ی نیمچەبزوێن و (ه)ی نەبزوێن بۆ نەهێشتنی گرفت و ئاسانکردنی دەربڕین دێنە ناوانەوە . وێڕای ئەوە پەنجە بۆ دوو ڕاستییش ڕادەکێشین :

ا ـ ئەگەر ژمارە بنجییەکە کۆتاییی بە بزوێنی (وو) بێت ، ئەوە وەك بزوێنەکانی دی نیمچەبزوێنی ( ی ـ Y ) یاریـدە نـادا ، بەڵـکو نیمچەبزوێنی ( و ـ W ) ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ .

ب ـ نەبزوێنی (ه) لە زوودا نەبووە و تازە هاتۆتە ناوانەوە و لە لاوە هێنراوە . ئەمڕۆش کە بەکاردێنرێ ، تەنیا بۆ ئەو ژمارانە نییە کە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێ ، بەڵکو بۆ تێکڕای ژمارەکانە ـ واتە بۆ ئەو ژمارانەشە کە بە نەبزوێن کۆتاییان دێت . بەوێنە چۆن دەوترێ (سێهەم) ، بەهەمـان شێوە دەشوترێ (چوارهەم) ...

## ـ شەشـەم ـ

دەربارەی تایبەتێتییەکانی ژمارەی بنجی و ژمارەی پلەیی و ژمـارەی کەرتی ، هەندێ نووسـەر هیچیان نەوتـووە ، ئـەو نووسـەرانەش کە

باسیان کردووه ، به لای گه‌لێ ڕووی گرنگ و ئاشکرادا نه‌چوون ، له‌گه‌ل ئه‌وه‌دا که تایبه‌تێتیی هه‌ر یه‌کێك له‌و سێ جۆر ژماره‌یه : ( ١ــ بنجی ؛ ٢ــ پله‌یی ؛ ٣ــ که‌رتی )ی کوردی له زۆر ڕووه‌وه سه‌رنجی تۆژه‌ر ڕاده‌کێشێ و بواری باس‌کردنی یه‌کجار فراوانه ، که به‌داخه‌وه لێره‌دا توانای باس‌کردنی سه‌رله‌به‌ری نی‌یه و بۆیه ته‌نیا چه‌ند نموونه‌یه‌ك ده‌خه‌ینه به‌رچاو :

تایبه‌تێتیی وشه‌سازیی ژماره‌ی بنجی پێوه‌نده به واتا لێکسیکی‌یه‌که‌وه‌ی . ژماره‌ی بنجی خاوه‌نی حاڵه‌تی تاك و کۆ و ناسیاوی ... نی‌یه ، چونکه له مانای‌دا ئه‌و دیارده‌یه هه‌یه . ژماره‌ی بنجی هه‌روه‌ها دۆخیشی نی‌یه ، چونکه واتای شت ناگه‌یه‌نێ . نه‌بوونی حاڵه‌تی تاك و کۆ و ناسیاوی و دۆخ به‌شه ئاخاوتنی ژماره له به‌شه ئاخاوتنی ناو جیاده‌که‌نه‌وه . به‌پێی پێوه‌ندیی وشه‌ڕۆنان له نێو ژماره‌ی بنجی‌دا ، وشه‌کانی : یه‌ك ، دوو ، سه‌د ، هه‌زار... پتر دیار و چالاکن .

ژماره‌ی بنجی ئه‌گه‌ر به‌بێ ناو به‌کاربهێنرێ ، ئه‌وه ته‌نیا ناوی ژماره‌یێك ڕاده‌گه‌یه‌نێ ، به‌لام که له‌گه‌ل ناوێك‌دا دێت ، ئه‌وه ده‌توانێ ببێته دیارخه‌ری چه‌ندێتیی ناوه‌که و ناوه‌که‌ش ده‌بێته دیارخه‌ری شتی ژماره‌که : ( یه‌ك دار ؛ هه‌زار منداڵ) . ژماره له‌م باره‌دا نه ده‌بێ به ئاوه‌ڵناو و نه ده‌شتوانێ ببێ به دیارخه‌ری ئاوه‌ڵناو . ئاوه‌ڵناویش نابێ به دیارخه‌ری شتی ژماره‌که .

وشه‌ی «یه‌ك» ، جگه له واتای چه‌ندێتیی ژماره : ( یه‌ك ساڵ ؛ یه‌ك ژن... ) ، ده‌توانێ واتای دیش بگه‌یه‌نێ . بۆ نموونه : ١ــ به‌واتای ناو ، وه‌ك «یه‌ك له ئێمه ده‌رناچێ» ؛ ٢ــ به واتای جێناو ــ ئاوه‌ڵناو ، وه‌ك : «ئێمه پێکه‌وه یه‌ك قوتابخانه‌مان ته‌واوکردووه» ؛ ٣ــ به واتای جێناوی نادیار ، وه‌ك : «من و ئازاد له یه‌ك ڕێگاوه هاتووین»...

وشه‌ی « هه‌ردوو ، هه‌رسێ...» له ژماره‌ی بنجی « دوو ، سێ...»وه نزیکن و هه‌ر هه‌مان ئه‌ندازه ڕاده‌گه‌یه‌نن ، به‌لام واتای بنه‌ڕه‌تیی «هه‌ردوو ،

هەرسێ•••» ڕاگەیاندنی چەندێتیی نییە ، بەڵکو تەنیا پەنجە بۆ نیشاندانی چەندێتی ڕادەکێشێ • وشـەی « هەردوو ، هەرسێ•••» نـاکەونە نێـو بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە ، بەڵکو سەر بە جێناون • ئەم جێناوانەش کە لـە ژمارەی بنجی و جێناوی «هەر» پێکهاتوون ، واتای کۆکردنەوە دەگەیەنن، وەك : (هەردوو ژنەکە ڕۆیشتن•••) •

لە زمانی کوردیدا ژمارەی بنجی کاتێ چەندێتیی ناوێك ( سادە بێ یان ناسادە ) ڕادەگەیەنێ ، لە پێش ناوەکەوە دێت • هەرچی ناوەکەشە لە شێوەی تاکدا بەدەردەکەوێ •

ئەگەر ناوەکە بە ناو تەواو کرابێ ، ژمارەی هەر کامێکیان مەبەست بێ ، ئەوە ژمارەی بنجی دەخرێتە پێش ئەو ناوەوە • وەك : ( چوار دەرگای ماڵ ــ دەرگای چوار ماڵ ) •

ژمارەی (یەك) زۆر جار لەگەڵ ناودا لە شێوەی نیشانەی ( ــ ێك / ــ ەك)دا دێت • وەك : ( بزنێك / بزنەك ؛ شوانێك / شوانەك •••) •

••• و گەلێکی دی •

بەپێی دەستووری زمانی کوردی ئەگەرچی ژمارەی پلەیی بەدوا ناودا دێت و وەك ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشـێ پێش ناوەکە بخرێ • بەوێنە :

ساڵی چوارەم ــ چوارەم ساڵ

ژمارەی پلەیی ئەگەر بە دوا ناودا هات بە یاریدەی ( ــ ی ) ئیزافـە پێکەوە دەبەسترێن ، بەڵام کە بکەوێتە پێش ناوەکەوە ، هیچ نیشانەیەك پەیدا نابێ ــ واتە بێ یاریدەی نیشانەی ئیزافە بەدوا یەکتردا دێن •

لە زمانی کوردیدا ئەگەر ژمارەکە پێکەوەبەستراو بوو ، ئەوە نیشانەی

( ـ ەم) و ( ـ ەمین) دەچنە سەر دوا ژمارە ـ واتە تەنیا دوا ژمارە نیشانەی پلە وەردەگرێ . بۆ نموونە :

سەد و چل و یەك

سەد و چل و یەکەم / سەد و چل و یەکەمین

...و گەلێکی دی .

ـ حەوتـەم ـ

هیچ یەکێك لە نووسەران (جگە لە د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ) لە ڕووی بەراوردیی مێژوویی‌یەوە لە ژمارەکـانی زمانی کوردی نەدواون ـ واتـە لەگەڵ زمانی ئاوێستا و زمانی هینـدیی کۆن و زمـانی فارسـیی کـۆن و ناوەڕاست و نوێ و زمانی پشتۆ و زمـانی بلـووجی...دا بەراوردیـان نەکردوون ـ کە بەڕاستی ئەم ڕێـگەیە گەلێ شتی نائاشـکرامان بۆ ڕوون دەکاتەوە . هەرچی بەراوردەکەی د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤیشە لە مەیـدانی دە ژمارەی سەرەتادایە .

لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی لەم پێکهاتنەدا هەندێ گۆڕان لە نـاوی

بۆ نیشاندانی بنج و بناوانی ژمارەکانی زمانی کوردی چەند خشتەیەك دەخەینە پێش چاو :

| کوردی | ئاوێستا | هیندیی کۆن | فارسیی ناوەڕاست | فارسیی نوێ | هیندە نوێ | بلووجی | فەرەنسی | ڕووسی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| یەک | ئەیڤە | | دۆ | یك | ایك | یەک | ئان | ئەدین |
| دوو | دڤە | دڤا | سێ | دو | دۆ | دۆ ، دو | دوێ | دڤا |
| سێ | ترى ، ترەى | ترى ، تیسر | چەهار | سە | تین | سەی | تروا | ترى |
| چوار | چەتور ، چەتڤار | چەتڤار | پەنج | چهار | چار | چار | کاتر | چیتری |
| پێنج | پەنچە | پەنچە | شەش | پنج | پانچ | پەنج ، پەنچ | سانك | پیات |
| شەش | خشڤەش | شاش | هەفت | شش | چێ | شەش | سیز | شیت |
| حەوت | هەپتە | سەپتە | هەشت ، ئەشت | هفت | سات | هەپت | سیت | سێیم |
| هەشت | ئەشتا | ئەشتە | | هشت | ئەٹ | هەشت هەژد | ویت | ڤۆسیم |
| نۆ | نەڤە | نەڤە | نەه ، نوە | نە | نۆ | نوە | نوف | |
| دە | دەسە | داسە | دەه | دەه | دس | دەه | دیز | دێست |

* بۆ ڕێکخستنی ئەم خشتەیە و خشتەکانی دی ئەم وتارە ، کەڵکم لە بەرهەمەکانی س. ن. سۆکۆلۆف ، ڕ.ل. تابۆلۆف ، ق. کوردۆ وەرگرتووە .

له زمانی ئاوێستادا ناوی ژمارەکان لە (١١)ەوە تاکو (١٩) بە لێکدانێکی ئاسایی سازدەبێ [٣٩]، ئەمەش بەڵگەیەتی :

پەنچەدەسە (پازدە)

خشفەش‌دەسە (شازدە)

واتە ناوی ژمارەی یەکان + دەسە

لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی لەم پێکهاتەدا هەندێ گۆڕان لە ناوی بەشێ لە ژمارەکاندا ڕووی داوە، بەڵام هەمان بنەما و دەستوور بەکاردێنرێ بەوێنە :

چوار + دە = چواردە

نۆ + ز + دە = نۆزدە

لە زمانە ئێرانییەکانی‌دیش‌دا، هەروەك زمانی ئاوێستاو زمانی کوردی، ناوی ژمارەکانی نێوان (١١)ە و (١٩) دیسان لە بەکگرتنی ناوی ژمارەی یەکان و ناوی ژمارەی (١٠) سازدەبێ، لەگەڵ هەندێ گۆڕانی فۆنەتیکی‌دا.

بۆ نموونە :

لە فارسیی ناوەڕاست‌دا :

چەهاردە، نەڤەزدەھ ...

لە بلووجی‌دا :

چاردەھ، نۆزدەھ / نۆزد ...

| کوردی | ئاوێستا | فارسیی ناوەڕاست | بلووجی |
|---|---|---|---|
| بیست | ڤیسەتی | ڤیست | گیست |
| شەست | خشڤەشتی | شەست | شەشتاد |
| حەفتا | هەپتاتی | هفتاد | هەفتاد |
| هەشتا | ئەشتاتی | هشتاد | هەشتاد |
| نەوەد | نەڤەتی | نود | |
| سەد | سەتەم | سەتا | سەد |

لە زمانی ئاوێستادا ناوی ژمارەی سەوان یان بە شێوەی پێکەوەبەستنی سادە ــ (دوڤەی سەتەی) ، یان بە شێوەی لێکدانی سادە ــ (خشڤەش سەتە) پێکدێ [٣٠] • شێوەی پێکهاتنی ژمارەی سەدانی کوردی چەشنی لێکدانی سادەی ئاوێستایە ••• هەرچی ئەو (وت)ەی لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا ژمارەکان پێکەوە دەبەستێ ، لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانی‌یە نوێکاندا لە شێوەی (و)دایە •••

## خصائص اسماء العدد في اللغة الكردية

د. عبدالرحمن الحاج معروف

قسم اللغة الكردية بكلية التربية بجامعة بغداد

بغية عرض واستيعاب الخصائص الاساسية المتعلقة باسماء العدد من قسم الكلام في اللغة الكردية من حيث علم الصرف وعلم اللغة ، حاولنا في البداية ، مقارنة وتقييم الاعمال المنجزة منذ البداية وحتى اليوم حول هذا

الموضوع الخلافي ، لنتوصل بالتالي من هذا التحليل والمتابعة الى الولوج بسهولة الى اعماق اللغة الكردية ويتمهد لنا الطريق لأخذ ماكتب بصورة صحيحة وعلمية حول خصوصيات اسماء العدد في اللغة الكردية ورفض ماهو خاطيء ومعوج عنه ، ونلتفت الى مالم يتطرق اليه احد ولم يكتب عن شيء وتتحدث عنه قدر الامكان ونضيفه الى بيدر الحاصل المخزون لدينا .

وهكذا فقد قيم كاتب المقال في البداية مادبجته اقلام كل من سعيد صدقي كابان ، توفيق وهبي ، نوري علي امين ، جگر خوين ، محمد أمين هوراماني ، احمد حسن احمد ، صالح حسين حسن البشدري ، د. قناتي كوردو ، د. چركزى بكو ، د. أيوبي ، د. سمير نوڤا ، د. مكسيمى خمو ، د. تسابولوف ، د. زارى يوسف ، د. جويس بلو ، د. مكنزى . ثم تحدث باسهاب عن خصائص اسماء العدد في اللغة الكردية من سبعة اوجه :

اولا : كيف تظهر اسماء العدد كقسم مستقل من اقسام الكلام في اللغة الكردية .

ثانيا : اصناف اسماء العدد في اللغة الكردية من حيث المعنى .

ثالثا : اسماء العدد في اللغة الكردية من حيث المبني .

رابعا : اشكال بعض اسماء العدد في لهجة السليسانية .

خامسا : ظهور ( ى ـ Y ) و ( و ـ W ) و ( ه ) بين اسم العدد الأصلي وعلامة ( ـ ەم ) ، ـ ەمين) الترتيبية .

سادسا : استعمال اسماء العدد من حيث الصرف .

سابعا : اصل اسماء العدد في اللغة الكردية ومقارنتها مع اسماء العدد في اللغات الآفستية واللغات القديمة والحديثة الأخرى التي هي من العائلة اللغوية نفسها .

## پەراوێزەکان :

(١) سەعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ ، ل ١٢ ــ ١٣ .
(٢) وداتر ئەو کێشەیە ڕوون‌دەکەینەوە .
(٣) تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ ، ل ٧٤ ــ ٧٧ .
(٤) نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٣٢ ــ ١٢٧ .
(٥) بۆ لێکۆلینەوەی تەواوی ئەو کێشەیە ، بڕوانە : د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ژمارە وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٢٣ ، بەغدا ، ١٩٨٩ ،
(٦) بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل
(٧) جگرخوێن ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٣٢ ــ ٣٥ .
(٨) محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٦٧ ــ ١٦٩ .
(٩) ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١١٠ ــ ١٣٠ .
(١٠) لە باسی کتێبی « ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا نووری عەلی ئەمیندا وەلامی ئەو بۆچوونانەمان داوەتەوە .
(١١) بۆ شی‌کردنەوە و لێکدانەوەی ئەو باسە ، بڕوانە : وتاری ناوبراو ، ژمارە وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و ... ، ل
(١٢) عەبدوللا شالی ، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول ، د. ئەمین عەلی ، نووری عەلی ئەمین ، فەرەیدوون عەلی ئەمین ، عەلائەددین سەجادی ، کەمال مەحموود فەرەج ، ئەبووزەید مستەفا سەندی ، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی . بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٩ ــ ٢١ .
(١٣) بڕوانە ئەو باسەی لەم وتارەدا دەربارەی کتێبی « ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا نووری عەلی ئەمین کراوە .
(١٤) صالح حسێن حەسەن پشدەری ، کورتەیێك لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣٨ ــ ٤٠ .
(١٥) ئەوەی پێوەندیی بە کێشەی ژمارەی پلەیی‌یەوە هەبێ ، ئەوەیە کاتێ لە نیشانەکانی ژمارەی پنجی دواوە ، وای داناوە کە ( ــ ەم ) بۆ پلەی بەراورد و ( ــ ەمین ) بۆ پلەی بالا بەکاردێ ( ل ٣٩ ) . ئەگەرچی ( ــ ین)ی ( ــ ەمین ) لە ( ــ ین)ی ( ــ ترین)ی پلەی بالا دەچێ ، بەلام لە ( ــ ەمین )دا مەسەلە پلەی بالا نی‌یە ...

(١٦) د. قەناتی کوردۆ ( کوردۆیێف ) ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٣٩ ـ ١٥٦ .
(١٧) د. قەناتی کوردۆ ( کوردۆیێف ) ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستە دیالێکتی رمانجیی ژووروو و خواروو ) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨، ل ٨٦ ـ ٩٩ .
(١٨) بەوێنە :
أ ـ چ. خ. باکایێف ، بەیە دیالێکتی کوردی تورکمەنستان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل
ب ـ ج. خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی ئازربایجان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ،
(١٩) چ. خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١٢٦ ـ ١٣٧ .
(٢٠) ك. ر. ئەیووبی و ی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری، لێنینگراد، ١٩٦٨ ، ل ٥٣ ـ ٥٥ .
(٢١) د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، کتێبی « وڵاتان و میللەتانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست » ، ب ٧ ، یاریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٣٣٤ ـ ٣٣٥ .
(٢٢) ر. ل. تسابولۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٣٣ ـ ٣٦ .
(٢٣) زارێ یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ ، ل ٦٥ ـ ٦٨ .
(24) Joyce Blau, Manuel De Kurde, Paris, 1980, PP. 79 — 85.
(25) Ernest N. Maccarus, A Kurdish Grammar, New - York - 1958.
(26) D. N. Machezie, Kurdish Dialects Studies, London, 1961, PP. 71 — 72, 169 — 170. TU
(٢٧) ی. ئا. سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ ، ل ١٦٧ .
(٢٨) بەوێنە :
أ ـ ف. ف. ڤینۆگرادۆڤ ، زمانی رووسیی ئەمڕۆ (وشەسازی) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ ، ل ٢٢٧ ـ ٢٢٨ .
ب ـ ن. س. ڤالگینا ، د. ن. رۆزێنتال ، م. ی. فۆمینا ، ڤ. ف. تساپکێڤیچ ، زمانی رووسیی ئەمڕۆ ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧١، ل ٢٢٥ ـ ٢٢٦ .
... و گەلێکی دی .
(٢٩) س. ن. سۆکۆلۆڤا ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل ٧٠ .
(٣٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٧١ .

# «سیا» لە زمانی کوردیدا

عبدالمحسن بنیویس

دەگێڕنەوە، گوایا خونکارێ، چوار ژنی هەبووە، یەکێ لە ژنەکانی سیەتاوە (ڕەش تاڵە) ئەبێ. داوا لە ژنەکانی دەکا کە هەر یەکە باسی جوانی خۆی بکا، هەر یەکە بە شێوەیەك تاریفی جوانی خۆی دەکا. ژنە سیەتاوەکە زۆر ژیرو زیرەك دەبێ، بۆ تاریف کردنی خۆی دەڵێ «ڕەنگم سیەیەو ئەڵماسیش سیەیە» لێرەدا مەبەستم نە ڕەنگی سیاو نەش ناشیرینی سیایە بەڵکو مەبەستم هەر وشەکەیە، وشەی (سیا).

ئەم وشەیە لە زمانی کوردی و شیعری کوردیدا بە چوار شێوە دەبیسرێ (سیا، سیاه، سیە، سیەه) بەداخەوە هێندێ کەس وای بۆ دەچێ گوایە ئەم وشەیە کوردی نییەو وشەیەکی بێگانەیەو لە فارسییەوە هاتوەتە نێو زمانی کوردییەوە، بەم پێیە داوا دەکەن کە ئەم وشەیە لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی زمان بەدەر بکرێ و بەکار نەهێنرێ.

ئەم خواستە ساکارە لە جێگای خۆیدا نییە چونکە، یەکەم: نەك هەر لە زمانی کوردیدا بەڵکو، لە هەموو زمانێکدا کەس ناتوانێ داوای ئەوە بکا کە وشەیەك لە مێژەوە لەو زمانە بەکار هێنراوە لە خوتو خۆڕایی زمان بەدەر بکرێ. یەکەو دوویش: وشەی سیا بسانەوێ و نەمانەوێ وشەیەکی کوردییەو ڕەگو ڕیشەی لە زەمینەی زمانەکەماندا زۆر قووڵەو ڕووالەتی تایبەتیی خۆی لە کوردیدا هەیە.

ڕاستە ئەم وشەیە لە چەند زمانێکی دراوسێی وەکو ، زمانی فارسی ، بەشدارە بەڵام بەشدار بوونی وشەیەك یا زاراوەیەك لە دوو زماندا یان زیاتر ، ئەوە ناگەیێنێ کە یەکێکیان خاوەن وشەکەیەو ئەوی تریان بیگانەیە ، خۆ ئەگەر وابێ کوردیو بلووجیو فارسیو دەری ... هتد ، نزیکەی لە سەدا نەوەدی وشەکانیاندا هاوبەشن ، ئەمجا کامەیان خاوەنی وشەو زاراوە موشتەرەکەکانە ؟

سەرەرای ئەوە ، بەشدار بوونی چەند زمانێك لە هێندێ وشەو زاراوەدا ئەوەمان بۆ دەچەسپێنێ کە چۆن ئادەمیزاد کار لە یەکتر دەکەن ، زمانیش تا رادەیەك بە هۆی دراوسێتییەوە کار لە یەکتر دەکەن . ئەمجارەیش دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە ئەو زمانانە ( کوردی ، بلووجی ، فارسی ، دەری ... هتد) لە یەك بنەماڵەی زمانن، بۆیە لە زوربەی هەرە زۆری وشەو زاراوەکاندا بەشــدارن .

لە زماندا ، هەر زمانێ ، نابێ بۆ مەبەستێ پشت بە تاکە وشەیەك یان زاراوەیەك ببەسترێو ئەگەر وشەیەکی دیکە بۆ هەمان مەبەست هەبێ زمان بەدەر بکرێ ، چونکە کارێکیوا ئەوە ناگەیێنێ ، کە زمانەکە تەواوەو بۆ هەر مەبەستێ وشەیێکی تایبەتکاری خۆی هەیە ، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمە نیشانەی لاوازیو هەژاری زمانەکەیە. دەوڵەمەندیی زمان بە زۆر بوونی وشەو زاراوەی جۆراو جۆر دەپێورێ ، بۆ نموونە هەر لە زمانەکەی خۆماندا « گێل ، گەوج ، گەلحۆ ، ورِوگێژ ، یام » بۆ هەمان مەبەست بەکار دەهێنرێت ، ئەمەیش کارێکی ڕاستەو نیشانەی دەوڵەمەنیی زمانەکەیە. بەکار هێنانی وشەی ( سیا ) شان بەشان لەگەڵ وشەی (ڕەش) لە زمانی کوردیدا کارێکی ڕاستەو نیشانەی دەوڵەمەندییەو بە هیچ شێوەیەك نابێ وشەی ڕەش ببێ بە هۆی لە بیر کردنی سیا .

سیا وشەیەکی زۆر کۆنە ، قامووسی معین دەڵێ ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا

وشەیەکی پالەوی‌یەو لە زمانی کوردیش‌دا زۆر کۆنە ، مامۆستا مسعود محمد لە «لسان الکرد»دا دووپاتی ئەم قسەیە دەکاو بەڵگەیشی ئەوەیە کە سیا وشەیەکی ئاڤێستایی‌یە . ئیدی لەم بابەتەوە دەڵێ : «ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەر چاو دەکەوێ‌و لە وشەی ڕەش ڕەسەنترە . بەداخەوە داپیری خۆمان لە ماڵی بێگانە ناناسینەوە ، ئەم قسەیە دەڵێم چونکە ئەوانەی ڕەش بەکار دێنن نازانن ڕەگ‌و ڕیشەی سیا لە زمانی کوردی دا ، لە ڕەگ‌و ڕیشەی هەمان وشە لە نێو زمانانی دراوسێ جێ گیرو بەهێزترە چونکە لە کوردی‌دا ڕەگ‌و ڕیشەی دەگاتە ئاڤێستا . ئەم پێوەندی‌یە چاکترین بەڵگەیە بۆ کوردێتیی وشەکە» . پاشان مامۆستا مسعود محمد لە هەمان سەرچاوە دێتە سەر ئەوەی کە چەند وشەیەکی کوردی لە قەدی ( سیا )ەوە وەرگیراوە و واتەی جۆراو جۆری تازەی بەدەستەوە دەداو بە هیچ جۆرێ ناتوانین دەست لەو وشانە بێنن چونکە زاراوەیەکی دیکەمان بۆ ئەو مەبەستانە دەست ناکەوێ . مامۆستا لەم بابەتەوە دەڵێ «کوردەکان کەوا سیا بەکار دێنن ، وشەی (سیایی) یان لێوە داتاشیوە ، کە واتەی «لیستەی کڕین‌و فرۆشتنی کالآ» دەگەیێنێ . فارسەکان بۆ ئەم واتایە (سیاهە) بەکاردێنن ، ئیدی لە صەرف کردنی وشەکە جیاوازیی لەگەڵ کوردی‌یەکەدا هەیە»زوربەی هەرە زۆری زاراوەکانی کوردی «گۆران ، کەلهوڕی ، لەکی ، لوڕی ، زازایی» هەر سیا بەکار دێنن، هێندێکیان نەك هەر ڕەشیان نەبیستووە بەڵکو نازانن واتای چی‌یە ! شاعیرە کلاسی‌یەکانمان کە شیعریان بە زاری کرمانجی خواروو یان کرمانجی ژووروو هۆنیوەتەوە بە شێوەیەکی فراوان وشەی سیایان بەکار هێناوەو بە شێوەیەکی کەم وشەی ڕەش لە شیعرەکانیان بەر چاو دەکەوی . بەڕای مامۆستا مەلا شوکور مستەفا سیا پێوەندیی بە (سایە ، سا ، سایکی ، سێبەر ، سێوەر)ەوە هەیە .

سیا لە کوردی دا زۆر کۆنە بەڵگەشمان بۆ دووپات کردنەوەی ئەم

قسەیە ، جگە لە ئاڤێستا کە باسمان کرد ، شیعری شاعیرە دێرینەکانمانە • باباتاهیری هەمەدانی پێش هەزار ساڵ زیاوە هەر وشەی سیای بەکار هێناوە• لە چوارینەیەك لە چوارینەکانی‌دا دەڵێ :

« بێ تەبالین سیەمارە بە چەشمم
بێ‌تە ڕووزان شەوتارە بە چەشمم
بێ‌تە هەرگە شوم سوویی گولستان
گولستان سەر بەسەر خارە بە چەشمم »

(باباتاهیر ل٤٢)

دەقی کوردی وامان دەست دەکەوێ بۆ پێش هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە بەلکو لە هەزار ساڵیش زیاترو وشەی سیای تێدایە • ڕەشید یاسەمی لە « کردو پیوستگی نژادو تاریخی او ...» دەقێکی گومان لێ کراوی هێناوە، گوایە بۆ سەردەمی پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە ، دەقەکە پارچە شیعرێکە وشەی سیای تێدایە :

«وەورێ مەوارۆ وەرۆ وەرینە
ورىسەو ڕیـۆ ، چوار سەرینە
کەرگی سیاوەو هێلێش چەرمینە
گۆشلی مەمرۆ دوی بەرینە »

مەلای جزیریش زیاتر لە پێنج صەد ساڵ زیاوەو بە شێوەیەکی فراوان وشەی سیای لە شیعرەکانی‌دا بەکار هێناوە • مەلای جزیری دەڵێ :

« چین چین کرن زولفێن سیا کەسك ئەتلەسا دیبا
ئیدی نیسان بابن خویا ، تێکەل کرن بادێ سەبا »

« سیا » لە شیعری کوردی‌دا :

شاعیرەکانمان بە شێوەیەکی جوانو دلگیر سیایان لە هۆنراوەکانیان‌دا

بەکار هێناوە ، بە تایبەتی بە مەبەستی عیشق و دلداری، بۆ تاریف‌کردنی کچی شۆخ و جوان و یارە خۆشەویستەکانیان . وەستایانە وشەی سیایان لە هۆنراوەکانیاندا بەکار هێناوە ، وەکو پرچی سیاو چاوی سیاو ئەبرۆی سیاو موژگانی سیاو گیسووی سیا ... هتد . دەربارەی زولفی سیای یار خانای قوبادی دەڵێ :

« پێنج حەلقەی زولف سیای بۆ عەنبەر
پەخش کەرد بە ئاو داچوون دوود مەجمەر »

« شیرین و خوسرەو ل ١٠٤ »

دیسان دەربارەی زولفی سیا ( وەفایی )یش دەڵێ :
« لە ژێر زولفی سیا ڕووی خستە دەر چاوی لە دونیا کرد
شەوی دی صوبحدەم ، گۆیا ، دەری مەیخانەیان وا کرد »
« دیوانی وەفایی ل ٣٤ »

دەربارەی گیسووی سیا ( مەولەوی ) دەڵێ :
[ پیشانی ماهی ، ئاهوو نیگاهی ، گیسوو سیاهێ ، دڵ مەنزلگاهی ]
« دیوانی مەولەوی ل ٤٨٣ »

دەربارەی مووی سیا ( حارث ) دەڵێ :
خووبانی سیەه موو و پەری ڕوو حەرەمت بوو
هەر چەندە کە عومری خضرو جامی جەمت بوو

ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد ل ٩٨ »

دەربارەی وشەی سیاه ( ئاهی ) دەڵێ :
تۆ بەیاضی لاملت سیاهی بێتە سەر
ئیحتیاجێکت نیە ئیتر بە شیعری بێ ئەسەر

«هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٩»

دەربارەی پرچی سیا نالی دەڵێ:

«پێچەیی پەرچەمی‌و پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کۆڵمی تیا»

«دیوانی نالی ل ٥١»

جگە لە زوڵف‌و گیسوو موو و شەعرو پرچ، وەکو لە سەرەوە باسمان کرد بۆ موژگان‌و ئەبرۆیش بەکاریان هێناوە. لەم بابەتەوە، بابەتی، موژگانی سیا وەفایی دەڵێ:

«چاوەکەت وا تەشنەیی خوێنە بە موژگانی سیا
بۆ هیلاکی من دەڵێی مەستێکە دەستەو خەنجەر»

«دیوانی وەفایی ل ١٢٤»

خانای قوبادییش هەر لەم بابەتەوە دەڵێ:

«بە غەمزەی چاوەکەی مەستت هەموو جێی نەشتەرە جەرگم
بە موژگانی سیات قەلبم سەراسەر جێگە پەیکانە»

«دیوانی وەفایی ل ١٤٤»

دەربارەی ئەبرۆی سیا، دیسان (وەفایی) لەم بابەتەوە دەڵێ:

«چاوت بە کەمان میهرەیی ئەبرۆیی سیەهـ فام
تیرێکی وەها سەختی لە موهرەی جگەری دام»

«وەفایی ل ٦٦»

هەر وەها (مەولەویش) لەم بابەتەوە دەڵێ:

«دوو ئەبرۆی سیای مووژان چڕیدە
نەڕای بەندەگیش قەترانی دیدە»

«مەولەوی ل ٣٦٨»

هەر وەها بەشێوەیەکی جوان بۆ تاریف و تەشبیھ کردنی چاوی سیا بەکار هێنراوە . وەفایی لەم بابەتەوە دەڵێ : ـ

« بە چاوی سیاهت کە دەڵێ ئاهوی چینی !
قەد وا دەبێ تۆ خۆش دڵ و ئەمنیش حەزینی ؟ »

« وفایی ل ۲۹ »

دەربارەی « چەم سیا » مەولەوی دەڵێ :

« چەرخ و چەم سیا ، چوست چالاك پەڕ
شەیدای شکارجۆ ، چنگ وە هووناو تەڕ »

( ڕۆشنبیری : وەلی : ل ۱۱٥ )

دەربارەی دیدەی سیا ، وەلی دێوانە دەڵێ :

« بەو دیدەی سیا سورمە نیا سێوەنگ
مۆژانت دهوون کێ نەکەردەن ڕەنگ »

« وەلی دێوانە ل ۷۸ »

هەروەها سیا بۆ تاریف کردنی خاڵی یاری شۆخ و نازدار بەکار هێنراوە وەفایی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« زولف و نووری ، ڕووی بلووری ، بخووری شەمعی کافووری
خاڵی سیای ، چاوی شەهلای ، نافەی خەطای ، ئاهووی خوتەن »

« وەفایی ل ۹٥ »

جاری وا هەیە تەشبیهی پرچی دلداری خۆشەویستیان بە (مار ـ حەی) کردوە . مەحوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« خەیاڵی زولفی دەرناچێ لە دڵ تا دەرنەچێ ڕۆحم
سپێراوە خەزینەی بەختی ئێمە بەو سیا مارە »

« دیوانی مەحوی ل ٤٦۲ »

جگە لە تاریف کردنی باری شۆخ و نازدار و دیدەی مەست و عیشق و دلداری ، دیسان بۆ مەبەستی چارە سیایی‌و نائومێدی و جودایی و خەم و دووری و زولم‌و زۆرداری و ئەشکەنجـە بە شێوەیەکی زۆر جـوان بەکار هێنراوە . دەرباری هەناسەی سیا مەولەوی دەڵێ :

« هەناسەی سیای سەرد دلسۆزی
بەرمدا وە بەرد ( برد العجوز )ی »

( مەولەوی ل ٢٨٣ )

دەربارەی دڵ سیا ؛ کەرەم ڕەزا زەینەلخانی دەڵێ :

« گۆش بیەن وە دەنگ سیا دڵە
باسم لە بارەی سەم قاتڵە »

( دیوانی کەرەم ڕەزا ل ٥٩ )

وەلی دێوانەیش هەر لەم بابەتەوە دەڵێ :

« مایەی لاو بردە بێ هاومالە خـۆم
دڵ سیاو قەقنەس کۆی زوخالە خۆم »

دوودی سیایش بۆ خەم‌و خەفەت خواردن بەکار هێنراوە خانای قوبادی لـەم بابەتەوە دەڵێ :

« ئاهش وێنەی دوودی سیای بۆ نەفتین
دەم دەم مکێشا بەرمشی چین چین »

« شیرین و خوسرەو ل ٥٧١ »

دەربارەی ڕووسیاهی ، ئەحمەدی خانی دەڵێ :

« ڤان صادق و ڕاست و خێر خواهان
ڤان قومسی و خوار و ڕووسیاهان »

« مەم و زین ل ٨٨ »

شاعیرەکانمان وشەی « سیا ڕەخت واتە جل و بەرگی ڕەش » یان بەکار هێناوە ، ئیدی خانای قوبادی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« شووم بەد ئەختەر ، چارە چەفت من !
تەن ئامیرین بار ، سیا ڕەخت من ! »

« شیرین و خوسرەو ل ٧٠٨ »

دەربارەی سیاپۆش ، مەحوی دەڵێ :

« سیا پۆشن لە داخی خەطط و خاڵ و لێو و ڕوو و زوڵف
وەنەوشەو میسکی چینو ئاوی خضرو لالەوو عەنبەر »

( مەحوی ل ١٣١ )

لە شیعری کوردیدا سیابەرگیش بەر چاو دەکەوێ . ڕەنجووری لەم بابەتەوە دەڵێ :

« منیش جەی فێشتەر ڕێزەی جەرگم بــۆ
چون ئازیەتداران سیا بەرگم بۆ »

( ڕەنجووری ل ١٧٦ )

« سیابەختو سیاچارەو سیاڕووز و سیاستارە » ئەم وشـانە هــەر هەموویان هەمان مەعنا بە دەستەوە دەدەن . بۆ نائومێدی و ڕەنجەڕۆیی ... هتد بە کار دەهێنرێن . دەربارەی سیا بەخت و سیا ڕووز بابا تاهیری عوریان لە یەکێ لە چوارینەکانی دەڵێ :ـ

« سیە بەختم کە بەختم واژگوون بێ
سیە ڕووزم کە ڕووزم تیرەگوون بێ
شودەم میحنەت کەش کووی مەحەبەت
زدەست دلکە یارەب غەرق خوون بێ »

( باباتاهیر ل ٧٩ )

دەربارەی سیارۆز مەحویش دەڵێ :

« ئەم سیا ڕۆژیی منە پۆشیویە عەیبی کەسان
ئاشکارە سەتری ئەحواڵی گونەهکاران شەو »

( مەحوی ل ٢٥٧ )

لە بابەتی سیاچارەیشەوە هێمنی موکریانی دەڵێ :

« هەزار هێندە پەریشانو سیا چارە بژیم هێشتا
لە نێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵو پەرچەمێکی تر »

( ناڵەی جودایی ل ٥٤ )

لەبابەتی سیاستارەیشەوە ، وەلی دێوانە دەڵێ :

« سزای ستەم کێش سیاه ستارەم
فەرهادی کۆهکەن ، مەزڵ مەغارەم
ڕای شەش دەری بەخت سیاه دەربەستم
پەشیمان جەگشت ، پەشێو حاڵ جەستم »

(وەلی دێوانە ل ٦٥ )

خاك سیاو سیاسەنگ بۆ واتەی گۆڕ ــ قەبر بەکار هێنراوە ، دەربارەی خاك سیا ، خانای قوبادی دەڵێ :

« بەشتان بی شیرین وە بەژن ئەو دا
بە خاك سیای گلکوی خوسرەو دا »

( شیرینو خوسرەو ل ٧٨٠ )

لە بابەتی سیاسەنگیشەوە دیسان هەر خانای قوبادی هەر خۆی دەڵێ :

« سەر بنیەون نەسای سیای سەنگەوە
تەك دەم بە تەکیەی تارو تەنگەوە »

( شیرینو خوسرەو ل ٧٧٧ )

شامی تار واته شەوی تاریك ، شەوەزەنگ • وەفایی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« غەمزەو نیگەھو ڕوو لە خەمی زولفی دو تا دا
وەك ئەشئە لە مەی ، زوھرە لە تێو شامی سیادا »

( وەفایی ل ٢٩ )

سیا ساڵ بە ساڵی قات و قڕی و بێ بارانی دەوترێ ، مەحوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« لە چاوانم نەما بۆ گریە ، تۆبەی سەجدە بەردەیە
سیا ساڵم نەبارە ، نوێژی ئیستسقا نەکەم ، چبکەم »

( مەحوی ل ٢٣١ )

حاجی قادری کۆیی ، تەشبیهی خاڵی گۆنای یار بە سیاچار دەکا • دەڵێ :

« چەمەن لە لالە میسالی خەتی ڕوخی دلبەر
سیاه چادری لێ بۆتە خاڵی سەر گۆنا ! »

زەنگی سیای شەو واتە شەوی تاریك و ( مێژووی ئەدەبی •• ل ٦٩٣ )
ئەنگوست لە چاو • خانای قوبادی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« چون جە سیلسیلەی زەنگیی سیای شەو
ڕۆ وێنەی ڕەھزەن گورێزا بە دەو »

( شیرین و خوسرەو ل ٤٦١ )

سیاقەڵاخی و سیوەنك و سیای قەترانی و سیازاغ و سیاتار واتای ڕەنگی ڕەشی خەست دەگەیێنن • دەربارەی سیاقە ڵاخی خانای قوبادی دەڵێ :

« عوریان کەردش تەن زەخمین داخی
بەرگ ئازیەت سیاقەڵاخی »

( شیرین و خوسرەو ل ٧٤٩ )

لە بابەتی ڕەنگی سیوەنك ، ڕەنجووری دەڵێ :

« ڕۆی ، ڕژاوی ، ژارا ڕەنگ ڕەنگی
سڵقی ساقی ، سلخی سێوەنگی »

( ڕەنجووری ل ١٨٨ )

دەربارەی سیای ئەترانی ، دیسان ڕەنجووری خۆی دەڵێ :
« جە گۆشەی دەروون سیای قەترانی
(فیلی) جە کۆی نیکر پەردەی پەنهانی »

( ڕەنجووری ل ١٨٥ )

لە بابەتی سیازاخیشەوە فەقێ قادری هەمەوەندی دەڵێ :
« بەی طەور قامەت خەم ، جەستەش سۆراخەن
پۆست گولگوونش چون سیازاخەن »

( فەقێ قادر ل ١٣٩ )

لە بابەتی سیاتاریشەوە دیسان هەر فەقێ قادر خۆی دەڵێ :
« شەهوەت غالب بۆ ، دڵ سیاتار بۆ
جەسارەت ، حیرص و ئەمەل پێش کار بۆ »

( فەقێ قادر ١٨٨ )

سیاکار دوو مەعنـای هەیـە ، یـەکەم : بە ئینسانی خراپکار دەوترێ دووەمیش : بە خەت و نووسین دەوترێ لە بابەتی یەکەم واتەکەیەوە ئەحمەدی خانی دەڵێ :

« ئەی بێ ئەدەبا خرابە بێ عار
گوستاخ و ستەمگەرێ سیا کار »

( مەم و زین ل ١٧٨ )

لە بابەتی واتەی دووەمیشەوە دیسان هەر خانی خۆی دەڵێ :

« کاتب قەلەمی دکەت سیاکار
سازندەیە ئەی ژ دەست بە هاوار »

( مەم و زین ل ۱۸۰ )

سیە دەست بە ئینسانی بەدکارو غەددار دەوترێ ، بابا تاهیری عوریان لەم بابەتەوە دەڵێ :

« چەرە بازی بوودەم ڕەفتەم بە نەخچیر
سیە دەستی زەدە بەر بال موو تیر
بەوره غافل مەچەر دەر چەشمە ساران
هەر ئان غافل چەره غافل خوره تیر »

( بابا تاهیر ل ۲۹ )

سیا صیفەتیش لە شیعری کوردی بەر چاو دەکەوێ . فەقێ قادر لەم بابەتەوە دەڵێ :

« ئەر ئەصڵش ڕەوشەن سیا صیفەتەن
جە تەحتو فەوقش دوود ظوڵمەتەن »

( فەقێ قادر ل ١٦٥ )

هەروەها لە شیعری کوردی وشەی سیاسەودایش بەر چاو دەکەوێ خانای قوبادی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« سیاسەودای بەرگ دۆشەن
جە کێ مەیل ساز عەیشو نۆشەن ؟ »

( شیرینو خوسرەو ل ۷۳۰ )

١ ــ سیە لەگەڵ پاشگری « لکن » وشەی « سیەلکن » پێکدەهێنێ واتە « ڕەشتاڵە » •
٢ ــ سیا لەگەڵ پاشگری « تگ » وشەی « سیاتگ » پێکدەهێنێ واتە درنج ، تەنێ • پەندێکی پێشینان لەم بابەتەوە هەیە دەڵێ :
« سیاتگ لە ڕوی قورئان هەلگرتگە »
٣ ــ لەگەڵ پاشگری « لگ » وشەی «سیەلگ» واتە ڕەشتاڵە ، پێك دەهێنێ •
٤ ــ لەگەڵ پاشگری (ونە) وشەی (سیاونە) پێك دەهێنێ واتە هەر شتێ پێوەندیی بە بزنەوە بێ وەکو • گۆشتی سیاونە ، مووی سیاونە ، شیری سیاونە •
٥ ــ لەگەڵ پاشگری (مەند) ناو پێکدەهێنی (سیامەند) •
٦ ــ لەگەڵ پاشگری (نە) وشەی (سیانە) پێکدەهێنێ واتە قوڕاوەی ڕەش و بۆگەن •
٧ ــ لەگەڵ پاشگری (ر) وشەی (سیار) پێکدەهێنێ واتە ( ئازیەتبار ) ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ کە ئەم سیارە ئەو (سیارە) نییە کە واتەی « دەسیاوە » •
٨ ــ لەگەڵ پاشگری (وەز) وشەی (سیەوەز) پێکدەهێنی ، سیەوەز بەهەر شتێ دەوترێ کە ڕەنگی لە ڕەش بچێ •
٩ ــ لەگەڵ پاشگری (و) وشەی (سیاو) پێکدەهێنی ، دیسان ئەم وشەیە واتە ڕەش دەگەیێنێ ، مەولەوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« چەم سیاوەکەی وە ناز دیاکەم
سەر ڕەوڕلەی جەرِم جیاگەم »

( مەولەوی ١٦٣ )

١٠ــ لەگەڵ پاشگری (یی) وشەی (سایی) پێکدەهێنێ ، واتە لیستە یان ڕاپۆرت • مەولەوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« سەر وەخت ئەدای ئەمانەتمەن
نەشر سیاهەی خیانەتمەن »

( مەولەوی ل ۲۲۷ )

دیسان مەولەوی لەم بابەتەوە دەڵێ :
« سیاییم ئاوەرد ، سفیێدیم پێ ڕەشت
هەفتم کردەوە ، گرتم دا لە هەشت »

( مەولەوی ل ۲۹٥ )

هەر مەولەوی خۆی وشەی (سیایی)ی بە واتەی مەرەکەب بەکارهێناوە ئێدی لەم بابەتەوە دەڵێ :
« ویشی دان نەسەر کەف کووپەی سیایی
پەی شەکوای عەرضەی دەرد جیایی »

( مەولەوی ل ٤٥٥ )

هەر مەولەوی خۆی هەمان وشەی (سیایی) بۆ مووی ڕەشیش بە کار هێناوە • ئێدی لەم بابەتەوە دەڵێ :
« سفیێدیم ئاوەرد ، سیاییم پێ ڕەشت
هەفتم کەردەوە ، ڕوو نیام لە هەشت »

( مەولەوی ل ۲۹٥ )

۱۱ـ لەگەڵ پاشگری (ولە) وشەی (سیاولە) پێکدەهێنێ ، سیاولە واتە سەگ ئاوی ، جانەوەرێکی ئاوییە •

١ ــ لەگەڵ وشەی ( کەرگ = مریشك ، پەلەوەر ) وشەی ( سیەکەرگ ) پێك دەهێنێ • سیەکەرگ واتە ڕەشۆڵە •
٢ ــ لەگەڵ وشەی ( لاو = لاناو ، سیالاو ) وشەی ( سیا لاو ) پێك دەهێنێ• سیالاو ، ڕەشایی چاوە •
٣ ــ لەگەڵ ( کونا = کون ) وشەی (کوناسیە) پێك‌دەهێنێ • کوناسیە واتە بەندیخانە •
٤ ــ لەگەڵ وشەی (چەمان) وشە (سیاچەمەن) پێك‌دەهێنێ • سیاچەمان جۆرە ئاوازێکە لە ناوچەی هەورامان باوە • عبدالله گۆرانی نەمر لەم بابەتەوە دەڵێ :

« سیاچەمـانە ، سیا چەمـانە
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامـانە »

مامۆستا محمد امین هەورامانی دەڵێ کە لە سەردەمی زەردەشتیەکان ، ئەو پیاوە ئاینیانە کە لە ئاتەژگەکانی زەردەشتیەکان سروودی ئاینییان دەچڕی، چەمانەی ( سیا = ڕەش ) یان بەسەرەوە بەست ، بۆیە ئەو جۆرە گۆرانیە بە سیاچەمەن ناوبانگە • بەڵام ڕایێکی دیکە هەیە دەڵێ سیا چەمەن واتە چاو ڕەشان • گوایە ئەو جۆرە گۆرانی‌یە لەبابەتی عیشق‌و دڵداری چاو ڕەشان وتراوە •
٥ ــ لەگەڵ وشەی ( تا ) وشەی (سیەتا) پێك‌دەهێنێ ، سیەتا واتە (ڕەشەتا)•
٦ ــ لەگەڵ وشەی (پاچك) وشەی (سیەپاچك) پێك‌دەهێنێ ، سیەپاچك ناوی دارێکی شاخاوی‌یە •
٧ ــ لەگەڵ وشەی مەتەڵ) وشەی (سیەمەتەڵ) پێك دەهێنێ سیەمەتەڵ بە ئینسانی فۆشمەو نوکتەزان دەوترێ •
٨ ــ لەگەڵ وشەی (کارە) وشەی (سیەکارە) پێك‌دەهێنێ • سیەکارە بە هەر ڕەنگی مەیلەو ڕەش دەوترێ •
٩ ــ لەگەڵ وشەی (بازگ) وشە (سیەبازگ) پێك‌دەهێنێ ، سیەبازك بەو

دیمەنە دەوترێ ڕەنگی ڕەش و سپی تێدا گوڵ گوڵە بە عەرەبیـەوە بەم ڕەنگە دەوترێ ( أبقع ) .

١٠ـ لەگەڵ وشەی (مار) وشەی (سیەمار) پێکدەهێنێ . سیەمار لە زمانی کوردیدا کنایەتەو بەو ئینسانی خراپکارە دەوترێ کە هەمیشە خەریکی بەدی و بەدکارییە .

لە شیعری کوردییش ئەم وشەیە (سیامار) بەر چاو دەکەوێ و بە پرچی کچ دەوترێ . مەحوی لەم بابەتەوە دەڵێ :ـ

« خەیاڵی زوڵفی دەر ناچێ لە دڵ تا دەر نەچێ ڕۆحم
سپێراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیامارە »

( مەحوی ل ٤٦٢ )

١١ـ لەگەڵ (ماڵ) وشەی (سیاماڵ) پێکدەهێنێ ، سیاماڵ واتە ڕەشماڵ :

« کزەی ڕەشەبا هەناسان سەرد
دانە سیاماڵان تەختە تەختش کەرد »

( هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ... ل ٩٥ )

١٢ـ لەگەڵ وشەی (چەردە) وشەی (سیاچەردە) پێکدەهێنێ . مـەحوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« ئەگەرچی من گەدام ، ئەو شا ، لە عورفی عیشقدا (مەحوی)
بەسەنیسبەت لە بەینا ، من سیا بەخت ، ئەو سیاچەردە »

( مەحوی ل ٢٧٢ )

١٣ـ لەگەڵ وشەی (داغ) وشەی (داغی‌سیا) پێکدەهێنێ . داغی‌سیا واتـە خەم و خەفەت دیسان مەحوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« فیرقەتی ڕۆژە دەروونی کردە داغێکی سیا
وەك منی سەودا زەدە ئاتەش زەدەی هیجرانەشەو »

( مەحوی ل ٢٥٨ )

١٤ــ لەگەڵ وشەی (کەمەند) وشەی (سیاکەمەند) پێکدەهێنێ • خانای قوبادی لەم بابەتەوە دەڵێ :

« چەنی سوپاو سان سیاکەمەندان
تۆق تۆق جە یاران ، پۆل پۆل جە ڕەندان »

( شیرینو خوسرەو ل ١٦٤ )

١٥ــ لەگەڵ وشەی (سنووج) وشەی (سیەسنووج) پێکدەهێنێ ، سیەسنووج ، تووێکی بۆن خۆشە •

١٦ــ لەگەڵ وشەی (قنگ) وشەی (قنگسیە) پێکدەهێنێ • قنگسیە ، بە ئینسانی سووکو نامەرد دەوترێ •

١٧ــ لەگەڵ وشەی (سەران) وشەی (سەرانسیە) پێکدەهێنێ • سەرانسیە واتە سەرئێشە •

١٨ــ لەگەڵ وشەی (قیر) وشەی (قیروسیا) پێکدەهێنێ ، وشەی قیروسیا بۆ دەربڕینی نارەزایی‌و توورە بوون لە شتێ دەوترێ •

فائق بێ‌کەسی ئەمر لەم بابەتەوە دەڵێ :

« حاجی تووتنەکەت مادەم فرۆشرا
قیروسیا لە صەد کوشتن‌و هەرا »

( دیوانی فائق بێ‌کەس ل ٥٧ )

١٩ــ لەگەڵ وشەی (ڕۆژ) وشەی (ڕۆژیسیا) پێکدەهێنێ ، ڕۆژی سیا واتە تەنگی‌و نالەباری • پەندێکی پێشینان لەم بابەتەوە هەیە دەڵێ :

« مالی چەرمگ ، ئەڕا ڕووژی سیا »

٢٠ــ لەگەڵ وشەی (پروسنەك) وشەی (سیەپروسنەك) پێکدەهێنێ ، سیەپروسنەك واتە پلسرێك •

٢١ــ لەگەڵ وشەی (قەلا = قەل) وشەی (قەلاسیە) پێکدەهێنێ قەلاسیە واتە قەلەڕەش •

٢٢ــ سیەسیەو سیامەنسووری ، ناوی دوو هۆزی کوردن •

٢٣ــ سیاوەش‌و سیاوەخش‌و سیالی‌و سیاو ناوی مرۆڤن •

١ ــ سیاکردن : واتە ڕەش کردن • ڕەنجووری لەم بابەتەوە دەڵێ :
« یەکسەرت ئاوین خاك سیا کەرد
ئاسیاو ئاسا گۆنان گشت هەڕد »
( دیوانی ڕەنجووری ل ٢٠٠ )
٢ ــ سیەبوون : واتە ڕەش بوون یان تووڕە بوون • لەبابەتی تووڕە بوون خانای قوبادی دەڵێ :
« شێرۆ ئێد ئەژنی ، سیایی چون قیر
تۆفیا چون تۆف وەخت زەمهەریر »
( شیرین و خوسرەول ل ٦٧٧ )
٣ ــ سیەوە کردن : اــ واتە ڕەش کردنەوە • بــ واتە نووسین •
٤ ــ دڵ سیەکردن : واتە دڵ ڕەش کردن •
٥ ــ سیەوە بوون : اــ واتە ڕەش بوونەوە • بــ واتە تووڕە بوون •
٦ ــ سیاهی بەستن : واتە ڕەش بوونەوە ، خانای قوبادی لەم بابەتەوە دەڵێ :
«ئەڕووی سفێدی سیاهی بەست نەخش
ئەنجوم درەخشا چون دانەی بەدەخش »
( شیرین و خوسرەو ل ٣٨٠ )
٧ ــ ڕوو سیە کردن : واتە ڕوو ڕەش کردن ، ڕسوا کردن •

## سەرچاوە


١ ــ شیرین و خوسرەو ــ خانای قوبادی ــ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
٢ ــ دیوانی مەحوی ــ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٧
٣ ــ دیوانی وەفایی ــ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨
٤ ــ دیوانی مەولەوی الملاعبدالکریم المدرس ١٩٦٠
٥ ــ دیوانی ڕەنجوری چاپخانەی ( افاق عربیە ) ١٩٨٣

٦ ـ دیوانی وەلی دێوانە مەحموودیخاکی ـ چاپخانەی سەرکەوتن ١٩٨٣
٧ ـ ناڵەی جوادیی عێسنی مووکریانی
٨ ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ عەلاءالدین سەجادی ـ چاپی دووەم ١٩٧١
٩ ـ مەمو زین ـ ئەحمەدی خانی ـ چاپخانەی هەولێر ١٩٦٨
١٠ـ لسان الكرد مسعود محمد ـ مطبعة الحوادث سنة ١٩٨٧
١١ـ کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند ـ چاپخەنەی کۆڕی زانیاری عیراق ١٩٨٠
١٢ ـ ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد ـ ئەمین فەیضی ـ چاپخانەی کاکەی فەللاح ١٩٨٢
١٣ـ باباطاهر عريان همدانى ـ ناشر كتابفروشى رجبى •

# شوکری‌ فەزلی‌و چەند تێبینی‌یەکی مێژوویی

د. کەمـال مەزهەر

زانکـۆی بەغـدا

ئەوانەی بەردی بنـاغەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌یـان بە ئـارەقی ناوچەوان‌و شەونخوونی‌و بە دەم دەربەدەری‌یەوە دارشـت وان لـە ڕیزی پێشەوەی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەل‌دا . یەکێك لەوانە شوکری‌فەزلی ( شکری الفضلی )یە کە مێژووی ژیان‌و ڕادەی تێگەیشتن‌و چالاکی‌یەکانی شایـانی ئاوڕدانەوەو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی تایبەتین .

شوکری‌فەزلی یەکێکە لە شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەو مێـژوونووس‌و پیاوە سیاسی‌یە نوێخوازە بەناوبانگەکانی ڕۆژگاری خۆی کە ئەوساکە لـە سەرانسەری عیراق‌دا کەم کەس هەبوو بتوانێ شان لە شانی بدات . سـاڵی ١٨٨٢ لە نزیکیی بەغدا لە گەڕەکی ( فضل ) لەدایك‌بووە . لەبەر نزیکـیی لە گۆڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی‌یەوە زوربـەی کوردی بەغدای ئەو سەر دەمە لە گەڕەکی باب الشیخ‌و تا ڕادەیەك لە فەزل دەژیـان . لەوەوە ( الفضلی ) بۆتە نازناوی ، هەرچەندە بۆ خۆی کوڕی مەحموودی کوڕی ئەحمەد ئاغای خەڵکی سلێمانی‌یە . هەرچی عایشەی دایـکی‌یە لە هـۆزی ( کرویە )ی عەرەبە [١] .

هەن دەیانەوێ بە زۆری زۆردارەکی کورد لە شوکری‌فەزلی بێ‌بەش بکەن‌و بیکەنە عەرەبێکی ڕووت‌و قووت [٢] . هەوڵی لەو بابەتە بێ‌گومان دەچێتە خانەی کۆششی گەوجانەوە ، ئەویش نەك تەنها لەبەر ئەوەی ئـەو جۆرە کەسانە بە قووت‌دانی مافی خەڵکی هەموو مەرجێکی لێکۆڵینـەوەی زانستی پێ‌شێل دەکەن ، بەڵکو لەبەر ئەوەیش کە هیچ نەتـەوەیەکی ئـەم سەرزەمینە یەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە بە زۆر پاڵەوانی بۆ دروست‌بکرێ ، چ جای نەتەوەیەکی خاوەن ژیاریی دێرین‌و بەرفراوانی وەك نەتەوەی عەرەب .

زرووفی تایبەتیو مەرجی ژیان پالەوان دروست دەکەن • کۆیلەکانی ڕۆمای حەفتاکانی بەر لە دایكبوونی عیسا لە هەرکوێ بوونایە بێگومان سپارتاکۆکێکیان تێدا هەڵدەکەوت کە لەوانەیە ناوی کاوە یا خۆشەوی بوایە •

من بۆ خۆم لە « تێگەیشتنی ڕاستی »دا بەم جۆرە هەوڵی بە زۆر بێبەری کردنی کورد لە شوکریلفەزلیم لێكداوەتەوە :

« گەر ئەمە ڕاست بێ ( واتە شوکریلفەزلی چ لە دایکەوەو چ لە باوکەوە عەرەب بووبێ ) ئەوەندەی تر لە مەقامی بەرزەکاتەوە • زۆر خۆشە مرۆڤ هێند دیموکراسی بێو گەلانی تری بەو ڕادەیە خۆش بوێو ئاوا دڵسۆزانە خزمەتی زمانو کەلەپووریان بکاو بۆ داوڕۆژیان بەپەرۆش بێ • با لێرەدا ئەوەش بڵێین بەڵگەیەکی گرنگی عەرەبایەتی شوکریلفەزلی لای عەبدوللا ئەلجبوری ئەوەتە کە لە کتێبی «مشاهیر الکرد وکردستان»ەکەی مامۆستا ئەمین زەکیدا ناوی نەهاتووە ! »[٣] •

پێم وایە لەم ئەلجبوری یە بەولاوە کەسێکیتر وەك ئەو هەوڵی نەداوە کورد لە شوکریلفەزلی بێبەش بکات • مامۆستا عەبدولڕەزاق حەسەنی ، کە شارەزاترین کەسە لە مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراقداو بایەخی تایبەتیی بە ڕۆژنامەنووسیو ڕۆژنامەنووسانی وڵات داوە ، کە دێتە سەر ناوی شوکریلفەزلی دەڵێ ئەم پیاوە « ئەدیبێکی کوردی ناسراوە »[٤] • لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە شوکریلفەزلی بۆ خۆی ، خۆی بە کورد داناوە • لە ڕۆژنامەی « تێگەیشتنی ڕاستی »دا[٥] خۆی وەك کوردی نیشتەجێی بەغدا ناونووس کردووە • ئەوەتا لە سەرەتای یەکێك لە وتارەکانی ناو ئەو ڕۆژنامەیەدا نووسیوی یە دەڵێ :

« ئینگلیز لە هەموو قەومێك زیاتر دۆستی کوردانن ، عاشقی شوجاعەتی ئەوانن ، دلێری کوردانیان چاك بیستووە ، لەبەر ئەمە زۆریان خۆش ئەوێن • ئێمە ئەگەرچی لە بەغدا کەمین

بەلام لە خەلکی بەغدا خۆشەویسترین »[٦] .

لەبەر بێ کەسی و دواکەوتوویی تـا ئیستە بە صەدان شوکریلفەزلیی کورد بە ئێسك و پرووسکەوە قووت دراون . تا پەنجاکانیش ڕووناکبیری کورد جاروبار لەگەل باسی ڕۆژگاری شێخ مەحموودو شەڕە شیعری شێخ ڕەزای تالەبانی‌دا بە شێوەیەکی تەماوی ناوی شوکریلفەزلی بـەر پەردەی گوێی دەکەوت . پێشەنگی لیکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی مامۆستا سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیکەی‌دا کـە ئەو سەردەمە بـۆ یەکەم جار چاپی کردووە دەربارەی ئەو ڕووناکبیرە گەورەیە هەر ئەوەندەی نووسیوە کـە « هاودەوری شێخ ڕەزا بووە » [٧] .

شوکریلفەزلی نەك هەر کورد بووەو بەس ، بەلکو لەهەمان کات‌دا کوردی‌زاتێکی کەم هاوتاو کوردپەروەرێکی دلسۆزیش بووە . یەکێك لـە هۆ سەرەکی‌یەکانی شارەزایی شوکریلفەزلی لەوەوە هاتووە کە ماوەیەکی زۆری ژیانی لەناو کوردەواریی پەتی‌دا بردۆتە سەر [٨] .

ئـەو ماوەیەش بایەخی تایبەتیی خـۆی هەیە چونکە ئەو دەورانەی ژیـانی گرتۆتەوە کە هەست و نەسـتی مرۆڤی تێدا دروست دەبێ و بناغەی زمانی نەتەوەیی تێدا دادەڕێژێ . لە تەمەنی شەش سالی‌دا هاتۆتە شـاری سلێمانی و لـەوێ خوێندوویـەو سەرەتـای تێـکەل‌بوونی بە ئـەدەب و ئەدەب‌دۆستانەوە دەستی پێ‌کردووە . وا دەرئەکەوێ هەر لـەوێش فێری فارسی و تورکی بووبێ و خولیای شیعروتن لە کەلەی دابێ . سـەرەتا لای مەلاو دوایی لە فێرگەی میری خوێندوویە . لە هەرەتی لاوی‌دا خووی‌داوەتە ئەدەبی ڕۆژئاواو زانستی نوێ و دوایی کتێبێکی زانستیی بە نـاوی «مكتبة الفضلي» (کتێبخانەی فەزلی) یەوە بە زمانی عەرەبی داناوە کە ناوەرۆکـی بریتی‌یە لـە زنجیرەیەك باسـی زانیاری دەربارەی گـەردوون و چینەکانی زەمین و دەروونناسی و کیمیاگەری و ئەو جۆرە بابەتانە[٩] . هەر بە هۆی ئەو شارەزایی‌یەشـەوە بۆتـە مامۆسـتایەکی سـەرکەوتووی فێرگـە هـەرە

بەناوبانگەکانی عیراق بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان بۆ ماوەی سێ ساڵ (ساڵی ١٩٠٨وە تاوەکو ساڵی ١٩١١) شوکریلفەزڵی مامۆستای فێرگەی باڵای یوسفی پیرۆز ( مدرسة القديس يوسف العالية) بوو لە بەغدا[١٠] .

کوردیزانیکەشی لە پایەیەکدابووە بتوانێ لە سەرەتای سەدەی بیستەمیندابکەوێتە شەڕە شیعری قورسەوە لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیداو[١١] لە دوا ساڵی شەڕی یەکەمی جیهاندا ببێتە نووسەری یەکەمی ڕۆژنامەی « تێگەیشتنی ڕاستی »و دوای ئەو شەڕەش ببێتە ئەندامی لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دانانی یەکەم دەستەوارەی کتێبی خوێندنی کوردی بۆ فێرگە سەرەتاییەکانی کوردستانی عیراقو وەرگێڕانی یاساو پێڕەوەکانی میری لە عەرەبییەوە بۆ کوردی .

بە پێی گێڕانەوەی هاوڕێو هاوتەمەنەکانی شوکریلفەزلی پیاوێکی کەلەگەتی تێکسمراوی چوارشانەو گەنم ڕەنگ ، هێمنو لەسەرخۆو مەنگو کەمدوو ، لە ڕەفتاری ڕۆژانەیدا قورسو سەنگینو ئۆغر بووە . زۆر بە خۆی نازیوەو لەسەر بیروڕای خۆی گەلێك سوورو پێداگربووە . بیرکردنەوەی زۆرو ئازاری ژیان گیرۆدەی مەینۆشیو جگەرەکێشانیان کردووە[١٢] .

ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن وای نیشان دەدەن کە شوکریلفەزلی بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ی ئیتیحادییەکان بە ماوەیەك گەڕاوەتەوە بەغداو بە یەکجاری لەوێ نیشتەجێ بووە[١٣] . دیارە لە بواری فیکرو ئەدەبدا لە بەغدا کەوتۆتە هەلو مەرجێکی لە جاران لەبارترو توانیویە زیاتر زاخاوی مێشکی بە بەرهەمی سیاسیو ڕووناکبیریی جیهانی بداتەوە . لەو ماوەیەدا تەواو ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبی شۆڕشگێڕی ئەورووپایی پەیدادەکات کە بەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمین بە ماوەیەك دەستکرابوو بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی تورکیو فارسیو تا ڕادەیەکیش بۆ سەر زمانی عەرەبی . هەر لەوساوە شارەزایی تەواوی لە بیروباوەڕی شۆڕشی گەورەی فەرەنسەدا

پەیداکردووە (١٤) .

لەبەر ئەوە شوکریلفەزلی لە هەرەتی لاوی‌یەوە تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بووەو بە پێوودانی ئەو رۆژگارەی ئەوی تێدا ژیاوە رێبازی پێشکەوتخوازیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە . میر بەصری شوکریلفەزلیی بە یەکێك لە «لاوە راپەریوەکانی» ئەو سەردەمە داناوە (١٥). سەرباری لایەنی نوێخوازی‌و شۆڕشگێڕیی شوکریلفەزلی بە لای عەبدولرەزاق حەسەنی‌یەوە « جێگەی باوەڕو متمانەو زانایەکی گەورەو خاوەن بەهرەو قەڵەمێکی ئازاو لێهاتوو بووە » (١٦) .

ئەمانە بەسەر یەکەوە شوکریلفەزلی‌یان کردۆتە یەکێك لە لاوە سیاسی‌یە دانسقەکانی سەرانسەری عیراق‌و کەمهاوتاکانی ناو وڵاتی عوسمانی بەر لە رووخانی بە ماوەیەك . دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا شوکریلفەزلی چۆتە ناو ریزی ناحەزانی رژێمی سولتان عەبدولحەمیدی خوێناوی‌یەوە . لەبەر ئەوە شوکریلفەزلی بەشی خۆی لە دەست دامودەزگاو سیخورە زۆرەکانی رۆژگاری سولتان عەبدولحەمید چێشتووە ، لە کەرکووك گیراوەو دراوەتە دادگەو دوای دوو مانگی رەبەق هێنان‌و بردن‌و لێپرسینەوە بەرەڵاکراوە (١٧) .

دیارە دەبوو شوکریلفەزلی وەك هەموو پێشکەوتخوازانی ناو وڵاتی بەرفراوانی عوسمانی بچێتە ناو ریزی لایەنگرانی ئیتتحادی‌یەکانەوە کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەمینەوە ئاڵای خەباتی رزگاریخوایان دژی سولتان عەبدولحەمید هەڵگرتبوو ، برایەتی‌و یەکسانی‌و دیموکراتی‌یەتیان کردبووە دروشمی سەرەکیی چالاکیی رۆژانەیان . کە تەمموزی ساڵی ١٩٠٨ شۆڕشی ئیتتحادی‌یەکان سەری گرت شوکریلفەزلیش وەك هەموو پێشکەوتخوازانی ناوچەکە زۆر بە گەرمی پێشوازیی کرد (١٨) . زۆر رێی تێدەچێ دەوریشی هەبووبێ بۆ هاندانی خەڵکی بۆ پشتگیری کردنی ئەو شۆڕشە کە دانیشتوانی هەموو شارەکانی عیراق بە گشتی‌و بەغدا بە تایبەتی بە گەرمی پێشوازی‌یان کرد (١٩) ، ئەو هەڵوەستەی بووە دیاردەیەکی گشتی

بۆ هەموان • یەکێك لە بەشدارانی ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژگارە لەم بارەیـەوە نووسیوی‌یە دەڵێ :

« کە ڕۆژی دەی تەمموز[٣٠] بانگی دەستوور درا عەرەب زۆر بە گەرمی پێشوازی‌یان کرد ، هەموو شتێکیان لەو ڕێگەدا خستە لاوە ، تەنانەت هەستی نەتەوەییش ، بە دڵو بەگیان دایانە پـاڵ تورك چونکە لەو باوەڕەدا بوون عەرەبو تورکو ئەرمـەنو کوردی ناو وڵات هەموو ، بێ جیاوازی بوونەتـە عوسمـانیی هاومافو هاوئەرکو هەموان بە جۆرێك ڕوویان کردە کۆمەڵەی ئیتتحادو تەرەققی کە بەر لەوە مێژووی هیچ شۆڕشـێك بـە خۆیەوەی نەدیبوو » [٣١] •

هەر زوو شوکریلفەزلی دایە پاڵ کۆمەڵەی « ئیتتحـادو تەرەققی » ( یەکیەتی‌و پێشکەوتن ) [٣٢] کە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ی بەرپاکرد [٣٣] • سەرەتا هەموو لاوە خوێن گەرمەکانی ناو وڵاتی عوسمانی بەو جۆرە ڕەفتاریان کـرد [٣٤] •

لەبەر ئەوەی پیاوێکی زیرەکو لێهاتوو بوو شوکریلفـەزلی زۆر زوو بووە یەکێك لە ڕابەرە گەورەکانی ئیتتحادی‌یەکانی عیراق • کار گەیشـت بەوەی دەوروبەری کۆتایی ساڵی ١٩١١ ڕۆژنامەی «بين النهرين»و «مصباح الأغر»[٣٥] ناویان بۆ ئەنـدامەتی پەرلەمانی عوسمانی ، کە «ئـەنجومەنی مەبعوسان»یان پێ‌دەگـوت ، پێشنیـارکرد [٣٦] • هەر لەو ڕۆژگارەش‌دا توانای ڕۆژنامەنووسیی شوکریلفەزلی خۆی نواندو کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی «التعاون»و «الزهور»دا [٣٧] کە هەردووکیان لە ساڵی ١٩٠٩ەوە لە بەغدا بە عەرەبی‌و بە تورکی چاپ دەبوون [٣٨] • وێڕای ئەوە جاروبار بەرهەمی زانستی‌و کۆمەڵایەتیی لە گۆڤاری «لغة العرب»ی زانای بەناوبانگ ئەنستاس ماری کەرمەلی‌دا بڵاودەکردەوە [٣٩] •

زۆری نەبرد دەستی ئیتتحادی‌یەکان وەك دەستەیەکی ڕەگەزپـەرستی

شۆڕشی کەوتە ڕوو • دوای ئەوەی دەسەلاتیان وەرگرت ئیتتحادی یەکان لە هەموو گشت و پەیمانەکانیان پاشگەزبوونەوەو بە ڕاست و بە چەپدا کەوتنە گیانی نەتەوە ژێردەستەکانی ناو ولاتی عوسمانی بەو نیازەی بە زۆرداره‌کی لە بۆتەی نەتەوەی تورکدا بیانتوێننەوە ، بە ڕادەیەك هەموان وایان لێهات ڕۆژی هەزار ڕەحمەت بۆ سولتان عەبدولحەمیدی کفن دزبنێرن • هەر بەو دەستوورەش کەوتنە دەشدرێژی بۆ سەر ئاینی ئیسلام و بەو کارەیان هێندەی تر دلی نەتەوە موسلمانەکانیان لە خۆیان ڕەنجاند [30]• هەرچی دانیشتوانی عیراقە بە لای ئیتتحادی یەکانەوە دەغل و داتێکی کوشندە بوون کە دەبوو ڕیشەکێش بکرێن [31] •

ئەم ڕەگەزپەرستی یە گشت نیشتمانپەروەرانی گەلانی ناو دەولەتی عوسمانی یان کردە دوژمنی باوەکوشتەی ئیتتحادی یەکان• دیارە شوکری یلفەزلی یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بە توندی لێیان هەلگەڕایەوە • دوورکەوتنەوەی شوکریلفەزلی لە ئیتیحادی یەکان دەنگێکی گەورەی دایەوە • ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارە « صدی بابل » لەو بارەیەوە نووسیبووی :

> « بە دەگمەن کەسێك لەگەل ئیتیحادی یەکاندا ماوە ، تا کار گەیشت بەوەی کۆلەکەی هەرە گەورەیان لە شارەکەماندا جەنابی ئەدیبی بەڕێز شوکری ئەفەندی ئەلفەزلیش لێیان تەکی یەوە »[32] •

سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی کوێرانەی ئیتیحادی یەکان ڕقی شوکریلفەزلیی وا لێهەلساندن بداتە پال ناحەزانیان کە ئەوساکە لە ژێر ئالای پارتی « حریت و ائتلاف » ( سەربەستی و یەکبوون )دا کۆبوبونەوە • شوکریلفەزلی تەنانەت بووە یەکێك لە دامەزرێنەرانی لقی ئەو پارتی یە لە بەغداو دواییش لە ڕێگەی هەلبژاردنەوە نیسانی سالی ١٩١٢ کرایە سەرۆکی [33] •

پارتی «سەربەستی و یەکبوون» سالی ١٩١١ لە ئەستەموول دامەزرا •

هەرچەندە ژمارەیەك لە دروشمەكانی ئەم پارتی‌یە لە ناوەرۆكدا پاشكەوتخواز بوون ، بەلاّم لەبەر ئەوەی ڕابەرانی لە ڕووی سیاسەتی نەتەوەیی‌یەوە وەك ئیتتیحادی‌یەكان ڕەگەزپەرست نەبوون و یەكسانی میللەتانی ناو وڵاتی عوسمانی‌یان كردبووە دروشمی خۆیان توانی‌یان هەستی بەشی زۆری پیاوە سیاسی‌یەكانی نەتەوە ناتوركەكان بە لای خۆیاندا ڕابكێشن • زۆری نەبرد كاتێك ڕابەرانی ئەم پارتی‌یە توانی‌یان ئیتتیحادی‌یەكان لەكاربخەن و خۆیان لە تەممووزی ساڵی ١٩١٢وە دەسەلاّت وەربگرن • بەلاّم ئیتتیحادی‌یەكان دەستیان هەڵنەگرت ، ڕۆژی بیست و سێی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٣ لە ڕێگەی كۆدیتایەكی سەربازی‌یەوە دیسان دەسەلاّتیان وەرگرتەوەو مەحموود شەوكەت پاشای برا گەورەی حیكمەت سلێمانیان كردە سەرەك وەزیرانی كابینەی نوێ‌یان (٣٤) •

دوای گەڕانەوەیان ئیتتیحادی‌یەكان لە جاران شێتگیرانەتر كەوتنە گیانی ناحەزانیان • هەر ئەوەندەش كە پیلانی كوشتنی مەحموود شەوكەت پاشا ڕۆژی پازدەی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٣ سەری گرت هێندەی‌تر هاربوون (٣٥) • شالاّوی ڕقی ناپیرۆزی ئیتتیحادی‌یەكان شوكری‌فەزلیشی گرتەوە ، یەكسەر دوای كوشتنی مەحموود شەوكەت لە ئەستەموول ئەویان لەگەڵ دەستەیەك ڕووناكبیری‌تردا لە بەغدا گرت • ئەحمەد جەمال پاشا(٣٦) كە بەر لەوە لە بەغدا والی بوو ویستی شوكری‌فەزلی و هاوەڵەكانی ڕاپێچ بكاتە ئەستەموول چونكە باشی دەناسین و بە دڵ ڕقی لێیان بوو ، ئەو دەیویست لەوێ بدرێنە دادگەی سەربازی ، بۆیەكا لە ئەستەموولەوە بە بروسكەی تایبەتی، بە ناوی وەزیری كاروباری ناوخۆوە فەرمانی گرتنیانی‌دا• بەلاّم بەوەی باش بوو جێگری والی محەمەد فازیل پاشای داغستانی (٣٧) • كە پیاوێكی خێرخوا بوو ، بە فریایاندا كەوت و قەناعەتی بە فەرمانڕەوایانی دەروازەی بالاّ «بابی عالی» كرد كە ئەو بۆ خۆی لە بەغدا تەحقیقیان لەگەڵ بكات ، تەنها كامیل طەبەقچەلی نەبێ كە یەكێك بوو لە گیراوەكان و ناچار

بوو بە دەسبەسەری ڕەوانەی ئەستەمووڵی بکات[٣٨] . بەو جۆرە شوکریلفەزلی ڕزگاری بوو ، دوای چەند ڕۆژێك گرتن [٣٩] بە فەرمانی محەمەد فازیل پاشا لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بەڕەڵلاکرا [٤٠] .

بەڵام ئیتتیحادییەکان دەستیان لە شوکریلفەزلی هەڵنەگرت تا ناچاریان کرد بکەوێتە هاریکاری لەگەڵیاندا بەوەی بە مەجبووری قایل بوو ببێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی «الزهور» کە ئۆرگانی ئیتتیحادییەکان بوو لە عیراق [٤١] . هەڵبەت ئەم کارە هێندەی تر ڕقی شوکریلفەزلیی لە ئیتتیحادییەکان هەڵساند ، لە ژێرەوە وەك جاران دژایەتیی دەکردن ، قسەی پێدەگوتن ، ناوو ناتۆرەی لێدەنان ، بۆیەکا لەگەڵ ئیتتیحادییەکاندا دیسان تووشی گێرەو کێشە بووە ، چەند جارێك گرتیانو تەنانەت لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهاندا دەنگو باوێکی وا بڵاوبۆوە کە گوایە لە ( باب المعظم ) لەگەڵ ژمارەیەکیتر لە ناحەزەکانیان لە سێدارەیان داوە [٤٢] .

هەموو ئەمانە ، جگە لەوەی تا ئەو سەردەمە پارتی «سەربەستیو یەکبوون »و هەموو هێزە سیاسییەکانیتر بە هۆی زەبرو زۆری ئیتتیحادییەکانەوە بە جارێك لە پەلو پۆ کەوتبوون [٤٣] ، بوونە هۆی ئەوەی شوکریلفەزلی لە ناحەزانی نوێی ئیتتیحادییەکان نزیك بکەوێتەوە ، بە تایبەتی لە ئینگلیز کە ئەو جۆرە کەسانەی وەك ئەو بوون بە دروستی لە سروشتیان نەگەیشتبوون ، پێشکەوتنی ئینگلیز لە چاو دواکەوتنی تورکدا تەواو چاوبەستی کردبوون ، لەوان وابوو بە یاریدەی ئینگلیز هەموو گەلێك دەتوانێ بە موورادی خۆی بگات ، ئەو موورادەش بە لای ئەوانەوە ، بەر لە هەر شتێکی تر ڕزگار بوون بوو لە دەست ئیتتیحادییەکان . واتە ڕقی بێئەندازەی شوکریلفەزلیو هاوبیرانی لە ئیتتیحادییەکان وای لێکردبوون بە چاوی دۆست سەیری ئینگلیز بکەن .

لەمەوە تێدەگەین بۆچ شوکریلفەزلیو ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی ئەو ڕۆژگارەی عیراق [٤٤] سەرەتا لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا لە نزیکەوە

هاریکاری‌یان لەگەڵ ئینگلیزدا کرد . ئەمانی زۆرزانیش بە چرای ڕۆنگەرچەکەوە بە دووی پیاوی زیرەك و لیهاتووی وەك شوکریلفەزڵی‌دا دەگەڕان . شایانی باسە لەبەر زانینی گەلێك زمان شوکریلفەزڵی تاکە ڕووناکبیری ئەو ڕۆژگارەی عیراق بوو کە لە یەك کاتدا لە چوار ڕۆژنامەدا کاری دەکرد ـ «تێگەیشتنی ڕاستی» بە کوردی‌و «العرب»[٤٥] بە عەرەبی‌و «ایران»[٤٦]و « ظفر عراق »[٤٧] بە فارسی . هەرچەندە ئەم ڕاستی‌یە بە تەنها بۆ خۆی گەلێك واتابەخشە ، بەڵام ماناکەی گەلێك لەوەیش زیاتر خۆ دەنوێنێ گەر بێتو بزانین لەو ڕۆژگارەدا لە بەغدا هەمووی بەسەر یەکەوە پێنج ڕۆژنامە دەردەچوو . پێنجەمیشیان ، کە تاکە ڕۆژنامەی بەغدایی بوو شوکریلفەزڵی کاری تێدا نەدەکرد ، " Baghdad Times " ( تایمسی بەغدا یا ئەوقاتی بەغدایی ) بوو کە بە زمانی ئینگلیزی‌و بۆ ئەو ئینگلیزو هندی‌یانە چاپ دەکرا کە لەگەڵ دەست‌پێ‌کردنی شەڕدا بە لێشاو ڕژابوونە ناو خاکی عیراقەوە [٤٨] .

هەر کەسێك بە وردی ژمارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستی» بخوێنێتەوەو جۆری داڕشتنی زمانی وتارو هەواڵەکانی لەگەڵ شیعرە کوردی‌یەکانی شوکریلفەزڵی‌دا بەراورد بکات هیچ جۆرە گومانێکی لەوەدا نامێنێ کە ئەرکی سەرەکیی دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە کەوتبووە ئەستۆی ئەوەوە ، چونکە بە ڕوونی بۆی دەردەکەوێ کە ئەو نووسەری بەشی هەرە هەرە زۆریان بووە . هەڵبەزو دابەزی وشەو ڕستەکانی ناو «تێگەیشتنی ڕاستی» زۆر جار ئاوازو مۆسیقای ناو بەیتە ئاوازەکانی دیاری‌یەکەی شوکریلفەزڵی بۆ شێخ مەحموود دێننەوە یاد [٤٩] . بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە لێرەدا چەند ڕستەیەك تەنها لە ژمارەی یەکەمی «تێگەیشتنی ڕاستی» دێنینەوە :

« هەر فیکرێ کە بە تەرازووی علم‌و عەقڵ نەپێورابێ عەرزی ناکەین، هەر ئیشێ کە بە تاقی‌کردنەوە چاك دەرنەچووبێ کردنی ڕەوا نابینین ... هەزاران ماڵ وێران بوو ، سووتا ، وەك جگەری خانەخوێ بوو بە کۆی

زووخاڵ . هەزاران باغو جۆگەو زەوی بێ خاوەن ما ... بێ سەری و بێ دەری هەموو وڵاتانی خەبار کرد ، بێ ئیشیو بێ بازاڕی خەڵقی لە گیانی خۆی بێزار کرد » (٥٠) .

ژمارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستی» پڕن لە نموونەی لەم بابەتە ، بۆیەکا «هەر خوێندەوارێکی کورد ئەمڕۆ ژمارەیەکی «تێگەیشتنی ڕاستی»ی دەست کەوێ تا کۆتایی واز لە خوێندنەوەی ناهێنێ »(٥١) .

شوکریلفەزلی دەرکردنی « تێگەیشتنی ڕاستی »ی بە هەل زانی بۆ ئەوەی هەموو ڕقی کۆبووەی ساڵانی بە ئیتتحادی‌یەکان بڕێژێ ، ئەو کارەی خۆی لە خۆی‌دامەتلەیێکی گەورەی ئینگلیز بوو کە ئەوساکە بە هۆی شەڕی یەکەمەوە دەیانویست هەموو گەلانی ناو وڵاتی عوسمانی لە تورک هەڵگێڕنەوە . شوکریلفەزلی هەموو وەستایی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کرد تا نیشانی بدات چۆن « تورک بە عەمەلی کوردو ئەقوامی تر نایەن»و «کوردستان هیچ خێرێکی لە ڕۆمیان ، یەعنی لە تورکان نەدیوە» چونکە «تورکە ئیتتحادی‌یەکان موضیری ئیسلامەتین»و حوکمەتەکەیان « موغایری شەرعە»و دەیانەوێ «عەرەبو کورد لەناو بەرنو هەر خۆیان بمێنن» (٥٢) .

شوکریلفەزلی زۆر مەبەستی بوو لەم ڕێگەیەوە «کوردان وریا بنەوە»و «چاك تێ‌بفکرن»و «چاك موتەزیری فرسەت بنو بۆ حەیاتی کوردستان هەرچی لازمە بیکەن» چونکە «ڕۆژێکەو ئەمڕۆ ، ئەبێ دەستوبازووی هیمەتی کوردی تێدا دەرکەوێو ناوی باوكو باپیری خۆیان، کە هەموو بە شانوباهووی خۆیان بەڕێوە چوون بەندەگیی کەسیان قبوڵ نەکردووە ، زیندووی بکەنەوەو خۆیان لە مزگێنیو زوڵمی ئەمو ئەو نەجات بدەن» (٥٣) .

هیچ گومان لەوەدا نییە کە بە هۆی بیری وردو خامەی ڕەوانو ڕەنگینی شوکریلفەزلی‌یەوە ژمارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستی» (٥٤) بوونەتە تۆمارێکی بایەخداری ڕۆژنامەنوسیو زمانو ئەدەبو مێژووی گەلی کورد .

بەلام هەمان کات ناوەرۆکی «تێکەیشتنی ڕاستی» بەلگەیەکی تری ئەو ڕاستی‌یەیە کە شوکریلفەزلی سیاسی‌یەکی دونیادیدەو بۆ ڕۆژگاری خۆی کەم هاوتا بووە . شوکریلفەزلی وا نەبوایە هەرگیز قەسیدەی «دیاری»ی بۆ نەئەگوترا کە بە ڕاستی لە بوواری سیاسەت‌و کوردایەتی‌داپێی گەیشتۆتە لوتکەی لوتکە .

وا دیارە شوکریلفەزلی لە منداڵی‌یەوە شێخ مەحموودی ناسیوە، بە پێی گێڕانەوەی ئاگرین شوکریلفەزلی«هاوپۆلی شێخ‌مەحموود...بووەو هەر لەو تەمەنەوە دۆستایەتی‌و گیانی برایەتی لە نێوانیاندا پەیدا بووە» (٥٥) . وێڕای ئەوە شوکریلفەزلی ، وەك گوتمان ، تەواو شارەزای ژیانی کوردەواری بوو . لە شەڕی یەکەمی جیهان لە زنجیرەیەك وتاردا وەك شارەزایەك باسی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئافرەت‌و پیاوو خێزان‌و جل‌و بەرگ‌و ئایین‌و نەریتی کوردی کردووە (٥٦) . هەمان کات ئەو عەودالی یەکبوونی کورد بوو، دەیویست ، خۆی واتەنی «گەورە گەورانی کورد دەست بدەنە یەك‌و بۆ ڕزگاربوونی ئەم قەومە تێ‌بکۆشن»(٥٧) .

هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی بەرزو ڕازاوەی پڕمانا لە قەسیدەی «دیاری»دا ڕەنگیان داوەتەوە . شوکریلفەزلی بە دڵ ویستویە کورد کەلك لەو هەل‌و مەرجە نوێ‌یە وەربگرن کە بە بۆنەی گێڕانەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە بۆیان ڕەخسا بوو . ئەوەبوو ئینگلیز لە ژێر فشاری تەشەنەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای کوردو پەرەسەندنی مەترسیی کەمالی‌یەکانی تورکیادا ناچار بوون ڕێگەی شێخ مەحموود بدەن بگەڕێتەوە کوردستان . شێخ ڕۆژی دوازدەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٢ گەیشتەوە بەغدا. لێرە مەلیك فەیسەلی یەکەم‌و نوێنەری باڵا (مەندوبی سامی) بەریتانی‌و ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان‌و خەلکی تر شێخ مەحموودیان دیوە . بێ‌گومان شوکریلفەزلیش ، کە ئەو کاتە لە ئەنجومەنی وەزیران فەرمانبەر بوو ، یەکێك بووە لەوانەی لە بەغدا دیدەنیی شێخیان کردووەو هیچ دوور

نی‌یه له‌و ڕۆژانه‌دا (٥٨) «دیاری»یه بێ ئه‌ندازه نایابه‌که‌ی خۆی پێشکه‌ش کردبێ (٥٩) که نه‌ك هه‌ر له‌به‌ر پێویستی ناوه‌ڕۆکی وتاره‌که‌مان پێی ، به‌ڵکو زیاتر له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌ڵده‌گرێ ببێته ویردی سه‌ر زمانی هه‌موو کوردێك دیسان لێره‌دا ده‌قی بڵاو ده‌که‌ینه‌وه :

ئیش که ئه‌مڕۆ ڕووی له هه‌ورازه سه‌ره‌ولێژی نه‌که‌ی
فکری وردیشی ئه‌وێ هه‌ر به دوعـاو نوێژی نه‌که‌ی
گێره‌شێوێنێ که کای کۆنی به بـا دا له کنت
چاکه هه‌ر لێی خوڕی ، سه‌یری ده‌م‌و کاوێژی نه‌که‌ی
سه‌ره‌تای ئیش هه‌موو یه‌کبوونه ئه‌ویش نابێ هه‌تـا
هه‌ر برینێ که له دڵدا هه‌یه ساڕێژی نـه‌که‌ی
حه‌یفه چاوێ که جه‌فا کۆڵه‌وژی تێ ده‌شـکان
تۆ به کلچێوکی وه‌فا عه‌ینی گه‌لاوێژی نه‌که‌ی
قه‌ومی بێ سه‌ر نی‌یه ئه‌مڕۆ له هه‌موو عاله‌م‌دا
ئه‌ته‌وێ تاجی سه‌ری بی ، به هه‌وا گێژی نه‌که‌ی
شا وه‌کو شایه‌کی شه‌ترنجه له عاله‌م ئه‌مڕۆ
گه‌وره قانوونه ، قسه‌ی کورت ئه‌مه‌یه درێژی نه‌که‌ی (٦٠)

له ڕووی ئه‌ده‌بی‌یه‌وه وه‌ك ده‌ڵێن «مانـگ دیـاره چ پێویـستی بـه ئه‌نگوسته» ، «دیاری» هێند به‌رزو ڕازاوه‌یه هیچ پیاهه‌ڵدانێك ناگات بـه پەراوێزی‌دا(٦١) . له ڕووی سیاسیشه‌وه به ڕاستی «دیـاری» لوتـکه‌یه‌و داڕشتنی به‌و جۆره هه‌ر له ده‌ست‌و په‌نجه‌ی کوردێکی قاڵ بوو له بۆتـه‌ی سیاسه‌ت‌دا ده‌هات . ئه‌گه‌ر شوکریلفه‌زلی شۆڕه‌سوارێکی شاره‌زای مه‌یدانی سیاسه‌ت نه‌بوایه هه‌ڵبه‌ت له ڕووی ناوه‌ڕۆکه‌وه ئه‌و هه‌موو ورده‌کاری‌یه‌ی بۆ نه‌ئه‌کرا .

زۆر ڕوون‌و ئاشکرا دیاره که شوکریلفه‌زلی به گێڕانـه‌وه‌ی شـێخ مه‌حموودو به پێکهاتنی له‌گه‌ڵ ئینگلیزدا گه‌لێك شادو به‌خته‌وه‌ر بـووه ،

پێی وابووە گرتنی بەختی کورد کراوەتەوەو کاری ئیتر ڕوو لـە هەورازە • شوکریلفەزلی زۆر مەبەستی بووە کەس لەو ڕۆژانەدا کای کۆن بە با نەکات، شێخ هەوڵ بدات ئەو برینانەی لە دڵدان وەك لوقمانی حەکیم سارێژیـان بکات • ئەو وای بە ڕاست دەزانی شێخ لەگەڵ ئینگلیزدا ڕێكبکەوێـتو لەو ڕێگەیەوە شتێك بۆ کورد بکرێت •

هۆیەکی تری ئەم بۆچوونانەی شوکریلفەزلی لەوەوە هاتبوو کە ئەوە وەك دەرئەکەوێ ، لە نزیکەوە ئاگاداری باری ئاڵۆزاوی کوردەواریی ئـەو ڕۆژگارە بووە • ڕاستییەکەشی لەو ڕۆژانەدا لەبەر گەلێك هۆ دووبەرەکییەکی کوشندە یەکیەتیی ڕیزەکانی کوردی عیراقی بە جارێك هەڵتەکاندبوو • کنەی کە مالییەکان لە ژێر پەردەی ئاییندا و بە هۆی هەزارو یەك درۆو دەلەسەوە ژمارەیەکی زۆری لە خشتەبردبوو ، ئەوانـەی لە دڵسـۆزییەوەو لە ڕقی ئینگلیز بووبوونە تورکخواو زۆر بە گەرمی پەلاماری ئەوانەیـان دەدا کە دیـان لە دڵسۆزیو قەناعەتەوە وایان پێ باش بوو کورد لەگەڵ ئینگلـیزدا ڕێكبکەوێو ئەمانیش زۆر بە گەرمی کەوتبوونە پەلاماردانی تورکخواکان کە بە تەوسەوە بە «جلخوارەکان» ناویان دەبردن •

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان سەرەتای پایزی سالی ۱۹۲۲ ناچار بوون لەبەشی زۆری کوردستان بکشێنەوە ئەم دووبەرەکییە هێندەی تر پـەرەی سەندو توندوتیژتر بوو • تورکخواکان بە ڕاستو بە چەپا کەوتبوونە هەڕەشـەو گوڕەشە ، کای کۆنیان بە با دەکرد ، بە تایبەت چونکەپێیان وابوو ئـەمڕۆ نا سبەی لەشکرێکی گەوری تورك بە چەكو تفاقێکی زۆرەوە دەڕژێتـە ناوچەکەو ناوی ئینگلیز لە ناو ناواندا ناهێڵێ • لە سلێمانیو دەوروبەری لە ناوەندی ئەیلوولی سالی ۱۹۲۲دا وای لیهـات بە تـایبەتی خەڵك بنێرنـە سورداشو دووکان تاوەکو بزانن ئەو لەشکرە خەیاڵپلاوەی تورك تا کوێ تەشریفی هێناوە (٦٣) •

لە بارو دۆخی وادا زۆر جار برینی کۆن دەکولێتەوە، هەبوون دوای

تۆڵەیان دەکرد ، دەیانویست ئەوانەی کاتی خۆی هاتنە بەغداو ناپیاوانە شایەتیان لە شێخ مەحموود دا ، ڕیسوا بکرێن. پریشکی ئەم ئاگرە ئەوانەشی گرتبۆوە کە لە دڵسۆزییەوە دژی کەمالییەکان وەستابوون‌و پێیان‌وابوو دەبێ کورد لەبەر خاتری دوارۆژی خۆیان ڕوو لە ئینگلیز بکەن . وای لێ‌هات پیاوێکی وەك مستەفا پاشا یاموڵکی ئیهانەبکرێ‌و بە بەر چاوی هەموانەوە ، لە کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا بگیرێ‌و لە سلێمانی بنێرنە ناو زیندانی شارەوە [٦٣] . ڕاستە مستەفا پاشا بە جارێك ئینگلیزخوا بوو [٦٤] ، یەکێك بوو لەو پیاوە دەگمەنانەی زۆر ئازایانە تەنانەت لەو ڕۆژانەش‌دا بەرگریی لە بیرو باوەڕی خۆی دەکرد ، بەڵام بە ڕێش هیچ عاقڵێك ڕەوا نەبوو ئەو پەنەی پێ بدرێ .

شوکریلفەزلی لەم جۆرە ڕوداوانە ترسابوو ، چونکە دەیزانی دەبنە هۆی تەفریقەو کارێکی ئەوتۆ دەکەن دیسان گلۆلەی کورد بکەوێتەوە لێژی . وێڕای ئەوە لە ناخی دڵەوە دەیویست شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزدا ڕێك‌بکەوێ ، ئەو بۆ خۆی ، وەك گوتمان ، زۆر باوەڕی‌بە پێشکەوتنی ژیاریی ئینگلیز بوو ، لەو کەسانەش بوو کە پێیان وابوو گەلانی ڕۆژهەڵات پێویستییان بە یارمەتی‌و چاودێریی ڕۆژئاوا هەیە . ئەم بۆچوونە بۆ ڕۆژگاری خۆی بۆ کەس نەئەبووە لەکە ، یا لادانێکی زەق لە ڕێبازی نیشتمانپەروەریی دروست ، بە تایبەتی بۆ یەکێکی وەك شوکریلفەزلیش کە هەمان کات سەرنجی ڕەخنەییی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا کەم نەبوو [٦٥] . ئەو دەیویست شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزیش‌دا ، کە زۆریان پێ‌کردبوو ، کای کۆن بە با نەکات . لە بواری سیاسەت‌دا چاوپۆشی لە ڕابردوو لە پێناوی داهاتوودا کارێکی ڕەواو گەلێك جار پێویستە .

بە لای زۆر کەسەوە شێخ مەحموود پەیڕەوی ڕاوێژی دڵسۆزانی وەك شوکریلفەزلی نەکرد بۆیەکا گوایە کاری خۆی‌و کوردی سەرەولێژ کرد . ئەحمەد بەگی صاحێبقڕان ( حەمدی ) کە جارەهای جار ئاوازی

ئازداری بۆ کوردو کوردستان گوتووەو لە ناو شێخی بەردەقارەمانپەیمانی دا «تا ڕۆژی قیامەت دەس لە ئەژنۆ بەرنەدا»و «سەر لە قوڕنێ بۆ سیادەت بە دلی غەمناکەوە» (٦٦)و کە دوای شکانی شێخ مەحموود لە شەڕی دەربەندی بازیاندا ناچار بوو لە ترسی ئینگلیز بۆ ماوەیەك خۆی لە چنارۆكو لە هەلەبجە بشارێتەوەو دوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود بووە وەزیری گومرگی حوکمەتەکەی (٦٧) . لە «وەلامی حەمدی بۆ شوکری»دا تۆبالی هەموو ڕووداوەکانی کوردستانی باشوورو کەوتنی ڕژێمەکەی شێخ مەحمودی خستۆتە ئەستۆی شێخەوە چونکە «بە خیلافی قسەی شوکری» کرد (٦٨) .

هەرچەندە ئەو جۆرە بۆچوونانە شایانی نرخاندنی بەرزن ، چونکە لە دەروونی خاوێنو دلسۆزەوە هەلقولاون ، بەلام ڕاستییەکەی تا ڕادەیەکی زۆر سەریان کردووەو نیشانەکانیان بە دروستی نەپێکاوە . کەس لاری لەوە نییە کە ڕژێمەکەی شێخ مەحموود لە کەمو کورتی بێبەش نەبوو ، بەلام ئەو کەمو کورتییانە نە هۆی ڕاستەقینە ، نە هۆی سەرەکیی کەوتنی ڕژێمەکەی نەبوون . ئەو کەمو کورتییانەش لە ئارادا نەبوونایە ڕژێمەکەی شێخ مەحموود هەر دەبوو بکەوێ ، چونکە مانیو بەو شێوازەی خۆیو کورد دەیانویست بۆ ئینگلیز دەستی نەئەدا . ئینگلیز شێخ مەحموودیان بۆ ئەوە هێنایەوە کە ببێتە داردەستیان بۆ بەرهەلستیکردنی کەمالییەکانو دابینکردنی باری شێواوی کوردستانو ئەوانەش بۆ خۆیان مەرجی پێویست بوون بۆ ئەوەی ویلایەتی موسلی بێ ئەندازە لە هەموو ڕوویەکەوە بایەخدار لە ناو خاکی عیراقداوبە دەست ئینگلیزەوە بمێنێتەوە .

ئەم باسە ئاو زۆر دەکێشێو مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارەمان نییە تا بکەوینە شیکردنەوەی لایەنە نەبینراوەکانیو دەرخستنی ناڕەوایی ئەم بیرۆڕا هەلە باوەی سەرنەگرتنی ئامانجەکانی کوردی عیراق بە هەلوێستی گوایەناحەزانەی شێخ مەحموودەوە بەرامبەر بە ئینگلیز دەبەستێتەوە ، لە

کاتێك‌دا شێخ مەحموود بە لای زوربەی هەرە زۆری مێژوونووسانی عەرەبەوە پیاوێکی ئەڵقە لە گوێی ئینگلیز بووەو وەك بووکە سەماکەرە بە بە پێی فەرمانی ئەوان هەڵپەڕیوە .

هەرچۆن بێ « دیاری »یەکەی شوکریلفەزلی بەرهەمێکی سیاسیی کەمهاوتایە لە دیوانی شیعری کوردیی‌نوێو هاوچەرخدا . زۆر بە داخەوە ڕووناکبیرانی کورد تاوەکو ئیستە حەقی تەواوی شوکریلفەزلی‌یان نەداوەتەوە هەرچەندە لەوەدا کە « بۆ هەردوو ڕەگەزی کوردو عەرەبی » وەفادار بووە [69] نموونەیەکی تەواو دەگمەن‌و لەوانەیە تاقانەو بێ‌هاوتا بێ ، کەچی پێچەوانەی ئەو حاڵەتە هێند زۆرە لە ژماردن نایەت . جەنابی ڕەصافی‌و زیاء گوێنگ‌ئالپی [70] هاوتەمەنی شوکریلفەزلی بە دڵ بەوە نیگەران دەبوون پێ‌یان بڵێن بە ڕەگەز کوردن .

زۆر بە داخەوە شوکریلفەزلی کەم ژیا ، لە تەمەنی چل‌و چوار ساڵی‌دا ڕۆژی سێ‌شەممەی یەکی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲۶ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد [71] . هەموو ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی بەغدا هەواڵی مردنیان بڵاوکردەوە [72] . گۆڤاری « لغة العرب »و ڕۆژنامەی « العراق »بەو بۆنەیەوە پوختەی ژیانیان وەك ڕۆژنامەنووس‌و ئەدیب‌و نووسەرێکی لێهاتوو بڵاوکردەوە [73] . ڕۆژی هەینی ، بیست‌و پێنجی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲۶ یانەی « التهذیب » لە بەغدا کۆڕێکی گەورەی ماتەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی شوکریلفەزلی‌یەوە بەست . لەو کۆڕەدا ژمارەیەك نووسەرو ئەدیبی ناسراوی وەك مەعرووف ڕەصافی‌و ڕوفائیل بطی‌و ڕەزوق عیساو تۆفیق سەمعانی‌و ئیبراهیم حیلمی العمر وتاریان خوێندۆتەوە [74] .

بە پێی گێڕانەوەی ڕۆژنامەی « العراق » شوکریلفەزلی دوای خۆی « یادداشت‌و لێکۆڵینەوە »ی بەجێ هێشتووەو داوای لە ئەدەب دۆستان‌و کەس‌و کارو هاوڕێ‌یانی کردووە بکەونە سۆراخی [75] . دوور نی‌یە ئەو بەرهەمانەی شوکریلفەزلی کەوتبنە لای زەهاوی‌یەکان ، چونکە خوشکی

شوکریلفەزلی هاوسەری جەمیل صدقی زەهاوی‌بووە .

تێبینی :

ئەم وتارەم تەواو کردبوو کاتێك ژمارە صەدو شەستو چواری سالی ١٩٩٠ ی گۆڤاری « بەیان » دەرچوو . لەو ژمارەیەدا وتارێکی ع . بەسۆز بە سەرناوی « دیوانی شوکری‌و تێبینی من »ەوە بلاوکراوەتەوە (ل٣٧ـ٣٩). برای نووسەر لەو وتارەی‌دا ژمارەیەك تێبینیی بەکەلکی دەربارەی شیعرەکانی شوکریلفەزلی بۆ تۆمارکردووین‌و ئەم بەیتە پەڕیوەی « دیاری »یەکەی بۆ هێناوینەوە :

غەرەز گەرای کرمەڕێژەو گەر بە هیمەت

لە سەبرو حیلم‌و سیاسەتا دەدا یا دەستێنێ نەکەی

بە پێی قسەی ع . بەسۆز ئەم بەیتە دەبێتە شەشەمین بەیتی قەسیدەکە کە بە بەیتی «شا وەکو شایەکی شەترنجە لە عالەم ئەمڕۆ» تـەواو دەبێ .

هیچ جۆرە گومانێك لەوەدا نی‌یە کـە شوکریلفەزلی ڕۆژی یـەکی خوزەیرانی سالی ١٩٢٦ کۆچی دوایی کردووە نەك سالی ١٩٢٨ وەك بەسۆز دەڵێ . هەروەها شوکریلفەزلی هیـچ کاتێك نەبۆتە ئەندامی پەرلەمان وەك مامۆستا مەلا نەجمەددین فەرموویەتی . تا شوکریلفەزلی لە ژیاندا بوو تەنها یەك جار هەلبژاردن بۆ ئەندامانی یەکەم دەورەی یەکەم ئەنجومەنی نوێنەران لە عیراقدا کـراو ڕۆژی شازدەی تـەمموزی سالی ١٩٢٥ بۆ یەکەم جار کۆبۆوە . شوکریلفەزلی ناوی لەو ئەنجومەنەدا نی‌یە ، نـاویشی لـە نـاو ئەندامانی ئەنجومەنی پیران»دا نی‌یە کە بیست کەس‌و فەیسەلی یەکەم بـۆ خۆی تەمموزی سالی ١٩٢٥ هەلیبژاردوون. پێم وایە شوکریلفەزلی کە لەو ڕۆژانەدا تووشی سیل بوو بوو باری تەندروستیی ڕێگەی ئەوەی نەئـەدا بچێتە ناوگێژاوی هەلبژاردن‌و هەراوبگری پەرلەوە .

# شكري الفضلي
## ملاحظات تاريخية

**ملخص المقال**


**الدكتور كمال مظهر احمد**

كلية الاداب ــ جامعة بغداد



يعد شكري الفضلي ( ١٨٨٢ ــ ١٩٣٦ ) ، الذي جمع في ذاته بين العرب من طرف امه والكرد من طرف ابيه ، حالة نادرة من حيث الخدمات الجليلة التي قدمها للصحافة الكردية من خلال إشرافه على جريدة « تيگه‌يشتنى‌ڕاستى » ( فهم الحقيقة ) ( بغداد ١ كانون الثاني ١٩١٨ ــ ٢٧ كانون الثاني ١٩١٩ ) ، وللادب الكردي من خلال قصائده الرائعة التي بلغ العديد منها الذروة شكلا ومضموناً ، وأخيراً من خلال ماقدمه للفكر السياسي الكردي .

يركز البحث بصورة خاصة على الموضوع الأخير ، ولاسيما على رائعته التي كتبها خصيصاً للشيخ محمود البرزنجي في )إيلول سنة ١٩٢٢، والتي شخص فيها بدقة العليم الفهيم سبل تخطي الظواهر السلبية التي كانت تكتنف الجو السياسي الكردي في تلك المرحلة الحاسمة بالنسبة لمصير الكرد العراقيين .

ومن أجل فهم ذلك الاحساس المدرك لشاعرنا المفكر كان لابد من توضيح خلفيته الثقافية ، ولاسيما الفكرية . ففي عز شبابه إطلع شكري الفضلي على الفكر الثوري الأوروبي ، وانضم الى الجناح الذى كان يعد راديكالياً في ظل الحكم العثماني يومئذ ، مما جعله «من المنظور اليهم بعيون مرتابة من صنائع السلطان عبدالحميد ، واعوان الظلم» على حد تعبير «لغة العرب» . وقد عرضه ذلك الى السجن والتشريد .

ومثل اي مثقف ثوري في عهده رحب شكري الفضلي بثورة الاتحاديين في العام ١٩٠٨ بحرارة ، وذلك ثقة منه بعهود قادتها ، ووعودهم التي قطعوها على انفسهم قبل ان يتسنموا السلطة • وقد بلغ حماسه للاتحاديين في البداية حد ان عدته «صدى بابل» «ركنهم الأكبر في حاضرتنا» ، وحد ان رشحته صحيفتا «المصباح الأغر» و «بين النهرين» لعضوية «مجلس المبعوثان» • ولكن الفضلي ما أن وقف على نوايا الاتحاديين ومراميهم الحقيقية حتى انتقل بالحماس نفسه الى الخندق المعادي لهم ، مما جعله جديراً برئاسة فرع حزب « الحرية والائتلاف » المعارض من جهة ، وعرضة لملاحقة الاتحاديين من جهة أخرى •

وبما ان الفضلي كان من النوع المتفاعل مع الظواهر بحكم ثقافته وادراكه ، فقد تمكن من خضم تلك الأحداث المتلاحقة من ان يقف على العديد من قوانين السياسة وفنونها وقيمها غير المرئية ، فاذا به يبرز على صفحات «تيگەيشتنی ڕاستی» موجها ، وناصحا من نوع لم يألفه الكرد من قبل • ثم تجلى كل ذلك في قصيدته المذكورة التي يعد كل بيت من أبياتها حكمة في السياسة بمقياسي الزمان والمكان ، فلا غرو ان جعلته جديراً بموقع متميز في ديوان الشعر السياسي الكردي •

* * *

## پەراوێز :

(١) رفائيل بطي ، شكري الفضلي (٨٢ ١ ـ ١٩٢٦) ، ـ «لغة العرب» ( مجلة ) ، بغداد ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٢ ؛ خيرالدين الزركلي ، الاعلام ، الجزء الثالث ، بيروت ، بلا ، ص ٢٥٠ .

(٢) بە وێنە بڕوانە :
عبدالله الجبوري ، شكري الفضلي ، ـ « البلد » (جريدة) ، بغداد ، ٥ مايس ١٩٦٦ .

(٣) کەمال مەزهەر ، تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌دا ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٠٨ .

(٤) عبدالرزاق الحسني ، تاريخ الصحافة العراقية ، الطبعة الثالثه ، بغداد ، ١٩٧١ ، ص ٧٥ .

(٥) لە « تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌دا» بەدرێژی باسی ئەوەمان کردووە کە شوکریلفەزلی‌و مێجەر سۆنی بەناوبانگ دەستەی نووسەرو کارگێڕانی ئەو ڕۆژنامەیە بوون (بڕوانە ل ١٠٣ ـ ١١١). لەم ماوەی دوایی‌بەدا تەواو قەناعەتمان بەوە هێناوە کە شوکریلفەزلی نووسەرو بەڕێوەبەری سەرەکیی « تێگەیشتنی ڕاستی » بووە .

(٦) « تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە حەڤدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

(٧) علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٥٩٥ .

(٨) حەمە بۆر ، شكري الفضلي الشاعر الذي كتب للعرب والإكراد ، «العراق» ( جريدة ) ، بغداد ، ١٨ اب ١٩٧٧ .

(٩) « لغة العرب » ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٣ والجزء الثاني من السنة الرابعة ، اب ١٩٢ ، ص ٧٨ .

(١٠) « لغة العرب » ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٣ ـ ٢٤ .

(١١) بڕوانە :
« دیوانی شێخ ڕضای طاڵەبانی» ، کۆکەرو چاپکەری علی الطالبانی ، بەغا، ١٩٤٦ ، ل ٤٠ ؛ عەبدوللا عەزیز خالد ( ئاگرین ) ، شوکری فەزلی شاعیرێکی سیاسی‌و نەتەوەیی کوردە ١٨٨٢ ـ ١٩٢٦ ، بەغدا ، ١٩٨٨ ، ل ١ ـ ٩٦ .

(١٢) « العراق » ، العدد ١٨٥٣ ، ٣ حزيران ١٩٢٦ ؛ «لغة العرب» الجزء الثاني من السنة الرابعة ، اب ١٩٢٦ ، ص ٧٨ .

(١٣) مامۆستا مەلا نەجمەددین وای بۆ چووە کە شوکریلفەزلی دەوروبەری ٣٠ ساڵ لە ناو کوردەواری‌دا ژیاوە . پێم وایە ئەم ژمارەیە لە بیستن‌و خەملینەوە هاتبێ ، ئەگینا لێکدانەوەی قووڵی ڕەوتی ژیانی شوکریلفەزلی وای نیشان دەدات ئەو ڕووناکبیرەمان گەلێك لەو ماوەیە کەمتر لە ناو خاکی کوردستان‌دا ژیاوە . دەربارەی ئەو بۆچوونەی مامۆستا مەلا نەجمەددین بڕوانە : ئاگرین ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٥ ــ ٢٦ . خاوەنی ئەم بەرهەمە بۆ خۆیشی هەر وای بۆ چووە کە شوکریلفەزلی ٣٠ ساڵ لە ناو کوردەواری‌دا ژیاوە .

(١٤) «لغة العرب» ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٢ ؛ عبدالله الجبوري ، من شعرائنا المنسيين ، بغداد ، ١٩٦٦ ، ص ١٣٨ .

(١٥) مير بصري ، اعلام اليقظة الفكرية في العراق الحديث ، الجزء الاول ، بغداد ، بلا ، ص ١٤٥ .

(١٦) دیدەنی لەگەڵ عەبدولڕەزاق حەسەنی ، ڕۆژی بیست‌و حەوتی نیسانی ساڵی ١٩٩٠ .

(١٧) « لغة العرب » ، الجزء الثاني من السنة الرابعة ، اب ١٩٢٦ ، ص ٧٣ ــ ٧٤ .

(١٨) شایانی باسە جەمیل صدقی زەهاوی‌و ڕەصافی ، کە هەردووکیان دوو شاعیری بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارەن‌و بە ڕەگەز کوردن ، لەو کەسانە بوون کە بە گەرمی پێشوازیی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ یان کردووە .

(١٩) بڕوانە :
« المقتطف » ( مجلة ) ، القاهرة ، المجلد الثالث والثلاثون ، اكتوبر ١٩٠٨ ، ص ٨١٣ .

(٢٠) ڕاستیەکەی ڕۆژی ٢٣ی تەمموزە نەك ١٠ی تەمموز .

(٢١) «ثورة العرب . مقدماتها ، اسبابها ، نتائجها» ، بقلم احد اعضاء الجمعيات العربية ، طبع في مطبعة المقطم في مصر ، ١٩١ ، ص ٤٩ . دانەری ئەم کتێبە ئەسعەد داغری خەڵکی شامە کە ناحەزی ئیتیحادی‌یەکان‌و یەکێك لە ڕاوێژکارە نزیکەکانی مەلیك فەیسەڵی یەکەم بووە .

(٢٢) لە پاییزی ساڵی ١٩٠٨وە ناوی بووە «پارتی یەکیەتی‌و پێشکەوتن» .

(٢٣) دەربارەی هەڵوەستی شوکریلفەزلی بەرامبەر شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ لە سەرەتادا بڕوانە :

الدكتور غسان العطية، التنظيم الحزبي في العراق قبل الحرب العالمية الاولى ، «دراسات عربية» (مجلة) ، بيروت ، العدد الثاني عشر، تشرين الاول ١٩٧٢ ، ص ٢٨ .

(٢٤) جورج انطونيوس ، يقظة العرب . تاريخ حركة العرب القومية ، ترجمة الدكتور ناصر الدين الاسد والدكتور احسان عباس ، الطبعة الرابعة، بيروت ، ١٩٧٤ ، ص ١٧٦ ـ ١٧٧ .

(٢٥) دوو ڕۆژنامەی بەناوبانگی ڕۆژگاری ئیتتحادی‌یەکان، هەردووکیان لەبەغدا چاپ دەبوون . «بين النهرين» بە عەرەبی و تورکی بوو ، ژمارەی یەکەمی ڕۆژی شەشی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٩دەرچوو ، سێ ساڵ ژیا . ژمارە یەکی «المصباح الأغر» ڕۆژی چواردەی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩١١ دەرچوو ، تا هەلگیرسانی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهان مابەوە ، ئەمیان هەر بە عەرەبی بوو .

(٢٦) بڕوانە :
«صدى بابل» (جريدة) ، بغداد ، العدد ١١٩ ، ٢٨ كانون الثاني ١٩١٢ .

(٢٧) « لغة العرب » ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٣ .

( ٢) عبدالرزاق الحسني ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٣ ـ ٦٤ .

(٢٩) بە وێنە بڕوانە :
« لغة العرب » ، الجزء الخامس من السنة الثالثة ، تشرين الثاني ١٩١٣ ، ص ٢٣٤ ـ ٢٤٢ والجزء السادس من السنة الثالثة ، تشرين الثاني ١٩١٣ ، ص ٣٠٧ ـ ٣١٣ .

(٣٠) بۆ درێژەی ئەو باسە بڕوانە :
« ثورة العرب . مقدماتها ، اسبابها ، نتائجها » ، ص ٣٢ ـ ٣٣ ، ٤٩ ـ ٥١ ، ١٣٨ ـ ١٥٩ وگیرها .

(٣١) « الأخبار » (جريدة) ، بغداد ، العدد ٤٢٣ ، ٢٣ حزيران ١٩٣١ .

(٣٢) «صدى بابل» ، العدد ١١٩ ، ٢٨ كانون الثاني ١٩١٢ .

(٣٣) «صدى بابل» ، العدد ١٢٩ ، ٧ نيسان ١٩١٢ .

(٣٤) بۆ درێژەی ئەم باسانە بڕوانە :

(٣٥)

A. F. Miller, Kratkaya Istoria Turtsii, Moscow, 1948, PP. 132 - 138.

Ibid, PP. 138 - 139, 283 .

A. F. Miller, Op. Cit., PP. 138 - 139.

Foreign Office, 371/6347, G. H. Q., Constantinoples, C. A. F / October 4, 1921.

(٣٦) ئەحمەد جەمال پاشا ساڵانی ١٩١١ ــ ١٩١٢ والیی بەغدا بوو ، دوایی بووە حاکمی ئەستەموولو ساڵی ١٩١٣ کرایە وەزیری دەریاو لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهاندا دەستەیەك نیشتمانپەروەری لە دیمەشقو بێرووت کرد بە سێدارەداو لەوساوە نازناوی ( جمال باشا السفاح ــ جەمال پاشای خوێنڕێژی بە باڵا بڕدرا .

(٣٧) باوکی غازی داغستانی‌یە کە یەکێك بوو لە ئەفسەرە گەورە هەرە بەناوبانگەکانی لەشکری عیراقی لە دوا قۆناغی ڕژێمی پاشایەتی‌دا . شایانی باسە غازی داغستانی یەکێك بوو لەو کەسە کەمانەی لەبەر دەم «دادگەی گەل»دا خۆیان ڕاگرتو ورەیان بەر نەدا ، هەڵبەت گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ .

(٣٨) کامیل طەبقچەلی یەکێك بوو لە ڕابەرە کەللە ڕەقەکانی لقی پارتی «سەربەستی‌و یەکبوون» لە بەغداو بە خوێنی سەری ئیتتیحادی‌یەکان تینووبوو . لە مەحموود شەوکەت پاشا کوژرا بە بروسکە پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی‌و لە بارەگای پارتی بەو بۆنەیەوە کردی‌یە جلووس‌و دەهۆڵو زوڕنا .

(٣٩) بە پێی سەرچاوەی‌تر یەك ڕۆژ لە بەندیخانەدا ماوەتەوە .
بڕوانە : « لغة العرب » ، الجزء الثاني من السنة الرابعة ، اب ١٩٢٦ ، ص ٧٤ .

(٤٠) بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە :
« ابراهيم صالح شكر . حياته وآثاره » ، اعداد عبدالحميد الرشودي وخالد محسن اسماعيل وجميل الجبوري ، بغداد ، ١٩٧٨ ، ص ٤٥٩ ــ ٤٦٤ .

(٤١) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٦٤ . لە کتێبخانەی تایبەتیی (خضر العباسي)دا دوو دانە لە ڕۆژنامەی « الزهور » هەیە . بڕوانە : زاهدة ابراهيم ، دليل الجرائد والمجلات العراقية ١٨٦٩ ــ ١٩٨٧ ، الطبعة الثانية ، بغداد ، ١٩٨٢ ، ص ١٢٣ .

(٤٢) « لغة العرب » ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٣ والجزء الثاني من السنة الرابعة ، اب ١٩٢٦ ، ص ٧٤ .

(٤٣) A. F. Miller, Op. cit, PP. 138 — 139.

(٤٤) وەك زەهاوی‌و ئەنستاس ماری کەرمەلی‌و کازم دوجەیلی‌و عەبدولحسەین ئەلئەزری‌و عەتا ئەمین‌و محەمەد مەهدی بەصیر‌و عەبدولڕەحمان بەنناو گەلێکی تر .

(٤٥) ژمارەی یەکەمی « العرب » ڕۆژی چواری تەمموزی ساڵی ١٩١٧ لـە بەغـدا دەرچوو .

(٤٦) ژمارەی یەکەمی « ایران » ڕۆژی سێ شەممەی ١٨ی ( ربیع الاول )ی ١٣٣٦ی کۆچی ، یەکی کانوونی دووەمی ١٩١٨ی عیسایی لە بەغـدا دەرچوو . لەبەر ئەوەی ئێران بە ڕەسمی لە شەڕی یەکەمی جیهان‌دا بەشدار نەبوو ئینگلیزەکان عیراقیان کردە بنکەی پڕۆپاگەندەی خۆیـان لە ئێران ، چونکە لە ناو خاکی ئەو وڵاتە خۆی‌دا ، کە زۆربان مەبەست بوو ، مەودای تەواوی ئەو کارەیـان نـەبوو . «ایران»ڕۆژنامەیەکی حەفتەیی بوو ، بە دوو لاپەڕە دەرئەچوو .

(٤٧) تا ئێستە کەس باسی ڕۆژو ساڵی دەرچوونی نەکردووە . زیـاتر لـە پەخشـەی دەکرد وەك لە ڕۆژنـامە . دەربارەی «ایران»و «ظفر عراق» عەبدولڕەزاق الحسني نووسیوی‌یە دەڵێ «دوو پەخشە بوون بەزمانی فارسی دەردەچوون ، ئەدیبی کوردی نـاسراو شوکریلفەزلی تێیان‌دا دەینووسی» . بڕوانە : عبدالرزاق الحسني ، سەرچاوەی ناوبراو ،ل ٧٥ .

(٤٨) ژمارەی یەکەمی ئەمیشیان ڕۆژی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە بەغدا دەرچوو .

(٤٩) برای شاعیر ئاگرین سەرناوی «دیـاری»ی بۆ ئەو قەسیدە ناوازەیەی شوکریلفەزلی پێشنیار کردووە کە کاتی خـۆی بۆ شێخ مەحموودی گوتووە . دوایی بە درێژی دێینەوە سەر ئەم باسە . بڕوانە : ئاگرین ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٠ ، ٣٣ .

(٥٠) « تێگەیشتنی ڕاستی » ، ژمارە یەك ، ای کانوونی دووەمی ١٩١٨ .

(٥١) کەمال مەزهەر ، سەرچاوەی ناوبراو ، ١٤ .

(٥٢) «تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە دووو سیازدەو بیست‌و یەك‌و بیسـت‌و هەشت‌و بیست‌و نۆ ، ٥ی ١٢و ٢٨ی کانوونی دووەم ١٢ای شوبـات‌و ٢٥ی مارت‌و ١٣و٢٨ی مایسی ١٩١٨و گەلێکی تر .

(٥٣) «تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە بیست‌و پێنج ، ٢٢ی نیسانی ١٩١٨ .

(٥٤) ژمارە یەکی «تێگەیشتنی ڕاستی» ، وەك وتمان ، ڕۆژی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨و دوا ژمارەشی ڕۆژی بیست‌و حەوتی کانـوونی

دووەمی ساڵی ١٩١٩ دەرچووە ، واتە هەمووی بەسەر یەکەوە ساڵێك‌و بیست‌و شەش ڕۆژ ژیاوەو شەست‌و حەوت ژمارەی لێ چاپ بووە .

(٥٥) ئاگرین ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٣ .

(٥٦) شكري الفضلي ، الكرد الحاليون ، ــ « لغة العرب » ، الجزء الخامس من السنة الثالثة ، تشرين الثاني ١٩١٣ ، ص ٢٣٤ ــ ٢٤٢ ؛ الجزء السادس من السنة الثالثة ، تشرين الثاني ١٩١٣ ، ص ٣٠٧ ــ ٣١٣ .

(٥٧) «تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە هەژدە ، ٢ی مارتی ١٩١٨ .

(٥٨) بەو پێیە دەتوانین مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٢ بکەینە مێژووی دانانی ئەو شیعرەی شوکریلفەزڵی . سەرچاوە هەن هەر زوو ساڵی ١٩٢٢یان بۆ کاتی وتنی ئەم شیعرە داناوە ( بڕوانە : « دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ صاحبقران » بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ٣٩٠ ) . پێم وایە ئاگرین بە هەڵەدا چووە کە ١٩٢٣ی کردۆتە ساڵی دانانی ئەو شیعرە ( بڕوانە لاپەڕە ٢٨ و ٢٩ی کتێبەکەی ) .

(٥٩) بە پێی گێڕانەوەی عەلی کەمال باپیری شاعیر شوکریلفەزڵی لە بەغدا چۆتە خزمەت شێخ مەحموودو قەسیدەکەی پێشکەش کردووەو پێی گوتووە « ئا ئەم هەڵبەستە ئاڵ‌و گۆڕ بکە». بڕوانە : ئاگرین ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٩ .

(٦٠) گەلێك جار دەقی ئەم قەسیدەیە، یا بەیتەکانی جیا جیا لە گۆڤارو ڕۆژنامەو بەرهەمە ئەدەبی‌یە کوردی‌یەکاندا بڵاوکراوەتەوە .

(٦١) هەڵسەنگاندنی «دیاری» لە ڕووی ئەدەبی‌یەوە کاری شارەزایانی ئەدەبە . ئاگرین بەشێکی زۆری بەرهەمەکەی خۆی دەربارەی شوکریلفەزڵی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە ( لە لاپەڕە ٢٩وە تا وەکو لاپەڕە ٤٥ ) .

(٦٢) بڕوانە :
« بانگ کردستان » ، سلێمانی ، ژمارە ٧ ، ٣٠ محرم ١٣٤١ ، ٢٢ ایلول ١٩٢٢ .

(٦٣) « بانگ کردستان » ، ژمارە ٦ ، ٢٦ محرم ١٣٤١ ، ١٨ ایلول ١٩٢٢ .

(٦٤) مستەفا باشا یاموڵکی لە ئەستەموولەوە پێوەندیی نزیکی لەگەڵ ئینگلیزدا پەیدا کردبوو ، کە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە لە بەغدا چەند جارێك دیدەنیی تایبەتیی لەگەڵ مەلیك فەیسەڵی یەکەم‌و نوێنەری باڵای بەریتانیدا کرد . بڕوانە :

(٦٥) روفائیل بطي لەم بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێ : « کان يتبرم من الغرب

وسطوته المادية » . بڕوانه : « لغة العرب » ، الجزء الثاني من السنة الرابعة ، اب ١٩٢٦ ، ص ٧٦ .

(٦٦) به کەمێك دەسکاری‌یەوە لەو قەسیدەیەی وەرگیراوە کە بە بۆنەی « جەنگی دەربەندی بازیان »ەوە گوتوویە ، ئەو شەڕە گەورەیەی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ لە نێوان هێزەکانی شێخ مەحمودو ئینگلیزدا قەوما . بڕوانە :
«دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ صاحبقران» ، لە ژێر چاودێری جەمال خزنەدار لە چاپ دراوە ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ٣٨ ــ ٤٠ .

(٦٧) «بانگ کردستان» ، ژمارە ١ ، ٢٣ صفر ١٣٤١ ، ١٥ تشرین اول ١٩٢٢ . وەزیرەکانی ئەو ڕژێمەی شێخ مەحمود تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ دایمەزراند ( رئیس )یان پێ دەگوتن .

(٦٨) بۆ دەقی « وەڵامی حەمدی بۆ شوکری » بڕوانە :
« دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ صاحبقران» ، ل ٣٩١ ــ ٣٩٢ .

(٦٩) حەمە بۆر ، شکری الفضلي الشاعر الذي کتب للعرب والاکراد ، . «العراق» ، ١٨ اب ١٩٧٩ .

(٧٠) زیاء گۆك ئاڵپ کە بە گەورەترین فەیلەسوفی نەتەوەیی تورك ناسراوە بە ڕەگەز کوردو خەڵکی دیاربەکر بووە . ناحەزانی ، دەستیان خۆش ، زۆر جار بە تەوسەوە پەلاری ئەو ناکەس‌بەچەیی‌یەیان تێ گرتووە .

(٧١) «العراق» ، العدد ١٥٢ ، ٢ حزيران ١٩٢٦ .

(٧٢) «العالم العربي» ، العدد ٦٧٦ ، ٣ حزيران ١٩٢٦ .

(٧٣) رفائيل بطي ، شكري الفضلي ، ــ «لغة العرب» ، الجزءان الاول والثاني من السنة الرابعة ، تموز واب ١٩٢٦ ؛ «شكري الفضلي . حق الادب وحق الولاء » ، ــ «العراق» ، العدد ١٨٥٣ ، ٢ حزيران ١٩٢٦ .

(٧٤) «العلم العربي» ، العدد ٦٩٥ ، ٢٥ حزيران ١٩٢٦ ؛ «العراق» ، العدد ١٨٧٢ ، ٢٦ حزيران ١٩٢٦ .

(٧٥) «العراق» ، العدد ١٨٥٣ ، ٢ حزيران ١٩٢٦ .

# ڕێزمانی ڕاناو لە
# کرمـــانجیی ژووروودا

د . وریا عمر امین
بەشی کوردی ـ زانکۆی بەغداد

زۆربەی ئەوانـــەی کە لـــە ڕووی ســـینتاکسی‌یەوە لە ڕانـــاوەکانی کرمانجیی ژووروویان کۆڵیوەتەوە، سنووری شی‌کردنەوەکانیـــان لە دەوری بکەریی ئەم‌ڕاناوانە ڕەت‌نەبووەو سروشتی پێوەندی‌یان بە بەشـــەکان تری ڕستەوە دەست‌نیشان نەکردووە، بۆیە کەم‌رکوڕی‌یـــەکی زۆر کەوتۆتـــە بۆ چوونو ئەو یاسایانەی دایان ڕشتوون .

ئەوەی لەم بارەیەوە وترابێ لە چوارچێوەی ئەوە دەرناچێ کە دەڵێ :

لە کرمانجیی ژووروودا دوو دەستە ڕاناوی جوداو یەك دەستە ڕاناوی لکاو هەیە وەك لەم وێنەیەدا بەپێی کەس‌و ژمارە ڕوون‌کراوەتەوە [1] :

| ژمارە | کەس | ڕاناوی جودا ١ | ڕاناوی جودا ٢ | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| تـاك | ١ | من | ئەز | م |
| | ٢ | تـە | تـو | ی |
| | ٣ | وی/وێ | ئەو | ـ،ت/ەت |
| کۆ | ١ | مە | ئەم | ین |
| | ٢ | وە | هوون | ن |
| | ٢ | وان | ئەو | ن |

دەستەی یەکەم لەگەڵ فرمانی تێپەڕ لە ڕابردوودا دەردەکەوێ • لـەم حاڵەتەدا فرمان لکاو وەرناگرێ • نموونەکانیشیان لەم بابەتەیە :

**من کر**
**تە کر**
**وی وێ کر**
**مە کر**
**وە کر**
**وان کر**

دەستەی دووەم لەگەڵ تێنەپەڕی ڕابردووو تێپەڕو تێنەپەڕی داهاتوودا دەردکەوێ • لەم حاڵەتەدا فرمان ڕاناوی لکاو وەردەگرێ وەك :

| | | |
|---|---|---|
| **تێنەپەڕی ڕابردوو** | **تێپەڕی داهاتوو** | **تێنەپەڕی داهاتوو** |
| **ئەز نڤستم** | **ئەز دکەم** | **ئەز دنڤم** |
| **تو نڤستی** | **تو دکەی** | **تو دنڤی** |
| **ئەو نڤست** | **ئەو دکەت** | **ئەو دنڤیت** |
| **ئەم نڤستین** | **ئەم دکەین** | **ئەم دنڤین** |
| **هوون نڤستن** | **هوون دکەن** | **هوون دنڤن** |
| **ئەو نڤستن** | **ئەو دکەن** | **ئەو دنڤن ]** |

شیکردنەوە دەری دەخات کـە زۆر لایەنی تر هەن لەبارەی ئەرك‌و چۆنیەتیی دەرکەوتـن‌و کارکردنی ئـەم ڕاناوانە باس‌نەکراون• ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ دەست نیشان‌کردنی هەندێ لەو لایەنانە •

بۆ ڕوون‌کردنەوەی چۆنیەتیی دەرکەوتن‌و ئەرك‌و پێوەندیی ڕاناوەکان بە بەشەکانی تری ڕستەوە سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بـکە کە بەشە بنچی‌یەکانیان (بکەر ـ بەرکار ـ بەرکاری ناڕاستەوخۆ ••••هتد) بەڕاناو دەربڕاون :

( ا ) ١ ـ **ئەز دنڤم**
٢ ـ **تو دنڤی**
٣ ـ **ئەو دنڤیت**
٤ ـ **ئەم دنڤین**
٥ ـ **هوون دنڤن**
٦ ـ **ئەو دنڤن**

( ب ) ١ ـ ئەز دبینم
٢ ـ تو دبینی
٣ ـ ئەو دبینیت
٤ ـ ئەم دبینین
٥ ـ هوون دبینن
٦ ـ ئەو دبینن

( ج ) ١ ـ ئەز تە دبینم
٢ ـ تو من دبینی
٣ ـ ئەو ڤی دبینیت
٤ ـ ئەم وە دبینین
٥ ـ هوون مە دبینن
٦ ـ ئەو وان دبینن

( د ) ١ ـ ئەز تە ژبۆ ڤی دهنێرم
٢ ـ تو من ژبۆ وان دهنێری
٣ ـ ئەو ڤێ ژبۆ من دهنێریت
٤ ـ ئەم وان ژبۆ تە دهنێرین
٥ ـ هوون ڤی ژبۆ مە دهنێرن
٦ ـ ئەو مە ژبۆ وە دهنێرن

( هـ ) ١ ـ ئەز تە دبینم
تو دهێیە دیتن
٢ ـ تو من دبینی
ئەز دهێمە دیتن
٣ ـ ئەو ڤێ دبینیت
ئەو دهێتـە دیتن
٤ ـ ئەم وە دبینین
هوون دهێنە دیتن
٥ ـ هوون مە دبینن
ئەم دهێینە دیتن
٦ ـ ئەو وان دبینن
ئەو دهێنە دیتن .

( و ) ١ ـ ئەڤـە کچـا منە
٢ ـ ئەڤە کورێ تەیـە
٣ ـ ئەڤە دایـکا ڤێیـە
٤ ـ ئەڤە خوشـکا مەیـە
٥ ـ ئەڤە برایێ وەیـە
٦ ـ ئەڤە کچـا وانـە

ئەم ڕستانەی سەرەوە فرمانەکانیان هەموو لە کاتی داهاتوودایە •

لە (ا)دا فرمان تێنەپەڕە •• بکەرو فرمان لە کەس و ژمارەدا ڕێك کەوتوون[٢]• واتا فرمان ڕاناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی بکەری وەرگرتووە •

لە (ب)دا فرمان تێپەڕە • وەك (ا) بکەرو فرمان لە کەس و ژمارەدا ڕێك کەوتوون •

لە(ج)دا بەرکاری ڕاستەوخۆ دەرکەوتووە • ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ، ئەو ڕاناوانەی کە بۆ دەوری بەرکاری دەرکەوتن سەر بە دەستەیێکی ترن و جیان لە وانەی کە بۆ دەوری بکەری دەرکەوتوون •

لە ( د )دا بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەرکەوتووە • ئەو ڕاناوانەی کە ئەم دەورە دەبینن هەر ئەوانەن کە دەوری بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینن •

لە ( هـ )دا ڕستەکان کراونەتە بکەر نادیار[٣]• ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ، کە ڕستەکان گوێزرانەوە بکەر نادیار ئەو ڕاناوانەی دەوری بەرکاریی دەبینن بە ڕاناوی بەرامبەری دەستەکەی تریان جێگیرکران •

لە ( و )دا دەستەی (من ـ تە ـ وی••• هتد) لە حاڵەتی ئیزافەو هەبیدا دەرکەوتووە •

* * *

ئیستا سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە کە کاتی فرمانەکانیان لە ڕابردوودایەو ئنجا لەگەڵ ئەوانەی سەرەوە بەراووردیان بکە •

**( ز )**
**١ ـ ئەز نقستم**
**٢ ـ تو نقستی**
**٣ ـ ئەو نقست**
**٤ ـ ئەم نقستین**
**٥ ـ هوون نقستن**
**٦ ـ ئەو نقستی**

(ح) ١ ــ من ديت
٢ ــ ته ديت
٣ ــ وى / وێ ديت
٤ ــ مه ديت
٦ ــ وان ديت

(ط) ١ ــ من تو ديتى
٢ ــ ته ئەز ديتم
٣ ــ وى ئەو ديت
٤ ــ مه هوون ديتن
٥ ــ وه ئەم ديتين
٦ ــ وان ئەو ديتين

(ى) ١ ــ من تو ژبۆ وى هنارتى
٢ ــ ته ئەز ژبۆ وان هنارتم
٣ ــ وى ئەو ژبۆ مه هنارت
٤ ــ مه هوون ژبۆوى هنارتن
٥ ــ وه ئەم ژبۆ وى هنارتين
٦ ــ وان ئەو ژبۆ وه هنارتن

(ك) ١ ــ من تو ديتى
تو هاتى‌يه ديتن
٢ ــ ته ئەز ديتم
ئەز هاتمه ديتن
٣ ــ وى ئەو ديت
ئەو هاته ديتن
٤ ــ مه هوون ديتن
هوون هاتنه ديتن
٥ ــ وه ئەم ديتين
ئەم هاتينه ديتن
٦ ــ وان ئەو ديتن
ئەو هاتنه ديتن

(ل) ١ ــ ئەڤه خوشكا من بى
٢ ــ ئەڤه كورێ ته بى
٣ ــ ئەڤه دايكا وێ بى
٤ ــ ئەڤه برايێ مه بى
٥ ــ ئەڤه كچا وه بى
٦ ــ ئەڤه جابێ وان بى

لەم ڕستانەی سەرەوە کە کاتی فرمانەکانیان هەموو لە ڕابردوودایە :

لە ( ز )دا فرمان تێنەپەڕە ، بـکەر لەگەڵ فرمانـا لە کەس و ژمـارەدا ڕێككەوتووە .

لە ( ح )دا فرمان تێپەڕە ئەو دەستە ڕاناوەی وەك بکەر دەرکەوتـووە جیـایە لـەوەی لـە ( ز )داو ئەوەیـە کـە بـۆ دەوری بــەرکاری لەگەڵ فرمانی کات داهاتوو دەرکەوت [ سەیری ( ح ) بکە ] .

لە ( ط )دا بـەرکار دەرکەوتووە .. ئەو ڕاناوانـەی بۆ ئـەم دەورە دەرکەوتوون ئەوانەن کە بۆ دەوری بکەری دەرکەوتن لەگەڵ فرمانی کـات داهاتووی تێپەڕدا :

[ سەیری (ب) و (ح) بکە ] .

لە (ی)دا بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەرکەوتووە . ئەو دەستەیەی ئـەم دەورەیان بینیووە هەر ئەمانەن کە هەمـان دەوریـان لەگەڵ فرمـانی کات داهاتوودا بینی [ سەیری ( د ) بکە ] .

لە (ك)دا ڕستەکان کراونەتە بکەر نادیار . ئـەو ڕانـاوانەی دەوری بەرکاری‌یان بینیووە بە ڕاناوی بەرامبەریان لە دەستەکەی تر جێگیر نەکراون وەك ئەوەی لەگەڵ کاتی داهاتوودا ڕووی‌دا . [ سەیری (م) بکە ] .

لە ( ل ) دەستەی ( من ــ تە ــ وی...هتد ) لـە حـاڵەتی ئیزافـەو هەیی‌دا دەرکەوتووە... وەك کاتی داهاتووە [ سەیری ( و ) بکە ] .

* * *

بە بەراووردکردنی ئەم ڕستانەی سەرەوە کە کاتی فرمانەکانیان لـە ڕابردوودایە لەگەڵ ئەوانەی پێشوو کە کاتی فرمانەکانیان لە داهاتوودایـە دەردەکەوێ :

١ ــ ئەگەر فرمان تێنەپەڕ بێ ... هەمیشە دەستەی دووەم ( ئەز ــ تو ــ ئەو ــ ئەم ــ هوون ــ ئەو ) وەك بکەر دەردەکەوێ .

٢ ــ ئەگەر فرمان تێپەڕ بێ :

ا ــ دەستەی یەکەم ( من ــ تە ــ وی/وێ ــ مە وە ــ وان ) دەوری بکەری لە ڕابردووو دەوری بەرکاری لە داهاتوودا دەبینێ .

ب ــ دەستەی دووەم ( ئەز ــ تو ــ ئەو ــ ئەم ــ هوون ــ ئەو ) دەوری بکەری لە داهاتووداو دەوری بەرکاری لە ڕابردوودا دەبینێ .

( ا ) و (ب) لەم وێنەیەدا ڕوونکراونەتەوە :

بەرکار ٢ بکەر

ڕابردوو داهاتوو

بکەر ١ بەرکار

٣ ــ هەمیشە دەستەی یەکەم بۆ دەوری بەرکاری ئاراستەوخۆو ئیزافەو هەیی دەردەکەوێ .

٤ ــ فرمان هەمیشە لەگەڵ دەستەی دووەم لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەوێ . واتا ئەگەر دەستەی دووەم دەوری بکەریی بینی فرمان لەگەڵ بکەردا ڕێکدەکەوێ . ئەگەر دەوری بەرکاریی بینی فرمان لەگەڵ بەرکارا ڕێکدەکەوێ .

دەوری ڕاناوە جوداکان دەشێ لەم وێنەیەدا ڕوونبکرێتەوە .

| | | بکەر | بەرکار | هەموو حاڵەتێکی تر |
|---|---|---|---|---|
| ڕابردوو | تێپەڕ | ١ | ٢ | ١ |
| | تێنەپەڕ | ٢ | ــ | |
| داهاتوو | تێپەڕ | ٢ | ١ | |
| | تێنەپەڕ | ١ | | |

## ئەنجام

١ ـ ئەگەر بکەرو بەرکاری ڕستە بە ڕاناو دەربڕاین بە گۆڕینی کاتی فرمانی ڕستە لە ڕابردووەوە بۆ داهاتوو یا بە پێچەوانەوە :

ا ـ دەبێ دەستەی ڕاناوەکان ئاڵوگۆڕ بکرێ .. واتا ئەگەر بکەر یا بەرکار سەر بە دەستەی یەکەم بێ ، دەبێ بگۆڕێ بە ڕاناوی بەرامبەری دەستەی دووەمو بەپێچەوانەوە .

ب ـ دەبێ ڕێکەوتن لەگەڵ فرمانا لە نێوان بکەرو بەرکاردا ئاڵوگۆڕ بکرێت . واتا ئەگەر ڕێکەوتن لەنێوان بکەرو فرماندا بوو.. دەبێ بکرێتە نێوان بەرکارو فرمان بە پێچەوانەوە .

داهاتوو

| | | |
|---|---|---|
| (٢) | (١) | |
| بکەر | بەرکار | فرمان ـ ڕاناوی لکاو |
| (١) | (٢) | |

ڕابردوو

وەك لە ڕستەی :

ئەز تە دبینم

(ئەز) بکەرە سەر بە دەستەی دووەمە .
(تە) بەرکارە سەر بە دەستەی یەکەمە .

کاتی فرمانەکەی داهاتووە . لەگەڵ بکەردا لە کەس‌و ژمارەدا ڕێككەوتووە . ئەگەر کاتەکەی بکرێ بە ڕابردوو :

١ ـ (من) (تە) دەبینە
٢ ـ (تو) (تە) دەبینە

٣ ـ فرمان لەگەڵ بەرکاردا ڕێكدەکەوێ‌و ڕاناوێکی لکاوی سەر بە کەس‌و ژمارەی بەرکار وەردەگرێ‌و دەبێتە (ی) . ڕستەکە دەبێتە :

من تـۆ دیتی

ئەگەر کات ڕابردوو بێو بکرێتە داهاتوو :

من هوون دیتن
ئەز وە دبین ـ م

٢ ـ ئەگەر ڕستەیێکی کات داهاتووی بکەر دیار ، کرایە بکەر نادیار ئەو ڕاناوەی دەوری بەرکاری دەبینێ دەگـۆڕێ بە ڕانـاوی بەرامبـەری دەستەکەی تر •

واتا ( من ) دەبێتە ( ئەز ) ، ( تە ) دەبێتـە ( تو )••• هتد •
وەك لەم ڕستەیەدا •

| | |
|---|---|
| تو من دبینی | ( بکەر دیار ) |
| ئەز دێمە دیتن | ( بکەر نادیار ) |

بە پێچەوانەوەش ئەگەر ڕستەیێکی بکەر نادیاری کاتداهاتوو کرایە بکەر دیار ئەو ڕاناوەی دەوری بکەریی بینیـووە دەگۆڕێ بـە ڕانـاوی بەرامبەری دەستەکەی تر • وەك :

| | |
|---|---|
| ئەم دێینە دیتن | ( بکەر نادیار ) |
| تو مـە دبینی | ( بکەر دیار ) |

٣ ـ دابەش‌کردنی ئەم دوو دەستە ڕاناوە بە پێی دۆخ هەڵەیە چونـکە هەردوو دەستە هەر دوو دۆخی ڕاستەوخۆ ( فاعلی )و تیان ( مفعولی ) لـە دوو کاتی ڕێزمانیی جیاوازدا دەبینن (٤) •

٤ ـ ئەو ئەرکانەی ڕاناوە جوداکانی کرمانجیی ژووروو چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕبوونی ئەرکیان بە هەڵگێرانی کاتی فرمانی ڕستە •• لە کرمانجیی خوارووودا لە ڕاناوە لکاوەکانا بەرچاودەکەوێ (٥) •

٥ ـ شێوەی کرمانجیی ژووروو سەر بەو جۆرە پێڕۆیەیە کە لە زانستی زمانا بە ئێرگەتیف Ergative . ناودەبرێ (٦) •

## پەراوێزەکان

(١) کرمانجیی ژووروو شێوەیێکی ناوەندیی گەورەیە دەیان بێچوە شێوەی گرتۆتە خۆ . هەر ڕاناوەی لەوانەیە زیاتر لە فۆرمێك پێشان بدات . بۆ ئەم باسە ئەم دوو دەستەیە هەڵبژێرا هەموو شێوەکە دەنوێنن .

(٢) بۆ چەمکی ڕێکەوتن Concord سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە .
وریا عمر امین (١٩٨٢) ڕێکەوتن لە زمانا ــ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ (٩١) .

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ڕستەی بکەر نادیار لە کرمانجیی ژووروودا سەیری سەرچاوە ژ (٤) بکە .

(٤) بۆ ئەم باسە سەیری سەرچاوە ژ (٧) بکە .

(٥) بۆ بەراووردی لە نێوان کرمانجیی ژووروو خواروو لە ڕووی ڕاناوەوە سەیری سەرچاە ژ (٥) بکە .

(٦) ئەگەر بە وردی بیر لە واتاو پەیوەندیی نێوان بەشە بنچیەکانی ڕستە ( بکەر ــ بەرکار ــ فرمان ) بکرێتەوە ، دەردەکەوێ کە ئەوەی بە بکەری فرمانی تێنەپەڕ لە قەڵەم دەدرێ لە ڕاستیدا بەر چەمکی بەرکاری دەکەوێ چونکە هیچ شتێ لە خۆیەوە ڕوونادات و دەبێ هۆیەکی هەبێ ، ئەو هۆیە شاراوەیە ؛ بکەرە ڕاستەقینەکەیە . بۆ نموونە کە دەڵێی ( شووشەکە شکا ) دەبێ کەسێ یا هێزێ ئەم شووشەیەی شکاندبێ . گەر دەرکەوت دەشێ دەربڕێ و ڕستەکە بکرێ بە ( ئازاد شووشەکەی شکاند ) .

پێوەندیی نێوان (شووشەکە) و (شکان) لە هەردوو حاڵەتدا هەمان شتە . لە هەندێ شێوە یا زماندا ئەم پێوەندییە خۆی لە (سیما)دا Surface Structure دەردەخا لە ڕێی ڕێکەوتندا بەم جۆرە زمانە یا شێوەیە دەوترێ ئێرگەتیف Ergative

هەندێ زمان ئێرگەتیڤی تەواوە لە هەموو حاڵەتێکا (بەرکار) و (فرمان) تیا ڕێكدەکەون لە کەس و ژمارەدا وەك زمانی باسك Basque

هەشە نیمچە ئێرگەتیڤە وەك شێوەی کرمانجیی ژووروو کە ئەم لایەنەی تیا هەر لەگەڵ کاتی ڕابردوودا دەردەکەوێ .

## سەرچاوەکان


١ ـ ئەورەحمانی حاجی معارف (١٩٨٧) ڕێزمانی کوردی ـ بەرگی یەکەم ـ بەغداد .
٢ ـ جگەرخوێن (١٩٦١) ئاواو دەستوورا زمانێ کوردی ـ بەغداد .
٣ ـ صادق بهاءالدین (١٩٧٦) ڕێزمانا کرمانجی ـ بەغداد .
٤ ـ وریـا عمر امین (١٩٨٢) ڕستەی بکەر نادیار ـ گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نوێ ژ (٩٥) .
٥ ـ وریـا عمر امین (١٩٨٣) لایەنێکی جیاوازی ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد ـ بەرگی (١٠) .
٦ ـ وریا عمر امـین (١٩٨٣) پێوەندیی ڕاناوو فرمان لە کرمانجیی ژووروودا. گۆڤاری کاروان ژ (٢) .
٧ ـ وریا عمر امین (١٩٨٥) ڕوونکردنەوەیێك . گۆڤاری نووسەری کورد ـ ژ (٢) خولی (٣) .
٨ ـ وریا عمر امین ( ١٩٨) ئاڵو گۆڕ بوونی ڕاناو لە کرمانجیی ژووروودا ـ ڕۆژنامەی هاوکاری ژ (١٠٣٢) م (١٢ ـ ١٢ ـ ١٩٨٨) .
٩ ـ وریا عمر امین (١٩٨٩) ڕاناو لە بکەر نادیاری کرمانجیی ژووروودا . ڕۆژنامەی هاوکاری . ژ (١٠٤٦) م (١٩٨٩/١/٣٠) .


### بەزمـانی ئینگلیزی :


10— Amin, W. O. (1979) Aspects of the verbal Construction in Kurdish. Thesis presented to the University of London.
11— Comrie, B. (1973) The Ergative — Variations on theme. Lingua 32 pp. (239 — 253).
12— Mackenzie, D. N. (1961) Kurdish dialect studies. London.


### بەزمـانی ڕووسی :


13— Bakaev, Ch. (1973) Izik Kurdov SSR Maskva.
14— Kurdoev, K. (1978) Gramatika Kurdskava Izika. Maskva.

# کوردیی شێوەزار

محمد امین هەورامانی

پێشەکی :

١ ـ پێشەکی ، پشکێنەری ئەم ڕێڕەوە ، کەرەستەی نووسراوی فراوان‌و دێرینی جۆراوجۆری تەواوی وەهای بە دەستەوە نی‌یە ، یان ، دەوروبەر تەواو گونجاو بۆ پشکنین‌و لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوادای وەهای بۆ ساز نەدراوە تاوەکو ، بە بێ گومان‌و بە بێ دڵەچرکێ‌و بە ئاسانی بتوانێ بڕیاری زانستی‌یانەی خۆی دەربارەی ڕێـڕەوو ڕووالەتی شێوەزمان‌و شێوەزاری ناوچەکانی ئەوسای کوردستان بدات .

واتە ، هەروەك چۆن دەستنیشان‌کردنی دابڕینی زمان بەرەو شێوەزار بەبێ زیادوکەمی ، ناتوانرێ بکرێ ، هەروەها ، پلەی سەرەتایی ، یان بابڵێین ، هەنگاونانی پلەی سەرەتایی شێوەزاریش ، بەرەو وەرگرتنی ڕووالەتی زمانێکی سەربەخۆ ،بەبێ زیادوکەم ، دیاریی ناکرێ !!

لەگەڵ ئەوەش‌دا ، بۆمان هەیە ، یاخود ، بابڵێین ، توانای ئەوەمان هەیە ، کە زۆر نەبێ کەم‌و بەرادەیەکیش ، کە زۆر لەنزیکی بکات ، شوێنەواری هەنگاوەکانی زمانی کوردیی بەرەو شێوەزار بەدی بکەین‌و بە هۆیانەوەو بە پێی ڕێڕەویان دەگەینە وێستەیەك ، کە زۆر ڕۆشنەو لەو باوەڕەش‌دام ، کە ئەو ئەنجامە ، جێگای ملەجیڕێی کەس نەبێ‌و لەلای زوربەیشەوە ، بە بایەخدارو بە ڕاست وەربگیرێ !!

بۆ ڕۆشن‌کردنەوەی ئەم واتەیەو ئەم مەبەستە ، ئێمە وای بە باش دەزانین ، کە پەنا بەرینە ، بەر زمانەکانی ئەو سەردەمەی دراوسێمان ( ئەوانەیان ، کە بەزمانی کوردی خزمن ) ، کە زۆر نەبێ کەم ، دەوروبەریان ،



خريطة تبين موقع المنحونة

لەگەڵ دەوروبەری زمانی کوردیدا لە زۆر رووەوە ، وەك یەك بووەو بە هۆیانەوەو بەهۆی ئەو دیاردانەوە ، کە لـە کاتی هەنگاونانیاندا ، بەرەو شێوەزار دەرکەوتوونو بە ڕۆشنی ، بەدی دەکرێنو هەروەها بەراوردکردنیان لەگەڵ زمان ، یاخود زمانانی ئەو دەمانەی ناوچەکانی کوردستاندا ، کـە زمانی کوردیی ئەمڕۆ ( بە شێوەکانیەوە ) ، وەچەی نـوێیانە ، دەتوانین هەنگاوەکانی زمانەکە بـەرەو شێوەزار ، بـە شێوەیەکی زۆر نزیك لـە ڕاستە وەو ئەوجـا هەنگاوەکانی دیکەی بەرەو ئەولاتر بـە شێوەیەکی راستورەوان ، دەستنیشان بکەین •

٢ ـ لە بارەی زمانی خزمەوە :

زمانی میدیەکانو زمانی ئاڤێستاییو ئەوجا زمانی ناو قەباڵەی سێیەمی هەوارمانو دوابەدوای ئەوانیش ، زمانی کـوردیی ئەمڕۆ ، لەگەڵ زمانی پـارسیی کۆن ( پـارسیی هەخـامەنشی )و هـی ( ئەشـکانی = پەرتی )و پارسیی ساسانیو زمانی پارسیی ئەمڕۆیش ، ئـەگەر ، ( دووبەرەو وەچەزا ) لە یەکتریی‌یەوە دوور نەکەوتبنەوە ، لە سێ ( بەرەو وەچـەزا بەولاوە ، لـە یەکتریی‌یەوە ، دەرباز نەبوون !!

کەوابووو بەم پێیە ، ئەگەر ئێمە پەنامان بـۆ بەراوردکردنی نێوان پالەوی ئەشکانیو پارسی ساسانی برد بێگومان ، ئەنجامەکەیان ئەگـەر وەك یەكو وەك ئەنجـامی بەراوردکردنی شـێوەزمانی گەلیو هی دیـنی میدیەکان زمانی کوردیی ئەمڕۆ نەبێ ، سەرکردنەکەیان ، ئەوەندە نابێ ، کە زۆر پێوەیانەوەو لە نێوانیاندا ، زەقو دیاری بێ !!

لە بەر ئەوەو بۆ ئەم مەبەستە ، پەنا ئەبەینە بەر زمانی ئەو نووسراوە هەلکەندراوانەی ، کە لە دەموفەرمانڕەوایی شاهە ساسانی‌یەکاندا ، نەخش کراون ، بەتایبەتی ، ئەو نەخشانەی ، کە لە سەروکلاوی ئەردەشیری بابکانو شاهپووری کوڕیدا ، هەلکەندراون •

پێشەکی ، دەبێ ئەوە بوترێ ، کە ئەو نەخشە هەڵکەندراوانە ، بە ئەلفوبێی ئارامی نووسراون‌و لەبەر ئەوە ، وەك باوی هەر نووسراوێکی دیکەی ئەو سەردەمەی ناوبەناو ، وشەی ئارامی بەشێوەی ( هزوارشن )ی تێدایەو پتر لەوەش ، زوربەشیان ، بە دوو شێوەزمان ( پالەوی ئەشکانی = پەهلەوانیك )و (پارسی ساسانی = پارسیك)[1] نووسراون .

٣ ـ یەکێ لەو نووسراوە هەڵکەندراوانە :

ئەم وەرگەتەیەی خوارەوە ، لەوەی ئەردەشیر (کە بە ، تێشەی ڕۆستەمی هونەرمەند ، نەخش کراوە)ەوە ، وەرگیراوەو ، بۆ شێوەی پارسی ئەمڕۆ ڕووبەری ( ترانسلیترەیشن ) گیراوەتەوە .

١ـ پتکر این مزدیسن بغ ارتخشیر .  ( پارسیك )
١ـ پتکر ام مزدیسن بغ ارتخشیر .  ( پهلوانیك )
٢ـ شاهان شاه ایران کی چتر  ( پارسیك )
٢ـ شاهین شاه اریان کی چهر  ( پهلوانیك )
٣ـ هیچ یزدان پس بغ پاپك شاه  ( پارسیك )

٤ ـ لێکدانەوە وەرگرتە هەڵکەندراوەکە :

+ دێڕی یەکەم :

وشەی (پتکر)ی (پارسیك)، بەرامبەرو هاو واتای وشەی (پیکر)ە ، لە پارسی ئەمڕۆدا . بەرامبەری ئەم وشەیە ، لەزمانی کوردیدا (زمانی کوردیئەمڕۆدا) ، هەر ، وشەی (پەیکەر)ە .

وشەی (این)ی (پارسیك ، کە بەواتای ( این)ە لە پارسییئەمڕۆدا ، بەرامبەرو هاوواتای ( ام )ە ، لە زمانی (پەهلەوانیك)دا .

ئەوە ، کە سەرنج ڕادەکێشێ ، لێرەدا ، ئەوەیە ، کەجۆرە جیاوازییەك لە نێوان جۆرە فرەیزی وەك ، ( پتکراین )ی پارسیك‌و ( پتکرام )ی پەهلەوانیك‌و هەمان فرەیزی پارسی ئەمڕۆدا هەیەو ئەویش ، ئەوەیە ، (این پیکر ....)

لە زۆربەی شێوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا ، لە بریی (این)ی پارسیی (ساسانیش و هی نوێش) ، ئامرازی (ئەم) بەکار دەهێنن ، کەچی ، لە شێوەی لوڕی و کەلهوڕی و هەورامانیدا ، (ئی) بەکار دەهێنرێ .

لەم ڕووەوە ، دەبێ بڵێین ، کە (ئی) لوڕی و کەلهوڕی و هەورامانی لەوەی پەهلەوانیکەوە نزیکەو (ئەم)ی ئەدەبی و شێوەکانی دیکەش ، لەوەی پارسیکەوە نزیکترە !

بەڵام ، لەڕووی ڕیزکردنی وشەوە ، کە جۆرە یاسایەکەو هەرزمانەی ، بۆ خۆی تایبەتی یەکی خۆی هەیەو بەو پەیڕەوە ، زمانی پارسیی نوێ و کوردیی ئەمڕۆ ، لەم فرەیزەدا ، وەك یەکن و لەگەڵ بوونی جیاوازی یەکی زۆر کەمداو ئەویش بوونی پاشبەندی ( ـ ە )ی کۆتایی بە ـ (ئالێرەدا) و نەبوونیشیەتی لە زمانی پارسیی ئەمڕۆدا ، واتە ، لەم فرەیزەدا :

ـ این پیکر ... ( پارسیی ئەمڕۆ ) .

ـ ئەم پەیکەرە (کوردیی ئەمڕۆ) .

+ دیری دووەم :

(شاهان)ی (پارسیك) ، بەرامبەرو هاوواتای ( شاهین) ی(پەهلەوانیك) کەلە ڕووالەتەوە جۆرە گۆڕانێك ڕووی داوە ئەو گۆڕانەش ، بەسەر دەنکە بزوێندا هاتووە . ئەم جۆرە گۆڕانە تەنانەت لە نێوان شێوەی ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەو زۆر نزیکیش ڕوو دەدات .

بۆ وێنە ، (کارد)ی شێوەی هەورامانی ، بووە بە (کێرد) لە شێوەی سلێمانی و شارەزووردا . یاخود (سوور)ی شێوەی ئەدەبی و هی شارەزوورو هەورامان ، بووە بە ( سۆر ) ، لە شێوەی خۆشناوەتی و شێوەی ناوچەی بادینـاندا .

وشەی ( آریان)ی پەهلەوانیك ، بەرەو (ایران)ی پارسیك ـ وەك جۆرە ئاڵ و گۆڕێك ـ ڕووی ناوەو ئەمەش ، جۆرە ئاڵ و گۆڕێکە ، کە لە

چوارچێوەی (پاش‌وپێش) بەولاو ە، هیچ جۆرە زیادوکەمی‌یەکی بەسەردا نەهاتووە .

کوردیی ئەمڕۆ ، هەر هەمان وشەی (ئێران) ، بەکار دەهێنێ‌و بۆیە ، ئالێرەدا ، لەگەڵ پارسیك‌دا ، هاوکارە .

ـ وشەی (کی)ی پەهلەوانیك‌و پارسیك ، لە (کی = کڤی = کەڤی) ئاڤێستایی‌یەوە هاتووەو لە بنەڕەت‌دا ، بە واتای (گەورە ، مەزن ، پاك ، ئاری ، خودا ، دارا ، سەروەر ، میر ... هاتووە ) .

لێرەدا ، (کی = کەی) ، بە واتای (خوب ، زیبا ، نیك ، خوش )ی پارسیی ئەمڕۆ هاتووە ، ئەگەرچی وشەی (کی) ، هەر بەهەمان واتاو هەمان (گۆ)یەوە : هەروەك چۆن ، لە پەهلەوانیك‌و پارسیك‌دا بەکار هاتووە ، لە پارسیی ئەمڕۆیش‌دا ، هەر بەکار دێت .

لە کوردیی ئەمڕۆیش‌دا ، تەنها وەك (ناو) بەکار دەهێنرێت ، بۆ وێنە ، وەك ناوی : (کەیخەسرەو ، کەیقوباد ، کەیکاوس ، کەیخوا ...) .

ـ وشەی (چثر)ی پارسیك ، بە واتای وشەی (چهر)ی پەهلەوانیك هاتووەو لە پارسیی ئەمڕۆیش‌دا ، هەر وشەی (چهر) ، یان (چهرە) ، کە بەرامبەری وشەی (چارە)ی کوردیی ئەمڕۆیە .

لێرەدا ، جۆرە ئاڵ‌و گۆڕێك بەدی دەکرێ‌و ئەویش دەنگی [ هـ ]یە لە شێوەی پەهلەوانیك‌دا ، کە بەرەو دەنگی [ث] ، لە شێوەی پارسیك‌دا ، ڕۆیشتووە .

حالی حازر ، (واتە : ئالێرەدا) پارسی نوێ بەلای پەهلەوانیك‌دا ، لار بووەتەوە ، نەك بەلای پارسیك‌داو هەروەهاش (چارە)ی زمانی کوردیش .

+ دێڕی سێیەم :

لە دێڕی سێیەم‌دا ، (یزدان)ی پارسیك ، هاوواتاو بەرامبەری وشەی (یزتان)ی پەهلەوانیکە ، کە دەنگی [ت]ی پەهلەوانیك بەرەو دەنگی [د]ی پارسیك ڕۆیشتووە .

ئەم وشەیە ، لەپارسیی ئەمڕۆدا بووە بە (ایزد ، خودا)و پتر لەوەش ؛ (یزدان) ، هەر خۆی بەهەمان واتاش ، هەر بەکار دێ ٠

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ، بۆ هەمان واتاو هەمان مەبەست ، خودا ، یەزدان ، یەزتان ، کارساز ، کارزان ، دانا ، داوەر ٠٠٠ بەکار دێن ، ئەمە جگە لە ناوی زۆر باوی عارەبیی ، کە بۆ ناوی خودا ، بەکار دەهێنرێن واتە ؛ لێرەدا ، زمانی کوردیی ئەمڕۆ ، لەگەڵ هەردوو شێوەکەدا ، هاوکارە ٠

وشەی ( پس )ی (پارسیك)و (پوهر)ی (پەهلەوانیك) ، بە یەك واتا هاتوونو بەرامبەرو هاووتایان ، لە پارسیی نوێدا (پسر) ، کەچی لە زمانی شیعری کلاسیکی کوردیدا ، ( پسر )و (پوهر) ، هەردووکیان بەرامبەر واتای ( کوڕ) بەکار هاتوون ٠

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ، وشەی (پس) ، لە وشەی ناسکاری (پسمام)و (پسدان)دا ، بەکار دەهێنرێت ٠ بەڵام لە زمانی پارسیی ئەمڕۆدا ، ( پسر )و ( پوهر ) بەکاردێن ٠ کەچی لە پارسیی ئەمڕۆدا ،( پس ) بەهەمان واتا ، بەکار نایەت ، یان بەرچاو نەکەوتووە !!

وشەی ( بغ ) ، چ لە پەهلەوانیك و چ لە پارسیكدا ، ئاڵو گۆڕی بەسەردا نەهاتووە ٠ لە هەردوو لایاندا ، وشەی ( بغ ) ، بە واتای ( خودا ، ایزدا ، آفریدگار٠٠) هاتووە لە پارسیی نوێدا ، بەو جۆرە واتایە بەکارهێنانی بەرچاو نەکەوتووە ٠

لە کوردیی نوێدا ، وشەی (بەگ) بەکاردێ ، بەڵام بەکارهێنانەکەی بە جۆرێکە ، کە نەختێ دوورە لەو واتا بنەڕەتەیەوە واتە ؛ وەك نازناوێ ، کە واتای گەورەیی‌و بە دەسەڵاتێ دەنوێنێ !!

**٥ ــ واتاگشتییەکەی بە زمانی پارسی ئەمرۆ :**

« این پیکر خدایگان مزدا پەرست اردشیر ، شاهنشاه ایران ، کش نژاد از ایزدان ، پسر خداوندگار بابك شاه (است ) ٠

( ت٠ ز٠ ف٠ د٠ خانلری )

ئەگەر سەرنجێکی سەرپێیی، هەرسێ شێوەکە (پەهلەوانیك‌و پارسیك‌و پارسی نوێ ) بدەین . بە ئاسانی ، بۆمان دەردەکەوێ ، کە :-

(١) ــ زمانی پەهلەوانیك‌و پارسیك دوو شێوەی زمانێکن .

(٢) ــ زمانی پارسیی ئەمڕۆیش ، وەك زمانێکی سەربەخۆ . لە هەردوو شێوەکە ، یان ، لەسەر زەمینەی هەردووکیانەوە سەوز بووەو ڕووالەتێکی سەربەخۆی وەرگرتووەو لە هەردوو شێوەکە خۆی جوێ کردووەتــەوە .

(٣) ــ زمـانی کوردیی ئەمڕۆیـش ، جگە لـە کەرەسـەزمانیی بنەڕەتیەکەی خۆی ، هاوکارو هاوبەشە ، لە زۆربەی کەرەستە زمانیەکانی پارسیك‌و پەهلەوانیك‌و پارسیی نوێدا .

ئەوجا ، پێش ئەوەی ، ئەم خاڵە بەجێ بهێڵین ، پرسیارێ بەری ڕێگامان دەگرێ‌و دەڵێ :

ئێمە ، ئەگەر زانیمان ، کە ناوچەکانی کوردستان ، لە ناوچەکانی وڵاتی پارس ( ناوچەی شیرازی ئەمڕۆ )و وڵاتی پارتوا ( مەڵبەندی ئەشکانیەکان ) بەرپاترو فراوانترەو هەروەها خەڵکەکەشی ، بە پێی ژمارە ، لەوان زۆرترن، ئەی بۆچی بە زمانەکەی ئەوان شێوەی سێیەم ، بۆ نەخشە نووسراوە هەڵکەندراوەکانی شاهە ساسانیەکان نەکرا ؟!!

ئێمە ، بەم جۆرەی خوارەوە ، بۆ وەرامی ئەم پرسیارە دەڕۆین :

ــ دەبێ ، زمانی ئەو دەمەی ناوچەکانی کوردستان زمانێ بووبێ ، کە لەگەڵ زمانی پارسیك‌دا ، هیچ جۆرە جیاوازیەکی نەبووبێ ! یان ئەگەر وەهاش نەبووبێ ، دەبێ لەگەڵ ئەوەی پەهلەوانیك‌دا ، یەك جۆر بووبێ‌و ئەمەش ــ چ لە دۆخی یەکەمدا و چ لـە دۆخی دووەمدا ــ دوورە لـە ڕاستیەوە ؛ چونکە زمانی ناو قەباڵەی سێیەمی هەورامان ، کە لە دەم‌و سەروکلاوی ئەشکانیەکاندا تۆمار کراوە ، وەك شێوە زاریك‌و بگرە پتر لەوەش ، ڕووالەتی جیاوازیی ، چ لە ڕووی نووسینەوە ــ ( بوونی سەرو

بۆرو چیلکەیەکی ئەوتۆ ، کە لە نووسینەکانی ئەردەشیرو ئەوانەی ـــمانی ـــدا بەرچاو ناکەون )و چ لەڕووی کەرەستەوە ، بەرچاو دەخات !!

ئەمە ، لە لایەکەوە ، لە لایەکیتریشەوە ، مامەڵەی کڕینو فرۆشتنی وەهای بچکۆڵەی ناوچەیی ، هەرگیز بە زمانی ڕەسمی ناکرێ ، ئەگەر ئــەو زمانە ڕەسمیە ، زمانی دایکزادی ئەو خەڵکی ئەو ناوچەیە ، کە ئەو مامەڵەیانە بێ کردووە ، نەبێ ! ئەمە جگە لەوەی ، زمانی ناو ئەو قەباڵەیە ، هەروەك بە هۆی بەراوردەوە ، دەرکەوت ( تەماشای ، خـــاڵی ســـەرەکی ـــ ٢٠ ـــ بکەرەوە ) ، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆو زمانی ئاڤیستاوە نزیکترە ، تاوەکو نزیکی لە ( پەهلەوانیك )ەوە .

کەواتە ، لەو دەمەدا ئەو خەڵکەی ئەو دەمەی ناوچەکانی کوردســـتان ، دەبێ لە یەکێ لەو دوو شێوەزمانە تێگەیشتبن ، یان ، دەبێ ، بەیەکێ لـــەو شێوەزمانانە وتووێژیان کردبێ ، هەروەك خەڵـــکی دانیشتوانـــی ئێستای (خانەقین) و (کەرکووك) و (هەولێر) بەسێ شێوەزمان گفتوگۆ دەکەن .

بەهەرحاڵ ، لەبەر بەدەستەوە نەبوونی وێنەی نووسین ، یــاق نەخشی هەڵکەندراوی زمانی کوردیی ئەو دەمەی سەردەمی ئەردەشیر ، ناتوانین ، بە تەواوی ناوونیشانی فراوانو کەفەسەری زمانی کوردیی ئەو دەمەی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان دەستنیشان بکەینو پتر لەوەش ناتوانین ، بڵێـــین ؛ زمانی کوردیی ئەو سەردەمە ، هەروەك ئەوەی ناوقەباڵەکەیەو نەگۆڕاوەو یاخود ئەگەر ئاڵو گۆڕیشی بەسەردا هاتبێ ، چۆنەو چۆننیيە !

تەنها ، ئەوە هەیە ، بڵێین ، کە زمانی کوردیی ئەو سەردەمەیە ، ئاڵو گۆڕی بەسەردا هاتووە ، بەڵام ئەو ئاڵو گۆڕە ، وەك ئاڵوگـــۆڕی نێوان پەهلەوانیكو پارسیكو پارسیی ئەمڕۆ نییە !

ئێمە ، ئەگەر ، لەهەندێ ناوی جێگاو شوێنی ئەو دەمەی ناوچەکانـــی کوردستان ، کەحاڵی حازر لەبەر دەستدان ، ورد ببینەوە ، بە ڕوونی بـــۆمان دەردەکەوێ ، کە زمانی ئەو دەمەیەی خـــەڵکی ناوچەکـــانی ئەو دەمەی

کوردستان (دەمی ساسانیەکان) پڕن لەکەرەستەی ڕەسەنو پەتیی زمانی کوردی ئەمەش بێگومان، ڕەسەنیەتو تایبەتیی زمانی کوردیی ئەو سەردەمە دەخاتە بەرچاو.

بۆ وێنە، (پردی [٢] کناچان) و (پردی کوڕان)، کە لەسەروکەلاوی ساسانیەکاندا، دروستکراون، یاخود لەوەوپێشتر هەبوونو بەهۆ قەلای شەمێران ـ (کە ئەوکاتە، ئەو قەلایە، بۆ ئەوە سازدراوە، کە ئاگاداری کەری ئەو پردانە، بە تایبەتی پردی کناچان، بێ) ـ ەوە چاودێری کراون.

ئەوجا، ئێمە ئەوە ئەزانین، کەلەشێوە زمانی پەهلەوانیكدا، هاوواتاو هاوکاری وشەی (پرد)ی زمانی کوردیی. شەی ( پل = Puhl کەوابوو ناوی (پرد) شێوەیەکی کوردیی ئەو دەمەیە، کە تاوەکوئێستە ئەو پردە کۆنە ئەو ناوەی هەلگرتووە، ئەمە جگە لەوەی کە ناوی (کناچە). هەر تەنیا، لە زمانی کوردیی شێوەی دینیدا هەیە، بەلام لە زمانی پەهلەوانیك، پارسیی ساسانیو پارسیی ئەمڕۆدا، هەرگیز وشەی (کناچە) بەکار نەهاتووە!

وردبوونەوە لە هەندێ وشەناوی دێرینی جوگرافی ناوچەکانی شارەزوور کە وەك؛ ( پردی کناچان )و ( پردی کوڕان )و ( چەرمۆك )و (گەرمۆك)، وامان لێ دەکا، کە بلێین، زمانی ئەو دەمەی ئەو ناوچانەی کوردستان، شێوەی دینی گەلی بووە، کە شێوەی ماچۆو شێوەی هەورامانی ئەمڕۆ نەوەی نوێیەتیو بەهۆیشیەوە، هان دەدرێین، کە باوەڕمان هەبێ، بەو تێکستەی کە مامۆستا (رشید یاسمی) لە بەرهەمی ( مێژووی کوردو پەیوەندیی)دا بلاوی کردووەتەوەو (مامۆستا علاءالدین سجادی)ش، لە لاپەڕە (١٥٢)ی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دووبارەی کردووەتەوە.

واتە، لەوێدا، مامۆستا سجادی، ئەم وەرگرتە هۆنراوەیەی، بلاوکردووەتەوەو ئەویش، بەم جۆرەیە.

« هورمزگان رمان، ئاتران کژان

وێشان شاردەوە ، گەورە گەورەکان
زۆرکاری ئارەب ، کردنە خاپوور
گنای پالەیی ، هەتا شارەزوور
شەنو کەنیکان ، وە دیل بشینا
مێرد ئازا تلیێ ، وەڕووی هوونیا
ڕەوشت زەردەشترە ، مانۆوە بیکەس
بەزیکا نەیکا ، هورمز وە هیچ کەس » .

لە ڕووی ساکاریی وشەکانو ڕووالەتی کۆنیانو نەبوونی وشەی عارەبیو بێگانە ، تیایداو هەروەها لە ڕووی کێشو (سەرەوا)وە ، لەوە دلنیامان دەکات ، کە ملەجیرێ لەوە نەکەین ، کە زمانەکەیان ، زمانی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامی پیرۆزە .

یاخود ئەم پەندە ئامۆژگاریانەی پیرشالیاری یەکەم، کە بە هیچ جۆری کەرەستەی عارەبی تیادا ، دەستناکەوێ ، ئەوە دەسەلمێنێ ، کە هی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامن .

بۆ وێنە ، وتوویەتی :

« داران گیانداران ، جەرگ دڵ بەرگەن
گائی پڕ بەرگەن ، گائی بێ بەرگەن
کەرگ جە هێلەن ، هێلە جە کەرگەن
ڕوڤاس جە ڕوڤاس ، ڤەرگ جە ڤەرگەن
گۆشت جە واتەی پیرشالیار بۆ
هۆشت جە کیاستەی زانای سیمیاربۆ » .

٦ ـ شێوەزاری زمانی کوردیی :

نەختێ ، لەمەوپێش‌تر ، وتمان ، هەروەک دەوروبەری گونجاو سازدراو بۆ زمانی پارسی نوێ ڕەخساوە ، بۆ زمانی کوردیش ، هەر هەمان دەوروبەر ڕەخساوە ، ئەگەر هاتوو ئەوەمان پشت گوێ‌خست ، کەسازدانی دەوڵەت ،

بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ، بۆ کوردەکان نەڕەخساوە ، کەچی بە پیچەوانەوە، فارسەکان توانیویانــە ، دەوڵەت لەدوای دەوڵــەت سازبدەنو بێگومان ؛ ئەمەش جۆرە دەوروبەرێکی بە پیتە بۆ هێنــانە کایــەی زمــاتێکی نــوێی سەربەو دەوڵەتەوە .

ئەمەش ، دەمانبات ، بۆ ئەوەی ، کە بڵێین ؛ ئەگەر دەوڵەتی ساسانی نەهاتبایەتە کایەوە ، زمانی (پارسیك)یش ، بەو جۆرەی کە هەبوو ، نەدەبوو!! یاخود ئەگەر ، ئیمپراتۆری‌یــەتی ئیسلام خاکی گەلەکانی ئێرانی داگــیر نەکردبایەو ئەو گەلانەشی ، ئەگەر ئیسلام نەبوونایێ ، ئەو زمانە پارسی‌یەی کە ئەمڕۆ هەیە ، هەرگیز نەدەهاتە کایەوە !

بەو پێیەی سەرەوە ، دەبێ دان بەوەدا بنێین ، کە دەوروبەرێ ، بـۆ مانەوەی زمانی ئەو خەڵکانەی ناوچــەکانی کوردســتان ، لــە قــاڵبی دوو شێوەزاردا ، یاخود لە قاڵبی شێوەزارێکی کەمدا ڕەخســاوە ، گونجــاوتر بووە، تاوەکو دەوروبەری هەمان مەبەست، کە بۆ پارسیی کۆنو پەهلەوانیكو پارسیكو پارسیی نوێ ڕەخساوە !!

چونکە بەپێی زۆرو زەبرو جەوری دەوڵەتو یاسای، دەبێ زمانێکی نوێی ئەو خێزانەی ، کە ئەو سەرۆکی دەوڵەتیە لێ هەڵــکەوتووە ــ ( بــە تایبەتی ئەگەر ئەو سەرۆك دەوڵەتە لە خێزانێکی‌تر بێ ) ــ ساز بــدرێو بەرپــا بکرێ !

**٧ ــ هەنــگاوی یەکەمی شێوەزار :**

بە پێی مێژووی بەسەرهاتی گەلانی ناوچەکانی کوردستان ، بۆمــان هەیە ، کە دیاری‌کردنی سەرەتای کاتو دەمی هەنگاوانی زمانی میدی بەرەو شێوەزار بخەینە کۆتاییی فەرمانڕەواییی میدیــەکانو یان‌نەختێ دواتــرو درێژەکێشانیشی بگاتە دەوروبەری سەدەی زایینــی ، یــان نەختێ پــتر لەوەو بە بیروڕای ئێمەیش ، خەستەی ئەمەش ، بەم جۆرە دەگرێتەوە .

ئێمە ، وەها بۆی دەچین ، کە هەموو جۆرە کەلەپوورێکی ڕۆشــنبیریی

میدی‌یه‌کان ، که‌له سه‌روکلاوی فه‌رمانڕه‌وایی خۆیاندا هه‌یان بووه ، له سه‌روکلاوی هه‌خامه‌نشی‌یه‌کانیش‌دا ـ ( جگه له ده‌سه‌لاتی ڕامیاری ) ـ به‌و جۆره‌ی خۆی ، پارێزگاری کراوه‌و گه‌شه‌شی نه‌کردبێ ، سه‌رکوێر نه‌کراوه. به‌لگه‌شم بۆ ئه‌مه‌ی سه‌ره‌وه ، ئه‌م خالانه‌ی خواره‌وه‌ن :

١ ـ هه‌رچی کتێب‌و نووسراوو ئه‌تتیکه‌ی میدی‌یه‌کان ، که له لایه‌ن کلدانی‌یه‌کانه‌وه بۆ ( بابل ) برابوون ، له سه‌رو کلاوی شاهێکی هه‌خامه‌نشی‌دا ، ده‌رهێنرانه‌وه‌و بۆ کتێبخانه‌و ئه‌تنیکه‌خانه‌ی هه‌مه‌دان گێڕدرانه‌وه [٣] .

٢ ـ ناوچه‌کانی میدیا ، وه‌ك سترابنشین ، سه‌ره‌ك هۆزو پیاو ماقوولی میدیایی به‌ڕێوه‌یان ده‌بردو له‌و ده‌وره‌دا ، هیچ جۆره جیاوازی‌یه‌ك ، له نێوان هه‌خامه‌نشی‌یه‌کان‌و میدی‌یه‌کان ـ (جگه له‌و تایبه‌تی‌یه‌ی که خێزانی شاهه نشاه هه‌یبووه !) ـ به‌دی نه‌کراوه .

٣ـ دین‌و پیری دینی‌و ڕابه‌ری دینی ، هه‌ر به‌ده‌ست هۆزێکی میدی‌یه‌کانه‌وه بوو ، که به (ماگا) ، ناوبانگیان ده‌ر کردبوو .

٤ ـ دین‌و په‌رستگای دینی‌و مه‌لبه‌نده‌کانیان (شیز) هه‌روه‌ك له‌ده‌می سه‌روکلاوی میدی‌یه‌کان‌دا ، له ناوچه‌کانی میدیادا بوون .

٥ ـ زمانی (ماگا)کان ، وه‌ك زمانێکی دینی ، له‌سه‌رپاکی ناوچه‌کانی میدیاو پارس‌دا ، سه‌ر له‌به‌رو بره‌ودار ، بووه .

که‌وابوو ، یه‌کێ له‌و لایه‌نه ڕۆشنبیری‌یانه‌ی میدی‌یه‌کان ، زمانه‌که‌یانه‌ـ ( که وه‌ك زمانی ماگا ـ کان ، له دوێ توێی ئاڤێستادا ، ماوه‌ته‌وه ) ـ هیچ جۆره هه‌نگاوێکی ئه‌و تۆی به‌ره‌و شێوه‌زار ـ (ئه‌گه‌ر کارتێکردنی هه‌ندێ شێوه‌زاری که‌می ناوچه‌یی رابه‌ره دینی‌یه‌کان ، لێره‌وله‌وێ ، پشت گوێ بخرێ ـ نه‌ناوه .

له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌توانین به‌رپابوونی فه‌رمانڕه‌وایی هیلینی‌یه‌کان، به‌سه‌ره‌تای سه‌رده‌رهێنانی شێوه‌زار له‌قه‌له‌م بده‌ین چونکه ئه‌وان (هیلینی‌کان) ، وه‌ك

(بێگانه)و وەك (داگیرکەر)و وەك (دین دوژمن) ، خەلکەکەیان بەزۆرو لە وزەبەدەر چەوساندوەتەوەو ڕەتاندوویانە .

بەو جۆرە ، دەوروبەری تەواو گونجاو ، چ لەڕووی دینەوەو چ لە ڕووی دنیاوە ، بۆ خەلکەکانی ناوچەکانی ئەوسای کوردستانو زمانەکەیان ڕەخساوەو ئەو دەوروبەرە ڕەخساوەش ، بەلای کەمی‌یەوە ، بووە بە هۆی بەرپابوونی شێوەزارێك ، یان پتر لە شێوەزارێكو ئەوانیش :

ـ شێوەزاری گەلی .

ـ شێوەزاری دینی .

شێوەی زاری گەلیی ئەو شێوەزمانە بووە ، کە زوربەی خەلکی ناوچەکانی کوردستان وتووێژی ڕۆژانەیان پێ کردووەو ڕۆژ بەرۆژیش ، لەگەل پێشکەوتنی باری ژیانی ڕۆژانەی خەلکەکەدا ، ئەویش هەنگاوی بەرەوپێشکەوتنو بەرەوگونجانی ناوە .

واتە ، ئەو شێوە گەلی‌یە ، لە دەمی ئەشکانی‌یەکاندا ئەو شێوە زمانە بووە ، کە لە دوێ توێی قەبالەی سێیەمی هەورامان دایەو هەر ئەو زمانە ، لە سەروکلاوی ساسانی‌یەکاندا ، هەنگاوی دیکەی ناوەو ڕووالەتی ئەو هەنگاوانەش ، بە ڕێكوپێکی بەرچاو ناکەون ، تەنها ئەوە هەیە ، کە بوترێ، ئەو زمانە خالی‌یە لە کەرەستەزمانی عارەبی‌و بێگومان لە کەرەستەزمانی پالەوی ( پەهلەوانیك )و پارسیی ساسانی ( پارسیك )یش قەرز کردووە .

زمانی ناو قەبالەکەی هەورامان ، ئەگەرچی کەرەستە زمانی‌یەکەی زۆر کەمە ، بەلام توانای هەیە ، پێناسەی خۆی‌و چۆنیەتیی بالاوتەبوونی‌و جۆری کەرەستەی قەرزکراوی ، بە شێوەیەکی زۆر ڕۆشن ، بخاتە بەردەست .

ڕووالەتی گشتیی زمانی ناو قەبالەکە ، بەم جۆرەیە :

ـ وشەی کوردی ، کە لە کوردیی ئەمڕۆدا هەن .

ـ وشەی ئارامی ، وەك ئامرازی پەیوەستو پەیوەند ، کە حالی حازر لە زمانی ئەمڕۆی کوردی‌دا ، هەندێکیان ، هێشتا هەر بەکار دێن .

ـ کەرەستە زمانی ئاشووری و هی گریکی •

( بۆ ئەم مەبەستەو زۆرتر زانین لەم ڕووەوە ، تەماشای خاڵی سەرەکی ـ ١٩ ـ ٢٠ ، ٢١ ـ بکەرەوە ) •

٨ ـ شێوەزاری دینی :

بە هۆی هێرش بردنو ڕاونانی پیروڕابەرو شاگردانی دینی زەردەشتی، لە لایەن هیلینی یەکانو پیاوەکانیانەوە ، وەك نەخشەیەکی بنەڕەتیو تایبەتیو زووخێز ، بۆ لەناوبردنو نەهێشتنی هۆی بنەڕەتی هێزو توانای یەکگرتنەوەی گەلە ئێرانی یەکان بە شێوەیەکی گشتیو بنبڕکردنی هۆزی ( ماگا )کانو کتێبی ئاڤێستا ، بە شێوەیەکی تایبەتی ، زوربەی زۆری پیاوو ڕابەرو شاگردانی دینی ، بە گرتنو کوشتنو ڕاونانو دەربەدەرکردن ، لە ناوبران•

کتێبە دینی یەکەشیان ، کە پڕبوو ، لە هەمەجۆر گۆشەی خواپەرستیو کۆمەڵایەتیو دەرمانسازیو پەروەردەییو ••• هتد ، سووتێنرا !!

لەم ڕووەوە ، بەپێی ڕازو سەرگوزەشتەکانی نێو کتێبی پالەوی ، کە بە (دینکرد) = (دینکەرد ـ بەپێی گۆری)، ناوبانگی دەر کردووە ، سەرپاکی ئاڤێستا ، لە دەورەی هەخامەنشی یەکاندا ، بە ئەلفوبێی تایبەتیی مێخی بە زمانی ئاڤێستا ، نووسرابووەوە • کاتی هێرشبردنی ئەسکەندەر بۆ ئەو ناوچانەو بە فەرمانی ئەو سووتێنرانو لەناو بران •

لە بارەی ئەوەوە ، کە زمانی ئاڤێستا ، لە سەر کەلەپووره زمانی دیکەوە ، پەرەی سەندبێ ، هیچ لەو ڕووەوە ، تا ئێستا ، نەوتراوە !

بەڵام ، بێگومان ، زمان نی یە ، کە لە کەلەپووره زمانی ترەوە ، سوودی وەرنەگرتبێ ! زمانی ئاڤێستاش (یاخود زمانی میدی یەکان) دەبێ ، بەو ڕێرەوەدا چووبێ !

ئەوجا ، ئەو کەلەپووره ـ زمانە ، چییەو چۆنەو کامەیە ، تا ئەمڕۆ نەزانراوە !! چونکە ، تا ئێستە تێکستی کۆنتر ، لە تێکستەکانی ئاڤێستاو سەر بەخەڵکی دێرینی ئەو ناوچانە ، دەست نەکەوتووە ، تاوەکو لەگەڵ

کەرەستە زمانی‌یەکەی نـاو ئاڤێستادا ، ( بۆ مەبـەستی دەستنیشـانکردنی ڕووالەتەکانیان ) ، بەراورد بکرێ •

لەگەڵ ، ئەوەش‌دا ، دەتوانین بڵێین ، زمانی ئاڤێستا ، زمانی دایکزادی زەردەشتەو بێگومانیش ، کەرەستەزمانی کۆنی ئەو گەلانەی تێدایـە ، کە لەپێش میدی‌یەکان‌و لەگەڵیان‌دا ، لە ناوچەکانی کوردستان‌دا نیشتەجێ بوون•

ئەگەر ، بـە دەیـان نـاوی جوگرافیـایی [٤] زۆر کۆنـی پێش زەردەشتی‌یەکان‌و هی سـەردەمی میدی‌یـەکان‌و دوای ئەوانیـش‌و هـی دەوروبەری فەرمانڕەوایی عەبباسی‌یەکان‌و دواتری ئەوانیش ، لـە نـاو زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ، هەبن ، بۆ نابێ زمانی ئاڤێسـتا ، ڕەگ‌و ڕیشـەو قەدی کەرەستە زمانی ئاریی کۆنی تیادابێ •

زمانی ئەوسای ئەو خەڵکەی ناوچەکانی کوردسـتـان ، شـانبەشانی گۆڕان‌و هەنگاونانی دەوروبەری ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و دیـنی ناوچەکان ، بەرەو شێوەزاری‌تر ، هەنگاوی ناوەو ، بە بیروڕای ئێمەیش ، هۆی ئەو هەنگاوە گۆڕانکاریانە ، لەم خاڵانەدا ، دیاریی دەکرێن :

( ئا ) ــ سەردەرهێناتی دەوڵەتی ناوچـەیی (دەولـەت‌و مـیرایەتی دەرەبەگی) لێرەو لەوێ ، لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان‌دا ، کە بـە ناوی (دین)ەوە ، یان بە ناوی (هۆز)ەوە ، یان بە ناوی (خوالەوپالەوان)ەوە، ناونرابوون ــ ( بۆ وێنە (ماننایەکان) خالدی‌یەکان[٥]، کاردۆخی‌یەکان [٦]، حدیابەکان •••• هتد ) ، وەك دیـاردەی ڕامیـاری ، بـوون بەهـۆی سەرلەشێواندن لە پشکێنەران‌و لێکۆڵەرەوانی زمانی کوردی‌و مێـژووی زمانی کوردی •

بە شێوەیەکی ڕوونتر ، پەیدابوونی دیاردەی ڕامیـاری ، بە نـاوی جۆربەجۆری وەهاوە ، لە ناوچەکانی کوردستان‌داو دوابەدوای فەرمانڕەوایی میدی‌یەکان ، وایان لە پشکێنەری مێژووی زمانی کوردی کرد ، کە ئـەو ناوانەو زمانەکانیان لەنەوەی میدی‌یەکان دووریان بخەنەوە ، یان بە بێگانە ،

لەقەڵەمیان بدەن ، ئەگەرچی ، بە بێگانە زانینی ئەوانەش ، لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە هەڵ نەبەستراوە ، چونکە بەڵگەی زانیاریانە ، تائێستا بەدەستەوە نی‌یە !

( بێ ) ـ سەپاندنی دینی پڕوپووچی گریکەکان، بە هۆی فەرمانڕەوایی هیلینی‌یەکانەوە بە زۆر بەسەر خەڵکەکانی وڵاتی کوردەواری‌دا ( ناوچەکانی کوردستان ) ، بۆ ماوەی نزیك لە سێ سەدەیەك ، ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە سەردەرهێنانی دینی مەسیحی پیرۆزو بڵاوبوونەوەی بەرەبەرە لە هەندێ لەناوچەکانی کوردستان‌دا ، بوون بە هۆی هێنانە ناوەوەی زاراوی دینی جۆربەجۆر ، کە لە زۆر ڕووەوە ، لە زاراوە دینی‌یە بنەڕەتیەکەی ناوچەکانی کوردستانەوە دوورن •

( پێ ) ـ کۆکردنەوەی ئاڤێستا لەلایەن ، ئەو پیرو ڕابەرە دینی‌یانەوە ، کە لە جێگای شاخاوی سەخت‌و کون‌و قوژبنی ئەشکەوتەکانا ، لەترسی هیلینی‌یەکان ، بۆ ماوەی سێ‌سەدەیەك ، خۆیان حەشار دابوو ، سەر لەنوێ کۆ کراوەتەوە ، بێگومان ئەو کۆکردنەوەیە ، بە زمانێکی دینی ڕووالەت نوێ‌وە هاتووەتە ناوەوەو ئەو ڕووالەتە نوێ ـ یەش ئەوەیە ، کە کۆکەرەوەی ، زۆر نەبێ کەم ، بەلای زارەکەی خۆی‌دا لای داوە !

بە شێوەیەکی ڕووتر ، زمانی (گات)ەکان ، وەك هۆنراوەو وەچە بە وەچە بە پامان‌و زامانی لەبەر کراوە ، بەبێ گۆڕان ، وەك خۆی ماوەتەوە • بەڵام زمانی بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا ، کە لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی دیکە گوێزراوەتەوە ، لە ڕووی هەندێ ئاوازەی دەنگسازی‌یەوە ، دەبێ بەلای ئاوازی گوێزەرەوەدا دای شکاندبێ •

( تێ ) ـ بەم پێیە ، زمانی پارچە کۆنەکانی ئاڤێستا ، بە تایبەتی (گات)ەکان ، وەك خۆیان ماونەتەوە ، کە ناوەکان‌و ئاوەڵناوەکان‌و راناوەکانی ناویان ، بەلای کەمی‌یەوە ، هەریەکە خاوەنی هەشت دۆخە ، یاخود هەریەکێ لەوانە ، لە دۆخێکی تایبەتی‌دا پاشبەندێکی تایبەتی هەیە ، کە لەسەروکلاوی

ساسانیەکان‌دا پاشبەندی وەها ، نە بە ناوەوە ، نەبە ئاوەڵناوەوە ، نە بە ڕاناوەوە بەرچاو نەکەوتووە !!

بەم پێیەی سەرەوە ، لە ماوەی نێوان فەرمانڕەوایی هیلینی‌یەکان‌دا ، تاوەکو کۆتایی فەرمانڕەوایی ساسانی‌یەکان ، بەلای کەمی‌یەوە ، چەند زارێکی دینی‌و هی‌گەلیش ، هاتوونەتە ناوەوە :

١ ـ شێوەزاری (گات)ەکان ، زمانەکەیان لە چوارچێوەی هۆنراوەدایە ، لەبەر ئەوە ، ئاڵوگۆڕ بوونی ، ئەگەر دەستکاریی مەبەستاوی لەگەڵدا نەبێ ، زۆر زەحمەتە .

٢ ـ شێوەزاری دینی ، کە تێکستە دینی‌یەکانی (بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا )دی پێ کۆکراوەتەوەو ، هەروەك نەختێ لەمەوبەرتر وتمان ، دەبێ لە هەندێ لایەنی ئاوازەسازی‌یەوە ، بە لای شێوەزمانی کۆکەرەوەدا ـ (بە هۆی نەزانینەوە ، یان ، بەهۆی پەڕینەوە ، یان بەهۆی مەبەستاوی‌یەوە ، یان بە هۆی وەها بۆ چوونەوە ، ... هتد ) ـ دای شکاندووە .

٣ ـ شێوەزاری دینی ، کە بریتی‌یە ، لە شێوەزاری گەلی کەفەسەر بە زاراوی دینی ، کە لە کاتی هەڵس‌وکەوتی دینی‌دا ، پیرو ڕابەرە دینی‌یەکان، بۆ لێکدانەوەی تێکستە دینی‌یەکانی ناو ئاڤێستا ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی گوێگران لێی تێ‌بگەن ، بەکاریان هێناوە .

٤ ـ شێوەی ناوچەیی ، لە ڕووی شێوەی گۆکردنی هەندێ دەنگە بزوێنەوە ، یان بەکارهێنانی هەندێ کەرەستەزمانی بێگانەی دراوسێ بە ناوچەیەك‌و نەبوونی هەمان کەرەستە زمان لە ناوچەیەکی‌ترداو بەو جۆرە .

**٩ ـ شێوەزاری (گات)ەکان :**

شێوەزاری گاتەکان ، کە بە زمانی ڕەسەنی (ماگا)کان ، لە قەڵەم دەدرێ ، هەروەك ـ ( هەر لەبەر ئەوەی لە دوێ توێی هۆنراوەدایە ) ـ و بە سەرپاکی دۆخەکانیەوە ـ ( هەشت دۆخ ، بۆ ناوو ئاوەڵناوو ڕاناو ) ـ ماوەتەوە .

ئەم شێوە زمانە ، ئەگەر لەدەمی فەرمانڕەواییی میدی‌یەکان‌دا ، زمانی دینی‌و هی فەرمانڕەوایی‌و هی گەلی‌یان بووبێ ، لەدەمی ئەشکانی‌یەکان‌و بەرەو ئەملاوە ، دەبوایێ ، لەلایەن پیران‌و ڕابەرانی دینی لێ‌هاتووەوە ، لێك بدرابایەتەوە ، تاوەکو خەلکی ئەو دەمە ، بتوانن لێی تێ‌بگەن !!

ئەو جۆرە دوورکەوتنەوەیە ، لە دەمی سەروکلاوی ساسانی‌یەکان‌دا ، هەنگاوی گەورەتری ناوەو تاوەکو وەهای لێ‌هاتووە ، کە لێکدانەوە ، بۆ لێکدانەوەی پێشووتریان ، کراوە !!

بەڵام ، لە ناوچەکانی کوردستان‌دا ، بۆ هەمان مەبەست ، هیچ جۆرە شتێ لەو ڕووەوە بەرگوێ‌و بەردەست نەکەوتووە •

بەلگەشمان ، بۆ ئەم واتایانەی سەرەوە ، ئەوەیە ، کە (میهرەبانووی کەیخەسرەو ) لە ناوچەی کرماشان ـ دا سالی (١٣٢٣)ی زاینی ئاڤێستا ( یەزنە = یەسنە )ی ، بەدەستنووسی خۆی نووسیوەتەوە • ئەلبەتە ( تەماشای ، ل ـ ٣٠٥ ، ئاڤێستا بکە ) ئەویش ، لە وێنەی ( پەهلەوانیك )ەوە وەری گرتووە • ئەوەی ، کە دەبێ بوترێ ، ئەوەیە ، کە ئەو (یەسنە)یە ، جگە لەوەی کە بە (پەهلەوانیك) نووسراوەتەوە ، هەر بەو زمانەش لێك دراوەتەوەو ئەو پارچەیەش ، حالی حازر لە پەرتووکخانەی کۆپنهاگن‌دا ، پارێزگاری کراوە •

دەربارەی ڕوواڵەتە هەرە گرینگەکانی ئەم شێوەزمانەوە ، لە بەرهەمی (زمانی ئاڤێستا)ی نووسەری ئەم وشەیەدا ، زۆر وتراوە •

**١٠ـ شێوەزمانی دینی :**

بوونی ئاڤێستای دەستنووس ، بە شێوەنووسینی پالەوی ، لە دەمی ساسانیەکان‌داو لێکدانەوەی بە زمانی پالەو (پەهلەوانیك)ی‌و هەروەهاش بە شێوە زمانی (پارسیك)و لێکدانەوەی ئەو لێکدانەوەیە پالەوی‌یە ، بە شێوەی پارسیی ساسانی ، خۆی لەخۆی‌دا ، چەند شتێ دەردەخات‌و ئەوانیش :

١ ـ زمانی پەهلەوانیك (پـالەوی) سەرانسـەری فەرمـانڕەوایی ساسانی‌یەکان ، سەرلەبەر بووە •
٢ ـ ئەگەرچی دەم ، دەمی ساسانی بـووە ، بەلاّم زمانەکـەیان ئەوەندە سەرلەبەر نەبووە ، تاوەکو هەموو لایەنێ بگرێتەوە •
٣ ـ جیـاوازی‌یەکی زۆر لە نێوان زمـانی پالەوی ئەشکـانی‌و پالەوی ساسانی‌دا هەبووە ، بـەوەدا ، ئەمە دەردەکـەوێ ، کە زمانە پالەوی‌یـە ئەشکانی‌یە دینی‌یەکەیان سەر لەنوێ بەزمانی پارسی ساسانی لێك دواتەوە •
٤ ـ ئەم دیاردە زمانیانە ، کە بە سەر شێوەی پالەوی‌و پارسیی ساسانی‌دا هاتووە بەسەر زمانی خەلکی ناوچەکانی ئەو دەمەی کوردستان‌دا نەهاتووە ، چونکە دەوروبەری سازدەری وەهای بۆ ساز نەدراوەو بۆیە دەبـێ زۆر ئەبێ ، کەم وەك خۆی مابێتەوە • ئەوەش ، کە بەلگەیەکە ، بۆ ئەم ڕاستی‌یە ، کەرەستە زمانی‌یەکەی زمانی پیرشالیاری [٨] یەکەمە ، کە ئاڵوگۆڕێکـی وەهای بە خۆیەوە نەدیوەو بە کەرەستەزمانی بێگانەش بۆژە نەکراوە وەك زمانی ئەمڕۆی کوردیی تێدایە •

لەگەڵ ئەوەش‌دا ، دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین ، کەشێوەی دینی ـ گوایا بۆ لێکدانەوەی هەندێ تێکستی دینی ـ ئەوخەلکەی ئەوسای ناوچەکانـی کوردستان ، بڕە لـە زاراوی دینی ، هـەروەك زمانی رابەرە دینی‌یەکانـی ئێستە ، پڕە لە زاراوی دینی ئیسلامی •

**١١ ـ شێوەزاری گەلی :**

مەبەست ، لە شێوەزمانی گەلی ، ئەو شێوەزمانەیە ، کەلەناوچەکانی کوردستان‌دا (شاری‌یەکان‌و دێهاتی‌یەکان‌و گوندی‌یەکان..) وتووێژی پێ دەکەن ، یاخـود زمانی زوربـەی کەسە ، کـە ،لە زوربەی نـاوچەکانی کوردستان‌دا ، بەبێ تەنگ‌و چەڵەمە ، سەرلەبەرە ، یاخود زمانی ئەوچینە ، یاخود ئەو کۆمەلە زۆرە دواکەوتووو چەوساوەیە ، کە بەشی هەرە زۆری ئەو دەمەی میللەتی کوردی ، دروست کردووە •

دەوروبەری ئەو دەمانەی ناوچەکانی کوردستان ـ ( دەوروبەری دەرەبەگی‌و میرایەتی دەرەبەگی‌و کوێخا دێ‌و میرایەتی کوێخا دێ‌و خاوەنی زەوی‌و زارو میرایەتی خاوەن زەوی‌و زارو پاڵەوان‌و سەرکردەو میرایەتی‌و .... هتد ) بۆ کشت‌وکاڵ‌و پەرە پێدانی‌و فراوان‌کردنی بەرهەمی کشت‌وکاڵی‌و برەو پێ‌دانی گونجاو بووە .

ئەمەش ، هۆیەکی سەرەکی‌یە، بۆ هاندانی خەڵکی ڕەوەند کە نیشتەجێ بێ‌و سوود لەزەوی‌و زارو بەرهەمەکەی وەربگرێ لەلایەکی دیکەشەوە ، هاندەرێکە بۆ پەیداکردنی پەیوەندیی بەتین ، لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا ، یان تەنانەت لەگەڵ ئەو جێگایانەدا کە بازاڕن بۆ ئاڵ‌و گۆڕ کردن‌و فرۆشتن، بەرهەمی کشت‌وکاڵی‌و مەڕومالات ، ئەگەرچی ئەو بازاڕەش ، بێگانە بێ !!

جۆری هەڵسوکەوتی دانیشتوانی ناوچەیەك‌و جۆری پلەی زانیاری‌یان‌و ڕادەی پلەی ژیانیان‌و ئابووری‌یان‌و جۆری پەیوەندی‌یان‌و چەندیی بەرهەمی بەروبوومیان‌و مالات‌و ئاژەڵیان ، لە ئاوێنە زمانیەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە ، کە لە ڕووی ئاوازەی هەندە دەنگێکەوەو لە ڕووی هەندێ کەرەستە زمانی دیکەوە ، کە زۆرتر پەیوەندیی بەجۆری بەرهەمەکەیانەوە هەیە ، لە زمانی خەڵکی ناوچەیەکی دیکە ، کە لەو ڕووانەدا ، وەك ئەو نی‌یە ، جیاوازی دەنوێنێ !!

بەپێی ڕێڕەوی ئەو وتەیەی سەرەوەو هەندێ دەوروبەری‌تر کە بۆ چەند ناوچەیەکی نزیك لەیەکتری‌یەوە ، سازدراوەو بۆ هەندێ ناوچەی‌تر جۆرێکی تایبەتی‌تر سازدراوە ، شێوەزاری ناوچەیی بەرپا دەبێ !

ئەو شێوەزارە ناوچەیی‌یانە ، هەنگاوی گەورەو فراوان‌و بەرپاتر دەنێن ، ئەگەر هات‌و دەوروبەرێکی تایبەتی ، لەلایەن بێگانەوە بۆ هەڵگرانی سازدرا ، یان بەسەری‌دا ، بە زۆر سەپێنرا !

بە شێوەیەکی ڕۆشن‌تر ، شێوەی ناوچەیی ، کاتێ هەنگاوی زۆرتر بەرەو جیاوازی دەنێ ، ئەگەر هات‌و خەڵکەکەی دراوسێی ؛ دەوڵەتێکی

بێگانە بوو ، یان بازاڕی کڕین و فرۆشتنی لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا بوو ، یان ژێر دەسەی دەولەتێکی بێگانە بوو ، چ لەڕووی دینەوەو، چ رووی زمانەوە.

بەو پێیە ، ئێمە ، ئەگەر ویستمان لەبارەی جۆرە زارێکی کوردی‌یەوە ، شتی زۆرو تەواو بزانین ، دەبێ ، ئاگامان لەسەرپاکی مێژووی دەوروبەرەکانی ئەو شێوەزارە هەبێ‌و لەهەموو ڕوویەکەوە بخرێتە بەر سەنگی مەحەکی لێکۆلینەوەو توێژینەوەوە .

بۆ پەیڕەوی کردنی ئەم وتەیەی سەرەوە ، دەبێ بەلای کەمیەوە ، کوردستان ، بۆ سێ بەش دابەش بکەین‌و ئەوانیش ؛ کوردستانی ژووروو ، کوردستانی ناوەڕاست‌و کوردستانی خواروو (ژێروو) .

**١٢ – بەشی کوردستانی ژووروو :**

زوربەی زۆری ئەم بەشە (کوردستانی ژووروو) ، کەوتووەتە ولاتی ئەنادۆل، ( تورکیای ) ئێستاوە .

پاش بەسەرچوونی فەرمانڕەوایی میدی‌یەکان لە ناوچەکانی کوردستان‌دا ، کوردستانی ژووروو ، لە زۆر ڕووەوە ، لە ولاتی میدیا ( کوردستان ) داپچڕاوە . ئەویش دەگەڕێتەوە ، بۆ هۆی شەڕی بەردەوام‌و درێژخایەنی نێوان ئێرانیەکان (هەخامەنشیەکان، ئەشکانیەکان، ساسانیەکان)و یۆنانیەکان‌داو ئەوجا ڕۆمانیەکاداو ئەوجا بیزانتییەکان‌و لە پاشیشا لەگەڵ عوسمانی‌یان‌داو تا ئەمڕۆو بەو جۆرە .

داپچڕاندنی سەرەمڕەیی ئەم بەشەو بوونی دەسەلاتی ڕامیاری‌و ئابووری‌ودینی‌و کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیریی جۆربەجۆری ئەوپاسا هەمەجۆرانە، بووە بەهۆی گۆڕاندنی ژیانی ڕۆژانەی خەلکی ئەو ناوچانەی ئەو بەشەوەو ئەم جۆرە جەنجالی‌یەش ، بێگومان ، پێویستی بە ئاڵوگۆڕو قەرزکردنی ، بە دەیان وشەو کەرەستەی زمانیی پێویست بەو ئاڵوگۆڕە ڕۆژانەیە هەبووە.

ڕووالەتی بەرگی شێوەزارە زمانی بەشی کوردستانی ژووروو ، لە

ڕووالەتی بەرگی شێوەزارە زمانی کوردیی کوردستانی ناوەڕاستو هی کوردستانی خواروو جیاوازترە . چونکە ، خاوەن یاساو دەسەڵاتدارە ڕامیاری‌یەکانی ئەو دەمە دوورو درێژو جۆربەجۆرانەی ، بێگانەتر بوونو بێگانەترن ، تا ئەوانەی کوردستانی ناوەڕاست ، یاخود تا ، کوردستانی خواروو !

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ، دەبێ دان بەوەدا بنێین : کە شێوە زاری کوردیی کوردستانی ژووروو ، جگە لەکەرەسە کوردی‌یە ڕەسەنەکەی خۆی ، کە بە هۆی ئەرکی هەستی نەتەوەیی‌تی‌یەوە پارێزگاری کراوە ، کەفەسەرە بە کەرەستەزمانی گریکیو لاتینیو ئارامی‌یەوە ، زۆرتر ، لەهەر شێوەزارێکی‌تری کوردیی ناوچەکانی ناوەڕاستو هی ناوچەکانی خوارووش .

**١٢ـ بەشی کوردستانی خواروو :**

هەر لەبەر ئەوەی ، کە خەلکی کوردستانی خواروو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تێکەڵاوو ژێردەسەی پارتەکانو پارسەساسانی‌یەکان بوونو ئەو تێکەڵاوی‌یەشو ئەو ژێردەستی‌یەش، تا وەکو بەرپابوونو بڵاو بوونەوەی دینی پیرۆزی ئیسلامو هەر بەردەوام بووەو ئەو بەردەوامی‌یەش ، کە بۆ سەرانەری فەرمانڕەوایی ئیسلامیشو تا ئەمڕۆش درێژەی کێشاوە ، بووە بە هۆی قەرزکردنی دەیان ، یاخود سەدان کەرەستە زمانی زمانی پالەویو هی پارسیی ساسانیو هی زمانی پارسیی ئەمڕۆش ، بە جۆرێ ، لە شێوە زمانەکانی‌تر ، هەنگاوی گەورەترو بەرپاتری ناوە .

بێگومان ، ئەو جۆرە زیادە ڕەوی‌یە ، لەو قەرزکردنەدا ، هەندێ ڕووالەتی شێوەکەی گۆڕیوەو ئەو ڕووالەتە گۆڕاوانەش ، وا لە زماناناس دەکەن ، کە بە هەڵەدا بڕواو لە ڕەگەزو نەژادو نەتەوەی ئەو خەلکەی ئەوێ، ڕێ دەرنەکاو بە بێگانە نەژادیان ، لە قەڵەم بدات .

**١٤ـ بەشی کوردستانی ناوەڕاست :**

بەشی کوردستانی ناوەڕاست ، دەوروبەرێکی تایبەتی : هەر لەدێـری دێرینەوە بۆ سازدراوەو هیچ جۆرە دەوروبەرێکی‌تر ، وەك ڕامیاری بـێ ، نەیتوانیوە لە بوونیو لە گرنگیو کاریگەریی ، کەم بکاتەوە •

ئەو دەورو بەرە کاریگەرانەش ، هی سروشتیو هی دینی بوون •

١ ـ دەوروبەری سروشتی ، یـان سروشـتی جوگرافیـایی ، وای لەبەشەکانی ، یاخود ناوچەکانی کوردستانی ناوەڕاست کردووە، کە بەرادەیەك دوورەپەرێز بێ • زوربەی ناوچەکانی کوردسـتانی ناوەڕاسـت سـەختو شاخاوی‌یەو بە درێژایی پتر لە شـەش مانگی ، بەهـۆی سەختیو بـارینی بەفری زۆرەوە ، ڕێگاوبانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا دەگیرێو تەنانـەت بە هۆی هەمان هۆوە ، ڕێگاوبانی دێیەك ، یان گوندێك ، لەگەڵ یەکێـکی دیکەدا دەگیرێ !

ئەو دەورو بەرە سروشتی‌یە جوگرافیایە ، بووە بەهۆی ئەوە کە ژیـان زۆر زەحمەت بێ ، چونکە ، خەلکەکەی دەبێ بۆ مـاوەی چەنـد مانـگێ شەووڕۆژ خەریکی خۆ ڕەتاندنو کارکردن بن ، بۆ ئەوەی ڕزقو ڕۆزی بـۆ شەش مانـگەی زستانی سەختیان کۆ بکەنەوە •

لەبەر ئەو دەوروبەرە سروشتی‌یە جوگرافیایە ، کە لە کوردسـتانی ناوەڕاستدا بەرپایە ، ژیانی ئەو خەلکەی ئەوێ ، کەوتووەتە ، سـەرکاری باخوباخات داناو کاری پیشەسازی دەسـتیو ڕاوکردن ، بـەلام کـاری کشتوکالیان ، لەبەر کەمیی زەوی‌وزار بۆ کشتوکاڵ ، زۆر کەمە •

٢ ـ دەوروبەری دیـنی ، هـەر لەبەر سـەختی ناوچەشـاخاویەکانی کوردستانی ناوەڕاستو بوونی سەدان کونو ئەشـکەوتو حەشـارگەی پێچوپەنا ، هەر لەدەمی فەرمانڕەوایی هیلینیەکانەوە ، تاوەکو ئەمڕۆ بووە ، بە مەلبەندی سازگاری دینی •

لە دەمی هیلینی‌یەکاندا ، بە دەیان پیروڕابەری دینی ، لەترسی هـێرشی

هیلینی‌یەکان‌و شالاویان ، هانایان بردبوە ئەشکەوت‌و جێگا پەناواکانی ناوچەکانی هەورامان‌و ئا لەوێ دا ، دەیان ئاتەشگەدەو مەلبەندی دینی‌و هورمزگایان ساز داوە •

ئەوەی ، کەگەشتێ بەو ناوچانەی کوردستان‌دا بکات ، بێگومان ، چاوی بە سەدان ئاتەشگەدەو گۆڕی سەدان پیری دینی دەکەوێ •

کەوابوو ، بە هۆی ئەو دەورو بەرە تایبەتیە سروشتی‌یەوە ، خەلکی ناوچەکانی کوردستانی ناوەڕاست توانیویانە پارێزگاریی شێوەزمانەکەیان بکەن ، کە لە قالبی زمانێکی دینیی شێوەگەلی‌دا ، ئا لەوێ دا ، بەرپا بووە •

بەلێ ، زمانی ئەو خەلکەی ئەوێ ، کەرەستەزمانی پارسیی ساسانی‌و پالەوی ئەشکانیی تیادایە ، بەلام ئەو تیادابوونە ، ناگاتە ئەو چەندی‌یەتیەی کە لە شێوەزمانی کوردیی کوردستانی خوارووەدا بەدی‌دەکرێ !

بە هەرحال ، بوونی مەلبەندی دینی زۆر لە ناوچەکانی‌داو بە شێوەیەکی سەرەمڕەیی بەکارهێنانی زمانی دینی‌و بەردەوام‌بوونی ئەم جۆرە دەوروبەرە، تاوەکو بلاوبوونەوەی دینی ئیسلام تیای‌داو ئەوجا دامەزراندنی میرایەتی جۆراوجۆر لە ناوچەکانی‌داو کردنی شێوە زمانەکەیان ، بە زمانی ڕەسمی‌و هی‌دینی‌و هی ئەدەبی بوو بە هۆی مانەوەی ئەو شێوە زمانە دینی‌یە •

بە شێوەیەکی ڕۆشنتر ، لە دەمی فەرمانڕەواییی هیلینی‌یەکان‌دا ، تاوەکو هاتنی ئیسلام کوردستانی ناوەڕاست مەلبەندی دینی بووەو سەرانسەری فەرمانڕەواییی بابا ئەردەلانیەکانیش ، زمانەکەیان ، زمانی دینی‌و هی ڕەسمی‌و هی ئەدەبی بووە ــ (دینی ئەهلی‌هەقق) ، ئەوجا زمانی دینی‌و سۆفیگەریەتی نەقشبەندی‌یەکان‌و بەو جۆرە تا ئەمڕۆ !

بە پێی ، ئەو دەوروبەرە تایبەتیانەی ، کە هەریەکە لەبەشەکانی کوردستان بە درێژایی بیست سەدەیەك هەیان بووە ، دەگەینە ئەوەی ، کە بلێین، دەبێ شێوە زارە کوردی‌یەکان برێتی بن ، لە سێ شێوە زاری سەرەکی !

بۆ لێکدانەوەی ، ئەوە ئێمە بسانەوێ‌و نەمانەوێ ، چوار شێوە زاری سەرەکی زمانی کوردی هەن‌و ئەوانیش ، بە پێی بۆچوونی ئێمە ئەمانەن :

١ــ شێوەزاری کوردیی کوردستانی ژووروو •

٢ــ شێوەزاری کوردیی کوردستانی خواروو •

٣ــ شێوەزاری کوردیی کوردستانی ناوەڕاست •

ئەوەبوو ، شوێن‌و جێگای جوگرافیاییی سێ شێوەزارەکەی یەکەممان دیاری کرد ، بەڵام دەستمان بۆ دیاری کردنی جێگاو شوێنی شێــوە زاری جافی نەبرد •

## ١٥ــ شێوەزاری جافی :

لە شێوە زاری هەورامانــی‌دا ، زاراوی (جاف) ، یان (کوردی جاف) بەو کوردە کۆچەرانە دەوتــرێ ، کە بە بۆنەی بەخێوکردنی ئاژەڵ‌و مــەڕو ماڵاتیانەوە ، هەمیشە ، گەرمیان‌و کوێستانیان کردووە •

واتە، ئەو کوردە کۆچەرانە، باری ژیانیان کەوتووەتە سەر بەخێوکردنی مەڕوماڵات‌و ئاژەڵ‌و بەروبوومیــان‌و ئەوە ، هەمیشــە کەوتوونەتە ، دواو شوێنی لەوەڕ ، بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات‌و ئاژەڵەکەیان •

بەو جۆرە ، هەرگیز نەیان توانیوە نیشتەجێ بن‌و لەخانووی موویین (دەوار)دا ژیاون‌و لەسەر پشتی ڕەشە وڵاخ‌و وڵاخی بەرزە ، کەل‌و پەلیــان بۆ گەرمیان‌و بۆ کوێستان گوێزاوەتەوەو گوێزاوەکەشیان ، بەرەو گەرمیان، درێژاییی مانگی یەکەمی پایزی خایاندووەو بەرەو کوێستانیش درێژاییی یەکەم مانگی بەهاری ، پێ چووە !

بە هۆی ئەو هاتوچۆکردنەیاوە،لە چەندان جێگاو ناوچەی جۆراوجۆردا پشوویان داوەو لەو ماوەی پشوودانەدا ، بازاڕیان کردووەو بەروبــوومی ئاژەڵەکەی خۆیانیان فرۆشتووە ، یان گۆڕیوەتەوە ، بەو پێویستیانەی کــە خۆیان نەیان بووە ! ــ ) بەپێچەوانەی دانیشتوانی نــاوچەکانی کوردستانی

ناوەڕاستەوە ، کە خۆیان سەرچاوەی سەرپاکی ژیانی خۆیان بوون‌و لە هەموو ڕوویەکەوە ) ــ شێوە زمانەکەیان پڕە لەکەرەستە شێوەی تێکەڵاو •

ئەو جافە [10] کۆچەرانە ، لە زستان‌دا ، بەرەو دۆڵی شارەزوور کۆچیان کردووەو هەر هۆزەی جێگای نیشان‌کراوی تایبەتیی خۆی هەبووەو بە هاوینانیش‌دا ، بەرەو کوێستانەکانی کوردستانی ناوەڕاست کۆچیان کردووەو هەر هۆزەیشی هەوارگەی تایبەتیی خۆی هەبووە •

(ابن المهلهل) ، لە نامەی دووەمی‌دا ، وا پێمان ڕادەگەیەنێ ، کە لە سەدەی دەهەم‌دا ، لە ناوچەی شارەزووردا ، چەند شارو دێیەك هەبوون‌و ئەو شارو دێهاتانە ، لە وەرزی زستان‌دا ، نزیکەی شەست هەزارێ هۆزە کوردی کۆچەری‌یان تیادا حەساوەتەوەو ناوی شارەکانیش ، وەکو شاری شارەزوورو دەیلەمستان ( ناوگردانی ئەمڕۆ )و واتە (بیرکێ) ، یان (بیارە)ی، ئەمڕۆو دوزدان ــ ن •

بە هەرحاڵ ، ئێمە وێنەی هەریەکێ لەو شێوانەی پێش بەرپابوونی ئیسلام ، یان هی دەمی سەرەتای بەرپابوونی ئیسلامان بە دەستەوە نی‌یە ، کە بە تەواوی لێوەیانەوە دلنیابین‌و لەگەڵ ئەوەش دا ، لە شێوەی کوردیی کوردستانی ناوەڕاست ــ شێوەزاری دینی‌دا ــ بە دەم (رەشید یاسەمی)یەوە مامۆستا سجادی هەندێ شیعری بڵاوکردووەتەوەو کەرەستەو ناوەڕۆکیان لەوە دلنیامان دەکەن، کە ئەو زمانەیان، زمانی دەمی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام بووبێ، بەوەی‌دا، کە خالی‌یە لەکەرەستەزمانی عارەبی‌و هێشتا دەنگی [ ع ]یش نەتوانراوە وەك خۆی گۆ بکرێ‌و پتر لەوەش ڕازەکە ، رازی هێرشی سەردەمی خەلیفە عومەرە ــ ( تەماشای دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، سجادی ، ل ــ ٤٠ ــ ٤١ بکەرەوە ، هەروەها تەماشای ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ١٥٢ ــ ١٥٣ ، بکەرەوە ) •

**١٦ ــ کوردیی شێوەزار بەرەو شێوەزمان :**

زوربەی خوێندەوارانی کورد ، بەرامبەر بە زاراوی ( شێوەزمان )ی

زمانی کوردی ، دەموچاویان کرژ دەبێتەوە ، کەچی بەکردەوە ، تا ئەمڕۆ ، زۆر کەم ، لەوە بیریان کردوەتەوە ، یان بیریان لەچارەسەری کردووەتەوە . پتر لەوەش ، ئەگەر یەکێ لە ئێمە دەوروبەرێکی بۆ سازدرا ، یان زەمینەیەکی باشی بۆ ڕەخسا ، ئامادەیە ، کە بەشێوە ناوچەیی‌یەکەی خۆی بنووسێ‌و تەنانەت ئامادەشە ، کە واز لە بەکار هێنانی هەندێ کەرەستەزمانی شێوەیەکی دیکەی کوردی بهێنێ‌و لەبری کەرەستە زمانی بێگانە بەکار بهێنێ !

ئێمە ، بمانەوێ‌و نەمانەوێ ، شێوەزارە کوردی‌یەکان ، هەنگاوی گەورەگەورەیان بەرەو شێوەزمان ناوەو هەنگاوی وەهاش ، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر کەم نرابێ ، یاخود بە ماوەیەکی زۆر نرابێ ، بۆ چارەسەرکردنی چەندان کەڕەت ماوەی زۆرتری لەوەی پێشووی پێ دەوێ !

ئەوا ، ئا لێرەدا ، بە بیروباوەڕی من ، هەوڵ‌وتەقالادان‌و کۆشش‌کردن لە گۆڕەپانی نووسین‌و بڵاوکردنەوەدا ، لە پێناوی هەنگاونانی زمانی نووسینی کوردی ، بەرەو شێوەی ئەدەبی یەکگرتوو پاڵپشت‌بوونی ، سەنگی مەحەکی دڵسۆزانی ئەو ڕێڕەوو ئەو ئاواتە پیرۆزەیە .

بێگومان ، هەریەکێ ، لە ئێمە مافی کۆکردنەوەو زیندووکردنەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیریی خۆی بەشێوەکەی خۆی هەیە ، بەڵام کاتێ ئەو کۆکراوەو زیندووکراوەیە ، پێناسەی تەواوی کوردی‌یەتی وەر دەگرێ ، کە زوربەی کورد بتوانێ چێژی لێ وەر بگرێ .

حالی حازر ، ئەوەی ، کە بەشێوەیەک ، لەو شێوە کوردی‌یانە دەئاخەڤێ ، لە شێوەیەکی دیکەی کوردی ، بەباشی‌و بە ڕەوانی تێ ناگاو لەزەتی لێ وەرناگرێ . بەڵام ئەو جۆرە دوورکەوتنەوەیە لە نێوان زوربەی خوێندەوارانی لێهاتوودا ، بەرەو نزیکبوونەوە هەنگاوی ناوەو ، بۆیە ، ئەگەر ئەو خوێندەوارانە ، نەختێ‌تر لێبوردووتر بن ، بە زووترین کات زمانی ئەدەبیی کوردیی یەکگرتوو دەهێننەکایەوە .

کاتێ ، ئێمە حالی دەبین لەوەی ، کە زمانی کوردی بەرەو چوار جۆرە

شێوە زمان هەنگاوی ناوە ، کە چوار جۆرە وەرگرتـەی هۆنـراوەی وەك ئەمانەی خوارەوەمان ، لە بەردەم خۆمانداو لەترازووی بەراوردا ، دامان ناوە

(١) ــ بۆ وێنە ، سەیدی هەورامی یەکەم (سەرەتای چەرخی شازەهەم لـە سالآنی ١٥١٥دا ژیاوە ) دەڵێ :

« مەمەڵە جێش نارە ، کولمێش سوورە ساوە
وێش ئەجێی ، سەڵوینە ، مدرێنە پاوە
نە تاوانم ، وەرو ، چا ، ساوو نارێ
دەمێو : کۆمم ، چەنیش ، گێرو نزارێ » •

واتـای وشەکانی •

مەمەڵە : مەمکە • نار : هەنار
کولم : کولم • ساو : سێڤ ، سێو
وێش : خۆی • ئەرجێی : چون ، وەك
مدرێنە : ڕاوەستاوە • پاوە : بە پێوە
نەتاوانم : نەم توانیوە • وەرو : بخۆم
چا : لەو • دەمێو : دەمێك
کۆم : کام ، حەز • چەنی : لەگەڵ
گێرو : بگرم •

واتە : مەمکە بچکۆلەکانی وەك هەنارن‌و کولمی وەك سوورە سێون •
خۆی وەك گولی سەوڵ ، بە پێوە وەستاوە •
نەم توانی لەو سێوو هەنارە نەختێ بخۆم‌و •
ماوەیەك لەگەڵی‌دا بحەسێمەوە ••

(٢) ــ یان مەلای جزیری (١٤٠٧ ــ ١٤٨١) دەڵێ :

«چین چین کرن زولفێن سیا کەسك ئەتلەسی دیبا قەبا
ئیدی نیشان نابن خویا تێکەل کرن لازم صەبا
میدی صەبا دایی سەحەر ماداری بەدرێ کر دوکەر

قەوس و قەزەح ژێ هاتە دەر دیسا بەزولفانزا تەبا»
واتای وشەکان :
کرن : کردن • زولفێن : زولفان
سیا : ڕەش(سیاو) کەسك : سەوز
ئەتلەس : ناوی قوماش دیبا : ئاوریشم
قەبا : کەوا ئیدی : ئیتر
نیشان : خاڵ خویا : ئاشکرا
صەبا : شنەبای بەیانیان منەدی : دیتم
دایی سەحەر : سەحەرلێیدا مادار : ڕووداو
بەدر : مانگ (مانگی چواردە) • دوکەر : دووکەرت
دیسا : دیسان • قەوس وقەزەح : کۆلکەزێڕینە •
ژێ : لەو تەبا : لەگەڵ •
بەزولفانزا : بەزولفانیەوە •
واتە : شنەبای زولفی چین چین و ڕەش بەسەر دەم و چاوی دا خستووەو خاڵەکەی شاردووەتەوەو ناوبەناویش دەیان لەرێنێتەوەو لەنێوانیانەوە تیشکی کولمی و ڕوومەتی کەوەك مانگی چواردە وەهایەو زلفان دوولەتیان کردووە، وەك کۆلکە زێڕینە دەدرەوشێتەوە •
(٣) ــ بابا تایری هەمەدانی (٩٣٥ ــ ١٠١٠) دەڵێ :
«ئەگەر دل دلبەرو دلبەر کودام ئەست •
وەئەگەر دلبەر دلو ، دڵرا چە نام ئەست •
دڵ و دلبەر بەهەم ئامێتە وینیەم
نەزۆنم ، دل کەو دلبەر کودام ئەست »
واتای هەندێ وشە :
کودام :کام • کودام ئەست : کامەیە •
دلو : دلە • دڵرا : ای دڵ

چەنام‌ئەست : چ ناوێکی هەیە • ئامێتە : تێکەڵ

بەهەم : بەیەکدا • کەو ؟ : کامە ؟

واتاکەی : ئەگەر دڵ دلبەرە ، ئەی دلبەر کامەیە ؟

ئەگەر دلبەریش دڵە ، ئەی دڵ چ ناوێکی هەیە

دڵو دلبەر لەلای من تێکەڵ بوون

نازانم دڵ کامەیەو دلبەرکامەیە •

(٤) ـ عێلی بەگی جاف (٨٩٨ ـ ٩٦١ی کۆچی) •

«من بە قەولی گەوران دەکەم
قسە لەژێر هەوران دەکەم
هەمووی لەبۆ سۆران دەکەم
ئیطاعەتی دەوران دەکەم
هەروا بووەو هەروا دەبێ »
ئەوسا ئەدای وەفا دەکەم
سەرم پڕشۆڕ سەودا دەکەم
هەر تەماشای دنیا دەکەم
روو بە طوری سینا دەکەم
هەروا بووەو هەر وا دەبێ»

واتای هەندێ وشە :

بە قەوڵ : بەگفت • بەوتە ، بەقسە • وەفا : (وفاء)ی عارەبی‌یە •

هەوران : کۆی هەورە ئیطاعەت : (اطاعە)ی عارەبی‌یە •

ئەدا(٤) : (اداء)ی عارەبی‌یە• دەوران : (دوران)ی عارەبی‌یە

طوری سینا : کێوی سینا :

واتا گشتی‌یەکەی :

هەر لەبەر ئەوەی شێوە ئەدەبی‌یەکەی ئەمڕۆی زمانی کوردی ، ئەوەی نوێی ئەو شێوەیەیە ، لەو باوەڕدانیم ، کە ئەوەی شێوەی ئەدەبی ئەمـڕۆ بزانێو لێی تێ‌نەگا !

**١٧ــ هۆی هەرەگرنگی هەنگاونانی زمانی کوردیی بەرەو شێوەزمان :**

لە بەشی هەنگاونانی زمان بەرەو شێوەزار ، بـاسی هەنـدێ هـۆی سەرەکیمان کرد ، کە بوو بوون بە هۆی ئامادەکردنی زەمینەیەکی بەپیـتو گونجاو بۆ ڕوواندنو گەشەکردنی شێوەزارە کوردی‌یەکان. ئا لێرەش‌دا ، هەولی ئەوە ئەدەین ، کە ئەو هۆیانە بوونەتە هاندەری هەنگاونانی زمـانی کوردی بەرەو شێوەزمان ، بەسەر بکەینەوە ، چونکە لە دەستنیشان‌کردنی ئەو هۆیانەدا ، دەرمانی چارەسەرکردنیان دەردەکەوێ !

بە بیروڕای ئێمەیش ، ئەو هۆیانەش ( زەقەکانیان ) ئەمانەن :

(١) ــ سەرپاکی ئەو هۆیانەی ، کە بوون بە هۆی هەنگاونانی زمانی کوردی بەرەو شێوەزار .

(٢) ــ نەبوونی یاسایێ ، یان دەسەلاتێ ، یان مەلبەندێ ، کە خـەمی هەرە گەورەی فێرکردنو بلاوکردنەوەو گەشە پێدانی زمانی کوردی بێ .

(٣) ــ بەرپا بوونی دەوروبـەری زۆر کاریـگەر ، ئەویـش ، وەك سەردەرهێنانی دینی پیرۆزی ئیسلامو بلاو بوونەوەی لـە کوردسـتان‌داو سەپاندنی بە زۆر بەسەر خەلك‌داو لە ناوچەیەك‌دا ، یان لە چەند ناوچەیەك‌داو وەرگرتنی ئەو دینە پیرۆزە بە خوایشتو بە حەز ، لە ناوچەیەك ، یان لە چەند ناوچەیەکی دیکەداو لە دەم‌وکاتی بەرووداوداو بە هـۆیەوە ، پەیـدابوونو بەرپابوونی ئالوگۆڕ کردنو قەرزکردنی کەرەستە زمانی عارەبی ئیسـلامی بەرووالەتی جیاواز جیاوازەوە لەگەل عارەبو تورکی ئیسلام بووو فـارسی ئیسلام بوودا ، بوو بە هۆی ئەوەی ، کە کەرەستە زمانێـکی ئیسـلامی ، لەرووی ئاوازو مۆسیقاو تەنانەت ، لـە ڕووالـەتی نووسینیشـەوە ، لـە ناوچەیەکەوە ، بۆ ناوچەیەکی دیی ، جیاوازیی پیشان بدات !!

بە شێوەیەکی ڕۆشن‌تر ، کەرەستە زمانی عارەبیی ئیسلامی ، ئـەگەر ، تورکی زمانێ ، یان ئەگەر پارسی زمانێ ، بەکاری بهێنێ‌و دایسەپێنێ ، لـە ڕووی ئاوازو ڕووالەت‌و هەندێ جاریش ، لە ڕووی واتایەوە ، جیـاوازە لە هەمان کەرەستە زمان ، کە عارەبی زمانێ دایدەسپێنێ ! یان جیاوازە لـەو زمانە عارەبی‌یە ئیسلامی‌یەی ، کە یەکسەرە لە عارەبی زمانێکەوە وەردەگیرێ‌و قەرز دەکرێ !

کەوابوو ، بە هۆی بەرپابوونی دینی پیرۆزی ئیسلامەوە ، کە دەستە زمانی عارەبی ئیسلامی زۆر هاتووەتە ناو زمانی کوردی‌یەوەو ئەو هـاتن‌و قەرزکردنەش ، بە هۆی چەند ڕێگایەکەوە ، هاتووەو بوونی جیاوازیی نێوان ئەو ڕێگایانەش ، بووە بە هۆی ( •• بۆ وێنە ؛ کەرەستە زمـانێ لە چەنـد لایەکەوە ، بەڕووالەت‌و واتاو ئاوازی جۆراو جۆرەوە ، هاتووەتـە نـاو کوردی‌یەوە ) ، بەرپا کردنی جیاوازیی نێوان کەرەستە قەرزکراوەکان •

ئەو کەرەستە زمانیە عارەبی‌یە ئیسلامی‌یانەش بە هـۆی ئەم جـۆرە ڕێگایانەی خوارەوە ، هاتوونەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە •

(١) ـــ کەرەستەزمانی عارەبی ئیسلامی ، کە یەکـسەرە بە هۆی عارەب خۆیەوە ، هاتووەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە •

ئەم کەرەسەیە ، تا ڕادەیەك ، پارێزگاری ئـاوازەو واتـای خـۆی کردووەو بەشێکی زۆر کەمیشی ـــ (کەرەستە زمانی ئاسایی) ـــ بەرگێکی کوردیی پیادا کراوەو ئەگەر باش سەرنج نەدرێ ، پێی نازانرێ !

(٢) ـــ ئەو کەرەستە زمانە عارەبی‌یەی ، کە بە هۆی تورکەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە ، ئاوازی زوربەی زۆری وشەکان ، بەلای ئـاوازەی زمانی تورکی‌دا رایکێشاوە •

(٣) ـــ ئەو کەرەستە زمانە عارەبی‌یەی ، کە بە هـۆی فارسـەکانەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە ، هەر هەمان دەستوور ، ئاوازەی زوربـەی زۆری وشەکان بەلای ئاوازەی زمانی پارسی‌دا ڕایکێشاوە •

بەڵێ ، لە سەرێکەوە ، کردەوەی کاریگەرو بە تینی ئەو دەوروبەرە درێژخایەنو نەبڕاوانە ، هەنگاوی بە شێوەزمانی کوردیی – ( بۆ وێنە ) – کوردستانی سەروو بە جۆرێ ناوە ، کە لە زۆر ڕووەوە جیاوازیی هەبێ ، لەو شێوە کوردی یەی ، کە خەڵکی کوردستانی خواروو ، یان خەڵکی کوردستانی ناوەڕاست وتووێژی پێ دەکەن . کەچی لە سەرێکی ترەوە ، هەر هەمان هۆ بوونەتە ، هۆی بزواندنی هەستی نەتەوایەتی بەرەو لاسایی کردنەوەی ڕۆشنبیرانی ئەو فارسو تورکو عارەبە ئیسلامانە ، کە بە زمانی خۆیان بەرهەمی دینیو ئەدەبی بڵاو دەکەنەوە ، چ بە زمانەکانی ئەوانو چ بە زمانە کوردی یەکەی خۆیانو بەو پێیەی ، کە زمانە کوردی یەکەی خۆیان ، هیچی لە هیچ ڕوویەکەوە ، لەزمانەکانی ئەوان ، کەمتر نی یە !!

دەرکەوتنی ڕوواڵەتی دیاردەی شێوە زمان ، بە زمانی کوردی یەوە ، ئەوپەڕی لە دەوروبەری (٢٠٠ – ٣٠٠)ی کۆچی دا ، دەرکەوتووە .

زمانی بابا تایری هەمەدانی (٣٢٦ – ٤٠١ – ك ) ، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا ژیاوە ، شێوە کوردی یەکەی ، کەفەسەرە ، بە ڕیشەو قەدی کەرەستەزمانی پارسیك ( پارسی ساسانی)ەوە ، شان بەشانی فیردەوسی (٣٢٩ – ٤١١ – ك ) شیعری وتووە .

ئەو شێوە زمانە کوردی یەی ، بابا تایری هەمەدانی ، ئەگەرچی بە ناوی زادەی سەدەی چوارەمی کۆچی یەوەیە ، بەڵام بێگومان پێ گەیێنراوی چەند سەدەیەکی لەوەو پێش ترە ( تەماشای خاڵی سەرەکی – ٥١ – بکەرەوە ) .

چونکە ، هەروەك ، چۆن جیاوازیی ئەوتۆو دیاریی ، لە نێوان بەرهەمی شێوەزارێکی کوردیی سەدەی پازدەهەمو هی حەڤدەهەمدا ، دەر نەکەوتووە ، هەروەهاش ، جیاوازیی نێوان بەرهەمی شێوەی سەدەی پازدەهەمو هی حەوتەمی دا شتێکی ئەوتۆ نەبووە ، کە شایەنی باس بێ ، ئەگەر زانیمان بە درێژایی ئەو دوو ماوە باسکراوەیە ، هیچ جۆرە دەوروبەرێکی تایبەتی بە گەشەکردنی ئەو شێوە زمانە کوردی یە ، یان بە سەرپاکی شێوە

کوردی‌یەکان ، ئەڕەخساوە !

بە شێوەیەکی زۆر ئاشکراتر ، ئەو جیاوازی‌یـەی ، کە لـە نێـوان شیعرەکانی (پەندەکانی) پیرشالیاری یەکەم (سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام)داو هی پێسارانی‌دا (١٦٤١ ـ ١٧١٢ ـ ز) هەیە ، تەنها بوونی کەرەستە زمـانی عارەبی‌یە ، لەوەی پێسارانی‌داو نەبوونی ئەو کەرەستە زمانە عارەبی‌یـە ، لەناو پەندەکانی پیرشالیاری یەکەم‌دا .

بەڵام جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە ، لە ناو شێوەزمانی کوردیی شاعیرەکانی بیستەکانو سی‌یەکانی ئەم سەدەیەداو هی شێوەزمـانی کوردیی شـاعیرانی هەشتاکانی هەمان سەدەدا .

ئەو جیاوازی‌یەش ، بێگومان، دەگەڕێتەوە، بۆ ڕەخساندنی دەوروبەری تایبەتی ، بەگەشەکردنی زمانی کوردی .

## ١٨ ـ ڕووالەتی شێوەکانی زمانی کوردی :

ئێمە ، وتمان ، داسەپاندنی دەوروبەری جۆراوجۆر بەسـەر نـاوچە جۆربەجۆرەکانی کوردسـتـان‌دا ،وەك هۆیەکی سـەرەکی ، بوو بە هۆی هەنگاونانی زمانی دانیشتوانی ناوچەکان کوردستان بەرەو شێوەزارو لـە سەرووی ئەویشەوە ، یاخود ، بابڵێین ، سەرباری ئەویش . سەر لـەنوێ داسەپاندنی جۆرە دەوروبـەری‌تری جیـاواز لەو دەوروبـەرە پیشوویـە سازدراوانە ، بەسەر کوردستانو خەڵکەکەی‌و دانیشتوانی‌دا ، بوو بە هۆی ڕواندنی جۆرە سنوورێکی زمانی ، لە نێوان شێوەکان‌دا .

واتە ، بە هۆی ئەو دەوروبەرە نوێیە سەپێنراوەدا ، بۆ هەر شێوەیەك لەو شێوانە ، جۆرە تایبەتی‌یەکی تەواو لە کەرەستە زمان‌دا ، دروست بووە . ئەویش ، ئەوەیە ، کە شێوەزمانی کوردیی ژووروو ـ (کوردستانی تورکیا)ـ جگە لەوەی کە پڕە لە کەرەستە زمانی تورکی ، هەروەها بەشداریشە لەگەڵ شێوە زمانە کوردی‌یەکانی ناوەڕاستو خوارووو جافی‌دا ، لە قەرزکردنی ـ هەروەك لەمەوپێش‌تر وتمان ـ کەرەسـتـە زمانی عـارەبی‌و قەدوڕیشـەی

کەرەستەزمانی دیکەی بێگانەی کـۆن .

بە شێوەیەکی زۆر روونتر ، ئەم شێوەزمانە کوردی‌یە ، کەرەستەزمانی تورکی لە شێوەکانی تر زۆرترەو ئەو کەرەستە زمانە تورکی‌یەش دوو جۆرە، جۆرێکیان کەرەستەزمانی دینین ، کە لە ڕێگەی تورکەوە ، زۆر نەبێ کەم ، بە شێوەیەکی شکێنراو،زمانی کوردیی ئەوێ وەری گرتووە،جۆرەکەی تریان، وشەی تورکی ئاسایی کە لەگەڵ ژیانی رۆژانەی ئاسایی‌دا ڕۆژ بە رۆژ لە ناو شێوەزمانی ئەوێ‌دا ، پەرە دەسێنێ !

بە پێی هەمان دەوروبەر ، دەتوانین ، بڵێـین ، کە کوردیی کوردەکانی کوردستانی ژووروو ــ (کوردستانی تورکیا) ، تەنانەت ، لە هەندێ لایەنی وشە سازی‌و ڕستە سازی‌و فرەیزسازیش‌دا ، بۆو ــ بەرامەی زمانی تورکی پێوەیە .

ئەوەی کە بۆ کوردەکانی کوردستانی ژووروو سازدراوەو بە جۆرێکی دیکە ، بۆ کوردەکـانی کوردستانی ئێـران سازدراوەو بۆیە ، لە بارەی ڕووالەتی شێوەزمانی کوردەکانی کوردستانی ئێرانیشەوە ، دەتوانین بڵێین ، کە پتر لە هەر شێوەیەك لە شێوە کوردی‌یـەکانی دیکە ، کەرەستە زمـانی پارسی زۆرتـر قەرز کـردووەو لە ڕووی وشەسـازی‌و فرەیزسازی‌و ڕستەسازیشەوە ، لە هەندێ لایەن‌دا ، بۆوبەرامەی زمانی پارسیی پێوەیە ، هەروەك چۆن زمانی کوردیی کوردستانی عیراق ، لـە هەر شێوەیەك لـە شێوەکانی‌تری زمانی کوردی ، کەرەستە زمانی عـارەبی زۆرتـری قـەرز کردووەو لەڕووی هەندێ لایەنیشەوە ، لاسایی ڕستەسازی زمانی عـارەبی دەکات !

**١٩ــ هەندێ ڕووالەتی جیاوازیی سەرەکیی لەنێوان شێوەکانی زمانەکەدا :**

بۆ دەرخستنی ، یاخود بۆ دیاری‌کردنی ڕووالەتی جیاوازو هی وێکچوو، دەبێ پەنا بەرینە بەر بەراوردکردن‌و بێگومان ، لە بەراوردکردنیش‌دا ، دەبێ جۆرە کێشانەو پێوانەیەك ، بەکار بهێنرێ ، چونکە بەهۆیەوە ، ڕووالەتـە

تەواو جیاوازەکانو ڕووالەتە نەختێ جیاوازەکانو ڕووالەتە لە وێکچووەکان دەردەکەون •

ئەوجا ، بۆ ئەم جۆرەکێشانەیەو بەراوردکردنە ، یەکێ لەشێوەکان ، وەك پێوەرێ ، وەری دەگرینو دەیخەینە تای تەرازووی بەراوردکاری‌یەوەو بە نۆرە ، لەگەڵ شێوەزارە کوردی‌یەکانی‌تردا ، بەراوردی دەکەین •

ئەو شێوە زمانە کوردی‌یەش ، کە بە وێنەیەکی سەرەمڕە دەخرێتە ، یان دەیخەینە تای ترازووی بەراوردکاری‌یەوە ، شێوەزاری ئەدەبی‌یە ، گوایا بەو نیازەی ، کە ئەو بەسەر کەلەپوورەزمانی شێوەزارە کوردی‌یەکانی دیکەوە ، ڕوواوەو بە هۆیانەوە ، گەشەی سەندووە •

پێش دەست‌کردن بە کاری بەراوردکاری ، دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو ، کە ئێمە لەم بەراوردکاری‌یەدا ، تەنها دەست بۆ جیاوازیی ڕێزمانی سەرەکی دەبەینو لەوێ بەولاوە ، هەنگاو نانێین !!

## ۲۰ــ کوردیی کوردستانی خواروو :

پێشەکی ، ئێمە ، دەبێ ئەوە بخەینەوە یاد ، کە لێرەدا سەرلەنوێ سەرژمێری جۆری ئەو کەرەستە زمانیە دێرینیانە (خزمو بێگانە) ناکەینەوە ، کە لە نێوان سەردەرهێنانی میدی‌یەکان بەملاوە ، تاوەکو بەرپابوونی دینی ئیسلام لە کوردستان‌دا هێنراونەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە ، یان قەرز کراون• چونکە لەو ڕووەوە بە دوورو درێژی دواوین • بەلکو ئەم لێدوانەمان ، هەر تەنها بۆ هەنگاونانی شێوەزارە کوردی‌یەکان بەرەو شێوەزمان تەرخان کردووە •

ئەوجا ، مەبەستمان ، لە کوردیی کوردستانی خواروو ، ئەو شێوە کوردی‌یەیە ، کە کوردی ناوچەکانی کوردستانی خواروو ، کە زۆرتر شێوەی ( لوڕیو کەلهوڕی ) دەگرێتەوە ، گفتو گۆی پێ دەکەن •

کوردیی ئەم ناوچانە ، هەر لەبەر ئەوەی ، کە لەدێرین دەمەوە ، تاکو ئەمڕۆ ، چ بە زۆرو چ بەخوایشت ، هەر لەگەڵ فارسەکان‌دا ژیاونو

دەژین ، زۆربەی زۆری کەرەستە زمانیەکەیان ، ڕیشەو قەدی زمانی فارسیی تێدایە ، بەڵام ئەو قەدو ڕیشانە ، بە هۆی بەندسازیو ئاوازەوە ، بەرەو ڕووالەتی براون !!

ئەم جۆرە ڕووالەتەی ئەوشێوە زارە کوردیەانەی کوردیی کوردستانی خواروو ، وای لە هەندێ زمانناسی کورد کردووە ، کە یەکسەرەو بەبێ پشکنینو لێکۆلینەوەو توژینەوە ، ملکەچی هەندێ وتەی نازانستیانەی هەندێ ڕۆژهەڵاتناس بنو دووبارە لە نووسینەکانیاندا پاتی ناکوردیەتی شێوەی کەلهوڕیو لوڕی بکەنەوە .

**٢١ــ شێوەی لوڕیو کەلهوڕی لە ڕووی کەرەستەزمانەوە :**

لەم ڕووەوەو بۆ ئەم مەبەستە ، وێنەی هەرە دێرینمان چوارینەکانی بابا تایری هەمەدانییەو شێوەی زمانەکەیەتیو کەرەستە زمانی ناو چوارینەکانیەتی .

بابا تایری هەمەدانی (٩٣٥ ــ ١٠١٠ ــ ز) دەڵێ :

« دلی دیرم ز عشقت گیجو یجه
مژه بەرهەم زەنەم خونابە ریجه
« دلی دیرم ز عشقت گیجو ویجه
سەرێ سوچە ، سەرێ خونابە رێجه »

( ئا ) ــ واتا گشتییەکەی ، بە شێوەی ئەدەبی .

دڵێکم هەیە ، لە خۆشەویستیتدا گێژووێژە
برژانگ بەیەکدا بنێم ، خوێن دەرێژرێ
دلی عاشق وەك شوولی تەڕە
سەرێکی بسووتێ ، سەرەکەی تری ، شیرە هەڵ ئەرێژێ .

( بێ ) ــ لێکدانەوەی کەرەستە زمانییەکەی .

ــ دێرم :

هەمە ، هەنم . من هەی . هەسم ، هەسمە .

لەوانەیە ، گوێ‌گر ، یان خوێنەر ، وەها بچێتە بیریەوە ، کە قـەدی کار ( دیر ـــ ) فارسی‌بێ ! یان لە فارسی‌یەوە هاتبێ ! چونکە لـە فـارسی ئەمڕۆیش‌دا ، قەدی کاری ( دار ـــ ) هەیەو هەردوو قەدەکەش ؛ ( دیر ـــ )و ( دار ـــ ) بۆ بە دەستەوەدانی واتای ( هەبوون ) بەکار دێ •

واتە ، لە فارسیی ئەمڕۆدا ، دەوترێ :

ـــ من یك بینی دارم •

واتە : من یەك لووتم هەیە •

ئەوەی باباتاییریش ، کە دەڵێ : من دلێ دیرم • بە واتای ، (من دڵێکم هەیە) هاتووە •

کەوابوو (دیرم)و (دارم) بەیەك واتا هاتوون ، تەنهـا ئەوە هەیەکـە (دیرم)ی لوڕی ، بەرەو ئاوازەی کوردی‌یەتی شکێنراوەو هەنگاوی ناوە • بەڵام لەبنەڕەت قەدی (دا) ، قەدێکی ئاڤێستایی‌یە ، (تەماشای خاڵی سەرەکی ، ٥٦ ـــ کتێبی ئاڤێستا ، بەزمانی کوردی بکە ) •

ـــ ز :

ئامرازی پەیوەندە • بە واتای ، یاخود لەبریی (لە ، جە ، ژ ••••)بەکار دێ • ـــ گێج‌وێجە :

ئاڵوگۆڕ بوونی دەنگی [ج]و دەنگی [ژ]یە • چونکە بە واتاو لەبریی وشەی (گێژوێژ)ی ئەدەبی هاتووە •

ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە ، لە دەنگ‌دا بە تایبەتی لەنێوان ئەو دەنگانەدا ، کە سازگەیان نزیکی یەکترین ، زۆر ئاسایی‌یە •

ـــ مژە :

ئەم وشەیە ، بە واتای برژانگ هاتووە لەلایەن شاعیرانی کلاسیکـی کوردەوە ، بە زۆری بەکار هێنراوە •

لەوانەیە ، هەندێ وابزانن ، کە وشەی (مژە) فارسی‌یە • بەڵام • لـە ڕاستی‌دا کوردی‌یەکی زۆر پەتی‌یەو قەدەکەشی زۆر کۆنە ئەمڕۆ لە فرەیزی

(مژمۆر)دا بەکاردێ !

ــ زەنەم :

ئەمە پێك هاتووە ، لە (زەن + ە + م) ، کە بە واتای (دەن + ێ + م)، هاتووە • بە شێوەیەکی ڕوونتر ، هەردوو قەدەکە ، بە یەك واتا ، هاتوون ، چونکە ئەم لەوەوە ــ (لەگەڵ نەختێ گۆڕاندا) ــ هاتووە •

ــ خوناب :

واتە ، خوێناو ، وناو ، خوناف ، هووناو ، هووناف ، هوناب •

ــ سان :

پێسە ، وەك ، چون ، چمان •

لە کوردیی شێوەی ئەدەبیی ئەمڕۆدا (یەکسان) واتە (یەكجۆر) بەکار دەهێنرێت •

(پێ) ــ لەڕووی وشە سازییەوە •

ــ لە فرەیزی (دڵێ دیرم) ، یان (دلی دیرم)دا ، جۆری پێوەلکانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك لەگەڵ پێوەلکانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك لە شێوەی ئەدەبیدا ، جیاوازیی دەنوێنێو ئەو جیاوازییەش بەم جۆرەیە :

+ لە شێوەی کەلهوڕی ، یان لوڕیدا ڕاناوەکە بە وشەی (دیر)ەوە لکاوە ، کەچی لە شێوەی ئەدەبیدا ، بەوشەی (دڵ) یان(دڵێك)ەوە نووساوەو ، واتە ، بەم جۆرە (دڵ + ێك + م) •

ئەم جۆرە پاشکە وتنەی (ڕاناوی لکاو) لە کەلهوڕیو لوڕیدا ، لە وێنەی وەك (دڵێ دیرم)داو پێشکەوتنی (ڕاناوی لکاو) لە شێوەی ئەدەبیدا، لە وێنەی وەك (دڵێکم هەیە)دا ، تەنا ڕاناوی لکاوی تاك ناگرێتەوە ، بەڵکو ڕاناوی لکاوی (کۆ)یش دەگرێتەوەو ڕاناوەلکاوە کەسییەکانی تریش دەگرێتەوە •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــ چمان ، ئەسپ ئەڕای زین کریاگە !

واته :

ــ ئەڵێ ، ئەسپی بۆ زین کریاوە !

لەوەی لوڕیدا ، (کە لهوڕیدا) ، ڕاناوی (ــ ی)ی کەسی سێیەمی تاك، بەوشەی (ئەڕا)وە نووساوە (ئەڕا + ی) ، بەڵام لە شێوەی ئەدەبیدا ، بە وشەی (ئەسپ)ەوە نووساوە (ئەسپ + ی) •

یاخود دەوترێ •

ــ نان خواردم • (لوڕی ، کەلهوڕی)

ــ نانم خوارد • (ئەدەبی)

ــ دەرسەکە نویسام • (کەلهوڕی ، لوڕی)

ــ دەرسەکەم نووسی • (ئەدەبی) •

+ پاشبەندی (کۆ) ، لە شێوەی (کەلهوڕیو لوڕی)دا ، (ــ یل) ، یان (ــەیل) ، یان (ــ یلێ)ن کەچی لە شێوەی ئەدەبیدا (ــ ان)ە •

بۆ ، وێنە ، کورد واتەنی ، لە (کە لهوڕیو لوڕیدا) دەڵێ :

ــ ئەڕایە بویە دام ، تا کوڕم لە ماڵەیل نەخەفێگ !

یاخود ( محمد بدری ) دەڵێ :

« شیرین بشنەو !

هەر چەن فەرهای لە تو دیرە •

هەر چەن پایلێ لە زنجیرە •

ئەمان گیانێ ، ئەڕات سووزێ لفی کیورە»

+ پاشبەندی ( ــ یگ ) نە ناسیاوی ، ( بۆ تاکی نەناسیاو ) ، دەبێ ( ــ یەك) ، یاخود ( ــ یك ) لە شێوەی ئەدەبیدا •

بۆ وێنە ( محمد البدری ) دەڵێ :

«شیرین بشنەو !

لەرێ بیوم ، چێو وەهارێگ بیوم

لە گۆرانیمو هەلوەستم قەتارێگ بیوم

جوان‌و شاسوارێگ بێوم »

+ پاشبەندی ( ـ ەگە ) ، ( ـ گە )ی ئاسیاوی ، لە (کەڵهوڕی‌و لوڕی)دا دەبێ بە ( ـ ەکە ) ، (کە)و لە شێوەی ئەدەبی‌دا .

بۆ وێنە ، (محمد البدری) دەڵێ :

« وتەم بشنەو !

ئەلس ، خەرمانەگەت سووزیا

گەنم ، رەنجەگەت وەبا دریا »

+ پاشبەندی ( ـ ێگ ) ، لە کەڵهوڕی‌و لـوڕی‌دا دەبێ بە پاشـبەندی ( ـ ێ ) ، یان ( ـ ێت ) ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا .

بۆ ، وێنە ، کورد واتەنی لە شێوەی کەڵهوڕی‌دا ، دەڵێ :

« ئاسیا هاتە مێژە میز ، ئاخرێ میزێگ » .

واتە : ئاش کەوتە مێزاندن ، دەمێزێت .

« ئاش کەوتە مێزان ، دەمێزێ .

یاخود ، دەڵێت :

« ئاسنێگ خوەی بڕشت نەدایشت ، سەد ئاسنگەر چاری نیەکێگ !»

واتە : ئاسنێك خۆی بڕشت‌دار نەبێ ، سەد ئاسنگەر چاری ناکات !

+ پاشبەندی ( ـ اگە ) لە شێوەی کەڵهوڕی‌دا ، دەبێ بە پاشبەنـدی ( ـ ایە ) ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا .

بۆ وێنە ، کوردواتەنی کەڵهوڕی‌و لوڕی ، یەژێ :

ئەگەر خودا ، پا ، باگە مار ، کەس نەهێشت !

واتە : ئەگەر خودا پێی بدابایە مار ، کەسی نەدەهێشت !

(تێ) ، لەڕووی دەنگسازی‌یەوە .

لەشێوە کوردیی کوردستانی خواروودا (کەڵهوڕی‌و لوڕی..) ، دەنگی [ و ] ، تێکەڵ بە دەنگی [ی] دەبێ‌و بەهەردووکیانەوە ، واتە ؛ [و + ی] ، جۆرە دوو لێریەك ، پێك‌دەهێنن ، کە ئاوازەیەکی تایبەتی هەیەو ئەو جۆرە

دوولۆیەش ، بەو جۆرە ئاوازە تایبەتی‌یەوە ، مەگەر وێنەی ، لە شێوە کوردیی، کوردی هەندێ لە ناوچەکانی گەرمیان‌و کوردی کوردستانی ژووروودا ، هەبێ !

بۆ وێنەی ، ئەو دەنگە دوولۆیە ، کوردواتەنی شێوەی کەلهـۆڕێ ، دەڵێ :

ئەگەر بویسە وەوی ، زانم چوین شەرم کەم !!

واتە : ئەگەر بومە بووك ، ئەزانم چۆن شەرم بکەم !!

+ لە ڕووی ئاڵ‌وگۆڕ بوونی هەندێ دەنگەوە .

ـ دەنگی [ و ] ، لەشێوەی (لوڕی‌و کەلهوڕی)دا ، بەرەو دەنگی [و ، ۆ ، ێ]ی شێوەی ئەدەبی دەڕوا .

بۆ ، وێنەی دەنگی [ و ] بەرەو دەنگی [ ۆ ] ، کورد واتەنی شـێوەی کەلهوڕی‌و لوڕی ، دەڵێ :

ـ دەسی لەپای شووڕترە !

واتە : دەستی لەپێی شۆڕترە !

یـان دەوترێ :

ـ دەس لە دنیا شووردگە !!

واتە : دەسی لە دنیا شۆردووە !

بۆ ، وێنەی دەنگی [ و ] بەرەو دەنگی [وێ] ، کورد واتەنی شێوەی لوڕی‌و کەلهوڕی یەژێ :

ـ ئەگەر بەد ئەوو ، شەل‌و کوور ، لە باوان ، نیەمێنێ !!

واتە : ئەگەر بەد نەبێ ، شەل‌و کوێر ، لە باواندا ، نامێنێ !!

+ دەنگی [ ە ]ی شێوەی لوڕی‌و کەلهوڕی ، دەبێ بە دەنگی [ ا ]ی لـە شێوەی ئەدەبی‌دا .

بۆ وێنە ، کوردواتەنی شێوەی کەلهوڕی‌و لوڕی دەڵێ :

ـ چەوی چگە بان سەری !

ـ واته ، چاوی چووه بان سەری !

یاخود : چاوی پەڕیوە تەوقەسەری !

یان : چاوی چووەتە ، پشت سەری !

ـ چەو ڕەژینمان کاڵەوە بوی ، شوی کۆنمان بەتاڵەوە بوی !

واتە ، چاو رەژینمان کاڵ بوویەوەو شووی کۆنمان بەتاڵ بوونەوە !

+ دەنگی [ ا ]ی شێوەی کەلهوڕیو دەبێ بە دەنگی [ ە ] ، لەشێوەی ئەدەبیدا ، بۆ وێنە ، کورد واتەنی ، دەڵێ :

ـ خودا ، لە سولتان مەحموود گەوراترە !

یاخود ، کورد واتەنی یەژێ :

واتە : خودا لە سولتان مەحموود گەورەترە !

+ دەنگی [ێ]ی شێوەی لوڕیوگەلهوڕی ، دەبێ بە دەنگی [ا] ، لە شێوەی ئەدەبیدا .

بۆ وێنە ، کورد واتەنی بەژێ :

ـ ئاو ژێر کێ !!

واتە : ئاوی ژێر !!

(جێ) ـ لە ڕووی ئاڵو گۆڕبوونی هەندێ کۆنسو نانت ـ ەوە .

+ دەنگی [ف]ی شێوەی کەلهوڕی ، دەبێ بەدەنگی [و] ، لە شێوەی ئەدەبیدا .

بۆ وێنە دەوترێ :

ـ دەرزی ئەڵدەی لە زەوی نیەکەفێ !

واتە : دەرزی هەڵدەی لەزەوی ناکەوێ !

یاخود دەوترێ :

ـ ڕاستی ڕەفتی ، چەفتی کەفتی !

+دەنگی [ئ]ی شێوەی لوڕی دەبێ بە دەنگی [ه]لە شێوەی ئەدەبیدا ، بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ ڕۆژ ئەورە گورگ دەمی چەورە !!
واتە : ڕۆژ هەورە ، گورگ دەمی چەورە !
یاخود کوردواتەنی دەڵێ :
ـ ڕێوی دەمی وە ئەنجیر نەڕەسی ، وەت گەڕکە ! •
واتە : ڕێوی دەمی بەهەنجیر نەدەگەیی دەیوت نەگەییوە !!
+ دەنگی [گ]ی شێوەی کەلهوڕی و لوڕی دەبێ بە دەنگی [ۆ] ، لە شێوەی ئەدەبی دا •
بۆ وێنە ، کورد واتەنی دەڵێ :
ـ دەس لەدنیا شووردگە !
واتە : دەسی لەدنیا شۆردووە !
یاخود دەوترێ :
ـ دەم دنیا ، لێ هاتگەسەوە یەک !
واتە : دەمی دنیای ، لێ هاتووەتەوە یەک !
+ دەنگی [گ]ی شێوەی کەلهوڕی و لوڕی ، دەبێ بە دەنگی [ك] ، لە شێوەی ئەدەبی دا •
بۆ وێنە ، کورد واتەنی یەژێ :
ـ دویەتێ خاسە ، دالگ خوەی تارفی بکێگ !
واتە : کیژێ باشە ، دایکی خۆی تاریفی بکات !
+ دەنگی [ی]ی شێوەی کەلهوڕی ولوڕی ، دەبێ بە دەنگی [د] ، لە شێوەی ئەدەبی دا ، بۆ وێنە ، دەوترێ :
ـ ئەگەر دەسی بچوو ، سەر ئایەم لە پشتەوە بڕێگ !
واتە : ئەگەر دەسی بڕوا ، سەری مرۆڤ لەپشتەوە دەبڕێ !
+ دەنگی [ف]ی شێوەی لوڕی وکەلهوڕی دەبێ بە دەنگی [و] ، شێوەی ئەدەبی دا •
بۆ وێنە ، کوردواتەنی دەڵێ :

ئویشی سێفێگن‌و بویە وە دوو کوتەوە !
واتە : دەڵێی سێوێکن‌و بوون بە دوو لەتەوە !
+ دەنگی [م]ی شێوەی کەلهوڕی ولوڕی دەبـێ بە دەنگی [و] ، لـە شێوەی ئەدەبی‌دا .
بۆ وێنە ، کورد واتەنی ، شێوەی کەلهوڕی‌و لوڕی یەژێ :
ـ ئەگەر گوی خوەری ، کەمچگ گوی خۆری بکە وەقەیا !
واتە : ئەگەر گوو خۆری کەوچکی گوو خۆری بکە بە قەدا !
+ دەنگی [خ]ی شێوەی کەلهوڕی‌و لوڕی ،دەبێ بە دەنگی [ح] ، لـە شێوەی ئەدەبی‌دا .
بۆ وێنە ، کورد واتەنی شێوەی کەلهوڕی‌و لوڕی دەڵێ :
ـ ئەوسا زانیم کارگە تیژە
خوازمەنی کەرمان فاتگە خیزە .
واتە : وەختێ زانیم کارەکە هیچە ، کە خوازێنێی کەرمان فاتمە حیزە .
+ دەنگی [خ]ی شێوەی کەلهوڕی‌و لوڕی ،دەبێ بە دەنگی [ه] ، لـە شێوەی ئەدەبی‌دا .
بۆ وێنە ، کوردواتەنی یەژێ :
ـ ئەی خەورە ئاو فرە کێشێ !
واتە : ئەم هەورە ئاوی زۆر دەکێشێ !
ئەو هەورە ، ئاوی زۆری پێ دەوێ !
+ دەنگی [ش]ی شێوەی خـواروو دەبێ بە دەنگی [ژ] ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا .
بۆ وێنە ، کورد واتەنی لوڕی‌و کەلهوڕی دەڵێ :
ـ ئاوێك ڕشیا ، گردەو نیەو !
واتە : ئاوێك ڕژیا گرد نابێتەوە !
(چێ) ـ لەڕووی هەندێ کەرەستەی بزێوەوە .

+ ڕاناوی (ئەی) شێوەی لوڕیو کەلهوڕی ، دەبێ بە (ئەم) لە شێوەی ئەدەبیدا •

بۆ وێنە کوردواتەنی شێوەی خواروو یەژێ :

ــ ئەمجا ، بەو ئەو خەرە لەی خەڕگاوەدەرکە !

واتە : ئەمجا ، وەرە ئەم کەرە لەو قوڕاوە دەربکە !

+ ڕاناوی ئاماژەی (ئەیە)ی شێوەی کوردیی خواروو دەبێ بە ئەمە ، لەشێوەی ئەدەبیدا •

بۆ وێنە ، کورد واتەنی • دەڵێ :

ــ ئەیە منم وەی ئەسپەوە ، وەی تویرەکەی پڕ قەسپەوە !

واتە : ئەمە منم بەم ئەسپەوە ، بەم توورەکەی پڕ لەقەسپەوە !

ــ ئامرازی پەیوەستی ( پەی ) ، لەشێوەی خوارووا دەبێ بە ( بۆ ) ، لە شێوەی ئەدەبیدا •

بۆ وێنە ، کورد واتەنی یەژێ :

ــ برا خوەش بوە پەی براژنان ، پیەلەی ڕویم پەی دووسو دژمنان•

واتە : برا خۆش بێ بۆ براژن ، ڕووم بۆ دۆستو دوژمن •

ــ ئامرازی پەیوەستی (ئەڕا)ی شێوەی کوردیی خواروو دەبێ بە ( بۆ )، لە شێوەی ئەدەبیدا •

بۆ وێنە ، کورد واتەنی دەڵێ :

ــ بزن ، ئەڕا یەو شەو ، جی خوەی ، خوەش کێک !

واتە : بزن بۆ یەك شەو جێی خۆی خۆش دەکات !!

ــ ئامرازی پەیوەستی ( وە )ی شێوەی کوردیی خواروو دەبێ بە (بە)ی لە شێوەی ئەدەبیدا •

بۆ وێنە ، کورد واتەنی دەڵێ :

ــ بویە وەگای یەك ئاخوڕ !

واتە : بووە بەگای یەك ئاخوڕ !

یاخوت دەوترێ :

ــ بوی وە هات هاتەگەی ڕووم !

واتە : بووە بە هاتەهاتەکەی ڕۆم !

**۲۲ــ کوردیی کوردستانی ژووروو .**

( ئا ) ــ لەڕووی دەنگسازی‌یەوە .

+ بوونی دەنگی [ ڤ ] ، بەزۆریی ، لە شێوەی کوردیی ژووروودا ، نەبوونی ــ (جگە لەهەندێ دەنگەناو نەبێ) ئەو دەنگی [ ڤ ]یە ، لەناو کوردیی ئەدەبی‌دا ، جیاوازی‌یەکی زۆری لەڕووی دەنگسازی وشەسازی‌یەوە بەرپا کردووە .

بۆ وێنە ، کوردواتەنی ، دەڵێ :

ــ بسەرێکڤە هاتن .

واتـە : بەدەم یەکەوە هاتن .

بەسەرکردنەوەی یەکێ .

یـان دەوترێ :

ــ بڤێت‌و نەڤێت بون !

واتە : بیەوێت‌و نەیەوێت بووە !

یاخود دەوترێ :

ــ بناڤ کەڤتن !

واتە : ناو دەرکردن !

ناوبانگ دەرکردن !

+ بوونی جۆرە دەنگە بزوێنێکی دوو لۆ ، کە وەك [ و + ی ] بێ لـە شێوەی کوردیی ژووروودا‌و نەبوونی ئەو جۆرە دەنگە دوو لۆیە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا ، دیسان جیاوازی‌یەکی بەرچاو خستووە .

شایانی باسە ، بەرامبەری ئەو دەنگە دوو لۆیەی کوردیی سەروو

بۆ وێنەی یەکەم ، کورد واتەنی یەژێ :

ـ ئاسویـــدە نەخارن !

واتە : بە ئاسوودەیی نەخواردن !

ـ لەدەس دەرچوون !

ـ لەکیسی چوون !

یاخود ، دەوترێ :

ـ دل هوین کرن !

واتە : دڵ هێمن کردنەوە .

دڵ خۆش کردن .

بۆ وێنەی دووەم ، کورد واتەنی یەژێ :

ـ دئاڤێت تەحلو سویر وەر بون !

واتە : تاڵاو سوێراو خواردن ( چەشتن ) ! .

یاخود ، دەوترێ :

دەنگی [ و ] ، یان [و + ێ]ی دوو لۆیە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا .

ـ دخوینێ وەر بون !

واتە : خوێناوی بوون !

( بێ ) ـ لەڕووی کەرەستەی بزێوەوە .

+ پریپۆزیشنی (ب)ی کوردیی ژووروو دەبێ بە پریپۆزیشنی ( بە ) ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا .

بۆ ، وێنە ، فەقێ تەیران ، وتوویەتی :

« دلو ڕابە ، دلو ڕابـــە

ئەکە ، چەهڤان ، کو ئیڤارە

نەزانو بەس دخەو ڕابە

ب نەمێرا مەبە یـــارە »

(ه ، ل ـ ٤ ـ ٢ )

+ پرێپۆزیشنی ( د )ی شێوەی ژووروو بەرامبەری پرێپۆزیشنی (لـە)، لە شێوەی ئەدەبی‌دا •

بۆ ، وێنە ، فەقێ تەیران ، یەژێ :

« میم‌وحێ ، وەسفێ خۆ هەل‌دا
حاشی مثالن چۆ دجل‌دا
جەرح‌و کۆڤان چۆن د دل‌دا
ئای دلێ من ، ئای دلۆ »

( ه ، ل ــ ٢١٤ )

+ پرێپۆزیشنی ( ژ )ی شێوەی ژووروو ، بەرامبەری (لە)ی شێوەی ئەدەبی‌یە • بۆ ، وێنە ، (مەلای باتەیی) یەژێ :

« دو عالم پێکڤە محتاجێ
ژبو وان هاتی ئەراجێ
شەڤا ئەو چۆیە معراجێ
چ غولغول کەفتە ئێوانێ »

(ه ، ل ــ ٢٨٤) •

یاخود ، دەوترێ :

ــ ژبو وی مرۆڤێ تێتە گوتن !

واتە : بە ئەو پیاوە دەگوترێ !

یان ، دەوترێ :

ــ ژ بەر ڤێ یەکێ !

واتە : لەبەر ئەوە !

(پێ! ــ لەڕووی هەندێ ئامرازی پەیوەستەوە •

+ ئامرازی (کــو) ، لەشێوەی ژووروودا ، وەك (ڕانــاوی گەیەنەر) ، بەرامبەر ( کە )ی شێوەی ئەدەبی‌یە •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ـ ئەو زەڤیا ، کو تە داچاندیـ یا سەروەریـ یە •

واتە : ئەو زەوییە ، کە تۆ چاندووتە هی سەروەرە •

+ ڕاناوی (یێ) و (یا) ، بەناوی (هی ، شێوەی ئەدەبییە •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ـ ئەو یێ ، کو تەکۆلای یێ مەیە •

واتە : ئەوەی ، کە تۆ کێلاوتە هی ئێمەیە •

یاخود دەوترێ :

ـ ئەو یا ، کو تەداچاندی یا سەروەرییە •

واتە : ئەوەی ، کە تۆ چاندووتە هی سەروەرە •

+ ئامرازی پەیوەستی (بلێ = بەلێ)ی شێوەی کوردیی سەروو بەرامبەری (بەلام)ی شێوەی ئەدەبییە •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ـ بەلێ ، دپڕینییێدا ، ئەڤ گوهرینە ، دبیت ب ڤی جۆرەیی •

واتە : بەلام ، لە ( کۆ )دا ، ئەم گۆڕینە ، دەبێت بەم جۆرە •

+ ئامرازی (هەکە)ی شێوەی ژووروو ، بەرامبەری (ئەگەر)ی شێوەی ئەدەبییە •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ هەکە ، هاتو دەنگی [ت] د دویماهییا پێژەییێدا بت ••• !

واتە : ئەگەر ، هاتو دەنگی [ت] لە دوایی وشەدا بێت ، ••••!

+ ئامرازی پەیوەستی (هو)ی شێوەی ژووروو ، بەرامبەری (ئەوجا)ی شێوەی ئەدەبییە •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ هۆ گولێ دلبەرێ !

+ ئامرازی (گەل) و (دگەل)ی شێوەی کوردیی ژووروو بەرامبەری (لەگەل = لەتەك)ی شێوەی ئەدەبییە •

بۆ وێنە دەوترێ : ئەو گەل من هاتە مال .

واتە : ئەو لەگەڵ مندا هاتەماڵەوە .

+ ئامرازی پەیوەستی (ژی) شێوەی ژووروو ، بەرامبەری (یش)ی شێوەی ئەدەبی‌یە بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــ ئەڤ بۆ چۆنەژی ڕاستە دزارێ کرمانجی ژی‌دا نین !

واتە : ئەم بۆچوونەش ڕاستە ، لەزاری کرمانجیش‌دا نین !

(تێ) ــ هەندێ فرەیزە زاراوی بزێ .

+فرەیزەبزێوی (زاراوی) ،(ژبەرکو)ی شێوەی سەروو بەرانبەری فرەیزە زاراوی (لەبەرئەوە)ی شێوەی ئەدەبی هاتووە .

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ ژبەرکو (ت)یا دەنگ بۆڕ دبێژەیێ دایە ، ...»

ــ لەبەروە ، دەنگی [ت]ی بۆڕ لە بێژەیەك دایە ، ....»

لەبەر ئەوە ، کە ، .....

+ زاراوە فرەیزی (هەروەساژی) شێوەی کوردیی ژووروو ، بەرامبەری زاراوە بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ هەروەساژی ( کوڕوکچا ) کو ژ بنگەهی کوڕو ( کچان )ە ..

واتە ، هەروەهاش ، ..........

(جێ) ــ ڕووی هەندێ ئاوەلکاری بزێوەوە .

+ وشەی (جەم) وەك ئاوەلکاری جێگا ، لە شێوەی کوردیی سەرووداه دەبێ بە (لای) ، یان ، دەبێ ، بە (کن) ، یان ، دەبێ ، بە (دیدەن) ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا .

بۆ وێنە دەوترێ :

ــ ئەز لەجەم وی بووم .

واتە : من لەلای ئەو بووم .

یاخود ، دەوترێ :

ــ ئەو چۆ جەم بابێ خۆ •

واتە : ئەو چووە (دیدەن) بابی خۆی •

+وشەی(پەی) وەك ئاوەلكاری جێگا ، لە شێوەی كوردیی ژووروودا، دەبێ ، بە (بەدوای) ، یان (لەدوای) لەشێوەی ئەدەبیدا • بۆ وێنە دەوترێ:

(چێ) ــ لە ڕووی هەندێ (ڕاناو)ەوە •

+ ڕاناوی كەسیی نەلكاو •

ــ ( ئەز ) ، ڕاناوی كەسیی نەلكاوە ، بۆ كەسی یەكەم ، لە شێوەی ژووروودا ، لەگەڵ كاری تێنەپەڕدا ، بەرامبەری (من)ە ، لە شێوەی ئەدەبیدا، لەگەڵ كاری تێپەڕو تێنەپەڕدا ، بەكار دەهێنرێ •

بۆ وێنە ، ئەحمەدی نالبەندیەژێ :

« ئەز دەرمانم بو دەردا

وەك بهارا دلانم

چ شولا هەی لئەردا

ئەز ڕێگا وی دزانم »

( هە ل ــ ٥٦٩ )

یان ، لە جێگایەكی دیكەوە ، دەلێ :

« ــ ئەی ئامینا من ، ئەز ئەڤرو ئەمینم

موحبێ بەژنو بالا تە شیرینم »

(هە ل ــ ٥٧٩ )•

یاخود ، دەوترێ :

ــ ئەز بخو چۆم •

واتە : من بەخۆم ڕۆیشتم •

یان ، دەوترێ :

ــ من بخو دی •

واتە : من بەخۆم دیم •

+ ڕاناوی کەسیی نەلکاوی ( تو )ی شێوەی ژووروو بەرامبەری ڕاناوی نەلکاوی کەسیی ( تۆ )یە ، لە شێوەی ئەدەبیدا .

شایانی باسە ، لە شێوەی ژووروودا ( تو )یە لەگەڵ کاری تێنەپەڕداو (تە)یە ، لەگەڵ کاری تێپەڕدا .

بۆ وێنە دەوترێ :

ـ تو بخو چۆی .

واتە : تۆ بەخۆت چووی .

یان دەوترێ :

ـ ڕاناوی کەسیی نەلکاوی سێیەم کە (ئەو)ە لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا لە شێوەی کوردیی ژووروودا ، دەبێ بە (وی) لەگەڵ کاری تێپەڕداو ئەمانە (هەردوو شێوەکەیان) بەرامبەری (ئەو)ی شێوەی ئەدەبییە .

بۆ ، وێنە ، دەوترێ .

ـ ئەو بخو چو .

ـ واتە : ئەو بەخۆی چوو .

یان ، دەوترێ :

ـ وی بخو دی . وێ ب خو دی (بۆ ن. م).

ـ واتە : ئەو بخۆی دیی .

ـ ڕاناوەکان ، بە شێوەیەکی جیاواز لەوانەی ئەدەبی کۆ دەکرێنەوە .

بۆ وێنەی کەسی یەکەمی (کۆ) :

ـ ئەم ب خو چون .(یەکەمی کۆ)

ـ واتە : ئێمە بە خۆمان چووین .

جۆری دووەمیان .

بۆ وێنە دەوترێ :

ـ مە ب خو دیتن .

واتە : ئێمە بەخۆمان دیمانن .

بۆ وێنەی کەسی دووەمی ( کۆ ) :

ـ هوین ب خو چۆن ٠

ـ واتە : ئێوە بە خۆتان چوون ٠

جۆری دووەمیان ٠

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ وە ب خو دیتن ٠

واتە : ئێوە بەخۆتان دیتان ٠

بۆ ، وێنەی کەسی سێیەمی (کۆ) ٠

ـ ئەو ب خو چۆن ٠

واتە : ئەوان بەخۆیان چوون ٠

جۆری دووەمیان ٠

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

وان بـخو دیتن ٠

( حێ ) ـ لەڕووی ڕاناوی کەسیی ( لکاو )ەوە ٠

+ لە کوردیی شێوەی ژووروودا ، تەنها کاری تێنەپەڕ وەك پاشـبەندێ، وەری دەگرێ ، کەچی لە شێوەی ئەدەبیدا ، کاری تێپـەڕو هی تێنەپـەڕ وەری دەگرێ ٠

بۆ وێنە دەوترێ :

ـ ئەز چو ـ م ٠

واتە : من چووم ٠

هەروەها دەوترێ :

ـ من خـار ٠٠

واتە : من خواردم ٠٠

شایانی باسە ، ڕاناوی کەسیی لکاو ، بە سەرپاکی دممەکانی کاری تێنەپەڕەوە ، لە کوردیی ژووروودا ، دەلکێ ، بەڵام ، ئەم جۆرە کردەوەیە،

لەگەڵ کاری تێپەڕداو ــ (بە تەواوی بەپێچەوانەی شێوەی ئەدەبی‌یەوە) ــ لە سەرپاکی دەمەکاندا ، ڕوو نادات • (بۆ زۆرتر زانین ، لەم ڕووەوە ، تەماشای ؛ ر• ص• ل ــ ۲۱۱ ، بکەرەوە) •

( خێ ) ــ لە ڕووی ڕاناوی ئاماژەوە •

+ ڕاناوی ئاماژەی (ئەڤ) بۆ (تێر)و بۆ (مێ) لە شێوەی ژووروودا ، بەرامبەری ( هەڤبەری) (ئەم)ە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــ ئەڤ کوڕە شاگردی منە •

واتە : ئەم کوڕە قوتابی منە •

یاخود : ئەڤ کابانی‌یە دو سەعاتا ناڤێت !

واتە : ئەم کەیبانووە دوو سەعات نانوێت !

+ ڕاناوی ئاماژەی (ڤێ) ، یان (ئەڤێ) لە شێوەی ژووروودا ، بەرامبەری (ئەم)ە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا • بەڵام لە شێوەی ژووروودا ، بۆ مێینە بەکاردێ ، کەچی لەشێوەی ئەدەبی‌دا ، ئەو جیاوازی (تێرو) ــ (مێ‌یە) ، نی‌یە !

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــ ڤێ مالێ بفروشە •

واتە : ئەم ماڵە بفرۆشە •

+ ڕاناوی ئاماژەی (ڤی) یان (ئەڤی) شێوەی ژووروو بەرامبەری (هەڤبەری) (ئەم)ە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ ڤی خورتی خەلاتکە • (بۆتێر)

واتە : ئەم بەرانە خەڵات بکە •

+ ڕاناوی ئاماژەی (وێ)و (ئەوێ) ، (وی)و (ئەوی) بۆ دوور بەکار دێن‌و ئەمانەش بەرامبەری ڕاناوی ئاماژەی (ئەو)ە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ وێ دارێ بکە زیخە ! (بۆمێ) •

واتە : ئەو دارە خۆلی بکە •

یان ، وەکو دەوترێ •

ــ وی قەلەمی نەفرۆشە ! (بۆتێر) •

ــ واتە : ئەو قەلەمە مەفرۆشە •

+ ڕاناوی ئامازەی (ڤان)و (وان) بۆ (تێرومێ)و بۆ دوورونزیك ، بــۆ (کۆ) ، لە شێوەی ژووروودا ، بەرامبەری (ئەوان)ی شێوەی ئەدەبی یە •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ ڤان هەڤالان ، •••

واتە : ئەو هەڤالانە ، •••

یان دەوترێ :

ــ وان سەیدان ، •••

واتە : ئەو مامۆستایانە ، •••

( دێ ) ــ لەڕووی هەندێ ڕاناوی پرسەوە •

+ ڕاناوی (چەوا)و (چاوا)ی شێوەی ژووروو ، بەرامبەرو هــاوواتای ڕاناوی (چۆن) پرسە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــ چەوا ، مرۆڤ ژ درەوا دویر دکەڤیت ؟

واتە : چۆن مرۆڤ لە درۆکردن دوور دەکەوێتەوە ؟

+ ڕاناوی (کیژ)ی شێوەی ژووروو بەرامبەرو هاوواتای (کام)ی شێوەی ئەدەبی‌یە •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ کیژ خورت ل پێشیێ بو ؟

+ ڕاناوی پرسی ( کیژان)ی شێوەی سەروو ، بەرامبەرو هاوواتای (کام)ی

شێوەی ئەدەبی‌یە •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــ کێژان خورت لێ‌پێشێی بۆ ؟

ــ کام کوڕی ئازایان لەپێشدا بوو ؟

(زێ) ــ لەڕووی هەندێ بەندسازی‌یەوە •

+ پاشبەندی خستەپاڵ (یاخود ئامرازی خستە پاڵ) ، بۆ (نێر) جۆرە ڕوواڵەتێکی هەیەو هی (مێ)یش جۆرە ڕوواڵەتێکی دیکەو بەلام لە شێوەی ئەدەبی‌دا ، چ بۆ (نێر)و چ بۆ (مێ) ، هەردووکیان ، یەك ڕوواڵەتیان هەیە• بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ بەژنا زراف •  (مێ ــ تاك) •

ــ واتە : قەدی باریك

یان دەوترێ :

ــ خانێ مەزن •  (نێر ــ تاك)

واتە : خانووی گەورە •

یاخود ، دەوترێ :

ــ کچا خەباتکەر •

واتە : کچی خەباتکەر •

یان ، دەوترێ :

ــ دۆستێ دلسۆز •

ــ واتە : دۆستی دلسۆز •

+ لە هەندێ حاڵەت‌دا ، پاشبەندی (ــ ی)ی شێوەی سەروو ، کە دەوری پەیوەندایەتی دەردەخات بەرامبەرو هاوواتای (ــ ی)یە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــخارزایێ سەرداری پسامێ منە •

ـ واته : خوشکەزای سەردار ئامۆزای منە •

+ پاشبەندی (ـ ی)ی دیارخراو ، لە شێوەی ژووروودا ، بەرامبەری هیچجۆرە پاشبەندێ ، لەشێوەی ئەدەبی‌دا ، دەرناکەوێ •

+ پاشبەندی تەرتیبی ( ـ ێ ) ، لە شـێوەی ژووروودا ، بەرامبـەری (ـ ەم) ، (ـ یەم)ە ، لە شێوەی ئەدەبی‌دا •

بۆ وێنە :

ـ یەکێ ، دەبێ بە ، یەکەم •

ـ دوێ ، دەبێ بە ، دووەم •

ـ سێێ ، دەبێ بە ، سێیەم •

+ پێشبەندی ( ئا ـ ) وپاشبەندی (ـ ێ) ، بە هەردووکیانەوە (ئا ـ ێ)، لە شێـوەی ژوورووداً ، هاوواتـاو بەرامبەری پاشبەندی (ـ ە مین) و (ـ یەمین)ی شێوەی ئەدەبین •

بۆ وێنە :

ـ یەك ـ یەکێ ـ ئایەکێ •

واتە : یەك ـ یەکەم ـ یەکەمین •

یان : دەهێ ـ ئادەهێ •

واتە : دە ـ دەهەم ـ دەهەمین •

ـ دەیەم ـ دەیەمین •

+ پاشبەندی بەراوردکاری •

ـ پلەی بەراوردکاری ، لەشێوەی ژووروودا ، بە هۆی (پڕ)و (گەلەك)ەوە دەکرێ ، کەچی ، لەشـێوەی ئەدەبی‌دا پاشـبەندی تـایبەتی ، بۆ پـلەی بەراوردکاری‌و بۆ پلەی باڵای بەراوردکاریش هەیە •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ ڕەش ـ گەلەك ڕەش (پڕڕەش) ، (زهەمیا ڕەش)

واتە : ڕەش ـ ڕەش‌تر ـ ڕەش‌ترین •

یان دەوترێ :

ــ ڕەش ــ ڕەش‌تر ــ ژهەمیا ڕەش‌تر •

(تەماشای • ص • ب • ر • ل ــ ٢٧٨)

( شایانی باسە ، ئێمە دیوانی جزیری گەڕاین ، بەڵام پلەی بەراوردی بەو جۆرەی مامۆستا صادق بهاء الدین ــ مان ، بەرچاو نەکەوت !) •

( سێ ) ــ هەندێ جۆری وشەسازیی‌تر •

+ بە هۆی خستنە پاڵەوە (یان پێکهێنانی هەندێ ناو) بە هۆی لێکدانەوە ، کە جۆرە پەیوەندی‌یەتێک‌و خزمایەتی‌یێک‌و چۆنیەتیی جۆری ئەو خزمایەتی‌یە پیشان دەدا ، لە شێوەی کوردیی ژووروودا ، پێچەوانەی کوردیی ئەدەبی‌یە •

| شێوەی ژووروو | شێوەی ئەدەبی |
|---|---|
| باوەپیارە | زڕباب |
| براژن ( ژنی برا ) | ژنبرا |
| ژن خوشك | خوشکاژن |
| ئامۆزا (کوڕی مام) | پسمام |
| ئامۆزا (کچی مام) | دویت‌مام |
| مامۆژن | ژن‌مام |
| باوەژن | ژنباب |
| خاڵۆژن | ژنخاڵ |

+ هەندێ ناوی ئاساکار بە هۆی پاشبەندی ( ــ ڤان )ەو دروست دەبن ، بەمەبەستی ڕۆشنکردنەوە ، کاریان لەشێوەی ژووروودا ، بەرامبەری ( ــ وان) ، ( ــ ەوان )ی شێوەی ئەدەبی‌یە •

بۆ وێنە ، دەوترێ •

ــ تێچیرڤان •

ـ واته : ڕاوکەر ، ڕاوچی ، کەژەوان • نەچیرەوان •

یـان دەوترێ •

ـ ڕەزڤـان •

واته : باخەوان ، ڕەزوان •

+ ئەوەی ، کە زۆر بەزەقی لەنێوان ، هـەردوو شـێوەکەدا ، دیـاری دەدات ، شێوەی پێکهێنانی رستەی‌کارا نادیارە •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ نان هاتە خارن •

ـ واته : نـان خورا •

یـان ، دەوترێ :

ـ نان هاتیە خـارن •

ـ واته : نـان خوراوە •

یان ، دەوترێ :

ـ نان هاتبو خارن •

ـ واته : نـان خورابوو •

**٢٣ـ کوردیی کوردی کوردستانی ناوەڕاست :**

( ئا ) ـ لە ڕووی دەنگسازی‌یەوە •

+ بوونی دەنـگی [ ڤ ] لە شـێوە کوردیی (ئەهلی هـەق‌و شـێوەی هەورامانی)داو نەبوونی لە شێوەی ئەدەبی‌دا ، جۆرە جیـاوازی‌یەکی ، لـە دەنگسازی‌دا ، بەرپا کردووە •

| شێوەی ناوەڕاست | شێوەی ئەدەبی |
|---|---|
| ئاڤاز (ئاواز) | ئاواز |
| ڤلێڤە ( ولێوە ) | گولێك |
| ڤەیڤە ( وەیوە ) | بـووك |

بۆ وێنه ، سەیدی هەورامی یەکەم یەژێ •

« من ئێشەو ، هامدەمم ، ساسێ نەبۆ کەس
شەرێك و هۆمدەمیم دۆستەم ڤەسۆ ڤەس » •

یـان دەڵێ :

« نە ڤارام وەرو ، چا ساف و نارێ
دەمێ کامم ، چەنیش گێرو بە زارێ » •

( بێ ) — لەڕووی کەرەستەزمانی کۆنەوە •

+ کوردیی شێوەی ناوەڕاست پارێزگاری کەرەستەزمانی ئـاڤێستایی و پالەوی زۆرتر کردووە ، تا هەر شێوە کوردیەکی دیکە ، یاخود تـاوەکو شێوەی ئەدەبی ( تەماشای ، کتێبی ئاڤێستا ، بەزمانی کوردیی م• هەورامانی، بکەرەوە ) •

+ ڕاناوی کەسی (شمە) ، لە شێوەی کوردیی ناوەڕاستدا ، کە بـۆ (کۆ)ی ڕاناوی کەسیی ( تۆ )یە ، بەرامبەرو هاوواتـای ڕانـاوی کەسـی (ئێوە)یە •

بۆ ، وێنه ، دەوترێ :

— شمە ساناتا ( سەندتا ) •

— واتە : ئێوە سەندتان ( کڕیتان ) •

+ ڕاناوی کەسیی ، هی کەسـی دووەمی (تـاك) ، لە (تێـرومێ)دا ، لە شێوەی ناوەڕاست جیاوازیی پیشان دەدات ، بەڵام ئەو جیاوازی یە ، لـە شێوەی ئەدەبی دا نی یە !

بۆ ، وێنه ، دەوترێ :

— ئاد ، ساناش ( بۆ تێر ) •

— واتە : ئەو سەندی •

یان دەوترێ :

— ئادە ، ساناش ( بۆمێ ) •

ـ واته : ئەو سەندی •

+ ڕاناوی کەسیی (کۆ) ، بۆ کەسی سێیەم (ئادێ)ی شێوەی کوردیی ناوەڕاست ، بەرامبەرو هاوواتای (ئەوان)ی شێوەی ئەدەبیە •

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ ئادێ ساناشا •

واتە : ئەوان سەندیان •

(پێ) ـ لەڕووی وشە سازیەوە •

+ پاشبەندی (نێرومێ) ، لە شێوەی ناوەڕاستدا ، بە ئاوەڵناوی ناوەوە ، دیاریی دەدات ، ئەگەر ئاوەڵناوەکە ، کەوتبێتە دوای ناوەکەوەو ئەو دوواکەوتنەش بە مەبەستی دەرخستنی ڕووالەتی ناوەکە بێ •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ـ کناچە جوانەکێ • ( ـ ێ ، پاشبەندی مێینەیە ) •

ـ کوڕە جوانەکە ( ـ ە ، پاشبەندی نێرینەیە ) •

واتە : کیژە جوانەکە • کوڕە جوانەکە •

+ جگە لەبوونی پاشبەندی کۆی ( ـ ان ) ، لە شێوەی ناوەڕاستدا ، پاشبەندی ( ـ ێ )ی (کۆ)یشی هەیە ، کە ئەمیش بەرامبەرو هاو واتای ( ـ ان )ە •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ •

ـ کوڕ (ت) ، کوڕان (ك) ، کوڕێ (ك) •

واتە : کوڕ ، کوڕان ، کوڕان •

یان ، دەوترێ :

ـ کناچان ، کناچێ •

واتە : کچان ، کچان •

+ پاشبەندی (ـ دە) لەشێوەی ناوەڕاستدا ، بەرامبەری پێشبەندی یاخود بەشیەکەمی کاری ناساکارە ، کە بە (دا ـ) دەستپێ دەکات • واتە،

ئەو کارانەی ، کەوەك ، (داکەوت) ، دابوو ، واڕزی ، دایووا ، دانیشت ،٠٠)
لە شێوەی ئەدەبیدا ، لەبریی بەشی یەکەمیان ، کەبە ( دا ــ ) دەست پێ
دەکات ، لە شێوەی ناوەڕاستدا ، دەبێ ، بە پاشبەندی (ــەرە) ، یان
پاشبەندی (ــرە) ، بەپێی کۆتایی قەدی کارەکە ــ [ئەگەر بەبزوێن ، کۆتایی
هاتبێ ، پاشبەندی (ــرە) وەر دەگرێ و ئەگەریش ، بەکۆنسونانت
کۆتاییهاتبێ ، ئەوە پاشبەندی (ــەرە) وەردەگرێ) .

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ــ کەوتەرە (کەوت) .

واتە : داکەوت

ــ خزیارە (خزارە) . (خزا) .

ــ واتە : داخزا

یان دەوترێ :

ــ تەپیارە . پوویارە

ــ واتە : داتەپی . داپووا .

+ هەر بە هەمان دەستوورو ڕێڕەو پاشبەندی (ــرە) ، یان پاشبەندی
(ــەرە)ی شێوەی ناوەڕاست ، دەبێ بە پێشبەند ، یان بەشیەکەمی کاری
ناساکاری ، وەك (ڕاکشا) و (ڕاخزا ٠٠) ، کە (ڕاــ)یە :

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ کێشیارە . وزیارە .

ــ واتە : ڕاکشا ،ڕاخزا

+ پاشبەند (هەندێ ڕاناوی لکاو)ی ، کە بەهەندێ قەدی کار تێنەپەڕەوە
دەنووسرێ ، جیاوازە لەوانەی کەبەقەدی تێپەڕەوە دەنووسرێ . ئەوانەی
کەبە قەدی تێپەڕەوە ، یاخود بۆ (هەبی) بەکار دەهێنرێن ، لەگەڵ شێوەی
ئەدەبیدا وەك یەکن .

بۆ وێنە ، دەوترێ :

ـ من ، واردم • ـ من هەنم ••
واتە : من خواردم • من هەمە •
+ پاشبەندی (چاوگ) ، لە شێوەی ناوەڕاستدا ، لەگەڵ هی شێوەی ئەدەبیدا جیاوازیی دەنوێنێ • واتە ، پاشبەندی (ـی) شێوەی ناوەڕاست بەرامبەری پاشبەندی چاوگییە ، لە شێوەی ئەدەبیدا •
بۆ ، وێنە ، دەوترێ •
ـ سانای ، واتە : (سەندن) •
+ پاشبەندی چاوگی (ـەی)ی ناوەڕاست بەرامبەری پاشبەندی (ـن)ی چاوگییە ، لە شێوەی ئەدەبیدا •
بۆ وێنە ، دەوترێ •
ـ دڕیەی • واتە : (دڕین) •
ـ کەردەی • واتە : (کردن) •
+ پاشبەندی کارا نادیار، (ـیا)یە، لەشێوەی ناوەڕاستدا، کە بەرامبەری، پاشبەندی (ـر)یە ، لە شێوەی ئەدەبیدا •
بۆ ، وێنە ، دەوترێ :
کاڵ ـ کاڵیا • واتە : کێڵراو
وڕ ـ وڕیا • واتە : ڕووخاو •
+ پاشبەندی ناسیاویی ، لە شێوەی ناوەڕاستدا ، کە (ـکە)یە بۆ (نێر)و (ـکێ)یە ، بۆ (مێ) ، لەشێوەی ئەدەبیدا جیاوازیی نێوان (نێرومێ) ناکرێ و بەهەردووکیانەوە بەرامبەری (ـکە) ، یان (ـەکە)ن •
بۆ ، وێنە دەوترێ :
ـ کوڕەکە ، ( بۆ نێر ) ، واتە کوڕەکە •
ـ کناچەکێ ، (بۆمێ) ، واتە کیژەکە •
ـ ژەنەکێ ، (بۆمێ) ، واتە : ژنەکە •
ـ پیاکە ، (بونێر) ، واتە : پیاوەکە •

(تێ) ــ لەڕووی ڕستە سازی‌یەوە •

+ ڕاناوی لکاوی کەسی‌یەکەم ، کەبەهــۆی کەسی دووەمەوە دەوری بەرکاری ، لە داخوازی‌دا ، وەردەگرێو دەبێتە ( پاشبەند ) ، لە شــێوەی کوردیی ناوەڕاستدا ، بەڵام لە شێوەی ئەدەبی‌دا ، دەبێتە ناوبەندی نێوان ئامرازی داخوازی‌و قەدی کارەکە •

بۆ ، وێنە ، دەوترێ :

ــ بشناسەم = (ب + شناس + ە +م) • (ئەمە ڕستەی تەواوە) •

واتە : بمناسە = (ب + م + ناس + ە) • =

یــان ، دەوترێ :

ــ بنویسەم = (ب + نویس + ە + م) • =

واتە : بمنووسە = (ب + م + نووس + ە) =

ــ بشێلەم = (ب + شێل + ە + م) =

واتە : بمشێلە = (ب + م + شێل + ە) • =

## ٢٤ــ ئەنجامی ئەم بەراوردە سەرپێیە !

+ لەم بەراوردە سەرپێیی‌یەدا سێ‌خاڵی سەرەکیمان بەرچــاو دەکەونو ئەوانیش :

یەکەم : سەرپاکی شێوەزارەکان ، لە کەرەستەزمانی ڕەســەنی کوردی‌دا ، بەشدارن •

دووەم : لە زۆر ڕووەوە لە یەکتری دەکەنو لە هەندێ ڕوویشەوە جیــاوازی دەخەنە بەرچاو •

سێیەم : لەڕووی هەندێ کەرەســەوە ، سەرپاکیــان بەشــدارن ، بــەڵام بەشداری‌یەکەیان لە شێوەیەکەوە ، بۆ شێوەیەکی‌تر دەگۆڕێ !

بۆ ، وێنە ، سەرپاکی شێوەزارەکان ، بەشدارن ، لە کەرەستەزمــانی بێگانەی وەك زمانی (تورکی) ، بەڵام شێوەی کوردیی کوردستانی سەروو ،

**تێبینی : لاپەڕە (٣٢٩) بە هەڵە پاش پەراوێزەکان هاتووە ، تکایە یەکسەر لەگەڵ لاپەڕە (٣٢٨)دا بیخوێنەوە .**

## ٢٥ـ پەراوێزەکانی ئەم بەشە :

(١) د. پرویز ناتل خانلری ، لە بەرهەمی (تاریخ زبان فارسی)دا ، زمانە پارسیەکانی ئێران ، بەکۆن و نوێوە ، بەجۆرێ دابەشی کردووە ، کە زۆر زانستیانەیەو ، وا ئێمەیش ، لەم رووەوە، شوێنی کەوتین و زاراوەکانی لەو رووەوە لە دەمی پێویستدا بەکارمان هێنا دابەشکردنەکەی ، د. خانلری بەم جۆرەی خوارەوەیە ..

(١) پارسی هەخامەنشی ، ناوی ناوە ، (پارسی باستان) ..
(٢) پارتی ئەشکانی ، ناوی ناوە ، (پەهلەوانیك) ..
(٣) پارسی ساسانی ، ناوی ناوە ، (پارسیك) ..
(٤) پارسی ئەمڕۆ ، یان نوێ ناوی ناوە ( پارسی دەری) ..

(٢) بە ناوونیشانی پردی کناچان ( Pird - i Kinachan ) ەوە ، مامۆستای خوالێ خۆشبوو ( فواد سفر ) لەم بەرهەمەدا ، کەلە خوارەوە ، ناوونیشانی تەواوی بەرچاو کەوتووە ، باسی پردی کناچان و پردی کوڕان و هەندێ شاری کۆنی بەناوبانگی سەردەمی فەرمانڕەوایی ساسانیەکانمان بۆدەکاو وائێمەیش ، لەبەر بوونی پەیوەندیەکی زۆر بەتین ، لە نێوان ئەو ناوانەی ئەو دەمەی شارەزووردا و زمانی کوردی ئێستادا هەندێ لەو زانیاریانە ، کەلێرەدا سوودی خۆیانیان هەیە ، بەرچاو دەخەین .

ناوونیشانی ئەم گۆڤارە ، بەم جۆرەیە :

Valume XXXVI, Parts 1 & 2 1974.
Published by the British School of Aschaeology, In Iraq.
Pird - i Kinachan
by Fuad Safar .

مامۆستا ( فۆاد سفر ) ، لەم رووەوە ، دەڵێ :

پاشماوەی پردی کناچان ، پردی مەیدان ، کەوتووەتە ، سەر رۆخی چەپی رووباری سیروان ، لەلای خوارووی رۆژئاوای (هەڵەبجە)وە. مەبەست ، لەم وتارە ، ئەوەیە ، کە بەڵگەنامەی بوونی پاشماوەی ئەم پردە ئەشارێتەوەو لەکاتێکدا، کە شوێنەوارەکە ، هەر لەبەر ئەوەی کە دەبێ بەژێر ناوی دەریاچەی دەربەندیخانەوە ، کەس ناتوانێ ، ئیتر بیکاتێ ، بۆیە بە هۆیەوە ، زۆرتر بارمەتی ئەوانە دەدرێت ، کە خەمیان دۆزینەوەی جێگاو شوێنی راستەقینەی شاری (شارەزوور)ەو ئەو

شارانەیە ، کە لە ناوچەی شارەزووردا ، لە دەمی عەباسی یەکاندا ، گەشابوونەوە .

بوونی ئەم پاشماوەیە ، بۆ جاری یەکەم ، لەلایەن ( خریکوف )ەوە بلاوکرایەوەو مینۆرسکی ـ یش ، لە نووسینەکانی داو لەم رووەوە ، بەنای بە نووسینەکانی ئەم بووە .

پردی ساسان ـ ی ، سەر رووباری سیروان ، بەهۆی قەڵایەکی بەرگری کردن ، کە لە شەمیران دا بووەو کەوتووەتە سەر دووڕیانی نێوان ( قەسری شیرین )و ( نیمراه )وە ، پارێزگاری کراوە .

سیروان ، ناوی بەشی سەرووی رووباری دیالەیە ، لە تەنگبەری دەربەندیخانەوە بەرەو رۆژهەڵات .

شەمیران ، ناوچەیەکی شاخاوی یە ، کە لە سیروان ـ ەوە بەرەو لای خواروو رادەکشێ و لە رووباری زمکان ـ ەوە بەرەو رۆژئاوا ، درێژ دەبێتەوە ( تەماشای ، ئەونەخشەیە ، ( ژمارە ـ XXXII ) بکە ، کە لەگەڵ ئەم وتارەدایە ) .

نیمراه ، یاخود ( نیم ـ ئەز ـ راه ) ، ناوێکی دیکەی کۆنی شارەزوورەو بە واتای ( نیوەی رێگا ) هاتووە ، کە ئامازەیەکە ، بۆ ئەو جێگایەی ، کە وا لەنێوان ( تیسفۆن ) ـ پایتەختی ساسانیەکانو (شیز) شارێکی ئازەربایجان ، کەمەلبەندو پەرستگای سەرەکی دینی یە .

ئەدمۆندس ، ناوی ئەو پردەیەی ، بە ناوەکەی خۆیەوە (پردی کناچان) ناوبردووە بەلام نەی دیوە ، یان بەرچاوی نەکەوتووە . لەکاتی سەردانی دا بۆ ناوچەی کاکەیی یەکان ، کە بۆ رۆژهەڵاتو خوارووی رۆژ هەڵاتی ( هەڵەبجە ) درێژ دەبێتەوە ، کە چی نەی توانیوە شوێنەواری دوو پردەکەی تر ببینێ ! یەکێ لەمانە ، نزیکی دێی ( کۆساوا ) ـ یە ، نزیکەی بیستو پێنج کیلۆمەترێ رووبەرووی ئاوەکە لە پردی کناچانەوەیەو ئەو دیکەشیان یانزە کیلۆمەترێ لە رۆژهەڵاتەوەیەو ئامازەشە ، بۆ ( پردی کوڕان ) ، کە بە واتای ( پردی پیاو لاو ) هاتووە ، لەو ماوەیەدا ، نەیتوانیوە چوار پایەی کۆنو پێنج پایەی دواتری ئەوان ببینێ !

نووسەری ، ئەم وشەیە ( فواد سەفەر ـ مەبەستی خۆیەتی ـ م.ھ)، کۆششێکی کەسیی کرد ، بۆ ئەوەی بتوانێ جێگاو شوێنەواری جۆراوجۆری هەریەکێ لەو پردانە ببینێ و ئەمەش کەوتە ، هاوینی ساڵی ١٩٦٢ ، کاتێ کە دەزگای گشتیی شوێنەوار ، لە دەشتی شارەزووردا ، خەریکی هەڵکەندنو پشکنینی شوێنەواری دێرین ـ ی ئەوێ بوون .

سەرکەوتن لەوەدا ، تەنها گەیشتنە شوێنەواری پردی کناچان بوو .

باشان ، مامۆستا ( فواد سفر ) دێتە سەر ئەوەی ، کە دەڵێ :

لە بارەی ئەو سێ پردەی سەر رووباری سیروان : پردی کناچان‌و پردی کوڕان ، وا دەردەکەوێ ، کەیەك بەوی‌ترەوە پەیوەندیدارە. نزیکیشە ، کە بۆ یەك دەم‌ویەك چەرخ بگەڕێنەوە . ئەمانە ئامازەن بۆ بیشاندانی هێلی دوو ریگای دێرین‌و مێژوویی ، کە بەرەو شارەزوور ، روویان کردووە ( نــاوە ) . یەکێکیــان بەهۆی رێگای قەسری شیرین‌ــەوەولای خوارووەوە ئــەوی‌دیکەیان لــە ( دەینــەوەر )و ( کەنگاوەر )ەوە لە لای خوارووی رۆژهەڵاتەوە ، دێن پردی سێیەمیان ، کە لە نێوان هەردوو پردەکەدایە بــەرەو خوارووی رۆژهەڵات رووی ناوە . . .

دەربارەی سەرەتای دروستکردنی ئەم پردانە ، کۆششێکی زۆری پێ دەوێ ، بۆ ئەوەی بەتەواوی وراستوڕەوانی روون بێتەوە . لەباشــا دەگاتە ئەوەی ، کە دەڵێ :

باشترین ناوونیشان هەڵدانی شارەزوور ، ئەوانەن ، کەلە لایەن گەشتەوانە عارەبەکانە کراوە. بۆ وێنە ، (ابن المهلهل) کە لە سەدەی دەهەمدا سەری لەشارەزووردداوە ، بێیان ڕادەگەیەنێ ، کە چەند شارو دێیەك ، لەو ناوچەیەدا هەبووەو لە دەمی زستاناندا ، ئەو شــارو دێهاتانە ، لەگەڵ دانیشتوانی‌دا ، شەیۆلیان داوە ( خــواردووە ) . کەنزیکەی شەست هەزار خێزانی کوردە ئالەوێدا ، بەمەستی ( جێگای گەرم ) بۆ بەسەربردنی وەرزی زستان ، نیشتەجێ بوون .

ئەوجا ، ئەو ناوی هەندێ لەوشارانە ، ئەداو ئەوانیش : شارەزوور ، دەیلەمستان ، بیر ، دوزدانــن ، کە ئەو ، لەوانەبە ، هەر ئەم شارانەی لە ناوجەی شارەزووردا دبێ :

( تەماشای ئەو سەرچاوەیە ، ل ـ ١٩٣ ـ ١٩٨ بکە بۆ ئەوەی لەم رووەوە زۆرتر بزانی ) .

بلار ( تعلیق ) ی ، ئێمە ، لەم رووەوە ، ئەوەیە ، کە بنەرەتی « جاف » ئەوە نی‌یە ، وەك زوربەی‌کەس ، تائێستە لەبارەیانەوە بلاوی کردووەتەوە ، چونکە لەو دەمانەوە ، ئەمانە ، هەرگەمیان‌و کوێستانیان کردووەو بە دوای لەوەڕدا گەڕاون .

لە بارەی ناری جێکاکایفشیەوە ، سەر ئەوەیە ، ئەگەر لــەوەمی

ساسانیەکاندا دروست کرابن ناوی ساسانیانیان هەڵ نەگرتووە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ، کە ناوەکان ، بە شێوەزمانی ئەو دانیشتوانەی ئەوێوەیەو ئەو زمانەش ، زمای کوردیی ئەمڕۆیە .

(٣) لە تەورات ، کتێبی عزرا ، بەشی شەشەمدا ، وەها هاتووە ، کە داریوششاە فەرمانی شاهانەی دەرکرد ، کە بە وردیی بە ئەنتیکەخانەو کتێبخانەی (بابل)دا بگەڕێن و جێنووسراوو ئەنتیکەی میدیەکان، وەختێ بۆ بابل هێنراوە ، بە زووترین ، بۆ کتێبخانەو ئەنتیکەخانەی کۆشکی ( ئەخماتان = هەمەدان )ەی بگێڕنەوەو لەو رووەوە ، قەباڵە نووسراوی گرانبەهایان ، بۆ ئەوێ ناردووەتەوە . ( تەماشای : هۆلی بابیل ، بە ئینگلیزی ، ل ــ ٤٦٤ ، بەشی شەشەم ، بکە ) .

(٤) لە ناوچەی شارەزووردا ، بە دەیان ناوی جوگرافی زۆر دێرین هەن ، کە لە دوێ توێ کەرەستەکەیاندا ، واتاو زانیاری زۆر بە نرخ ، بەدەستەوە دەدەن .

بەم بۆنەیە ئەم وتەیەی ( فواد سفر ) ، لە وتاری ( پردی کناچان )ی دا ، بە وێنەی سوود لێ وەرگرتن ، لەم رووەوە دەهێنینەوە .

« لە نەخشە هەڵکەندراوەکانی لوڕستاندا ، لەو دوو پردەی کە لەسەر رووباری ( قەشقان ) ، هەڵبەستراوان و نزیکەی (١٢٠) کیلومەتری کەوتوونەتە ، لای خوارووی رۆژهەڵاتی کرمانشاوە ، وا هاتووە ، کە میر بەدری حەسنەوەی، لە ساڵانی ٩٨٥ ــ ١٠٠٨ ــ ی زایینیدا ، ئەو پردانەی دروست کردوون و هەروەهاش وا لەقەڵەم دەدرێ کە پانتایی فەرمانڕەوایییەکەی ، ناوچەکانی شارەزووریشی گرتووەتەوە .

ئێمەیش بەم بۆنەیەوە ، ناوی ( هەسەناوا )ی لای هەڵەبجە ، بە وێنە دەهێنینەوەو بیرمان ، بۆ ئەوە دەچێ ، کە ئەم (هەسەناوا)یا لە دەمی فەرمانڕەوایی میر بەدر ، یان ، بەر لەودا ، دروست کرابێ و چونکە ئەوان بە خێزانی « هەسنەوەیی » ناوبانگیان دەر کردبوو .

(٥) مانایبەکان . .

ئەمانە ، وەك گەلێك، لە ناوچە دەشتە نیمچە شاخاوییەکانی ناوچەکان نێوان بەشی سەرووی ڕووباری سیروان و زێی بچووك دەژیان . پایتەختەکەیان شاری ئیزیرتو ( ئیزرت )ە ، کە حاڵی حازر (زێویە)ی پێ دەوترێ .

ئەمانە ، لە رووی زمانناسییەوە ، بە تایبەتی پەیوەندیی لە نێوان (مادا )و ( مانا )دا لە تیرەو گینس و ڕەگەزێك دەکەن هیچ رووالەتێ ، لە میدیەکان جوێیان ناکاتەوە !

مانتایەکانو ناوچەکەیان ، هەمیشە ڕووی دەمی تەماعی ئاشووریەکانی،
بەبۆنەی زیووزەریانەوە تێ کراوە .

(٦) کاردۆخیەکان لە ناوچەکانی سەرووی رووباری دجلەوە ، واتە ، لە ناوچەکانی ( بادینانو بۆتانی ) ئەمڕۆ دەوڵەتێ بە ناوی کاردۆخیەکانەوە هەبووەو لەلایەن گەزنەفۆن ، فەرمانداری یۆنانیەکانەوە ، ناویان بە زیرەکیو ئازاییو لێهاتوویی هاتووە . کاردۆخیەکان ، بەرامبەر لەشکرە دەهەزار کەسیەکەی گەزنەفۆن جەنگاون .
کاردۆخیەکان ، بە هونەری کشتوکاڵو ئەندازیاریو شەراب گرتنەوە، ناوبانگیان دەرکردووە .

(٧) لە دەوروبەری سەدەی دووەمی پێش زایین دا ، لەناوچەی نێوان هەردوو زێ داو بە تایبەتی لە ناوچەکانی هەولێری ئەمڕۆدا ، دەوڵەتێك بە ناوی ( ادیابینە ) ، ـ کە بە واتای وڵاتی نێوان هەردوو زێ ، هاتووە ـ دامەزراوە .
ئەم دەوڵەتە بچکۆلەیە ، خاوەنی فەرمانڕەوایی خۆی بووەو بە ناو سەر بە دەوڵەتی ئەشکانیەکان بووە ، بەلام لە سەدەی یەکەمی زایینیدا بە تەواوی سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووەو واش لەقەڵەم دەدرێ ، کە لەم کاتەی دەست بەسەر ناوچەکانی (نەسیبین)و (حەڕان) ، (ماردین)و هەندێك لە وڵاتی (ئەرمەنستان)و (حەزەر)دا ، دەگرێ .
بە ناوبانگترین فەرمانڕەوایان ئیزاد : Izad بووە .
شایانی باسە ئەم دەوڵەتە خود موختاریە ، لە سەرەتای سەدەی یەکەمی پەیدا بوونی دینی مەسیحییەوە ، دینی مەسیحیان وەرگرتو بوو بە مەڵبەندێکی دینی مەسیحی . ( طه باقر ، اربیل ، مجلة المجمع العلمي الكردي ـ القسم العربي ، لسنة ١٩٧٥ ، الجزء الثالث ) .

(٨) دوو پیر شالیار ، لە مێژووی هەورامان دا ، بەرچاو دەکەون . مامۆستا سجادی ، بەکورتی ، پیرشالیاری یەکەمو هی دووەمی جوێ کردوونەتەوە.
پیرشالیاری یەکەم ، لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام دابووە پیرێکی سەرلەبەری زەردەشتی بووەو دینی بووە : زانایەکی لێهاتووەو خاوەنی ئەدەبیاتی دینی بووە ناوبانگی بە (پەند)ەوە دەرکردووە .

بەلام پیرشالیاری دووەم ، مەلامستەفا ناوێ بووەو لەدەمی شێخ عەبدلقادری گەیلانیدا ، بە دزییەوە ، ئیسلام بووەو چووەتەوە هەورامان ، بە ناوی پیرشالیارو ماریفەتیەوە ، دینی ئیسلامی ، لە ناوچەکانی هەورامان دا ، بلاوکردووەتەوە .

پەندەکانی پیرشالیار ( یەکەم ) هیچ جۆرە وشەیەکی عارەبیان تێدا نیەو زمانەکەیان زمانێکی گەلێی ئاسانە .

مامۆستا رەشید یاسەمی )یش ، باسی پیرشالیاریو پەندەکانی کردووە .

(٩) بە شێوەیەکی ، نەختێ نزیك لە تەواوەوە شێوە زمانی کوردیمان دابەش کرد بەم شێوانەی خوارەوە :

ـ شێوە کوردیی کوردستانی ژووروو ، یاخود شێوەی بادینانی ، هەروەك وەها باوە . یاخود شێوەی کرمانجیی سەروو ، هەروەك ، هەندێ لەپشکنەر وەهایان ، لە قەڵەم داوە . لە لایەن ئەو کوردانەوە گفت‌وگۆی پێ دەکرێ ، کە لە کوردستانی تورکیاوناوچەکانی بادینادا ـ ژووررووی عیراق ـ نیشتەجێن :
ـ شێوە کوردیی کوردستانی ناوەڕاست .

خەڵکی کوردستانی ناوەڕاست ، کە لە ناوچەکانی نێوان رووباری سیروانو وەچەکانیو رووباری زێی بچووك ، تاوەکو دژێرایی‌یەکەی دەگاتە ئازەربایجان ، لە دەمێکدا واتە ، بەلای نزیکی‌یەوە تاوەکو کۆتایی ، یاخود نیوەکانی سەدەی حەڤدەهەم ، هەر بە شێوەی دینی کوردیی ـ ( زمانی دینی ئەهلی هەقق ـ ماچۆ ـ هەورامانی ) ـ یاخود ، وەك هەلەی باو دەڵێ بە شێوەی ( گۆران ) وتووێژیان کردووە .
نیشتەجێ بوونی بابانو دروستکردنی شاری سلێمانی ، بوویە هەڵبەندێ ، بۆ نیشتەجێ بوونی جافو بڵاوبوونەوەی شێوەی جافی لە کوردستانی ناوەڕاستدا ، کە خاڵی حازر ، ئەو شێوە جافی‌یەو شێوەی ئەدەبیی ئەمرۆی وەرگرتووە .
ـ شێوەی لوریو کەلهوری کە کوردیی کوردستانی خواروو وتووێژی پێ دەکەن .

(١٠) وشەی (جاف) ، بە شێوەی کوردیی ناوچەکانی هەورامان ، واتای کوردیی کۆچەر دەگەیەنێ واتە ؛ ئەو کوردانەی ، کە ژیانیان وا بەسەر بەروبوومی ماڵیاتو ئاژەڵەوەو هەمیشە بەدوای لەوەڕو لەوەڕگەدا ، دەگەڕێنو لەماڵی مووییندا دەژین .

بەم پێیە ، جاف ، گەرمیانو کوێستان کەرنو لە ناوچە گەرمیانەکاندا ، هەروەها لەناوچە کوێستانەکانی کوردستاندا ، هەر هۆزێ ، هەوارگەی تایبەتیو دیاریی خۆی هەیە .

جاف ، بە شێوەیەکی رێك‌وپێك گەرمیانو کوێستانیان کردووەو

ئەویش ، ئەوەبووە کە بە شێوەی هۆزو سەرەك هۆزو چەند هۆزێکی خزم ، لە ژێر فەرمانی تەواوی سەرەك هۆزدا ، بە هەموو پێویستییەکی ژیانەوەو بەرگری لە خۆیان کردنەوە ، بەرەو گەرمیان ، یان بەرەو کوێستان ، روویان ناوە .

( ابن المهلهل ) ، لە نامەی دووەمی‌دا ، باسی شەست هەزار خێزانە کورد دەکات ، کە لە دەمی زستاندا ، بۆ ناوچەکانی شارەزوور ، بە نیازی بەسەربردنی زستان ، هاتبون .

## سەرچاوەکان :

### سەرچاوەی کوردیی :


ـ دەقەکانی ئەدەبی کوردیی . علاءالدین سجادی . چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٨ بەغداد .

ـ رابەری رۆژنامەگەریی کوردیی . جمال خزنەدار ، ١٩٧٣ ، بەغداد .

ـ رۆژی کوردستان ، کۆکردنەوەو پێشەکی بۆ نووسین جەمال خەزنەدار ، چاپخانە دار الحریة ، بەغدا ١٩٧٣ .

ـ کاکەیی . محەمەد ئەمین هەورامانی . چاپخانەی ( الحوادث ) . بەغدا ١٩٨٤ .

ـ زاری زمانی کوردیی لەترازووی بەراورددا . محەمەد ئەمین هەورامانی. چاپخانەی المؤسسة العراقیة للطباعة . ١٩٨١ ـ بەغدا .

ـ چەپکێك لە گوڵزاری نالی ، مەسعود محەمەد ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد . بەغدا ١٩٧٦ .

ـ چمکێکی مێژووی هەورامان‌و مەریوان . محمدی مەلا کریم ، چاپخانەی ( سلمان الاعظمی ) بەغدا ، ١٩٧٠ .

ـ مەلای جزیری . هەژار ، چاپخانەی سروش ، تەهران ١٣٦١ .

ـ مێژووی ئەدەبی کوردیی . علاءالدین سجادی ، چاپی دووەم . چاپخانەی (المعارف) ، سالی ١٩٧١ ، بەغدا .

ـ رێزمانا کوردیی، صادق بهاءالدین ئامێدی ( چاپخانەی زانکۆ ) ، ١٩٨٧ ، هەولێر .

ـ رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٦ ، ( دار الثقافة والنشر الکردیة ) دار الحریة، سالی ١٩٨٥ .

ـ کاروان ، ژمارە (١٠) ئەمینداریتی گشتیی رۆشنبیریی‌و لاوان . آفاق عربیة ، ١٩٨٢ بەغدا .

ـ رۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٠٤ ، (دارالثقافة والنشر الکردیة) ، دار الحریة ، سالی ١٩٨٤ بەغدا .

- سەرەتای فیلۆلۆژیی زمانی کوردیی ، محەمەد ئەمین هەورامانی ، ( المعارف ، بەغدا ) .
- ڕۆشنبیری نوێ . (دار الثقافة والنشر الکردیة) ، دار الحریة ، ژمارە ـ ۱۰۷ سالی ۱۹۸۵ بەغدا .
- نموونەیێکی زمانی کوردی ، م . هەورامانی (الجاحظ) ۱۹۷۳ بەغدا .
- نموونەیێك ـ غازی فاتح وەیس . الادیب ۱۹۸٤ بەغدا .
- فەرهەنگی (ئێزیەن قاج) . م . هەورامانی . (سومر) ، بەغدا ، ۱۹۸۷ .
- نای جەندم خۆش دەوێ محمدالبدری . (الحوادث) ، ۱۹۷۹ بەغداد .
- حاجی قادری کۆیی سەردارمیران ، کەریم شارەزا . ۱۹۸٦ .
- جەند ملۆیەك ، لە شارای فۆلکلۆری کوردی . جعفر شیخ حسین بەرزنجی ، الزمان ، ۱۹۸٦ بەغداد .
- مەولەوی مەلاعبدالکریمی مدرس . بەغدا ( النجاح ) ، ۱۹٦۱ .
- دیوانی سەیدی هەورامی . کاردۆخی ، جاپخانەی کامەرانی سلیمانی ـ ۱۹۷۱ .
- خانەقین لە مێژوودا محەمەدجەمیل ڕۆژبەیانی . گۆڤاری کۆڕ ، بەرگی (۱۸) . ۱۹۸۸ بەغدا .
- نوبهارا سەیدایێ مەزن ـ ئەحمەدێ خانی . صادق بهاءالدین ئامێدی ، جاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ـ ۱۹۷۹ .
- سترانێت داوەت وگۆڤەندێت کوردان ـ حجی جعفر ، الحوادث ، بەغدا ـ ۱۹۸٦ .
- دوو جامەکەی نالی و سالم ، علاءالدین سجادی ، ( المعارف ) ، بەغدا ـ ۱۹۷۳ .
- لەنجومەنی ئەدیبان . ئەمین فەیضی بەگ ـ لیژنەی وێژەو کەلەپوور ، جاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ، بەغدا ۱۹۸۳ .
- دیوانی ڕەنجووری ، محەمەد عەلی قەرەداخی ـ ( آفاق عربیة ) ، بەغدا ـ ۱۹۸۳ .
- دلـدار ، شاعیرێکی شۆڕشگێری کورد ، عبدالخالق علاءالدین ، ( آفاق عربیة ) ۱۹۸۵ بەغدا .
- زمانی ئاڤێستا ( بە کوردی ) . سوکولوف . محەمەد ئەمین هەورامانی ، ( دار الحریة للطباعة ) ۱۹۸۸ بەغدا .
- میدیا ، ئی. م. دیاکونوف . بورهان قانع ، ( دار الحریة للطباعة ) ۱۹۷۸ بەغدا .
- فەرهەنگی فارسی کوردیی ـ شکرالله بابان .
- گۆڤاری کۆڕ ، ( العدد الثالث ، الجزء الثالث ـ طه باقر ) ، کۆڕی زانیاری، کورد ، سالی ۱۹۷۵ بەغدا .

ـ گەردانەی ئەلوەن . (دار الحرية للطباعة ) ، عبدالمحسن بنی ویس ، ١٩٨٨ بەغدا .
ـ گەوهەری گەرمەسێر ( دار الحرية للطباعة ) ، نعمت علی سایة ، بغداد ـ ١٩٨٨ .
ـ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری . د. جمال رشید ( دار الثقافة والنشر الكردية ) ، دار الحرية للطباعة ، ساڵی ١٩٨٨ ، بەغدا .
ـ شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی . هەژار ، چاپخانەی کۆڕ ، ١٩٧٢ بەغدا .
ـ رابەری سەرچاوە ، لەبارەی زمانی کوردییەوە . د. ئەورەحمانی حاجی مارف ( دار الثقافة والنشر الكردية ، دار الحرية للطباعة ) ، بەغدا ١٩٨٩
ـ زارە کوردییەکان . د. کامیل بەسیر . د. کوردستان موکریانی . صادق بهاءالدين ، محەمەد ئەمین هەورامانی . ( مطبعة جامعة صلاح‌الدين ) ، ١٩٨٧ هەولێر .
ـ ستراني زارگوتنا کوردایە تاریقیێ . ئوردیخانێ جەلیلی ، چاپخانەی کۆڕ ، ١٩٧٧ بەغداد . بە ئیملای کوردیی عیراق .
ـ ئیدیوم ، لە زمانی کوردی‌دا، جلال محمود علی ، مطبعة حسام ١٩٨٢ بغداد .
ـ ئیدیەمێت کوردی . صادق بهاءالدين ئامێدی . چاپخانەی کۆڕ ١٩٧٣ بەغدا .

سەرچاوەی عارەبی :

ـ زرادشت الحكيم . نبي قدامي الايرانيين حياته وفلسفته . تاليف حامد عبدالقادر ـ عضو مجمع اللغة العربية بالقاهرة . مكتبة نهضة مصر ومطبعتها ـ الفجالة ـ القاهرة ١٩٥٦ ـ ١٣٧٥ هـ
ـ من تراثنا اللغوي القديم ، مايسمى في العربية بالدخيل . طه باقر ، عضو المجمع العلمي العراقي . استاذ الاثار والحضارة في كلية الآداب . جامعة بغداد . مطبعة المجمع العلمي العراقي ، بغداد ١٩٨٠ م .
ـ دراسات كردية في بلاد سوبارتو . د. جمال رشيد . آفاق عربية ، ١٩٨٤ بغداد .
ـ تاريخ السليمانية وانحائها. تاليف محمد امين زكي نقله الى العربية محمد جميل الروزبياني ـ شركة النشر والطباعة العراقية المحدودة بغداد ، ١٩٥١ .
ـ ايران في عهد الساسانيين . تاليف كريستنسن . ترجمة يحيى الخشاب .

مراجعة عبدالوهاب عزام . مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر . القاهرة ـ ١٩٥٧ .
ـ الفنديداد. اهم الكتب التي تتالف منها الابستا . نقله من الفرنسية وعلق عليه الدكتور داود الجلبي الموصلي ، طبع بمطبعة الاتحاد الجديدة بالموصل ١٩٥٢ .
ـ تراث فارس : كتب فصوله اساتذة من المستشرقين . اشترك في كتابته واشرف على نشره ( ا . ج اربرى ) ، نقله الى العربية من اساتذه كلية الأداب جامعة القاهرة ، محمد كفاحى ، احمد ساداتي ، السيد يعقوب بكر ، محمد صقر خفاجه ، احمد عيسى . اشترك في كتابته وراجع ترجمةيحيى الخشاب . دار أحياء الكتب العربية ، عيسى البابي الجلبي وشركائه ، ١٩٥٩ القاهرة .
ـ كتاب تنسر ، اقدم نص عن النظم الفارسية قبل الاسلام. نقله الى العربية يحيى الخشاب عميد كلية الأداب جامعة القاهرة . مطبعة مصر ، وشركة مساهمة مصرية ، ١٩٥٤ .
ـ خلاصة تاريخ الكرد وكردستان . من اقدم العصور التاريخية حتى الآن ، ونقله الى العربية وعلق عليه الاستاذ محمد علي عوني ١٩٣٦ ، مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر سنة ١٩٣٩ .
ـ حملة العشرة آلاف . الحملة على فارس . المورخ الاغريقي ـ زينوفون . ترجمها عن الانكليزيه يعقوب افرام منصور ، منشورات مكتبة بسام . موصل ١٩٨٥ .
ـ الفردوس ـ الشاهنامه ، ملحمة الفرس الكبرى ، سمير مالطي ـ دار العلم للملايين ، بيروت ، ١٩٧٧ .
ـ مروج الذهب ومعادن الجوهر للمسعودي ، دار الأندلس للطباعة والنشر، بيروت ج ١ ، ٢ .
ـ عصمت شريف وانلي ـ مسالة توحيد اللغة الكردية . مطبعة الأهالي ، ١٩٦٠ بغداد .
ـ صلاح سعدالله ، عن لغة الكرد وتاريخهم ـ مطبعة شفيق ١٩٨٩ بغداد .

**سەرچاوەی پارسی :**

ـ گاتها ـ سرودهای پیغمبر ایران سپیتمان . زرتشت . نشریهء انجمن زرتشتیان ایرانی . بمبی ١٩٥٢ . گزارش پورداود .
ـ تاریخ زبان فارسی . دکترپرویز ناتل خانلری . جلد اول چاپ ششم ، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران ٢٣ .
ـ فرهنگ فارسی به پهلوی . تالیف دکتر بهرام فرەوشی ، سلسله

انتشارات انجمن آثار ملی . شماره (۱۰۳) تهران .
ـ تاریخ مردوخ . تالیف آیت الله شیخ محمد مردوخ کردستانی . ارتش .
ـ دستورنامه ، در صرف ونحو زبان پارسی . دکتر محمد جواد مشکور ، استاذ دانشسرایعالی‌و دانشگاه تهران . چاپ پنجم خیابان شاه‌آباد .
ـ اطلاعات عمومی (جدید) ، گرد آورنده رباحی پور ـ مرکز پخش زرین .
ـ آوستا ، نوشته‌وتالیف هاشم رضی . ناشر سازمان انتشارات فروهر تیرماه ، ۱۳۶۳ .
ـ آوستا . نامه مینوی آیین زرتشت . گزارش استاذ ابراهیم پورداود . چاپ شرکت سهامی افست ـ تهران ۱۳٤۳ ، انتشارات مروارید تهران.
ـ نشریه انجمن فرهنگ ایران باستان ـ سال چهارم ، شماره (۳) اسفندماه ۱۳٤۵ چاپ راستی ، تهران .
ـ پیشدادیان‌و کیانیان . نوشته استاد ابراهیم پورداود .
ـ جستجوی حقایق تاریخی در استانهای ملی ایران . نوشته دکتر ذبیح الله صفا .
ـ زرتشت و دربار ویشتاسپ‌شاه . دکتر بهرام فره‌وشی .
ـ داستانهای مشترك ایران و هند در روز کارباستان . علی اکبر جعفری.
ـ دو یادداشت ـ ، علی اکبر جعفری .
ـ تاریخ مشرق قدیم ـ (مشیر الدولة ـ پیرنیا) .
ـ فرهنگ فارسی عمید ، تالیف حسن عمید ـ مؤسسة انتشارات امیر کبیر تهران ، ۱۳٦۲ .
ـ فرهنگ مردوخ ،حضرت آیت الله آقای شیخ محمد مردوخ کردستانی ـ ناشر : غریقی سنندج ـ .

**سه‌رچاوه‌ی ئینگلیزی :**

— Volume XXXVI, Parts 1 & 2 1974, p. 193 — 198.
Published by British School of Archaeology in Iraq Pricl - 1 kinachan, by Fuad Safar.

— A Maual of sanskrit Phonetics.
In comparison with the Indo Germanic mother Language for Student of Germanic and Classical Philology.
by
Dr. C. C. UHLENBECK, Extraord Professor of Sanskrit and comparative Phililogy in the University of Amsterdam

London : Luzac & Co.
Pubiishd to the India Office
46, Great Russell Street, 1898.

— An Avesta Grammar, in comparison with Sanskrit
by
A. V. Williams Jackson, of Columbia Collage, New York City
Part 1.
Stuttgart W. Kohlhammek, 1892.

— S. N. Sokolov, The Avestan Language.
Nauka Publishing House.
Central Department of Oriental Literature, Moscow, 1967.

— Old Persian Grammar Texts Lexicon
by

— Roland G. Kent, Professor Emeritus of Indo - European Linguistics, University of Pennsylvania.
American Oriental Society, New Haven Comecticu, 1953.

— The Phonemic system of Modern Standard Kurdish
by
Abdul - Majeed Rashid Ahmed.
A dissertation submitted in partial Fulfillment of the requirement for the degree of Doctor of Philosophy.

— A history of Sanskrit Literature
by
Arthur A. Macdonell, M. A. PH. D
London William Heinemann, McMXIII.

— A Kurdish English Dictionary
Taufiq Wahby and C: J. Edmonds .

— English and American idioms - Persian.
by : H. RAJAB TARAGHI .

کەرەستەزمانی تورکی زۆرتری تێدایە .

یان ، شێوە کوردی یەکان ، سەرپاکیان ، هاوکارن ، لە هەندێ کەرەستە زمانی پالەوی و پارسی دا ، بەلام شێوە کوردیی کوردستانی خواروو ، کەرەستەزمانی بێگانەی بەو جۆرەی ، زۆرتری تێدایە .

یان ، کەرەستەزمانی ئاڤێستایی و هی پالەوی ، لە سەرپاکی شێوە کوردی یەکان دا ، هەیە ، بەلام لە ناو شێوەی کوردیی ناوەڕاست دا زۆرترە !

+ کەوابوو ، ئەگەر لێکۆلینەوەکە ، نەختێ وردتر بکردبایەو سەرپاکی کۆن و نوێی جیاوازیی بگرتابایەتەوە بێگومان ، لایەنی جیاوازی و وێکچوون ، ئەگەر بەرامبەر نەبوونایێ ، ئەوەندە لە یەکتریی کەمتر نەدەبوون .

وەختێ ، ئەم وتەیە ، دەچێتە دلمانەوەو بە تەواوی هەستی پێ دەکەین ، ئەگەر بە ڕێکەوت ، ئاگاداری دوو وتووێژکەری دوو شێوەزار بووین !!
کە تاچ ڕادەیەك ، لە یەکتری تێ دەگەن !!

ئەم دوورکەوتنەوەیەو ئەو دوورە پەرێزی یە ، دەبێ هانمان بدا ، بۆ پێکەوەنانی فەرهەنگێکی یەکگرتوو ، کە کەرەستەزمانی سەرپاکی شێوەکان بگرێتە خۆی و هەروەها هانیشمان بدا بۆ ئەوەی ، کە نەختێ لێ بوردووبین و هەول بدەین و کۆشش بکەین لەپێناوی یەکگرتنی زمانە کوردی یە ئەدەبی یەکەمان دا .

* * *

# ماموٚستا شێخ موحەممەدی خاڵ

# لە کۆڕی تازەکردنەوەی بیری موسوڵمانەتیدا

محمدی مەلا کریم

ئایینی ئیسلام ، وەك ئایینێ کە تەنها لە سنووری پێوەندی دەروونیی ئادەمیزاد بە خواوەندەوەدا نەوەستاوەو ، باڵی بەســەر هەموو سەرێــکی پێوەندە کۆمەڵایەتی یەکانا کێشاوەو ، بەکورتی ئایینێ بووە بۆ دین‌و دنیــا ، وەك لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەر [ د ]دا تەنهــا وەڵامی ئــەو پرسیارانــەی نەداوەتەوە کە قورئانی پیرۆز بڕیاری خواوەندی تیایاندا ڕوون‌کردووەتەوەو، ئەوەندەی کە گەشەکردنی بڵاوبوونەوەی ئایین‌و ڕووداوی ڕۆژانەی ژیان پێویستی کردبێ ، پێغەمبەر بە لێکدانەوەی خۆی‌و زۆر جاریش بە پرس‌و ڕاوێژ کردن لەگەڵ هاوڕێکانی چاری هەر گیروگرفتێکی تازە سەر هەڵداوی کردووە ، پاشانیش‌و بەدرێژایی سەدە زۆرینەکانی هەرگیز خۆی لە سنووری وەڵامە پێشینەکانا ڕانەگرتووە. لە سەردەمی خەلیفەکانی پاش پێغەمبەریشا کە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی موسوڵمانان زۆر بەدەرەتان بووبوو و موسوڵمانان پێوەندیان لەگەڵ گەلانی غەیری خۆیان‌و زۆر چەشنە ژیانی کۆمەڵایــەتی‌و ئابووری‌و ئایینیی‌وا پەیــداکرد کە پێشتر هیچیــان لە بــارەوە نەئەزانین‌و نەبیستبوون، هەزاران پرسیاری نوێ لە بەردەمی جەماوەری موسوڵمانان‌و بەتایبەتی حوکمڕانــان‌و قازی‌یانی شــەرع‌و ڕێ‌پیشــاندەرانی خەڵــکدا قوت‌بوونەوە . پاش ئەم سەردەمەیش کە دیسان ژیان هەر لە گەشەکردنی تازەو هاتنە ئاراوەی بارو دۆخی نوێدا بوو ، ئەو پێشــەواو زانایانەی لــە هەمولایەکی جیهانی ئیسلامدا سەریان هەڵئەدا ، ئەرکی وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانەیان لەئەستۆ ئەگرت .

* * *

که ڕۆژی موسولمانانیش گەیشتە ڕۆژێ ئیتر لە گەشەکردن و پەرەسەندن کەوتن و سنووری وڵاتیان لەو ئاستەدا وەستا کە پێی گەیشتبوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان ڕێڕەوێکی وشکی وای گرتبوە خۆی هیچێکی نوێی ئەوتۆی پێوە دیار نەبوو و حوکمڕانی یش بەتەواوی لەو شێوە بەربڵاوەی جارانی کەوت کە دەوڵەتی ئیسلام لە سنووری هیندستان و ئاسیای ناوەڕاستەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە، بیگرێتەوە و، ڕوژاوای ئوقیانووسی ئەتلانتیکی و، باکووری چیای قەوقاز و تورکیای ئیستا و دەریای سپی و باشووری بیابانی ئەفەریقا و دەریای عەرەب و ئوقیانووسی هیند بێ و، وڵات بوو بە دەیان دەوڵەتە وردە و میرنشینی دەرەبەگی مەشرەب و، هەر بە دیمەن و ڕووکەش پێوەندی بەو پێڕەو و ڕێوشوێنە ئینسانی یە پێشکەوتووانەوە مابوو کە ئیسلامەتی بۆ ئادەمیزادی داهێنابوون. ئەو ئەندازە قانوون و یاسایانەیش لە کتێبا نووسرابوەوە، بەشی ژیانی مەنگ و وەستاوی بەدەوری خۆدا سووڕخواردووی جەماوەری موسولمانانی ئەکرد، بەڵکو زۆریشی لەوەی کە پێوەندی بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی بە پێودانی سەردەم دادپەروەرو ڕاگیرکەری مافە لەو سەردەمەدا دان پیا نراوەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتی یەکانی بنەوە بێ، لەژێر تین و تەوژمی چینە مفتەخۆرو توێژاڵە ستەمکارو خاوەن مەسڵەحەتە چاوچنۆکەکانی کۆمەڵدا و، لەلایەن فتوافرۆشانی سەر بەو چین و توێژاڵانەوە لەکارخرابوو و بە فرۆفێڵ و بڕوبیانوو و دەسکاری کردنی نابەجێی سەرچاوە بنەڕەتی یەکانی ئایین گیانی لێ چنرابوو و تەنیا تێکستێکی بێ ناوکی لە دووتوێی کتێبا بە دەم خوێنراوو بە کردەوە لە تاق و لەسەر ڕەفە دانراوا مابوەوە. تا کار گەیشتە ڕادەیەك کۆمەڵ ئەوەندە بێ وزەو وشك هەڵاتوو بووبوو هێرشی سەلیبی هات و سەرانسەری وڵاتی شامی داگیرکردو کەس نەبوو نە هەستی ئایینی و نە هەستی نیشتمانی و نە سوودی تایبەتی پاڵی پێوە بنێ ڕاپەڕێ گیان بە بەری ئەو خەڵکە سڕو بێ گیان کراوەدا بکاتەوەو بە هەر ناوێکەوە بێ بێ یانبزوێنێ

بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان و خاک و ئایین و بەرژەوەندیان و، ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتەوە قارەمانێکی کوردی وەک سەلاحەددینی ئەییووبی ڕانەپەڕیبایەو سوپای موسوڵمانانی لە هەموو بەرەو نەتەوەیەک کۆنەکردایەتەوە ، خوا ئەزانێ لەوانەبوو هەر ئەو سەردەمە سەرەتای داگیرکردنی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژاواوە بهاتایاتەدی و خۆی بچەسپاندایە .

نەک هەر ئەمە ، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتیشدا دوو هێرشی یەک لەدوای یەکی جیهان وێرانکەری مەغوولی سەرانسەری ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستان و ئێران و کوردستان و عێراق و تا سنووری ڕۆژاوای شامیان ڕامالی و هەرکەسیان هاتەڕێ کوشتیان و هەرکوێ چوون وێرانیان کرد . ئەوەندە گیان لە میللەتەکەدا نەمابوو ڕابەرێک بخولقێنێ سەرکردەیی ئەو خەڵکەو ، بەربەستی ئەو لێشاوانە بکا . خەڵکی ڕەش و ڕووت لەژێر باری ستەمی حوکمڕانە ئارەزووبازە بە هیچ تێر نەخواردووەکانا پشتی چەمابووەوە . ژیانی هەر بۆ ئەوە بوو ڕەنج بۆ ئەوانە بکێشێ و زاوزێ بکا تا ڕەنجکێش بۆ وەچەی دادێ یشیان بهێنێتە بەرهەم . لە ڕۆژاوایشیا هەروا بوو. ئەسپانیایی بەجۆرێ میرنشینەکانی ئەندەلوسیان ڕامالی و شوێنەواریان کوێرکردنەوە ، خەڵکە بێ دەسەڵاتەکەیش ناچار مان یا لە دەریای سپی بکەنە ئەمبەرەوە بۆ باکووری ئەفەریقاو ماڵ بەجێبێڵن و ئایین و سەریان دەرکەن ، یا لە ڕێگای باووباپیریان پاشگەز بنەوەو بەسەر ماڵ و حاڵی خۆیانەوە بمێننەوە .

ئا لەم سەردەمانەدا سەرانسەری ئەم جیهانی ئیسلامە لە خەوی بێ ئاگایی یەکی وادا بوو لە هیچ لایەکەوە ترووسکەیەکی ڕووناکی دیار نەبوو. گیانێ نەبوو بەسەر ئەو خەڵکەدا بنەڕێنێ و هاواری بێداربوونەوەیان لێ بکا. دەنگی ناڕەزایی لە گەرووی چەند شاعیرو حیکمەتیارێکی تاک وتەرا کەوتووی ئەملاو ئەولاو کەسانێکی کەمی لە گەوهەری ئایین گەیشتوو بەولاوە بەرز نەئەبووەوە . بەڵام ئەوانیش کۆمەڵەکەیان ئەوەندە کەڕو کوێرو تاریک بوو هیچی نەئەبینی و هیچی نەئەبیست . ئیستا کە چاو بە مێژووی ئەو سەردەمەدا

ئەگێڕینەوەو کەلەپووری ڕۆشنبیریی ئەو ڕۆژانە پەڕەپەڕە ئەکەین ، ئەبێ لەئاستی ئەو دەنگە دلێرە بە تاریکەشەو هاوار بە چۆڵەوانیدا کردووانەدا سەری ڕێز لێ گرتن و قەدر زانین نەوی بکەین • لەم مەیدانەدا ناوی کەسانێکی وەك سەعدیی شیرازی و جەلالەددینی ڕۆمی و ئیبنوتەیمییەو ئیبنولقەییم بە پێشەوایانێکی لە سەردەمی خۆ پێشکەوتووتر دێنە بەرچاومان کە بەداخەوە جێ پەنجەیەکی ئەوتۆیان بە ژیانی سەردەمی خۆیانەوە جێ نەهێشت و مایەوە لەوەپاشتر کاری خۆیان بکەن •

هەرچەند فۆناغێکیش لەوەپاش سەرکەوتنەکانی تورکانی عوسمانی بەسەر ئەورووپاییەکانا گۆمی مەنگی جیهانی ئیسلامی شڵەقاندو ترس و لەرزێکی زۆری خستە دڵ و دەروونی سەرانسەری ئەورووپاوە ، لەبەرئەوەی ئەو تورکانە هیچ بنەمایەکی شارستانەتییان نەبوو ، موسولمانەتییەکەیان دەورێکی ئەوتۆی لە ژیانی موسولمانانا نەدی و لە کۆمەڵێکی وڵات داگیرکەرو گەلان ژێرپێخەر بەولاوە نەبوون و ، لەبارەی بیرو کۆمەڵایەتییەوە نیشانەی یەکێ لە پاشکەوتووترین پێوەندە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەکان بوون ، پێیان نەکرا هیچ سەرێکی لاری ژیانی جەماوەری موسولمانانی ژێردەستیان ڕاستکەنەوە ، بەڵکو خۆیان بوونە سەربارێکی قورسی نوێی ژیانی ئەو جەماوەرە •

❋ ❋ ❋

ڕاپەڕینی گەلانی ئیسلام ، پاش ئەو خەوی غەفلەتی دوورو درێژەی بە هێرشی یەکەمی مەغوولەکان دەستی پێ کرد ، تەنها دوابەدوای گەیشتنی دەسەڵاتی سوپایی و ئابووریی ئیمپریالیزمی تازە لەدایکبووی ڕۆژاوا و لەژێر تەوژمی باری قورسی ئەوانا بوو بەسەر گەلانی موسولمانەوە • ئاڵای ئەم ڕاپەڕینەیش ، بەر لە هەرچی ، داوای گەڕانەوە بۆسەر ئیسلامی ڕاستەقینەو خاوێن کردنەوەی ئایین بوو لەو هەموو چڵك و چەپەڵیی خەرافات و ساختەو

پڕوپووچانەی بەدرێژایی سەدان ساڵ لە تەمەنی کپوماتیو بێئاگاییو چەوسانەوەی گەل بە ناوی ئایینەوە، بووبوو بە بەشێکی بنەڕەتو سەرەکی لە ئایینو بەدەگمەن ڕێئەکەوت کەسێ هەبێ یارای ئەوەی بێ دەنگی یاخیگەری لەدژی ئەو خەرافاتو ساختەو پڕوپووچانە هەلبڕێو بوێرێ بلێ خەلکینە ئەمە هیچی قەی بەسەر گەوهەری پاكو بێگەردی ئایینەوە نییە . هەلگرانی ئالای ئەم ڕاپەڕینە، با شێوەی کارو بیریشیان لەناو خۆیانا لێك جیا بووبێ، تێکڕا هەموو ئەیانویست لەلایەکەوە ئایین وەك پێوەندییەکی سادەو بێگرێوگۆلی نێوان خەلكو خواو دوور لە هەموو کۆتو زنجیرێکی بیروباوەڕی پڕوپووچو بێبنەما لێبکەنەوەو، لە لایەکیکەیشەوە بەنیازی دامەزراندنی کۆمەلێکی بەداد بیکەنەوە بە سەرچاوەی حوکمڕانی . لە قۆناغێکی لەپاشتریشاو، پاش چەند هەنگاوێ بۆپێشەوە چوونی بیرو بۆچوونیان، پێویستیی پێوەندی لەگەل زانستی نوێی ئەورووپا، وەك مەرجێکی داینەکەری گەشەکردنی گەلانی موسولمان ـ لەم گەلانە بگەیەنن . ئەمانە بەرودوا لە زۆر لە ولاتانی موسولمانانا سەریان هەلداو کەوتنە هەولو تەقەلای بلاو کردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان . لەمانە، بەر لە هەرکەس، با بە شێوەیەکی کرچوکالو ناتەواویش بووبێ، لە ولاتی نەجد موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابو، پاش ئەویش بە شێوەیەکی واقیعبینانەترو گەشە کردووتر، لە ئێرانو میسرو ئەستەموول سەیید جەمالوددینی ئەفغانیو، لە میسر شێخ موحەممەد عەبدە و شێخ موحەممەد ڕەشید ڕەزاو، لە عیراق، تا ڕادەیەك، مەحموود شوکری ئالووسیو، لە کوردستانیش، هەر تا ڕادەیەك، حاجی قادری کۆیی بوون . ئەمانە بەرودوا لە سەدەی هەژدەهەمەوە تا پاش جەنگی یەکەمی جیهان ئەگرنەوەو، لە گەلێ لە ولاتانیتری ئیسلامیشا وێنەیان بووە .

* * *

مەبەستم لەم ڕێ‌تەختکردنە درێژەپێ‌دراوە ئەوەبوو باسەکەم لەبارەی شێخی خاڵ‌و دەوریەوە لە بزووتنەوەی نوێ‌کردنەوەی بیری ئایینیدا لە سولەیمانی‌و هەموو کوردستانی باشووردا بێ‌پێوەند نەبێ بە پێشینەکانیەوەو بەو زەمینە بیری‌و مایەیی‌یەوە کە لە تێکڕای جیهانی موسوڵمانانا ئەم بیرەی لێ هەڵقوڵاوە .

وەك وتمان ، خەوی غەفلەت‌و بێ‌ئاگایی سەدەها درێژە کێشاوی گەلانی موسوڵمان ئەوەندە قووڵ‌و قورس بوو ئەو گشتە کارەسات‌و کوێرەوەری‌یەی بەدرێژایی ئەو گشتە ساڵە بەسەر جیهانی ئیسلاما هات نەیتوانی ڕایانپەڕێنێ‌و ، تەنها هەر باری قورسی ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا بوو کە دای‌بەسەریانا توانی کارێکیان لێ بکا لە شوێنی نووستنیانا جووڵەیەکی بۆ بکەن‌و دەست‌و قاچێ ڕاوەشێنن‌و پەلێ بهاون‌و باوێشکێکی وەئاگاهاتن بدەن . ئەوەیش ، بە بۆچوونی من ، بۆیە چونکە کارەساتەکانی پێشوو هەموو بەرهەمی بارو دۆخێکی لەجۆری ئەو بارو دۆخی ژیانە بوون کە خۆیان تیا ئەژیان‌و ، هەموو هەر لەسەر دەستی پێوەندی کۆمەڵایەتیی دەرەبەگایەتیدا بوون کە زیاتر دەرمانی خەولێ‌خستنی ئەدانێ لەجیاتیی ئەوەی دارێ بژەنێتە لاقەبرغەیان‌و بێداریان بکاتەوە . تەنها هێرشی سەرمایەداریی تازە چووە قۆناغی ئیمپریالیزمەوەی ڕۆژاو بوو کە بە هەموو شانەکانی لەشیانا تەشەنەی کردو بی‌یانەوێ‌و نەیانەوێ وەئاگای هێنان . بۆیە کە لەگەڵ دەرکەوتنی پێشەنگانی ئەم داگیرکەرە سوپایی‌و بیری‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و هەمەڕەنگەدا وردە وردە لەم‌لاو لەولا کەسانی‌وا پەیدا بوون بەدەم بانگەوازی جیهانی نوێوە بچن ، هەرچەند لەڕاستییشا دەنگدانەوەی بیری تازە لە جیهانی ئیسلاما چەکەرە کردووی سەرمایەداریی نوێ بوون ، زەمینەیەکی مایەیی پتەوی وایان نەبوو ئالای ئەم بیرەی بەسەرەوە بشەکێتەوە . ئەمانە لەناو هەموو کەلەپووری شارستانەتیی سەدان ساڵیانا کەرەستەیەکی لە ئیسلامەتیی خاوێنی دوور لە

درکو پووشی گەردوون بەولاوە دەسمایەیەکیان بەدەستەوە نەبوو بۆ مەبەستی بەرەوڕوو بوونەوەی پێویستییەکانی جیهانی نوێ بیکەن بە چەکی دەسیان . بۆیە لەم کەلەپووری شارستانەتییەوە بۆئەوە چوون کە ئەبێ لەگەڵ شارستانەتیی ئەورووپای نوێدا یەکبگرنەوەو داوای فێربوونی ئەو زانستو پیشەسازیو بیرە ئابووریو کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووانەی ئەورووپای سەردەمی ڕاپەڕینو شۆڕشی پیشەسازی بکەن بۆ گەلەکانیان ، چونکە لە قورئانو فەرموودەی پێغەمبەرو ڕەفتاری پێشەوایانی سەردەمی گەشەی شارستانەتیی ئیسلامدا پشتو پەنایان بۆ ئەم داوایە وەگیر ئەکەوتو چەرخی زێڕینی عەبباسییەکان ، کە ئەو هەموو بەرهەمی بیری یۆنانو ئێرانو هیندە کران بە عەرەبی ، بەڵگەی نەدراوە دواوەی ئەم ڕاستییەیە . ئەمەیە بنەمای مایەیی بۆئەوەی بۆچی سەرەتای تیشکی ڕۆژی ڕاپەڕین لەم وڵاتانی موسوڵمانانەدا لە کەلەبەری بیری ئایینییەوە هاتە ژوورەوە . بەڵام ئەم بیرە ئایینییە خۆی هەرچەندیش ئێجگار بەهێز بێ ، مادەم زەمینەو شوێنەکەی ، کە خودی موسوڵمانانو بارو دۆخی ژیانیانە ، لەئاستیدا نەبێ، ناگا بە ئەنجام . ئەمەیشە ئەوەمان بۆ لێک ئەداتەوە بۆچی لەو سەرەتایەدا ، لەگەڵ ئەو هەموو چالاکییەیشدا کە هەڵگرانی بیری ئایینی پیشانیاندا ، نەیانتوانی ڕووی کۆمەڵ بگۆڕنو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی وا پێکەوە بنێن ئاڵای بیرێکی هەڵگرتبێ تێکەڵ بێ لە بیری ئیسلامیو بیری دیموکراتی جیهانی سەرمایەداریی شۆڕشگێڕو ، ئەرکی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ کەوتەوە ئەستۆی سەرمایەداریی تازە سەر دەرهێناوو پاشان چینی ناوەڕاستو چینی کرێکارو ڕۆشنبیرانی بەرچاو ڕوون کە بە هەموویانەوە هەر ئەوەندەیان لەبارا بوو ئەم کۆمەڵگایانەی ئێستای جیهانی ئیسلامیان لێ هاتە بەرهەم کە هەموو نیشانەیەکی پاشکەوتوویو پێشکەوتوویان شانبەشانی یەک تیایەو لە هەمولا ئەم نیشانە جیاجیایانە لە بەرچاوماندا زەق ئەبنەوە . بۆیە ئێستایش گەشەکردنی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتانە وەک ئەرکێکی جێبەجێ نەکراو

ماوەتەوەو چاوەڕوانی چوونە ناو قۆناغی شارستانەتیی تەواوو سەرهەڵدانی پێشەوای تایبەتیی خۆیەتی •

هەر ئەم ڕاستیەیشە ئەوەمان بۆ لێك ئەداتەوە کە بۆچی تەنها پاش گەشەکردنی سەرمایەداریو سەرنەکەوتنی ڕژێمە خۆماڵیەکان کە ئایدیۆلۆژیەکی وەك چێشتی مجەور تێکەڵ لە نیشتمانپەروەریو موسوڵمانەتیو سۆشیالیزمو قۆناغی هەرە باڵای بیری ئۆردووگای سەرمایەداریو پاشماوەی بیری دەرەبەگیی کۆچەرێتیو بیابان گەردیان هەڵگرتووەو خەڵکێکی زۆریان لە هەموو سیمایەکی ئەم چەرخە نائومێد کردووە ، وا تازە وەك وەڵامدانەوەیەکی هەڵەی واقیعێکی هەڵە ، بیری نوێکردنەوەی ئایینو بە ڕژێمی حوکمداریکردنی لە زۆر لای جیهانی ئیسلاما سەر هەڵئەدا ، بەڵام لە سەردەمێکا کە کاتەکەی بەسەرچووەو هەڵگرەکانیشی ، سەرباری ئەوە ، بەجۆرێکیوای ئەهێننە کایەوەو پێشکەشی جەماوەری ئەکەن مەگەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆئەوە بشیایە لە هەندێ لای جیهانی ئیسلاما بهاتایەتە ڕووی کار •

* * *

بە هەرحاڵ بیری نوێکردنەوەی ئایین توانیبێتی دەوری خۆی بەتەواوی بینێ یا بە نیوەو ناتەواوو نیوەچڵ ، کە بە لای منەوە بەشێکی لە ڕۆشنکردنەوەی بیری گشتیدا هەر بووە ، لە هەموو لایەکی جیهانی ئیسلامدا سەری هەڵدا • لەم سولەیمانیەی ئێمەیشدا کە لەمێژە مەڵبەندێکی گەورەی بیری نوێی سەرانسەری کرمانجیی خواروو زمانی عێراقو ئێرانە ، مامۆستای گەورەمان خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ ، وەك مەلای گەورە لە کۆیەو وەك مامۆستا شێخ موحەممەدی قزلجیی تورجانیزادە لە ناوچەی بۆکانی ئەودیو ، لەگەڵ جیاوازیی بۆچوونو ڕێبازی گشتیشیاندا ، یەکەمین کەس بوو لە ساڵەکانی سیەوە کەوتە تەقەلای بڵاوکردنەوەی

بیری نوێکردنەوەی هەڵوێستی ئایینیو ، سەرچاوەو پشتو پەنای لەم مەیدانەدا بەرهەمەکانی سەیید جەمالوددینی ئەفغانیو شێخ موحەممەد عەبدو و شێخ موحەممەد ڕەشید ڕەزا بوو .

مامۆستای خاڵ بە پشتیوانیی بەهرەی زیرەکیی خۆیو بەو پایە کۆمەڵایەتی‌یەی لەم شارەدا هەیبوو ، وەك مەلایەکی مەلاو ، وەك کوڕەزایەکی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کە خۆی شێخی تەریقەتو خەلیفەی شێخ بەهائەددینی تەوێڵە بووە ، بە چالاکیو خوێن‌گەرمی‌یەکی گەنجانەو گیان لە سەردەمی نوێی ڕاپەڕینی ئایینیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو نیشتمانی وەرگرتووەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرە ، بەڵام کلۆلیی کارەکەی لەوەدابوو وڵات هیچ هۆیەکی ئەوتۆی ڕاگەیاندنی تیا نەبوو ، نە ڕۆژنامەو نە گۆڤارێ کە ئامادە بێ هاوکاریی لەگەڵدا بکا ، بەڵکو تەنانەت نە ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دژیش .. نە چاپخانەیەکی ئەوتۆیش هەبوو بتوانێ بە دەستو بردەوە بەرهەمی بۆ لەچاپ بدا . هەبوو نەبوو ڕۆژنامە سێ چوار لاپەڕەیی‌یە بچووکە یەك لەدوای یەکەکانی پیرەمێرد بوون کە هەفتەی جارێ دەرئەچوونو بەشی بەرهەمەکانی خودی ئەویان نەئەکرد ! چاپخانەکەیشی لە ڕۆژنامەکانی بێ دەسەڵاتتر ، بە هەزار یائەڵڵاو پاپێغەمبەر مانگی چەند سەعاتێ کاتی لە پێویستی ڕۆژنامەکە زیاتری ئەبوو تا بە چەند مانگێ بتوانێ فۆرمەیەك لەچاپ بدا .. بۆیە بەدرێژایی چەند ساڵ لە تەفسیرێکی جزمی عەممەی قورئانو مەولوودنامەیەکی نەوئەسەری پێغەمبەری زیاتر بۆ لەچاپ نەدرا بۆ شێخی خاڵ .. لەمەیش زیاترو لە هەموو ئەمەیش بایەخدارترو کاریگەرتر : پیرەمێرد خۆیشی لەوانە نەبوو لە ڕێگای ڕاستکردنەوەی باری ئایینی‌یەوە بۆ ڕاستکردنەوەی باری کۆمەڵ بڕوا . سەرەڕای ئەمەیش شێخی خاڵ خۆیشی نەهات ڕێگای مەلایەتیی بگرێتەبەرو وەك جەنابی مەلای کۆیە دەرز بە فەقێیان بڵێو لەو ڕێگایەوە کۆمەڵێك مەلای ڕۆشنبیری هەڵگری ئاڵای نوێکردنەوەی بیری ئایینی‌یان لێ پێك‌بێنێ ، یا بێ بە خەتیبی مزگەوتێکی

وەك مزگەوتی گەورە یا خانەقای مەولانا تا لە ڕێگای خوتبەی جومعـەوە بیروباوەڕی خۆی بگەیەنێتە جەماوەری نوێژکەر • بۆیە تەنها دیوەخانەکەی ئێوارانی مزگەوتی‌و خوتبە خوێندنەوەی جاربەجاری ئاهەنگەکانی مەولودو هەندێ موناسەبەت‌و نووسینی چەند بەرگ تەفسیرو کۆمەڵێ وتاری بـۆ مایەوە کە بیری خۆی بخاتە دووتوێیانەوە • هـەرچی ئەو تەفسـیرانەیەی ئایستایش هەموویان لەچاپ نەدراون • هەرچی کۆمەڵە وتارەکەیشینی کە لـە گۆڤارە کوردی‌یە تاك‌وتـەراکانا بڵاوی ئەکردنـەوە ، ڕێیان نەئـەکەوتە زۆرتری ئەو خەڵـکەی کە ئەبوو ڕێیان بـکەوێتە لایان کە جەمـاوەری دیندارن • تەنها لەم دواییەدا ئەو دەرفەتە ڕەخسا کە هەندێـکیانی لە دوو بەرگی (نالەی دەروون)دا بڵاوکردەوە کە ئەویش زۆر دواوەخت بوو ••

مامۆستای خاڵ ئەبوو بیری لەوە بکردایەتـەوە کە ئەو بیروبـاوەڕە ئایینی‌یە نوێ‌یەی خۆی بگەیەنێتە ئەو جەماوەرەی پێویستی بە گۆڕان بوو کە جەماوەری مەلاو فەقێ‌و نوێژکەری مزگەوتە ، بەڵام بەداخەوە ئەو تـا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستێکی بەرزو دوورەوە ئەیڕوانی‌یە ئەم جەماوەرەو ، ئەرکی هاتنە خوارەوەی بۆ گۆڕینی بیریان لەئەستۆ نەگرتبوو • جەماوەری ئەو جەماوەری ڕۆشنبیری تازە بابەت بوو کە لەو مەسەلەیەدا گەلێ لـەو دوورتر ڕۆیشتبوون‌و ئەتوانم بڵێم جەماوەرێکی کەم تا زۆر عەلمانی بوون‌و پێویستیان بەو نەبوو هیچیان بۆ ڕوون بکاتەوە • لە جەماوەری مـەلاو فەقێ‌یاندا ئەبوو مرۆ خۆی لە ڕێگای خۆیەوە بووبێ بە نوێخواز ئەوجـا خالی بەیەك‌گەیشتنەوەی لەگەڵ مامۆستای خاڵ ئەدۆزی‌یەوە • لەوە بەولاوە، مەلاو فەقێی کۆن مەشرەب کە قـەیەکی نوێخوازانەیان لە مامۆستای خـاڵ بیستایە ، لە جیاتیی ئەوەی گوێی بۆ ڕاهێڵن ، لێی ئەسڵەمینەوە • ئەمـەیش یەکێـکە لە بـایەخدارترینی هۆیەکانی دەنـگ‌نەدانـەوەی بیروبـاوەڕی نوێخوازانەی ئایینیی مامۆستای خاڵ لەناو جەماوەری مەلاو فەقێ‌و لەنـاو تێکڕای جەماوەری نوێژکەرانا •

مامۆستای خاڵ لە تێکڕای نووسینە ئایینیەکانیاو بەتایبەتی لە تەفسیرەکانیا کەڵکێکی زۆری لە ڕێبازی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی نەجدی وەرئەگرت ، بەڵام چونکە زۆر چاك شارەزای باری بیرو بۆچوونی کۆمەڵەکەی خۆی بوو ، ئەو بابەتانەی نەئەدایە پاڵ شێخ موحەممەد عەبدولوەهاب ، بەڵکو وەك بیرو ڕای شێخ موحەممەد عەبدوو شێخ ڕەشید ڕەزا بڵاوی ئەکردنەوە . هەروا لە وتارو قسەی کۆڕو مەجلیسیا لە هەر بۆنەیەکا مەیدانی قسەلێکردن بهاتایەتە ئاراوە بەتوندی بەرهەڵستی ئەو دیمەنانەی واسیتەو واسیتەکاری بۆ لای خوای ئەکرد کە سەرەنجامەکەیان وای لێ دێتەوە خوایش وەك پیاوی دنیایی بێ‌و واسیتە کار بکا لای‌و پیرانی تەریقەت کاری ئەم خەڵکە لای خوا مەیسەر بکەن . دژی چوونە سەر گۆڕی ئەم‌و ئەو بوو بۆ تکاو پاڕانەوەو ، قایل نەبوو بە ناوهێنانی کەس وەك تکاکار لەکاتی پاڕانەوەدا لە خوا .. دوژمنی ئەم جەنجاڵ‌و هەراو هوریایە بوو کە بەدەوری پیرانی تەریقەت‌و شێخ‌و مەشایخانا ئەکرێ‌و هەمووی بەپێچەوانەی ئایینی ئیسلام ئەدایە قەڵەم‌و ، من خۆم لەم مەیدانەدا قسەی توندی‌وام لێ بیستووە کە ڕەخنەی تەنانەت لە بنەماڵەی خۆیشیان تیابێ .

لە مەیدانی خاوێن‌کردنەوەی تەفسیری قورئاندا لە خەرافاتی پاشماوەی ئایینی جولەکەو ئایینەکانی‌تر و لە لێکدانەوەی قورئاندا لەسەر بنەمایەکی زانستی‌و لەگەڵ زانستی هاوچەرخ گونجاو ، بەگوێرەی ڕێبازی شێخ موحەممەد عەبدوی گرتبوەبەر . تەفسیرەکانی کە بە ڕەنجی شانی خۆی چەند بەرگێکی لێ لەچاپ‌داون‌و بەهیواین دەزگای ئەوقاف‌و کۆڕی زانیاری ئەو بەرگەکانی‌تری‌و سەرانسەری پاشماوەکانیمان بۆ لەچاپ‌بدەن ، بەڵگەیەکی گەورەن لەسەر ئەو ڕێبازی قورئان لێکدانەوەیەی کە لە مەیدانی بیروباوەڕی ئایینیدا ڕێگای سەلەفی‌و لە مەیدانی زانستی‌دا ڕێگای تەفسیرنووسە ڕێبازی زانست گرتووەبەرەکانی تێدا گرتوەتەبەر . من خۆم لەو باوەڕەدام کەوا چ ئەو تەفسیرنووسانەو چ مامۆستای خالیش لەم

مەیدانەدا ئەرکێکی ئێجگار سەختیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان کە هەرگیز بۆیان ناچێتەسەر ، چونکە بمانەوێو نەمانەوێ چ قورئانو چ کتێبە خوایی یەکانی تر لە هەموو شتێکا لەگەڵ زانستی نوێ یەك ناکەونو ، زیاد لەمەیش ئەم کتێبە خوایی یانە کتێبی نەگۆڕن ، بەڵام زانست هەمیشە ملکەچی هەر گۆڕانێکی نوێ یە بۆ زانایان دەرکەوێ • ئەم دووەیش قەت پێکەوەیان ناکرێو ئەگەر ڕێبازی یەکخستنی هەمیشەی قورئانو زانست بگرینەبەر ، ئەبێ یا باوەڕ بە زانست نەکەین یا هەر جارێ قورئان بەجۆری مەعنا لێ بدەینەوە •

❋ ❋ ❋

لە مەیدانی خوێندەواریی فەقێ یانا زۆر بەتوندی دژی ئەو ڕێبازە کۆنە بوو فەقێی کوردستان سەدان ساڵ بوو لەسەری بەڕێوەئەچوونو ، بەگەرم داوای لە مەلاکان ئەکرد ڕێگایەکی نوێی بێ خوێندن بگرنەبەر فەقێکانیانی لە زانستی نوێ پێ نزیك بخەنەوە • لە لیژنــەکانی تــاقیکردنەوەی مەلایاندا بۆ دەرزوتنەوەو پێشنوێژیو خوتبەخوێنی ، هەمیشە پرسیاریوای ئەهێنایەوە شێوەی نوێی بێو بەوە ناچاری ئەکردن کتێبی نوێ بــابەت بخوێننــەوەو ئەگەر پێیشیان خۆش نەبێ هەر بەوجۆرە وەڵام بدەنەوە •

❋ ❋ ❋

لەجیاتیی مەولوودنامەکانی کۆن کە پڕ بوون لە بابەتی ناڕاستو دوور لە ئەقڵو شتی سەیرو سەمەرە ، مەولوودنامەیەکی نەوئەسەری نووسی کــە بریتی یە لە مێژووی ژیــانی پێغەمبــەرو باسی ڕەوشتی جــوانیو کردەوە گەورەکانیو بابەتی تریوا موسوڵمانی ڕۆشنبیرو خوێندەوارو تێگەیشتوو پێ بگەیەنێ •

❋ ❋ ❋

لە مەیدانی ئامۆژگاری کردنی موسولمانانا کە زیاتر لە چەند وتارێکیا دەرکەوتووە کە لە ( گەلاوێژ )ا بڵاوی کردوونەتەوەو ئەم دەرفەتەی وەك پیاوێکی ئایینی کەمتر بۆ ڕەخساوە ، تەنها ئامۆژگاریی کۆمەڵایەتیی بڵاوئەکردەوەو موسولمانانی بەمژدەی بەهەشتو هەڕەشەی دۆزەخەوە خەریك نەئەکرد . ئەو لەوە دڵنیا بوو کە موسولمانان خۆیان لەمبارەوە بەدرێژایی سەدان ساڵ ئەوەندەیان لە باوكو دایكو کۆمەڵو مزگەوت بەمیرات بۆ ماوەتەوە پێویستێکی ئەوتۆیان بە زیاتر نەبێ . لە یەکێ لە وتارەکانیا کە لە (ناڵەی دەروون)ا بڵاوی کردوونەتەوە ، باسی ئەوە ئەکا ئەم هەموو قورئان خوێندنو ویردو دوعاو بانگو سەڵاو نوێژە بە میکرۆفۆن بە شەوو نیوەشەوو بەرەبەیانو بە وەختو ناوەخت کارێکی ناشەرعیو نابەجێیەو بەپێی ئایین لە هەر شوێنێکا نەخۆشێ هەبێ یا منالێ یا کەسێکی نووستوو ، نابێ دەنگی قورئان خوێندن یا نوێژ کردن ئەوەندە هەڵبڕرێ نەخۆشەکە نارەحەت بکا یا منالەکە خەبەرکاتەوە یا ئیسراحەت لە نووستووەکە تێكبداو بەئاگای بهێنێو ، بەراوردی ئەوە ئەکا کە ئەمڕۆ لە مزگەوتەکانمانا بە ناوی ئایینەوە ئەکرێو خەڵکەکە هەموو لە ڕەشەخەڵکی نەخوێندەوارەوە بیگرە تا پێشنوێژی مزگەوت هەموو نەك هەر بە دروست ، بەڵکو بە پێویستی ئایینیشی ئەزانن ، لەگەڵ ئەوەیش کە پێشەوایانی ئایین لە کتێبەکانیانا لەبارەی ناڕەوایی ئەم حاڵەتەوە بەدرێژی نووسیویانە .. من بێگومانم هەر موسولمانێکی ڕۆشنبیر ئەمڕۆ دەنگی ناڕەزایی لەم دیاردەیە دەربڕێ ، لەگەڵ ئەوەیشا کە دیاردەیەکی ناشەرعیە ، بە کافری بێدینی دەرئەکەنو کەسانیوا هەن ئەگەر پێیان بکرێ سەنگەساری ئەکەن . بەڵام مامۆستای خاڵ ، وەك موسولمانێکی نوێخوازی ڕۆشنبیر ، بێپەروا حوکمی ڕاستی شەرع لەمڕووەوە باسئەکاو لەم خەڵکەی ئەگەیەنێ کەوا ئەمڕۆ کار گەیوەتە ڕادەیەك هەر لەژێر پەردەی ئایین خۆیدا هەزاران کاری بێئایینی بۆ سوودو قازانجی کەسانێکی کەم ئەکرێ .

بەکورتی ئەگەر مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ لە سەردەمێكو لە ئاوو هەوایەکی پێشکەوتووی دیموکراتدا ئەو ئەرکەی بگرتایەتە ئەستۆ کە گرتیە ئەستۆ ، ئەمڕۆ جێپەنجەی بە بیرو بۆچوونی هەزاران موسوڵمانی ڕۆشنبیرەوە دیاربوو • ئەو کارەی ئەو ئەیویست بیکا ، هۆی بڵاوکردنەوەی زۆرو ئازادو ئــازادیی بیروباوەڕو پێش قــەرەوڵانی چــالاكو لێبووردووی ئەویست • ئەوەیش نەبوو • کارەکەی ئەو کاری کۆمەڵەو پارتیی نهێنــی نەبوو تا ئەویش بەدزی‌یەوەو دوور لە بەرچاوی خەڵك پێیەوە خەریك بێ • سەردەمەکەیشی لە ڕووی بیرو بۆچوونەوە زۆر لەوە لــەدواتر بوو ئــەو ئەندازە کەمە توانەی بۆ ئەو ڕەخسابوو بەشی جێبەجێ کردنی بکا • بۆیــە مامۆستای خاڵ ئەستێرەیەکی گەش بوو لە ئاسمانی تاریکی کوردەواریــدا کشاو زوو کوژایەوە •

* * *

ئەوەی لەم مەیدانەدا شایانی لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە سولەیمانی بەرلەوەی نیشانەی سەرهەڵدانی بیری تازەکردنەوەی هەڵوێستی ئایینیی تیا سەر هەڵبدا، بیری نوێی ئەورووپای پێ گەیشتووە • نــەك هەر ئەوانەی پــاش هــاتنی ئینگلیزو لەگەڵ حوکمڕانیی شێخ مەحموودا بیری پێشکەوتووی ئەورووپایان بڵاو کردەوە کە ئەکەوتنە پێش سەردەمی سەرهەڵدانی مامۆستای خــاڵ ، بەڵکو تەنانەت بەڵگەی‌وامان بەدەستەوە هەیە کە لە سەردەمی کاك ئەحمەدی شێخیشدا کەسانی‌وا لە سولەیمانی بوون دیاردە ئاسمانی‌یەکانی وەك مــانگ گیرانو ڕۆژ گیرانو شتی وایان بەپێی زانستی نوێ لێکداوەتەوە • ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە بیرە ئەورووپایی‌یەکە ڕەنــگدانەوەی هاتوچــۆی نێــوان سولەیمانی‌و ئەستەموڵو تارانو تەورێزو بەغداو بەسرەو دیتنی کتێبی نوێو هاتنی بارو دۆخی تازەی داگیرکرانی وڵاتە لەلایەن ئینگلیزەوە ، لەکاتێکا کە بیرە ئایینی‌یە نوێکە هەرچەندیش بێ‌پێوەند نەبوە بەدەرەوە ، وەنــەبێ

لە ناوەوەیش ڕیشەی لە زەمینەی خۆمالیدا نەبووبێ • سەرەڕای ئـەوە کە بیرە ئەورووپاییەکە بەرەوڕووی جەمـاوەر نەکراوەتـەوە ، لەبەرئـەوە ڕاستەوخۆ بەگژی بیروباوەڕی چەسپیوی جەماوەرا نەچوە، بەڵام بیروباوەڕی ئایینیی نوێ هەر لەگەڵ یەکەم سەرهەڵدانیا بەگژی ڕێبازی دەق گرتووی سەدەها ساڵی جەماوەرو هەڵگرانی شێوەی بیرکردنەوەی کۆندا ئەچوو • بۆیە پێویستبوو زەمینەی بۆ خۆشتر بێ ئەنجا بتوانێ سەرهەڵـدا تـا لەتوانیا بێ لەبەر ڕەشەبای بەربەرەکانێی کۆنەپەرستیدا خۆی بگرێ • بـە لای منەوە دواکەوتنی سەرهەڵدانی بیری ئایینیی نوێ لە بیری زانستیی نوێ لە سولەیمانی ، بەمجۆرە لێك ئەدرێتەوە •

* * *

هەر لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی بیرو دەوری شێخی خاڵدا سەبارەت بە نوێکردنەوەی بیری موسوڵمانەتی لەناو کوردەواریـدا ، بێجێ نیـیە لایەکیش بە لای مەلای گەورەی کۆیە ، مەلا موحەممەدی جەلیدا بکەینەوە، وەك جۆرە بەراوردێك لەنێوانی ئەم دوانەدا چاوێکیش بە هەڵوێستی جەنابی مەلادا بگێڕینو ، ئەوە بخەینـە پێش چاو کە ئـەم دوو زاتـە لە چیـدا یەك ئەگرنەوەو لە چیدا لە یەك جوێ ئەبنەوە .•

مەلای گەورەی کۆیە بیست سی ساڵێ بەر لە شـێخی خـاڵ هاتووەتە کۆڕی خەباتەوە بۆ ڕاگەیانـدنی بیروبـاوەڕی نوێـکردنەوەی ڕێـبازی موسوڵمانەتیو ، ئەو ڕێگایەی لەم مەیدانەدا گرتیەبەر تا کۆچی دوایی کردنی بەرەڵای نەکردو ، بە هەموو توندو تیژییەکیش بۆی تێئەکۆشا • لـەگەڵ ئەوەیشا کە دەرفەتی بۆ گواستنەوە لە ڕێگای مەلایەتیو چوونە کۆڕی ژیانی دەوڵەتیەوە ، لە ئاستێکی باڵادا ، چەند قات لە هیی شێخی خاڵ زیـاترو بەدەرەتانتر بوو ، هەرگیز پێی لە کەوشـکەنی مزگەوت نـەکردە دەرەوەو ڕێگای باوكو باپیری خۆی بەرەڵا نەکردو قەت پشتی لە پێگەیاندنی مەلاو

فەقێ بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ئایینیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی جەماوەری کوردستان هەڵنەکرد • بەڵێ لە ژیانیا حاڵەتیوا هەیە وەزیفەی باڵای میریی وەرگرتووە ، بەڵام هەرگیز بەجۆرێ نەبوە لە زەمینەی مێژوویی خۆی دابڕێ کا • مەلای گەورە لە مەیدانی مەلایەتیشا کەسێ نەبوە هیچ کام لە کەلە مەلاکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بتوانێ شانی لە شانی بداو قسە لە قسەیا بکا • ئەمەیش خۆی یەکێکە لە ڕازەکانی ئەوە کە هەمیشە بە هەموو ویرانو ئازایی‌یەکەوە بانگی بیروباوەڕی خۆی بەرز هەڵبڕیوەو سڵی لە کەس نەکردوەتەوە •

شێخی خاڵ تەنها ماوەیەکی کەمی سەرەتای وشیاریی خۆی بە مەلایەتی ڕابواردووە • لەو ماوە کەمەداو لە بارو دۆخی ئاڵۆزی ئەو سەردەمەی سولەیمانیداو بە ڕەچاوگرتنی ڕیشە داکوتاویی بیری کۆنەپەرستیی ئایینی لە سولەیمانیو گەلێ هۆی‌تر ، دەرفەتێکی لەباری بۆ بەردەوام بوون ، وەك شێخێ یان مەلایەکی نوێخواز ، لە مزگەوتا بۆ خۆی نەدیو ، وەك پێشتر لێی دواین ، ڕێ‌یەکی‌تری بۆ ژیانی خۆی هەڵبژاردو ڕێبازێکی‌تری خەباتی نوێخوازیی ئایینیی گرتەبەر •

مەلای گەورەیش ، وەك شێخی خاڵو بەر لە شێخی خاڵ ، لە مەیدانی نووسینی تەفسیری قورئاندا بە بیروباوەڕێکی نوێخوازانە ، بەڵام سەربەستانەترو خۆیی‌یانەتر لەوەی شێخی خاڵ ، قورئانی پیرۆزی لە چەند بەرگدا لێکداوەتەوە • بەداخەوە ئەمیش لەم ڕووەوە لە شێخی خاڵ سیاچارەترەو لە دوو بەرگ زیاتری تەفسیرەکەی لەچاپ‌نەدراوە • مەلای گەورە شیعریشی بۆ پەردە هەڵماڵین لەڕووی بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەو

بڵاوکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و ڕاستکردنەوەی باری چەوتی کۆمەڵایەتی خستووەتەکارو لەم مەیدانەدا هەنگاوی‌وای ناوە کەس پێش ئەو نەیناوەو لە گەڵی ڕووەوە پاش ئەویش کەس پیا نەگەیشتووەتەوە • بەڵام شێخی خاڵ لەم‌بارەوە هیچ جێ‌دەستێکی دیار نی‌یە •

مەلای گەورە بایەخێکی زۆریشی بە نووسینی مەلایانە بە شێوەیەکی نوێخوازانە داوە ، بەڵام بە زمانی عەرەبی ، وەك بڵێی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی بۆ نوێکردنەوەی خوێندنی فەقێیان‌و پێگەیاندنی مەلایان ڕەچاو کردبێ کە گیانێکی تازەی پێ بکاتەوە بە بەری حوجرەو مزگەوتا • بەپێچەوانەی ئەوەوە شێخی خاڵ هیچ باوەڕێکی بە حوجرەو خوێندنی حوجرە نەمابوو • لەبەرئەوە هیچێکی بۆ نەکرد کە مەبەستی ئەوەبێ ڕایگوێزێتە قۆناغێکی نوێوە •

جیاوازی‌یەکی‌تری ڕێبازی مەلای گەورەو شێخی خاڵ لەوەدا بەدەرئەکەوێ کە مەلای کۆیە خۆی لەئاستی کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتا ژماردووەو ئەوەیشی بۆ لواوە • ئەوەتا لە سەرەتای پێکەوەنانی دەوڵەتی عێراقا بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی دانانی دەستوورو ، تەنانەت لەئاستی ئەو کاربەدەستە بێگانانەیشا کە هەموو کاروبارێکی عێراقیان بەدەست بووە پایەیەکی بلندی بووەو ڕێزی لێ نراوەو قسەی بیسراو بووە • ئەمە بەپێچەوانەی شێخی خاڵەوە کە بە وەزیفەی داوەری خۆیەوە خەریك بووەو نەیویستووە لە کاربەدەستانی باڵا نزیك بێ‌و کەڵکی لە هیچ ڕێگایەك وەرنەگرتووە بۆئەوەی دەسکەوتێکی تایبەتی وەدەستی خۆی بێنێ •

جیاوازیی گەورەی نێوان جەنابی مەلای کۆیەو شێخی خاڵ ، بە ڕای

من ، لەوەدایە مەلای کۆیە کە ڕێی نوێکردنەوەی شێوە خوێندنی مەلاو فەقێیانی گرتەبەر ، بەوە ڕێگای خزمەتکردنی کولتووری عەرەبی بەرگ و ئیسلامی کاکلی گرتەبەر ، بەپێچەوانەی شێخی خاڵەوە کە خۆی لەو چوارچێوەیە کردە دەرەوەو هاتە ناو ئەڵقەی کولتووری نوێوە • بۆیە بوو مەلای گەورە هەرگیز خۆی بە کاروباری کولتووری کوردی‌یەوە خەریك نەکردو ، شیعرە کوردی‌یەکانیشی تەنها چەکێ بوون بەدەستیەوە بۆ هوشیار کردنەوەی کۆمەلایەتیی کۆمەلانی خەلك • بەلام مامۆستای خاڵ هەمیشە وەك یەکێ لە ڕۆشنبیرانی چینی ناوەڕاستی کورد جوولاوەتەوەو ، کەم و زۆر لە بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلەکەی دوورەپەرێز نەبوە • ئەمەیش سەرەڕای خزمەتی زۆرو گەورەو گرانی بە زمان و ئەدەبی کورد وەك لە چاپدانی سێ بەرگ فەرهەنگی خاڵ و کۆکردنەوەی چەند هەزار پەندی پێشینان و لێکدانەوەیان و دووجار لەچاپدانەوەیان و لەچاپدانێ کتێبێ لەبارەی مفتی زەهاوی‌یەوە بە کوردی و دوو کتێبی‌تریش بە عەرەبی لەبارەی مەلا عەبدوللای بێتووشی و شێخ مەعرووفی نۆدێی‌یەوە •

شێخی خاڵ ، وەك بنووسێکی کورد ، هەرگیز خۆی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان دوور نەئەگرت و بە وتاری بەتام و بەپێز یارمەتیی ئەدان • تەنانەت لە دواساڵەکانی ژیانیشیاو تا بەتەواوی لە پەل‌وپۆ نەکەوت قەلەمی هەر لە کارا بوو ، وتارە ڕەنگینەکانی بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە سەرنجی خوێندەوارانیان ڕائەکێشا • کە یەکێتیی نووسەرانی کوردیش دامەزرا چووە پالی و بوو بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری یەکەمین لقیشی لە سولەیمانی •

* * *

کەلەلاکەوتنی چەند ساڵ لەمەوپێشی پێش کۆچی دوایی کردنی مامۆستای خاڵ زیانێکی گەورە بوو لە ئەدەبی کورد کەوت‌و ، بەوە گەلێ پرۆژەی بەکەڵك کە مامۆستاپێیانەوە خەریك بوو و لە سەرووی هەموویانەوە پرۆژەی ئامادەکردنی چاپێکی لێکدراوەی پوختی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی خرانە لاوە . بە ماڵاوایی یەکجاریی کردنیشی لێمان ترووسکەی ئەو هیوایەی لە دڵ‌و دەروونمانا کوژاندەوە کە جارێکی‌تر بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی خزمەت‌کردنی زمان‌و ئەدەب‌و مێژووی کوردو ، بە بەرهەمە ڕەنگین‌و بەپێزەکانی ، هەندێکی‌تر لە کەلەبەرەکانی کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە .

* * *

دەسا ، با یادی پیرۆزی مامۆستامان شێخ موحەممەدی خاڵ هەمیشە بە نەمری بمێنێتەوەو ، با ئاڵای بەرزی زمان‌و ئەدەبی کوردیش هەمیشە هەر شەکاوە بێ ! .

**تێبینی :**

پوختەیەکی ئەم باسە لە کۆڕی چلەی کۆچی دوایی شێخی خاڵدا لە سولەیمانی خوێنراوەتەوە .

# خـانەقین لە مێژوودا

## ( بەشی دووەم )

نووسینی :

**محەمەد جەمیلی ڕۆژبەیانی**

سالی ١١٩٢ ك (١٧٧٨)زا «خانەقین» کەوتە ژێر دەسـەڵاتی مـیرانی بابانەوە ، جا بۆ ئەوەی باسەکەمان باشتر بۆ ڕوون بێتەوە گوێ هەڵئەخەین بۆ میستەر لۆنگریك (یەکەکۆلەکەی ئینگلیزی داگـیرکار لە کوردستانا ) کە چۆن تیزجاڕانەو ڕێشگاوانە ئەکەوێتە بزوڕکاندن : جارجـارە مـیرێتی بابان ناو ئەنێت «ئیمپراتۆریەتی بابان ـ ئیمپراتۆریەتی سلێمانی»و جارجارەش ئەکەوێتە گاڵتەکردن بە خودمیری بابانی ئەو حەلـەو ناتۆرەی « پێبـار = مذبذب »ی • ئەداتێو ئەڵێت : «ئێمە لەمەوبەر کە باسـی ئیمپـراتۆریەتی بابانمان کرد گەیشتینە باسی فەرمانڕەوایی لەرزۆکی «مەحموود پاشابابان» کە سالی ١١٩٢ك (١٧٨٨ زا ) لە جێگەی «محەمەد پاشا»ی برای لەسـەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشتبووو هێزی کوردستانیشی هێنابوو بۆ یاریدەدانی « حەسەن پاشا »ی والیی بەغدادو لە دەرەوەی بەغداد لەشکربەزیی کردبوو، لەم سەردەمەدا بەختی «ئیبراهیم پاشا»ی برازای لە هی ئەو یارترو لەبارتر بوو ، چونکە ئەو بە هۆی ئەو پیلانانەوە کە گێڕابووی‌و تیا سەرنەکەوتبوو لە فەرمانڕەوایی لادرابوو • سەرۆکی شـاری کەرکووکی ئـەو حەلـە «عوثمان بەگ »ی کەهیای «حەسەن پاشا»ی کۆنەوالی‌بوو کە خود ئـەو کۆنە دۆستی بابانەکان بوو ، «عوثمان بەگی کوڕی مەحمود پاشابابان» ـ کە هاوناوو هەڤاڵی بوو ـ ئاگاداری کردبۆوە : کە ئامادە بێت بۆ ڕاپەڕیـن

دژی دەسەلاتو بۆشۆڕش گێڕان • «عوثمان بەگی کەهیا» بەڵێنی دابوویێ « مەحمود بەگ » خۆیشی هەوەسی لەم بەزمـە هەبووو بـۆ ئەم جـۆرە سەرگەرمی‌یە سەری ئەخورا جا هـەردو «عوثـمـان» پێکەوە جـاڕی یاخێتی‌یان دا • بویوك «سلیمان پاشا»ی والیی بەغدا لەشکری لێ‌کردنو بە سپاوە گەیی‌یە کەرکوکو هێزی ویلایـەتی موصلیشی گەیشتەفریـا ، ناحەزانی بابانیش کە بەتەمای پایەو دەسـەلاتو مووچەوبـەرات بوون ، ئەوانیش هەموویان دووی والی کەوتنو پاڵپشتیان کرد • سلێمان پاشـای والی « حەسەن بەگی کوڕی سلێمان پاشای بابانی » بۆ جێ نشینیی مامەکەی خۆی هەڵبژارد ، بەڵام هەر ئەوەندە لەسەر تەختی فەرمانڕەواییی بابان مایەوە تـا «مەحمود پاشا »ی مامی سەری بۆ بەندو مەرجەکانی «والی سلێمان پاشا » شۆڕکردو هێنرایەوە سەر تەخت • ئنجـا لـەگەڵ ئەوەش‌دا کە « کۆیسنجەق » درابوو بە «محەمەد بەگی سۆران» ( ؟ )و هەر ژێر فەرمانی ئیمپراتۆریەتی بابان بوو ، بەڵام هیچ وەخت ئاژاوەی ناوخۆیی ڕێی ئەوەی بەربەست نەدەکرد کەهیچ نەبێ لەبەر خاتری هاوسێتیی ڕەوانـدز واز لـە تەنینەوەو پەرەدان بە داگیرکاری بهێنێ ، بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەو مەرجانە خرانە ژێر پێو زانە کۆنە دیوارو فەرامۆش‌کران ، کە گۆیا پەیمانیان لەسەر بەسترابووو سەرلەنوێ هەڵمەتی شاری « کۆیە » درایەوە ، ئەمجـارەش دیسانەوە لە بەغداوە شاڵاوێکی تری سپایی دەستی‌پێ‌کرایەوە •

سالی ١٢٩٧ك (١٧٨٣ ز ) دووبارە کوردە بێبارەکە ( ! ؟ ) پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوەو کەوتە تاڵانو بڕۆی وڵاتە هاوسێ‌یەکەو « سلێمـان پاشـا والی »ش دیسانەوە لە بەغداوە هەڵی‌کوتایەوە سەریو لە شارەکانی سەرەڕێی هێزێکی زۆری گلێرکردەوەو «ئیبراهیم پاشای بابان»یشی لە کۆیەوە بـە فریادا گەییشت ، ئنجا «مەحمود پاشا» پشتی کردە دۆستو هاوڕێـکانیو سەنگەرو قەڵاکانی بەجێ‌هێشتو خۆی دایە پەنای ئێرانو بێ ڕێزانە ( !؟؟ )

لەوێ مرد . بەڵام عوثمان کوڕی بەر لێبوردن کەوت و ئیبراهیم پاشای برازاشی فەرمانڕەوایی بابانی گرتەدەست . چاترین کارێ کە ناوبانگی باشی بۆ «ئیبراهیم پاشا» هێشتەوە ، ئەوەبوو کە تەواوکردنی شاری سلێمانی گرتە ئەستۆ کە لەوەبەر «مەحمود پاشا» سالی ١١٩٦ك (١٧٩١ ز) دەستی دابووە دامەزراندنی . جا بۆ ئەوەی ناوی «سلێمان پاشای» گەورە جاویدان بهێڵێتەوە ناوی شارەکەی نا « سلێمانی »و لەوەبەدووا دەسەڵاتی خۆی بەهێز تر کردو ئیمپراتۆریەتی سلێمانیی ( !؟ ) پەرەپێداو خاکێکی زۆری سەربە «زەهاو ـ قەصری شیرین ـ خانەقین»ی خستە سەر وڵاتی بابان . بەڵام زۆری نەبرد کە خۆی لەبەرچاوی گەلەکەی سووك بوو ، چونکە ژیانی شارستانێتیی بەسەر خەلکەکەدا سەپاند لەباتی ژیانی کۆچەرێتی . ( العراق فی القرون الاربعة الاخیرة تالیف لونگریك ترجمة جعفر خیاط لاپەڕەکانی ٢٤٨ ـ ٢٤٩ ) .

کوڕە ! زۆر سەیرە ئەم ئینگلیزانە هەر ئەلێی زگماك بۆ دوژمنایەتیی کورد دوروست کراون، هەرگیز کەسێکیان ددانی خێری بە کوردا نەناوە، ئەوە لونگریك ئەوە سۆن ، ئەوە ئەدمۆندس تاد ... تەماشاکە جارێ قەشمەری و تیز بە فەرمانڕەوایی بابان دەکات و ناوی ئەنێت ئیمپراتۆریەت و جارێکیش گاڵتە بە خود مەحموود پاشا دەکات و ناتۆرەی بێ بار (مذبذب)ی بۆ بەکاردێنێ و پاشان ئەلێت بێ ڕێزانە لە ئێران سەری نایەوەو مرد .. »

بەڵام ئێمە بۆ ڕاستکردنەوەی قسەکانی سەرنجێکی دەفتەرەکەی « حوسەین ناظم بەگ » ئەدەین کە «ئەمین زەکی بەگ» لێی هەڵێنجاوەو نووسیویە :

(١) عوثمان پاشای کۆنە کەهیای حەسەن پاشای والی لە کەرکوکدا بە ڕەهەنەیی ( منفی ) ئەژیاو دەس بەسەر بوو ( حاکمی کەرکوك نەبوو وەك لۆنگریك وتوویە)و هەمیشە لەبیری چاوڕاوو پیلاندابووە .

(۲) مەحموود پاشا کە ساڵی ۱۱۹۸ك پەنای بردۆتە بەر دەوڵەتی ئێران زۆر بەڕێزەوە مێوانداری کراوەو هەرێمی ئەردەڵانی دراوەتێ • بەڵام کە گەیشتۆتە «سەقز» ، بوداق خانی فەرمانڕەوای سابڵاخ (موکریان) گوێی نەداوەتە فەرمانەکەی شاهو یارمەتیی خانو سەرداران ( ئورمیە ــ خۆی ــ سەلماس ــ مەراغە) سپایێکی دوازدە هەزار کەسیی کۆکردۆتەوەو بەرانگاری «مەحموود پاشا» بووە کە ، تەنیا هێزێکی (۹۰) کەسی لەگەڵدابووەو «مەحموود پاشا» خۆیو «عبدالرحمن»ی کوڕی هەریەکە لە لایێکەوە هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەو سپایەو شکاندوویانە ، ئنجا پاش دوواهاتنی شەڕەکە لە هەرێمی «سابڵاغو ئیلتیمور» گوللەیێکی وێڵ داویە لە «مەحموود پاشا»و کوشتوویەو پاشان زانراوە کە «مورادخانو بوداق خان » بۆ کوشتنی «عوثمان بەگ» دەسیان تێکەڵاو کردووە • هەرکە ئەمەیان زانیوە کەوتوونەتە کوشتارو تەڵاچۆی سپاکەیانو خۆیان گەڕاونەوە بۆ کوردستانی عیراقو هەواڵی خۆبەدەسەوە دانیان ڕاگەیاندووە بە والی ، «سلێمان پاشا» • (تەئریخی سلێمانیو وڵاتی بە وەرگرتن لە دەفتەرەکەی حوسەین ناظم بەگو پەراوێزەکانی عومەر ڕەنجوری لاپەڕە ۹۲) •

بەمەدا ناڕاستیی قسەکانی لۆنگریکسان بۆ دەرئەکەوێ • جگە لەوانەی کەوترا «ئیبراهیم پاشا»ش شاری سلێمانی بە ناوی سلێمان پاشای باپیریەوە ناوناوە کە کوڕی فەقێ ئەحمەدە و ، بەم ناونانە دڵی سلێمانی پەیوەندیی بە ڕازی کردووە • سەیر ئەوەیە کە هەندێ نووسەری موصڵاویش وایان داوەتە قەڵەم کە شاری سلێمانی بە ناوی «سلێمان پاشای جەلیلی»یەوە ناونراوە ، کە هەرگیز لەو سەردەمانەدا هەرێمی سلێمانی پەیوەندی بە ویلایەتی موصڵەوە نەبووە ، والیی موصڵیش هەرگیزاوهەرگیز دەسەڵاتی بەسەر سلێمانیدا نەبووە • پاشان کە ویلایەتی شارەزوور دامەزراوە پایتەختەکەی کەرکووك بووەو براوەتە مووصل • ئەمە یەکێ بوو لەهەڵەکان، هەروا «محەمەد پاشای سۆران ، ئەمیرە کوێرەی ڕەواندز»یش هەرگیز

له سەردەمی ژیانی «مەحموود پاشا »دا فەرمانڕەوای کۆیە نەبووە ، ئـەو ساڵی ١٢٢٩ ك ـ واتا سی ساڵ دوواتر ، فەرمانڕەواییی سۆرانی لە بـاوکی وەرگرتووە ، لەم بابەدا هەم «عەزاوی» هەم «لۆنگریگ»و هەم «محەمەد ئەمین زەکی بەگ» بە هەڵە ئەم هەواڵەیان تۆمارکردووە .

ساڵی ١٢٢١ ك (١٨٠٦ «عەبدالرەحمان پاشا بابان» دیسان خۆی دایەوە پاڵ ئێرانو شاه ناردی‌یە «سنە» بۆ لای «ئەمانوڵڵا خانی والی ئەردەڵان»و داواشی لە «عەلی پاشا»ی والیی بەغدا کرد کە هەرێمی کوردستانی بخاتەوە ژێر دەست بەڵام «عەلی پاشا» ئەسپردەی خۆی نارد بۆ لای شاهو بەهانەی زۆری نیشان‌دا : کە هەرگیز ناتوانێ «عەبدالرەحمان پاشا »ڕێ بداتەوە بۆ هاتنەوە کوردستان . شاه بە بەهانەکانی «عەلی پاشا» قایل نەبوو، بە توندی داوای لێ کردەوە : کە دەبێت بیگێڕێتەوە ، «عەلی پاشـا» کە زانی شـای ئێران نیازی خراپەو دەستووری داوە بە «محەمەد عەلی میرزا»ی کوڕی کـە سەر سنوورەکان قایم بیەستێو لە بەغداش ئەم هەواڵانە بڵاودەکرایەوە کـە سپای ئێران لەسەر سنوور ئامادەیە بۆ داگیرکردنی بەغداو بۆ سـەپاندنی ویستو ئارەزووی خۆی بەزۆر بەسەر ویلایەتی بەغدادا ، « عەلی پاشا » بڕیاری‌دا کە زووتر بێتە دەستو بەربڕی بکات .

جا لە ناوەندی هاوینا بوو کە بەغدای بەجێ‌هێشتو چوو لە شارەبان (مقدادیە) لەگەڵ سەردارە کوردەکانا کۆبووەوەو بە سپاوە شاڵاوی بـردو سنووری تێکشـاندو بـەرەو «کرمانشـاه» پێشـکەوتو هەرچـەندە ئەفسەرەکان کەوتنە مزەمزو پتەوبۆڵ کە ئەم شاڵاوە پێچەوانەی یاسایەو پێویستە بۆ سنووردڕین پرس بە سولطان بکرێت کە ڕێ‌بدات، سوودی نەبوو ، زۆر زوو دەنگو هەواڵ گەیشتە «ئەستانبوول»و سولطان ئاگادار کرایەوە : کە عەلی پاشا هەڵی‌کوتاوەتە ناو سنووری ئێرانو چەندین گوندی تاڵان‌کردووە . لەم لاشەوە شاه دەسـتووری دابـوو کوڕەکەی خـۆی

« محەمەد عەلی میرزا» کە فەرمانڕەوای کرمانشاه بوو ، کە سنوورەکان بپارێزیّو داواشی لە والیی ئەردەڵان کردبوو کە بە هەموو هێزەکەیەوە پشتیوانی لە سەرداری بابان بکات . «عەلی پاشا» وازی لە شاڵاو هێناو کەهیا سلێمان پاشای بچووکی لە ڕووکاری شەڕا هێشتەوە بۆ یاریدەدانی خالید پاشای بابان» ، بەڵام کەهیا شێتانە هەڵیکوتایە ناو سنووری ئەردەڵانەوەو لەگەڵ ئەوەش‌دا کە سپاکەی زۆر ماندوو بوو کەوتە شەڕەوە بەرامبەر بە لەشکری بابان ــ کە پەنابەربوون لە ئێران ــ شکستی خواردو خۆیشی بەدیل گیرا .

لەولاشەوە «محەمەد عەلی میرزا» سنووری دڕیو پیاتیپەڕیو بەلای ژووری «خانەقین»دا چەندین میل چووە ناو سنووری ویلایەتی بەغداوە . هەروا عەبدالڕحمان پاشای بابانیش ــ کە لە ئەردەڵان‌دا بە پەنابەری ئەژیا ــ ئەویش سنووری بڕیو تا سلێمانی پێش‌کەوت . سەرئەنجام شەڕو هەراکە بەوە دوواهێنرا کە «خالید پاشا» فەرمانڕەوای بابان بێت‌و عەبدالڕەحمان فەرمانڕەوای کۆیە ، بەڵام کە هێزەکانی ئێران گەڕانەوە پشت سنوور جارێکی تریش مەرجەکان تێکدراو عەبدالڕەحمان پاشا سلێمانی‌داگیرکردەوەو کەوتەوە تیزو قەشمەری بە دەوڵەتی ویلایەتی بەغداو دەستی دایەوە شاڵاو بۆ سەر گوندەکانی کەرکوک‌و هەولێر ، بەڵام زستانی سالی ١٢٢٦ ك (١٨١١ ز) لە بەغداوە فەرمانی لادرانی لە تەختی فەرمانڕوایێتی دەرچووو لە مانگی حوزەیرانی سالی ١٢٢٧ ك (١٨١٢ ز) لەگەڵ لەشکری « عەبدوللا پاشا »دا تەقین‌بەیەکا نزیك بە شارۆلکەی کفری ، لە سەرەتادا ئەمیرە کوردەکە سەرکەوت ، سپای‌سوارەی کورد هەڵیکوتایە سەر هێزی تۆپخانەو لای پێشەوەی دوژمنی تێکشکاند ، بەڵام سەربازە کۆلەمەندەکان کە «داود ئەفەندیی دەفتەردار» سەرۆکیان بوو ئازایانە سپای کوردیان بەزاندو کەوتنە شاڵاوو پێشکەوتن ، سەرئەنجام سپای کوردیان بەجۆریّ

ڕامالی که « عەبدالڕەحمان پاشا » هەر ئەوەندەی پێ کرا خۆی بە سواری ئەسپەکەی ڕزگار بکات بەڵام سپاکەی تووشی وەیشوومەی شەڕهاتن و بە جۆرێ قەڵاچۆ کران کە لە کەللەسەری ئەفرادی کورد منارە دوروست کرا • ئەم سەرکەوتنە مەزنە (؟!) دەنگێکی زۆر گەورەی دایەوە لە شاری بەغدادا (القرون الاربعة الاخيرة لاپەڕە ٢٨٠) •

لەم باسەشا دیسانەوە «لۆنگریك» هەواڵەکانی پێچەوانەی ڕاستییە ، جا بۆ دەرخستنی ڕاستی با سەرنجێکی (العراق بين احتلالين) (٦/١٢ — ٢١٣) بدەین کە هەواڵەکانی خۆی لە (دوحة الوزراء)ەوە هەڵێنجاوەو نووسیویە : «... عەبدالرەحمان» پاشا زۆر بەجەرگانە خۆی ڕاگرتو هەردوولا نزیك کەری لەگەڵ یەك کەوتنە شەڕەوەو ڕیزی سپایان ڕێك خست و شەڕ بلێسەی سەند • لە سەرەتادا سپای عوثمانی بە خۆی و هێزی خێڵانەوە کە هێنابووی هەمووی شکستی خوارد • تەنیا هەندێ سپای تایبەتی وەزیرو دەستوپێوەندی و تۆپچییەکان و هەندێ بابانی لایەنگری والی مانەوە «داود دەفتەری» لەم شەڕەدا ئازایەتی نواندو کەوتە هاندانی هێزەکانی خۆیان ، زۆری پێ نەچوو نیشانەی سەرکەوتن دیاری داو سپای عەبدالڕەحمان پاشا شکاو خالیدی براشی کوژراو سپای دەوڵەت بنەو بارگەی سپای عەبدالڕەحمان پاشایان داگیر کرد ... تا دەڵێ : کە وەزیر گەیشتە کەری «خالید پاشای بابان» بە دیاری و دەهەنەوە هاتە پیرییەوە • بەڵام «عەبدالڕەحمان پاشا» هەڵات بەرەو کرمانشاه •

وا دیارە لۆنگریك گەڕاوە هەرچی هەواڵێ کە بە خراپەی کورد تەواو بووبێ لە ڕاپۆرت و کتێبی دوژمنەوە هەڵی بژاردووە، بەڵام ئەوەتا ئەم قسانە لە (دوحة الوزراء)دا نییە ، کە خۆی سکرتێری وەزیری بەغداو بە فەرمانی ئەو داوێنی (ذیل) بۆ گولشەنی خولەفا نووسیوە •

ساڵی ١٢٣٤ك (١٨١٨ ز) ناکۆکی لە نێوانی داوود ئەفەندی

دەفتەرداروو مەحموود پاشای بابان‌دا پەیدا بوو ، کە لای خۆی هەرە دۆستی بوو • بەم هۆیەوە خەڵکێکی زۆر پەنایان بردەئێران‌و دیوانی «محەمەد عەلی میرزا»ی والیی کرمانشاه پڕ بوو لە پەنابەرانێ کە دوژمنی دەوڵەتی ویلایەتی بەغدابوون • «محەمەد عەلی میرزا» بەهانەی زۆری دەس‌کەوت بۆ شەڕنانەوە ، تەنانەت دەوڵەتی ئەیالەتی بەغدا کەوتبووە ئازاردان‌و چەرمەسەرتی ئەو ئێرانی‌یانەی بۆ خاکپابۆسیی خوابگای ئیمامەکان ئەهاتنە عیراقەوە ، جا لە سەرەتادا پەنابەرەکانی خستە پێش بەرەو سنوور کە بکەونە پەلاماردانی سنوورەکانی عیراق ، ئنجا بابانەکانی خستە پێش ، ئەم هێزانە لە زەهاوەوە بەرەو دەوروبەری «خانەقین» پێشکەوتن‌و هەموو هەرێمەکەیان تالان‌کرد ، پاشان شالاویان هێنا بەرەو بەغدا بەڵام سپای عیراق ڕێی پێ گرتن‌و بەرانگاریان بوو • (القرون الاربعة الاخيرة ۲۹۳) •

سالی ۱۲۳٦ ك (۱۸۲۰ زا) والی «ئەمانوللاخان» لەگەل کوڕەگەورەکەی تێکچووبوو ، کوڕە یاخی بوبوو کەوتبووە هەرا هەلگیرساندن • «ریچ» لە گەشتەکەیا کە سالی ۱۸۲۰ بە دوواوە دەستی داوەتێ لەم بارەوە نووسیویە : «••• گەیشتینە سنە (سنندج)و لەو حەلەدا هەرێمەکە لەوپەڕی تەنگ‌و چەلەمەدا بوو «محەمەد حوسەین خانی ئەردەلانی» کوڕە گەورەی والی ئەمانوللاخان لە باوکی یاخی بووبوو کەوتبووە ئاژاوەنانەوەو ڕووی کردبووە هەرێمەکانی سەرەڕێی بەغدا ــ کرمانشاه‌و عێل‌و خێلەکانی سەر بە دەسەلاتی ئەردەلانی تالان کردبوو ، کە لەو دەشتانەدا سەیران‌و خێوەتیان هەلدابوو ئاژالیان بەخێوئەکرد • والی پاش ئەوەی ماوایێ دوستووری لە شای ئێران وەرگرت کەوتە ڕاونانی کوڕەکەی‌و لە ئەنجاما نزیك بە هەرێمی کرماشان هێزی هەردوو لایان تەقین بە یەکاو شەڕێکی قورس لە نێوانیان ڕووی‌دا لە دەشتی «گۆم‌وشتر»ی سەر بە «ڕەوانسەر»ی سەربە فەرمانی کرمانشاه •

بەڵام والی دوستووری دابوو :کەس کوڕەکەی نەکوژێو هەوڵ بدرێ دەزگیر بکرێ ، بەڵام محەمەد حوسەین خـان لە شەڕەکەدا بریندار کـراو خەڵکێکی زۆریش لە هەردوولا کوژرا • کوڕە بریندارەکەی والی نێررایە سنە (سنندج)و خرایە بەردەستی دوکتـۆر بـۆ تیمارکردن • لەو حەلەدا «فلیپۆس» کە دوکتۆرێکی ئینگلیزبوو ــ لە خەستەخـانەکانی تەورێز بـە دوکتۆری کاری دەکرد ــ گەیی بە دەنگیو کەوتـە تیمـارکردنی بـەڵام برینەکەی کوشندە بوو ، ڕزگاری نەبوو ، مرد• (گەشتەکەی ریچ لاپەڕە ١٤٨و تەئریخەکەی مەستوورە خانمی ئەردەڵانی لاپەڕە ١٦٤ ) •

لە ١٩ ئازاری هەمان ساڵا کە «میستەر ریچ» گـەیبووە «شارەبان» لەوێ تووشی سەلیم بەگی بابان بووبوو کە دۆستێکی زۆر دۆستی بـوو، هەواڵی دابووێ کە لە فەرمانڕەوایی «خانەقین» لادراوە ( گەشـت ٢٧٨) ساڵی ١٢٣٧ك (١٨٢١زا)• لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەتی بەغدا مۆری بەوەدا نابوو : کە «مەحمود پاشا بابان» بە ناوی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی بابـان بمێنێتەوە ، «عەبباس میرزای» والیی کرمانشاه ئەم کورسییەی دابوو بە «عەبدوڵڵا پاشا بابان»ی مامی «مەحمود پاشا» بەم هۆیەوە «داود پاشا» ــ کە ئەو حەلە والی بوو ــ سپایێکی خستە ڕێ بە (٤٠) تۆپەوە بە فەرماندەی کەهیا «محمدئاغا» بەرەو زەنگاباد (زندئاباد) ، هێـزەکە مانگی ئەیلوول گەیشتە ئەوێو لەپاش ٤٠ ڕۆژ چاوەڕێ ، کەهیا بەرەو «دەربەندی بازیان» کەوتە ڕێو بەسەر کەرکووکا ڕابووردو هەواڵی زانیبوو کە عەبدوڵڵا پاشـا بە پێنج هەزار قازاغی ئێرانییەوە گەیشتۆتە «شارەزوور» • جا هەردوو سپای ئێرانیو عوثمانی ــ هەریەکە لە سەمتی خۆیەوە ــ بەرەو سلێمانـی کەوتەڕێ • ئا لەم سەردەمەدا کەش گۆڕابوو • هەوا زۆر ساردبووبـوو نەخۆشیو درم پەیدا بووبوو • هەرکە «محەمەد ئاغا» شاڵاوی کرد ، سپای دوژمن بەرانگـاری بووو بەزانـدیو شکستی پـێدا ، خۆی سپاکەی بەجێهێشتو پەنای بردە بـەر سپای دوژمـنو سپا شڕبووەکەی بەرەو

کەرکووك گەڕایەوە «عەبدوللا پاشا بابان» بە لەشکرە ئێرانی‌یەکەوە کەوتە دوویان ، بەڵام عێلاتی هەرێمی کەرکووك ڕاپەڕین‌و ڕێیـان پێ گرتـن‌و مەیدانیان نەدا کە «عەبدوللا پاشا» بۆ داگیرکردنی کەرکووك پێشکەوێ ، سپای «عەبدوللا پاشـا»بە لای پشتی کـەرکووکدا پێشکـەوت ، ڕێی «داقووق ـ کفری ـ بەغدای داگیرکردو هەڕەشەی داگیرکردنی بەغداشی‌دا، بـەڵام پیـاوانی ئـایینی هـەردوولا ـ عوثـمـانی ـ ئـێرانی ـــ کەوتنە نێوان‌و هەراکەیان بەو جۆرە دوواییی‌پێ‌هێنا کە بابان بدرێتەوە بـە «عـەبدوللا پـاشاو هێزی ئێرانی لەناو خاکی عوثـمانی بکشێتەوە بەرەو سنوور . لەم شاڵاوەدا «محەمەد عەلی میرزا» لە «کرنت» مردو بە گەڕانەوەی سپاکەی لە بەغدادا بووە جەژن‌و شـایی‌یەکـی زۆر گەورە ، ئنجا هەندێ مەفرەزە ڕووی کردە ئەو خێڵ‌و عیلانەی کە بووبوونە ڕێنومای سپای ئێران‌و ئازووقەو خواردنیان بۆ دابین کردبوون. هەروا مەفرەزەیێکیش ڕووی کردە ئەو خێڵانە کە لە دەوروبەری « دوجەیل » مـاڵبەزیان کردبوو . هـەروا هەڵیـان کوتـایە سەر ئەو هێزە ئێرانی‌یەش کە لـە شاری « خانەقین »دا مابوونەوە ( القرون الاربعة ٢٩٤ ـ ٢٩٥ ).

ساڵی ١٢٤١ك (١٨٢٥ زا ) سوڵطان دوستووری دا بە قەلاچۆ کردنی یەنی‌چەری «انکشاریة»و هەزارانیان لێ‌کوژراو ناویان لە دەفتەری سپـا سڕرایەوەو بۆ هەموو وڵاتی عوثـمـانی نووسرا کە ناویـان لە دەفتـەرو تۆمارەکان بـسڕنەوەو لەسەر کارلایان بدەن . تا ئێستە لە «وادي العوسج»ی نزیك « صقال طوتان » گۆڕەکانیان بەدی‌ئەکرێ . (العراق بين احتلالـين ٦/٢٩١ ) .

ئەم «صەقاڵ طوتان»ە گەرووێکی تەنگەبەرە لە نێـوان قزرابـات‌و خانەقین‌دا کە کاروان لەوێدا تووشی جەردە بهاتایە ، ئەوترا : ڕیشیان کەوتـە دەس جەردە ، گۆڕستانەکە لەسەر تەپۆلکەیێـکە نزیـك بەم دەربەنـدە .

سالی ١٢٤٧ك (١٨٣١ زا ) درم‌و پەتایێکی کوشەندە لە عیراق‌دا داکەوت‌و سلێمان ئاغای میرئاخورِ بەم دەردە مرد ، داود پاشاش نەخۆش‌کەوت ، بەلام نەمرد. کە تەوژمی درم‌و پەتاکە ڕەوی‌یەوەو ترسی نەما «محەمەد مەصرەف»ی لە ولات‌هاتوو بە چوار صەت پێنج صەت سوارەی کوردەوە گەڕایەوەو چاوەڕێی ئەوەش بوو کە «محەمەد پاشا بابان»و «خالید پاشا بابان»یش بگەڕێنەوە ولات : «خلاصة تاريخ الكرد وكردستان» ، باسی بابان و «العراق بين الاحتلالين ٣١٢ » .

سالی ١٢٨٠ك (١٨٦٣ زا ) «سلێمان فائیق» قائیم‌مەقامی «خانەقین» بوو. لە پاومانی ئەو سالەدا تێلی تەلگراف کەوتە ولات ، هێلی لە بەغداوە بۆ خانەقین کێشراو سالی دوواتر سەردەمی پاییز دەزگای تەلگراف کەوتەکار. پاش ئەوە بە سالێ ئنجا هێلی تەلگراف بۆ ناوچەی فورات دەس‌پێ‌کراو هێلی تەلگراف بۆ سەرانسەری ولاتی عیراق کێشراو پەیوەست کرا بە هێلی ولاتی عوثمانی ــ ئێرانەوە لە خانەقین‌و لەوێوە بە می خەلیج‌و هیندستانەوە پەیوەندکرا . ( العراق بين احتلالين ) . ( ٣٣٦/٦ ) .

سالی ١٢٨٦ك (١٨٦٩ زا ) تاقمە جەردەی «بەچە ئەمین هەمەوەند» سەری هەلداو لە دەوروبەری «خانەقین» هەلیان‌کوتایە سەر کاروانێک‌و ڕووتیان کردەوە ، بەلام کە زانی‌یان دوو کەس لە تالان‌کراوەکان ئێرانین تالانەکەیان بۆیان ناردەوە ، تەنیا مالی عەرەب زبانەکانیان داگیرکرد ( !؟ ) . هەرکە دەولەتی ویلایەت ئەم هەوالەیان بە هۆی تەلگرافەوە لە قزرابات‌و شارەبانەوە وەرگرت ، بە پەلە هەندێ هێزیان لە قزرابات‌و خانەقینەوە بۆ پەیدۆزی‌یان خستەڕێ ، هەروا هێزێکی سوارەی عەشایریش کەوتە دووای جەردەکان‌و گەمارۆیانیان داو بوو بەشەڕ. لەم شەڕەدا «عەبدوللا بەگ»ی سەرۆکی هێزەکانی دەولەت لای قزرابات گوللەیێ دای لە قاچی‌و بەوە مرد ، هەروا گوللەیێکیش دای لە سنگی «سوەیلم» ناوێکی عێلی

«ڕەبیعە» • هێزەکانی دەوڵەت توانی‌یان «بەچە ئەمین»ی سەرۆکی جەردەکان بکوژن بە دوو هاوڕێ‌یەوەو دە کەسیشیان بە چەکەوە لێ بەدیل بگرن (العراق بين احتلالين ٨/١٨٢) •

هەر لەم ساڵەدا دە سواری هەماوەند لەوانەی کە خۆیان دابووە پاڵ دەوڵەتی ئێران هاتنە ناو وڵاتەوەو بە شەو هەڵیانکوتایە دەوروبەری قزرابات‌و لەوێ شاڵاویان بردە سەر عێلی ڕەبیعەو لە تۆڵەی خوێنی «بەچە ئەمین» دە کەسیان لە (ڕەبیعە) کوشت‌و ماڵێکی زۆریان بە تاڵان برد (العراق بين احتلالين) ٨/٢٠٠ •

ساڵی ١٢٨٧ ك (١٨٦٩ زا) وتوویژی ڕێککەوتن لە نێوانی ویلایەتی عیراق‌و ئێراندا دەستی‌پێ‌کرد • لە لایەن ئێرانەوە «محب علی خان»ی نوێنەر گەیی‌یە شارەبان (مقدادیە)و «قەدری بەگ»ی نوێنەری عوثمانیش گەیشتە ئەوێ ، بەڵام بەر لە بڕینەوەی باسەکە شەولەناوێ نوێنەری ئێرانی بە بێ ئەوەی هیچ کەس پێی بزانێ ، بە ڕێی خانەقیندا گەڕایەوە بۆ ئێران (العراق بين احتلالين ٧/٢٤٠) •

ساڵی ١٢٨٩ك (١٨٧٢ زا) دەسەڵات کەوتە هەڕاج‌کردنی زەوی‌و زاری ئەمیری لە خۆراسان (بەعقوبە)و لە صەلاحیە (کفری)و لە بەصرەو لە خانەقین‌و بە زنجیرە ناوی ئەو پارچانەی خستە بەرچاو کە بۆ فرۆشتن ئامادەیە ، بە هۆی بەیاننامەوە (العراق بين احتلالين ٨/١٤) •

ساڵی ١٣٠٣ك (١٨٨٥ زا) هەماوەندەکان سەرلەنوێ کەوتنەوە تاڵان‌و جەردەیی‌و دەوروبەری خانەقینیان ڕاماڵی ، ئەمجارە سەرۆکیان « جوامێر » بوو ، کە ناوی لە ئێراندا بووبوو بە «جەوان مەرد» (العراق ٨/٧٩) •

ساڵی ١٣٠٩ك (١٨٩٥ زا) • (العراق ٨/١١٧) •

هەرێمی خانەقین وەکو هەرێمەکانی تری کوردستان ، لەسەردەمی

شەڕی یەکەمی جیهانیدا ، لە ژێر پێی سەربازانی بێگانەدا پێ‌شێل‌بوو • بـا بۆزانینی ئەم باسە سەرنجێکی کتێبەکەی دوکتۆر کەمال مەزهەر بدەیـن کە نوسیویە : لە بەهاری سالی ١٩١٦ی‌زا (١٣٣٠ك)دا هێزەکانی ڕووسـیای قەیسەری کەوتە جمان بەرەو عیراق لە سێ قۆڵی سەرەکی‌یەوە : خانەقین — سلێمانی — و ڕەواندز ، بە تایبەتی لە ڕێی خانەقینـەوە کە بە ڕێگەیێـکی نزیك‌و پێدەشتی سان‌دا بەرەو بەغدا ئەچێت‌و بۆ ئەنجامدانی ئەم ئـەرکە سپای ڕێك‌خرا بە فەرماندەی «باراتۆف» یەکێك لە ژەنەڕالانی ڕووس ، ئەم سپایە گەرچی ، هەندێ لە هێزەکانی خۆیان بە هەنـدێ شـوێنا کردبووە سنووری عیراق‌دا، بەڵام زۆر بە توندی بەرانگاری‌کران‌و پاش بەرگریی تەواو «ئەنوەر پاشا» خۆی‌و «فۆن‌لوسوف»ی فەرماندەی ئەڵمانی سەردانێکی ڕووکاری خانەقینیان کردو لە شـەڕێکی زۆر سـەختا ، کە لە مانـگی حوزەیرانی سـالی ١٩١٦دا ڕووی دا هێـزەکانی ڕووسـیای قەیسـەری شکستیان خواردو تا سنووری ئێران کشانەوەو لەم شەڕەدا ٢٠٠ کوژراوو ٥٧ دیلیان بەجێ‌هێشت • زیانی بەرەی عوسمانیش ٨١ کوژراوو ٣٤٠ برینداروو نادیار بوون •

ئەم لێ قەومانەی سپای ڕووس بووە هـۆی ئەوەی بەرپرسـیاران‌و کاربەدەستانی ڕووس — کە کاروباری ئەم ڕووکارەیان پێ سپێررا بوو — گوێ‌قوڵاغ بینەوەو پتر هەوڵ‌بدەن بۆ خۆنزیك‌کردنەوە لە کورد ••• پاش شۆڕشی مانگی ڕەشەمێی (شوبات)ی بۆلشەویکی دیسـانەوە هـێزەکانی ڕووس ویستیان لە ڕووکاری خانەقینەوە بەرەو بەغدا پێشکەون‌و جۆرە پێوەندی‌یەکیش لە نێوان هێزی ئینگلیزو هێزی ڕووس‌دا پێك هات ، تەنانەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بۆلشەویکی ، بە جۆرێ کە هێزەکانی ئینگـلیز دلنیا بوون لەوەی کە ڕووسیای قەیسەری دۆستیانەو حەزیان ئەکرد بتوانن بیان‌کەن بە ماشەی دەستی خۆیان بۆ داگیرکردنی عیراق ••• ئەوە بوو لـە

هاوینی ساڵی ۱۹۱۷ زا هێزەکانی ڕووسی بەرەو مووسڵو خانەقین شاڵاویان هێنایەوە بەو نیازەی بتوانن سپای شەشەمی عوسمانی بشلەژێنن‌و ئەوە بوو لەم چەقز ( قۆناغ )ەدا هێزەکانی ڕووس یارمەتیەکی زۆری هێزەکانی ئینگلیسیاندا لەو شەڕانەدا کە لە عیراق‌دا قەوما ، بەڵام سەرەنجام هێزەکانی عوسمانی پیلانی ڕووسەکانیان پووچ‌کردەوەو بەم تێ‌شکانە پارچە لەشکرەکانی «قاف‌قاس» شەڕی ئەو ناوەیان بەجێ‌هێشت ... بەڵێ ! ئەو کارە قۆڕانەی ، کە سەربازەکانی ڕووس‌و ئەرمەنی‌یە بەکرێ‌گرتەکان لە کوردستانا کردیان تەنانەت لە ڕووکاری ڕەواندز (هەروا لە خانەقین)دا خەڵکی کوردەکەی هێنایە جۆش بۆ دوژمنایەتی‌یان ، ئەوە بوو شێخ مەحموودی حەفیدزادەو چەکدارەکانی لە قۆڵی پێنجوینەوە کەوتنە شەڕ لەگەڵ هێزە ڕووسەکان ، هەروا لە دانیشتووانی ( عەلیاوا )ی هەرێمی خانەقینیش زۆر ئازایانە کەوتنە بەرانگاریی ڕووسەکان ... تاد (کردستان فی الحرب العالمیة الاولی ، ل. ۱٦۸ ـ ۱۷۳ ـ ۲۰٤ ) تا ئێرە مێژووی کۆنی «خانەقین» بوو ، کە لە کتێبە مێژوویی‌یەکانا پارچە پارچە پەرت‌و بڵاو کراوەتەوە ، بەڵام پاش ئەوەی ئینگلیز وڵاتی عیراقی داگیرکردو دەوڵەتی عیراق دامەزرا ، خانەقین گۆڕانێکی زۆری بەسەرا هاتووەو چەند کتێبی دەربارە نووسراوەو ئێمە ڕێی ئەوەمان نەماوە هیچی دەربارە بنووسین .

ئنجا بگەڕێینەوە مێژووی کۆنی ئەو ناوچانەی کە سەر بە قەزای خانەقین‌و هەروەکو لە سەرەتادا وتمان : لە سەردەمی عوسمانی‌دا تەنیا دوو ناوچە بە خانەقینەوە بەسترابوو : بنکودرەو قزلڕەبات ، بەڵام پاش دامەزرانی دەوڵەتی عیراق قەزاکە لە بەر گرنگی‌و بەربڵاوی بەش‌کرا بە چوار ناوچە : بنکووره (قۆرەتوو) ، مەیدان (هۆرین‌و شێخان) ، جەلەولاء (قەرەخان)و سەعدی‌یە (قزلڕەبات) :

١ ــ بێن‌کودره (بن‌کووره) له سه‌رده‌می عوسمانیشـا ناوچـه بووه ، خاوه‌نی «قاموس الاعلام» ناوی هێناوه ، به‌لام ده‌لێ ، ئێمه هیچ جـۆره زانیاری‌یه‌کمان ده‌رباره‌ی ئه‌م ناوچه‌یه نی‌یه ، به‌لام «میسته‌ر ریچ» که سالی ١٨٢٠ زا (١٢٣٦ ك ) له گه‌شته‌که‌یا ئه‌وێی دیوه ، زۆر بـه وردی بـاسی کاوله‌کانی حه‌وش‌کوری ده‌کات که له کۆنترین دێرینه‌ی ولاته • وا دیاره ناوی «بێن‌کودره» تورکه‌کان دایێنیان به‌م ناوچه‌یـه‌و مه‌بـه‌ستیان «هه‌زار کووره» بێت ، ئـه‌م « بێن‌کودره »یه که چـه‌قی نـاوچه‌که بووه گوندێکی گه‌وره بووه‌و خێوی ئه‌و حه‌له‌ی «حه‌سه‌ن ئاغای باجه‌لان» بووه •• ( رحلة ریچ ٢٩٤ ــ ٢٩٧ ) •

٢ــ مه‌یدان (هۆرین‌و شێخان) : ئه‌م گوندده که ناوه‌ندی ناوچه‌که‌یه ، ته‌نیا به‌و هۆیه‌وه ناسراوه ، که له‌وێ به‌رده‌نووسێکی « ئانوبانی‌نی » هه‌یه ، گوندی مه‌یدان هی شێخه‌کانی به‌رزنجه‌ی قه‌زای خانه‌قینه •

٣ ــ جه‌له‌ولاء : ئه‌م ناوه له‌مه‌وبه‌ر به «قه‌ره‌خان» ده‌ناسرا ، وا دیاره وشه‌که له «که‌رج جودان»ه‌وه گۆراوه‌و ئه‌م ناوه له « الکامل »دا هاتووه‌و «ابن الأثیر» نووسیویه : سالی ٢٥٣ك (٨٦٧ زا ) هه‌والی درا به « بونداری طه‌به‌ری » ــ که خۆی‌و « مظفر » پاراسـتنی رێی خۆراسـانیان خرابووه ئه‌ستۆ ــ هه‌والـه‌که به‌م جـۆره بوو ! «مسـاور خـارجی» له هه‌رێمی «به‌واریج»ه‌وه رووی کردووه‌ته «که‌رخ جدان» ، موظه‌فه‌ر باسی ئـه‌وه‌ی کرد ، که ده‌بێ هه‌لبکوتنه سه‌ری ، به‌لام بوندار وتی :ئێسـته ئێـواره وه‌خته‌و دره‌نگه‌و سبه‌ینێش جه‌ژنه ، که جه‌ژنمان به‌سه‌ربرد شالاوی ئه‌که‌ینه سه‌ر ، به‌لام خۆی به دزی «مظفر»ه‌وه شه‌و هه‌لی‌کوتایه سه‌ر «مساور» به‌و ئومێده‌ی پیرۆزی‌و سه‌رکه‌وت له‌مه‌رِ خۆی بێت ••• تا ئه‌لێ له شه‌را بوندار کوژراو «موساور» چوو به‌ره‌و «حه‌له‌وان» • ( الکامل ١٧٩/٧ ) •

ئه‌م ناوه تا سه‌رده‌می داگیرکاریی ئینگلیز هه‌ر هه‌بووو به جمـگه‌ی

جیابوونەوەی هێڵەکانی کەرکووك ـ خانەقین دەوترا ئێستگەی «قەرەخان ـ قەراغان» .لە دەوری دەوڵەتی عێراقدا هەرێمەکە ناونرا «جەلەولاء» بە یادی کۆنی شەڕی (جەلەولاء)ەوە وەکو لە «الکامل»و کتێبە جوغرافیو مێژوویییەکانی تردا بەم جۆرە باسی کراوە : دانەری کتێبی «معجم ما استعجم» نووسیویە : «جەلەولاء» جێگەیێکی ناسراوە لە شام (؟!) .
سەعدی کوڕی وەققاص ڕۆژی یەرمووك (؟!) ئالایێکی دایە دەس «هاشم المرقال» کوڕی عوتبەکوڕی وەققاص‌و ناردی بۆ داگیرکردنی «جەلەولاء» ، هەر ئەو ڕۆژە لە شەڕا چاوێکی کوێرکراو ناوی شەڕی جەلەولاء نرا «فتح الفتوح»و تالآنو دەستکەوتی «سپای ئیسلام» گەیشتە «هەژدە هەزار هەزار» . ئەمە سالی ١٧ ـ یا ١٩ی کۆچی بوو .
لاپەڕەی ٢٩٠ / ب ٥٢ .

ئەوەی ئەم قسانەی نووسەری «معجم ما استعجم» بخوێنێتەوە بۆی دەرئەکەوێ نووسەرانی چەرخەکانی کۆن ، کە هەر لە خۆوەوە بە بیستن شتیان تۆمار کردووە چەند هەڵەیان بەرگوێ کەوتووە ، هەموویان بێ‌لێوردبوونەوە یادداشت‌کردووە . ئەو هەڵەیانەی کردوویەتی ئەمانەن :
(١) جەلەولاء لە شام نییە ، لە کوردستانی عێراقە . (٢) شەڕی یەرمووك سالی ١٥ی کۆچی ڕوویداوە ، نەك ١٧ ـ یا ١٩ . (٣) فەرماندەی سپای ئیسلام لە شەڕی یەرموکدا «ئەبو عوبەیدەی جەڕڕاح» بووە ، نەك «سەعد کوڕی وەققاص» .

ئینجا با چاوێ بە «معجم البلدان»دا بگێڕین : یاقووتی حەمەوی نووسیویە : «جەلەولاء» یەکێکە لە دێهستانەکانی ڕەشەخاکی عێراق «سەواد»ی سەرەڕێی خۆراسان ، لەوێوە تا خانەقین حەوت فەرسەنگە (٤٢کم) . ڕووبارێکی مەزنی بەناودا تێئەپەڕێ بەرەو «بەعقووبا»و بە ناوی ماڵەکانی شاری بەعقووبادا ئەبووڕێ‌و کەشتیی پیا ئەڕوات ( مەبەستی

بەلەم‌و قایغە) بەرەو « باجسرە » هەرای بەناوبانگی ــفارس ــ موسوڵمان ساڵی ١٦ك (٦٣٧ زا ) لەم جێگەیەدا ڕوویداوە ،موسوڵمانەکان هەمــوو شتێکیان دەربارەیان ڕەوادیت‌و هەر لەبەر ئەوەی موسوڵمانەکان لەنـاکاو بەسەریانا دان ، ناونرا جەلەولای بەسەراکەفتوو ( جلولاء الوقیعە ) •

( معجم البلدان پیتی خ ) • کە لە لایەن مێژوونووسەوە (ابن الاثیر) لە (الکامل)دا نووسیویە : هاشم کەوتەڕێ بە «بابل مهروز»دا ڕابورد کوێخای وڵاتەکە بە ئاشتی‌و بێ‌شەڕ لەگەڵی ڕێك‌کەوت بەو مەرجەی لاتەزەوی‌یێ (جریب) درهەمی بۆ هەڵبڕێ (؟!)و بەم جۆرە ڕێك‌کەوتن • ئنجا هـاشم کەوتە ڕێ بەرەو «جەلەولاء»و سپای فارسی لە خەندەکەکانا گەمارۆدا هەر ئەو ڕۆژە صەت هەزاری (؟!) لێ‌کوشتن ، لاشەی کوژراوان وەك «ساجل» زەوی‌یەکەی پۆشی ، لەبەر ئەوە ناونرا «جلولاء» (٢/٢١) •

لەقسەکانی (ابن الاثیر)یش‌دا دوو شـتی سەیر بەرچـاو ئەکەوێ ، یەکەم : بە «مهرود = ڕووبارە گەورە» ئەڵێ : «بابل مهروز» لای وایە ئەم ناوە لە قورئانی کەریمەوە هاتووە ( ببابل هاروت‌و ماروت ) (سورة البقرة)•

دووەم : جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ناوی «جلولاء» لەوێوە هاتووە کە لاشەی کوژراوان وەکو (جل) سەر زەوی‌یەکەی پۆشیوە• ئەو لەوە بێ ئاگایە کە «مەهەروود» واتا جۆگەی گەورە ، هەروا لەوەش بێ ئاگایــە کە ناوی «جلولاء» لە «گوڵاڵە»ی کوردی‌یــەوە کراوە بە عــەرەبی چونــکە هەرێمەکە لە بەهارا یەکسەر گوڵ‌و گوڵاڵە بووە ، گوڵزارو چیمەن وەکــو فەرشی زومەڕەدین وەها بووە • خود ( الکامل ) لە جێگەیێــکی تری ئــەم باسەمان زۆر بە جوانی بۆ ڕووندەکاتەوەو نووسیویە :

ساڵی ٣٤١ك (٩٥٢ زا ) خەلیفە مەنصووری عەلەوی لە مانگی ڕەمەزانا بۆ گەشت‌و سەیران ڕوویکردە «جەلەولاء» کە جێگەیێکە پڕ لە میــوە بووە جۆری (ئەتروج)ی تێدایە کە لە زلی بنجەکانی‌دا مانەندی نەبینراوەو

وشترێك تەنیا ئەتوانێ چوار بنجی هەڵبگرێ (!؟) جا خەلیفە هەندێ لەم (ئەتروج)ی بردەوە بۆ ماڵ بۆکۆشکی خۆی ، لەوێ کەنیزەکێکی هەبوو ـ کە هاوسەرینی بوو ـ ئەتروجەکەی دیت زۆری لا جوان بوو داوای لە مەنصوور کرد بیبا بۆ «جلولاء» (گوڵاڵە) کە خۆی بە چاوی خۆی ئەتروجەکە بە سەوزی ببینێ • مەنصوور گفتی دایێ و بە دەس و پێوەندەوە ڕووی کردە جەلەولاء لەوێ چەند ڕۆژێ مایەوە ، پاشان گەڕایەوە بەرەو «مەنصوریە» لە ڕێ تۆف و بارانێکی بەهێز کوتایانی ، زۆر لە دەس و پێوەندەکانی هەر لە ڕێ مردن و خود «مەنصور»یش تووشی دەردێکی سەخت بوو و سەرئەنجام مانگی شەوال بەو دەردە مرد • (٢٩/٨) •

ئەم قسانە خۆی گەواهـ و بەڵگەیە کە جێگەکە گوڵ و گوڵزار و گوڵاڵە و سەوزەلان بووە وەك پارچە دیبایێکی سەوز ، بۆیە هەر بە (گوڵاڵە) بەناوبانگ بووە و عەرەب کردوویانە بە «جلولاء» لێرەدا با لە بیرمان نەچێ «کەرخ جودان» ـ واتا «قەرەخان» ـ خوێندەوار و مەلای باشی تیاهەڵکەوتووە ، لە (الکامل)دا هاتووە :

ساڵی ٤٤٧ك (١٠٥٥ ز) ئەبوالقاسم مەنصوور کوڕی هەمزە کوڕی ئیبراهیم زانای ڕچی شافیعی کۆچی دوایی کرد کە خەڵکی «کەرخ جودان» (قەرەخان) بوو • (٦١٦/٩) •

٤ ـ سەعدیە (قزلڕەباط) : لە سەرەڕێی خۆراسان ـ حەلەوان ـ سێ شار بە ناوی «بهقباد = بیەقوباد» هەبووە : بیەقوبادی خواروو ـ ناوەند ـ سەروو ئەمانە لە ژوور دەستگرد (دەسکەرە)وە بوون ، دوور نیە ئەم شارۆلکەیە لە بنەڕەتا یەکێ لەو سێیە بێت ، بەڵام لە سەتەی شەشەمی کۆچیدا ناوی «ڕەباط جەلەولاء» پەیدا بووە لە «الکامل»دا (٦١٦/١٠) نووسراوە : طوغرولی سەلجووقی کە بەرەو بەغدا هات لە «ڕەباط جەلەولاء» لەشکر بەزی کرد •

پاشان وەکو «سەید عەبدالرەزاق الحەسەنی» لە کتێبی «العراق قدیما وحدیثا»دا نووسیویە ناوەکە لە بنەڕەتا «خوسرەو ئاباد» بووە ، وەکو «دەڵەت ئاباد = دیلتاوە = خالص»و «نیعمەت ئاباد = نعیمە» • ئەم ناوە کە سواوە بۆتە «خسراباد = قزرابات» بەڵام کە عوثمانی‌یەکان هاتوون و کەلاوەی «ڕەباط»ە کۆنەکەیان دیوە کە بە کەرپووچی سوور بووە ، وایان بۆ دەرکەوتووە ناوەکەی (قزراباد) لە «قزل‌رباط»ەوە هاتووە ، ناوەکەیان بە کەیفی خۆیان گۆڕیوە بە (قزل‌رباط) •

کە دەوڵەتی عیراق کەوتە گۆڕینی ئەو ناوانەی عەرەبی نین شارەبانی کردە «مقدادیە» بە ناوی کابرایێکی مقداد ناوکە گۆڕی لەوێ‌یەو (قزلرەباط) کردە (سەعدیە) بە ناوی «سەعد کوڕی وەقاص»و دیلتاوەی کرد بە خالص و بە «رازەڕوودی» بە «بەلەدڕووز»و «میهرود»ی کرد بە کەنعان •• تاد

ئەوەی ڕاستی‌بێ دەربارەی مێژووی کۆنی قزرابات (سەعدیە) بەم ناوە هیچ یادداشت‌نەکراوە ، سالی ١١٧٨ك (١٧٧٣زا) کەوتە ژێر فەرمانی «مەحموود پاشا بابان»ە• «عەزاوی» نووسیویە : مەحموود پاشا سەرداری هەرێمی قەرەداغ‌بوو ، ترسی لی‌بڕا هەڵات بەرەو بەغدا ، والی ، عومەر پاشا (قزلرەباط)ی دایێ‌و لەوێ داینا (٦/٤٧) (العراق بین احتلالین) •

سالی ١٢٠٥ك (١٧٩٠زا) ئیبراهیم پاشای بابان کە خۆی‌دابووە پاڵ دەوڵەتی ئێران ، گەڕایەوە وڵات ، وەزیر سلێمان پاشای والی ڕقی لێ‌هەستاو خستی‌یە زیندان پاشان‌بەرەڵای‌کردوو ڕێزی‌گرت‌و هێنایە بەغداو لێی‌بووردو دوستووری‌دا هەندێ لە دەس‌و پێوەندو سوارەکانی لە بەشیرو تازەخورماتووی دەوری کەرکووك نیشتەجێ‌بکرێن‌و هەندێکیشیان لە گوندەکانی قزلرەباط ــ خانەقین ــ عەلی‌ئاواو بۆ ژیانی خۆیشی تیماری خاصی کەرکووکی بۆ تەرخان‌کرا (العراق بین احتلالین ٦/١٠٩) •

سالی ١٢٢٧ك (١٨١٢زا) دووبارە ناکۆکی کەوتە نێوانی میرانی بابان

محەمەد عەلی میرزای والیی کرمانشاه لایەنگری «عەبدالرەحمان پاشا» بوو، چەند جارێ داوای لە «عبدوللا پاشا»ی والیی بەغداکرد کە عەبدالرەحمان بگێڕێتەوە سەر کورسیی فەرمانڕەوایی بابان، بەڵام عەبدوللا پاشا گوێی نەدایێ، لەبەر ئەوە محەمەد عەلی میرزا بە سپاوە جماو ڕووی کردە دەوروبەری «قزرابات»و ئەو ناوەی تالانکردو خەڵکەکەی تەرتەوەرنە کرد (العراق بین احتلالین ٦/٢٣٤) . بەڵام عەبدوللا پاشا زۆر نەمایەوە کە دەس‌و پێوەندەکانی خۆی لێی‌ڕاپەڕین‌و داوود ئەفەندی دەفتەرداریش کە خۆی دایمەزراندبوو، ئەویش دژی وەستاو خۆی دایە پاڵ ئەمیرانی بابان، کە زۆر چاك پشتیوانی‌یان لێکرد، صادق بەگی برای والیش لە بەغدا هەڵات‌و ڕای‌کرد بەرەو «قزرابات» . بەڵام پاشایان گێڕایەوە بەرەو بەغدا . پاش ماوەیێ داوود ئەفەندی دەفتەردار لە جێی ئەو کرا بە والی، بە پایەی وەزیری . (العراق ٦/٢٣٦) .

ساڵی (١٢٣٦ك ١٨٢٠ زا) میستەر ریچ بەم ناوەدا تێپەڕ بووووە نووسیویە: ڕۆژی ٢١ ئازار «شارەبان»مان بەجێ‌هێشت، پاش ماوەیێ شۆڕەوە بووین بەو پێ‌ دەشتەدا کە کوردەکان پێی ئەڵێن «دەشت» (مەبەستی نێوان چیای حەمرین‌و چیاکانی خانەقینە) لەوێ هەندێ کەوێل‌و زنج‌و قوختە هەبوون، هی کوردە«سوورە مەڕی»یەکان (واتا خێوی مەڕی سوور کە لە بەهاردا بۆ چاندنی توتن دێنە ئەم ناوەو گۆیا لەمەوبەر لەم ناوانەدا خێڵ‌و عێلی عەرەبی «خەزرەج ـ رەبیعە ـ ئەوس» هەبوون‌و بڵاوەیان لێ‌کردبوو، ئێمە لە کابرایێکی ڕێبوارمان پرسی «قزراباط» چەند لە دیالی‌یەوە (سیروان) دوورە؟! کابرا وەرامێکی سەیری دایەوەو وتی: «برچبوق ئیچمە = قلیان‌کیشن» ڕێگەکەمان بە خاکێکی شۆرەکانی قوڕەلیتەدا ڕائەبورد، بەڵام هەر دوولای ڕێگەکە دەغلی سەوز بوو، لێرەوە چاومان لە زنجیرە زورگێکی تری بوو لە پشت قزراباطەوە، کە ڕێك لەگەڵ ئەو ڕیزە زورگەی پیا هاتبووین بەرامبەر بوو . ئەم ڕیزە زورگە هی خانەقینە،

کە هەر ئەو زنجیرە زورگەو هەڵەتەیە کە لە کەرکوکەوە دەس پێ ئەکاتو تا لورستان درێژا ئەکێشێ . ئەوەی ڕاستی بێ شەوێکی خۆشمان بە کەیفەو بەزم ڕابوارد ، کە لە یەکێ لە لادێیەکانا ئاهەنگێکی ژنهێنان پەرپا کرابوو . شایییەکە دیمەنێکی زۆر سەیری هەبوو ، هەندێکیان شیربازییان ئەکرد ، هەندێکیان لەبەر شەوقی شاپلیتەدا چۆپیو هەڵپەڕکێیان ئەکرد ، خەڵکی ئەم ناوە بە تورکیو کوردی قسە ئەکەن ، فارسییش ئەزانن ، بەڵام کەس بە عەرەبی قسەی نەدەکرد . (رحلة ریچ لاپەرە ١/٢٤٨ وەرگێڕراوی بەهائەدین نووری بۆ عەرەبی) . وا دیارە پاش ئەم دەورانە بە پەنجا ساڵێ ، ئنجا پاشاکانی جاف بوون بە خاوەنی ئەم پێدەشتە کە (ریچ) پیاڕابوردووە .

شارۆلکەی سەعدییە (قزراباد) لە سەرەتادا دوو گەڕەك بووە : «چۆلەك»و «خالدی» ، دانیشتوانی گەڕەکی «خالدی» کە بە بنەچە هەموویان لە عێلەکانی «کەلوڕ»ن خۆیان بە نەتەوەی «خالید کوڕی وەلید» ئەدەنە قەڵەم .

ئەم نەخۆشییەی خۆهەڵواسین بە پیاوی ناودارو ئازادا دەمێکە بۆتە درمو پەتای کورد . لەگەڵ ئەوەشا هەموولایێ زانیویانە کە «خالیدی کوڕی وەلید» نەتەوەی بڕاوەتەوەو لە شام هەموویان بەر درمو پەتا ( طاعون ) کەوتوونو مردوونو عێلاتی کوردی «خالدی» لە بنەڕەتا هەموو پاشماوەی «کالدی»یەکانن . لە قزراباد دە مزگەوت هەیە «مزگەوتی گەورەی مەحموود پاشای جاف»و مزگەوتی خانەقای شێخ عارف .

بازاڕێکی بچووكو چەندین قوتابخانەی تێدایە . خوێندەواری بەناوبانگی تێدا نەبووە مەلاو شێخەکان خەڵکی جێگەی تر بوون : شێخ محەمەدی وانیو مەلا سەید حەکیم لە هەموویان ناسراوتر بوون ، مەلایێکی نیمچە خوێندەوایش هەبوو ناوی «شێخ مەعصووم» بوو لەگەڵ شێخێتیو

دوعا نووسین خەریك دەبوو .

شوێنەواری ئاینیو دێرینەی خانەقین :

شاری خانەقین دانیشتوانی زۆربەی كوردنو هەندێ ماڵە توركمانیشی هەیە ئەمانە پاشماوەی مغوولو قەرەقۆیونلووو ئاققۆیونلوون . شێوەی زمانی كوردی خانەقین كەلوڕییە ، خۆیان پێی ئەڵێن باجەڵانی ، ڕچی ئاینیی هەرتمەكە سوننیتیەو هەندێ شیعەشی تیایە ، خەڵقەكە عەرەبیو فارسییش ئەزانن . لە زۆر كۆنەوە خێرەومەندانو پیاوچاكان ئەم مزگەوتو قوتابخانە ئاینییانەیان دوروستكردووە :

١- مزگەوتی گەورە : وا دیارە لە سەردەمی عوثمانیدا دوروستكراوە بۆ نوێژی هەینی ، قوتابخانەیێكی ئاینیشی تێدایە ، لەمەوبەر بنەماڵەی «قەرەداغی»یەكان لەوێ ئیمامو خەطیبو مدرس بوون ، هەر لە سەردەمی ئیبن‌الخەیاطەوە تا شێخ صالح ، بەڵام شێخ مصطەفای برای شێخ صالح چووە حقوقو بوو بە مووچەخۆرو پایەی گەییە موتەصەڕیفی ( محافظة ) .

شێخ حەسەنی كوڕی شێخ صالحیش بوو بە قازی . لە پەنجاكانا مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسولی دێلێژەیی لە مزگەوتەدا ئیمامو خەطیبو مدرس بوو .

٢- مزگەوتو خانەقای نەقشەبەندی : ئەم مزگەوتە بە دوستووری شێخ عومەر ضیائەددینی نەقشەبەندی ، لە لایەن خەڵكی شارەوە بە باربوو دوروستكرا ، سەردەمێ مەلا محەمەدی جوانڕۆیی تیا ئیمامو خەطیبو مدرس بوو .

٣- مزگەوتی مەجید بەگ : ئەم مزگەوتە لە لایەن مەجید بەگی بابانەوە دوروستكراوە ، سەردەمێ مەلا محەمەدی كەوانەدۆڵی لەوێ ئیمامو خەطیبو مدرس بوو .

٤- مزگەوتی مصطەفا بەگ : لە بەگەكانی باجەڵان ، سەردەمێ ئیمامەكەی مەلا عارف بوو .

٥ـ تەکیەی شێخ فەتاح : سەردەمێ مدرس‌و ئیمامەکەی مەلا سەید حەکیم بوو •

ئەم مەلا سەید حەکیمە سالی ۱۹۳٦ مدرسی مزگەوتی گەورەی مەحموود پاشای جاف بوو لە قزرابات‌و ئیمام‌و خەطیبیش شێخ محەمەدی وانی بوو ، لەگەل ئەوەشا هەردوو لایان کورد بوون زۆر ناکۆك بوون ، پاش ماوایێ مەلا سەید حەکیم چووە خانەقین‌و لە مزگەوتەکەی خەزووری کەوتە تدریس‌و ئیمامەت‌و لە چلەکانیش‌دا ماوەیێ لە بەغدا لە مزگەوتی «حسین پاشا» لە حەیدەرخانە دەس‌بەسەربوو •

٦ـ مزگەوتی حەسەن ئەفەندی وەکو سەرداب کەوتبووە بن جسرەکەوە •

٧ـ مزگەوتی مەزرەعە •

٨ـ مزگەوتی پاشا کوپری •

٩ـ حسینیە گەورەکەی خانەقین بریتی بوو ، لە مزگەوتێك‌و ژوورێکی زۆر گەورە بۆ ڕەوضەخوانی •

١٠ـ حوسەینیەی مەزرەعە «مەلا شێخ مورادی» زۆر عەتیکە ڕەوضەخوانی بوو •

١١ـ لە پاشا کۆپری (کەنیسە) یێکیش هەبوو هی مەسیحی‌یەکان ، وا دیارە جوولەکەکانیش هەیان بوو ، بەلام ناوی تۆمارنەکراوە .• لە خانەقین وەکو زانراوە ئەم قوتابخانە دەولەتی‌یانە هەبوون :

١ـ قوتابخانەی بەرایی کوڕان •

٢ـ قوتابخانەی بەرایی کچان •

٣ـ قوتابخانەی تێکەلی (خالصە) •

٤ـ قوتابخانەی جمهوریەی بەرایی •

٥ـ قوتابخانەی ناوەنجی خانەقین بۆ کوڕان •

٦ـ قوتابخانەی ناوەنجی خانەقین بۆ کچان •

٧ـ قوتابخانەی ئامادەیی بۆ کوڕان •
٨ـ قوتابخانەی ئامادەیی بۆ کچان •

لە پاش بەیانی ١١ی ئازار ئەم قوتابخانانەیش کران بە کوردیو هەموو دەرزەکانیان تێدا بە کوردی دەگوترایەوە :

قوتابخانە سەرەتاییەکان :

١ـ گوڵاڵە ٢ـ پێشەکی ٣ـ ڕاپەڕین ٤ـ هیوا ٥ـ مەولەوی ٦ـ سەرکەوت ٧ـ فریشتە ٨ـ خەبات ٩ـ ئازادی ١٠ـ برایەتی ١١ـ یازدەی ئازار ( ناوەندەی ) •

لەپێشا باسی ئەوەشمان کرد کە بازاڕێکی گەورەو چەند سینەمای تێدابوو • هەروا لە دەوروبەری خانەقین وەکو هەموو شارەکان گۆڕخانەو گومەزی زۆر لە پیاوانی ناودار هەبوو بۆ نموونە :

١ـ مەقامی ئیمام عەباس ، وادیارە پاشماوەی دەورانی قەرەقۆیونلو بێ لە بەهاراناو لە جەژنو ڕۆژانی هەینیدا خەڵك بە هەزاران ئەچوونە زیارەتی •

٢ـ مەقامی عەلەمدار : گوایە ئاڵاهەڵگری ئیمامی عەلی بووە •

٣ـ مەقامی باوەمەحموود : لە پیرانی کاکەییە ، نزیك بە باوەپڵاوی •

٤ـ مەقامی خدرزیندە : لە ئەفسانەکانی ئایینیدا گوایە «خدر» ئاوی نەمریو جاویدانی خواردووەتەوە تا ئاخری دنیا هەر ئەمێنێو لە هەموو کونو کەلەبەرێکی کوردستاندا مەقامی هەیە • بنەماڵە دەروێشیەکان لایان وایە «رەمز»ەو سەرۆکی هەموو ئەولیایە •

٥ـ مەقامی سەید عەبدوڵلا : نزیك بەپردی بەرد •

٦ـ مەقامی ئیمام ئەحمەد : یەکێکە لە پیرەکانی کاکەیی •

٧ـ مەقام قرخلەر : پاشماوەی دەورانی قەراقۆیونلووەکانە ئەوان «یەدی قزلەر = حەوت کیژ»و «قرخلەر = چل کەس»و «اونایکی امام = دوازدە ئیمام»یان لەم ناوەدا دامەزراند •

هەروا گەلێ مەقامی تری •

بابێینە سەر باسی عێڵو خێڵاتی قەضای خانەقین :

لە کتێبی «خلاصة تاریخ کردستان»دا نووسراوە :

« بەپێی ئەو ڕوون کردنەوەیانەی حکوومەتی عیراق دەربارەی عەشایری وڵات ئامادەی کردووە ، لە قەضای خانەقیندا ٢١ عەشیرەتی کوردی تیایە هەندێ زۆر گەورەو هەندێ بچووك کە ژمارەیان ئەگاتە نزیکەی ١٦ هەزار کەس » • (لاپەڕە ؟؟ ) •

ئەمەش ناوی هەندێ لە عێڵو خێڵاتە بەناوبانگەکانە :

١ــ جاف : ئەم عێڵە گەورەیە لق و پەلی زۆرە ، لەمەو بەر سەربە قەضاکانی : خانەقین ، کفری ، هەڵەبجە بوون • ئەمڕۆ هەموو سەربە قەضای کەلارن و لەمەوبەر بە (٦٠) بڕو خێڵی گەورە دراونە قەڵەم ، ئێرە جێی ناونووسیان نییە •

٢ــ باجەڵان : لەمەوبەر لە تێوانی خانەقین و زەهاودا بوون لە سەدەکانی ٩ ــ ١٠ ــ ١١ کۆچیدا ئەمارەتی باجەڵان هەبوو •

هەندێ نووسەری وەکو «عەزاوی» ئەم عێڵەیان بە عێلاتی پاشماوەی مغوول داوەتە قەڵەم و لە وشەی «باجەڵان»دا بە هەڵەچوون گوایە «باج ئالان»ە ــ هەروا هەندێ نووسەری عەرەبی وەکو «مەحموود خەطاب» وایان داوەتە قەڵەم کە «باجەڵان» لە ناوی کابرایێکی (بوجەیل) ناوەوە هاتووە • کە هەردوو بیروباوەڕەکە هەڵەیە • ئەم عێڵە لە خانەقین و لە دەوری موصڵیش شێوەی زمانیان گۆرانییەو لە بنەڕەتا ناوەکە «بادگەڵان = پایگەلان»ە ، ئەم عێڵە گوایە پازدە خێڵ و بەرەی گەورەیە •

٣ــ سورەمەری ، ٤ــ زەرگۆش : ئەم دوعێڵە کە بەشێکی زۆریان لە دەوروبەری قزلرەباطو خانەقینی لە بنەڕەتا لە عێلاتی لەکی لەکستانی «رامهورمز»ن و گەلێ بنەماڵەیان بە شارودێی کوردستانا بڵاوبووەتەوە،لە ناو داوودە (ناوچەی طارق) لەك هەیەو لە دەوری کۆیە (لەك) هەیە •

٥ــ ئەرکەوازی : لقێکی گەورەی سەنجاوی (سەنگاوی)یە • صەدان

ساڵ لەمەوبەر بەشێکی گەورەی زەنگەنەی دەوری سەنگاو ڕەویان کردووە بۆ زەهاوو مایدەشت ، فارسەکان وەکو یاسایانە هەمیشە زۆربەی پیتی (گ) دەگۆرن بە (ج) سەنگاوی دەکەنە سەنجاوی ، زەنگان دەکەنە زەنجان گورگان دەکەنە جورجان . عێلی ئەرکەوازی وەکو زەنگەنەی ئەصلی ، کە بە بنەچە لە (زەنگان)ەوە هاتوون شێوەی زمانیان گۆرانی یە .

٦ـ زەنگەنە : گەرچی نیشتەجێ سەرەکیی زەنگەنە لە کوردستانی عیراق دا ناوچەی «قادر کەرەم»و «گوگەتەپە»ی سەنگاوەو پایتەختی فەرمانڕەوایی یان «قەیتول» بووە ، بەڵام زۆریان کەوتوونە جێگایانی تری کوردستان وەك خانەقین و دەوری مووصڵ .

٧ـ جمور : عێلکی زۆر گەورەی کۆچەری سەر بەخانەقینە لەمەوبەر تا زەهاو لە هات وچوونی خێڵەکی دا بوون ناوەکەیان لەگەڵ «جبور»ی عەرەبی پەیوەندیی نی یە ، لە وشەی «گەمور = زۆرگەڕ»ەوە هاتووە کە ئەکا متجول ، رحال .

٨ـ بەرزنجە : بنەماڵە بەرزنجەیی یەکان بە هۆی دەسەڵاتی شێخێتی و دەوڵەتەوە دەسیان گرتووە بەسەر دێهات و گوندێکی زۆردا لە مەیدان و ناوی عەشیرەتی بەرزنجەی وەرگرتووە .

٩ـ کاکایی : عێلی کاکەیی ، لە عێلە هەرە کۆن و زۆر گەورەکانی کوردە کە بە شێوەی گۆرانی دەئاخێون ، لە بنەڕەتا لە دەوروبەری باوەیادگارو بەرزنجەو کرندەوە هاتوون بەرەو خوار هەندێکیان لە «مەندەلی» هەندێ لە (خانەقین) هەندێ لە دەوری (طارق) هەندێ لە دەوری (کەلەکی یاسین ئاغا)و جێ یانی تر نیشتەجێ بوون، ئەمانە هیچ پەیوەندی یەکیان بە (عەلی ئیلاهی)یەوە نی یە . کە مێژوونووسە نەزانەکان بۆیان هەڵئەبەستن، ئەمانە پاشماوەی دینێکی کۆنی هەزاران ساڵەی کوردن ، کە (داو) پەرستی یە .

١٠ـ طائشەیی : یەکێکە لە تیرەکانی جاف .

١١ــ شەرەف‌بەیانی ، یەکێکە لە تیرە هەرە کۆنەکانی کەلوڕ ، هیچ پەیوەندی‌یەکیان لەگەڵ جاف‌نی‌یە •

١٢ــ دەلۆ : یەکێکە لە عێڵەکانی کەلوڕی کۆن ، بڵاوەیان‌کردووە بە خانەقین ــ کفری ــ سەنگاودا •

١٣ــ خالدی : لە لقەکانی کەلورە ، دامەزرێنەری گەڕەکی (خالدی)ن لە قزرابات (سەعدیە) •

١٤ــ جگە لەم عێڵە گەورانە ، وردە بەرەو عێـلی تری زۆرن وەکـو ڕۆژبیانی ، عومەربل ، زەند ••

١٥ ــ لە سەردەمی دوایی عوثمانی‌و سـەرەتای هـاتنی ئینگلیس‌دا شێخانی تاڵەبانی دەسەڵاتێکی زۆریان پەیداکردو گەلێك ئاوایی‌و جۆگە ئاویان لە دەوڵەت بە قەباڵە وەرگرت‌و بەسەر دێکان‌دا زاڵ بوون‌و نـاوی عەشیرەتی (طالەبانی)یان بەسەریا بڕی • لەناوچەی قۆرەتووەمەیدان •

ئەمانە بوون هەندێ لە عەشیرەتە کوردە بەربڵاوەکان • «عەزاوی» ناوی «قەرەئولوس»ی خستۆتە دەوری خـانەقین ئـەوەی ڕاستی بێ «قەرەئولوس»ـسەر بەمەندەلی‌یەو لە کتێبی بەندەنیجین‌دا باسـمان لێ‌یان‌کردووە •

ئەمە هەندێکە لە مێژووی کۆنی «خانەقین» بۆ شناسنامەی هەرێمـەکە یادداشت کرا •

* * *

# ناسروماڵماڵ

ئامادەکردنی : عبداللطیف عبدالمجید گلی

**« خوێنەری بەڕێز ئەمەی دەی خوێنیەوە بەشێکی‌ترە لەو کۆمەڵە فۆلکلۆرەی کە وەختی خۆی کۆڕی زانیاری کورد ، کە ئێستا لەگەڵ کۆڕی عیراق یەك خراوەو بووە بە دەستەی کورد بەیارمەتیی چەند کوردێکی دلسۆزەوە کۆی‌کردۆتەوە ، ئەم بەشە فۆلکلۆرە بە ناوی ( ناسرو ماڵماڵ)ەوەیەو لە دێی باناڵێ بە بەشداریی مامۆستا مەلا ئیسماعیل‌و حاجی عەبدوڵلا بەگ خۆی‌و چەند برادەرێکی‌تر خالە ئەحمەدی سلێمانی باناڵەیی ئەم داستانەیان لەسەر شریت تۆمار کردوون . سوپاسیان‌دەکەین » .**

دەڵێ مەزن‌و میرزاغاو مەزن بابۆمەراغا بوون ، هەرسێکیان برابوون. مەزن بابۆمەراغا بە تەنێ لە دایکێکی بووو مەزن‌و میرزاغا لە داکێکی بوون . دەڵێ مەزن‌و میرزاغایان‌و مەزن بابۆ مەراغای شەرت‌و شەرایتیان بوو ئەگە کوڕیان بوون‌و کچیان بوون بیان‌دەن بە ئێکدی . ڕەییسایەتی‌و گەورایەتیی مەزن‌و میرزاغابوون . مەزن بابۆ مەراغا چووکەی وان بوو ئەوان دەستیان بە وی هەڵنەدەگەیشت ، ئەو دەولەمەندو موقتەدیرو دەستڕۆیشتوو بوو . دەڵێ ئەو قەول‌و شەرایتەیان بوو ، ئەگە کوڕو کچیان بوون بیان‌دەن بە ئێکدی .

دەڵێ مەزن بابۆ مەراغای هەتیوێکی لە ماڵێدا بوو ئێوی تەمر بوو ، تەمرە کەچەڵیان پێ دەگوت . مەیتەری بوو ، ولاغی بۆ ڕەنەك دەکردن‌و کاو جۆی دەدانێ‌و خزمەتی دەکردن‌و ئاوی دەدان . شەوێکی خەونی دی . شەوێکی خەونی دی ، لە خەوێ‌دا کەرێکی لێ‌هاتبوو . دەڵێ هەڵستا گوتی ، دەچم بۆ کن مەلای بۆم تەماشای تەعبیرێ کا مەعنای خەوێم بۆ

لێوەدا • دەڵێ چۆ کن مەلای گوتی ، مەلا خەوتێکی وام دیوەو بـۆم تەماشای تەعبیرێ کە مەلای گـوتی ، بەڵێ بۆ ژنێکیـت گیراوەتەوە لـە چاوی بردووی ، لاقێکت شـەل دەبیو تێوت دەکەویتێ تەمری لەنگ • پادشای ئێرانێ دەمری‌و بە ڕمڵ‌و ئوسترلاب تەماشایان کردودە ئەتوو دەبـی بۆ پادشایەتی‌یەو قەت سێ ڕۆژی دی پێ‌ناچی دەتبەن بۆ پادشایەتی‌یە دەتکەن بە پادشا • خەوتێکی زۆر چاکە •

دەڵێ ئەگەر تەمرە کەچەلی وای‌زانی ، هاتەوە نە خۆی دە ولاّغەبەرزان گەیاندێ نە ئاوی‌دان نە کاو جۆی دەبەرکردن ، هیچی لـەگەل نـەکردن• ڕۆیشت بۆ دەشتێکی دەشتێ وەکو بانالێ ، دەستی بە واتێکی کرد ، کشپل‌و قاپوە جـەوت‌و بەڕووو مـەڕووی خڕکردنەوەو ڕیزڕیزی‌کردن‌و وەکـو جادەو خەیابانان ڕازاندیانەوەو شولکێکی بە دەستەوە گرت‌و لە تێویان دا وەکو قوماندادی ئەسکەری دەستی بە تەعلیم‌دانێ کردن •
تێی‌ڕادەخوڕین‌و دە تێویان‌دا دەهات‌و دەچوو بەوی دەگوت بیگرەو بـە وی دەگوت بەری‌دەو بە وی دەگوت جەپسی کەو ئەوا وەکو تەعلیماتی ئەسکەری دەکرد .•

دەڵێ وەختێکی مـەزن بابۆمەراغا لە دیوەخانی ئەگە هاتەوە ماڵێ ولاّغە بەرزان هەر زورکەیان بوو لە برسان لە تینوان • لێی پرسین منداڵینە ئەوە تەمرە کەچەڵ لە کوێ‌یە ؟ ولاّغان هەر زورکەیانە لە برسان‌و لە تینوان • گوتیان ، بە لێ تەمرە کەچەڵ وەکو شێت بووبێ هەڕۆ لە فلاّنجێی تەماشاکە داخوا چ دەکا ؟

دەڵێ ، مەزن بابۆمەراغا ڕۆیشت ئەگە تەماشای کرد سەری پێوەنا ، ئەوە ئەو مەشق‌و تەعلیمەی دەکا وەکو تەعلیماتی ئەسکەری ، شولکێکی بە دەستەوە گرتووەو تەماشا دەکاو لە تێویان‌دا دێت‌و دەچی • دەڵێ مەزن بابۆ مەراغای گۆت ، تەمرە کەچەڵ ئەوە چ دەکەی ئەو ولاّغە هەموو برسین‌و

هەموو تینووتو مردن لە برسانو لە تینوان ئەوە چ دەکەی ؟

گوتی ، برۆ بە ڕێیە خۆتەوە سەگبباب ، ئەمن بووم بە پادشاو ئەوە حوکمڕانی‌یە خۆم دەکەمو ئەوە تەعلیماتی ئەسکەرو عەساکیری خۆم دەدەمو ، ئیستێ ئەتۆ برۆ بەڕێیە خۆتدا . ئەمن بوومە پادشاو حوکمڕانی‌یە خۆم دەکەم .

جا دەڵێ ، گوتی بە لێ ، مەزن بابۆمەراغا پیاوێکێ تێگەیشتوو بوو گوتی ، بەڵێ تەمرەکەچەڵ دەی ئیشی بکە ئەمن دەچم بە یەکی دیکەیان خزمەتی دەکەمو ئاویان دەدەم . دەڵێ ڕۆیشتەوە بۆ لای ماڵێو قەت سێ ڕۆژی پێ‌نەچوون تەماشای کرد پادشای ئێرانێ مرد ، تەماشای ڕمڵو ئوسترلابیان کرد بەڵێ کێ دەبێ کێ نابێ بۆ پادشایەتی‌یە ، تەمر هەیە لە وڵاتی گاگەشی ، تەمرە کەچەلی پێ دەڵێن ، ئەو دەبێ بۆ پادشایەتی‌یە .

دەڵێ ، حەرزت دەکەم ئەسکەرو تۆپو عەساکیرو ئەوا ئەسکەرو جبەخانەو ، هەڵیانگرتو هۆردووو بارەگایان پێچایەوەو هاتن بۆ وڵاتی گاگەش بابۆمەری . دەڵێ ، لەوێ پرسی‌یان ، بەڵێ هۆردووو بارەگای خۆیان لەوێ بە عەرزێدا داو تەعقیباتیان کرد بەڵێ ، تەمر هەیە ناوتەمر لێرەکانە ، لە وڵاتی گاگەشی ، گوتیان دەیکەین بە پادشا بە دووی‌دا هاتووین ؟

گوتیان نە وەڵلا هیچ کەسی وای لێ‌نی‌یە قابیلێ پادشایەتی‌یەی هەبێ . بەس تەمرە کەچەڵێک هەیە مەیتەری مەزن بابۆمەراغایە ، دەنا کەسی دی شك نابەین لە وڵاتی‌دا . گوتی ، بۆم بانگ کەن هەوە . دەڵێ وەختێکی بانگیان کرد تەماشایان کرد گوتیان بەڵێ ، ئەوە هەوە .

دەڵێ ، هێنایان ناردیانە حەمامێ ، حەمام لەمی‌یان کرد ، پوختو خاوێن شتیان ، جلی پادشایانەیان لەبەرکرد ، تانجو تۆمارو ڕوتبەی پادشایانەیان لەسەر شانان قایم کرد ، کردیان بە پادشا . بە پادشایان قبووڵکردو دەڵێ ،

وەختێکی ئەگە وای زانی بانگی مەزن بابۆمەراغای‌و مەزن‌و میرزاغای کرد گوتی ، مەزن‌و میرزاغا ، ئەمن ئەوا دەڕۆم ، بـووم بە پادشا • دادەنیشم • ئێستێکەش ئەوەم کردە ژێر دەستی مەزن بابۆمەراغای • کردمنە ژێردەستی وی ، حوکمم لە دەست وە دەرێنا ، ئەوم کردبـە ڕەییس‌و گەورەی وە • ئێستێش ئەمن ئەوە دەڕۆم ، بە قەراری قەتعی بێ ئەمرو ئیتاعەی بکەن‌و لە قسێی دەرچن ، تالاوێ‌و بە گەروێ‌دا دەکەم‌و ساف لە ساف تالانو دەکەم • ئەمری پادشاش ڕەوایە ، هیچ دەستەلات نەمان • گوتیان ، بە لێ قوربان ، ئەمرت ڕەوایە ، چۆتێکی دەلێن وا دەکەین •

دەلێ ، ئەو ڕۆیی بـۆ پادشایەتی‌یە بە پادشایەتی‌یە خۆی گەیشت ، لەسەر تەختی دانیشت تەختی پادشایەتی‌یەو بێ‌بنە سەرەوکاری ئی مـەزن بابۆمەراغای •برایەکی خەراپ بوو ، چونکە زڕ بوو دەلێ ، زۆری غـەدر لێ‌کردن‌و ئەگەر کەرێک بتوپیایە بە وانی دەرداویشت‌و غەدرو غدوورێکی زۆری لێ‌دەکردن‌و خـەرج‌و باج‌و واتێکیکی ئـی حوکمەتی بهـاتایە ، حیساباتێکی ئاوەدانی بهاتایە ، ئیدی تەکلیفاتی لەوان بوو • لێی دەستاندن‌و زۆر مەغدووری کردن ، فەقیری کردن ، ڕەزیلی کردن ، بە چاوی غەرەزیە تەماشای دەکردن • لە پەڕوی کردن •

دەلێ ، مەزن بابۆمەراغاش دوو کچی هەبوون ، نازو نازداریان پێ دەگوتن • مەزن‌و میرزاغایانیش یەکی کوڕێکیان هەبوو ، ناسرو ماڵ‌ماڵیان پێ دەگوتن • دەلێ ، ئەگەر کچی دە مەزن بابۆمەراغای بوونە گەورە کچ زل بوون عازەب بوون زۆر جوان بـوون ، ناسرو ماڵ‌ماڵیش ئەوا بوونە جحێلی سونعی چواردە سالـە دە خۆیان ڕاخوڕی‌و ، پاش قـولێ خۆیان ئەنگاوت ، جحێلێکی دە زۆر قۆزو تەواو بوون • دەلێ وەختێکی ناسری بە ماڵ‌مالی گوت گوتی ، ئامۆزا ماڵ‌ماڵ ، ئێستێ ئەمە ئاوا بە حیزی‌گەری دانیشین لە ولاتی گاگەش بابۆمەری ئەمن پێم قبوول ناکرێ • دەبێ شەش

حەوت نایبو وەزیرو پیاو ماقوولان بنێرین بۆ کن مەزن بابۆمەراغای خڕوەکەیەوە . ئەگەر بێتو نازو نازدارانمان بداتێ ، ئێمە ئەمە قەولمان بووە . قەولو شەرایتیان بووە بابی دەمێ ئەگە کوڕو کچیان بوون بیاندەنە یەکدری . ئەگە لە سەر قەولێ خۆی مابێو بمانداتێ ، نازو نازداذان هەرچۆنێکی بێ بە خزمایەتی لەگەڵی ڕادەبوێرین . دەچین خزمەتی دەکەین ، لە دیوەخانی پێی هەلدەوەستین ، یەك دەبین بە قەڵنەداری ، یەك دەبین بە عەباهەڵگری ، خزمەتی دەکەین . پێی عەیب نیبە لەگەڵی ڕادەبوێرین . ئەگە نەشماندانێ نازونازداران ، بە خوا ئەمن ئاوا دانانیشم بە حیزی گەرییە . بۆ پیاوان ئەوە نانی قوونێیەو بۆ مە تامی تێدا نیبە . دەڕۆمە خوارێ حەوت فرسەق وەبەر بەغدایە دەکەوم ، بەند نابم تا غارێ دێوی سپییە .

جا دەڵێ ماڵماڵی گوت ، باوکەکەم قسێ خۆم خەسار ناکەم . ئەو خۆ بە ڕەفیقو هاوشانی مە نازانی . ئێستێکە ئەو لەسەر هەوایەکیەو ڕەییسو گەورەی مەملەکەتی وڵاتی گاگەش بابۆمەرییەو ئەمە بێ دەستو فەقیرو نەدارینو بێ دەستی کردووینو ، ئێستێش کچان نادا بە مە . گاڵتان نەبێ پێمان ناکا .

گوتی دەبی هەر بنێرین . جا ئەوجا بێ حەلاج بوو ماڵماڵ . هەڵستا وێکەوت بە خزمانو دۆستو برادەری خڕکردنەوە .

جا کاکە ناسرم دەڵێتەوە بە کاکە ماڵماڵییە .

دەکو سەرێکە کاکی خۆت بێتەوە بە غولامو خزمەتکاری دەسەرییە .

ئەتۆلە بۆ من خڕوەکەوە شەش حەوت نایبو وەزەڕاو کەیخوداو ڕیجاڵو ڕدێنسپییە .

بۆم بنێرەوە سەر بەرێ مەزن بابۆمەراغای بە نیەتی خازینییە .

ئەگەر بێتو بمان داتێ نازو نازداری دەچاو سێبەنگییە .

یەکمان دەبین بە قەنەدارو یەك بە حەبا هەڵگری‌یە ٠

ئەگە بێت‌و نەمان‌داتێ بە خودای ئەمن بە دڵی خۆم دانانیشمەوە لە وڵاتی گاگەش بابۆمەری‌یە ٠

بۆ پیاوان ئەوە نانی قوونی‌یەو تامی تێ‌دا نی‌یە ٠

دەرۆمەوە خوارێ وڵاتی بەغدایەو بەند نابم هەتا غارێ دێوی سپی‌یە ٠

جا دەڵێ کاکە ماڵ‌مالیم هەڵدەستا خڕی‌دەکردنەوە شەش حەوت نایب‌و وەزەراو ڕیجاڵ‌و ڕدێن‌سپی‌یە ٠

دەیناردنەوە سەر بەژێ مەزن بابۆمەراغای ، دەڵێ سەلامێکیان دەکردەوە لە مەزن بابۆمەراغای ودەڵێ مەزن بابۆمەراغای سەلامی دەستاندنەوەو دەیگوت دەگ ڕەببی بەخێرێن کەیخوداو ڕیجاڵ‌و خزمینەو ڕدێن‌سپی‌یە ٠ بەڵان ئەمن نازانم وا بە جەمعیەت‌و بە کۆمەگ‌و ئیشێك کارێك‌و فرمانێك‌و بە من‌چی‌یەوچ نی‌یە ؟

کەیخوداو ڕیجاڵ‌و برادەران دەگوت ، قوربان ئەمە فرستادەین‌و لە تەرەفی ناسرو ماڵ‌مالی دە برازات‌و ناردوویانین بۆ خزمەت تۆ ئەگەر بیانکەی بە کوڕی خۆت‌و بیاندەیەی نازونازداران‌و یەکت‌بێ بە قەڵنەدارو یەك بە حەبا هەڵگری‌یە ٠

مەزن بابۆمەراغام دەگۆت کوڕینە برادەرینەو کەیخوداو ڕیجاڵ‌و ڕدێن‌سپی‌یە ٠

بەخێرێن سەرچاوی دەوی‌یە ٠

ئەمن چۆن نازو نازداران دەدەمەوە بە ناسرو ماڵ‌مالی دەکوێستانی‌یە ؟

دوێنەکە دەمدین دایکۆڵەکەیان خێوەت بە خێوەت‌و ڕەشماڵ بە ڕەشماڵ‌و هۆبە بە هۆبە ماڵ بە ماڵ پێوەدەگەڕان‌و هیچ کەس نیوەقاپی نەدەدانێ بە قەرزی‌یە ٠

ئەمن قەتەدارو حەبا هەلگرو دەستو پێوەندم یەکجار زۆرەو موحتاجیم بە وان نی‌یە.

بەڵام ئەمن چاکەو ئەنعامێکو پیاوەتی‌یەکیان لەگەڵ دەکەمو لەبۆیان وەردەگرمەوەو دەیاندەمێ شوانو گاوانی‌یە وڵاتی گاگەش بابۆمەری‌یە .

بابەکەیان بە ڕۆژ دەست دەنەوە گۆچانانو بچنەوە بەر گارانو مەڕی‌یە .

دایکۆلەکەشیان ئێوارەو سبحەینان وەچنەوە باوەش باوەشی دەنانی‌یە .

دەڵێ ئەوان پیاوان و یەکە یەکە کەیخوداو ڕیجاڵو ڕدێن‌سپیان بە قوونێ خۆیان‌دا دەداوە دەڕۆیشتنەوە بۆ کن ناسرو ماڵ‌ماڵانو پێ‌یان دەگوتن دەگ ڕەببی مالوخەرا بێ ناسروماڵ مالینە ، ئەگەر حەیاو بە خۆ نی‌یە بۆ چو شەرم بە خەڵقیش نی‌یە .

جا دەڵێ ئەگەر کاکە ناسریم وای دەزانی‌یە .

دەیگوت شەرت بێ بە شەرتی دەخوای ئەمن لێرە نەمێنمەوە ، بڕۆمە خوارێ بۆ وڵاتی غەریبیلیەتیو گەرمێنی دەگەرمەسێری‌یە .

ئەمن لێرەکانە دانانیشمەوە بۆ ژان ڕاکێشی‌یەو غەدرو غدووری مەزن بابۆمەراغای بە گەڕی‌یە .

هەڵدەستا دەچۆوە ماڵێو ڕووی دەکردە ئەو خێوەتو هۆدەی خۆی خسووسی‌یە .

دەیهێنانە دەرێ جلو ئەلبیسەی جەنگی‌یە ، لەگەڵ سیلاحی جەنگی‌یە .

لە پێی خۆی هەڵدەکێشاوە چەکمێکی لەوی دەمووسلی‌یە .

لەبەر خۆی دەکردن کولەجەو پانتۆلێکی لەوی دە ڕجێ‌بابی‌یە .

بە بەر خۆی ڕۆدەکردەوە خەنجەرێکی لەوی دەیێرۆبی‌یە .

بە دەستی‌وە دەگرتەوە ڕمبێـــکی لەوی دە هـــەژدە تەقی‌و هەرامـــە دار حەیزەرانی‌یە •
لە قەدەکەی خۆی حەمایل دەکردەوە شیرێکی لەوم دە قەرەمیسری‌یە•
لەسەری خۆی دەنانەوە کلاوو زرێ‌یەکی لەوی دە داودی‌یە •
لەسەری خۆی دەدانەوە سی‌و دوو پەڕی لەوی دە تاوسی‌یە •
ئەو جارەکە دەچۆوە ڕووی دەکردە تەویلەو تەویلەخانی‌یە •
دەری دەهینایەوە بۆرێکی لەوی دە گردەکی‌یە •
لە پشتیی دەکوتـــاوە زینێکی مورەســـەع‌و لـــەزاری دەکوتاوە دانە لغاوێکی لەوی دەمرواری‌یە •
بە تەنیشتانی‌دا بەردەدانەوە جووتێك ئاوزەنگی لەوی دەکانی گوێزی‌یە،
لێی سواردەبۆوە لە بۆری گردەکی‌یە •
لە خۆی حەمایل دەکردن‌و لە خۆی دەدان چەك‌و ئەسلەحەو سلاحی جەنگی‌یە •
لێی سواردەبۆوە لە بۆری گردەکی‌یە •
ملی پێوەدەنا بەرەو گەرمێن‌و گەرمێن دەگەرمەسێری‌یە •
بە پێش دەرکێ مەزن بابۆمەراغای‌دا هەلی‌دەگرتەوە تەقلـــەو جلیت‌و ڕمبازی‌یە •
مەزن بابۆمەراغای ئەمیەتی وێ نەدەداوە هەدیەکی نەدەکردو کـــاکە ناسرم تێ‌دەپەڕی بەرەو گەرمێنی دەگەرمێنی‌یە •
دەلێ خەبەریان دەبردەوە بۆ ئامۆزا مال‌مالی‌یە •
دەیانگوت کوڕە مالت خەرابێ کاکە مال‌مالی ، ئامۆزا ناسر ڕۆیشتەوە عاجز بووەو ڕۆیوە بۆ گەرمێنی دەگەرمەسێرو کوڕە مال خەراب پشتی کردی خالی‌یە •

جا دەلێ کاکە ماڵمالیم ڕای‌دەکرد بە سەری قوتێن‌و بە پێ‌خواسی‌یە .
ئەوە ڕای‌دەکردو خۆی دەگەیاندە ئامۆزا ناسری‌یە .

وەپێشی ناسری دەگەڕاوە دەیگوت کوڕە ماڵ خەراب ئامۆزا ناسر ئەوە کاری کردنێ نی‌یە ، کوڕە ئەتۆ چۆنت زمان فتوایە دەداو دڵت بڕوایە دەدات‌و بەجێ‌بێلیەوە نازو نازداری دەچاو سێ‌بەنگی‌یە .

کوڕە ماڵ‌خەراب ئەوە کاکە ناسریم دەگوتەو بە کاکە ماڵمالی‌یە .
دەیگوت کوڕە ماڵ خەراب، بۆ پیاوان ئەمن دانانیشم بە حیزی گەری‌یە.
بە خودای ئەو نانی قوونی‌یەو تامی تێ‌دا نی‌یە .

ئەگەر ئەتۆ زۆرت پێ‌خۆشە هەڕۆ دانیشە . بە خودای ئەمن بەند نابم دەرۆمە خوارێ بە وڵاتی گەرمێنان‌و غەریبیایەتی‌یە تا غارێ دێوی سپی‌یە .
ئەوە کاکە ماڵمالیم دەگوتەوە بە کاکە ناسری‌یە .

دەکو سەرێکە کاکی خۆت ببێتەوە بە غوڵام‌و خزمەتکاری دەسەری‌یە.

کوڕە ماڵ‌خەراب ئەمن سبحەینێ زوو لە خەوێ هەڵدەستام‌و دەچوومەوە سەرکانیلەکێ پیرە خومارۆیە ، هەڵم‌دەگرتەوە دەست‌نوێژێکی مبارەک‌و دەمکردەوە دوو ڕکعات سوننەت‌و لەگەڵ دوو دەفەرزی‌یە .

ئەوە تەماشام کرد لە ژێللا هەورێکی ڕەشی پێوەدەناوە ، لە لایەکی دەباری بارانەو تەرزە بە باوە .

ئەوی باو بارانەم لە قەرە ڕەشماڵێ مەزن بابۆمەراغای دەداوە .
لایەکی لێ دەخستە عەرزی‌و لای دیکەی بە حەواوە ڕادەوەستاوە .

ئەوە لێی دەردەپەڕین نازو نازداری دەچاو سێ‌بەنگی‌و بڕۆ بە کوڵاوە.
هەر سینگێکی دەیگەیشتنێ ڕۆیان دەپەلۆسی‌و ڕۆیان دەکوتاوە .
بەڵاَن نەیان‌دەزانی کیهە سینگە هەڵکشاوە .

کوڕە ماڵخەراب لە دەنگی تۆق‌و تەلەسم‌و بــازن‌و بەرو بەرمــوورو خڕخاڵەو گواران ، ڕەو لە مەڕی مەزن‌بابۆمەراغــای دەکەوت‌و بە حــەوت شوانی دە وەکو حەمەکەرەی بۆیان نەدەگەڕاوە •

ئەوە کوڕە چۆنت زمان فتوایە دەداو دڵت بڕوایە دەدا بەجێ‌بێلیــەوە نازو نازداری دەچاو سێ‌بەنگێ‌و برۆ بە کولاوە •

ئەوە کاکە ناسریم دەگوت بە خودای ئەمن ناگەڕێمەوە ، ئەگەر ئەتوو هێندەت پێ خۆشەو ناڕۆی بەم‌لا ، هەڕۆ لە کنیان دانیشەو ئەمنیش خــودا حافیزو ماڵاوا •

ئەوجارەکە ئەگەر زانی بۆی ناگەڕێتەوە ، دەیگوت کوڕە ماڵخەراب لەگەڵم وەگەڕێ ، ئەتۆ نازانی ئەمنیش هەتا خۆ حــازردەکەم‌و هەرتکمــان دەڕۆینە خوارێ بە جووتە سوارە • ئەتۆ بۆت مەعلووم نی‌یەو نازانی ئەگە لە وڵاتی گەرمێنان‌و غەریبیایەتی‌یە تاقە سوارەی هیچ گەردو حورمەتێکی نی‌یــە •

جا دەڵێ ئەوجارەکە کاکە ناسرم بە قســێی دەگەڕاوە • ئەوجــار کاکە ماڵ‌ماڵم دەڕۆییەوە بۆلای ماڵێ خۆی‌و خۆی حازردەکردو ئەوە لەپێی خۆی هەڵدەکێشان چەکمێکی لەوی دەمووسڵی‌یە •

لەبەر خۆی دەکردنەوە کوڵەجەو پانتۆلێکی دەڕیش‌باو دەمەقۆپانی‌یە•

لە قەدی خۆی حەمایــڵ‌و دەکرد شــیرێکی لەوی دەقــەرە میسری‌و تۆپ‌ڕەشی‌یە •

بەبەر خۆی ڕۆ دەکردەوە خەنجەرێکی لەوی دەتێرۆیی‌یە •
بە دەستیەوە دەگرتەوە شیرێکی لەوی دە قەرەمیسری‌یە •
لەسەری خۆی دەنانەوە کولاوو زرێ‌یەکی لەوی دەداودی‌یە •
لەسەری خۆی دەدانەوە سی‌و دوو پەڕی لەوی دەتاوسی‌یە •

ئەوجا ڕووی دەکردە دەتەویلەو تەویلەخانی یە •
دەری دەهێنا بورێکی لەوی دەگردەکی یە •

لە پشتێ دەکوتاوە زینێکی مورەسەع و لە زاری دەکوتا دانە لغاوێکی لەوی دەمرواری یە •

بە تەنیشتانی دا بەردەدانەوە جووتێك ئاوزەنگی لەوی دەکانی گوێزی یە •
دەڵێ جا ئەویش لێی سواردەبۆوە لە بۆری گردەکی یە •

کاکە ناسریم گوێی لێ دەبووو نازو نازدار خەبەردار دەبوون ئەگەر ئامۆزا ماڵماڵ و ئامۆزا ناسر حاجزبوون و دەڕۆنەوە بۆ گەرمێنی دەگەرمی یە •
ئەوە نازداریم دەگوتەوە بە نازی خوشکی یە •
کوڕە ماڵخەراب ئەمن بیستوومە ئەوەتا ناسرو ماڵماڵ ئەوە دەڕۆنەوە بۆ گەرمێنی دەگەرمی یە •

دەترسم بیکەنە کە خیرەتی و نا هومێدی یە •
خوا حافیزەمان لێ نەخوازن و گەردنێ خۆمان پێ ئازانەکەن و دنیا سەد مردن و ژینەو لە یەکدری ببینەوە دیدارئاخرەتی یە •

کاکە ناسریم گوێی لە گفتوگۆیە نازو نازداران دەبوو ، دەیگوت هەی لە کاکە ماڵماڵی یە •
دەکو سەرێکە کاکی خۆت ببینەوە بە غولام و خزمەتکاری دەسەری یە •
کوڕە ماڵخەراب با نەیکەینە کەم خیرەتی و ناهومێدی یە •
لێی سواربین لە بۆری دەگردەکی یە •
بە پێش دەرکێ مەزن بابۆمەراغای دا هەڵگرینەوە غارو تەقڵەو جلیت و ڕمبازی یە •

بە چاوو بە زبان نازو نازداران ، ئەوە خۆیان هاویشتۆتەوە سەر پانکۆڵەی دەچیغی یە •

بە چاوو زبان ئیشارەتیان بکەین بۆ سەر کانیلەکێ مەلەك ڕێزانێو
لەوێ بۆ یەکدی سوێندخۆر بین‌و گەردنێ خۆ بە یەکدی ئازابکەین‌و
ئەوێکی ئەیەینەوە لەوێ سەفەرێو دنیا سەد مردن‌و ژینەو لە یەکدی ببینەوە
دیدارئاخرەتی‌یە •

کاکە ماڵمالیم هەلدەستاو لێی سوار دەبوونەوە ، کاکە ناسریم دەیگوت
بە خودای ئەمن هەلناگرمەوە غار بە پێش دەرکێ مەزن بابۆمەراغای‌دا ، دەڵێ
بە تاقە سوارە ئەمن هەلم‌دەگرتەوە غارو بابۆمەراغای هەدیەکی نەدەکردم‌و
ئەمن تاقەتێ ڕمبازیەم نی‌یە •

ئەوە کاکە ماڵمالیم دەگەتەوە دەیاللا لە کاکە ناسری‌یە •
دەکو سەرێکە کاکی خۆت ببێتەوە بە غۆلام‌و خزمەتکاری دەسەری‌یە•
ئەتوو نازانی‌و بۆت مەعلووم نەبووە ئەگە تاقە سوارەی گەردی نی‌یە•
هەلستە ئەمە بە جووتە سوارە لێی سواردەبینەوە بۆری دەگردەکی‌یە•
بە پێش دەرکێ مەزن بابۆمەراغای‌و هەرکەسێکی هەدیەت لێ‌دەکا بە
خودای بۆت دادێنمەوە بە قەبزەی شیری چیغ‌و چادرو ڕەشمالی مەزن
بابۆمەری‌یە •

ئەوە نازو نازدارانیش خۆیان هاویشتۆتەوە لە دوو نهووم‌و
سێ نهوومی‌یە •
خۆیان هاویشتۆتەوە سەر پانکۆلەی دە چیغان‌و ئەوە تەماشا ناسرو
ماڵمالان دەکەن ، ناسرو ماڵمال بە پێش دەرکێ مەزن بابۆمەراغای‌دا
هەلیان‌دەگرتەوە غارو تەقلەو جلیت‌و ڕمبازی‌یە •

ئەوە بە چاوو بە دەست نازو نازداریان ئیشارەت دەکردن‌و هەر بۆ
سەرکانیلەکێ مەلەك‌ڕێزانی‌یە •
دەڵێ ناسرو ماڵمال لەسەر کانیلەکێ پیرەخومارۆیە لێی‌دا دەبەزین لە
وان ولاغی دەبۆری گردەکی‌یە •

لێی‌دا دەنیشتن لەسەر کانیلەکێ پیرەخومارۆیەو ئەوجا نازو نازداران بێ پێنوێ سەراوێ هەریەکە دەستیان‌دەداوە مەسینەو ئافتاوی لەوی دەزیوی‌یە •

دەلێ ، سەبر ، نەرم ئەوا بە لەنجەو لار دەڕۆینەوە بۆ سەر کانیلەکێ پیرە خومارۆیەو سەلامێکیان دەکردەوە لە مال‌مالۆ ناسران ، ئەوە عەلەیکیان وێ‌دەدان‌و دەیانگوت وەك ڕەبی بە خێرێن ئامۆزا نازو نازداران سەرچاوی دەوی‌یە •

دەلێ چوار بە چوار لەوێ دادەنیشتن لەسەر کانیلەکێ پیرە مەلەك ڕێزانێ‌و خومارۆیەو دەستیان‌دەکردەوە بە سەیرو سوحبەت‌و قومارو قەشمەری‌و بە چەنگ‌بازی‌یە •

سەتی سەد ماچانیان دەهێنایە سەر تاقە فلسێکی ئەگەر هیچ حورمەتێك‌و ئەمینەتێکی لەبۆ نی‌یە •

دەلێ تا بەینێکی ڕایان‌دەبوارد بە سەیرو سوحبەت‌و قومارو چەنگ‌بازی‌یە •

پاشی بەینەودوا بۆ یەکدریان دادەناوە قورئانێکی لەوی دەسی‌جزمی‌یە •

چوار بە چوار هەرچواران دەستیان بە قورئانێ دادەدا بۆ یەکدی سوێندخۆر دەبوون‌و نازونازداران دەگوت ئا حەوت سالی دی مێرد لە وان حەرام بێ ، پاشی ئامۆزا ناسرو مال‌مال یە •

ئەوە ناسرو مال‌مالانیش بۆ وان سوێندخۆردەبوون‌و سوێندیان دەخوارد بە ئەجەلی حەوت سالان ژن لەوان حەرام بێ لە پاشی نازو نازداری دە ئامۆزا و چاو سێ‌بەنگی‌یە •

دەلێ جا نازو نازدار هەلدەستنەوە بە دلێکی بە غەمگین‌و بە چاوێکی بە فرمێسك‌و بەرەومال دەگەڕانەوە •

ئەوە کاکە ناسرو ماڵماڵ ئەوجار لێی سوارە دەبوونـەوە لە وڵاغی خۆیانو لە وڵاغی دە بۆری گردەکی یە .

جا عەرزت دەکەم دەڵێ ئەوجارەکە ڕۆیشتن داخیل بە دووڕیاتێـکی بوون ، لە ڕێ یەکەی دا ڕاوەستانو جڵەوێ وڵاغیان هەڵەنگاوت. نـاسری گوت ئامۆزا ماڵماڵ ، خۆ ئەمە نەشارەزاین ، ئـەو ڕێ یە دەبێ لەبۆ کوێ بچێو ئەو ڕێ یە دەبێ لەبۆ کوێ بچێ ؟ دەبێ ئەو ڕێ یە بەغدا بێ یان ئەوە؟

دەڵێ لەو مچۆمچۆیەی دا بوون ، کاروانێك لە ژێللا هات ، بانگـی قافلەبا شی یان کرد گوتیان ئەی قافلەباشی ئەی برادەر ، ئەم دووڕێ یە بـۆ کوێ دەچن ؟ گوتیان بەڵێ ئەم دووڕێ یە هەرتکیان بۆ بەغدایە دەچن .

بەڵا ئەمە سەڵتە ڕێ یە ئەوە چەتەو گۆرانی پێوەن ، چل پەنجا جەردەو گۆرانی پێوە ، ئەو ڕێ یە قەتع بووە بەیێکە ، چەند مانگێکە قەتع بـووە کەس ناوێری بەوێ دا بچێ . باڵدار بچێ باڵی دەوەرێنن ، ناڵدار بچێ باڵی دەوەرێنن ، کەس عووری نی یە بەوێ دا بچێ . بە سێ ڕۆژان بۆ بەغدایە بەو سەڵتە ڕێ یەی دا نیزیکترە ، بەڵا کەس عوور ناکا بەوێ دا بچێ .

ئەو ڕێ یەش حەوت قۆنـاغە ئەوە سێ قۆناغـە . ئەوە ڕێ یە قەتارو نەهارو قافلە باشی یەو هەچ کەسێکی پێی دا گیلانو گێدان .

ئاخێری ناسری گوت با بڕۆین بە ڕێ یە ئێ چەتەو گۆرانەکان دا . جـا ئەمە ئەگەر بە ڕۆستی چل پەنجا چەتەو گۆرانی نی بن ، بە گەڵو کونگێکی خاوێن ئەمە وڵاتی خۆمانو مەملەکەتی خۆمان دەستێنینەوە ! یاڵلا هەڵگرە غار .

دەڵێ هەڵیانگرتە غار عەرزت دەکەم ، ڕوویان دەو ڕێبازەی ئەگـە چەتەو گۆرانەکەو پیاو خەراپەکەی پێوەن دەڵێ ڕۆیشتن هەتا نیزیك بـە قەمچێ چەتەو گۆرانەکان بوون ئەگەر ئەو چەتەو گۆرانی پێوەن .

دەڵێ وەختێکی سەر تەریدەباشی لێی پرسین ، سەرتەریدەباشی بانگی نۆکەرێکیدا پێی گوت ئەی نۆکەر دابڕۆ ئەم باسکەی بڕوانە داخوا لەو مەوقیعەی کاروانێک ، ڕێبوارێک ، سەڵتێک ، سپادێک ، هیچ کەس پەیدانەبووە ، دیارنیە • ئەمە چەند وەختێکە لێرە دانیشتووین هیچمان دەستنەکەوتوە ، هیچ دەستکەوتێکمان نییە •

دەڵێ پیاوی سەرتەریدەباشی ئەگەر ڕۆیی تەماشای کرد لە مەوقیعێکی، ئەو جووتە سوارێك دێن جووتە سوارێکی زۆر بۆشناغ ، دێن زۆر بە توندیو بە جەڵدی ، سواری دە وایان کەم دیونو نەبوونو نین • ئەوەندە جووتە سوارێکی قۆزو لاوچاك • دەڵێ وەختێکی ئەگەر ئەو خەبەرەی چۆوە بە سەرتەریدەباشی گوت ، گوتی ، قوربان جووتە سوارێك هاتن لەولاوە ، جووتە سواری پیاوی دە هەواو نەدیون • ئەگەر بێتو پێمان ڕووت بکرێن ئیدی غەنیمەتێکی زۆریان پێیە • وڵاغو ئەسپایاتو سیلاحی جەنگیان زۆر پێیە ، بەشی مەیان پێیە •

گوتی ، بڕۆ سەگی سەگباب ئەتوو هەر ئیوا کەم خیرەتو کەلەزراوی ، جا ئەمە ئەمن بە خۆو بە چل پەنجا کەسی ئەگەر دوو سوارم پێ ڕووتنەکرێن ئەمە لێرەکانە چدەکەم ؟ دەڵێ خۆشیان هەڵستان لێیان چۆ سەر ڕێبازی ، سەر ڕێبازی لێ گرتنو ڕمبی لەسەر ڕێبازی چەقاندو سینگی هاویشتە سەر ڕمبی هەژدە قەفییە •

دەڵێ ناسرو ماڵماڵیش هاتو لێی نیزیك بوون • ئەگەر لێی نیزیك بوون لە دوورەوە بانگی کردن سەر تەریدەباشی ، کاکی سەر تەریدەباشیم دەڵێ لە جووتە سوارێ لەولاوە دێن زۆر بە توندیو بە جەڵدیو بەبێ موخافاتییە •

کوڕە ماڵخەراب ئەتۆ نازانی ئەمن ئەگە لێم گرتوویەوە سەر ڕێبازو پلی دە عومانیو دەربەند بزمار بە یەکجارەکییە •

بە خودای حەوت ڕووحو پێبن ڕووحێو وەسەر خوای دەکەمەوەو ئایەلم ڕووحێ دەربازکەن بە زیندوویی•

بەلاَن ئەوە ڕوحێو پێدەکەمو ئەمن ئاوکوژمو ئەگەر وەرن لەولاوە لەبۆ من دابەزن لە ولاَغی دەبۆری گردەکیەو بۆ من بەجێبێلن چەکو ئەسلەحەو سیلاحی جەنگیە•

بەڕێیەدا بڕۆنو خواحافیزو بێ بە سەلتو سپادیو هەر بە حیزی گەرییە•

دەلێ کاکە ناسریم ئەگە گوێی لە گفتوگۆیە سەر تەریدەباشی دەبوو، دەیگوت هەی لە سەرتەریدەو سەر تەریدەباشییە•

ئەمن بڕێك بە گوێیان ئی گرانمو با بڕێکت لێ نیزیك بمو بزانم گفتوگۆیە تۆو مەرحەمەتی تۆ چۆنەو چ دەفەرمووی‌و ئەمری تۆ ڕەوایەو ئەمری تۆم لەسەر سەرییە•

دەلێ ئەگە لێی نیزیك دەبوو کاکە ناسرییە•

ئەگەر ڕمبێکی دەداوە بە کۆلەی سینگی سەر تەریدەباشییە، ڕووحی دەبڕی لە قالبییە•

دەلێ، ئەوە لێیان دەردەپەڕین چل تەریدەباشییە•

هەر چوار دەورەیان لێدەگرتن‌و لێیان وەدەستەوکەر دەکەوتن‌و نیوەیان دەدانە بەر دەماچەی دە پەکیەو بەعزێکیان دەدانە بەر ڕکێفی دەئەسپی‌و بە عزێکیان دەدانە بەر مەودای دەشیرییە•

ئەوی دەیانکوشت دیانکوشت‌و دەنا بەعزێکیان بە یەخسیرو بە دیل دەگرتن‌و دەیانکردن بە دیل‌و بە یەخسیرییە•

جا ئەو جارەکە دەلێ ئەوا بەردەستیان کردن ئەو چەتەو گۆڕانەو

بەعزێکیان لێ کوشتن‌و باقی دی ئەوی ما بە یەخسیری‌یان پەلیان بەستن‌و لە پشتێندێ ئێکدریان تێ‌خستن‌و جەلەیان‌کردن‌و وەبەر سینگە ئەسپانیان دان بەرەو بەغدا . دەڵێ ڕۆیشتن هەتا وەختێکی ، زۆر ڕۆیشتن کەم ڕۆیشتن داخیل بە شاری بەغدایە بوون . ناسری گوت ئامۆزا کاکە ماڵماڵ، جا ئێوی خۆشیان تێو لێ‌نا ، گوتیان لەو وڵاتی غەریبیایەتی‌یەدا با هەر ئێوی خۆمان بە برایەتی بەرین . وا چاکە حورمەت‌و عیزەتمان زیاترە . دەڵێ بوون بە برای ئێکدری ، هەر بە ئێکدری‌یان دەگوت کاکە .

گوتی کاکە ناسر ئێستێکە ئەمە نەشارەزاین ، هیچ خانەخوێمان نین ، میوانین . بچینە ماڵی کێ‌و نەچینە ماڵی کێ ؟ خانەخوێمان نی‌یە .

ماڵماڵی پێی‌گوت کاکە ناسر وڵاغ مرادە ، جڵەوان شل‌دەکەین ، دەی ئاوێژینە سەر قەڵپووزی زینی ، وڵاغی سەری بە هەچ دەروازێکی وەنا چۆ هەچ ماڵێکی لەوێ دادەبەزین‌و میوان دەبینن . دەڵێ بەڵێ .

عەرزت دەکەم دەڵێ ئەگەر وڵاغیان ، جڵەویان هاویشتنە سەر قەڵپووزی زینی‌و وڵاغ بە کۆڵان کۆڵان‌و سوقاق سوقاقی دەبەغدایەدا ڕۆینە خوارێ، دەی ئەو کۆڵان نا ئەو سوقاق هەتا سەریان بە دەروازێکیە وەنا وڵاغ‌و لەوێ ڕاوەستان .‌ ئەگەر ڕاوەستان دەقولابیان‌کرد ، دەڵێ ئەگە دەقولابیان کرد ، جووتێك پیاوی زۆر نایەب‌و بەحورمەت هاتنە دەرێ ، وڵاغیان لێ‌وەرگرتن‌و بە خێرهاتنیان‌کردن‌و وڵاغیان لێ‌وەرگرتن‌و وڵاغیان بردنە ژووری‌و دایان مەزراندن‌و هۆدێکیان بۆ پڕ فەرش‌کردن‌و زۆر بە حورمەت لەوێ دایان‌نان . ئەو ماڵەش ماڵی کێ‌یە ، ماڵی مام‌کیای پێ‌دەڵێن . مام‌کیا وەزیری خەلیفەی وەختە ، ئی بەغدایە ، وەزیری خەلیفەی وەخت .

دەڵێ ، قاعیدەو قانوونی بەغدایی‌یانیش‌وا بوو هەتا حەوت شەوو حەوت ڕۆژان لە میوانیان نەدەپرسی بۆ کوێ دەچی‌و لە چ خەریکی‌و بۆ کوێ دەچی‌و خەریکی چی لە چ دەگەڕێی . قاعیدەو قانوونیان وابوو .

دەلێ ، هەتا حەوت شەوو حەوت ڕۆژان وا بوون • نە ناسروماڵماڵان وەعزیەتی خۆیان بەیان‌کرد نە مام کیای لێی‌پرسین کاکی من لە چ دەگەڕێن‌و لە چ خەریکن • پاشی حەوت شەوو حەوت ڕۆژەی مام‌کیای لێی‌پرسین گوتی ئەی کاکی دەکوێستانی ئەوە بە چ مەشغوولن‌و لە چ دەگەڕێن‌و خەریکی چن ؟

بێ‌یان گوت قوربان ئەمە لە وڵاتی خۆمان جیرس‌و ئیجادی بابو باپیری خۆمان بووە مەزنایەتی‌و گەورایەتی‌و ڕەییسایەتی‌یە وڵاتی گاگەش بابۆمەری، لە بنەچەکەی‌ڕا ئی باب‌و باپیری خۆمان بووە ئێستێش لەوەتا مەزن بابۆمەراغا بۆتە گەورەو تەمری شای عەجەمان لەمەی ئەستاندوەو مەزنایەتی لێ‌بڕیوین‌و مەملەکەتی خۆی لێ‌بڕیوین‌و مەزن بابۆمەراغا بۆتە گەورەی مەو غەدرو غدوورێکی زۆری لێ‌کردووین‌و ئەمەش پێمان قبووڵ نەکراوە ئاوا بەبێ حورمەتی دانیشین لە وڵات‌و مەملەکەتی خۆماندا ، هاتووینە خوارێ قاپیە عوسمانلیمان بە دی‌کردوەو جا نازانین مەرحەمەتی حوکمەت لەسەر چی‌یە ؟•

ئاخیری گوتی ، ئای داخەکەن ••• ئەتۆ نەدەبوو سێ چوار ڕۆژ ، دوو ڕۆژ لێرەوەپێش دەنگو بکردایە حالیو بکردمایە • ئەمن وەزیری خەلیفەی وەختم ، چۆنێکی ئەوە بوگوتایە ئەمن ئەمری وەم ئاوا بەجێ‌دێناو ئەمری وە ڕەوا بووو ئیشم بۆ جێ‌بەجێ دەکردن • مەملەکەتی خۆم بۆ دەستاندنەوە •

ماڵماڵی پێی‌گوت بە ناسری گوتی ئەی ئامۆزا ناسر بە خوا بێ‌بەختی‌یەمە نەگبەت شانی‌گرتووین ، بە خوا بێ‌بەختی‌یەمە لە کابراشمان دا لە وەزیری ، نانی ویشمان بڕی • ئاخیری گوتی دەی کار نی‌یە خوا چاکی نەکا •

گوتی مام‌کیا ئەگە بۆ خۆمان بچینە خزمەت خەلیفەی وەخت‌و گفتوگۆیەی لەگەڵ کەین چۆنە ؟

گوتی بە خوا ئەگە بۆ خۆو زارو زەوەندی گفتوگۆیەو هەیەو گفتوگۆو پێ لەگەڵ دەکرێ ، ئەوە هەرن مانیعەت نی‌یە دەرگای حوکمەت والایە .

دەڵێ ، هەڵستان ڕۆیشتن بۆ مەجلیسێ خەلیفەی وەخت . دەڵێ لە دووری‌یەوە سەلامیان کردو سەلامیان ئەستاندنەوەو خەلیفەی وەخت تەماشای کرد ئەوا جووتە پیاوێکی زۆر بۆشناغو بە حورمەت داخیل بە دیوانێ بوو . دەڵێ بەخێرهاتنێکی چاکی کردنو حورمەتی دانێو جێی پێ نیشاندانو دەڵێ لە مەجلیسێ خەلیفەی وەختدا دانیشتن . ئەگەر دانیشتن دەڵێ ماڵماڵی هەڵی‌دایە بانگی کردێ ، گوتی چاك وەیە مەوزووحاتی حاڵی کەم :

جا کاکە ماڵماڵم دەڵێتەوە دە هەی لە خەلیفەو لە خەلیفەی وەختی‌یە .
ئەمە هاتووینە خوارێ لە ولاتی کوێستانێو مەملەکەتی کوێستانێ ولاتی گاگەش بابۆمەری لە قەدیمەوە ئیرسو ئیجادی بابو باپیری‌مە بووەو ئەمڕۆکە تەمری شای عەجەمان لەمەی بڕیوەو لەمەی ئەستاندوەو ئەمەش پێمان قبووڵ نەکراوە لێی‌دانیشین بە حیزی گەری‌و بێ‌حورمەتی‌یە .

ئەمە هاتووینە خوارێ قاپێ عوسمانلیمان بەدی‌کردوەو نازانین مەرحەمەتی تۆم لەسەر چی‌یە .

خەلیفەی وەختم دەیگوت هەی لەوێ ڕا بەخێرێن هەتا ئێرە سەرچاوی دەوی‌یە .

کوڕینە بە خودای ئەوە شەڕی عەشیرەتان نی‌یەو لەبۆو دەرکەمو وەدەستو دەم ئەسکەرو عەساکیری‌یە .

لەبۆو بستێنمەوە ولاتی خۆو تەسلیمو کەمەوە بە یەکجارەکی‌یە .
ئەمیش لە خۆم گەورەتر هەیەو دەبێ پۆستەو بۆ بنێرم بۆ خزمەت سوڵتانی ئەستەمبوولێو بزانم مەرحەمەتی ویم لەسەر چی‌یە .

دەبێ سەبرێم لێ بگرنەوە بە ئەجەلێ حەوت ڕۆژی دەدی‌یە .

جا خەبەرێو دەدەمەوەو دەودەمێ مەعلوماتی گفتوگۆیەو مەرحەمەتی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ بە ئەسەحیە •

جا ئەوجارەکە بەینێکی لەوێ دەمانەوە خولقو مارفەتێکی دەدانێ ، دەیانگوت لێرە بمێننەوەو دانیشن لە مەجلیسێو لێرە بن • گوتیان خەیر ، دەچینەوە ماڵێ مام کیای ماڵێ خانە خوێی خۆمان •

دەڵێ بەینێکی لەوێ دانیشتنو هەڵستان ڕۆیشتنەوە گوتیـان ، پێی گوتن دەبێ بە ئەجەلێ حەوت شەوو ڕۆژان ، ئەوە شەڕی حاشیرەتان نییە ئەسکەرو حەساکیرێو وەدەستدەمو مەملەکەتی خۆو بستێننەوە • ئەمیش لەخۆم گەورەتر هەیە ، دەبـێ پۆستـەو بۆ بنێـرم بۆ خزمەت سوڵتانی ئەستەمبووڵێ • جا لەوێ مەرحەمەتی وی چۆن بووو پۆستە چۆن هاتەوە ، ئاوا موعامەلە دەکەین بە ئەسەحیە •

دەڵێ وەختێکی پۆستەی بۆ ناردن بۆ خزمەت سوڵتانی ، وەختێکی پۆستە هەر نەهاتەوە ئەگە هەر هێندە لە بیر بوو ، هەڵستان ، ناسرو ماڵماڵ لە مەجلیسێ • دەڵێ بە ئەمری خوا لە بیری چۆوەو فەرامۆشی کرد پۆستەیان بۆ بنێری بۆ خزمەت سوڵتانی ئەستەمبووڵێ ، لە بیری چۆوە •

دەڵێ ناسرو ماڵماڵ چوونەوە لە ماڵێ مامکیای دانیشتن ، مانگێك ، دوو مانگ ، سێمانگ ، ساڵێك ، چوار ساڵ شەش ساڵ پێنج ساڵ ، دانیشتن هیچ خەبەری نەبوو • دەڵێ وەختێکی لـە شاری بەغدایەدا ناسرو ماڵماڵ کوڕێکی ئەوەندە لە دڵاندا بوون ، دەڵێ دۆستو برادەری پەیداکردبوون، زۆر لەسەر حورمەت بوون ، دەڵێ دۆسـتو برادەران ، ئەوا لە شـاری بەغدایەشدا ساڵـێ سیخوارێك دەباری وڵاتـی سپیدەکردو عالەم وەخۆ دەکەوتو ئەو ڕۆژەی دەچوون بۆ ڕاوو ڕاووشکارێ •

دەڵێ وەختێـکی برادەران لەبـەری بەیانیدا ، هـاتن ، دەقولبیان کرد ئـەی نـاسرو ماڵماڵی دە کوێسـتانی ، خۆ حـازرکەن سـبەینێ

دەڕۆین بۆ ڕاوێو ڕاووشکار خۆشە ، بۆ ڕاوە کارمامزێ .

دەڵێ وەختێکی ناسرو ماڵماڵ هەڵستان چاو قلیانی خۆیان خـواردو ولاغی دە خۆیان زین کـردنو موسەللەحو سـازبوون . ناوێ لە ولاتی بەغدایەدا ، دەڵێ سوارە سوار بوو بە دەشتێ بەغدایە وەربوون بە سوارە ڕوویان لە کێوی کرد ڕاویان دابەشی . دەڵێ وەختێکی ڕاویان دابەشی ، ناسر تینووی بوو . لێی پرسین لە برادەران گوتی ئەی برادەرینە هیچ ئاوو پێشک نایە ئەمن تینوومە ؟ پێیان گوت بەڵێ ها . لە دەشتێ فلان بەرەوە گۆلاوێکی لێیە بریقەی دێ ، ئەو دەشتەی ئاوی لێیە ، دەنا ئاوی لێ نییە . دەڵێ بڕۆ بۆ ئـەو دەشتەی بۆ ئاو خواردنەوێ . بەلامەچۆ ئـەو چۆڵو سەحرایەی ئەوە مەملەکەتی شێخی عارەبانە ، کوڕە بچیە وێ سەری خۆت ناسەنیەوە ، حـەوت ڕووحت پێبن ڕووحێت لە قالبی دەبـڕن . شێخی عارەبانیش مومکینە ئەوڕۆ لەو چۆڵو سەحرایەی ئەوە لە ڕاوێیە ، دەستو پێوەندو نۆکەرو واتیکی وی .

دەڵێ ڕۆییە خوارێ هەڵیگرتە غار بەدەشتێ بەغدایەدا بە غار ڕۆیشتە خوارێ هەتا گەیشتە سەر گۆلاوێ . لەوێ دابەزی ، دەستو دەمی خۆی شـتو ئاوی خواردەوەو ، دەڵێ لەگەڵ ڕۆیشتبووش لـە ماڵێ خۆیان ، هەریەکە تاژییەکیان بردبوو لەگەڵ خۆ . کاکە ناسری تاژییەکی لە ڕستێ کردبوو تاژییەکی بە دواوە بـوو . دەڵێ وەختێکی لـە گۆلاوێ ئاوی خواردەوەو دەستو دەمـی شـتو تـاژی لـە ڕسـتێ کردو لێی سوار بۆوە . ئەگە تەماشای کرد لە کەندو لەندی بەغدایەدا کارمامزێکی هەڵستاند . ئەگە کارمامزی هەڵستاندو لێی لە هەوهەوداو تاژی بە کولکێ وەنا ، تاژی ڕستەی لێهەڵکێشاو لێی لە مالیاوا دا . تاژی دەی دەی واتیکە ، کارمامزی هێناو بردو لەوێ دەستێ فراندی ، دەی دەی هەتا گەیـاندیە مەملـەکەتی شێخی عارەبان . لە چۆڵو سەحرایەکی ئەگە تەماشای کرد کوڕی شـێخی عارەبانیش بە خۆو بە چل سواری ئەویـش لە ڕاوی بوو ، لـەو چـۆڵو

سەحرایەی • هەتا تاژی بردیە بن ولاغی ، تێو کۆمەگێ سواری دە کوڕی شێخی عارەبان • لەوێ تاژی دەخۆلێی وەرداو گرتی • ئەگە گرتی دەلێ سواری عارەبی تێیان ڕاخوڕی بە زبانی عارەبی، تاژی بەری هەڵنەدا هەر چاتری دەم لێ قایم‌کرد • وەختێکی سوارێکیان لێی دابەزی بەردێکی بە بن دەستێدا دا ، ئاسکەکەی پێ بەرەڵداکردو قوروسکاو لەو لەعزەش‌دا ناسر گەیشتە تێویان • گەیشتە تێویان بانگی‌کردن :

کاکە ناسرم دەلێتەوە هەی لە سوارو لە سواری دەعارەبی‌یە •
سەرێکە کاکی خۆت بێتەوە بە غولامو خزمەتکاری دەسەری‌یە •
کوڕە مال‌خەراب خۆ لە مەملەکەتی مە قاعیدەو قانوون وایەو هەچ کەسەکی تێوچیری بگریت تێوچیر ئی وی کەسەیەو ئی هیچ کەسی دیکە نی‌یە •

ئەوە تێوچیر مبارەك بە وە بێ بەلان لەبۆ کاکە ناسری بەرەڵداکەن تاژێکی قەلێت‌سپی‌یە •

ئەوە برایەکی دیم هەیە ئێستا نەگەیشتۆتە ئێرەو لە پاشمەوە ، ئەو زۆر کەللەرەقو توندە تەبیاتەو نە ئینکی ئی خوانەخواستە پێوبێنێتەوە هیچ وەزەندی‌یە •

ئەوە دەلێ سواری عارەبان ، کوڕی شێخی عارەبان دەیگوت بڕۆ سەگی سەگ‌بابی قاحبەباب ، هەتا ئەمڕۆکە هیچ کەس عووری نەبووەو قودرەتی نەبووە بێتە مەملەکەتی شێخی عارەبان بۆ ڕاوێ • ئەتوو بۆ ڕووحێ خۆت وەپارێ ، بە خودای ئەتوو داوایە تاژی دەکەی حەوت ڕووحت پێ بن ئێستێکانە دەتکوژمو ڕووحێت دەبڕمەوە لە قالبی‌یە •

ئەوە دەلێ کاکە ناسریم ئەگە وای گوێ لەو گفتوگۆیەی دەبوو ، دەلێ ئەوە لێیان وەدەستەوکەر دەکەوتو لێی هەلدەکێشانەوە شیری لەوی دەقەرەمیسری‌یە •

ئەوە دەستی دەکردن بە کوشتارێو سیو تۆی لیدەکوشتنو یەکی ، دەڵێ نیوەی دەدانەوە بەر ڕمبیدە هەژدەقەفیو نیوەی دەدانەوە بەر دەماچەی دە پەکیەو نیوەی دەدانەوە بەر مەودای دەشیری‌یە .

سیو تۆی لیدەکوشتنو یەکی دەیەشتەوە لووتو لێوو گوێی دەبڕینو ئەوە دەیکردەوە بە بەرموورو لە ملی دەکردنو بە فرستادەگەری ، پێی دەگوت بڕۆ سەگی سەگبابی قاجەباب ، بڕۆ بۆ شێخی عارەبان بگێڕەوە . پوختانو شلتاغو گێچەڵی بە هیچ کەس نەکا ، ئەمن پیاوی غەلیفەی وەختمو هیچ کەسی کوڕی وی نەکوشتووە ئیللا غەلیفەی وەختو بمناسی ، موددەعی وی غەلیفەی وەختەو هیچ کەسی دیکە نی‌یە .

کاکە ناسریم لێی دەستاندەوە لە سواری دە عەرەبی‌یە کارمامزو تیوچیری‌یە ، لێی سوار دەبۆوە لە بۆری دەگردەکی‌یە .

هەڵی دەکردە غار بە دەشتی کاولە بەغدایەداو دەهاتەوە خۆی دەگەیاندەوە نێو سەلەفو پۆلی سوارانو برادەرانی مەردایەتی‌یان دەگوت ، دەڵێ کاکە ناسر ئەتۆ تیوچیریشت پەیداکردووە .

دەڵێ ، بەڵێ ئەگەر لێرە دەڕۆیشەوە خواری بۆ سەر گۆلاوێ ، هەڵمدەستاندەوە کارمامزێکو تاژیلێ خۆم بەردەدایەو تیوچیرم پەیدا دەکردی‌یە .

ئەوێ ڕۆژێ تا ئێوارێ دەیانکردە ڕاوو ڕاووشکارە ، ئەوێ ڕۆژێ نوێژی عەسرێ دەیانکردەوە ڕاوبەتاڵە .

جا دەڵێ ، تا ئێوارێ ڕاویانکرد لە دەشتێ بەغدایەداو ڕاویان بەتاڵکردو گەڕانەوە ئەو هەموو سوارە وەنێو شاری بەغدایە ، هەرکەسە بۆ ماڵو لانگەی خۆو ڕێو جێگەی خۆ ، ڕوویان دە ماڵی دە خۆ کردەوە . دەڵێ وەختێکی ئەگەر هاتنەوە مزڵێ خۆیانو دانیشتنو چاوو نانو قلیانی

خۆیان کێشاو خواردیان ، دنگیاندا خزمەتچیان هەبوو گوتیان بەڵێ خەومان دێ خوا حافیزت بێ. خزمەتچی هەڵستا لە کنیان بەجێ هێشتن‌و ڕۆیشت‌و دەڵێ لەسەر ڕێ‌و جێگەی خۆی لێی دانیشتن‌و ناسری بە دڵی خۆی گوتی ئەگەر کەسێك براچووکەی واقیعاتێکی لێ‌قەلما، بۆ برا گەورەی خۆی بەیان‌کا بۆ پاشەڕۆژێ بەلکو سەرولکێك‌و مەسلەحەتێکی لێ‌بکا ، چاك‌نی‌یە ئەگەر بۆی بەیان نەکەم ، با بۆی بەیان کەم ئەو واقیعاتەی • لەتێو سوارەکان ئەیگوت حالێکی وام لێ بەسەر هاتووە • دەڵێ لەسەرجێی ئەوا بانگی ماڵ‌ماڵی کرد :

کاکە ناسرم دەڵێتەوە بە کاکە ماڵ‌ماڵی‌یە •

ئەتوو سەرێکە کاکی خۆت بێتەوە بە غولام‌و خزمەتکاری دەسەری‌یە•

ئەگەر برا چووکەی واقیعاتێکی لێ‌قەلما چاك وەیە بۆ برا گەورەی خۆی بەیان‌کاو بۆی بگێڕێتەوە بۆ پاشەڕۆژی بۆ مەسلەحەتێ چونکی مەسلەحەت چاك نی‌یە •

ئەمن ئەگەر تینووم دەبوو لە برادەران دەمپرسی دەڕۆیمەوە خوارێ بە دەشتێ بەغدایەدا بۆ سەر گۆلاوێ ، لەوێ ئاوم دەخواردەوەو دەست‌و دەمی خۆم دەشت‌و هەلم‌دەستاندەوە کارمامزێك‌و ڕستەم لێ‌هەڵدەکێشاو بەرمدەدا تاژیلێ قەڵێتسپی‌یە•

تاژیلێ کارمامزی دەڕفاندە خوارێ بە دەشتێ کاولە بەغدایەدا تا دەیگەیاندە بەردەمی کوڕی شێخی عارەبان ئەویش لە مەملەکەتی شێخی عارەبان لە ڕاوی دەبوون ، لەتێو سواری دەعارەبی تاژیلێ کارمامزی دە خۆلێ وەردەدایە •

بە زمانی عارەبان دەتاژیلێی ڕادەخوڕی بەری نەدەداوە ، سوارێکیان لێی‌دادەبەزی بەردێکی بە بن دەستێ تاژیلێ کاکە ناسری دا دەداوە • ئەگەر گەیشتیانە سەری زۆریان لەبەر دەپاڕامەوە تاژیلەیان لە قەڵێتێ خۆ دەکردو

لەبۆیان بەر نەدەدامو ئەمیش سیو تۆم لێدەکوشتنو یەکم بە یەخسیرو بە دیل دەگرتو دەمناردەوە لووتو گوێیم دەبڕینو دەمگوت بڕۆ قاجەبباب بۆ شێخی عارەبان بگێڕەوە ، مووددەعی وی بناسی خەلیفەی وەختەو هیچ کەسی دیکە نییە .

کاکەماڵماڵم دەڵێتەوە بە کاکە ناسری یە .

سەرێکە کاکی خۆت بێتەوە بە غولامو خزمەتکاری دەسەرییە .

بە خودای ئەمن ئەورۆکە زۆر ماندوو بووم لە ڕاوێ ، بەلام بەو گفتوگۆیەو بەو خەبەرەی توو ئەگە بۆت گێڕامەوە ئێشم نەماوە لە قالبییە.

ئەوە بۆم مەعلووم بوو تا ئەورۆکە نەگبەت شانی گرتبووینو ئەلحەمدولیللا ئەوجار نەگبەت شانی بەردایینو ئەوجارەکە ڕۆژی مەیدانانەو ئیپیاوەتییەو ڕۆژێ مەیدانداری یە .

ئەو خەبەرەشم زۆر پێخۆش بوو ئەگەر خۆت بە پیاوی خەلیفەی وەخت لە قەلەم دەداوە .

بەخودای دەبێ ئەو گۆشتاوو ئەو شەڕو هەرایەبڕژێ بەسەرشانی خەلیفەی وەختدا ، چونکە هیچ ئەهەمیەتێکی وە مە نەدادوە .

جا دەڵێ ئەگە وا بۆی گێڕایەوە ئەوجار ماڵماڵ زۆر پێ کەیفخۆش بووو پێ خۆشحاڵ بوو گوتی کاکە ناسر بۆت مەعلووم بێ هەتا ئەورۆ نەگبەت شانی گرتبووین ، بەلام لەورۆ بەدواوە ئەوە نەگبەت شانی بەردایینو جا لەمڕۆ بەولاوە ڕۆژێ پیاوانەو ڕۆژێ شەڕو شۆلێو دەستو قامو پیاوەتیمان دەردەکەوی . ئەوە ئانمان هاتەوەو ئەوجار حورمەتێ پەیدا دەکەین .

ئەو خەبەرەم زۆر پێخۆش بوو ، ئەوەشم پێ چاک بوو خۆت بە پیاوی خەلیفەی وەخت لە قەلەمداوە ، با ئەو گۆشتاوە بە سەرویدا ڕژێ . ئەمە چەند ساڵو مانگێکە لێرەین هەر نە خەلاتو بەراتێکو نە مەسرەفاتێکی ویو

هیچ چاکێکی بۆ نەبووین ، با ئەو گۆشتاوو هەرایە بەسەر وی‌دا بڕژێ .

جا ئەو جار ئینتیزاریە ئەو خەبەرەیان‌دەکرد . بڕینەوە سەرەوکاری پیاوی شێخی عارەبان ، ئەگەر ناسری لووت‌و لێـو و گوێی بڕین‌و کردنیـە بەرمووروو دە ملی‌کردن‌و گوتی بڕۆوە بۆ شێخی عارەبان بگێڕەوە ، هەچی لە قوونیی‌دایە قسووری نەکا ، بمناسی شلتاغ‌و بوختانێ بە کەس نـەکا ، بمناسی ئەگە ئەمن پیاوی خەلیفەی وەختم‌و موددەعی وی خەلیفەی وەختەو کەسی‌دی نی‌یە ، هەچی پێی دەکرێ قسووری نەکا .

جا دەلێ ڕۆیشتەوە ئەوە بە فرستادەگەری ناردیـەوە بۆ کن شـێخی عارەبان . شێخی عارەبانیش لە مالێ لە سەراپەردەو لە دوو نهۆم‌و سێ‌نهۆمی ئەوە دانیشتووە لەسەر کورسی‌یەکی جەواهیربەندو دووربینی بە دەستەوە دەڕوانیتە ڕێبازێ سەروبەندی نوێژێ عەسری داخوا کەنگێ کوڕی دێتـەوە لە ڕاوێ بە خۆو بە چل سواری .

دەلێ ، ئەگە تەماشای دووربینێی کرد لە دوورەوە تاقە سوارێکی بـە چاو ئەنگاوت بە دووربینێ دەرکی کرد هاتەوە . لیزیك بوو ، ئەگەو لـێی نیزیك‌بوو لە دوورەوە ئەگە وا لووت‌و لێوی داتاشرابوون‌و بڕابوون کەلبی سپی دەچوون ددانی وەدەر کەوتبوون ، ئاخیری بە نایب‌و وەزیرو ئەمـانەی گوت کوڕینە ئەوە سوارێك پەیدابۆوە لە سواری دەڕاوکەر ، ئەما ئێکیـان هەر پێ‌دەکەنی لە ڕێ‌یەدا ، هەر پێ‌دەکەنی پێم وایە خەبەرێکی زۆر خۆشی پێیـە .

دەلێ ، وەختێکی سوار هات‌و گەیی‌یە پێـش دەمی بارەگای شێخی عارەبان‌و دابەزی لە ولاغی‌و سەرکەوت بۆ بارەگای شێخی عارەبان دەلێ ئەگە تەماشای کرد هەموو بەرۆکی خوێنین‌و خوێنی بە بەرۆکاندا هاتۆتـە خوارێ‌و لووت‌و لێو و گوێی بڕاون‌و ئەوە بە بەرموور لە ملی‌دان . دەلێ بە گلدۆو قلدۆ هەچۆنەکی بوو ئیشارەتی کردو حالیی کرد گوتی ، قوربـان

ئەمە لە ڕاوی خەلیفەی وەخت تەواوی بەغدایەی دەنگ داوەو ھاتۆتە ملکی تۆو ئەو چۆڵو سەحرایەی بۆ ڕاوێ ، تەواوی بەغدایە ھاتۆتە ملكو ئارازی تۆ بۆ ڕاوێ .

ئاخری گوتی چۆن ، تا ئەمڕۆکە خەلیفەی وەخت نەیتوانیوە بێتە ملكو ئارازی منو مەملەکەتی من بۆ ڕاوو ڕاووشکارێ ، وەڵلاھی ئێستێ کارێکی پێ دەکەم لەشکری ئەوەند لەسەر خڕ دەکەمەوە خاکی بەغدایەی لە توورەکە بارگینانڕا دەبەم ، لە بەغدایەی دەردەپەڕێنم .

دەڵێ شێخی عارەبان پیاوێکی بە دەست بوو ، بانگی مەلاو میرزایانی کردو کاغەزو قەڵەمو دەوێتی دانانو دەستی کرد بە نووسینێ . کاغەزی نووسینو سواری سوارکردن بە مەملەکەتی شێخی عارەبان‌دا ، بە مەملەکەتی عەربوستانی‌دا ، ئەوەندی لەشکرو سوپا خڕ کردەوە وەکوو گەڵای دە داران خڕبۆوە بە وەعدەی سێ شەوو سێ ڕۆژان . دەنگی دا لەشکرو سوپاو ھۆردووو بارەگای ڕاکێشا بۆ سەر بەغدایە ، وە لە وەختێکی لە نیوە شەوی‌دا بە خۆیان نەزانی ھەر چوار دەورەی شاری بەغدایەی لە خێوەتان ئەنگاوت . وەکوو بەفری لێ‌باری . دەڵێ نامێکی نووسی بۆ خەلیفەی وەخت . ئەوە ئەو خەریکی لەشکرو سوپایە لەشکرو سوپای کێشا بۆ سەر بەغدایە . بێ‌بنەوە سەرەوکاری ناسرو ماڵ‌ماڵان .

دەڵێ ، ناسر ئینتیزاری ئەم ئیخبارەی دەکرد داخوا کەنگێ ئەو واقیعاتە ڕوو دەدا .

ھەموو شەوێ دەچۆ سەربانی دوو نھۆمو سێ نھۆمی ، قەلایچێکیان ھەبوو مام کیای ، دەچۆ سەر وێ تەماشای دەکرد ، ڕەسەر بەغدایە کەوتبوو . تەماشای دەکرد بە شەو داخوا کەنگێ ئەو واقیعاتە دەقەڵمێ . ئەگەر وەختێکی شەوێکی چوو تەماشای کرد پاشی سێ شەوو سێ ڕۆژان ، ئەوە ھەر چوار دەورەی شاری بەغدایە گیراوەو لە خێوەتان گیراوە وەکوو بەفری

لێبیاری • دەڵێ هاتە خوارێ بانگی ماڵماڵی کرد ماڵماڵ ئی نووستبوو •

کاکە ئاسرم دەڵێتەوە بە کاکە ماڵماڵی‌یە •

جا تووسەرێکە کاکی خۆت ببێتەوە بە غولامو خزمەتکاری دەسەری‌یە •

کوڕە ماڵخراپ هەستە تەماشای چوار دەوری شاری بەغدایە لە خێوەتان گیراوەو ئەو واقیعاتی ئەمن ئەوێ شەوێ بۆ تۆم دەگێڕاوە ، هەستە ئەو شەوەکە ئەوە کارەو قەوماوەو ئیشەو ڕووی داوە •

جا دەڵێ کاکە ماڵماڵ ئەگە لە خەوێ ڕادەپەڕی هەڵدەستا ، دەچوونە سەر قەڵایچێ تەماشامان دەکرد ، ئەوە هەر چواردەورەی شاری بەغدایە لە خێوەتان گیراوە ، چۆنێکی تەعرفێی بکەی ئاوایە • دەڵێ جا هەزار جار نامەردان ، ئەمە دەبێ سبەینێ زوو هەڵستینو بچینە سەر شیرگەرو نالبەندان ولاغی خۆمان خڕنالکەینو شیرو ڕمبو تیری خۆمان مشتوماڵ کەینو هەڵیانبڕینەوە ، سبەینێ ڕۆژێ حەربو جەنگو جودایەیە ، ڕۆژێ پیاوانە ، ڕۆژێ دەستو قامی‌یە •

بێینە سەرەوکاری شێخی عارەبان ، شێخی عارەبان نامێکی نووسی بۆ خەلیفەی وەخت ، سوارێکی سوارکردو نامەی بۆ نارد : خەلیفەی وەخت بە گەیشتنی کاغەزو نامەی دەمەوێ سێ‌لك ، بۆم دانای سێ‌لك : یان بەغدایە بەجێ بێلە ، یان موودعیم وەدەست دە ، یا شەڕیم لەگەڵ کە ئەگەر دەتوانیو خۆ ڕادەگری !

دەڵێ ، ئەو نامەی نارد بۆ خەلیفەی وەختو ئەو نامە هات خەلیفەی وەختیان خەبەرداركردو لە مەجلیسێ ئەگە ئەو نامەیان وەدەستدا ئەوجا شار خرۆشا ، عالەم پێی زانی ، تەماشایان کرد ئەوە هەر چواردەورەی شاری بەغدایە گیراوە ، تەواوی عالەمێ ترسو مخافاتێکی ڕێکەوتو غەلەزەی

ڕێ‌نیشت‌و هەموو شاری بەغدایە خرۆشاء دەڵێ وەختێکی خرۆشاء خەلیفەی وەخت مەجلیس‌و دیوانی گیرا ، چەند عالەم‌و چەند وەزیرو نایب‌و وایێکی تێ‌داخڕبوونەوە ، گوتیان ماڵێ نەوێرانم بەغدا کەوتە دەلەکەت‌و کەوتە خەتەرەوە ، ئەوە کەوتە خەتەرەوە حیسابی بەغدایە دەرچوو ڕۆیشت .

ئەو نامەی بە مەجلیسێ وەدەگێڕا ، چەند هەزار کەسێکی لە مەجلیس‌و دیوانێ‌دا بوو خەلیفەی وەخت ، هەموو لێویان بە ددانان‌دا پێ‌ڕەق بوو ، کەس نەبوو جوابی ئەو نامەی بنوسیتەوەو جوابێکی شێخی عارەبان بداتەوە . هەموو عالەم تۆقی نەترەی چوو لێویـــان بە ددانـــان دا پێ ڕەق بوون . ئەوە نامە دەگەڕێ لە مەجلیسێ خەلیفەی وەخت دا . لەو مەوقیعەش‌دا دەڵێ ، ناسرو ماڵ‌ماڵ ئەوجا هەلستان ، گوتی هەزار جار هەستە لە کاکت کەوی با بچین بۆ سەرتاڵبەندی ولاغی خۆمان خڕناڵ‌کەین‌و بۆ کن شیرگەری شیرو ڕمب‌و تیری خۆمان مشت‌وماڵ‌کەین‌و تیژیان بکەینـــەوە بۆ سبەینێ ، دەنا سبەینێ بەیانی بەرمان ناکەون نە ناڵبەندو نە شیرگەرمان بەرناکەون .

دەڵێ ، ولاغیان هەلستاندن بەینی شەوو ڕۆژان ، هەلستان ولاغیـــان لە تەوێلێ دەرکێشانە دەرێ‌و دەروازەیان لێ‌کردەوە ، گەینـــە ئـــەو دیـــو دەروازێ‌و مام کیا سبەینان زوو دەچوو بۆ نوێژێ ، ئەگە تەماشای کرد لـــە قاپیەی دەروازێ گەیشتنە مام کیای تێی هەلەنگوتن ، لە مزگەوتێ دەهاتەوە چووبوو دەست‌نوێژی هەلگرتبوو هاتەوە بۆ ماڵێ .

گوتی ناسرو ماڵ‌ماڵی دەکوێستانی ئەوە دەچنە کوێ ؟

گوتی ، قوربان دەڵێی بێ‌خەبەری ، تەماشاکە چوار دەورەی شـــاری بەغدایە گیراوە ، ئەمە سبەینێ ڕۆژێ پیاوانەو ڕۆژێ دەست‌و قامێ‌یەو دەچین بۆ شەڕێ‌و دەچین ئەوە ولاغی دەخۆمان خڕناڵ‌دەکەین ، شیرو ڕمب‌و تیرو پەیکانی خۆمان تیژدەکەینەوە ، هەلیان دەبڕین‌و مشت‌و ماڵیان دەکەین بـــۆ شەڕو دەعوایـــە .

گوتی بڕۆن لە ماڵی خۆ دانیشن لەسەر ڕێگەو جێگەی خۆ ، لە چاو پلاوی و کەمە ، لە خزمەتی و کەمە ؟ خەلیفەی وەخت کەیفی خۆیەتی ، یاللا خاکی بەغدایان لە توورەکە بارگینانڕا دەبرد . چەند وەختە خەڵاتێک بەراتێک نانێک چایەکی وی و خواردوە ؟ بڕۆن لێی گەڕێن ، کەیفی خۆیەتی .

پێی پێ کەنین و گوتیان مام کیا ، هەتا ئەم ڕۆکە ئەمە بۆن مەعلووم بوو نەگبەت شانی گرتبووین ، هاتینە خوارێ نەگبەت بە واسیتەی مەوە لە تۆشی دا نانی تۆشمان بڕی . ئێستێ ئەوە بۆت مەعلووم بێ موژدە بێ لە تۆ ئەمجارەکە نەگبەت شانی بەرداوین ، بە سەری تۆ ئەتۆش دەبیەوە بە وەزیری جاران سەد لە جاران بە حورمەتتر سەد لە جاران معاشت زیاد دەکا ، ئەتۆش بە معاشی خۆت دەگەی و دەبیەوە وەزیری جاران و ئەمەش بە مەسلەحەت و مەرام و مەقسوودی خۆمان دەگەین و مەملەکەتی خۆمان دەست دەکەویتەوە . ئێستێش وەرە هەڕۆ بڕۆ بۆ دیوانی خەلیفەی وەخت ، ئەمە ئەوە دەزانین بۆن مەعلوومە شێخی عارەبان نامەی نووسیوە ، ناردوویەتە بۆ کن خەلیفەی وەخت . مەجلیسی خەلیفەی وەخت ، ئەو نایب و وەزیر خەڵاتخۆر و بەراتخۆر و معاشخورانە هەموو لە ترس و خۆفان لێویان بە ددانان‌دا پێڕەق بوون ، جوابەی نامەیان پێ نانووسرێتەوە جوابێکی شێخی عارەبان بدەنەوە بە ئیزنەوە . بڕۆ هەستە سەلامێ بکەو لە دوورەوە ، ئەوڕۆ ڕۆژێ مخافات و ترسێیە حورمەتت هەیەو بە خێرهاتنێکی زۆد گەرماو گەرمت دەکاو حورمەتی لەبەری ، بانگت دەکاو هەتا لە پەنا خۆت دانەنێ کۆلت لێ نادا . هەڕۆ لەوێ دانیشەو نامەکەت داوێژنە پێشێ خەلیفەی وەخت . ئەگە نامەکەی هاوێشتیە پێشی ، پێی بڵێ خەلیفەی وەخت جا ئەم نامە چییە ؟ شێخی عارەبان لە نابووتیە هاتوە بە مل تۆداو لەشکری لە تۆ کردوەو گێچەڵێت پێ دەکا . خوا دەزانی کوڕی وی کێ کوشتوەو کێ نەکوشتوە . بە گێچەڵ بە مل تۆ دا دێ . بێنە بۆی دەنووسەوە لایەکی بەغدایەم بۆ چۆڵ کاو خێوەت و خەرگای خۆی پاش کێشیتەوە . نە قاتیل

پەیدا دەبێ‌و خوا دەزانی کێ کوشتویە نە قـاتیلم پێ پەیـدا دەبێ‌و نـە بـەغدایەی بۆ بەجێ دێلم‌و ئەمیش حەربی لەگەڵ دەکەم هەتا کەرسوارەکم بە دەسـتەوە بێنی شـەڕێی لەگەڵ دەکەیـن • پۆسـتـەش دەنێرین بـۆ ئەستەمبووڵێ بۆ خزمەت سولتانی ئەستەمبووڵێ ، لەوێش هەتـا قووەت‌و هەرەکەت‌و ئەسکەرو عەساکیرمان بۆ دێ خۆی هەر بۆ ڕادەگرین • ئـەو تەشی‌کا ئەمن لەگەلی دەکەم • ئەتۆ ئاوای بۆ بنووسەوە ، ئاوا گفتوگۆیـە بکە جا پێت دەلێ ، دەتکاتەوە وەزیری جاران • چەند وەختێکە دانیشتووی معاشی چەند مانگ‌و چەند ساڵ لێرەوەپێش ئەوا تەسلیمت دەکاو بـۆت بە کۆلێ حەمبالان دەنێرێتە مالێ ، معاشی چەند سـاڵ لێرەوپێـش • ئـەوە معاشیشت زیـاد دەکا •

گوتی ، کوڕە ناچم‌و ئاخیری مچوڕمچوڕ لێیان قبووڵ نەکرد ، ڕۆیشت بۆ دیوانێ خەلیفەی وەخت •

دەلێ ، سەلامی کردو لە دوورەوە خەلیفەی وەخت بە چاوی ئەنگاوت ناسی‌یەوە مام کیا ئەگە کۆنەوەزیریەتی • دەلێ ئاخری لەبەری هەلستاو دوور بە دوور ئەوا دەستی لێ‌هەلوەشاندو : فەرموو ... فەرموو ... فەرموو بانگی کرد تا هێنایە پەنا خۆی • لەوێ جێی پێ‌نیشان‌داو لەسەر کورسی‌یەکی جەواهیربەندی دانا • دەلێ ئەگە جێی پێ‌نیشان‌دا پێی گوت ئەی مام کیـا کورە واقیعاتێکی پیس ڕووی داوە ، شێخی عارەبان لە نابووت‌و بە گێچەل بە مل من دا هاتوەو دەلێ ، کوڕی من ئەتۆت‌کوشتوە • ئیستێش شـەڕی هاویشتووینێ‌و هەر چوار دەورەی شاری بەغدایەی لە خێوەتان ئەنگاوتوە، دەلێ یان بەغدایەم بۆ بەجێ‌بێلی یان قاتیلیم تەسلیم‌کا یان حەربیم لەگەڵ کا• ئێ ئەمنیش نازانم کوڕی وی کێ کوشـتوویە قاتیـلی تەسـلیمی کەم • بـەغدایەی بۆ بەجێ بێلین ئەوە زۆر کارێکی عەیب‌و ناجوانە ، شـەڕیشی لەگەڵ بکەین بە خوا بەرگەی ڕۆژێکی ناگرین‌و شەڕمان پێ لەگەڵ ناکرێ

شێخی عارەبان زۆر بە دەستو قودرەتە •

جا گوتی قوربان ! شێخی عارەبان هاتووە بە مل تۆدا بـە گێچەڵ ، گێچەڵێ بە تۆ دەکا ، کوڕی وی خوا دەزانی کێ کوشتوون • ئێستێ ئەمن بۆی دەنووسمەوە ، نە بەغدایەشی بۆ بەجێ دێڵمو نەقاتیلشی تەسلیم دەکەم، لایەکی بەغدایەم بۆ چۆڵکا خێوەتو خەرگای خۆی پاشکێشیتەوە ، وە ئەمەش دەنگی لەشـکرو ئەسکەرو عەساکیری دەدەینو بەرامبەری وی لەشکری خۆن دەڕازێنینەوەو شەڕێی لەگەڵ دەکەین ، پۆستەش دەنێرین بۆ خزمەت سولتانی ئەستەمبوولێ لـەوێ قووەتو هەرەکەتو ئەسکەرو عەساکیریشمان بۆ دێو حەربی لەگەڵ دەکەین ، ئەو نەشێکا ئەمن لەگەلی هەر دەکەم •

دەڵێ ، گوتی مام کیا وەڵلاهی هەر ئەتۆ بۆ وەزیری یە دەبی ، هەر ئەتۆ ئاقلمەندو پیاوی تێ گەیشتووی ، چەنـد وەختێکە ئەو نایبو وەزیـرو معاشخۆرو خەڵاخۆرو بەراتخۆری من دەستو پێوەندی من لە گەنگێوە ئەم نامـە دەگەڕێ هیچ کەس توانای نەبووە مەسلەحەتو سەرولکێکی لەو نامەی بکاتەوەو جوابی نامەی بۆ شێخی عارەبان بنووسیتەوە • هـەر ئەتۆ ڕەوەزیری یە دەکەوی ئەوە هەتا ئەمڕۆ لەپێشەوە وەزیری دەستەوچەپێ بووی ، ئەوە کردمیە وەزیری دەستەوڕاستێ ، معاشت سەد دینار بـوو ئەوە بۆم کردیە دوو سەر دینار • دەڵێ معاشی بۆ زیادکرد ، معاشی چەند سالیش لێرەوەپێش ئەگەر دانیشتووی لە ماڵێ خۆت ، لێ کەوتووی ، ئەوە هەمووت سبەینێ لە غەزنەی تەسلیمت دەکەمو بۆت دەنێرم بۆ ماڵێ •

دەڵێ بۆوە بە وەزیری جـارانو زۆر بە حورمـەت • دەڵێ هێنـای کاغەزێکی بۆ نووسی بۆ شێخی عارەبان : ئەی شێخی عـارەبان ئەتۆ لـە نابووتو بە گێچەڵ بە مل مە دادێی ، خوا دەزانی کوڕی تۆ کێ کوشتوویە• ئێستێکەش لەبۆ خێوەتو خەرگای لایەکیان بۆ چۆڵ کەی ، ئەمەش لەشکرو

سوپای خڕدەکەینەوە بە مقابیلی تۆو حەربێت لەگەڵ دەکەین ، ئەتۆ نەشی‌کەی ئەمن لەگەڵت هەر دەکەم •

دەڵێ نامێکی ئاوا بۆ نووسیەوەو تەسلیم بە پیاوەکەی کردو بە سواری بە قووتێ خۆی‌دا داوەو ڕۆیشتەوە بۆ کن شێخی عارەبان • دەڵێ نامەکەی وەدەست دا خوێندیەوەو پێی پێ‌کەنی کوتی هەتا ئەمڕۆکە چۆن خەلیفەی وەخت دەتوانی حەربی لەگەڵ من کا ؟ وەڵلاهی کارێکی پێ‌دەکەم با بە دارێ‌پاییزێ نەکا ، خاکێ بەغدایەی لە توورەکە بارگینان‌ڕا دەبەم •

دەڵێ ، دەنگی لەشکرو سوپای دا لایەکی شاری خێوەتێ پاش کێشانەوە ، لایەکی دەستیان‌کرد بە گریە بە پیریانەوە هاتن‌و بە دەست‌و پێ‌یانیانەوە شتل بوون ، بە قوربان‌و بە سەدەقەیان بوون ئی ناسرو ماڵماڵان : بە قوربانو‌بم لێی وەکەن ئەوە کاری کردنی نی‌یە بۆچی واولێ‌کردوە • گوتی بەلێ ئەمە هاتووین ولاغانمان بۆ خڕنالکاو شیرو ڕمب‌و تیری خۆن مشت‌وماڵ‌کەین‌و سبەینێ بۆ شەڕی شێخی عارەبان‌و ، ئێستێ ئەمە هەقی خۆی دەدەینێ پێمان‌گوتوە لێمان توورە بووە • هەتا دەتۆپی دەبێ بەو تیرەگەیەوە هەر بوەڕی •

دەڵێ ، ئاخیری ژنێکی زۆر ئاقلی هەبوو گوتی بە قوربانو بم بە سەدەقەو بم لێی وەکەنەوە ، بزمارە کێی لە گوێ‌هەلکیشن ، لێی وەکەنەوە، ئەوە دوو کوڕی هەن شیرگەرن ئێستێکە شیرو ڕمب‌و تیرو هەموو پەیکان‌و ئەوانەو بۆ مشت‌و ماڵ‌دەکەین بۆو تیژدەکەین‌و بۆو هەڵدەبڕینەوەو ولاغنو بۆ خڕنال دەکەین‌و بە خێرێن سەر چاوی من •

دەڵێ ، گوتیان بەلێ • جا ئەوجار بزمارەکەیان لە گوێی هەلکیشایەوەو کوورەیان داخستێ کاکی وەستا دەستی کرد بە کوورەداخستنێ‌و شاگردی دەنگ‌دان‌و دەڵێ ، ناڵی بۆ بڕین‌و هەر هاوێشتنیە پێشێ‌و ئەگەر وایان بادەدان

وەکوو ئاتیری دایان‌دەدرین‌و دەیانگوت ئەو ناڵە بە عامەل نایە ، ئەوە نـاڵی دە بزێین ، ناڵی چاکمان بۆ ببڕە •

دەڵێ ماڵ‌ماڵی پێی گوت بە کاکە ناسری ، ئەمن بەویان ناڵ‌ناکەم • هەزار جار لە کاکت کەوی ئەتۆ دەستی ولاغـانم بۆ بلیـندکەو نـەوەکی غەرەزیەتی پەیدا کردبێ ولاغانیان لێ‌بنکێوی‌و سبەینێ لە جەربێ‌داو لـە شەڕی‌دا ولاغمان لێ چەترو پێ‌خواس بین ، لێ‌شەل بین • دەڵێ نـاسری پەلی‌هەلگرتن‌و ماڵ‌مالیش ناڵی لەسەر دادەنا ، بە قامکێ گەورە ئەگە پـاڵی پێوەدەنا نە چەکچووی لێ‌دەداو نە گازی بۆ دەبرد ، بە قامکێ گەورە ئەگەر جارێکی پاڵ‌پێوەدەنا ، بزماری ئەگە حەوت چەکچووت لێ‌دانایە ئـاوات جۆش پێ‌نەدەخوارد • بە گازی پەرچی دەدانەوەو ولاغی ئاوا بەو دەستوورە لەبەر بە تاقەتیان ناڵ‌کردن ، هێندە بە تاقەت بوو •

دەڵێ ، وەختێکی ولاغی خڕ ناڵ‌کردن ، ئەوا کوڕیشی دانان بوونـە شیرگەر ، ئەوانیش دەستیان بە شیرو ڕمب‌و تیرو ئەوانە •• هەلبڕینەوەو تیژکردن‌و مشت‌و مالیان بۆ کردن‌و ناسرو ماڵ‌مالان هەقێکی فەزلەیان دایـە بە وەستای‌و خوا حافیزەیان لێ‌خواست‌و گەردنێ خۆیان پێ‌ئازاکردن‌و هاتنەوە بۆ مالێ مام کیای • دەڵێ وەختێکی بۆ مالێ مام‌کیای هاتنەوە ، نان‌و چـاو قلیانی خۆیان خواردو هەلستان بە جووتە سوارە سواربوون‌و ڕۆیشـتن بۆ دیوانێ ئێ خەلیفەی وەخت • ئەگەر ڕۆیشتن بۆ دیوانێ خەلیفەی وەخت، سەلامیان‌کرد لە دیوانێ‌و عەلەیکی وێ‌دان‌و بە خێرهاتنی کردن‌و ئەگە بـە ئەمری خوای چاوی پێ‌کەوتن ، وەبیری هاتنەوە ئەگە ناسرو ماڵ‌ماڵ ئـەو شەوەی هاتوون‌و پێ‌یان گوتوە دەبێ پۆسـتەمان بۆ بنێـری بۆ خزمـەت سولتانی ئەستەمبوولێ ، لەبیری چوونـەوەو فەرامۆشی کردوە ، ئەلـەو وەعدەی‌دا وەبیری هاتنەوە • زۆر پێ مەحزوون بوو خەلیفەی وەخت زۆر پێ‌تێک‌چوو ئەگە وا فەرامۆشی کردوەو لەبیری چۆتەوە •

دەڵێ ، وەختێکی ماڵماڵی پێی گوت ، گوتی چاك وەیە ئەورۆ ڕۆژێ ترسێ‌یە وەبیری بێنمەوە داخوا خەلیفەی وەخت فەرامۆشی‌کردوە ، یا سولتانی ئەستەمبوولێ مەرحەمەتی لەگەڵ مە نەبووە ، بۆچمان ئەو خەبەرە پێ نەگەیشتەوە ؟ دەڵێ ئەوا بانگی کردە خەلیفەی وەختو پێی گوت :

کاکە ماڵمالم دەڵێتەوە دەنا خەلیفەو هەر لەو خەلیفەی وەختی‌یە .

ئەمە وەختێکی هاتینە خزمەت تۆ ، ئەوا گفتوگۆیەکمان عەرزی تۆ کردوە ، ئازانم نە بۆ خۆت فەرامۆشت کردو نە سولتانی مەرحەمەتی لەگەڵ مە نی‌یە ؟

خەلیفەی وەختم دەیگوت بە خودای ناسرو ماڵماڵی دە کوێستانی‌یە .

بە خودای ئەمن لەبیرم چۆتەوەو ئێستێ ئەگەر چاوم بەوە کەوتوە وەبیرم هاتۆتەوە ، بەڵام بە خودای ئێستێکە واقیعاتێکی زۆر گەورەو گران ڕووی داوەو ئەوە شێخی عارەبان بە گێچەڵ لەولاوە بە مل مەدا هاتوەو ئەو واقیعاتە لە بەین بچی ئەوجا پۆستەو بۆ دەنێرم بۆ خزمەت سولتان بۆ ئەستەمبوولێ ، ئیشاڵڵا زۆر بە جوانی دنیا بە مەقسوودو مەرامێ وە دەبێ سەعیەو بۆ دەکەم زۆر چاكو هەر بە ئەسەحی‌یە .

جا دەڵێ ئاوایان پێ‌گوتو وەبیریان هێنایەوەو ناسرو ماڵماڵان پێیان‌گوت قوربان ، دەبێ ئەمەش خێوەتێکیمان بۆ بەرە بۆمان هەڵدە سبەینێ تۆرە مەیدانداری‌یە مەیەو دەچینە شەڕی‌و حەربی بزانە تەماشاکە بە دووربینێ داخوا چت بۆ بە شێخی عارەبان دەکەین ؟ داخوا حەوت فەرسەخی لە مەملەکەتی بەغدایە دەبەینە دەرێ تا مەملەکەتی خۆی ڕاودەنێین‌و ڕێ‌دەکەوین ، بە دووربینێ بەڵام تەماشامان کە .

دەڵێ خەلیفەی وەخت گوتی کوڕینە ، ئەمن ئەوە بە کوشت نادەم بە شێخی عارەبان ، شێخی عارەبان زۆر پیاوێکی زەبر بەدەستو بێ‌ڕەزایە ؛ هەتا کەرسوارێکم بە دەستەوە بمێنی ئەمن لەگەڵی دەکەم . ئێستێ ئەمن

هیچ چاکیێکو هیچ ئیستیفادێکو خەلاتو بەراتێکم دەرهەقی وە نەکردوە ، ئەوە بەوی بە کوشت نادەمو ناوێرم بۆ شەڕو حەربی ، ئەمن مەجبوربی وەم .• ئاخیری هەرچەند ئەوی وەیگوت لێیان قبوول نەکرد گوتیان دەچینە حەربی •

دەڵێ بڕۆ خێوەتێکی سەر بەژەنگاریان بۆ هەڵدەن لەپاش خێوەتانەوە، چەند خێوەتیان لە پێشەوە بێ ، بە چل ڕۆژی دییان دەبێ نۆرە مەیدانداری بێ • جا قاعیدەو قانوونی ئەو زەمانیش وابوو هەر جارە دوو سوار لە لایەکیەوە سوار دەبوونو دەچوون بۆ مەیدانێ ، لە شێخی عارەبان دوو سوارو لە خەلقی بەغدایەش دوو سوار ، سواردەبوون دەچوون لە نێو قەدێ مەیدانێ لێکیان دەدا جا هەچێکی ئەگەر دەستی بوو ئەوی دی کوشت ، یێکدیان دەکوشتو دووبارە دووی دە دیش دەچوونەوە مەیدانێ ، بەو دەستوور شەڕو حەربیان دەکرد •

دەڵێ ، وەختێکی ئەگە خێوەتیان بۆ هەڵدان ئێوارێ ئەگە تەماشایان کرد چل خێوەتیان لە پێشەوە بوو ، ئاخیری ناسری پێی گوت بە ماڵماڵی : کاکە ماڵماڵ وەڵلا ئەمن دڵم قەرارناگری هەتا چل ڕۆژی دیکە ئەمن نەچە حەربو شەڕو هەرای ، دڵم قەرارناگری جا ئەمە چۆن ئاوا دڵمان بڕوا دەداو قەراردەگری ؟ گوتی کوڕە هەزار جار لە کاکت نەکەوی دەبینی لە نیوە شەوێدا غەوزەی ڕێدەنیشی ئەو چل خێوەتە نامێنی هەتا بەیانی ، سبەینێ دەبینی نۆرە مەیدانداریە کاکی خۆتەو ئی هیچ کەسی دیکە نییە •

دەڵێ وەختێکی ئەگە نووستنو خەویان بە ملدا هاتو چوونە سەر جێی ڕاکشانو نووستن ، ئەو چل خێوەتە ترسو خەوفو غەوزەیان ڕێنیشت ، ئەو چل خێوەتە پاشکشانەوەو بەجێیان هێشت چوونە پاش وان ، وەپاش وان کەوتن ئەو کەوتنە سەرپەڕی حەربو شەڕی ، دەبێ سبەینێ نۆرە مەیدانداریە ناسرو ماڵماڵانە •

دەڵێ ، وەختێکی لەبەری بەیانی‌دا ئەگەر ناسر وەخەبەر هات ، ئــەوە هیچ خێوەتی لە پێشەوە نەمانو سبەینێ دەبێ ناسرو ماڵماڵ بچنە شەڕی شێخی عارەبان . دەڵێ جا بانگی ماڵماڵی کرد ناسری :

کاکە ناسرم دەڵێتەوە بە کاکە ماڵماڵی‌یە .

جا ئەتۆ سەرێکە کاکی خــۆت ببێتــەوە بە غــولامو خزمەتــکاری دەسەری‌یە .

کوڕە ماڵخەراب ئەمە ئێوارێ ئەگە دەنووستین چل خێوەتیان لــە پێشەوە بوو بە چل ڕۆژی دیسان تورە دەگەیشتێو هەڵستە ئەتۆ تەماشاکە هەر سبحەینێ بەیانی تورە مەیدانداری‌یە کاکی خۆتەو هەر ئی هیچ کەسی دیکە نی‌یە .

کاکە ماڵماڵم هەڵدەستاوە تەماشای دەکرد ئەو کەوتوونە سەرپەڕێو قسێ کاکە ناسریم ڕاستەو هەر درۆی تێ‌دا نی‌یە .

جا دەڵێ پێی گوت هەزار جــار لە کاکت کەوی با هەڵستین نوێژو فەرزی دە خۆمان بەجێ‌بێنینو دەستو دمی خۆمان بشۆینو بە زووەوە چاو نانو قلیانی خۆمان بخوێنو لە پێش شێخی عارەبان‌دا ئەمە بچین مەیــدانێ بگرینو ولاغی دەخۆن غاردەینو تەرمیان کەین . قاعیدەشیان وا بوو هەموو ڕۆژێ سواری دەشێخی عارەبان زووتر بە دە دەقیقە زووتر دەهاتنە مەیدانێ ئەگە مەیدانیان دەگرتو دەستیان دەکرد بە غاران ، جا بە ترسو لەرزەوە خەڵقی بەغدایە لە لەشکری خەلیفەی وەخت ئەوجا بۆیان دەچوون . لەگەڵ دەشیان گەیشتێ وەکوو برسوێ وەکوو باشوو لە کەوێ‌دا لە سەریــان دەدان سەریان دەبڕینو خۆیان بۆ ڕانەدەگرتن بۆ لەشکری شێخی عارەبان. دووبارە دووی دە دی دەچوون ئەویش هەر بەو جوورەو بەو کارە .

( مــاوەیەتی )

## سەرنجێك :

لە بەرگی بیستەمی ساڵی ١٩٨٩ی ئەم گۆڤارەدا وتارێکی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ژێر سەرباسی « خاڵبەندی لە نووسینا » بڵاوکراوەتەوە . بە داخەوە نۆ هەڵەی چاپ کە لە لیستەی (١)و ئەو دواکەی هەمووی هەڵەی خۆیەتی کە لە لیستەی (٢)دا یە لێرەدا لە سەرداخوازیی ڕاستیبەکەیان بڵاودەکەینەوە :

( ١ )

| لاپەڕە | دێڕ | دەبێت بەم جۆرە بخوێنرێتەوە |
| --- | --- | --- |
| ٣٢٧ | ٢ | دەست پێدەکرێ : |
| ٣٣٠ | ١٣ | ـ سەربازەکان ، ... |
| ٣٣٢ | ٧ | (لابرێت ، چونکە دووبارەکراوەتەوە) |
| ٣٣٢ | ١٥،١٤،١٣ | ئەگەر ئەم ڕێکخستنە بگۆڕدرێ ، یان واتای ڕستەکە دەگۆڕێ ، یان شیرازەی ڕستەکە تێك دەچێتو واتاکەی دەبێتە وڕینەیەکی بێ سەروبێ. ئەگەر ویستمان ، گوتەیەکی تایبەتی ، بۆ ڕوون کردنەوە ، یان بۆ |
| ٣٤٩ | (١٦،١٧،١٨،١٩) | لە ساتێکا ، کە زۆر بەکارهێنانی ئەم نیشانەیە بەکارێکی ناپەسند دادەنرێت، هەندێك جار لەم جۆرە جێگایانەدا بەکار دەهێنرێت : **١. کە نووسەر پێش تەواوکردنی گوتەکەی بچێتە سەرگوتەیەکی تری واتاتەواو :** |
| ٣٥٤ | ١٤ | ... ( " ... " ) ... |
| ٣٥٥ | ٢٤ | " ... |
| ٣٥٦ | ١٠ | ( دێڕەکەلابرێت ) |
| ٣٦٠ | دوادێڕ | تیتانیك Titanic جیوکوندا Gioconda |

| لاپەڕە | دێڕ | دەبێت بەم جۆرە بخوێنرێتەوە |
| --- | --- | --- |
| ٣٢٧ | ١٣ | ڕستۆکەی سەرەکی ... |
| ٣٢٧ | ٢٦ | دێشانی سەرم ... |
| ٣٢٩ | ١٤ | دوێنێ ، ... |
| ٣٣٠ | ٦ | هەڵکەند ، ... |
| ٣٣١ | ٢٢ | لەنێوان بەشکانی ڕستەیەکا کە ، ... |
| ٣٣٦ | ١٨ | ـ کۆمای خاڵدار ( ؛ ) ... |
| ٣٣٦ | ٢٢ (دوای دێڕی ٢١) | ـ نیشانەی پرسیاریش ( ؟ ) بۆ ئەوە بووە ، کە لە کۆتایی وشەکەدا دەنگ بەرزکەیتەوە . |
| ٣٣٩ | ٢ | هەردوو ڕستەکە ... |
| ٣٣٧ | ١٦ | ـ نازەنین ... |
| ٣٣٨ | ١ | بە یەکەوە بەندکراون ، لەم بارەدا ئەگەر کۆماو ئامرازی ... |
| ٣٣٨ | ٢ | هەردوو ڕستەکە بە نیشانەی کۆمای خاڵدار لێك جیادەکرێنەوە ، هەمان واتای پێشووشیان دەبەخشن . بەڵام ئەگەر لە جیاتی کۆمای خاڵدارەکە خاڵی ڕاوەستان دانێین دوو ڕستەکە لێكدەبچڕێن . |
| ٣٤٢ | ٨ | ـ بڕوانە ئەم دیمەنە جوانە ، بڕوانە . ... |
| ٣٤٧ | ١٦ | ● ... |
| ٣٤٧ | ١٨ | ● ... |
| ٣٤٧ | ١٩ | ● ... |
| ٣٤٧ | ٢١ | ........ : |
| ٣٤٧ | ٢٢ | ( دەستپێبکات ) لابرێت |
| ٣٤٧ | ٢٣ | ● ... |
| ٣٤٧ | ٢٤ | ● ... |
| ٣٤٧ | ٢٥ | ● ... |
| ٣٤٨ | ١ | ● ... |
| ٣٤٨ | ٨ | ● ... |

| لاپەڕە | دێڕ | دەبێت بەم جۆرە بخوێنرێتەوە |
|---|---|---|
| ٣٤٨ | ٩ | ● ... |
| ٣٤٩ | دوادێڕ | ... یان جووتە کەوانێکەوە : |
| ٣٥٠ | ١ | ( بڕوانە نەقەرەی پێنجەمی باسی جووتە کۆما لە لاپەڕە ٣٣٥ دا ) |
| ٣٥١ | ٣ | بۆ نموونەی ئەمە بڕوانە نەقەرەی پێنجەمی باسی باسی جووتە کۆما لە لاپەڕە ٣٣٥ دا ) |
| ٣٥٢ | ٣ | ( هێڵێك بەژێریا دەکێشرێت ) |
| ٣٥٢ | ٧ | **ئەگەر بەشێکی ڕستەکە ، کە دەکەوێتە پێشەوەی جووتە کەوانەکە، پێویست.** |
| ٣٥٢ | ١٨ | ـ (ئەمە ڕەنگە هەلێکی باش بێت بۆ ڕوونکردنەوەی زۆر شت دەربارەی جووتە کەوان .) |
| ٣٥٢ | ١٩ | **٣. بەلام ، ئەگەر گوتەی ناوەخنی جووتە کەوانەکە ، وەك بەشێکی ڕستەکەو پێشەوەی** |
| ٣٥٤ | ١١ | ... ( „ ... „ ) ... |
| ٣٥٤ | ١٣ | ... ( ‚ ... ‚ ) ... |
| ٣٥٤ | ٢٤ | دەڵێن کاکە ... |
| ٣٥٦ | ١ | ... |
| ٣٥٦ | ٤ | ڤان دالین ... |
| ٣٥٦ | ٢٢ | “ ________ |
| ٣٥٧ | ٤ | **(١) لە ...** |
| ٣٥٧ | ٦،٧،٨،٩ | **واتای ڕستەکە هەرچۆنێك بێت ، خاڵی ڕاوەستانو کۆما هەمیشە دەبێت لە ناو نیشانەی گێڕانەوەکەدا ، دابنرێت، وەك : ـ خونچە وتی ، «شەوەکە ئەوەندە تاریکە زۆر بەگران بەرپێی خۆم دەبینم .» (٢) نیشانەی پرسیار ....** |
| ٣٥٧ | ١٦ | ( لێرەدا .... پرسیار نی یە .) |

| لاپەڕە | دێڕ | دەبێت بەم جۆرە بخوێنرێتەوە |
|---|---|---|
| ٣٥٧ | ١٨ | ( لێرەش .... سەرسوڕمان نی یە . ) |
| ٣٥٨ | ١٩ | ــ بەڵام ..... ئاوبکەم ؟ » |
| ٣٥٨ | ٢٠ | ( گوتە .... پرسیارە . ) |
| ٣٥٨ | ٢٥ | **(٣) دوای ئەو نیشانە خالبەندی یەی لە ناوەوەی دوا نیشانەکانی گێڕانەوە ، ...** |
| ٣٥٩ | ١ | **لەدەرەوەی ئەو دوانیشانانەی گێڕانەوەیە دانابێین . بڕوانە ئەم نموونانە :** |
| ٣٥٨ | ١٠ | ــ چیمەن ... «سەرگوڵبێیوتم ، تۆ لێرە چاوەڕێکە ، . » |
| ٣٥٩ | ١١ | ــ کاکە ... «بەڵێ ، ڕەوتێکی جوان ، ... گۆران . » |
| ٣٦١ | ٣ | کیم Kim ... کیپلینگ Kipling |
| ٣٦١ | ٤ | دوکتۆری چاك هەڵەی واناکات . |
| ٣٦١ | ٥ | ئەستوورو تەنك پێچەوانەی یەکترین |

* * *

## پێرست


**بابەت** — **لاپەڕە**

سوێندخواردن لە شیعری کوردیدا ........ ٣
**د. امین موتابچی**

نەخشی هۆزی جاف لەسای
چەند سەرۆکێکیەوە لە مێژووی کورددا ........ ١٤
**د. حەسەن جاف**

شێربەنجەو مادده کیمیاییەکان ........ ٧٣
**د. ذنون محمد پیرادی**

مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا ........ ١١٩
« ڕابەرینی سەرداریتیو خێڵەکیی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا »
**نووسینی : شەمسی محەمەد ئیسکەندەر**
**وەرگێرانی : شوکور مستەفا**

تایبەتێتیی ژمارە لە زمانی کوردیدا ........ ١٥٨
**د. عبدالرحمن حاجی معروف**

« سیا » لە زمانی کوردیدا ........ ٢٠٥
**عبدالمحسن بنی ویس**

شوکریلفەزلیو چەند تێبینییەکی مێژوویی ........ ٢٢٥
**د. کەمال مەزهەر**

ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجیی ژووروودا ........ ٢٥٢
**د. وریا عمر امین**

کوردیی شێوەزار ........ ٢٦٣
**محمد امین هەورامانی**

مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ ........ ٣٣٠
لە کۆڕی تازەکردنەوەی بیری موسوڵمانەتیدا
**محمدی مەلاکریم**

خانەقین لە مێژوودا ........ ٣٤٩
**« بەشی دووەم »**
**محەممەد جەمیلی ڕۆژبەیانی**

ناسرو ماڵ ماڵ ........ ٣٧٧
**ئامادەکردنی : عبداللطیف عبدالمجید گلی**

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدا
ژمارە ١١١٨ی ساڵی ١٩٩٠ی دراوەتێ

# مجلة المجمع العلمي العراقي

## «الهيئة الكردية»

**THE JORNAL OF THE IRAQI ACADEMY**

**(( KURDISH CORPORATION ))**

**المجلد ٢١ و ٢٢**

**١٩٩٠**

**VOLUME 21, 22**
**1990**

ثمن النسخة ديناران ونصف

مطبعة المجمع العلمي العراقي

بغداد